**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٦

سالّی/ ٢٠٢٠ – بەرگی سەدو شازدە

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٢

لە بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(٢٠٢٠)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٦
چاپی یەکەم: ٢٠٢٠
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام کمال، شیلان ملا عباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێڕست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٠/٩/٢٩ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٠/١٠/٥ ل ٣٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٠/١٠/٢٧ `ل ١٨٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ١٠)خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٠/١١/٢٥ ل ٢١٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٠/١١/٣٠ ل ٣٠١

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٩\٩\٢٠٢٠

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩

کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٩) بەم شێوەیە بێت:

دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای لەئەستۆ کردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی، خولی پاییزە، ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەم لە ماددەی/١٦ و بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/ ٢٠، ماددەکانی (٤٧ و ٤٨و ٥٢و ٥٤و ٥٥و ٥٦و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خۆی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩ بەم شێوەیە بێت:

دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای لەئەستۆ کردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی/ ٢٠ و ماددەی/٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی، خولی

پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٩/١٦ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە دۆخی چاکسازییەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەناو چاکسازیەکان، بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید/١٩) بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٥- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٦) ی پاییزە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٩/١٦:

هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە (ئاشنا عبداللە عبدالقادر، ارشد حسین محمد، بژار خالد عبداللە، جلال محمد عبداللە، جلال محمد امین، چیا حمید شریف، دابان محمد حسین، روپاك احمد رحمان، ڕۆژان محمد کریم، سعید مستەفا تەتەر، شایان کاکەصالح، شیرین امین عبدالعزیز، علی حمەصالح، عمر عبداللە فتاح، کاوە عبدالقادر حسن، گلستان باقی سلیمان، گۆران عمر علی، محسن حسین مستەفا، محمد سعدالدین انور، هدیە مراد حیدر).

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان ئامادە نەبوون:

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠٢٠/٩/٢١ :

ارشد حسین محمد/ مۆڵەت.

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠٢٠/٩/٢٢:

ارشد حسین محمد/ مۆڵەت.

لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی لە ٢٠٢٠/٩/٢٢:

سیروان فرج محمد/ مۆڵەت.

زیاد جبار محمد/ ئامادەنەبوو.

محمد سعدالدین انور/ ئامادەنەبوو.

لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ٢٠٢٠/٩/٢٣:

لەنجە ابراهیم عبدالرحمن/ مۆڵەت، شاخەوان ڕۆوف مستەفا/ مۆڵەت، دیاری انور حمەرحیم/ مۆڵەت، ڤاهیك کمال/ مۆڵەت.

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠٢٠/٩/٢٣ :

ارشد حسین محمد/ ئامادەنەبوو، بهجت علی ابراهیم/ ئامادەنەبوو.

لیژنەی کاروباری یاسایی لە ٢٠٢٠/٩/٢٧ :

ڕۆژان محمد کریم/ مۆڵەت، سلام عبداللە حین/ مۆڵەت، ڕۆژان ابراهیم علی/ مۆڵەت.

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ٢٠٢٠/٩/٢٨:
زانا خالد سمایل/ مۆڵەت، شیرین یونس عبدالله/ مۆڵەت، شادی نوزاد وەهاب/ مۆڵەت.
لیژنەی کاروباری یاسایی لە ٢٠٢٠/٩/٢٨:
ڕۆژان ابراهیم/ مۆڵەت، سلام عبدالله حسن/ مۆڵەت، جلال محمد امین/ مۆڵەت.
لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠٢٠/٩/٢٨:
زیاد جبار محمد/ مۆڵەت، بهجت علی ابراهیم/ مۆڵەت، شێرکۆ جودت مستەفا/ مۆڵەت.
لیژنەی کار وباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ٢٠٢٠/٩/٢٩:
ڕۆژان محمد کریم/ مۆڵەت.
لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ٢٠٢٠/٩/٢٩ :
بژار خالد عبدالله/ مۆڵەت.
لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠٢٠/٩/٢٩:
زیاد جبار محمد/ مۆڵەت، بهجت علی ابراهیم/ مۆڵەت، ارشد حسین محمد/ مۆڵەت.
لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە ٢٠٢٠/٩/٢٩:
مم اسکندر مم/ ئامادەنەبوو، محی الدین حسن یوسف/ مۆڵەت، سیروان فرج محمد/ مۆڵەت.
لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ٢٠٢٠/٩/٢٩:
گلستان باقی سلیمان/ مۆڵەت، سیپان سالم حسن/ مۆڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان بریتییە لە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای لە ئەستۆ کردن لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون بێنە شوێنی خۆیان، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەوانەی کە ئامادەنەبوون و واتا غائیب بوون، ئەوانەی کە بە مۆڵەتن، هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە کاری لیژنە دەچنە شوێنێك ئەوانە نە مۆڵەتن و نە ئامادەنەبوون، حەقە حسابێك بۆ ئەو زاراوەیە بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مۆڵەتن ئەوان، بەڵێ مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، دیڤ ماددەیێ/٥٦ پێشی فەترەکا درێژە سەرۆکێ فراکسیۆنا نەوەی نوێ، ئیتهامەکا ل جهێ خۆدا بۆ سێ ئەندامێ پەرلەمانێ کوردستانێ هاتنە ئیتهام کرن ل پەرەکە و کوشتنێ لدیڤ جەنابێ هەوە لیژنەیەکا تەحقیقی هاتیە درست کرن و ماوەیەکی درێژە، یەعنی ئەڤ بابەتە دڤێتن د سەعاتەکێ دا خلاس ببیتەڤە، مەعقول نینە هەندە درێژ

ببيتن، داخاز بزيترين وەخت ئەڤ ليژنە كارێ خۆ ئەنجام بدات و بۆ ڕايى گشتى بێت ديار كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ئێمە ليژنەكەمان بە گوێرەی ماددەيەكی پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ماددەی/٤٣ دروست كردووە، لەناو ئەو ماددەيەدا هيچ وەختێك دياری نەكراوە بۆ ليژنەكە ئەگەر پێويست بێ ئێمە دەرفەت دەدەينە سەرۆكی ليژنەكە د.اسماعيل بۆ ئەوەی ڕوونكردنەوەيەكمان پێ بدات، فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعيل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنە خەمساری نەكريە، ڕۆنيشتنێت خۆيی كری و هەتا وێ گاڤێ سێ، چار ڕۆنيشتن هاتنە كرن انشالله ئەڤرۆكە چێ دبی و بێتە دوماهيك ڕۆنيشتن دێ تەوسياتە ڕەفع كەين بۆ دەستا سەرۆكاتی انشالله بۆ زانين.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتە نيزاميەكەی من پاڵپشتە بە مادده (٢٩) دەستووری كۆماری عيراق و (٣٨ و ٣٩) كە خێزان بنەما كۆمەڵگايە، دەوڵەت پارێزگاری دەبێ لە قەوارە و بەهای ئايينی و ڕەوشتی و نيشتمانييەكانی بكات، بۆيە هەر لەسەر بنەمای ئەو مادده دەستووريە هەردوو ماڵەكانی ڕۆشنا و ئاشنا لە هەرێمی كوردستان لەلايەن وەزارەتی تەندروستی ڕێگەيان پێدراوە بەناوی رجيم و هەروەها خۆ زەعيف كردن هەندێك كۆرسيان هەيە، كۆرسەكانيان دوايی سەر دەكێشێ بۆ كۆرسی كۆتايی كە لە زاری ئەو خەڵكانەی كە ياخود ئەو بەشداربووانەی بە ئێمەيان گەياندووە ئەو كۆرسانە زياتر خەڵك دەبەن بەرەو بێ دينی و ئيلحاد و هەروەها ئيلحادی ڕوحی، بۆيە داوا لە پەرلەمانی كوردستان دەكەم كە ليژنەيەكی لاوەكی لەسەر ئەو پرسە پێك بهێنێت و بەدواداچوون و لێكۆڵينەوە لەسەر ئەو پرسە بكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك دياری فەرموو.

**بەڕێز دياری انور حمەرحيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٤٣) لە پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، بڕگەی (١) پەرلەمان ليژنەی كاتی بە مەبەستی كاركردن و ڕاپۆرت سەبارەت بە بابەتێكی دياری كراو لەسەر پێشنيازی دەستەی سەرۆكايەتی يان چوار يەكی ژمارەی ئەندامان بە دەنگی زۆرينەی ئامادەبووان بە تايبەتی لە كاتی پێويست دا پێك دەهێنێت، داوا لە بەڕێزتان وەكو دەستەی سەرۆكايەتی پەرلەمانی كوردستان دەكەم، لە ماوەی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی كۆمەڵێك زەوی بەناوی كەسوكاری شەهيدانی سەر بەرز شەڕی داعشەوە دابەش كراوە هەروەها كۆمەڵێك زەوی

دیـكە ئیفـراز كـراوە و ئەمـانە بە بـێ ئەوەی فەرمـانی وزاریـان هەبـێ لە كاتێـك دا بەشـێك لە كەسوكاری سەر بەرزی شەهیدان هەتاوەكو ئێستا زەویان وەرنەگرتووە و زەلام هەیە بۆ نمـوونە خەڵك هەیە لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ نموونە پەنجا بـۆ سـەد پـارچە زەوی بە نـاویەوەیە بە دەیان دۆنم زەوی بـۆ نمـوونە بە بـێ فەرمـانی وزاری بەنـاوی جیـا جیـا و بە فیـئەی جیـا جیـا ئیفـراز كـراون، بـۆیە داوات لـێ دەكەم بە پێـی بـڕگەی (٤٣) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان فەرمان بە دروست كردنی لیژنەیەكی تایبەت بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو بابەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێمە لیژنەی شارەوانی ڕادەسپێرین بۆ ئەوەی بە فەرمی بەدواداچوون بۆ ئەو دۆسیەیە بكات، لیژنەی موختەسمان هەیە ئێمە، پێویست ناكات هەموو جارێـك لیـژنەی تـایبەت دروست بكرێت، كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم خـاڵە پەیـڕەوییەی مـن پەیوەنـدارە بە مەسـەلەی ڕۆژنـامەگەری ژمـارە (٣٥) سـاڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان فەرمانێكی كارگێڕی دەركردووە بە ژمارە (٤/ ٣٠٠٧٧/١/) لە ٢٠٢٠/٩/١٤ دوێنێ ڕوونكردنەوەیەكی بڵاوكردووەتەوە بە تاریخی پێـرێ، بەڵام دوێنـێ بـڵاوی كـردووەتەوە، ڕوونكردنەوەكە باس لەوە دەكات كە ئەم ڕێنمـاییە وەك چـۆن لە فەرمـانەكە هـاتووە پاڵپشـتە بە ڕێنمایی ژمارە (٦) ی سـاڵی ١٩٩٩، ئەم ڕێنمـاییە پاڵپشـتە بە یاسـای چـاپەمەنی ژمـارە (١٠) سـاڵی ١٩٩٣ لە ماددەیەكیا كە پەیوەندیدارە بە پێدانی ژمـارەی سـپاردن، هەڵبەتە ژمـارەی سـپاردن بـۆ تۆماركردنە نەوەك بۆ ڕەقەم، ئەوەی لە كوردستاندا لە نـاو یاسـای ڕۆژنـامەگەری هـاتووە ڕەقـابە نەبێ، من مەبەستم لەوەیە داوا دەكەم یەكەمیان یاسایەكە نەماوە كاری پێ ناكرێ یاسای ژمـارە (١٠) سـاڵی ١٩٩٣ پاڵپشـتە بەڕێنمـاییەك كە ڕێنمـاییەكە لەسـەر یاسـایەك دەرچـووە كە یاسـایەكە نەمـاوە و وجـودی نیـیە، كەواتە ئەم بڕیـارە و فەرمـانە بـاتڵە، بـۆیە داوا دەكەم جەنابـت بەڕێـز سكرتێری پەرلەمانە ڕاسپێری بۆ ئەوەی كە پەیوەنداره وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەم فەرمانە هەڵوەشێنێتەوە و كۆت و بەند لەم چوارچێـوەیە لەنێـو دەسـتەواژە دروسـت نەكـات بـۆ ئـازادی بڵاوكردنەوە و چاپەمەنی و ڕەخنە گرتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس جەنابـت یاداشـتێك بنووسـە بەو تەفسـیڵە قـانوونییەی كە وتـت ئاراسـتەی سەرۆكایەتی بكە ئێمە بێگومان دەینێرین بۆ بەڕێزیان، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەپێـی مـاددەی (٦٦/٥٦/٤٤) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان قسـە دەكەم، زۆر گـرنگە و ئـێمە پێمان باشە وەزیر یان هەر بەرپرسێكی حكومی ماددەی (٦٦) بۆ دانیشتنی پەرلەمان بەكاربهێنێ، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئەیبیـنین هەر بەپێـی هەمـان مـاددە لە ١١/٦ ژمـارەی یاسـایی بە پشـت بەستن بە ڕاپۆرت داوای دانیشتنی كرد لەسـەر خـاڵە سـنوورییەكان قاچـاغی و گەنـدەڵی و دزی

لەو ساتەوە تا ئێستا هەمیشە زیاتر دەکات، هەر دوێنێ شەو لەیەك خاڵی سنووری (٣٠٠) بار بە قاچاغی داخڵ کراوە، بەرپرس ناکرێ لە شەوێك دا ملیۆنێك دۆلاری دەست کەوێ، بەڵام (٥٠٠) هەزاری مووچەخۆر نەدرێت، داوای دانیشتنی پەرلەمانمان کرد، پێنج مانگ دەبێ لەسەر دۆسیەیەی نەوت و پێداچوونەوە بە خەرجیەکانی نەوت، پێنج مانگ دەبێ ئەم نەکراوە کە لە ئێستادا ٢٦% ی داهاتی نەوت دەگەرێتەوە و دەدرێت بە مووچە، ناکرێ (٨٢٢) کۆمپانیا نەوتی تەسجیلن و باج نەبێ، بەڵام موەزەف مووچە وەرنەگرێ، بۆیە ئەوەی کە ئێستا مووچە نییە (٤٠) رۆژە و ناشزانرێ کەی دەدرێ بە لێبڕینەوە، نەتیجەی ئیهمال کردنی ئەم دانیشتنانە بوو کە ئامادەنەبوون لەسەر خاڵی سنووری، من گەیشتوومەتە، خەریکە دەگەمە قەناعەتێك هەموو ئەو قاچاغییە بە ئیتیفاق بکرێ، ئەگەر نا مەعقول نییە یەك ساڵە هاوار دەکەین قاچاخییە، دزی هەیە، تاڵانی هەیە، پەیامەکەی من بە کورتی و پوختەیی ئەوەیە، داوا دەکەین لە بەڕێزتان زۆر بەڕوونی، زۆر بە ڕاشکاوی جوابمان بدەنەوە، ئایا حکومەت ئامادە نییە بێتە ئەم پەرلەمانە باسی قاچاخی و دزی و تاڵانی قەزییەی نەوت بکات؟ یاخود ئەوە پەرلەمانە دەیکات؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دوو جار ناردوومانە، دوو جار دەستەی سەرۆکایەتی ئەو یاداشتەی بەڕێزتانیان ناردووە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی ئامادە بن، لە حەفتەی داهاتوودا بەڕێز سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزیری دارایی ئامادە دەبن کە لە هەموو کەس تایبەتمەندترن و قەراری ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستی بەڕێزیاندایە، ئەوان دێن باسی داهاتەکان دەکەن، باسی قەیران دەکەن، لەوێ هەر پرسیارێکتان هەیە دەتوانن لەوێ بە دروستی سەبارەت بەو دۆسیەیە قسەی خۆتانتان هەبێ، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە بەڕاستی کە قسەی لەسەر بکەم، یەکێك لەوانە نەبوونی ئاوە لە چەمچەماڵ کە گەورەترین گرفتی بۆ دانیشتووانی چەمچەماڵ دروست کردووە، لە کاتێکدا بەڕاستی ئەم کێشەیە دراوەتە دەست دوو کۆمپانیا یەکیان کۆمپانیای نۆکانە، یەکیان کۆمپانیایەکی ترە کە تورکییە، کە بەشێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و خێزانییەکان لە ناو قەزای چەمچەماڵ دا سەرچاوەکەی نەبوونی ئاوە، خاڵێکی تریش ئێمە لەو ئەسنای سەردانەمان بۆ قەزای چەمچەماڵ بۆ بەدواداچوونی کەیسی ئەو دوو خوشکەی کە کوژران، دیارە کۆمەڵێ گرفت هەیە لە ناو نووسینگەکان دا کە بەڕاستی داڵدەدانی بکوژانی ژنانە، ئێمە بە قائیمە ناوەکانمان هێناوە هیوادارین ئەو پەرلەمانە بەڕێزە هاوکار و هەماهەنگ بێت بۆ ڕادەست کردنی ئەوانەی کە تاوانیان کردووە، کەلەلایەن مەسئولینەوە داڵدە دەدرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەشێکی زۆری ئەوانەی بەڕێزتان باسی دەکەن ئەگەر بە یاداشت داوتانە بە سەرۆکایەتی ئێمە یاداشتەکانتان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکەین، نوقتەی نیزامی بەڕاستی بەکارهێنانێکی تایبەتی هەیە، ئەگەر ئێمە ئەم دەستەی سەرۆکایەتییە لە قانوون لامانداوە، لە پەیڕەو لاماندا‌وە، لە دەستوور لاماندا‌وە، یان ئەم مەجلیسەی ئێمە بۆی

دانیشتووین موخالیفە بۆ یەکێك لەمانە، ئەوانە نوقتەی نیزامین، جەنابتان تەقدیرتان هەیە، هەڵگری خەمی خەڵکن، بەڵام بەڕاستی بە لێکدانەوەی ئەم خاڵانەی پەیڕەو بەشێکی زۆری ئەم قسانەی جەنابتان دەیکەن خاڵی پەیڕەو نییە، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی (٤٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ لە بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم) قسە دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەڵبەت پێشتر چەندین جار موناقەشەی ئەوەمان کردووە کە بەهەدەردانێکی یەکجار گەورە لە داهاتی ئەم وڵاتەدا هەیە، بەتایبەتی لە داهاتی نەوت، ڕوونمان کردۆتەوە کە فەزاحەتێکی یەکجار گەورەیە لە گرێبەستە نەوتییەکان کە کۆمپانیاکان لە حکومەت زیاتر قازانج دەکەن، بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان نایێ بە دەممانەوە، سەربارى ئەوە لە خاڵە سنوورییەکان مافیاگەرێتییەکی واقیعی هەیە کە بەهەدەردانێکی یەکجار زۆر هەیە کۆمپانیای وەهمی دروست بووە، هێشتا حکومەت نایێ بە دەممانەوە، ئێستا شتێکی تر هەیە کە لەوانە خەتەرترە پەیوەستە بە ژیان و مردنی هاووڵاتییانەوە، کە دەرمانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم یاداشتەی کە بە دەستی منەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هی کەسێکە کە لە (٢٠١٨/١١/١٤) کەسێك بە تۆمەتی ساختەکردنی نووسراوی فەرمی وەزارەت لە کار دوورخراوەتەوە و نابێ پۆستی حکومی وەربگرێ، ئێستا ئەو بەڕێزە کراوەتە بەرپرسی کواڵتی کۆنترۆڵی هەرێم، هەر ئەم بەڕێزە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەك ئەم دەرزییەیان داخیل کردووە کە دەرزی هایدرۆکۆرتیزۆنە، ئەوە دەرزییەکەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە دەرزییەکە بۆ حەساسییەت بە کار دەهێنرێ، سێ جار لە کواڵتی کۆنترۆڵ دەرنەچووە، کەچی لە کوردستان دەفرۆشرێت و هاووڵاتیان بەکاری دێنن، ئەم حەبی پانادۆڵە دوو جار لە کواڵتی کۆنترۆڵ دەرنەچووە لە کوردستان بۆ ماوەی سێ ساڵ فرۆشراوە و هاووڵاتیان بەکاری دێنن، خەڵکی بەشمەینەتی ئەم وڵاتەی پێ تووشی نەخۆشی دەبێت، تکاتان لێ دەکەین لیژنەیەك ڕابسپێرن لە لیژنەی تەندروستی، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کواڵتی کۆنترۆڵی دەرمان بکات لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تەندروستی ڕادەسپێرین بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو شتانەی بەڕێز کاك کاروان عەرزی کرد، سەبارەت بە خاڵە سنوورییەکانیش بەڕێزان لە لیژنەی دارایی سەردانی هەموو خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیان کردووە بە تەفصیل ئەوان قەرارە ڕاپۆرتێکمان بۆ بنووسن، هەر کات ڕاپۆرتەکەیان نووسی بۆمان دڵنیابن ئەو ڕاپۆرتە، ئەوەی کە پێشتر کاك علی و هاوڕێکانی حازریان کردبوو، ئەوە دەبێتە کەیسێکی گرنگی پەرلەمانی کوردستان، بەڵێ کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**
**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من پاڵپشتە بە ماددەی (٩٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، وەك دەزانین هەموومان یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان بابەتی یاسای بودجەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ پابەن بێ بە دانانی یاسای بودجە، لە سەرەتای هەموو مانگێکی (١٠)ی هەموو ساڵێك دا پرۆژەی خۆی بنێرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمان پەسەندی بکات، ئێمە لە ئەخیری مانگی (٩)داین تا ئێستا دیار نییە کە حکومەت دەبێ بە ئەرکەوە یان نەخێر وەکو حەوت ساڵی ڕابردوو پابەند نابێ بە دانانی بودجە، تەبعەن دوو قازانجی زۆر زۆر گەورە کە وڵات کاتێك کە بودجەی هەبێ، کە ئەم ئەرکی پەرلەمان و پەرلەمانتار لە چاو حکومەت زۆر زۆر ئاسان دەکات، ئێمە دەزانین چاودێری چی دەکەین، دەزانین سەرپێچی لە چی دا هەیە، دووەم/ بودجە و خەرجی هەم داهات هەم خەرجی حکومەت ڕوون دەبێ، بەداخەوە ئێستا لە کاتی نەبوونی یاسادا وای لێهاتووە حکومەت مووچە بە میزاج دابەش دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، وەختەکەت تەواو بوو سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٣) قسە دەکەم سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو قسەیە بکەن تکا دەکەم ئەگەر لیژنەکان وەکو ئەو لیژنەیە دەبێت کە نەتوانێ لە ناو پەرلەمان دا بە چەند هەفتەیەك بڕیاری خۆی بدات، تکایە با ئیتر لەمەودوا شتێکی تر بکەین، هەر بە پاڵپشت بەو مەسەلەیە باسی شاری سلێمانی دەکەم کە بووە بە مۆڵگەیەك بەداخەوە، غەدرێکی زۆر لە کۆمپلیتی شارەکە دەکرێ، نموونەیەکی تایبەت مانگی پێشوو لە چەند هەفتەی پێشوودا سووتانی سنۆبەرەکانی ڕێگای تاسلۆجە بە مەبەستی تایبەتی بازرگانی، هەتا ئێستا ڕوون نییە، بۆ کەسمان ڕوون نەبۆتەوە ئایا ئەو کێشەیە چۆن بووە و چۆن سەری هەڵداوە؟ تکا دەکەم و داوا دەکەم لیژنەیەکی تایبەتمەندی لەسەر دروست بکرێت و بزانین کێ لە پشت ئەوانە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەو بابەتانەی کە لە پەرلەمان خۆی لیژنە هەیە، ئێمە متمانەمان بە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان هەیە، لەسەر ئەو بنەمایە لیژنەی تەندروستی و ژینگە خۆیان موبادەرەیان کردووە، خۆیان داوایان کردووە، لیژنەیان دروست کردووە، چوون سەردانی سلێمانیان کردووە، بڕیارە سەردانی ئەو شوێنانەی تریش بکەن کە باخ و پاوانی تێدا سووتێنراوە، ئێمە بە متمانەوە چاوەڕێی ڕاپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، چونکە ئەو لیژنانە ئەندامانی پەرلەمانن لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، ئێمە هەر لیژنەیەکیش بە ماددەی (٤٣) دروست بکەین،

هەر ئەندامانی پەرلەمانن لە فراكسیۆنە جیاوازەكان، لەبەر ئەوە، كاك دیاری لە شوێنی خۆتەوە قسە مەكە، زیاد نییە، ئێمە كە پێویستمان بوو دروستمان كرد، ئەوەی تۆ خەرقی پەیڕەوە كە مەجالم نەداوی قسە دەكەی، ئەوەی تۆ خەرقی پەیڕەوە، ئێمە لیژنەمان هەیە لە پەرلەمانی كوردستان متمانەمان بە لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان هەیە، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە پێی ماددەی (٥١)ی پەیڕەو قسە دەكەم، داواكارم لە بەڕێزتان جەخت بكرێتەوە لەسەر جێبەجێ كردنی ئەو ماددەیە كە ڕۆژەكانی هەفتەی دیاری كردووە بۆ كاری لیژنەكان و دانیشتنەكانی پەرلەمان و بەدواداچوونی ئەندامانی پەرلەمانەوە جەخت بكرێتەوە لەسەر بڕگەی (دووەم)ی كە وەك خۆی جێبەجێ بكرێت، ئێستا دانیشتنەكانی پەرلەمان كراوەتە كاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ، بەڵام زۆربەی لیژنەكان لە سێشەممان دا لە پێش ئەو كاتە كۆبوونەوەی لیژنەكان دادەنێن كە بە پێی پەیڕەو دەبێ بەپێی بڕگەی (دووەم) لە ڕۆژی دووشەممە كۆبوونەوەی لیژنەكان بكرێ، تەنها ئەگەر حاڵەتێكی زەرووری هەبێت كۆبوونەوە لە كاتێكی دیكەدا ئەنجام بدرێت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەرفەت دەدەین بە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون بكاتەوە سەبارەت بە جەدوەلی كۆبوونەوەی لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان، فەرموو.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەتی كۆبوونەوەی لیژنەكان ئێمە چەند جارێك لەگەڵ بەڕێزان لە دەستەی سەرۆكایەتی لیژنەكان كۆبوونەوەمان كردووە، ئێمە (١٩) لیژنەی هەمیشەییمان هەیە، زۆربەی زۆری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەندامن لە دوو لیژنە، بۆ ئەوەی تەزاروب دروست نەبێ ئەندامێك نەتوانێ لە یەك كات دا لەو دوو لیژنەیەی كە ئەندامە كۆبوونەوەی هەبێ وا ڕێككەوتبووین دەستەی سەرۆكایەتی لیژنەكان خۆیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی كاروباری پەرلەمان و لیژنەكان جەدوەلێكیان داناوە، وا ڕێككەوتوون كە كۆبوونەوەكان بە جۆرێك ڕێك بخەن بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین ئەندام كە لە ناو لیژنەكان دا هەن بتوانن بەشداری زۆربەی كۆبوونەوەكانی ئەو لیژنانە بكەن كە ئەندامن تیایدا، بۆ ئەوەی تەزارووب دروست نەبێتەوە، ئێستاش ئێمە پێمانوانییە دانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستان كاتژمێر (٢) هیچ گرفتێك بۆ كۆبوونەوەی لیژنەكان بكات، دەتوانن كۆبوونەوەی لیژنەكان بكەنە بەیانییان و ئامادەبوونیشتان هەبێ، ڕۆژانی تریش كراوەیە بۆ كۆبوونەوەی لیژنەكان، هیچ گرفتێك نابینین لەوەدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك كاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**
**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٢٠/٢/٦) واتا نزیکەی هەشت مانگ بەر لە ئێستا ئێمە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران یاداشتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد سەبارەت بە کێشەی دەرچووە دانەمەزراوەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان بەداخەوە سەدان هەزار کەس دەبێ، تا ئێستا لە ماڵەوەن، بەڕاستی ئێمە نزیکەی هەشت مانگە چاوەڕێی وەڵامی ئێوەین، خۆی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٦٦) دەبوایە لە ماوەی چواردە ڕۆژ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو دانیشتنەی لەگەڵ حکومەت بکردایە، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین، یەعنی بەرچاومان ڕوون بێ، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەکات بۆ دەرچووانی دانەمەزراوی زانکۆ و پەیمانگاکان، ساڵ بە ساڵ ئەو ڕێژەیە زیاتر دەبێ، مەترسییەکی زۆر زۆر هەیە بەشێك لە گەنجان بێ هیوا بوون لەم وڵاتە، بۆیە سەری خۆیان هەڵدەگرن و ئەم وڵاتە بەجێ دێڵن، ئەوەی ئیمکانیاتی هەبێ ئەم وڵاتە بەجێ دێڵێ لەبەر ئەوەی ئیشی دەست ناکەوێ، بەڕاستی خۆی حکومەت دوو ئەرکی لەسەرە سەبارەت بە دەرچووان، دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، یان دەبێ دایانبمەزرێنێ، یان دەبێ لە کەرتی تایبەت کاریان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ئێستا هیچ یەکێك لەم دوانە نەکراوە، ساڵانە بە هەزاران فەرمانبەر تەقاعود دەبێ، خانەنشین دەبێ، بەڵام کەس لە شوێنی ئەوان دانامەزرێ، یەعنی ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، هیوادارم وەڵامێکی ڕوونمان بدەنەوە کە بۆچی ماوەی هەشت مانگە ئەو دانیشتنە ساز ناکرێ؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر بەشێکی زۆر لەو بابەتانەی کە بەڕێزتان یاداشت پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی دانیشتنی پەرلەمان بکرێ، ئێمە دیراسەی دەکەین، ئایا ئەو کۆبوونەوەیە بکرێ کاریگەرییەکانی چین؟ ئێمە ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵامان کردبوو بۆ ئەوەی فیکرەمان بدەنێ، ئێمە دانیشتن لەسەر چی بکەین؟ یەعنی ئێمە دادەنیشین، بەڕێزتان هەر هەمووتان هەقی خۆتانە باسی ئەوە دەکەن کە ئەم دەرچووە دانەمەزراوان دەبێ عیلاجیان بۆ بدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوە میکانیزمێکی ترمان پێ پەسەندە، ئەوەیە کە ئەو بەڕێزانەی داوای کۆبوونەوە دەکەن بۆ بابەتێکی دیاری کراو باسی موشکیلەکە دەکەن، حەلەکەشمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی موعالەجەی یان موناقەشەی حەل بکەین، بەڕاستی ئێمە ئەنجامدانی دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان، خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ بەئامادەبوونی حکومەتیش بێ، ئەگەر ئێمە چارەسەرمان پێ نەبێ عەرزی بکەین ئەو فیئەیە، ئەو چین و توێژەی ئێمە کۆبوونەوەکەی بۆ دەکەین هیچ سوودێك نابینێ، ئێمە ئەوەمان بۆ جووتیارانیش کردن هیچمان لە دۆخی جووتیاران گۆڕی؟ بەڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە، بێگومان حکومەت لە حەفتەی ئایندە ئینشاڵڵا دێ، هیوادارم پرسیارەکانتان تەوزیع بکەن، دەورتان تەوزیع بکەن، پرسیاری دووبارە نەبێ، بۆ ئەوەی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی کە ئێستا ئاراستەی ئێمەی دەکەن لە دەستەی

سەرۆکایەتی و لە ڕاستیش دا مەسەلەکە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نییە، بەڕێزیان بتوانن جوابی موقنیعتان بدەنەوە، کاك د. کاظم فەرموو.

**بەڕێز** د. کاظم **فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بەپێی ماددەی (٥٦) من حەز دەکەم لەسەر خودی ئەو یاسایەی ئەمڕۆ قسە بکەم کە دەنگدانی لەسەر دەکرێ، پێش ئەوەی بچینە سەر پرۆسەی دەنگدان، موناقەشەی ناکەم، بۆ ئەوەی بڵێم ئەوە بکەن یان ئەوە بکەن، تەنها یەك مولاحەزەی قانونییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئاخر ئەوە ئێمە لە جەلسەی دەنگدانین کاك دکتۆر.

**بەڕێز** د. کاظم **فاروق نامق:**

ئێ خۆ دەنگمان نەداوە هێشتا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئێمە لە جەلسەی دەنگدانین، دەڵێ لە دانیشتنی دەنگدان ناتوانین موناقەشە بکەین، ئەگەر بابەتێکی ترت هەیە باسی بکە، ئەگەر نا ناتوانی.

**بەڕێز** د. کاظم **فاروق نامق:**

دەزانم، خۆ دەستتان نەکردووە بە دەنگدان، مولاحەزە یاساییەکەم ئەوەیە هەموو یاسایەك ماف و ئەرکە، ئەم یاسایە بەس ئەرکی تیایە، تەنها ئەرك، یەعنی بۆ نمونە ئەگەر موەزەفێك کورسییەك بشکێنێ دەبێ پارەکەی بدات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەوە تەواو بووە، فەرموو د.شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٢٣) بڕگەی حەوتەم قسە دەکەم، بەڕێزان ئاگادارین کە ئەوە دوو مانگە مووچە بە لێبڕینەوە تەوزیع دەکرێ و دابەش دەکرێ، هێشتا ئەو مانگەش هێشتا بەتەمان بە لێبڕینەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەروەها مەصیریشی دیار نییە، نازانین ئایا ئەو لێبڕینە دەدرێتەوە یان نادرێتەوە؟ لەبەر ئەوە پاڵپشت بەو ماددەیە من ئەوڕۆ وەکو هەڵوێستێك بایکۆتی ئەو دانیشتنە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموون، کاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٥٦) بە وازحی ئاماژەی پێدراوە، خاڵی پەیڕەوی چییە، بەڵام ئەوەی کە ئەیبینین، هیچی خاڵی پەیڕەوی نییە، هەمووی مزایدەیە، لەبەر ئەوە داواکارم یا ئەوەتە لە کاتی ئەوەلی دانیشتنی پەرلەمان، کە خاڵی پەیڕەوی وەردەگرن، کامێراکان بکوژێننەوە، بۆ ئەوەی

بزانین چەند کەس ئامادەیە باسی خاڵی پەیڕەوی بکات، چەند کەسیش ئامادە نییە، ئێمەش ئەگەر وابێ جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان کە دەسەڵاتت پێدراوە، ڕێگری لەوە بکەی کە خاڵی پەیرەوی، ئەگەر دەستی بۆ بەرز کرایەوە و خاڵی پەیڕەوی نەبوو، پێی بڕی ئەگەر نەیکەی، ئێمەش بە هەمان شێوە تەصەروف دەکەین، بزانین ئەو کاتەش پشێوی لەناو هۆڵی پەرلەمان دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە هەوڵ دەدەین، پابەندی پەیڕەو بین، پێشبینی و چاوەڕوانیشمان لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوەیە، پابەندی پەیڕەو بن، کاك (جەلال)، دوای کاك (هێڤیدار)، کاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دەزانرێت، شەهیدان سومبولی میللەتەکەمانن، ئەم پەرلەمانە، سەرجەم مئەسەسەکانی تری ئەم وڵاتە، بەرهەمی خوێنی شەهیدانن، بۆ خۆتان دەزانن، شاری چەمچەماڵ لەقەبی ئەوەی پێدراوە کە پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە، بۆیە من ئەمەوێ لەبارودۆخی ئەو شارە، تەنها لەرووی کێشەی کەم ئاوی ئاگادارتان کەمەوە، کە گرفتێکی زۆری کەم ئاوی هەیە، بۆیە داواکارم لە بەڕێزتان، لە ڕێگەی خۆتانەوە، چارەسەری ئەو بابەتە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزتان بابەتی هەندە هەستیار وە گرینگ بە نسبەت رەئی عام هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەن، ئێمە کە ئەشزانین خاڵی پەیرەوی نییە، دان بەخۆماندا ئەگرین، دەست نابەن بۆ داخستنی مایکەکە، هیوادارم بەقەدەر ئەوەی ئێمە ئیعتیبار بۆ ئەەو گەورەیی ئێوە دادەنێین، ئێوەش ئاگاتان لە ئێمە بێت، کاك (هێڤیدار)، دوایی (شیرین) خان، کاك (هیڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی، ئەگەر مومکین بێتن لەسەر مەسەلەی مووچە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی بەدواداچونمان کردووە، لەگەڵ شاندی حکومەت، یاخود لەگەڵ ئەو بەشەی حکومەت کە پەیوەندیان بە مووچە هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە، بۆ ئەم مانگە تاوەکو ئێستا نەدراوە؟ بەڕێزان مووچەی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەشت سەد و نەوەت و چوار ملیار دینارە، حکومەت بڕیاری داوە (١٨%) لێبڕینی هەبێت، دەکاتە سەد و شەست و یەك ملیار دینار، باقی پارەکەی حەوت سەد و سی و سێ ملیارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ ئەو بەشەی کە دەکەوێتە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوار سەد و سێزدە ملیارە، حازرە مووچەکە بدەین، بەڵام باقی کە ئەو ڕێکەوتنە نوسراوەی کە کراوە لەگەڵ حکومەتی عێراق، مانگانە سێ سەد و بیست ملیار بنێرێت، نەهاتووە، چاوەڕێی ئەوەی عیراق دەکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان، پێکەوە ببسترێتەوە، ئەوەی هەرێمی کوردستان دەکاتە زیتر لە (٥٧%) ئەو بابەتە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی، بە میهەنی راپۆرتێك

ئەمرۆ حەتا سبەی ئامادە دەکەین، لەسەر دەراوازە سنوورییەکان، نەك قسە و قسەلۆك، بە میهەنی راپۆرتێك ئامادەدەکەین، تەسلیمی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، لەسەر هەموو دەروازە سنوورییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواوی وەختتان لەبەر دەستە، بۆ ئەوەی بە هێمنی ئیشەکەتان بکەن، (د.صباح)، دوایی (شیرین) خان، وەرت دەگرم، (د.صباح)، فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەوە زستان نزیك بووە، مەترسی ئەوە هەیە، لە ناوچە شاخاویەکان دار بێتە برین، لەلایەن هاوڵاتیان، داوا دەکەین کە فشارێك بخەنە سەر سامانە سروشتییەکان، حکومەت، بە زوترین کات نەوتی سپی، بەسەر هاوڵاتیان دابەش بکەن، تاکو رێگری لە دار بڕین بکەن، چونکە ئەم غاباتە هەمووی سامانی نیشتیمانە دەبێت بپارێزرێت، دووەم بۆ کاك (سیروان) کە پرسارەکی کرد، لیژنەیێکی لاوەکی، لیژنەی تەندروستی و ژینگە، دروست کراوە سەردانی سلێمانی کردییە، خەریکی ئیشی خۆیانن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، (شیرین)، خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەسەکانی من بەپێی ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەبێ، دیارە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئامادە دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەمە چەندین جارە دووپات دەبێتەوە، کە کاتێك سەیری بەرنامەی کاری جەلسەکانی پەرلەمان دەکرێت، وەك ئەوە وایە ئەو هەرێمەی ئێمە وەکو شامی شەریف بێ، بەداخەوە دەیەها پرسی زۆر گرینگ و ئەساسی و جەوهەری هەن، هیچ کات لە ریزبەندی کاری پەرلەمانی کوردستان نەهاتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو چی؟

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پرسی مووچە، بە نمونە، لە کاتێکدا ئەمە پرسێکی هەرە ئەساسیە، تەواوی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەم دۆخەوە دەناڵێنن، لە هەمان کاتدا، ئێمە زیاتر لە چوار مانگە ژمارەی یاسایی، داوای دانیشتنی پەرلەمانمان کردووە، بۆ ئەوەی لەسەر پرسی مووچە، لەسەر خاڵە سنوورییەکان، لەسەر زۆر دۆخی ئەساسی کەی گرینگ، دانیشتنی پەرلەمان بکرێ، بۆیە منیش پشتگیری لە هاوڕێکانم (شایان)، خان، ئەکەم، جەلسەی پەرلەمان بەجێ دێڵم، بایکۆت دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس چاوەڕێكە، بۆ ئەوەی جوابت بدەینەوە، ئێمە (٢٨) و (٢٩)ی مانگ، كە كۆبوونەوەمان كرد، (١٣) سەعات، هەشت وەزیری حكومەتی هەرێی كوردستان ئامادە بوو، ئەو بابەتانەی كە جەنابت باسی ئەكەی تێیدا نەبوو؟ وەزیری دارایی لێرە ئامادە نەبوو؟ ئێمە، ئەمە پەرلەمانی كوردستانە، بێئەرزشكردنی بەرنامەی كاری پەرلەمانی كوردستان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە، بەس بە تەنها بۆ ئێمە نییە، بۆ بەڕێزێشتانە كە بەشێكن لە موئەسەسەكە، تۆ لە من باشتر ئەزانی هەفتەی داهاتوو سەرۆكی حكومەت دێت، سەبارەت بەو بابەت، هەر پرسیارێكتان هەیە، دەتوانن پرسیار ئاراستەی بەڕێزیان بكەن، لەبەر ئەوە بەرنامەی كاری پەرلەمانی كوردستان ئەرزشی هەیە، ئێمە چۆن پابەندین بەوەی، لە چاودێری بەردەوام بین، پێمان باشە، زەرورە، بە ئەركی ئەزانین، حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەسەر دۆسیە جیاوازەكان، بێتە پەرلەمانی كوردستان، بە قەدەر ئەوەش گرینگە، ئێمە ئاگامان لە پرۆسەی تەشریع بێ، لە هەرێمی كوردستان، چونكە دوای چوار ساڵی تر، پێمان دەڵێن پەرلەمانی كوردستان تەنها ئەوەندە یاسای دەركردبوو، ئەوە یەكێكە لە پێوەرەكان، بەراوردی ئەم خولەی پەرلەمانی كوردستان، لەگەڵ خولەكانی تری پەرلەمانی كوردستان بكەن، ئەزانن كە لە ماوەی ئەم ساڵ و چەند مانگەیا، ژمارەی ئەو وەزیرانەی كە بەژداری دانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستانیان كردووە، زیاترە لە ژمارەی ئەو وەزیرانەی كە لە هەموو خولی رابردوو دا، بەشداری دانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستانیان كردووە، هیوادارم ئێوە بڕۆنەوە بەو ئامارانەیا، ئێمە ئەم بابەتانەمان پێ گرینگە، تەشریعمان پێ گرینگە، هەر بۆشاییەكی یاسایی، لە مەلزومەی تەشریعی ئێمەیا هەبێ، پەرلەمانی كوردستان ئەركی خۆیەتی پڕی بكاتەوە، هەر شتێكیش كە ئێوە بەڕێزتان بە گرینگتان زانی بێ، ئێمەش بە گرینگی ئەزانین، هەموومان پێكەوەین لەم بابەتەیا، بەڵێ، دەست بە جێبەجێكردنی بەرنامەی كار ئەكەین، كاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان، ئەمە دەقی راپۆرتی لیژنەی یاساییە:

بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ راپۆرتی لیژنە

لیژنەی كاروباری یاسایی، رۆژی یەك شەم، رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٧)، كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، كۆبونەوەی خۆیان ئەنجامدا، بۆ تاوتوێكردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی كە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراون، سەبارەت بە پرۆژە یاسای لە ئەستۆكردن لە هەرێمی كوردستان-عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا، دوای گفتوگۆكردن و تاوتوێكردن، لیژنەكەمان گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-سەبارەت بە ناونیشان چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم: پرۆژە یاسای (لەئەستۆكردن) لەلایەن فەرمانبەران و راسپێردراوان بە راژەی گشتی لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

پێشنیاری دووەم: پرۆژە یاسای (لە ئەستۆگرتن)ی فەرمانبەران، لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

پێشنیاری سێیەم: پرۆژە یاسای (مافی فەرمانبەر و لە ئەستۆگرتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت) لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
پێشنیاری چوارەم: وەك خۆی، پرۆژە یاسای (لە ئەستۆکردن) لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، یەك یەك پێشنیارەکان ئەخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم، پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردن لە لایەن فەرمانبەران و راسپێردراوان بە راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ (٢) کەس، پێشنیاری دووەم پرۆژە یاسای لەئەستۆگرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری سێیەم پرۆژە یاسای مافی فەرمانبەر و لە ئەستۆگرتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت، لە هەرێمی کوردستان-عێراق، (٢) ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، پێشنیاری چوارەم، وەك خۆی، پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان، وەك خۆی، پەسەند کرا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) پێنج پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆرانکاریانەی خوارەوە:
١-بڕگەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم، لابرێت.
٢-بڕگەی پێنجەم بەم شێوەی لێبکرێت.
پێنجەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند، وەزیری تایبەتمەند، سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت، پارێزگار، دەستەی دەستپاکی دەگرێتەوە.
٣-بڕگەی شەشەم بەم شێوەی لێبکرێت.
شەشەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت، سەرجەم موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی، گوازراوە و نەگوازراوە، دەگرێتەوە، کە خاوەندارێتی دەگەرێتەوە بۆ دەوڵەت یان بۆ کەسە مەعنەویە گشتییەکان.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆرانکاریانەی خوارەوە:
١-هەر یەکە لە بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، شەشەم، حەوتەم، لابرێت.
٢- لە بڕگەی پێنجەمدا دەستەواژەی وەزیری تایبەتمەند بکرێت وەزیر.
پێشنیاری سێیەم:
١-ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆرانکاریانە:
١-هەر یەك لە بڕگەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم، لابرێت، بڕگەی پێنجەم، بکرێتە بڕگەی دووەم، بەم شێوەی لێبکرێت:
دووەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند هەر یەکە لە وەزیری تایبەتمەند، سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و پارێزگار، دەگرێتەوە.
٢- بڕگەیەك بە زنجیرەی سێیەم زیاد بکرێ کە تێدا پێناسەی کەسی مەعنەوی بکرێت، بەم شێوەیە:

سێیەم: کەسی مەعنەوی، هەر یەکە لە حیزبی سیاسە، بزوتنەوەی سیاسی، جوڵانەوەی سیاسی، کۆمپانیا و رێکخراوەکان، دەگرێتەوە.
٣- بڕگەی هەشتەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:
هەشتەم: راسپێردراو بە راژەی گشتی، هەر کەسێك کە بۆ ماوەیێکی دیاریکراو ئەرکێکی لە خزمەتی دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمدا پێ سپێردرابێت.
پێشنیاری چوارم: وەك خۆی بەم شێوەیە:
ماددەی (١):
ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریان دەگەێنن:
یەکەم: هەرێمی کوردستان-عێراق.
دووەم: وەزیری تایبەتمەند: وەزیری ئەو وەزارەتەیە کە کەسی لە ئەستۆکراو تیایدا زیانی بە موڵ و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
سێیەم: سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت: سەرۆکی ئەو لایەنی نەبەستراوەیە بە وەزارەت کە کەسی لەئەستۆکراو تیایدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
چوارەم: پارێزگاری تایبەتمەند: پارێزگاری ئەو پارێزگایەیە کە کەسی لە ئەستۆکراو تیایدا لە سنووری دیوانی پارێزگا و یەکە کارگێریەکانیدا زیانی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
پێنجەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند: وەزیری تایبەتمەند، سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، پارێزگار دەگرێتەوە.
شەشەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت: سەرجەم موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی، گوازراوە و نەگوازراوە، دەگرێتەوە، کە خاوەنداریەتی دەگەرێتەوە بۆ دەوڵەت یان کەسە مەعنەویە گشتییەکان کە تەرخانکراو بێت بە شێوەێکی راستەوخۆ بۆ سوودی گشتی یان بۆ دام و دەزگایەکی گشتی بەشێوەی کرداری یان بەپێی یاسا.
حەوتەم: فەرمانبەر: هەر کەسێك کە وەزیفەێکی لەسەر میلاکی دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم پێی سپێردرابێت بەشێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست.
هەشتەم: راسپێردراو بە راژەی گشتی: هەر کەسێك ئەرکێکی لە خزمەتی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم پێ سپێردرابێت بۆ ماوەێکی دیاریکراو.
نۆیەم: لێژنەی لێکۆڵینەوە: ئەو لێژنانەن کە بەپێی حوکمەکان ئەم یاسایە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو زیانانەی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێ، پێك دێن.
دەیەم: لە ئەستۆکردن: قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەیە کە لەلایەن فەرمانبەر یان کەسانی راسپێردراو بە رێژەی گشتی بەر موڵك ماڵی دەوڵەت دەکەوێت.
پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی:
بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١)، بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی داوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە روو، داوادەکەین بخرێتە دەنگدان.
ماددەی (١):

بـۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ئەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریان دەگەیەنن:-
یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.
دووەم/ سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران: سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردستان_عێراق.
سێیەم/ وەزیری تایبەتمەند: وەزیری ئەو وزارەتەیە کە کەسی لە ئەستۆکراو تیایدا زیان بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
چـوارەم/ سـەرۆکی لایەنە نەبەسـتراو بە وەزارەت: سـەرۆکی ئەو لایەنـی نەبەسـتراوەیە بە وەزارەت کە کەسی لە ئەستۆکراو تیایدا زیان بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
پێنجەم/ پارێزگـاری تایبەتمەنـد: پارێزگـاری ئەو پارێزگـایەیە کە کەسـی لە ئەسـتۆکراو تیایـدا لە سنووری دیوانی پارێزگا و یەکە کارگێڕیەکانیدا زیان بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
شەشەم/ دەسەڵاتی تایبەتمەند: هەر یەکە لە وەزیری تایبەتمەند، سـەرۆکی لەلایەنـی نەبەسـتراو بە وەزارەت پارێزگار دەگرێتەوە.
حەوتەم/ موڵك ماڵی دەوڵەت: سەرجەم موڵك و ماڵی گشتی و تـایبەتی، گـوازراوە و نەگـوازراوە دەگـرێتـەوە کە خاوەنـداریەتی دەگەڕێـتـەوە بـۆ دەوڵەت یـان کەسـە مەعـنەویە گشـتییەکان کە تەرخانکرابێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ بـۆ سـوودی گشـتی یـان بـۆ دامودەزگـایەکی گشـتی بە شێوەی کرداری یان بەپێی یاسا.
هەشتەم/ فەرمانبەر: هەر کەسێك کە وەزیفەیەکـی لەسـەر میلاکـی دەمەزراوە دەسـتووریەکانی هەرێم پێ سپێردرابێت بە شێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست.
نـۆیەم/ راسـپێردراو بە راژەی گشـتی: هەر کەسـێك ئەرکێکـی لە خزمەتـی دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم پێ سپێردرابێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
دەیەم/ لیـژنەی لێکـۆڵینەوە: ئەو لیژنـانەن کە بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە بـۆ مەبەسـتی لێکۆڵینەوە لەو زیانانەی بە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت پێکدێن.
یازدەیەم/ لە ئەستۆکردن: قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانـانەیە کە لەلایەن فەرمـانبەر یـان کەسـانی راسپێردراو بە راژەی گشتی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکەوێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئێسـتا پێشـنیارەکان دەخەیـنە دەنگـدان، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، پێشـنیاری دووەم: کـێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسـی لەگەڵ نیە، پێشـنیاری سـێیەم: کـێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری چوارەم: وەکو خـۆی، کـێ لەگەڵدایە تکایە دەسـت بەرزکاتەوە؟ کـاك بـژار یەك تەوزیحـی هەیە لەسەر پێشنیاری پێنجەم پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
داوای لێبووردن دەکەین، هەڵەیەکی مەتبەعی هەیە، تەعریفی لە ئەستۆکردن گەڕاندنەوەی پێ بژاردنی ئەو زیانانەیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا پێشنیاری پێنجەم دەخەینە دەنگدان کە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی دوو، فەرموون بیخوێننەوە.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
ماددەی (٢):
چوار پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەی دوو وەکو خۆی:
١- دەستەواژەی لە ئەستۆ دەگرێت بکرێتە دەخرێتە ئەستۆ.
٢- دەستەواژەی بەرکارەکان لە کۆتایی ماددەکە لابرێت.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت:
فەرمانبەر یان کەسی راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای تەواوی ئەو زیانانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بە هۆی کەمتەرخەمی یان سەرپێچی یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکان بە موڵك و ماڵی دەوڵەت گەیاندووە.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی:
فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانە لە ئەستۆ دەگرێت کە بە موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون بە ئەنقەست بێت یان بە هۆی پشتگوێخستن یان کەمتەرخەمی یان سەرپێچیکردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.
پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاساییە:
فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانەی دەخرێتە ئەستۆ کە بەر ماڵ و موڵکی دەوڵەت کەوتوون بەوەی هەڵەی بە ئەنقەست یان کەمتەرخەمی یان پشتگوێخستن یاخود سەپێچیکردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشنیاری دووەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشنیاری سێیەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە هەر وەك خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری چوارەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە کە پێشنیاری لیژنەی یاساییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٩) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددە سێ، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (٣):
سەبارەت بە ماددەی سێ پێنج پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانە:
١- لە بڕگەی یەكەمدا بەڕێوەبەری گشتی بكرێتە بەڕێوەبەر.
٢- بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە لابرێت.
پێشنیاری دووەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها دەستەواژەی بەرایی لە كۆتایی بڕگەی یەكەمدا لابرێت.
پێشنیاری سێیەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانە:
١- دەستەواژەی پەیوەندی حیزبایەتی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە زیادبكرێت بەم شێوەیە.
دووەم: نابێت لە لیژنەی لێكۆڵینەوەدا كەسێك ببێتە ئەندام كە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی یان ژن و ژنخوازی تا پلەی چوار یان پەیوەندی حیزبایەتی لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە هەبێت كە بە لە ئەستۆكردن داواكراوە.
٢-بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە لابرێت.
پێشنیاری چوارەم: وەكو خۆی:
ماددەی (٣):
یەكەم: پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر كامیان رای دەسپێرێت لیژنەی لێكۆڵینەوە پێك بێت لە سەرۆكێك كە پلەی بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت و دوو ئەندام لە فەرمانبەرانی خاوەن شارازای و پسپۆری بەو مەرجەی یەكێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت لە یاسادا.
دووەم: نابێت لە لیژنەی لێكۆڵینەوەدا كەسێك ببێتە ئەندام كە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی یان ژن و ژنخوازی تا پلەی چوار لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە هەبێت كە بە لە ئەستۆكردن داواكراوە.
سێیەم: ئەگەر پێویستیكرد دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی هەیە زیاتر لە یەك لیژنە لێكۆڵینەوە لە دۆسیەكان لە ئەستۆكردن پێكبهێنێت.
پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری لیژنەی كاروباری یاسایی:
ماددەی (٣):
یەكەم: پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند یان ئەوەی هەر كامیان رای دەسپێرێت لیژنەی لێكۆڵینەوە لە سەرۆكێك كە پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەر كەمتر نەبێت و دوو ئەندام لە فەرمانبەرانی خاوەن شارەزایی و پسپۆری پێك بهێنێت بەو مەرجەی یەكێكیان خاوەن بڕوانامەی زانكۆیی بێت لە یاسادا.
دووەم: نابێت كەسێك ببێتە سەرۆك یان ئەندامی لیژنەی لێكۆڵینەوە كە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چواری لەگەڵ داواكراو بۆ مەبەستی لە ئەستۆكردن هەبێت.

سێیەم: ئەگەر زیاتر لە دۆسیەکی تایبەت بە لە ئەستۆکردن هەبوو دەکرێت بۆ خێراکردنی پرۆسەی تێڕوانینیان دەسەڵاتی تایبەتمەند زیاتر لە یەك لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس، زۆر سوپاس، پێشنیاری دووەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشنیاری سێیەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشنیاری چوارەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشنیاری پێنجەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمدایە کە پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاساییە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری پێنجەم پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی دوای ئەوە، فەرموون تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

سەبارەت بە ماددەی چوار حەوت پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها حەوت رۆژەکە لابرێت و بکرێتە لە نزیکترین کاتدا.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها حەوت رۆژەکە بکرێتە سێ رۆژ.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی فەرمانگەی پەیوەندیدار بکرێتە دامەزراوەی پەیوەندیدار.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی دەستپاکی لە کۆتایی ماددەکە بەم شێوەیە زیاد بکرێت (فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیانگەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت تیایدا روویداوە لە ماوەیەك کە لە حەوت رۆژ لە رێکەوتی زانینی رووداوەکە تێپەڕ نەکات، دەسەڵاتی تایبەتمەند و دەستەی دەستپاکی ئاگادار دەکاتەوە).

پێشنیاری پێنجەم: تەنها وشەی پێویستە لە دەستپێکی ماددەکە زیادبکرێت بەم شێوەیە (پێویستە فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیانگەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت تیایدا روویداوە لە ماوەیەك کە لە حەوت رۆژ لە رێکەوتی زانینی رووداوەکە تێپەڕ نەکات دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار دەکاتەوە).

پێشنیاری شەشەم: وەکو خۆی:

ماددەی (٤):

فەرمانگەی پەیوەندیدار کە زیانگەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت تیایدا روویداوە لە ماوەیەك کە لە حەوت رۆژ لە رێکەوتی زانینی رووداوەکە تێپەڕ نەکات دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار دەکاتەوە.

پێشنیاری حەوتەم: پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی:

ماددەی (٤):

ئەو فەرمـانگە پەیوەندیـدارەی کە تیایـدا زیانگەیانـدن بە موڵـك و مـاڵی دەوڵەت کەوتـووە لە ماوەیەك کە لە حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتـی زانینـی ڕووداوەکە تێـپەڕ نەکات دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد ئاگادار دەکاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوار، ئێستا پێشنیارەکان دەخەینە دەنگـدان، پێشنیاری یەکەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشـنیاری دووەم: کـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمـدایە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، پێشـنیاری سـێیەم: کـێ لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمدایە تکـایە دەسـت بەرزکاتەوە؟ کەسـی لەگەڵـدانییە، پێشـنیاری چـوارەم: کـێ لەگەڵ پێشـنیاری چوارەمدایە تکـایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشنیاری پێنجەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمەمـدایە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، پێشـنیاری شەشـەم: کـێ لەگەڵ پێشنیاری شەشەمدایە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، پێشنیاری حەوتەم: کێ لەگەڵ پێشنیاری حەوتەمدایە پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسـایی تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٥٧) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، بە دەنگـی (٥٧) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی پێنج، فەرموون تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

سەبارەت بە ماددەی پێنج چوار پێشنیار هەیە:

پێشـنیاری یەکەم: مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا خـاڵی سـێ لە بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە بەم شـێوەیەی لێبکرێـت: سـێ: لە ڕێـگەی کۆنووسـەوە دیـاریکردنی لە ئەسـتۆکار و بەشـداربووان لەگەڵیدا ئەو زیانانەی بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتووە بەهـاکەی بەهـای زیـانەکە بەو نـرخەی کە لەکاتی ڕوودانی زیانەکان باوە بڕی پارەی لە ئەستۆکردن).

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە:

یەکەم: زیـادکردنی ئەم دێـرە دوای کـۆکردنەوەی بەڵـگە بـۆ کۆتـایی دەقـی خـاڵی یەك لە بـڕگەی یەکەمدا بەم شێوەیە:

١- پێڕاگەیانـدنی ئەو کەسـەی داواکـراوە لە ئەسـتۆکردن لە ڕێـگەی فەرمـانگەیەکەوە بە شێوەی نووسراو بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیارکراودا ئامادەبێت دوای کۆکردنەوەی بەڵگە.

دووەم: بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێبکرێت.:

٣- لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆی هەیە پشت بە کەسانی شارەزاو تایبەتمەند ببەستێ بۆ دیاری کـردن و مەزندە کردنی بەهای ئەو زیانانەی بەر مولك و مالی دەولەت کەوتووە.

سێ: زیاد کردنی برگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ئەو ماددەیە بەو شێوەیە:

٤- کارراییەکانی لیژنە بە پوچەڵ دائەنرێ ئەگەر ئەنجامـدرابێ بەبـێ ئاگـایی نـوێنەری دەسـتەی دەستپاکی یان داواکاری گشتی.

سێیەم: وەکو خۆی.

ماددەی ٥:
١ لیژنەی لیکۆلینەوە ئەو ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ ئەگرێ:
١ پێراگەیاندنی ئەو کەسەی داواکراوە بە لە ئەستۆ گرتن لە ڕێگەی فەرمانگەکەیەوە بە شێوەی نووسراو بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیاری کراو ئامادە بێ.
٢- لێکۆلینەوە بە شێوەی نووسراو ئەبێ و هەموو وتەکانی کەسی داواکراو بە لەئەستۆ گرتن و گەواهیدەرەکان تۆمار ئەکرێ و لیژنە بۆی هەیە گشت ئەو پەراو بەڵگەنامە و زانیاریانە ببینێ کە بۆ لێکۆلینەوە بە پێویستیان ئەزانێ.
٣- لە ڕێگەی کۆنووسەوە دیاری کردنی لە ئەستۆ کار و بەشدار بووان لەگەڵیدا ئەو زیانانەی بەر مولك و مالی دەولەت کەوتووە بەهای زیانەکەی بەو نرخەی کە لە کاتی ئاراستە کردنی لیژنە باوە و بری پارەی لە ئەستۆ گرتن.
دوو: ئامادە نەبوونی کەسی داواکراو بە لەئەستۆ گرتن سەرەرای پێراگەیاندنی ڕێگر نابێ لەبەردەم ڕێکارەکانی لیژنەی لیکۆلینەوە.
سێ: لیژنەی لیکۆلینەوە بۆی هەیە پشت بە کەسانی شارەزا و تایبەتمەند ببەستێ بۆ دیاری کردنی بەرپرسیاریەتی ئەو کەسەی داوا کراوە بە لە ئەستۆ گرتن و مەزندە کردنی بەهای ئەو زیانەی بەر موڵك و ماڵی دەولەت کەوتووە.
چوارەم: پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاساییە:
ماددەی ٥:
١- لیژنەی لیکۆلینەوە لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە فەرمانبەر یان راسپێدراو بە راژەی گشتی بە شێوەی نووسراو بە مەبەستی ئامادە بوون لە کات و شوێنی دیاری کراو لە بەردەم لیژنەکە ئاگادار ئەکاتەوە و بۆ هەر ڕێکارێکی تری پێویست سەبارەت بە پێراگەیاندن و ئامادە بوون ڕێسا گشتیەکانی ناو یاسا بەرکارەکانی هەرێم جێ بەجێ ئەکرێن.
٢- لێکۆلینەوە بە شێوەی نووسین ئەبێت و لیژنەکە وتەکانی کەسی داواکراو بە لە ئەستۆ گرتن و گەواهیدەرەکان تۆمار ئەکات و ئەتوانێ بروانێتە ئەو پەرا و بەڵگەنامە و زانیاریانە کە بۆ لێکۆلینەوە بە پێویستی ئەزانێ.
٣- ئامادە نەبوونی کەسی داواکراو بە لەئەستۆ گرتن سەرەرای پێراگەیاندنی ڕێگر نابێ لەبەردەم ڕێکارەکانی لیژنەی لیکۆلینەوە، پێویستە لەسەر گرتنەبەری ڕێکارەکانی بەردەوام بێ.
٤- لیژنەی لیکۆلینەوە ئەوانێ پشت بە کەسانی شارەزا و تایبەتمەند ببەستێ بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو ماددەیە کێ لەگەل پێشنیاری یەکەمە؟ کەس نیە، کێ لەگەل پێشنیاری دووەمە؟ ١ کەس، کێ لەگەل پێشنیاری سێیەمە؟ کەس نیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاساییە؟ ٦٧ کەس، پەسند کرا، ماددەی ٦.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٦:

وەکو لیژنەی کاروباری یاسایی بە گرنگمان زانی بۆ باشتر کردنی بە شێوەی دارشتنەوەی ئەو پرۆژە یاسایە خاڵی سێ لە برگەی یەکەمی ماددەی (٥) بکەینە ماددەیەکی سەربەخۆ بە زنجیرەی ماددەی (٦) لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو ماددە نوێیە بخرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی پێویستی هێنا زنجیرە ماددەکانی تر یەك لە دوای یەك ئەگۆڕێ بەو شێوەیە:

ماددەی ٦:

لیژنەی لێکۆلینەوە ڕاسپاردەی خۆی لە ئەستۆ گرتن یان لە ئەستۆ نەگرتنی هۆکارەکانی ئاراستەی دەستەلاتی تایبەتمەند ئەکات و ئەبێ کۆنووسی کۆتایی لیژنەی ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێ:

١ -دیاری کردنی قەبارەی ئەو زیانانەی بەر ماڵ و موڵکی دەوڵەت کەوتوون بە شێوەیەکی ورد و روون.

٢- دیاری کردنی رادەی گەورەیی ئەو هەڵە یان سەرپێچی یان کەمتەرخەمی یان پشت گوی خستن ئەنجامداوە و بۆتە هۆکاری زیان گەیاندن بە مال و مولکی دەولەت بە ئەنقەست بووبێ یان نا، هەلێکی مرۆیی یان بەستراو بێ یان نەبەستراو.

٣ دیاری کردنی کەسی لە ئەستۆ کراو و ئەوانەش بەشدارن لەگەلیدا و ڕێژەی بەرپرسیاریەتی هەریەکەیان لە هێنانە کایەی زیانەکە.

٤- دیاری کردنی پەیوەندی و هۆکاری نێوان زیانەکە یان هەڵە یان کەمتەرخەمیان یان پشت گوێخستن یان سەرپێچیەکە.

٥- دیار کردنی بەهای ئەو زیانانە بە نرخی ڕۆژانە و ئاراستە کردنی ڕاسپاردەی لیژنە لەگەڵ بڕی پێبژاردنی لە ئەستۆ کراو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی کاروباری یاسایی برگەیەکی لە ماددەیەك هێناوە و کردوویەتی بە ماددەیەکی سەربەخۆ، بووە بە ماددەی (٦)، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ (٦٥) کەس، پەسند کرا، ماددەی (٧).

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٧:

هیچ پێشنیار نییە.

دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی لیژنەی لێکۆلینەوە بریاری لەئەستۆ گرتن یان لە ئەستۆ نەگرتنی ئەدات لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕاسپاردەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٧) کێ لەگەڵدایە؟ (٦٤) کەس، پەسند کرا، ماددەی (٨).

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٨:

پێنج پێشنیار هەیە:

یەکەم:

بڕی پارەی لە ئەستۆ کراو بە یەکجاری وەرئەگیرێ.

دوو:

بڕی پارەی لە ئەستۆ کراو بەیەکجاری وەرئەگیرێ یان ڕاستەوخۆ لە بڕی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و ڕاسپێدراوان ئەبردرێ، دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ بیکاتە قیست بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت بەرامبەر بە دەستبەرێکی گەرەنتی کار یان خانووبەرەیین لەو بارەش نیشانەی گلدانەوە بە حوکمی ڕەهن لەسەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تومار کردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ.

سێیەم:

بڕی لە پارەی لە ئەستۆ کراو بە یەکجار وەرئەگیرێ و دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ بیکاتە قیست بۆ ماوەیەك لە پێنج سال زیاتر نەبێ.

چوارەم: وەکو خۆی.

ماددەی ٨:

بڕی لە پارەی لە ئەستۆ کراو بە یەکجار وەرئەگیرێ و دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ بیکاتە قیست بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، بەرامبەر دەستەبەرێکی کەسی گەرەنتی کار یان خانووبەرەیی، لەو بارەش نیشانەی گلدانەوە بە حوکمی ڕەهن لەسەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ.

پێنجەم:

پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی:

بڕی پێبژاردنی لە ئەستۆ کراو بەیەکجار ئەدرێ و وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ئەتوانێ بیکاتە قیست بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ بەرامبەر بە دەستەبەرێکی کەسی یان خانووبەرەیی گەرەنتی کار، لەو بارەیەش نیشانەی گلدانەوە بە حوکمی ڕەهن لەسەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەمەند دائەنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەس نییە، پێشنیاری دووەم؟ دوو کەس، پێشنیاری سێیەم؟ کەس نییە، پێشنیاری چوارەم وەکو خۆی؟ کەس نییە، پێشنیاری پێنجەم کە هی لیژنەی کاروباری یاسابیە؟ (٥٩) کەس لەگەڵە، پەسند کرا، ماددەی (٩).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٩:

چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەم (٣٠) ڕۆژ بکرێتە (٦٠) ڕۆژ.
دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەم (٣٠) ڕەژ بکرێتە (١٠) ڕۆژ.
سێیەم: وەکو خۆی.
ماددەی :٩
١- لە حاڵەتی پابەند بوونی بە دانەوەی بڕی پارەی لە ئەستۆ کراو یان نەدانی قیستەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی شایستە بوونی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمییەکانی بەرکار لە هەرێم لەسەر کەسی لە ئەستۆ کراو پیادە ئەکرێ، بڕیاری بە قیست کردنەکەش بە هەڵوەشاوە دائەنرێ و ئەو قیستانەی لە ئەستۆی ماونەتەوە بە یەکجار لێی وەرئەگیرێتەوە.
٢- ئەگەر نەکرا بڕی پارەی لە ئەستۆ کراو بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمییەکان وەرگیرێتەوە ئەوا مووچەی کەسی لە ئەستۆ کراو بەپێی ئەو ڕێژانەی لە یاسای جێ بەجێ کردنی کار پێکراو لە هەرێم ڕێگەی پێدراوە گلەدرێتەوە، ئەوەش ڕێگر نابێ لە گرتنەبەری ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمییەکانی کار پێکراو لە هەرێم لەسەر هەر موڵك وماڵێکی لە ئەستۆ کراو کە لە داهاتوودا ئەبێتە خاوەنی.
چوارەم: پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی:
ماددەی :٩
١-حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمیەکانی کار پێکراو لە هەرێم لەسەر کەسی لە ئەستۆ کراو پیادە ئەکرێ ئەگەر پابەند نەبوو بە دانەوەی بڕی پێبژاردنی لە ئەستۆ کراو یان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی شایستە بوونی قیستەکانی نەیدایەوە بریاری بە قیست کردنەکە بە هەڵوەشاوا دائەنرێ ئەو قیستانەش ماونەتەوە لە ئەستۆی بە یەکجاری لێی وەرئەگرێتەوە.
٢- ئەگەر نەکرا بریپێبژاردنی لە ئەستۆ کراو بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمییەکان وەرگیرێتەوە ئەوا مووچەی کەسی لە ئەستۆ کراو بەپێی ئەو ڕێژانەی لە یاسای جێ بەجێ کردنی کار پێکراو لە هەرێم دیاری کراوە گڵ ئەدرێتەوە، ئەوەش ڕێگر نابێ لە گرتنەبەری ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمییەکانی کار پێکراو لە هەرێم لەسەر هەر مایەیەك کە لە ئەستۆ کراو کە لە داهاتوودا ئەبێتە خاوەنی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەل پێشنیاری یەکەمە؟ کەس نیە، کێ لەگەل پێشنیاری دووەمە؟ کەس نیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ (٢) کەس، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاساییە؟ (٦١) کەس، پەسند کرا، ماددەی دواتر.

**بەرێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٠:
سێ پێشنیار هەیە:
یەکەم: وەکو خۆی تەنیا برگەی دووەمی ئەو ماددەیە لابرێ.
دووەم: وەکو خۆی:

ماددەی :١٠
١- کۆتایی هاتن یان گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر یان ئەرکی گشتی ڕاسپێدراو بە ڕاژەی گشتی یان بە هەر هۆکارێك ڕێگر نابێ لەبەردەم ڕێگا و شوێنی لە ئەستۆ گرتن بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە.
٢- لە حاڵەتی مردنی لە ئەستۆ کراو بڕی پارەی لە ئەستۆ کردن ئەگوازرێتەوە بۆ میراتەکەی.
سێیەم:
لیژنەی کاروباری یاساییە:
١ -گواستنەوە و کۆتایی هاتنی ڕاژەی فەرمانبەر یان ڕاسپێدراو بە ڕاژەی گشتی بە هەر هۆکارێك ڕێگر نابێ لە گرتنەبەری ڕێو شوێنی لە ئەستۆ کردن بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە.
٢- لە حاڵەتی مردنی لە ئەستۆ کراو بڕی پێبژاردن ئەگوازرێتەوە بۆ سەر ئەو ماڵ و موڵکەی لە دوای مردنی لێ بەجێ ئەمێنێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (١٠) هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری یەکەمە، چەند کەس لەگەڵ دایە؟ (٣) کەس لە گەڵ دایە، هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی، چەند کەس لە گەڵ دایە؟ (١) کەس، هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی، چەند کەس لەگەڵ دایە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (١١).
**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی.
مادده (١١) یەکەم:
فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی کە بڕیاری لە ئەستۆ کردنی لە سەر دراوە مافی تانەدانی لە بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە لە بەردەم دادگای کارگێڕی بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شوورا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) هەیە.
دووەم: مەرجی پێش تانەدانی بڕیاری لە ئەستۆ کردن کەسی لە ئەستۆکراو دادخوازی لە بڕیارەکە لە بەردەم ئەو لایەنە پێشکەش بکات کە بڕیارەکەی دەرکردووە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێ ڕاگەیاندنی یان هەژمار کردن و بە پێ ڕاگەیەندراو.
پێشنیاری دووەم پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی:
مادده (١١) یەکەم: کەسی لە ئەستۆکراو دەتوانێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێ ڕاگەیاندنی ئەژمار کردنی بە پێ ڕاگەیەندراو ڕاستەوخۆ لە بەردەم دەسەڵاتی تایبەتمەند یان لە ڕێگای فەرمانگەکەیەوە دادخوازی بەرامبەر بە بڕیاری لە ئەستۆ کردنەکەش پێشکەش بکات.
دووەم: پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی بڕوانێتە دادخوازییەکە.
سێیەم: ئەگەر دەسەڵاتی تایبەتمەند دادخوازییەکەی ڕەت کردەوە یان لەو ماوەیە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە هاتووە وەڵامی دادخوازەکەی نەدایەوە کەسی لە ئەستۆکراو لە ماوەی

(٣٠) رۆژ لە ڕێکەوتی پێ ڕاگەیاندنی یان ئەژمار کردنی پێ ڕاگەیەندراو بە دەرئەنجامی دادخوازییەکە مافی تانەدانی لە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە دادگای کارگێڕی هەیە بە پێی حوکمەکانی یاسایی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسایی ئەنجومەنی شوورا لە هەرێمی کوردستان داش عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١١) تەنها دوو پێشنیار هەیە، وەك خۆیی لە گەڵ پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاسایی، یەکەم جار وەك خۆیی دەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لە گەڵە، کێ لە گەڵ دایە؟ بەڵێ (٢) کەسی لە گەڵ دایە، پێشنیاری دووەم دەخەینە دەنگدان کە پێشنیاری لیژنەی کاروباری یاساییە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لە گەڵە، چەند کەس لە گەڵ دایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند کرا،ماددەی (١٢) بەڕێزان، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە بەم شێوەیە لێ بکرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگرەکەی یان هەرکەسێك کە دەستنیشانی بکات بە وەزیری تایبەتمەند دادەنرێت ئەگەر کەسی لە ئەستۆکراو وەزیر یان ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە سەرۆکی ئەو لایەنە نەبەستراوانە بە وەزارەت بێت کە بە ئەنجومەنی وەزیران پەیوەستن.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە وەزیری تایبەتمەند دادەنرێت ئەگەر کەسی لە ئەستۆکراو وەزیر یان ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە یاخود سەرۆکی ئەو لایەنە نەبەستراوانە بە وەزارەت بێت کە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەستن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماددەی (١٢) تەنها دوو پێشنیار هەیە، یەکێکیان پێشنیاری یەکیان وەك خۆیی یەکێکیشیان پێشنیارێکی جیاوازە، پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لە گەڵە، چەند لە گەڵ دایە؟ کەسی لە گەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆیی، کێ لە گەڵ دایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (١٣).

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) بە هەمان شێوە دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆیی تەنها لە بڕگەی دووەم دا دەستەواژەی ڕەوانەکردنی دۆسیەکە بۆ دادگا بگۆڕدرێت بۆ ڕەوانە کردنی دۆسیەکەی بۆ دەستەی دەسپاکی.

پێشنیاری دووەم: هەر لە ماددە (١٣) وەك خۆیی یەکەم ئەو لیژنانەی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێك دەهێنرێن نابنە جێگرەوە بۆ ئەو لیژنانەی حوکمەکانی یاسایی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤) ی ساڵی (١٩٩١)ی بەرکار لە هەرێم

دەیـانگرێتەوە، دووەم لە ئەسـتۆگرتنی فەرمـانبەری یـان راسـپێردراو بە راژەی گشـتی بە پێـی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد پابەنـد دەکات بە گرتنە بەری رێکاری یاسـایی و رەوانە کردنـی دۆسـیەکەی بـۆ دادگـا ئەگەر ئەو کـردەوەیەی ئەنجـامی داوە بە پێـی یاسـایی سزادانی بەرکار یان هەر یاسایەکی تر کە رەگەزی تاوانکاری تێدا بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەبارەت بە ماددەی (١٣) تەنها دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە، کـێ لەگەڵ دایە؟ (١) ئەنـدام، بەڵـێ زۆر سـوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە گەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆیی، کەس لەگەڵ دایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (١٤).

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆیی، ماددەی چواردە ئەم یاسایە لە سەر گشت ئەو دۆسیانەی کە بە پێی یاسا بەرکارەکان لە ژێر لێکۆڵینەوە دان و بڕیـاری لە ئەستۆ کردنیـان بـۆ دەرنەچـووە ئەوانەی بڕیاریان بۆ دەرچووە و بڕ و قستەکانیان بە تەواوی وەرنەگیراوەتەوە وە ئەوانەشـی کە تا ئێستا دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکراوەتەوە پیادە دەکرێت.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری لیژنەی یاسایی، ئەم یاسایە لە سەرگشت ئەو دۆسـیانەی کە بە پێـی یاسا بەرکارەکان لە ژێر لێکۆڵینەوەدان و بڕیاری لە ئەستۆکردنیان بۆ دەرنەچووە و ئەوانەشی کە تا ئێستا دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکراوەتەوە پیادە دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (١٤) تەنها دوو پێشـنیارمان هەیە، پێشـنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە، کێ لەگەڵ دایە؟ (٢) ئەنـدامی لەگەڵە، پێشـنیاری دووەم هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە پێشـنیاری لیـژنەی کاروباری یاسایی، کێ لەگەڵ دایە؟ بەڵـێ بە دەنگی (٦٥) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـند کـرا، بەڵـێ ماددەی دوایی ئەو.

**بەڕێز خەدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ئەم مـاددەیە بەم شـێوەیەی لـێ بکرێـت، وەزیـری دارایـی و ئـابووری رێنمـایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات لە ماوەی (٣٠) رۆژدا.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی وەزیری دارایی و ئـابووری رێنمـایی پێویسـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی حوکمەکانی ئەم یاسایی دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ سـوپاس، مـاددەی (١٥) دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمانی لە گەڵە، کێ لەگەڵ دایە؟ (٢) ئەندامی لەگەڵە، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە وەك خۆی، کێ لە گەڵدایە؟ بەڵێ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە بەڵام دەبێت ڕاستی بکەینەوە، کار بە دەقی هیچ یاسایەك یان بڕیارێك ناکرێت دەبێت بەم سیغەیە لێ بکرێت، کار بە دەقی هیچ یاسایەك یان بڕیارێك ناکرێت کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە گەڵ ئەم دەقە دایە، کێ لەگەڵ دایە؟ بەڵێ بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (١٧).

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هیچ پێشنیارێك نییە بۆ ماددەی (١٧) هەر کەسێك لە گەڵ دەقەکەیە وەکو ئەوەی کە بەڕێز دکتۆر عبدالسلام خوێندیەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددە (١٨).

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەقی ماددەی (١٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لە گەڵە، کێ لەگەڵ دایە؟ بەڵێ (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان دەنگیان بەو ماددەیە دا و پەسندکرا، هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، لە پێناو چەسپاندنی دادپەروەری و پارێزگاری کردن لە لە موڵك و ماڵی گشتی دەوڵەت لەلایەن فەرمانبەران و ڕاسپێردراوان بە ڕاژەی گشتی لە ڕێگای چاوپۆشی نەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی پشتگوێ خستن و کەم تەرخەمی یان بە ئەنقەست زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت یان سەرپێچی کردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

پێشنیاری دووەم: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، لە پێناو پارێزگاری کردن لە موڵك و ماڵی گشتی دەوڵەت لە لایەن فەرمانبەران و ڕاسپێردراون بە ڕاژەی گشتی لە ڕێگای چاوپۆشی نەکردن لە

گەڵ حاڵەتەکانی پشتگوێ خستن و کەم تەرخەمی یان بە ئەنقەست زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت یان سەرپێچی کردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان و بۆ ئاسانکاری کار رایەکانی خێرایی یەکلایی کردنەوەی دۆسیەی پەیوەندیدار بە موڵك و ماڵی گشتی ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی، لە پێناو پارێزگاری کردن لە موڵك و ماڵی دەوڵەت لە لایەن فەرمانبەران و راسپێردراوان بە راژەی گشتی لە ڕێگای چاوپۆشی کردن لە گەڵ حاڵەتەکانی پشتگوێ نەخستن و کەم تەرخەمی یان بە ئەنقەست زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت یان سەرپێچی کردنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەوەی ئەخیری پشت گوێ نەخستن چونکە دەچێتە ناو پڕۆتۆکۆڵ، هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری یەکەمە، کێ لە گەڵدایە؟ (٢) ئەندامی لە گەڵە، هەر بەڕێزێك لە گەل پێشنیاری دووەمە، کێ لە گەڵدایە؟ (١) ئەندامی لە گەڵە، هەر بەڕێزێك لە گەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی، کێ لە گەڵدایە؟ بەڵێ بەڕێزان بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان هۆیەکانی دەرچوواندن پەسند کرا، ئێستا کۆی پڕۆژە یاساکە دەخەینە دەنگدان، کێ لە گەڵدایە؟ سوپاس بەڕێزان بە دەنگە (٧١) ئەندامی پەرلەمان پڕۆژە یاسایی لە ئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان پەسند کرا پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان دەکەین، بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین و زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)ی
دووشەممە رێکەوتی ٢٠٢٠\١٠\٥
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨)
## دووشەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١٠/٥

كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١٠/٥ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی دوو شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/١٠/٥) بەم شێوەیە بێت:

لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوە بە ئامادەبوونی بەڕێزان، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەپێی حوكمی بڕگەی/٢ لە ماددەی/٦٦ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- هەنگاوەكانی جێ بەجێ كردنی پرۆسەی چاكسازی لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بە تایبەتی هەنگاوەكانی جێ بەجێ كردنی یاسای چاكسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكان و خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان ژمارە/٢ ی ساڵی ٢٠٢٠.

٢- بارودۆخی دارایی لە هەرێمی كوردستان و دابەشكردنی مووچە.

٣- دانوستاندنەكان لەگەڵ حكومەتی عیراقی فیدڕاڵ.

٤- بارودۆخی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٥- لێكەوتەكان و هەنگاوەكانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی كۆرۆنا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پاییزەی، ساڵی دووەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ ئەكەین، سەرەتاش بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، د.ڤالا/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و حكومەت، د.اومید صباح/ سەرۆكی دیوان، د.ئامانج رحیم/ سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران، تیمی یاوەریان ئەكەین، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەم كە پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو لەگەڵ بەرنامەی كار بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار:

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی/ ١٦ و بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی (٤٧و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی، خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١٠/٥ بەم شێوەیە بێت:

لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوە بە ئامادەبوونی بەڕێزان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی بڕگەی/٢ لە ماددەی/٦٦ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

٦- هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی پرۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە/٢ ی ساڵی ٢٠٢٠.

٧- بارودۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە.

٨- دانوستاندنەکان لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ.

٩- بارودۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

١٠- لێکەوتەکان و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی بە پێی حوکمی بڕگەی(٢) لە ماددەی/٢٠ و ٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتنی و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای لە ئەستۆ کردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان.

٥- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین بۆ ئەم مەبەستەش داوا لەبەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە ڕاپۆرتەکەی بخاتەڕوو فەرموون.

**بەڕێز مسرور مسعود مصطفی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**
**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی بەڕێز.
خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەمڕۆ هاتوومەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی چەند تەوەر و بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخی ئێوە و ڕای گشتی کوردستان بخەمەڕوو، بێگومان پەرلەمانی کوردستان وەك دەزگایەکی گرنگی یاسایی و دامەزراوەیەکی باڵای دەستووری هەمیشە جێگەی بایەخ و ڕێز پێزانینی ئێمە بووە، لەدوای سوێندخواردنمان لە بەردەم پەرلەمان و لە ماوەی دوای دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی و هەماهەنگی بەهێز و پتەو و تەواوکەرمان لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم و لە نێوانیشیان دا لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان هەبووە، کە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر جێ بەجێ کردنی باشتری کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە هەر لە سەرەتاوە و لە کارنامەی کابینەی نۆیەم دا ئاماژەمان بەڕۆڵی گرنگی پەرلەمان کردووە بۆ بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت و هەماهەنگی و هاوسەنگی بەرپرسیاریەتی هاوبەش لەم ڕوەشەوە لە کابینەی نۆیەم دا بە بەراورد لەگەڵ هەموو خولەکانی پێشووی پەرلەمان ئێمە زۆرترین ژمارەی وەزیر و بەرپرسانی حکومی هەرێممان ناردووتەوە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان، لەسەر بنەمای شەفافییەت بە ئەرکی خۆمان زانیوە ڕاستییەکان بە خەڵکی خۆمان بلێین و دوور لە هەموو موزایەدەکردنێك لە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بین، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێزیش ئەنجومەنی وەزیران بەم نزیکانە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە گشت وردەکاریەکانی جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکات، پەرلەمانتارانی بەڕێز ئەمڕۆ خۆشحاڵم لێرەدا ڕوونکردنەوە و وردەکاری پێویستتان لەبارەی چەند دۆسیەیەکی ماوەی کارکردنمان وەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەم، لەوانە پرۆسەی چاکسازی و هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی، دۆخی دارایی و تەندروستی ئێستای هەرێمی کوردستان و ڕێڕەوی پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، بەر لەوەی بچمە سەر ووردەکارییەکانی ئەم دۆسیانە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە لە ماوەی یەك ساڵی دەست بەرکابوونی کابینەی نۆیەم دا هەرێمی کوردستان و عیراق و جیهان دوچاری چەند قەیرانێکی سەختی تەندروستی و ئابووری بوونەتەوە، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتە نێگەتیڤەکانی و بە تایبەتی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان داو هەروەها دواکەوتنی خەرج کردنی بەشە بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست کردووە، ئەم قەیرارانانە کێشە و گرفت و تەحەدای گەورەی نەك هەر بۆ ئێمە بەڵکو بۆ وڵاتانی زلهێزی خاوەن ئابووری و پیشەسازی گەورەی جیهانیش دروست کردووە و سیستمی دارایی و ئابووری ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی داڕمان و زیانی گەورە و بێ وێنە کردووەتەوە، سەرەڕای هەموو ئەو قەیرانانەش، بەڵام ئێمە هەرگیز لە کارکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزاری و ستراتیجیەکان نەوەستاوین و

بەپێی توانای دارایی بەردەست بەردەوام بووین کە دواتر ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین، بەڕێزان لەڕێوڕەسمی سوێندخواردنمان لەبەردەم ئێوەدا لە گوتارێك دا ئاماژەم بەوەدا کە ئەرکێکی سەختمان لە ئەستۆ گرتووە، چاوەڕوانی زۆریش لەم کابینە دەکرێت و هەوڵ دەدەین لە ئاست ئەم چاوەڕوانیە دابین، بەڵام لە هەمان کاتدا گوتم دەبێ واقعی بین و کۆسپ و کێشە و گرفتە کەڵەکە بووەکانمان لەبەرچاو بێت، چونکە تێپەڕاندنی ئەم کۆسپ و تەگەرانە کاتیان دەوێت، بۆیە پێویستە لەم چوارچێوە یەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەم قەیرانە ئەو دۆخە تەندروستی و دارایی سەختەی هاتە پێش هەڵسەنگاندن بۆ کار و ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، لێرەدا دێمە سەر باسکردنی ئەم دۆسیانەی کە مەبەستی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمانە.

تەوەری یەکەم/ پرۆسەی چاکسازی

وەك ئاگادارن چاکسازی بەشێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمە، هەر لە سەرەتاوە زۆر بەجدی کارمان لەسەر کردووە، بەڵام بێگومان چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و بە شەو و ڕۆژێك تەواو ناکرێت و هەموو کەرتەکانیش دەگرێتەوە، ئێمە لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز دەستمان بە ئەنجامدانی چاکسازی کردووە کە دەکرێ بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشی بکەین، چاکسازی دارایی و چاکسازی کارگێڕی.

یەکەم/ چاکسازی دارایی، چاکسازی دارایی هەر دوو بواری داهات و خەرجیەکان دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

چاکسازی لە بواری داهات

ئەمەش سێکتەرەکانی باج و گومرگ و دەروازی سنوورییەکان دەگرێتەوە کە بەم شێوەیە بە وردی ئاماژە بە گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەکەین کە لەم بوارانەدا ئەنجامدراون.

چاکسازی لە بواری باج

پشت بەست بە برگەی/٨ لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە چاکسازی لە تیاییدا هاتووە، هەشتەم/ چاکسازی لە سیستمی باج دەکەین و دەبێت دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر بێ و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆ دزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ سەپاندنی باج، لەسەر ئەم بنەمایە لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا بۆ پێداچوونەوە بۆ بواری باج لە هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ڕاسپاردەکانی لیژنەکەی بە بڕیاری ژمارە/٦٤ پەسەند کرد، ئێستا کەوتووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بە تایبەتی لە دانانی باج لەسەر پەیوەندی و گەیاندنی باج لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان، باج دان لەسەر کۆمپانیاکانی پەیوەندی و گەیاندن دا:

١- لە چوارچێوەی دانانی باج لە بواری پەیوەندی و گەیاندن دا وەك مۆبایل و ئەنتەرنێت، کۆمپانیاکانی گەیاندن لە هەرێمی کوردستان پابەند کراون بە پێداویستی ئەو شایستە داراییانەی کە لە ئەستۆیانە وەك بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی گرێبەستی هاوبەشی حکومەت و ئەو کۆمپانیایانە یان ئەو بڕە پارانەی وەك باج یان ڕەسم و یان سزای دواکەوتن لەسەریان کەڵەکە بووە.

٢- ڕاسپاردنی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و دابینکردنی بەشی هەرێمی کوردستان لە باجی فرۆشتنی سەر کارتی مۆبایل بەپێی ڕێژەی فرۆشتنی کارت لە هەرێمی کوردستان کە ڕێژەی بەشداربووان و فرۆشتنی کۆمپانیاکانی کۆرەك و ئاسیاسێل و زەین عیراق لە هەرێمی کوردستان زۆرە و بەهۆی ئەوەی ئەم باجە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بۆیە پێویستە بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێم خەرج بکرێتەوە.

٣- پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل کە قەرزاری باجی هاتوون لە بڕگەی سەرەوە پێداچوونەوە بە خشتەی دانەوەی قەرزەکانیان بکەن، بەشێوەیەکی گونجاو کەم کردنەوەی ئەم ماوەیەی کە قستەکانیان لەسەر دابەش کراوە.

٤- پابەند کردنی کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت کە گرێبەستی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەپێدانی باجی پێویست بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەرجێك کاریگەری لەسەر کواڵتی و نرخی خزمەتگوزاریەکە نەبێت.

٥- وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوبەرێتی گشتی باجەکان وخانووبەرەی میری نووسراویان کردووە بۆ سەرجەم بەڕێوبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و بەڕێوبەرایەتی گەورە باج دەران کە پێویستە سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن پێ ڕاگەیاندنیان بۆ بکرێت و ملکەچ بکرێن بە پێدانی باجەکانیان بەزووترین کات، تاوەکو ئێستا (٤٩) کۆمپانیای بواری گەیاندن ئاگادار کراونەتەوە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ ئەوەی پابەند بن بە شایستە داراییەکانی لەگەڵ کۆمپانیای فرۆکەوانی عیراقی و حەفت کۆمپانیا دراونەتە دادگا بۆ پابەند بوون بە پێدانی شایستە داراییەکان.

٦- جیا لەم هەنگاوانەی ئاماژەمان پێیدا کاریشمان کردووە بۆ نەهێشتنی رۆتینی بیرۆکراسی لە دامودەزگاکانی حکومەت و رایی کردنی ئیش و کاری مامەڵەی هاووڵاتیان لەفەرمانگەکانی حکومەت بەشێوەیەکی ئاسان و خێرا، هەروەها دەست بە پێشکەش کردنی چەندین خزمەتگوزاریەکی گشتیش کراوە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمە جیا لە بەستنەوەی دەروازە سنووری و فرۆکەخانەکان بە سیستمی ئەلیکترۆنی کە ئاسانکاری باشی کردووە لەبواری کۆکردنەوەی گومرگ و باشتر بوونی کواڵتی کۆنترۆڵ دا.

باج لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گۆڕانکاری لە رێکار و میکانیزمی وەرگرتنی باج:

١- هەژمارکردنی باج لەسەر گشت پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان لەدەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە ماوەی بەخشینەکان و باجی گومرگیان تەواو بووە لەبەر رۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارەی/٤ ی ساڵی ٢٠٠٦ وەریان گرت بوو.

٢- ڕاسپاردنی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ پەلە کردن لە جێ بەجێ کردنی پەیرەوی ژمارە/٣ ی ساڵی ٢٠٢٠ ی تایبەت بە پیادەکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی هەژمارەکان وپێکهێنانی ئەنجومەنی پیشەی چاودێری و وردبینی

هەژمارەکان لە هەرێمی کوردستان وە ڕێکارەکانی تایبەت بە پەیمانگای باڵای زانستە دارایی و ژمێریەکان جی بەجێ کردنی ئەم پـرۆژەیە ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێ لە ڕێگەگـرتن لە خـۆ دزینەوەی لە دانی باج.

٣- پابەنـد کردنـی گەورە باجـداران لە بوارەکـانی نەوت و کارگەکـانی ئاسـن و چیمەنتـۆ و وێسـتگەکانی بەرهەمهێنـانی کارەبـا و پەیوەنـدی و گەیانـدن و پێشکەشـکردنی هەر دەفتەرێکـی بازرگـانی و بەڵگەنـامەیەك کە ڕاسـتی و دروسـتی داهـاتی بەدەسـتهاتوو دەخاتەڕوو واز هێنان لە خەمڵاندنی لە گۆترە کە ڕاست و دروستی قازانجی بەدەستهاتوو لەلایەن ڕاسپێردراو بە پێدانی باج ناخەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەسـتەش ئەنجـومەنی وەزیـران پێڕەوی تیانووس گرتنی لە بازرگانی بۆ مەبەسـتەکانی بـاجی دەرامەت ژمـارە (٢)ی سـاڵی ١٩٨٥ لە هەرێمی کوردستانی عیراق هەموار کـردووە بە پێـی پەیـڕەوی ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠١٩.

٤- هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتنی گشت ئەو بڕیار و فەرمان و نووسراوانەی لێخۆش بوون لە باج و لە هەر سەرچاوەیەکەوە دەرچووبن، ئەگەر لە دەرەوەی یاسا پەیوەندارەکان دا درابن.

گومرگ و دەروازە سنوورییەکان

بەڕێزان سەبارەت بە گومرگ و دەروازە سنوورییەکان لێرەدا دەمەوێت چەنـد ڕوونکـردنەوەیەك بدەم.

١- ئێمە بۆ ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە کاروبارەکانی دەروازە سنووریەکان لیژنەیەکمـان پێکهێنا لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان

٢- بڕیاری پێداچوونەوەمان بە گرێبەسـتەکانی دەروازە سـنوورییەکان داوە بەشـێوەیەك ئەو خزمەتگوزاریانەی کە حکومەت خۆی دەتوانێ ئەنجامیان بدات ئەوا لەلایەن حکـومەتەوە ئەنجـام دەدرێـن، بەڵام ئەو خزمەتگوزاریـانەی حکـومەت نـاتوانێ بیانکـات لەڕێـگەی گرێبەستی شەفاف و ڕوونەوە دەدرێنە کەرتـی تـایبەت بەمەرجێـك بـۆ مـاوەیەکی دیـاری کراو و لەبەرژەوەندی گشتی دابێت.

٣- یەکێـك لە کێشـە سـەرەکیەکانی دەروازە سـنوورییەکان بەداخەوە بـوونی دیـاردەی قاچـاغچیەتییە لە هەنـدێك لە دەروازە سـنوورییەکان و بـۆ نەهێشـتنی دیـاردەیەش لیژنەیەکمـان لە وەزارەتـی نـاوخۆ و ئەنجـومەنی ئاسـایش پێکهێنـاوە و هیـوادارین بەهاوکاری پەرلەمانی کوردستان و هەموو لایەنەکان بتوانین سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە و ئەو کێشەیە دابنێین.

چاکسازی لەبواری ڕێکخستنەوە و زیادکردنی داهات

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان و خـانووبەرەی میـری لەچەنـدین نووسراو و بڕیار بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو لێخۆش بووانەی داوە کە پێشتر دراون و لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکان ناگونجێن، هەروەها دەبێ هەمـوو کۆمپانیاکـان تۆمـار بکـرێن لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان و ملکەچی پێدانی باج بن.

٢- کارمان کردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر رسوماتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی میکانیزمی کۆکردنەوەی ئەو لایەنانەی رسوماتی خزمەتگـوزاری

وەزارەکان بەشێوەی گرێبەست کۆدەکەنەوە، بەجۆرێـك کە لە خزمەتـی بەرژەوەنـدی گشـتی دابێت و بەشێوەی ئەلیکترۆنی تۆمار بکرێ و لەلایەنە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیـاری سـەر بە ئەنجومەنی وەزیران.

٣- دەسـتەی وەبەرهێنـان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی شـارەوانی گەشـتوگوزار دەسـتیان کردووە بە هەڵوەشاندنەوەی زەوی تەرخان کـراو بـۆ ئەو پـرۆژانەی وەبەرهێنـان کە تـا ئێسـتا دەست بەکـار نەبـوون، تـا ئێسـتا (٣٠) پـرۆژە هەڵوەشـاونەتەوە، هەروەهـا وەرگرتنـی ڕێکـاری یاسایی بەرامبەریان لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤)ی سـاڵی ٢٠٠٦ پرۆسـەکە لە قۆناغی جێ بەجێ کردن دایە و بەردەوامە.

٤- هەروەها وەزارەتی شارەوانی بەهەمان شـێوە دەسـتی بە هەڵوەشـاندنەوەی تەرخـان کردنـی ئەو زەویانە کـردووە کە بە موسـاتەحە دراون بەڵام دەسـت بەجـێ بەجـێ کردنـی پرۆژەکـان نەکراوە.

٥- لیژنەی هـاوبەش لە وەزارەتـی شـارەوانی و کشـتوکاڵ و داد پێکهێنـراوە بـۆ تـاپۆ کردنـی ئەم زەویانەی کە بەشێوەی کارت بۆ هاووڵاتیان تەرخان کراوە وەك قەرەبووی جوتیارانی خـاوەن گرێبەست، دوای وردبینی کردنی دۆسیەکانیان پرۆسەکە بەردەوامە و لە قۆناغی جـێ بەجـێ کردن دایە.

٦- لیـژنەی هـاوبەش لە وەزارەتـی شـارەوانی و داد و دەسـتەی وەبەرهێنـان پێکهێنـراوە بـۆ تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە بەناوی هاووڵاتیانەوەیە.

٧- لیژنەی هاوبەش لە وەزارەتـی شـارەوانی و پارێزگاکـان و یەکە کارگێڕییەکـان پێکهێنـراوە بـۆ پێـداچوونەوە بە نرخـی خزمەتگوزاری کۆمەڵگاکـانی نیشـتەجێ بـوون، وەك قۆنـاغی یەکەم زۆربەی کۆمەڵگەکـانی نیشـتەجێ بـوون پێـداچوونەوەیان بـۆ کـراوە و نرخەکانیـان کەم کراونەتەوە، بەمەبەستی کەم کردنەوەی بارگرانی لەسەر هاووڵاتیان، پرۆسەکەش بەردەوامە.

٨- حکومەتی هەرێـم دەسـتی کـردووە بە جەرد کـردن و پـۆلین کردنـی سـەرجەم موڵـك و مـاڵی وەزارەت و دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی موڵکەکانی حکومەت وەك سـەرچاوەیەك بـۆ داهـاتی گشـتی مامەڵەیـان پێوەبکرێت.

٩- پێداچوونەوە کراوە بەو زەویـیە کشتوکاڵییانەی بە گرێبەسـت بەکـرێ دراون لەڕووی نـرخ و شـێوازی گرێبەسـت، هەروەهـا پـۆلین کردنـی سـەرجەم ئەو زەویـیە کشـتوکاڵییانەی کە زێدەڕەویان لەسەر کراوە بۆ ئەوەی وەك سامانێکی نیشتمانی مامەڵەیان پێوەبکرێت و ببێـتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ حکومەت.

١٠- سەبارەت بە زێدەرەوی لەسەر زەوی کشتوکاڵی زەوییەکـانی تـر لەسـەر ئاسـتی پارێزگاکـان و یەکە کارگێڕییەکـان، بە بەردەوامـی ڕێگـری دەکرێـت لەسـەر ئەم زێـدەڕەوییانە و پرۆسـەکە بەردەوامە.

١١- بۆ خێراکردنی پرۆسەی وەرگرتنەوەی داهاتەکانی حکومەت داشـکاندن کـراوە بەڕێـژەی ١٥% لەو پێشـینیانەی حکـومەت کە لەلای هاووڵاتییـانە، وەك پێشـینەی خـانووبەرە و پێشـینەی هاوسـەرگیری و قەرزی بچـوك و پێشـینەکانی بـانکی کشـتوکاڵ و پێشـینەکانی پرۆژەکـانی

پیشەسازی گەشتیاری، بەهەمان شێوە ١٥% لێخۆش بوون لە قەرزەکانی کارەبا بە هاوبەشانی کارەبا کراوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

١٢- پێداچوونەوە بە چەندین کۆنتراکت کراوە کە لەبەرژەوەندی لایەنی دووهەم رێکخرابوو، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە لەبەرژەوەندی گشتی و حکومەت دا گۆڕانکاریان تێدا کراوە.

چاکسازی لە خەرجیەکان

خەرجییەکانی مووچە و خانەنشینی بەخشین و ئیمتیازات یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ هەر لە دوای دەست بەکاربوونمان لیژنەیەکی باڵامان لەلایەنە پەیوەندارەکانی ناو حکومەت پێکهێنا بە ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی موچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان کە دواجار لەلایەن ئێوەوە پەسەند کرا و لە ٢٠٢٠/٧/١ ەوە یاسای چاکسازی چووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

لەماوەی سێ مانگی پەسەند کردنیشی دا ئەم هەنگاوانەی یاسای چاکسازی لەبواری کارگێڕی و دارایی جێ بەجێ کراون:

١- دەرچواندنی پەیڕەوی دامەزراندنی سەندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧) لە ساڵی ٢٠٢٠.

٢- یەکخستنی یەکەیەکانی ژمێریاری هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) لە یەك یەکەی ژمێریاری.

٣- ئامادەکردنی پەیڕەوی رێکخستنەوەی پاسەوانی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و ئەنجومەنی ئاسایش.

٤- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دۆسیەکانی شەهیدان و کۆچ کردووان و خانەنشینان بە گشت جۆرەکانی پەککەوتەی سەنگەریان ئامادە کردووە بۆ گواستنەوە بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بەرێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی و رێکخستنەوەیان لەسەر بنەمای دادپەروەری و شایستەبوون و بەپێی رێنماییە بەرکارەکان.

٥- رێکخستنەوەی هەژماری خزمەت بەشێوەیەك کە گشت وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دەستیان بەپێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران کردووە.

٦- پێداچونەوە بە خانەنشینی پلە باڵاکان لەلایەن بەرێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی.

٧- بەرێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و رێکخراوی (UNDP) و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری سیستمێکی ئەلیکترۆنی داناوە بەمەبەستی دروست کردنی دۆسیەی ئەلیکترۆنی بۆ گشت خانەنشین کراوەکان، ئەم پرۆسەیە یارمەتی دەر دەبێت بۆ لێك جیاکردنەوەی کەسانی شایستە و نا شایستە و یەکخستنەوەی مافی خانەنشینان و پاشان بەستنەوەی سیستمی خانەنشینی بە سیستمی بایۆمەتری.

٨- گرێدانی سەرجەم مووچە و مینحە و شایستە داراییەکان بە سیستمی بایۆمتری بۆ ئەوەی لەمەودوا بە پێی سیستمی بایۆمتری گشت مووچە و مینحە وەربگیرێت، یەکەم هەنگاویش بریتیە لە پێداچوونەوە بە لیستی ئەوانەی کە لە مووچە و مینحەیەك زیاتر وەردەگرن و لە دەرەوەی یاسا و رێنماییە بەرکارەکان.

٩- ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوی مەرجەکانی دامەزراندنی پلە باڵاکان لەبەرێوبەرایەتی گشتی و راوێژکاری بەرەو سەرەوە دەرکردووە و چووتە بواری جێ بەجێ کردن.

١٠- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران داتای گشت بەڕێوبەری گشتی و پلە باڵا و پارێزگار و قایمەقام و بەڕێوبەری ناحیەی **معەومی** لە هەموو وەزارەتەکان دەست نیشان کردووە و پرۆژە بڕیارێك ئامادەکراوە بۆ گونجاندنیان لەگەڵ یاسای چاکسازی.

١١- دەست کراوە بە وەرگرتنەوە قەرزە بازرگانی و حکومییەکان بۆ ئەم مەبەستەش بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان وەزارەتی دارایی و ئابووری تاپۆی سەرجەم ماڵ و موڵکی ڕەهن کراوی قەرزارانی ئاراستەی فەرمانگەی جێ بەجێ کردن لە وەزارەتی داد کردووە، بەمەبەستی فرۆشتنەوەی موڵکەکان بەپێی یاسا وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦) لە ساڵی ١٩٧٧ هەروەها وەزارەتی داد فەرمانگەی جێ بەجێ کردنی دادی تایبەت لە پارێزگای هەولێر دامەزراندووە تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

خەرجیەکانی نەوت و گاز

پێداچوونەوە بە باج و مەرج و بڕگە داراییەکانی گرێبەستەکانی بواری نەوت و گاز:

١- دەست بەکاربوونی تیمی شارەزا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بابەتی پێداچوونەوە بە مەرجە داراییەکانی باج لە گرێبەستە نەوتیەکان لە هەرێمی کوردستان، لەبەر رۆشنایی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ و مەرجەکانی گرێبەست لە هاوبەش کردنی بەرهەمهێنانەوەی کە پێی دەڵێن ( prodaction shering agriment) کە ژمارەیان (٧٨) گرێبەستە و ( ٤١ ) گرێبەستیان کۆتایی پێ هاتووە، (٣٧) گرێ بەستیان چالاکە و (١١) گرێبەستیان چالاکن و نەوتیان لێ بەرهەم دەهێندرێت، لەگەڵ یەك گرێبەستی خزمەتگوزاری بە ڕەچاو کردنی یاساکانی باج لە هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنیان لەگەڵ مەرجە داراییەکانی ئەو گرێبەستانە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی هاتوو کە لەو گرێ بەستانە بەڕەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی و بنەمای هاوسەنگی لەم بوارە بە گوێرەی ئەو ڕێکار و میکانیزمەی لە گرێبەستەکان دا هاتوون بە ئاراستەی کەمکردنەوەی خەرجیەکانی کۆمپانیای بواری نەوت و گاز کە بە پێی ڕاپۆرتی (دیلو)ی بۆ ساڵی ٢٠١٩ کۆی گشتی داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە (٨.٤٣٩.٠٠٠٠.٠٠٠) (هەشت ملیار و چوار سەد و سی و نۆ ملیۆن دۆلار)، لەم بڕە پارەیە (٤.٥١٥.٠٠٠.٠٠٠) ( چوار ملیار و پێنج سەد و پانزە ملیۆن دۆلار) وەك سەرفی داهات بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ماوەتەوە وە باقیەکەشی کە دەکاتە نزیکەی (٤ ملیار دۆلار) خەرجی کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاری نەوت و گاز بووە، بەم شێوەیە لە ساڵی ٢٠١٩ ڕێژەی ٤٧% ی داهاتی نەوت بۆ خەرجی کۆمپانیاکان بووە.

٢- پابەند کردنی سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (٨٢٢) کۆمپانیایە بە پێدانی باجی پێویست بەپێی یاسا بەرکارەکان و ڕاسپاردنی لایەنە پەیوەندارەکان، بۆ پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەو کۆمپانیا خزمەتگوزاریانەی نەوت و گاز کە دەبێت ئەو کۆمپانیایانە خۆیان تۆمار نەکردووە لە هەرێمی کوردستان خۆیان تۆمار

بکەن لە بەڕێوبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان و لە بەڕێوبەرایەتییەکانی باج بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەریان وەردەگیرێت و چالاکیەکانیان ڕادەگیرێ.

٣- دەستەی وەبەرهێنان پێداچوونەوەی پێویستی کردووە بە دۆسیەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بوارەکانی نەوت و گاز کە مۆڵەتی دەستەیان وەرگرتووە، هەروەها جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ماددەی/٥ لە یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ تایبەت بە بەخشینەکانی باج و گومرگ کە تیاییدا هاتووە دەستپێکردنی ماوەی دە ساڵ لێبوردن لە باج لەڕۆژی بەرهەمهینان بە کردەنی دەست پێ دەکات، نەك ڕۆژی وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان.

٤- پابەند کردنی ئەو کەسانەی کە لەبواری هاوردەکردنی سوتەمەنی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کار دەکەن بەپێدانی باجی پێویست بەمەرجێك ئەو باجە لە داهاتی بەدەستهاتووی چالاکیەکانیان بدەن و هیچ کاریگەری نەبێت لەسەر زیادکرنی نرخی سوتەمەنی لەسەر هاووڵاتیانی بەڕێز.

٥- سەبارەت بە سەپاندنی باج لەسەر کۆمپانیا ناوخۆییەکانی بواری نەوت و گاز هەماهەنگی تەواو هەیە لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بەشێوەیەك کە نووسراوی هیچ کۆمپانیایەك ڕایی ناکرێت تاکو پاکانەی باجی لەگەڵ دا نەبێت، هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتیەکان وردبینی دەکات لەبری باجی خەملێنراو لەسەر کۆمپانیاکان بەرامبەر بەو کارانەی کە هەیانە لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ نموونە حاڵەتی وا هەبووە پاش پێداچوونەوە بە پارەی خەملێنراو باج دە هێندە پارەکەی زیاد کردووە، لەبەرئەوەی پارەی کەم خەملێنرابوو لە باج، سەبارەت بەو کۆمپانیا و لایەنانەی کە لەبواری هاوردەکردنی سوتەمەنی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کار دەکەن چ کەسی سروشتی بن یان مەعنەوی ئەوا بە بری (٢٥،٢%) باج دەدەن.

چاکسازی لەبواری خەرجیەکانی بەکاربردن

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) دا بودجەی بەکاربردنی بە نزمترین ئاست کەم کردووەتەوە بە جۆرێك تەنیا بوارە سەرەکیەکانی خەرجی بگرێتەوە وەکو دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و خواردنی نەخۆشەکان زیندانیەکان و خانەی بەساڵاچووان و کارەبا و بوارە گرنگەکانی دیکە.

٢- لەسەرەتای مانگی (٧) ی ئەم ساڵ دەست بەپەیرەوکردنی سیستمی نوێی ئۆنلاین تایبەت بە خەرجیەکانی (IIS) کراوە بۆ خەرج کردنی بودجەی بەکاربردن و کۆنترۆڵکردنی سیستمی کڕینی پێداویستیەکان بەپێی سیسمێکی ئەلیکترۆنی کە جۆر و نرخ و هۆکارەکانی کڕین و بەکارهێنانی پێداویستیەکانی تێدا ڕوونکرابێتەوە لە پێناو کەمکردنەوەی خەرجیەکان و برەودان بە شەفافیەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

٢/ چاکسازی کارگێری

سەبارەت بە چاکسازی کردن لەبواری کارگێری دا ئەم خاڵانە ئەنجام دراون:

١- کردنەوەی چەندین فەرمانگەی خزمەتگوزاری بۆ نموونە نووسینگەی پاسپۆرت لە شارەکانی سۆران و زاخۆ و کۆیە، کار دەکرێت بۆ کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرت لە چەمچەماڵ و

ئـاکرێ، بێگومـان کـردنەوەی ئەم فەرمانگـانە ئاسـانکاریەکی زۆر دەکـات بـۆ هاووڵاتیـانی نیشتەجێی ئەو شارانە و گوندانە و دێهاتەکانی دەوروبەریان.

٢- پێـداچوونەوە بە هەیکەلیەتـی سـەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لەچوارچێـوەی پرۆسـەی چاکسـازی لە ئاسـتی کـارگێری دا بەڕەچـاو کردنـی پێداویستی فیعلی و تایبەتمەندیەکانیان بە هەمـان شـێوە پێـداچوونەوە و دابەشـکردنەوەی میلاکـی سـەرجەم دامودەزگاکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر ئەم بنەمایـانەی خوارەوە:

٣- دابەش کردنی پەیکەری ئیداری هەر وەزارەتێك و دامودەزگایەك بە سێ ئاستی سەرکردایەتی سەرپەرشتیاری جێبەجێکاری، هەروەها جیا کردنەوەی ئیش و کارەکانی سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکان بۆ دوو بەشی سەرەکی لایەنی کارگێری و دارایی و لایەنی پسپۆری و بچووك کـردنەوە و داڕشـتنەوەی قەبـارەی یەکە کارگێرپەکـان بەڕەچـاو کردنـی سروشـتی کـار و چالاکیەکانیان.

٤- گونجاندنی ناو و یەکە کارگێریەکان لەگەڵ سروشتی کار و چالاکیەکانیان.

٥- هەڵوەشاندنەوەی خستن و پێکەوەلکاندنی ئەو پێکهاتە ئیـداریانەی کە ئەرك و چالاکیـان وەك یەکن یان وەك پێویست چالاك نەبوون لە پێناو دووبارە نەبوونەوە و بەریەك نەکەوتنی ئەرك و بەرپرسـیاریەتیەکانیان، هەروەهـا لەبـواری پێـداچوونەوە و دابەش کردنـی میلاکـی فەرمـانبەرانیش دەسـت بەچەنـدین چاکسـازی کـراوە کە دواتـر لە ڕاپـۆرتێکی گشـتی دا دەخرێنەڕوو و بڵاودەکرێنەوە.

تەوەری دووەم/ بـارودۆخی دارایـی هەرێمـی کوردسـتان و دابەش کردنـی مـووچە و پلانـی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی داراییە.

وەك ئاگـادارن لەسـەرەتای ئەمسـاڵەوە بەهـۆی بڵاوبـوونەوەی پەتـای کۆرۆنـا و دابەزینـی نرخـی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان، لە هەرێمی کوردستان وەك هەموو نـاوچە و وڵاتـانی دیـکەی جیهان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی ئابووری بـۆتەوە، نەنـاردنی ئەو بەشـە بـوودجەی هەرێـم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی یەوە دەنێردرا بۆ چەند مانگێـك دۆخەکەی زیـاتر سـەخت تـر کـرد، ئێمە هەر زوو هەوڵماندا پلانێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیـرانە دابنێـین بەئاراسـتەی کەم کـردنەوەی خەرجیەکان و زیادکردنی داهات کە بەشێکە لە تەوەری چاکسازیەکان کە لەسـەرەتا ئەم ڕاپـۆرتە خراونەتەڕوو، بێگومان ئەم قەیرانە داراییە زیاتر هانمان دەدات لەسەر درێژەدان بە جـێ بەجـێ کردنی پرۆسەی چاکسازی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوە و سنووردار کردنی کاریگەریە نەرێنیەکانی قەیرانـی دارایـی لە ڕێـگەی کـارکردن لەسـەر کارنـامەی کـابینەی نـۆیەم بـۆ هەمەجـۆر کردنـی سەرچاوەکانی داهات و پشت نەبەستن بە تـاکە سـەرچاوەیەك و گرنگـی دان بە کەرتەکـانی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشـتوزار و پێشکەشـکردنی ئاسـانکاری پێویسـت بـۆ وەبەرهێنەرانـی ناوخۆ و بیـانی، لەسـەرەتای دروسـت بـوونی ئەم قەیـرانەدا هەمـوو هەوڵێکمـان داوە بـۆ دابـین کردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردسـتان کە لەمـاوەی دەسـت بەکـاربوونی کـابینەی نۆیەمدا توانیومانە تا ئێستا دوازدە مووچە دابەش بکەین و لەم ماوەیەدا تەنیا دوو مـووچە دوا کەوتووە ئەویـش بەهـۆی نەنـاردنی بەشـە بـوودجەی هەرێـم بـۆ مانگەکـانی (٥ و ٦و ٧) لەلایەن

حکـومەتی فیـدڕالییەوە، بەهـۆی کەمکـردنەوەی تەمویـل کردنـی مـووچە لەلایەن حکـومەتی فیدرالی و ئەو دۆخە سەختە ئابووریەی کە هەموو جیهانی گرتـووەتەوە بەهـۆی بڵاوبـوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و قەدەغەی هاتووچۆ و دابەزینێکی زۆری ڕێـژەی داهـاتی ناوخۆ کە هەمووی بووە هۆی دۆخێکی نائاسایی بۆ ئەنجـومەنی وەزیـران بە ناچاری بڕیـاری دا بەپێی توانا و داهـاتی بەردەسـت مـووچە دابەش بکـات و دوو مـووچە بە تەمویـل کردنـی ٧٩% بدات، ئەم دۆخە سەختە داراییە دۆخێکی نەخوازراوە و وە حکومەتی هەرێم دروستی نەکردوە، تەنیا تایبەتیش نییە بە ناوچە و هەرێمی ئـێمەوە، بەڵکـو نـزیکەی هەمـوو جیهـانی گرتـووەتەوە، بۆیە دەبێ بە ناچاری خۆمان لەگەڵ ئەم دۆخە سـەختە بگـونجێنین، لە هەمـان کاتـدا حکـومەتی هەرێم هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی بەو داهات و توانا داراییەی لەبەردەسـتە و لەڕێـگەی ڕێکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران و کەم کردنەوەی خەرجیەکـان و حکـومەت و جـێ بەجـێ کردنی یاسای چاکسازی ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنین.
سـەبارەت بە قەرز و پابەنـدیە داراییەکـان لە چەنـد بـۆنەیەکی جیـاوازدا ئامـاژەم بەوەداوە کە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان چەنـدین ملیـار دۆلار قەرز و پابەنـدی دارایـی لەسـەرە، بەشـێکی زۆری ئەو قەرزانەش لە ئەسـتۆی حکـومەتی فیـدڕاڵە، بەهـۆی نەنـاردنی بـوودجەی هەرێمـی کوردسـتان لەلایەن حکومەتەکانی پێشـووی عیـراق هەر بۆیەشـە بەداخەوە حکـومەتی هەرێـم خـاوەنی هـیچ یەدەگ و پاشـەکەوتێکی دارایـی نـیە، کەواتە ئـێمە تەنیـا پشـت بەو سـەرچاوە داراییانە دەبەستین کە مانگانە دێـتە بەردەسـتمان ئەمەش وا دەکـات لەهەر قەیرانێکی دارایـی ڕووبەڕووی کێشـە ببیـنەوە، لێـرەدا دووبـارە بە پێویسـتی دەزانـم لە بـابەتی قەرز و پابەنـدیە داراییەکان ئاماژە بەچەند خاڵێك بدەم.

١- لەڕوانگەی پەیڕەوکردنی شەفافیەت حکومەتی هەرێم بڕیاری خستنەڕووی سـەرجەم قەرز و پابەندیە داراییەکانی ئەستۆی هەرێمی کوردستانی دا، بۆ ئەم مەبەستەش سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران خشتەی قەرز و پابەنـدیە داراییەکـانی نـاردە دیـوانی چـاودێری دارایـی لە هەرێم بە مەبەستی چاو پێداخشاندنەوەی ڕادەربڕینی چـاودێری دارایـی، سـەرۆکایەتی دیـوانی چاودێری دارایی دەستەیەکی دارایی بـۆ ئەم مەبەسـتە پێکهێنـا و یەکەمـین ڕاپـۆرتی خـۆی لەم بارەیەوە ئامادە کـردووە، دواتـر بە فەرمـانێکی دیـکەی سـەرۆکایەتی دیـوانی چـاودێری دارایـی هەمان دەستە ڕاسـپێردرا بە کـۆکردنەوەی زانیـاری و دۆکیـۆمێنتی پێویسـت و بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی، پاش گەیشتنی ڕاپۆرتی کۆتایی دیوانی چاودێری دارایی ئەنجومەنی وەزیـران ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر بڕی قەرز و پابەندیە داراییەکان دەنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٢- زۆربەی داتاکـــانی ئەم خشـــتەیە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەنـــدارەکانەوە تـــا ڕێککەوتـــی ١٥/ایلـــول/٢٠٢٠ نـــوێ کـــراونەتەوە لەگەڵ ڕەچـــاوکردنی هەنـــدێك لە داتاکـــان کە مێژووەکەیان بۆ پێش ئەم ڕێککەوتە دەگەڕێتەوە.

٣- بەڕێوبەرایەتی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی قەرزی گشتی لەسـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیران کاری کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلین کردن و ڕێکخسـتنەوەی ئەنجـام داوە کە ئێسـتا قەرز و پابەندیە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەیە:

خشتەیەك هەیە بۆتانی باس دەكەم
كۆی گشتی قەرزەكانی دەرەكی و ناوخۆ (٧٢٥٦٢٨٣٦٤٦) (حەوت ملیار و دوو سەد و پەنجا و شەش ملیۆن و دوو سەد و هەشتا و سێ هەزار و شەش سەد و چل و شەش دۆلار) كە بە دینار دەكاتە (٨٥٧٦٩٢٧٢٦٩٨٦٢) ( هەشت ترلیۆن و پێنج سەد و حەفتاو شەش ملیار و نۆ سەد و بیست و حەوت ملیۆن و دوو سەد شەست و نۆ هەزار و هەشت سەد و شەست و دوو دینار).
كۆی گشتی پابەندیە داراییەكان (٨٣٣٧٩٨٩٥٣٢) (هەشت ملیار و سێ سەد و سی و حەوت ملیۆن و نۆ سەد و هەشتا و نۆ هەزار پێنج سەد و سی و دوو دۆلار) كە دەكاتە (٩٨٥٥٥٠٣٦٢٦٨٢٤) (نۆ ترلیۆن و هەشت سەد و پەنجا و پێنج ملیار و پێنج سەد و سێ ملیۆن و شەش سەد و بیست و شەش هەزار هەشت سەد و بیست و چوار دینار).
كۆی گشتی پابەندییە دارایی تایبەت بە پاشەكەوتی شایستە دارایی مووچە خۆران و خانەنشینان (٨٩٦٦١٥٦٥١٤) ( هەشت ملیار و نۆ سەد شەست و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا و شەش هەزار و پێنج سەد و چواردە دۆلار)، كە دەكاتە (١٠٥٩٧٩٩٧) ( دە ترلیۆن و پێنج سەد و نۆهەد و حەوت ملیار و نۆ سەد و نەوەد حەوت ملیۆن دینار).
بابەتی هەردوو بانكی بازرگانی عیراقی ( TBI) و بانكی كوردستانی نێودەوڵەتی(٣٩١٦٢٤٥٣٤٧) (سێ ملیار و نۆ سەد و شانزە ملیۆن و دوو سەد و چل و پێنج هەزار و سێ سەد و چل و حەوت دۆلار) كە دەكاتە (٤٦٢٩٠٠٠٠٠٠٠٠) (چوار ترلیۆن و شەش سەد و بیست و نۆ ملیار دینار).
كۆی گشتی قەرزەكان و پابەندە داراییەكان هەرێم ئێستا (٢٨٤٧٦٦٥٧٠٠٠)(بیست و هەشت ملیار و چوار سەد و حەفتا و شەش ملیۆن و شەش سەد و پەنجا و حەوت هەزار دۆلارە) كە دەكاتە (٣٣٦٦٠٠٠٠٠٠٠)( سی و سێ ترلیۆن و شەش سەد و شەست ملیار دینار).
تەوەری سێیەم/ دۆخی تەندورستی ڕووبەڕووبونەوەی پەتای كۆرۆنا
ئاشكرایە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەر لەڕۆژانی یەكەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا دەستی بە گرتنەبەری ڕێكارەكانی خۆپارێزی كرد تەنانەت ئەزموونی سەركەوتووی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا و جێ بەجێ كردنی ڕێكارەكانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستیەكان بووە مایەی ستایشی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی و زۆر ڕێكخرا و لایەنی دیكە، بەڵام بەداخێكی زۆرەوە خەڵكانێك لە جیاتی هاوكاری كردن و پشتیوانی كردنی هەنگاوەكانی حكومەت بۆ پاراستنی كۆمەڵگا هەوڵی ناشیرین كردنی هەنگاو پلانەكانی حكومەتیان دا و بابەتەكەیان بەسیاسی كرد و سەرەنجام بەداخەوە بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەكان ئەمرۆ كۆرۆنا ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە و بووەتە هەڕەشەیەكی بەرچاو لەسەر تەندروستی گشتی و تا ئەمرۆ خەڵكێكی زۆریش بەداخەوە گیانیان لەدەستدا، لێرەدا پرسە و سەرەخۆشی خۆم لە بنەماڵە و كەسوكارەكانیان دەكەم هیوای چاك بوونەوەش بۆ تووشبووان دەخوازم، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەكانی ڤایرۆسی كۆرۆنا حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردەوامە لە پیادەكردنی پلانێكی تایبەت بە تەرخان كردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە، لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكەین كە حكومەتی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی كۆرۆنا گرتوویەتە بەر:

١- خەرج کردنی نزیکەی (٢٨) ملیار دینار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەبوارەکانی خۆپاریزی و بەرەنگاربوونەوە و زوو دەست نیشان کردن و چارەسەرکردنی نەخۆشانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.
٢- ١٥٩ ئامێری هەناسەی دەستکردی تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتی پزیشکی بۆ نەخۆشانی کۆرۆنا ئێستا لە کارکردندان، (٧٢) لە پلاندانانن، بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە (٨٥) ( vi nt i l at er)ی نوێ و مۆدێرن کڕدراوە.
٣- چالاککردنی سیستمی هێڵی گەرمی (١٢٢) بۆ ئامادەکردنی (١٨٦) تیمی وەڵامدانەوەی خێرا.
٤- (٤٠) شوێن لە نەخۆشخانە جیاکراونەتەوە و ئامادەکراون بۆ وەرگرتنی کەیسی نوێی کۆرۆنا، هەروەها دابین کردنی ئامرازەکانی خۆپاریزی (PPE) بۆ ستافی نەخۆشخانەکان .
٥- ئەنجامدانی زیاتر لە (٥) هەزار تێستی ڕۆژانە بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆشی کۆرۆنا کە تا ئێستا نزیکەی نیو ملیۆن تێست ئەنجام دراوە، (٢٨) تاقیگەی گشتی و تایبەت پشکنین ئەنجام دەدەن.
٦- زیاتر لە (٣ هەزار و ٤٠٠) بوتڵی پلازما وەرگیراوە و بۆ پێدان بە تووش بووانی کۆرۆنا کە لە نێوان پاریزگاکان ئاڵوگۆڕ کراوە، هەر بوتڵێکی پلازماش بڕی زیاتر لە (٤٠٠ هەزار دینار) خەرجی پێویستە.
٧- ڕاگەیاندنی کەمپینێکی سەرتاسەری سەبارەت بە بڵاوکردنەوەو هۆشیاری تەندروستی بۆ هاووڵاتیان و بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو پەیامە تەندورستیانەی کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە پەسەند کراون.

جیا لەو پلانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دانراوە و جێ بەجێ کراوە ئەم هەنگاوانەش بۆ پێشخستن و باشترکردنی کەرتی تەندروستی ئەنجام دراوە:

١- دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی سەد قەرەوێلەیی لە کۆمەڵگای هیتوتێ لە قەزای ئامێدی بەبڕی (٤٣) ملیۆن دۆلار، بڕی (٢٣) ملیار دینار بۆ دابین کردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی پزیشکی خەرج کراوە.
٢- زیاتر لە (٤٠) ملیار دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی شێرپەنجە و دابین کردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی شێرپەنجە خەرج کراوە بە پاڵپشتی سەندوقی کۆمەك بۆ تووشبووانی شێرپەنجە.
٣- کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بەڕێژەی ٢٥% لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان لەم بارودۆخە نالەبارەدا.
٤- هەموارکردنی ڕێنمایی پێدانی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ئامێری پزیشکی و ڕاگرتنی چالاکی گشت ئەو کۆمپانیایانەی کە پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان کە ژمارەیان ٣٣ کۆمپانیایە، هەروەها هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدانی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراك بەڕێگەی زانستی.
٥- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای مافی نەخۆش بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەخۆش و پاراستنی ماف و تایبەتیەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.

بەردەوام بوونی پرۆژە خزمەتگوزاری و ستراتیجیەکان
وەك پێشتر ئاماژەم پێیدا سەرەڕای قەیرانی دارایی و ئەو دۆخە سەختەی ڕووبەڕوومان بۆتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە لە پێشکەش کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان.
لێرەدا بە گرنگی دەزانم هەر تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بە هەندێك لەو پرۆژانە بکەم:
١- کارکردن بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری
لەچوارچێوەی کارکردنمان بۆ هەمەجۆر کردنی سەرچاوەکانی داهات و پشت نەبەستن بە تاکە سەرچاوەیەك حکومەتی هەرێم کاری کردووە بۆ گرنگی دان بەسەرجەم کەرتەکان بە تایبەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، بۆ ئەم مەبەستە لە ماوەی یەك ساڵی دەست بەکاربوونمان دا دەست بەجێ بەجێ کردنی ئەم پلان و پرۆژانە کراوە:
١/ دروست کردنی چەند ناوچەیەکی پیشەسازی خۆراك لە شارەکانی کوردستان بە هاوکاری کەرتی تایبەت لەوانە ناوچە پیشەسازی خۆراك لە دهۆك کە سەدان کارگە و کۆگای خۆراکی لەسەر دروست دەکرێت و بە گوژمەی (٧٠) ملیار دینار.
٢/کارکردن لەسەر دروست کردنی (١١) ناوچەی پیشەسازی و خۆراکی هاوشێوە لە هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان، بەم نزیکانە لە هەڵەبجە بەردی بناغەی دادەنرێت.
٣/ کارکردن بۆ دروست کردنی پێنج سایلۆ لە شارەکانی دهۆك و هەڵەبجە و زاخۆ و کفری و هەریر کە هەر سایلۆیەك خەرجیەکەی نزیکی (٢٠) ملیار دینارە.
٢- لە بواری گرنگی دان بە کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمی ناوخۆ:
١/ تەرخان کردنی نزیکەی (٣٣) ملیار دینار بۆ تەواوکردنی (١٢) پرۆژەی بەنداو هەرێم.
٢/ قەدەغە کردن و دانانی باجی پێویست لەسەر بەرهەمی هاوردە بۆ پارێزگاری کردن لە بەرهەمی ناوخۆیی و بۆ ئەو بەروبوومانەی کە خواستی بازاڕەکان پڕ دەکەنەوە.
٣/ پرۆژەی بە بازاڕ کردنی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە دروست کردنی سێ کارگەی گەورە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك لەبڕی (٥٠٠) هەزار تۆن گەنم لە ساڵێك وەردەگرنەوە بۆ دروست کردنی ئاردی سپی و هەموو ئەو خۆراکانەی لە گەنم بەرهەم دەهێندرێن.
٤/ دانانی باج لەسەر هێلکەی هەڵهێنەر بەم هۆیەوە (١٣) پرۆژەی ستراتیجی ناوخۆیی دەست بەکاربوونەتەوە و سەدان هەلی کار ڕەخسێنراوە.
٥/ دروست کردنی بۆردی باڵای پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ هەرێمی کوردستان دەیان پرۆژەی تر لە بواری گرنگی دان بە کەرتی کشتوکاڵ ئەنجام دراون کە دواتر لە ڕاپۆرتی گشتی دا دەخرێنەڕوو.
٣- لەبواری کارەبا، لەبواری زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا دا لەڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی یەکەکانی کارەبا و زیادکردنی بڕی گازی سروشتی وبەگەڕخستنی وێستگەی هەڵمی خەبات کەبووە هۆی ئەوەی (٨٤٣) مێگاوات کارەبا زیاد بکرێت، لە ناو تۆڕەکانی هەرێم و سەرەنجام بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتە (٣٧٠٠) مێگاوات، ئەمە جیا لەوەی کە (٢٦٠) مێگاوات بە پارێزگای و موسڵ و (٥٦) مێگاواتیش بە کەرکووك دراوە،

تێکڕای پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبا ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (٢٠ ــ٢١) کاتژمێرە، سەرەڕای کەمکردنەوەی خەرجیەکان و زیادکردنی داهاتی کارەبا و دابەش کردنی پێوەری زیرەك بۆ دابەش کردنی کارەبا.

لەڕووی هەموار کردنی گرێبەستەکانی کارەبا:

١- نرخی کڕینی یەك مێگاوات کاتژمێر لە کۆمبای سایکڵ بەپێی گرێبەست (٦٣) دۆلار بوو کە کەم کراوەتەوە (٤٥) دۆلار.

٢- قەرەبووی وەبەرهێنەران بەپێی گرێبەست یەك مێگاوات بۆ یەك کاتژمێر بە (٣٢) دۆلار بوو کە کەمکراوەتەوە بۆ (١٦) دۆلار.

٣- گۆڕینی جۆری سوتەمەنی وێستگەکان لە دیزڵ بۆ نەوتی ڕەش بەم هەنگاوەش تێچووی یەکەی کارەبا لە (٢٢) سەنتەوە (٢،٧) سەنت، لەڕێگەی ئەنجامدانی ئەم هەموار و ڕێکخستنەوە لە کەرتی کارەبا پارەیەکی زۆرمان بۆ حکومەت گەڕاندۆتەوە کە ساڵانە زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن دۆلارە.

٤- لەبواری ڕێگەوباندا، دانانی بەردی بناغە دەست کردن بە پرۆژەی ستراتیجی شەقامی سەد مەتری سلێمانی کە درێژیەکەی (١٤٦) کم ئەم پرۆژە گرنگە قەرەباڵغیەکی زۆر لەسەر شاری سلێمانی کەم دەکاتەوە، بۆ کارکردن لەسەر شەقامی (١٥٠) مەتری هەولێر کە درێژیەکەی (٧٠کم)، ئەو بەشەی کە ئێستا کاری تێدا دەکرێت لە قۆناغی کۆتایی دایە و بە تەواوبوونی ئەو پرۆژە گرنگە قەرەباڵغیەکی زۆر و جەنجاڵیەکی زۆر لەسەر شاری هەولێر کەم دەکاتەوە، سێ ڕێگای جوت سایدی هەولێر دهۆك کە بە گۆپاڵ ناسراوە درێژیەکەی (٦٠کم) دەبێت، ئەویش لە قۆناغی کۆتایی دایە، دروست کردنی ڕێگای کەلار ـ سلێمانی کە ڕێژەی (٣٦%) جێ بەجێ کراوە.

٥- یەکێك لەو پرۆژە گرنگانەی کە لەسەرەتای دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا ئەنجام دراوە جێ بەجێ کردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بووە هەر لە زاخۆ تاکو گەرمیان بە بودجەی (٤٣ ملیاردینار) کە (٧٩) پرۆژە بووە و بە ماوەیەکی پێوانەیی لە ماوەی (٧٠) ڕۆژ دا تەواو کران، ئەمە جگە لە تەواو کردنی (٢٢) پرۆژەی تری ڕێگاوبان بەبڕی زیاتر لە (١١٠) ملیار دینار کە دواتر وردەکاریەکانی لە ڕاپۆرتێك دا دەخرێنەڕوو.

تەوەری چوارەم/ پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ بەغدا:

هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونمان کارمان کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی باش و بنیادنەرمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا هەبێت، کە یەکێك لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، هەر لەو ڕوانگەیەوە یەکەمین سەردانی فەرمیمان دوای دەست بەکاربوون بۆ بەغدا بوو کە مەبەستمان نیشاندانی نیازپاکی بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی و گەیشتن بەچارەسەرێکی گشتگیر و هەمەلایەنە لەسەر بنەمای دەستوور، تا ئێستا گفتوگۆکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەردەوامە لەسەر ئەم دۆسیانە:

١- دۆسیەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە یەکەم کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی حکومەتی فیدراڵی لەڕێککەوتی

٢٠١٩/٧/٢٥ لەدوای (١٥) رۆژ لەدەست بەکاربوونی دەستی کردووە بە دانوستان لەسەر کێشەی ئەم ناوچانە وە پرۆژە و تێڕوانینی پێویستی بۆ چارەسەر پێکشەشی حکومەتی فیدراڵی کردووە، دوای چەند ڕۆژێکیش لەدەست بەکاربوونی حکومەتی هەرێمیش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٩/٧/٣٠ بەبڕیاری ژمارە (٧) لیژنەی باڵای دانوستان بۆ ئەم مەبەستە پێکهات کە پرۆژەی حکومەتی هەرێمیش پرۆژەیەکی هەمەلایەنە و لەسەر دوو ئاست کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆسیەیە دەکات:
ئاستی یەکەم/ بریتییە لە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی سەربازی و ئیداری و ئەمنی و سیاسی و ڕێگەگرتن لە پرۆسەی تەعریب کردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە بەداخەوە تا ئێستاش بە چڕی بەردەوامە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە لەسەر کۆی ئەو ڕەفتارانەی دژی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە دەکرێت لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی ئیتحادی لەپەیوەندی دایە بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە سیاسەتی تەعریب، بۆ چارەسەری کێشەی گۆڕینی باری دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە لەسەردانەکانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عیراق و بەرپرسانی دیکەی عیراق کۆبوونەوەتەوە، ڕوانگەی حکومەتی هەرێمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێ ڕاگەیاندوون، بڕیارە لە ماوەی داهاتوو دا لیژنەی باڵای دانوستان تایبەت بەم دۆسیە سەردانی بەغدا بکاتەوە.
ئاستی دووەم/ چارەسەرکردنی ئەم دۆسیەیە بریتییە لە جێ بەجێ کردنی ماددەی/١٤٠ی دەستوور کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٥ شاندی حکومەتی ئیتحادی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کە لە هەولێر ئەنجام درا پرۆژە و تێڕوانینی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە جێ بەجێ کردنی ماددەی/١٤٠ پێشکەش بە حکومەتی ئیتحادی کراوە، گرنگترین برگەکانی پرۆژەکەش بریتی بووە لە دروست کردنەوەی لیژنەی باڵای جێ بەجێ کردنی ماددەی/١٤٠ و دەست پێ کردنەوەی هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوەی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان، بەڵام تا ئێستا حکومەتی فیدراڵی وەڵامی فەرمی و ئەرێنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر ئەم بابەتە نەداوەتەوە، ئەوەی جێگەی نیگەرانی قوڵی ئێمەیە بەردەوام بوونی سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچە کوردستانیەکانە کە ئێمە بەوردی چاودێری بارودۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکەین کەبەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە بەردەوامە کە ئەمەش دووبارە کردنەوەی هەمان سیاسەتی ڕژێمەکانی پێشووی عیراقە کە لە دژی خەڵکی ئەم ناوچانە بەکاردێت، ئەم سیاسەتە لە کاتێك دا پیادە دەکرێت کە بەپێی دەستوور نەخشەڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆسیە و چۆنیەتی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان و دیاری کردنی چارەنووسیان دیاری کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز سیاسەتی تەعریب قبوڵ ناکات و ڕەتی دەکاتەوە، بە تایبەت گەڕاندنەوە و نیشتەجێ کردنی خەڵکانێك کە دانیشتووی ڕەسەنی ئەو ناوچانە نین، یان داگیرکردنەوەی گوند و ناوچە کوردستانیەکان و دەرکردنی هاووڵاتیانی کورد و تورکمان لەسەر خاکی خۆیان و داگیرکردنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکانیان و جارێکی دیکە بەخشینی بەو کەسانەی لەژێر سایەو بەپشتیوانی ڕژێمی پێشوو زەویەکانیان داگیر کرد بوو، داوا لە حکومەتی فیدراڵی دەکەین کە ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر و ڕێگری بکات لە درێژەدان بەم جۆرە سیاسەتە

و ڕێگە نەدات هێزە چەکدارەکان بۆ زوڵم کردن لە خەڵکی ئەو ناوچانە بەکاربهێنێت، چونکە ئەم جۆرە سیاسەتە هەڕەشە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە و نەتەوەکانی ناوچەکە دەکات.

٢- دۆسیەی دارایی، بەمەبەستی دەستە بەرکردنی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵێکی خستۆتەگەڕ بۆ ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە ٢٠١٩/٧/٢٥ یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ئەنجام دا وە هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوە بوو دوای چەندین سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی لە ٢٠١٩/١٢/١ شاندی حکومەتی هەرێم گەیشتە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و بەپێی ڕێککەوتنەکە حکومەتی هەرێم ئامادەیی خۆی دەربڕی بە ڕادەست کردنی بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی نەوتی ڕۆژانە بە حکومەتی فیدراڵی لەبەرامبەر دا حکومەتی فیدراڵی شایستە داراییەکانی هەرێم دابین بکات کە مانگانە بە (٩٠٠) ملیۆن دۆلار دیاری کرابوو، دواتر ئەو ڕێککەوتنە خرایە چوارچێوەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ ەوە، بەڵام بەهۆی تێك چوونی بارودۆخی سیاسی عیراق و دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان و بەبیانووی دەست لە کارکێشانەوەی حکومەتەکەی بەڕێز (عادل عبدالمهدی) ئەگەر چی لە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ دەنگیش لەسەر پرۆژەکە درابوو، بەڵام پرۆژە یاسایەکە نەنێردرا بۆ پەرلەمان، بێگومان ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە لەو کاتەوە تا ئێستا جێ بەجێ بکرابا هەرێم تووشی ئەم قەیرانە داراییەی ئێستا نەدەبوو، بۆیە ئەوەی پابەندبووەکانی خۆی جێ بەجێ نەکرد حکومەتی فیدراڵی بوو نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٤/١٦ بە بیانووی دەرنەچوونی یاسای بوودجە حکومەتی فیدراڵی بەشە بوودجەی فەرمانبەرانی هەرێمی بڕی کە بڕەکەی (٥٨٣) ملیار دینار بوو، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش حکومەتی هەرێم شاندێکی نارده بەغدا، بەڵام تا دەست بەکاربوونی حکومەتەکەی بەڕێز (مصطفى كازمى) ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرا، تەنیا بۆ یەك مانگیش بڕی (٤٠٠) ملیار دینار ڕەوانەی هەرێم کرا، دوای دەست پێکردنەوەی دانوستان بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی بنەڕەتی دوای چەندین سەردانیش بۆ بەغدا و گۆڕینەوەی (١٢) نامە و پێشنیار لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ گەیشتینە ڕێککەوتنێك هەرچەندە ئەو شایستە داراییانەی ڕەوانەی هەرێم دەکرێت زۆر کەمترە لە شایستە یاساییەکانی هەرێم، ئێستا کە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ پەسەند نەکراوە و حکومەتی فیدراڵی کار بە یاسای ئیدارەی دارایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ دەکات لەچوارچێوەی ئەم یاسایەش دا ئێمە ڕازی بووین کە داهاتی غەیرە نەوتی بەپێی ئەم یاسایە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەها لاریمان نەبووە لە ئیدارەدانی دەروازە سنووریەکان بە هاوبەشی بە پێی ماددەی (١١٤ ی بڕگەی/١) لە دەستوور و بە ئەلیکترۆنی کردنی دەروازە سنووریەکان و بەستنەوەیان بە دەروازە سنووریەکانی دیکەی حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی هەرێم لاری نییە لەسەر وردبینی کردنی داهات و خەرجیەکان و ئەو قەرزانەی لەئەستۆی حکومەتی فیدراڵە، یان ئەو بڕە پارانەی حکومەتی فیدراڵی بانگەشەی دەکات کە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمە لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان

بەهەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری فیدڕالی بەپێی یاسای ئیدارەی دارایی فیدراڵی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩، لەپرۆژە یاسای بودجەی عیراق خەرجیەکانی بە زیاتر لە (١٤٨) ترلیۆن دینار خەملێنراوە، بەڵام داهاتەکەی بە (٦٧) ترلیۆن دینار خەملێنراوە بەمەش بودجەی فیدراڵی زیاتر لە (٦٠%) کورتهێنانی هەیە و ئەم کورتهێنانەش بەداخەوە بەشی هەرێم کەم دەکاتەوە.

٣- دۆسیەی نەوت، سەبارەت بە دۆسیەی نەوت بەهۆکاری دەرنەچوونی یاسایی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ حکومەتی فیدراڵی دوای ڕادەستکردنی نەوتی نەکردووە، بەڵکو باسی داهاتی نەوت دەکات و حکومەتی هەرێم لەمەش دا پابەندی خۆی نیشان داوە بە ڕادەستکردنی داهاتی نەوت بەمەرجێك لە بەرامبەردا حکومەتی فیدراڵ شایستە داراییەکانی هەرێم دابین بکات، هەروەها حکومەتی هەرێم ڕازی بووە لەسەر ڕادەستکردنی (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بە حکومەتی فیدرالی تاکو لە ڕێگەی سۆمۆ بفرۆشرێت، ئەمەش لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ ئاماژەی پێکراوە، ئێستا کە ڕەشنووسی پرۆژەی بودجە ئامادەکراوە تێبینیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان داوەتە حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەندێك برگە و ماددەی پرۆژەی بودجە، سەبارەت بە پابەندبوون بە بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆپێك پلەس، حکومەتی هەرێم پابەند بوونی خۆی ڕاگەیاندووە بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، بەڵام بەپێوەرێکی دادپەروەرانە و بۆ ئەم مەبەستەش وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێککەوتی ٢٠٢٠/٤/١٨ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك کە پابەندبوونی حکومەتی هەرێم نیشان دەدات بە مەرجێك ڕێژەی کەم کردنەوە دادپەروەرانە بێت و زیان بە بارودۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان نەگەیەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی حکومەتی فیدراڵ کردووە، سەبارەت بە دابین کردنی پێداویستیە ناوخۆیەکانی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم پێویستی بە (٢٦٠) ملیۆن لترە، ئێمە داواشمان لە حکومەتی بەڕێز کازمی کرد کە ئەم بڕە نەوتەمان بۆ دابین بکات، بەڵام تا ئێستا حکومەتی فیدراڵ ئەگەرچی پێشتر ڕەزامەندی مەبدەئی لەسەر (١٠٠) ملیۆن لتر دەربڕی بوو، بەڵام تا ئێستا تەنیا ڕەزامەندی لەسەر (٥٠) ملیۆن لتر داوە، هەروەها لەبواری وزە و کارەبا و گاز لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ گفتوگۆ هەیە و لەمڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی نیشان داوە بۆ هەماهەنگی کارکردن سەبارەت بەم دۆسیەیە، ئێمە پێمانوایە پەسەند کردنی یاسای نەوت و گاز و هەموارکردنی یاساکانی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت بەشێوەیەك لەگەڵ دەستوور گونجاو بێ چارەسەری بەشێکی زۆری ئەو کێشانە دەکات کە پەیوەندیان بە نەوت و گازەوە هەیە.

٤- دۆسیەی هێزی پێشمەرگە، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کردووە و وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عیراق لەسەر گرنگی هەماهەنگی و کاری هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی و دەستەبەرکردنی شایستەکانی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی لە گفتوگۆ دان، سەبارەت بە هەماهەنگی ئەمنی و عەسکەری ڕێککەوتنێك کراوە لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ دروست کردنی شەش ناوەندی

هاوبەشی زانیاری لە دیالە و کەرکووك و مەخمور و موسڵ و هەولێر و بەغدا، هەروەها دەرفەتی کاری هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عیراق لە ئارادایە، بەڵام تا ئێستا دەست بەکارنەبوون و بڕیارەکان نەچوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و گفتوگۆکان لەم بارەیەوە بەردەوامن، سەبارەت بە مووچە و شایستە داراییەکانی هێزی پێشمەرگە، ئەگەرچی ساڵانە لە بودجەکانی عیراق بڕە بودجەیەك بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنرێت، بەڵام بەداخەوە دواتر بە بیانووی جیا جیا و ناقانونی بە بێ هیچ پاساوێك خەرج ناکرێت، بۆ بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ لە ئەنجامی دانوستانی شاندی حکومەتی هەرێم لە بودجەی عیراق دا هێزی پێشمەرگە وەك هێزە هاوشێوەکانی لەناو خەرجیەکانی سیادی جێگەی بۆ کراوەتەوە، هیوادارین کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق پەسەندی بکات و ئاستەنگی بۆ دروست نەکات، ئومێدەوارم هەردوو لامان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ئەو کەشە ئەرێنیە و ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەین کە ئێستا لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم پرس و کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی و لەسەر بنەمای دەستوور، چونکە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان و هەبوونی پەیوەندیەکی بنیادنەر و هاوبەشانە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری و ئارامی عیراق و ناوچەکەیە، لەبەرژەوەندی گشت هاووڵاتیانی عیراقیش دایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئەمە ئەو زانیاری و بەرچاوڕوونیانە بوون کە بە پێویستم زانی ئەمڕۆ بۆ ئێوەی بەڕێز بخەمەڕوو، دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێك دا بە داتا و وردەکاری پێویستەوە کۆی چالاکی و زانیاریەکان دەخاتە بەر دەست ئێوەی بەڕێز و ڕای گشتی، لێرەدا بەپێویستی دەزانم سوپاسی خۆڕاگری خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەم بۆ تێ گەیشتنیان بۆ ئەم دۆخە سەختە و ئەو ئاستەنگانەی ئێستا ڕووبەڕوومان بوونەتەوە، دڵنیام بە پشتیوانی و هاوکاری و پشوودرێژی ئێوەی بەڕێز ئەم ڕۆژە سەختانەش تێ دەپەڕێنین و هەرێمی کوردستان بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوو تر و گەشەسەندوو تر هەنگاو دەنێت، هەر شاد و تەندروست بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پشوویەکی دە دەقیقەیی وەردەگرین و لە ١١:١٥ دێینەوە ناو هۆڵەکە.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە کۆبوونەوەکەمان دەکەینەوە سەبارەت بەو تەوەرانەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە سوپاسەوە لە ڕاپۆرتەکەدا خستیە بەردەمی بەڕێزتان دەرفەت بە سەرۆکی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەدەین بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، دواتر بەڕێزیان وەڵامی سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەدەنەوە، دوای ئەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئیزافەیەکیان هەبوو، هەر پرسیارێکیان وەڵام نەدرابۆوە ئەگەر سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەو پر سیارانەی کە پێویستە، ئەو ڕوونکردنەوانەی کە پێویستە نەیان کردبوو دەرفەت دەدەین بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش، سەرەتاش لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی

کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، لە نێوان نەجات خان و لیزا خان ئیتفاقیان کردووە بۆ ئەو کاتەی هەیانە ڕوانگەی خۆیان ئەخەنەڕوو فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك فراكسيۆنا پارتی بگەرمی بخێرهاتنا بەڕێزان سەرۆکێ حکومەتێ، جێگرێ سەرۆکێ حکومەتێ و شاندا دگەل دا دکەین، ڤێ دەست پێشخەریێ ب مەزن دەنرخێنین بۆ پشتەڤانی کرنا تەواوا کارنامە و چاکسازیی یا کابینا نهێ بۆ جێ بەجێ کرنا یاسایێ چاکسازیێ دژی گەندەڵیێ و دیر ژی مزایدێ کار دکەین، ژ بەر کوردستان د قۆناغەکا هەستیار دا دەرباز دبیت، پێویستی ب هندێیە هەمی لایەن پێکڤە بەرپرسیارانە ڕەفتارێ دگەل ڤی دۆخی بکەن و پشتەڤانیا تماما حکومەتا کوردستانێ بۆ حوکمڕانیا سەرانسەری، پرسیارا مە ئەوە بۆ ئێك ڕێزیا سیاسی لڤان بارودۆخەدا حکومەتا هەرێما کوردستانێ چەوا بەرێ خۆ بدەنە پەیوەندیەن ناڤبەرا حکومەتێ و هەمی لایەنێن دیتر بۆ ریبەری بونا وان ئاریشەیەن لسەر قەوارا دەستووریا هەرێما کوردستانێ؟، بەڕێزان هاتنا ڤایرۆسا کۆرۆنایێ هۆکارەك بوو بۆ ئەو چەندە دووپات کر کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ دەستێ پارێزگەها واڵاکە بۆ هەندێ ئا بخۆ بڕیارا ئیداریی یا خۆ بدەن، ئەڤە ژی ڤێ دگەهینیت کو حکومەت جدیە وی جێ بەجێ کرنا پرنسسا لامەرکەزیەتا ئیداری، کو ئێکا ژ هێلێن گشتییەن بەرنامێ کارێ کابینا نهێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، کارکرن بۆ چەسپاندنا لامەرکەزیەتا ئیداری یا پارێزگەها کو گونجاو بی دگەل سیستەمێ یاسایی و کارگێری یا هەرێما کوردستانێ، لێرە پرسیارا مە ئەڤەیە، پێنگاڤێن دیتنێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ چنە بۆ بەردەومیا جێ بەجێ کرنا لامەرکەزیەتا ئیداری ل هەرێما کوردستانێ؟ زۆر سوپاس، داخازێ لیزا خانێ دکەم بۆ تەمام کرنا گوتارێ بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس، سێ دەقیقەت لەبەردەستە لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە بەخێر بێن، بەڕێزان ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان هاتنی ئێوە بەهەل دەزانین لەمیانی ئەم وتارەدا تیشك بخەینە سەر کۆمەڵێك بابەتی گشتی پەیوەست بە ڕەوشی هاووڵاتیان و ڕەوشی ناوچەکە.

یەکەم/ هەروەك جەنابتان لە کاتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی خۆتان باستان لەم خاڵە کرد، ئێمەش وەکو فراکسیۆنی پارتی جەختی لێ دەکەینەوە، بەو پێیەی داهاتەکانی ناوخۆ و فرۆشی نەوت و سەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەرێمن، پێویستە هەنگاوی جدی زیاتر بۆ پرۆسەی چاکسازی گشتگیر لە داهات بنرێت و بە تایبەت لە ڕێکخستنەوەی سیستەمی کۆکردنەوەی داهات لە خاڵە سنووریەکان و بۆ ئەم مەبەستەش پەلە بکرێت بۆ دامەزراندنی دەستەی دەروازە سنوورییەکان، هەروەها تەئکید دەکەینەوە لە هەنگاوی عەمەلی بۆ چارەسەری دیاردەی نەهێشتنی دیاردەی قاچاغچێتی و کەموکوڕی سەرجەم دەروازە سنووریەکان.

دووەم/ کورتهێنانی زۆر لە بودجە و کەڵەبوونی قەرز وای کردووە حکومەتی عیراق ئەم ساڵ بکەوێتە دۆخێکی دارایی قورسەوە، بۆیە پێ دەچێت پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی داهاتوو لە پەرلەمانی عیراق کارێکی ئاسان نەبێت و پێویستی بە کاتی زیاتر هەبێت، لە ئەگەری دواکەوتنی پەسەند کردنی پرۆژە بودجەی عیراق لە کاتی خۆیدا پلانی ئێوە چی دەبێت و چۆن بەرپرسیاریەتی عیراق چارەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی تەمویل بنێرێت و بابەتی مووچە چارەسەر بکرێت؟ کە تەنها ٧٩% ی لەلایەن عیراقەوە تەمویل کراوە، هەروەها بەرنامەتان چییە بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان؟.
سێیەم/ بەڕێز سەرۆکی حکومەت دوای ئەوەی لەبەرواری ٩/٢٢ ی ئەم ساڵدا پەیامێکتان لەسەر ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئاراستەی حکومەتی عیراقی کرد چەند ڕۆژ دواتر وەزارەتی دادی عیراقی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵیەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس بڕیارێکی دەرکرد کە بۆ کوردستانیان هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، بەڵام لە ئێستادا مەترسی ئەوە هەیە دەسەڵا تی خۆجێی کەرکووك پابەند نەبێت بەو بڕیارە، بۆیە بە گرنگی دەزانین هەنگاو بە هەنگاو بەدواداچوونتان بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی حکومەتی ناوەندی هەبێت سەبارەت بەو ناوچانە، چونکە ئەوە ئاشکرایە کێشەی سەرەکی کورد لە عیراق دەستوور و یاسا و بڕیار نییە، بەڵکو جێ بەجێ نەکردنیانە وەکو خۆی.
چوارەم/ خاڵی کۆتایی، وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان داوا دەکەین پاش گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ عیراق و باشتر بوونی دۆخی دارایی حکومەتی هەرێم ئەولەویەت بدرێت بە دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆکان و پەکەمەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، وەکو فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەند خاڵێك دەخەینەڕوو، بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی دەبێتەوە بە قەستی تێ پەڕاندنی ئەم قەیرانە پەنا بۆ بڕینی مووچەی فەرانبەران دەبات لە حاڵەتێك دا کە هەموو لایەکمان دەزانین بڕینی مووچەی فەرمانبەران چارەسەری دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان ناکات بەڵکو چاکسازی ڕیشەیی لە بواری داهات و خەرجی چارەسەری دەکات جا لە ئێستادا هە موو لایەکمان دەزانین دۆخی فەرمانبەران و مووچەخۆران بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان لە دۆخێکی خراپ دایە لە ماوەی ڕابردوو دا یەك مووچە لە ماوەی (٤٥) ڕۆژ جارێك یاخود زیاتر تێ پەڕیوە ئەو کات دابەش کراوە، ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی دوومانگی ڕابردوو دا ڕێژەی ٢١%ی لە تەمویلی مووچەی فەرمانبەران بڕیوە بۆ ئەم مانگەش قسە و باس ئەوەیە کە ١٨% دەبڕدرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، لەبەر ڕۆشنایی چ یاسایەك ئەو بڕیارەتان داوە؟ کە نیسبەیەك لە مووچەی فەرمانبەران ببڕن و چوارچێوەی یاسایی بۆ ئەو

بڕیـاره چیـیه؟ له کاتێـك دا ئـێمه له فراکسـیۆنی سـەوز عیـراق به قـوڵایی سـتراتیجی هەرێـم دەزانـین، پێمـان وایه باشـترین بـژارده و ڕێککەوتـن لەگەڵ بەغـدا بـۆ ئەم مەبەسـته پشـتیوانی سیاسی شاندی دانوستانکاری هەرێم دەبین لەگەڵ بەغداد به ئاراستەی ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ لەبەرژەوەنـدی خەڵکـی کوردسـتان، پرسـیار ئەوەیه دوایـین هەلـومەرجی دانوسـتانەکان به چ ئاقارێك دا دەڕۆن؟ ئایا گەشبینن به ڕێککەوتن؟ ئەوەی ئێمه دەیبینین لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆخه داراییه نالەبارەی عیراق دا ئاماژەکان تا ڕادەیەکی زۆر مەترسیدارن به بیرتان بێ ئەو (٣٢٠) ملیار دینارەی عیراق چییه؟ ئەگەر دۆخی دارایی عیـراق بەشـێوەیەك تێکچـوو ئامـاده نەبـوو ئەو بـڕە پارەیه بنێرێت بـۆ هەرێـم؟ له ناوەراسـتی مـانگی ئـازار چـوار بڕیارتـان له ئەنجـومەنی وەزیـران دەرکرد بۆ بابەتی پێداچوونەوه به گرێبەسته نەوتییەکان، بـاج، ڕەسـمەکان، گرێبەسـتی دەروازه سنوورییەکان، پرسیار ئەوەیه ئایا چ هەنگاوێکی کرداریتان بۆ جێ بەجێ کردنـی ئەو بڕیـارانەی خۆتان داوتانه و ڕێژەی ئینجازتان چەنده؟ بـۆچی هەرێـم پـێش ئەوەی نەوتەکەی بەشـێوەیەکی سەربەخۆ بفرۆشێت قەرزدار نەبوو؟ بەڵام دوای فرۆشتنی نەوتەکەی لەلایەن خۆیەوه قەرزێکی زۆری هاتۆتەسـەر و هۆکـارەکەی ئەوەیه هەرێـم نـازانێ نەوتەکەی بفرۆشـێت یـان هەمـوو داهاتەکەی ناگەڕێتەوه خەزێنەی دەوڵەت؟ پرۆسەی بەبازاڕخستنی نەوتی هەرێم چـۆن ئەنجام دەدرێت؟ هاوبەشەکانی هەرێم له فرۆشتنی نەوت کێن؟ داهاتەکەی نەوت چۆن له نێوان هەرێم و هاوبەشـەکانی دا دابەش دەکرێـت؟ هەرێـم مانگـانه چەنـد نەوت دەفرۆشـێت؟ ژمـارەی بەرمیلەکانی چەنده؟ هەرێم بەرمیلێك نەوت به چەند دەفرۆشێت؟ دەنگۆی ئەوه هەیه نەوتـی هەرێم بەچەند دۆلارێـك کەمتـر لەبـازاڕ دەفرۆشـرێت، ئەگەر ئەمه ڕاست بێـت بـۆچی ئەم کـاره دەکرێـت؟ ئایـا پرۆسـەی دەرهێنـان و بەبازاڕخسـتن و فرۆشـتن و گەڕانەوەی داهـاتەکەی بـۆ خەزێنەی گشتی شـەفافه؟ بـۆچی سـەندوقی داهـاته نەوتییەکـان وەگەڕ ناخرێـت؟ داهـاتی هەر بەرمیلێك نەوت له نیوەی کەمتر دەگەڕێتەوه بۆ وەزارەتی دارایی، ئێمه دەزانین گرێبەسـتەکانی حکـومەتی هەرێـم لەگەڵ کۆمپانیاکـان گرێبەسـتی بەشـداری بەرهەمه و له گرێبەسـتی خزمەتگـوزاری جیـاوازه، پرسـیار ئەوەیه ئایـا کـاتی ئەوه نەهـاتووه به میکـانیزمێکی گونجـاو خەرجـی بەرهەمهێنـانی نەوت به تـایبەت لەڕێـگەی کەمکـردنەوەی تێچـووی کۆمپانیاکـانی خزمەتگوزاری و ئەمنـی بەجۆرێـك کەم بکرێتەوه که داهـاتی نەوتـی هەرێـم زیـاتر له خزمەتـی خەزێنەی گشتی بێت نەك کۆمپانیاکانی نەوت، چ بەرهەمهێنەرەکـان بـن یـا خزمەتگوزاریەکـان؟ لەڕۆژی پێش جەژن بەڕێز سەرۆکی حکومەت ڕای گەیانـد حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان (٢٧) ملیـار دۆلار قەرزداره، ئەمـرۆش ئەم ڕێـژەیه بـوو به (٢٨) ملیـار دۆلار، قەرز و پابەنـدی لەسـەر هەرێمی کوردستان، هەر له هەفتەیەك دوای ئەو لێدوانەی بەڕێزیان له کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ڕایانگەیاند بۆ وردبینی چاودێری دارایی دۆسیەکه دەنێردرێته پەرلەمان، لەو کاتەوه تـا ئێستا پێنج مانگه ئایا وردبینی قەرزەکان هەر تەواو نەبووە؟ کەی دۆسیەکه دێته ئەم پەرلەمـانه؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یاوەری دەکەین، هیوادارین ئەم هەماهەنگیە لە نێوان دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێ تا پەرلەمانی کوردستان بتوانێ بە وردی چاودێری حکومەتی هەرێم و کارنامەی کابینەکەی بکات و دامەزراوەکانی هەرێم پتەوتر بکات، هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێکی قەیراناوی سەخت دایە، ئێمە لە فراکسیۆنی گۆران دەمانەوێ ئەم سەرنج و تێبینی و پرسیارانە ئاراستە بکەین لەسەر بنەمای بەر ژەوەندی گشتی و کارنامەی حکومەتی هەرێم بخەینەڕوو لە پێناو چارەسەر کردنی بنەڕەتی بۆ قەیرانەکانی هەرێم و جێ بەجێ کردنی بەڵێنەکانمان بۆ خەڵکی کوردستان.

یەکەم/ سیما دوو ئیدارەیی و نەبوونی هێزی نیشتمانی یەکگرتوو و ڕێك نەخستنەوەی داهات لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە ئەگەر نەتوانین دامەزراوەی دروست بکەین هەموو قسە کردنێك لەسەر چاکسازی بنەمایەکی بەتاڵە، ئایا حکومەتی هەرێم چ هەنگاوێکی ناوە بۆ یەکخستنی دامەزراوەکان و هێزە چەکدارەکان و ڕێکخستنەوەی داهات بۆ نەهێشتنی شوێنەواری دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان؟.

دووەم/ ناسنامەی کابینەی نۆیەم چاکسازییە ئەویش بە ناردنی پرۆژە یاسای گشتگیر و هەمەلایەن لەبوارەکانی ئابووری و سەربازی و کارگێری و سیاسی و یاسایی، کە بەداخەوە تا ئێستا حکومەتی هەرێم ئەم پرۆژە یاسایانەی نەناردووە؟ بۆ؟ لە وڵاتێك دا کە دەوڵەمەندە بە سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی، بەڵام بەهۆی خراپی بەڕێوەبردن لە ماوەی (٢٩) ساڵی ڕابردوو حزبی خاوەن سامانی زۆر و حکومەتی قاسە بەتاڵ و چینی کاربەدەستی دەوڵەمەند و خەڵکێکی زۆری کەم دەرامەتی بەرهەم هێناوە، کە حکومەتی هەرێم ناتوانێ مووچە لە کاتی خۆیدا بدات، سیاسەتی حکومەتی هەرێم چییە بۆ ئەوەی هەموومان بەدادپەروەری و سەربەرزانە سوودمەند بین لە داهاتی گشتی؟ لەبواری خەرجی دا یاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، حکومەتی هەرێم چەندین پەیڕەو و بڕیاری بۆ دەرکرد، بەڵام تا ئێستا ئەنجامێکی بەرهەمدارمان نەبینی ڕاستەوخۆ کاریگەری بکاتە سەر کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی داهات بۆ چارەسەری قەیرانە داراییەکان بە تایبەتی مووچە، گەندەڵی و قاچاغچێتی بەهەدەردان سیما و ناسنامەی ئێستای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانە، کە بەداخەوە لەڕووی ئابووری و تەندروستی و سیاسیشەوە زەرەرێکی گەورەی لە داهاتی هەر ێمی کوردستان داوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای پێداچوونەوەی بە ڕێکارەکانی بەڕێوەبردن، بەڵام تا ئێستا ئەم گەندەڵی و قاچاغچێتیە بەردوامە بۆ؟ یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی حکومەت ناردنی پرۆژە یاسای بودجەیە بۆ ئەوەی لەپەرلەمان پەسەند بکرێت، نابێت لەژێر هیچ بەهانەیەك دا پرۆژە یاسای بودجە بە تایبەت دیاری نەکردنی بەرکەوتووی هەرێم لە حکومەتی فیدراڵی ببێتە هۆی نەناردنی ئەم پرۆژە یاسایە بۆ پەرلەمان، لەبەرئەوەی تەنها پەسەند کردنی بودجە زامنی شەفافیەت و دادپەوەرییە، خەڵك دەپرسێ ئێمە نەوت دەکڕین یان نەوت دەفرۆشین؟ چونکە کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان هێندە خراپ ئیدارە دراوە بەشێکی زۆری داهاتەکە بۆ

خەرجـی کۆمپانیـا خزمەتگوزاریەکـانی نەوت و بەشـێکی کەمـی بـۆ خەزێـنەی حکـومەت دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە پێداچوونەوەی بنەڕەتی لە کەرتی نەوت دا بکرێت و یاسای نەوت و گاز وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت و سەندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوت و گازیەکـان دروست بکرێت لەسەر بنەمای شەفافیەت هەموو خەڵکی کوردستان بزانێ داهاتی نەوت چەنـدە و چۆن خەرج دەکرێـت، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ڕایگەیانـدووە لەڕابـردوو کە (٢٧) ملیـار دۆلار قەرزارە و ئەمـرۆ بـووە بە ٢٨ ملیـار و چوارسـەد بەرەوژوور کە گـرنگە پەرلەمـانی کوردسـتان ڕاپـۆرتی وردەکـاری لەسـەر ئەم قەرزانە لابێـت کە ئایـا بـۆچی و لەسـەرچی قەرزاریـن و لەچـی خەرج کـراوە و خشـتەی دانەوەکەی چـۆنە؟ بە تـایبەت لە مــووچەی پاشــەکەوت کـراوی فەرمانبەران؟ پرسی پەیوەندی و ناکۆیەکانی نێوان هەرێـم بەغـدا پرسـێکی هەسـتیار و ئـاڵۆز و چارەنووسسازە کە یەکێکە لە بەندەکانی کارنامەی حکومەت بە دامەزراوە کردنی ئەم پرسە بۆی بەدروسـت کردنـی دەزگـای نیشـتمانی بـۆ دانوسـتان لە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو خاتوون، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هاوەڵە بەڕێزەکانی دەکەین یاخوا بەخێربێن، ئـێمە لە سـۆنگەی دڵسۆزی و خەمخۆریمان بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەوەی بۆ ئێوە و بۆ ڕای گشتی جارێکی دیکە بیسەلمێنینەوە من بەڕاستی دوو پێشنیار دەکەم.

یەکەم/ چەنــد پرسـێکی گرنــگ و چەنــد کێشــەیەکی گەورە هەیە لە هەرێمــی کوردســتان و حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان هەوڵ بـدات تـا ٢٠٢١/١/١ چارەسـەریان بکـات، ئـێمەش جـارێ کە ئۆپۆزسیۆنین، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئامادەین هاوکار بـین و پاڵپشـت بـین چـی لەسـەر ئێمە پێویست بێ لە پێدانی پرۆژەکە حازرمانە پێیان بدەین، یەکەمیـان دابـین کردنـی مـووچەی تەواوی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەکاتی خۆی و بەبێ لێ بـڕین، بە چاکسازی لە داهـات بە شێوەیەکی گشتی، دووەمیان/ چاکسازی ڕاستەقینە لە خانەنشینی نایاسایی و لە دوو مووچە و سێ مووچە و چـوار مـووچەی نایاسـایی و لە بنـدیوارەکان دەکرێـت، سـێیەم/ کـۆنترۆڵکردنی دەروازە سـنووریەکان کە بەڕاسـتی بـۆتە مـایەی ئەوەی کە تەنهـا چەنـد بەرپرسـێکی حزبـی دەوڵەمەند بن و پارەکە نەیەتەوە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارەم/ یەکخستن و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و هێزی پێشمەرگە و نەهێشتنی سیمای دوو ئیـدارەیی لەهەرێمی کوردستان.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پێشنیارەی قەبوڵە و وەکو باسم کرد ئێمە پشـتیوانی و پشتگیری دەکەین لەپێناو بەڕاستی بەرژەوەندی گشتی و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردسـتان، جیـا لەوەی کە ئۆپۆزسیۆنین، ئەگەر ئەمەی قەبوڵ نەبێ قسەی دووەمم دەکەم.

دووەم/ حکومەت کە نەیتوانی مووچە دابین بکات و لە کاتی خۆیدا بیدا کە ڕۆژانە هاووڵاتی سکالای هەیە و خۆ کوشتن هەیە و دەرۆزە و سواڵ هەیە لە لایەن هاووڵاتیانەوە، دوو/حکومەتی هەرێم نەتوانێ خاڵە سنووریەکان کۆنترۆڵ بکات و دەستی ئەو قاچاغچیانە ببڕێ کە زەرەری زۆر لە خەڵك دەکەن، حکومەتێك نەتوانێ چەندین ساڵە دەرچووەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابمەزرێنێ بەشێوەیەکی ڕێك وپێك بڕیار دەدا و زانکۆی ئەهلی دەکرێتەوە بۆ بڕینی گیرفانی دایك و باوکی قوتابیەکان، حکومەتێك نەتوانێ ئەم هەموو خانەنشینی نایساییە و دوو مووچە و سێ مووچەی نایاسایی و بندیوار ببڕێ، حکومەتێك نەتوانێ سنورەکان بپارێزێ سالانە چەندان هاووڵاتی ماڵی وێران دەبێ و دەکوژرێ و بێجگە لە زیانی ئابووری، ئەمە ئەو کاتە ئەگەر پێشنیاری یەکەم قەبوڵ نەبێ داوا دەکەم ئەم بەڕێزانە دەست لە کاربکێشنەوە و حکومەتێکی نوێ پێك بهێندرێت و بڕیاری هەڵبژاردنی پێش وەختە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، ئەسڵ ئەوەیە کە پەرلەمان و حکومەت ئاوا پێکەوە بێ، گفتوگۆ بکەین، من لەم سێ دەقیقەیەی کە دیاری کراوە بۆم، پرسیار ئاراستە ناکەم، چونکە پرساندن پرۆسەیەکی جیایەیە و پێشکەشمان کردووە لە کاتێکی تردا تا (١٤) ی مانگ ئەبێ بکرێ، بەڵام هەندێك موخالەفات لەبەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان عەرز دەکەم، ئەوەی کە نایاساییە و موخالەفەی یاساییە عەرزی ئەکەم بە مەبەستی چارەسەرکردن، بڕینی ٢١%ی مووچە موخالەفەیەکی نایاسایی سەریحە کە ئەوە بەڕاستی ئەبێ حکومەت پێمان بڵێ چۆن بەبێ پەرلەمان، ڕاستە دۆخی هەرێمی کوردستان هەموومان تێی ئەگەین، بەڵام چۆن دەبێت بەبێ پەرلەمان ئەو بڕیارەی دا؟ دوو/ مەسەلەی قەرز کە ئەبێ ئەوە ڕاست بکەینەوە (٢٧) ملیاری پێشوو قەرز نییە، پابەندی دارایی لەگەڵ قەرز جیاوازە، ئێستا بەپێی ئەم ژمارانەی کە ئەمرۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت عەرزی کرد پابەندی دارایی لە قەرز جیاکراوەتەوە و قەرزی هەرێمی کوردستان وەکو قەرز نزیکە لە ( ٨) ملیار دۆلار، نەك (٢٨) ملیار دۆلار، بۆیە (٢٠) ملیارەکەی تر پابەندی دارایی و پاشەکەوتی مووچە کە ئەوانە هیچی قەرز نین بە موستەڵەحی زانستی بێت پابەندی دارایی، مەسەلەی چاکسازی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەلاڕێ دا براوە بە لیستی مووچە، خەڵك کە خانەنشینی نایاسایی بوو پێشتر ئێستا بە نووسراوێکی ڕێکخراوێکی (NGO) خزمەتکردنی (NGO) ی بۆ ئەژمار ئەکرێ بۆ ئەوەی کە دووبارە خانەنشین بکرێتەوە، بەڵام لەڕێی خزمەتی (NGO) کە کە ئەوە، یەعنی ئەوە موخالەفەیەکی یاسایی گەورەی و یاسای چاکسازی بەلاڕێدا بردووە، ئەوانەش هەمووی بە بەڵگە ئەسەلمێندرێن بۆ جەنابت، سێ/ دەروازە سنووریەکان ئیعترافی موسەجەل و تەحقیقی مەیدانی کە کراوە لەسەر ئەوەی کە لە دەروازە سنووریەکان دا بەڕاستی کارەساتی گەورە ڕوو ئەدەن، ناو ئەبەم (ابراهیم خلیل) بە سیستمی شەبەکە و تۆڕی گومرگی ڕەبت نەکراون، بۆ؟ کە ئەوە کارەساتێکی گەورەیە، باشماغ و پەروێز خان بە هێزی ئەمنی هەیە کە لاڕێ ئەپارێزی بۆ

بارهەڵگرە نایاساییەکان و قاچاغەکان، لەسەر حسابی هێزێکی ئەمنی کە هی حکومەتە و کە بە فەرمی لەوێیە، بە فەرمانی هەندێك کەسی باڵادەستی سیاسی، ئەمە ئەبێ چارەسەر بکرێت، چونکە مەلایین دۆلاری هەرێمی کوردستانە و بەهەدەر دەڕوات، ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بە پەرلەمان تەغمیش کراوە لەکاتی خۆپیشاندانەکان دا بۆچی ڕۆژنامەنووسان و خۆپیشاندەران بەدەر لە یاسای خۆپیشاندان و بەدەر لە یاسای ڕۆژنامەنووسی دادگایی دەکرێن و ئێستا جۆرێك لەوانە گیراون؟ لە دوو ساڵی رابردوودا (٢١) هەزار کەس دامەزراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە داتا حکومەت خۆی، بەڵام فەرمانبەرانی گرێبەست و مامۆستایانی وانەبێژ و سێ یەکەمەکان دانامەزرێن؟ ئەمە بۆ هێزی سەربازی ئاوا دامەزرێ بەدەر لەم خەریجانەی کە ئیستحقاقی خۆیانە، مەسەلەی پاشەکەوتی مووچە مەسیری بەرەو کوێ ئەڕوات؟ کۆرۆنا لە مەترسیەکی زۆر گەورەدایە ئێستا بەرەو زیادبوون دەڕوات، چی بۆ ئەکەن؟ شەفافیەت لە نەوت و گاز، ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز دوو ساڵە بۆ کۆنەبۆتەوە؟ کە بە یاسا بەرپرسیارە بەرامبەر بەو بارەی لە نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دا، وەزیری سامانە سروشتیەکان بۆ لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا تا ئێستا دیاری نەکراوە؟ ئێمە وەکو لیژنەی سامانە سروشتیەکان کە من ئەندامم تیایدا نازانم لەگەڵ کێ مامەڵە بکەین، وەزیرێك نییە بێ و بەرەو ڕوومان بێتەوە بۆ ئەوەی کە تەنسیقی لەگەڵ دا بکەین و کارەکان بکەین. سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د. کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دیارە ئێمە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ هەندێك تێبینی و سەرنجمان هەیە لەسەر ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێکیان لێرە ئەخەینەڕوو و هاوڕێکانم بەشەکانی تری ئەخەنەڕوو، سەبارەت بە بڕگە و زانیاری و داتا و ئەو بابەتانە لەسەر دزی و گەندەڵی و قاچاغچێتی و ئەو شتانە بەڵگە و شت زۆرە و پێشتریش پێشکەش کراوە بەڕێکاری یاساییش نێردراوە بۆ حکومەت و ئێستا دەتوانین لەسەر ئەو مێزە هەر کاتێك بیانەوێ پڕی بکەینە لە بەڵگە لەسەر قاچاغچێتی و دزی گەندەڵی، بەڵام قسە گرنگ نییە و وەرەق گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە چی بەرهەم ئەهێنێ بۆ خەڵك، ئێستا حکومەت بووەتە فرۆشێك باج وەردەگرێ و داهاتی خاڵە سنوورییەکانی لێیە لە بەغداوە پارەی بۆ دێت، لە هاوپەیمانانەوە پارە وەردەگرێ، سەرباری ئەمەش بە شەست ڕۆژ جارێ و بە دوو مانگ جارێ لە ٧٩%ی مووچەی خەڵك دابەش دەکات، جا ئەمە بەڕایستی خاڵێکی گرنگە بۆ خەڵك، سەرباری ئەمەش حکومەت ئەڵێ هەموو هەوڵێکمان ئەخەینە گەڕ بۆ خزمەت کردنی خەڵك و بۆ ئەم بابەتانە، بەڵام خەڵك لەبێ مووچەیی و بێ کاری و ئەوانە خەریکە ئەمرێ لە برسا، گەنج لە بێکاری دا سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئەڕوا بۆ خارج و لەڕێی خارج تیا ئەچێت، پرسیاری خەڵك و بابەتی گفتوگۆی گرنگ ئەوەیە کە ئایا حکومەتی هەرێم بە (٣٠) ڕۆژ جارێك مووچەی تەواوەتی بە فولی دابەش دەکات یان نا؟ هەلی کار بۆ زیاتر (٤٠٠) هەزار گەنجی بێ کار ئەڕەخسێنێ کە لەم وڵاتەدا سەری خۆیان هەڵدەگرن یا نا؟ کارمەندانی گرێبەست و وانەبێژ ئەکا بە هەمیشەیی و پلە بەرزکردنەوەی

فەرمـانبەران کە ڕاگیـراوە لە مەدەنـی و لە عەسـکەری دەسـت پـێ ئەکـاتەوە کە بە نایاسـایی ڕاگیراوە یان نا؟ کارەبا و و ئاوو خزمەتگوزاری ڕێگا و بـان و خزمەتگوزاریەکـانی تـر بـۆ خەڵك دابـین دەکـات؟ سـەرباری سـاڵێك زیـاتر تێپەڕبـوون بەسـەر تەمەنـی ئەم کـابینەیە، سـی سـاڵ تێپەڕبوون بەسەر حوکمڕانی ئەم دەسـەڵاتە یـان نـا؟ ئەگەر هەمـوو ئەمـانە نەکـات ئەی چـی بـۆ خەڵك دەکات؟ ئێوە لەگەڵ بەغدا دا کێشەکان بە کاتی چارەسەر دەکەن، شەخس لەگەڵ شەخس دا تەعـامول دەکـا، حکـومەتی هەرێـم یـان شـاندی هەرێـم دەڕوات لەوێ لەگەڵ کەسـێك یـان شەخسێك دا یـان چەنـد کەسێك دا جۆرێـك لە ڕێککەوتـن دەکا کە ئەو شەخسـە نـامێنێ ئەبێ خەڵکی هەرێمی کوردستان و مووچەخـوران بـاجەکەی بـدەن، ئـا بەم شـێوازە جـاری وا هەبـووە ڕێککەوتن کراوە بۆ یەك مانگ ناردنی پارە شتی وا بەڕاستی ئەمە ڕێککەوتن و شتی پێ نـاوترێ، ئەمە عیلاقـاتی شەخسـیە کە لەبەینـی دوو حکـومەت دا عیلاقـاتی شەخسـی نـاڕوات بەڕێـوە، یەکێکی تر لە بابەتەکان کە بەلامـانەوە گرنگە باسـی بکەیـن مەسـەلەی کێشـەی خەڵکە و مـافی خەڵـکە، مەسـەلەی قـوتی خەڵکە کە خەڵـك لەسـەر داواکردنـی مـافی خـۆی لەسـەر داواکردنـی مووچەی خـۆی نابێـت سـزا بـدرێت، ئەمە مامۆسـتایەکە کە بەداخەوە خـۆی چەنـد هـاوڕێیەکی زیاتر لە چل ڕۆژە دەستگیر کراون و لە زینداندان لەسەر ئەوەی نییەتی خۆپیشاندانیان هەبـووە، ناکرێ نیەتی خۆپیشاندن بێ، یەعنی خوای گەورە بە خوایەتی خۆی لەسەر نیەت خەڵـك عقـوبە نادات، چۆن ئەبێ حکومەت لەسەر نییەت خەڵك عقوبە بدات؟ بەڕاستی ئەمە بـاش نیـیە، ئەگەر حکومەت بەم شێوازە تەعامول بکـات لەگەڵ خەڵـك دا مـووچە دابەش نەکـات و حەقـی خەڵـك نەدات بەڕاستی لێرەوە پێیان دەڵێین دەست لەکاربکێشنەوە و با خەڵکێکـی تـر بـێ لەدوای سـی ساڵ حوکمڕانی ئەم هەرێمە بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنـابی سـەرۆکی حکـومەت و جێگـری سـەرۆکی حکـومەت و وەفـدە یـاوەرەکەی دەکەیـن، هەڵـبەتە بـۆ دووبـارە نەبـوونەوەی قسـەکان مـن پێمـوایە چاکسـازی بە هەمـوو کەموکوڕییەکانیش ئەگەر هەیبێ پێموایە هەنگاوێکی باشە، هەڵوێستێکی قورسە کە حکـومەتی هەرێمی کوردستان گرتوویەتە بەر، پێویستە لەسەرمان بۆ ئەوەی پشتگیری لـێ بکەیـن، بەڵام بە تەئکید کەموکوڕیشی دەبێ، یەکێك لەو کەموکوڕییانەش کە جەنابی سەرۆکی حکـومەت باسـی دیـاردەی قاچـاغچێتی کـرد لە خـاڵە سـنووریەکان کە لیـژنەیەك دروسـت کـراوە ئایـا ئەگەر ئەم مەسەلەیە هەر بـوایە ئەمەش هەر بەردەوام بـوو حکـومەت چ ڕێکـارێکی تـری هەیە، بە تەئکیـد ڕێکاری توندتری دەبێ، چ ڕێکارێکی تری هەیە بۆ نەمانی ئەم دیـاردانە کە دەبێـتە بەهەردەدانـی بەشێکی زۆری سامانی دەوڵەتدا؟ بۆ مەسەلەی بەغدا من پێموایە ئەوەش هەنگاوێکی باش بـوو کە جەنابیان وتیـان لەسـەرەتای ئەم پەرلەمـانە وتیـان یەکـێ لە ئەولەویـاتی حکـومەت کـابینەی نۆیەم ئەوەیە کە لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتن هەبێ، بەڵام دیـارە تـا ئێسـتا ڕێککەوتـنەکە نەبـوونەتە هۆکـاری ئەوەی کێشـەکان هەموویـان چارەسـەر بکـرێ بـۆ ئەوەی کە کێشـەی سـەرەکی هەمـوو

خەڵکی کوردستانە بەسەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان، من وابزانم هیچ خیارێکی ترمان نییە، بێجگە لەبەردەوام بوون بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدادا، چونکە من زۆر جار بە موناسەبە و بێ موناسەبە وتوومانە بەشێکین لە عیراق دا کەواتە ئەبێ بەردەوام بی سەرەڕای ئەوەی من بە حوکمی ئەوەی کە زۆرێك لە گەڵ وەفدەکان لەگەڵ بەغدا دابوومە ئەوەی ڕاستی بێ هیچ ئومێدێکی وام لا گەڵاڵە نەبووە کە بەغدا دەیەوێت و جدییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، جەنابتان باسی زێدەڕۆییتان کرد لەسەر هەندێك زەوی و زاری و موڵکی دەوڵەت، جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەوەی ڕاستی بێ ئێمەش وەکو کلدۆ ئاشووریەکان ئێمەش لەڕاست ئەم مەسەلەیە دەناڵێنین بە تایبەتی لە زۆرێك لە ناوچەکانی بابلێین لە دەڤەری دهۆك و بۆ نموونە گوندەکانی ناوچە ناڵێ کە کەمتر لە دە گوندن، هەتا ئێستا خزمەتگوزاری نەگەیشتووەتە ئەم شوێنە، بۆ نموونە من تەنها باسی ڕێگایەك دەکەم کە لەوانەیە ١٥ کم بێت، ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە حزبە سیاسەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەوانەیە بە هەموو لایەنی پەیوەندارمان وتووە بۆچی ڕێگایەکە دەچێ کە ئیتر حدودی گوندە کوردیەکان لەوێ تەواو دەبێ کلدو ئاشووریەکان هەمووی خاك و خۆڵە و من حەز دەکەم ئەوەی بچێتە ئەوێ دەگەڕێتەوە ئەبێ پشتی بێشێ تا دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆك وەزیران دەکەین، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێزان جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، دوو ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ دەست پێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان هەموو قەوارە سیاسییەکان باسی پرۆژەی چاکسازی و گرنگی یاساکە و جێبەجێ کردنیان دەکرد، بەخۆشحاڵییەوە پرۆژە یاساکە بە هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت دەرچووێندرا و لەلایەن حکومەتەوە هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی یاساکە دەستی پێکردووە، لەلایەکی دیکەوە جگە لە حزب و لایەنە سیاسییەکان وەك دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی فەرمی، سەردان و دانوستانەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا بۆ ڕێککەوتن لەسەر زامن کردنی مووچەی فەرمانبەران و بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان جێگای دەستخۆشییە، واتا لەلایەك هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی سیستەمی کارگێری دارایی هەرێم بە ڕێگای ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازی، لەلایەکی دیکەش زامن کردنی مووچە و قووتی خەڵك بەڕێگای ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا دوو هەنگاوی گرنگن و تەواوکەری یەکترن بۆ تەحقیق کردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵك و دابین کردنی مافەکان و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، هیوادارین ئەو هەماهەنگی و کاری هاوبەشییەی نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ سەرخستنی سیستەمی حکومڕانی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم و خزمەت کردنی بەرژەوەندی گشتی خەڵك بەردەوام بێت، لە وتارەکەی بەڕێز سەرۆك وەزیران زۆربەی ئەو پرسیارانە و تێبینییانە هەبوو، وەڵامەکان گوێبیست بووو، بەڵام دوو تێبینی هەیە حەز دەکەم باس بکەم یەکەمینییان ئایا حکومەت

دەستی پێکردووە بە ئامادەکردنی پلانی دارایی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢١)؟ ئەگەر دۆخێکی خەراپ لە عیراق ڕوویدا وەکو ئەوەی لە (٢٠٢٠) ڕوویدا و پشکی هەرێم لە موازەنەی گشتی عیراقی دووبارە تەرخان نەکرا، یاخود عیراق دەنگی لەسەر موازەنەی گشتی عیراق نەیدا، بەگوێرەی خەمڵاندنی دارایی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی ناوخۆ لە (٢٠٢١) حکومەتی هەرێم دەتوانێ پلانی دارایی خۆی ئامادە بکات وەك بەدیلێك بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان؟

پێکهاتەکان بەشێکی ڕەسەنی گرنگی هەرێمی کوردستانن، ڕەنگدانەوەی پێکەوە ژیان و برایەتی و تەبایی دەکەن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە وەك نەتەوەی تورکمان کە بە ڕێگای لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانیان بەشێکی پێکهێنەرن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوا دەکەین ل پێدانی پۆست و بەرپرسیارێتی گرنگی زیاتریان پێ بدرێت، وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، د.محی الدین، فەرمووو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەر یەك لە بەڕێزان كاك مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و کاك قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان و ستافی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان بە ئامادەبوونی سەرۆك و جێگر و وەزیرە بەڕێزەکان و ستافی ئەنجومەنی وەزیران بە هەنگاوێکی ئەرێنی دەزانین، هیواخوازین ئەم ئامادەبوونە هەنگاوێکی ڕاستەقینە بێت بە ئاراستەی بەدامەزراوەکردنی دام و دەزگاکانی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان و لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی و چەسپاندنی سەروەری یاسا و پەیڕەو کردنی لەیەکتر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هەماهەنگی کردن لە نێوانیان دا، بە تێڕوانینی ئێمە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دابین کردن و داکۆکی کردن لە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان دوو کاری لە پێشینەی هەموو لایەکمانە، وا دەخوازێت کە بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین، بەتایبەتی لە هەنووکەدا کوردستان و عیراق و ناوچەکە لەبەردەم ئەگەری گۆڕانکاری چارەنووسسازدایە، ئەوەش ئەوەمان دەخاتە ئەستۆ کە ئاماژە بە مەترسییەکانی ژیان و گوزەرانی کوردستانیان و مەترسییەکانی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و پاراستنی بکەین کە بەڕاشکاوانە پێویستە لە پەرلەمان دا تیشکی بخرێتە سەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا بە تایبەتی ئیئتیلافی حکومڕان بەرپرسیارێتی گەورەی لە ئەستۆیە، بەتایبەتی لە بواری دابین کردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و خراپ بوونی ڕەوشی هاووڵاتیان دا، لە بەرامبەردا وەك ئەرکێکی نیشتیمانی هەموو لایەکمان پێویستە داکۆکی ڕاستەقینە لە کەیسی ڕەوشی چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە تەبایی و یەك ڕیزی و داکۆکی لە مافە ڕەواکانمان بکەین دوور لە بەرژەوەندی و ململانێی بەرتەسکی حیزبایەتی، سەبارەت بە هەنگاوەکانی چاکسازی بە بڕوای ئێمە ئەو یاسای چاکسازی هەنگاوێکی سەرەتایی بێ، بەڵام پێمانوایە کە چاکسازی ڕاستەقینە مەسەلەیەکی فراوانترە بەتایبەتی بەدیدی ئێمە چاوگێڕانەوە بە سیاسەتی ئابووری پەیڕەوکراو بەتایبەتی لە تایبەت

کردنـــی کەرتە گشـــت خزمەتگوزارەکـــان کە پەیوەنـــدی ڕاســـتەقینەی بە ژیـــان و گـــوزەرانی هاووڵاتییانەوە هەیە، ئەم تایبەتکردنە (**خصخصة**)یە خـزمەت بە هاووڵاتییـان ناکـات و ژیانیـان قورسـتر دەکـات و هەلـی کـاریش نارەخسـێنێ و لە چوارچێـوەی قۆرخکـاری دا دەمێنێـتەوە، سەبارەت بە زیندانیانی سیاسی و لێبڕینی بەخشینەکانیان بە تایبەتی ئەوانەی کە خاوەنی تەنها یەك مووچە بوون یاخود تەنها بەخشینەکە بوون، هیچ مووچەی تریان نەبـوو بە گـوێرەی یاسـای زیندانییە سیاسییەکان پێویست نەبوو ئەو بڕە پارەیـان لـێ ببـڕێ، بەڵام بەداخەوە ئەوەیـان لـێ بڕاوە،دەپرسـین ئایـا بە چ یاسـایەك؟ و پشـت بەچ یاسـایەك ئەو لێبـڕینە کە کـراوە لە مـووچەی فەرمـانبەران کە لە کاتێکـدا مـووچەی فەرمـانبەران بە یاسـا ڕێکخـراوە، سـەبارەت بە مـووچەی خانەنشینان کە تا ئێستا مووچەی ئایاری (٢٠١٩)یان وەرگرتـووە، ئایـا حکـومەت بیـری لە ژیـان و گوزەرانی خانەنشینان کردۆتەوە؟ سەبارەت بە سێ یەکەمەکانی زانکۆ و مامۆستایانی وانەبێژ و فەرمانبەرانی گرێبەست، ئایا حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان هـیچ پلانێکـی لەم بـوارەوە هەیە؟ سـەبارەت بە لێبڕینـی نیـوەی مـووچەی دادوەران و دەسـەڵاتی یاسـادانان کە بە گـوێرەی یاسـا کارپێکراوەکـانی دەسـتووری عیراقـی ئەو دوو دەسـەڵاتە لە یەکتـر جیـاکراونەتەوە، مـن لەگەڵ کەمکردنەوەی مـووچەی پـلە باڵاکـانم، بەڵام پێمـانوابوو ئەو دەسـەڵاتانە خۆیـان کەمکـردنەوەی مووچەکانیان لەسەر بڕیار بدابایە.

ئایا پرۆژە یاسای بودجە و ژمێرەی کۆتایی بە نیـازە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لەم سـاڵ دا ڕەوانەی پەرلەمانی بکات؟ کە خۆمان دەبینین حکومەت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، سوپاس بۆ بەڕێزتـان، کـاك بـاپیر، فەرمـوو، سـوپاس ئەوە دووبـارەیە ئەکیـد پرسیاری پرۆژە یاسای بودجەیان لێ کراوە، با ئیلتیزام بە کاتەوە بکەین، فەرموو کاك باپیر.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بە خێرهاتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران و شـاندی یـاوەری دەکەم، بێگومـان برادەرەکـانم سـەرنج و تێبینـی زۆریـان خسـتەڕوو دەربـارەی هەمەلایەنە بـوو، سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـرانیش ڕاپـۆرتێکی هەمەلایەنەی پێشـکەش کـرد، کۆمەڵێك پرسیاری وەڵام دایەوە، بەس دەرئەنجامی هەنگاوەکانیان تا ئێستا دیار نییە بە تایبەتی لە بواری چاکسازی دا کە ڕێژەی داهاتی چەند بردۆتە سەرێ؟ داهاتی نـاوخۆ؟ دەکرێـت پشـت بە داهـاتی نـاوخۆی ببەسـتین و لەگەڵ ڕێکخسـتنەوەی داهـات و کـۆکردنەوەی داهاتەکـان بکـرێتە مـایەی ئەوەی کە ئیسـتیقرارێکی مـالی لە کوردسـتان هەبێـت و بتـوانین بە خۆمـان شایسـتە داراییەکـان دابـین بکەیـن، ئەوە هەنگـاوی عەمەلیـیە و دەتوانێـت هەنگـاوێکی کردەیـی یە، وەڵامگۆی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان بێ، چونکە ئێمە بـێ ئومێـدین لەوەی کە چەنـد ساڵ دانوستاندن دەکەین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی نەگەیشتووینە دەرئەنجامێکی ئەوتـۆ، بـۆیە لەو ڕووەوە مـن پێمـوایە دەبـێ پشت بە خۆمـان ببەسـتین، ئەویـش بە فـراوان کردنـی دەرگـای دیبلۆماسـی و فراوانکردنـی دەرگـای بازرگـانی و بووژانـدنەوەی کەرتـی کشـتوکاڵ و کەرتـی پیشەسازی بۆ زیاتر دروست کردنی بازرگـانی نـاوخۆی نێـوان شـار و دێ وبەبووژانـدنەوەی ئەو

کەرتـانە، داهـاتە ناوخۆییەکـان زیـاد بکەیـن و بەرهەمانیشـیان زیـاد بکەیـن و پێداویسـتی بەرهەمەکـانیش دابـین بکەیـن، بە بـێ ئەوەی ئەو پـارەیە بچێـتە دەرەوەی وڵات و لە نـاوخۆدا دەوران دەکات و دەبێتە مایەی گەشەی ئابووری، بێگومان گەشـەی ئـابووری بە بـێ ئیسـتیقراری سیاسی نابێت، ئێستا ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ لە ناوچەکەدا بەرەو نـا ئیسـتیقراریەکی زیـاتر دەڕۆین، بە شێوەیەکی گشتی پەتای کۆرۆنـا هەمـوو دنیـای گرتـۆتەوە، بەڵام ئـێمە بە تـایبەتی لە عیراق و لە ناوچەکە کێشەیەکی تایبەترمان هەیە کە ئـاڵۆزی سیاسییە و ململانێـی زلهێزەکـان و وڵاتانی هەرێمی یە، پشکمان بەردەکەوێ، پێنـاچێ داهاتەکـانی عیـراق ئیسـتیقراری تێـدا بـێ لە داهاتوودا، ئێمە بۆ پشت بە خۆ بەستنمان دەبێ داهاتی ناوخۆ زیـاتر پشـتی پـێ ببەسـتین، کـۆی بکەینەوە، بەرەو ئەوە بڕۆین کە بتوانێت وەکو مافێکی مووچەخۆران بە تایبەتی دابین بکەین و لە بەرامبەر ئەرکەکانیان، ئەوە هیچ منەتێك نییە، ئەوە مافە و بەرامبەر بە ئەرکێـك دەیانـدرێتێ، بەڵام ئەوەی کە گـرنگە لێـرەدا حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان هەر تەرکیزمـان کـردۆتە سـەر مووچەخۆران، تـا کـوێ پلانێـك هەیە هەمـوو تەواوی چـین و توێژەکـانی کوردسـتان کۆمەڵگای کوردی بەهرەمەند بن لە داهاتەکـان، بەتـایبەتی کۆمەڵێـك داهـات هەیە مـن زۆر بەرچـاوم ڕوون نەبوو، ئەوەی نەوت زۆر قسەکان لەسەر کردووە بۆتە هەمووومـان ئەوەی کـرد، بەڵام ئەوەی غـاز تا ئێستا دیار نییە، کە تەقدیر دەکرێ بە (٢٠) ملیار تا (٢٥) ملیـار دینـار مانگـانە بە پێـی ئەوەی کە دەفرۆشـێن هەرماڵێـك کە دوو بتـڵ غــاز بکـرێ یەك ملیــۆن و (٢٦٣) هەزار خێــزان هەیە لە کوردستان دا، دەکاتە نزیکەی دوو ملیۆن و نیو بتڵ لە مانگێکدا دەفرۆشرێ کە لەیەکـی بـدەیەوە لە مـانگی (٥) بیسـت ملیـار تـا (٢٥) ملیـار، جگە لەوەی کە وەکـو سـووتەمەنی دابـین دەکـرێ بـۆ سەرچاوەی سووتەمەنییە بۆ دابین کردنی کارەبـا، یەك کێشـەی تـریش کە ئەوە هەیە مەسـەلەی پێوەری ئاوە کە زۆر بارگرانی لەسەر خەڵك دروست کردووە، ئەو پێوەرە تا ئێستا جێگیـر نیـیە و زۆر ڕێك نییە، بۆتە مایەی نیگەرانی هاووڵاتیـان، چارەسـەرێکی بـۆ بـدۆزرێتەوە کە ئێسـتا بـۆتە بارگرانی لەسەریان، ئەوەی تر کە باس لەوە دەکرێ کەرتی کارەبا بکرێتە کەرتێکی تایبەت، ئێسـتا تاکە کەرتی گشتییە، پاڵپشتی دەکات حکومەت ئینجا بارگرانی لەسەر هاووڵاتییانە، ئەگەر ببێـتە کەرتـی تـێکەڵاو بەڕای مـن باشـتر دەبـێ، نەوەك کەرتـی ئەگەر ئەوەش بێـت بـۆ کەرتـی تـێکەڵاو دەتوانرێ زیاتر عەدالەتی تێدا هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کلارا خان، فەرموو.

**بەڕێز کلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێراتنا بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومەنێ وەزیـران دکەم، جێگری وی و شـاندی دگەل دا ب نـاڤێ کلـدانی و سـریانی و ئاشـووری دەسـت خۆشـیێ ل حکومەتـا هەرێمـا کوردسـتانێ دکەم ژ بـۆ چارەسەریا هەمی کێشەیا ل دیڤ پێچـێ بوونـا وان و پاراسـتان قەوارا هەرێمـێ، گەلـێ کلـدانی سریانی ئاشووری زۆر کەیفخۆش بوون و ب هیڤی بوون دەمـێ کـو بینـا نە هـاتییە دامەزرانـدن نەخاسـمە گرنگییەکـا مەزن دایە چاکسـازی و روبەڕوو بوونـا گەنـدەلی و ئاڤـا کرنـا دەوڵەتـا و

هاووڵاتی بوونێ یاسا تێدا سەروەر بیت هەروەسا چەسپاندنا ستراتیجیەکا نیشتیمانی ژ بۆ بەرەنگار بوونا هەمی جۆرێن رەگەز پەرەستی و پاڵپشت و پاراستنا پێکهاتان بیت یا خویایە پرۆسێسا چاکسازی یا بەردەوامە د هەمی بوارێن ژیانێڤە دگریت و مفایەکێ مەعنەوی ددەتە هاووڵاتیان وە هەروەسا ماددی ژ لایێ مەعنەوی بەرێزان یاسایێ ژمارە (٥) یا ساڵا (٢٠١٥) یاسایێ پاراستنا مافێ پێکهاتان ل هەرێما کوردستانێ جێبەجێ کرنا یاسایا چاکسازییە لێ بە داخەوە ل دیڤ دیڤچوونا مە ب دروستی هەمی ماددەیێن یاسایا (٥) نەهاتینە جێبەجێ کرن ب تایبەتی ماددا سێ خالا پێنج یا گرێدایە ب چارەسەرکرنا زێدەگاڤیا سەر عەردێ پێکهاتان بەداخەوە هەتا نوکە کەیسێن زیدەگاڤیا چارەسەر نەبوونە و هەندەك جێ کەیسێن نو پەیدا بوونە پرسیارا من ئەوە ئایا حکومەت چ بەرنامە هەیە بۆ چارەسەرکرنا زێدەگاڤیان سەر عەردێ گەلێ مە و کەنگی ئەم بابەتە دێ دوماهیك هێت؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێوە ماشاڵڵا ژمارەتان زۆرە ناتوانین وەك فراکسیۆنەکانی تر چوار دەقەتان بدەینێ، بەڵێ، کاك هیمداد، فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەفدی یاوەری دەکەم، ئەربیل تورکمانلار و تورکمان جەبهەسی خۆش گالدنس ساین باش باکان، بەڕێزان ئێمە لە کاتێك دا کۆبووینەتەوە کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە دەست چەندین قەیرانی قوڵ دا دەژین، ئەو خەڵکەی کە متمانەی خۆی بە ئێمەی پەرلەمانتارداوە چاویان لەوەیە لێرەوە لە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی کوردستان کە پەرلەمانە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ قەیرانە زۆرینەی ئێستای بدۆزینەوە، ئێمە ئاگادارین و خەڵکی هەرێمیش ئاگادارە لەگەڵ دەست بەکاربوونی حکومەتە بەڕێزەکەتان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و کێشەکانی ئیقلیمی و ناوخۆیی بوو بە کۆسپێك بۆ داواکەوتنی پرۆژەی چاکسازی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەداخەوە گەندەڵی و ململانێی حزبە سیاسییەکان و موزایەدەی سیاسی، یاریکردن بە هەستی خەڵکیش هەیە، بۆیە وەکو نوێنەری خەڵکی هەرێمی کوردستان و بەرەی تورکمانیش بەتایبەت لە پەرلەمانی کوردستان کە شوێنی نوێنەرایەتی هەموو حزبەکانە ئەم خاڵانەی خوارەوە بە گرنگ دەزانم:

- پێویستە حکومەت هەرچی زووە کێشەی مووچە و خوێندن، تەندروستی و گرانی بازاڕ و دابەشکردنی نەوتی سپی چارەسەر بکات.

-پێویستە سەرجەم حزبە سیاسییەکان بە موعارەزە و دەسەڵاتەوە موزایەدە بە قوت و ژیانی خەڵك نەکەن و دەست لە ناو دەست لە پێناو کەمکردنەوەی موعاناتی خەڵکی خۆمان و هاوکار و هاوبەشی ئەو قۆناغە سەختەبین و هۆکاربین بۆ چارەسەرکردنی....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك فرید، فەرموو.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا مهێڤانێن هێژا دکەین سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و بەڕێز جێگرێ سەرۆکی حکومەت و وەڤدێ دگەل، سەرەتا هیڤیدارم خزمەت باشتر پێشکەش بکەن بۆ گەلێ مە ل هەرێمێ ب گشتی وە قۆناغەکێ زۆر زەحمەت لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا و دۆخی ئابووری، ئێمە پشتگیری لە هەموو هەنگاوێکی بەرەی چاکسازی دەکەین و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، چاکسازی زۆر گرنگە لە بواری ئابووری و دەزگاکانی فێرکردن و تەندروستی و یاسایی هی تر، من دوو پرسیار هەیە دوو پێشنیار، یەکەمین مەلەفی زێدەڕۆیی کو ئەم مەلەفە ماوەی سێ ساڵی رابردوو دیراسەتی مەیدانی هاتییە کرن و ئەم مەلەفە یێ تەواوە داخاز دکەم ژ جەنابێ سەرۆکێ حکومەتێ کو ببیتە بەشەکێ سەرەکی ل بەرنامێ حکومەتێ کو لەم کابینێ بێتە چارەسەر کرن، نوقتەی دووەم داخاز ژ جەنابێ سەرۆکێ حکومەتێ دکەم کو لەم کابینێ موراجعەتێکی شامل ل کەیسێ نەهجێ دیراسی ل هەرێما کوردستانێ بێتە کرن ژ بەر زۆر بابەتا ئەم مەنهەجە د گەل بابەتێن پێکڤە ژیانێ ل هەمی کوردستانێ....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فاهیك، فەرموو.

**بەڕێز فاهیك کمال صوغومون:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنەکا گەرم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و شاندی وەزاری یێ حکومەتا هەرێما کوردستانی دکەم ئەو پرسیارێت مە ڤیا بکەین هندەك ژ وانا ب سوپاسی ڤە ژ لایێ بەڕێز سەرۆکێ ئەنجومەنی وەزیران د گوتارا خۆدا بەحس لێ هاتە کرن ئەوێن دی ژی ژ لایێ فراکسیۆنێت دی هاتنە پێشکەش کرن پێتڤی ناکەت دووبارە بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز ئازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم هەیە:

یەکەم/ بۆ زیاد کردنی داهات بۆ دانی مووچە دیارە گرنگی دراوە بە کەرتی تایبەت و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار و پرۆژە بەرهەمییەکان، لیژنەیەك هەیە بۆ وەرگرتنی پرۆژەکان و پرۆژە بەرهەمییەکانی هاووڵاتیان بۆ جێبەجێ کردنی بە بێ فەرق و جیاوازی؟ چونکە زۆر کەسی دەوڵەمەندمان هەیە دەیەوێت خزمەتی هەرێم بکەن ئەگەر ڕێگایان پێ بدرێت.

دوو/ ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان چەند جار نووسراومان کردووە بۆ داواکارییەکانمان، بۆ چارەسەری کێشەکانمان و داواکارییەکانمان جێبەجێ ناکرێت، بۆنمونە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی تورکمانی هەشت ساڵە شوێنەکەی بەتاڵە، چەند جار داوامان کردووە ئەو شوێنە بەتاڵە پڕبکرێتەوە جێبەجێ نەکراوە، بەڵام دەبینین بە دەیان پۆست پڕدەکرێتەوە، یان

گۆڕانکاری دەکرێت لە هەرێم هی ئێمە نابێت، وەك ئیستیحقاقی قەومی داوای هەندێ پۆستمان کردبوو وەڵام نەدرایەنەوە و جێبەجێ نەکراوە، داوای میزانییەکمان کردبوو بۆ چالاکی نەتەوەییمان وەڵام نەدراوە و جێبەجێ نەکراوە، تەنها دوو مەئەسەسەمان هەیە پەروەردەی تورکمانی و ڕۆشنبیری تورکمانی، چارەسەری کێشەکانمان کردووە، کێشەکانمان چارەسەر نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیرە بەڕێزەکان، وەڵامی پرسیاری بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان بدەنەوە، دواتر دەرفەت دەدەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێوە ماشاڵلا هەمووتان دەستتان بەرز کردۆتەوە و دەشزانم بۆچی دەستتان بەرز کردۆتەوە، بەڕێزان ئێمە ئێستا دەرفەت دەدەین بە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و تیمە هاوڕێیەکەیان، وەڵامی ئەو پرسیارە زۆرە، ئێمە بەڕێزان، شیرین خان لە شوێنی خۆتەوە قسە مەکە خاتوون گیان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پێمانوایە ژمارەیەکی زۆر پرسیار کراون کە بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران دەبێ وەڵام بدەنەوە، دوای ئەوە دەرفەت بە ئەندامانی پەرلەمان دەدەین بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، صەبرتان هەبێ، ڕۆژێکی درێژە، دڵنیابن مژدە خان من بەڵێنتان پێ دەدەم لە دوای وەڵامەکانی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران دەرفەت بە ئەندامانی تری پەرلەمان دەدرێ، دەڵێم بەڵێنتان پێ دەدەم، مژدە خان، کاك عمر دەتوانین دەرفەتتان بدەین، دەرفەت بدەن با جەنابیان جوابی ئەو پرسیارە زۆر و زەوەنانە بداتەوە کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بەڕێزان لە فراکسیۆنەکانی دەسەڵات و بەڕێزان لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن قسەیان کردووە، خۆ دەبێ بای ئەوە متمانەتان بە سەرۆکی فراکسیۆنەکانتان هەبێ کە قسەی باشیان کردووە، دەرفەت بدەن، مامۆستا أبوبکر تۆ ئەوە یەکەم دەورە نییە ئەندامی پەرلەمانی، خولی پێشووش ئێمە بەیکەوە بووین، دەرفەتتان دەدەین، فەرموون وەڵام بدەنەوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێزمسرور مسعود بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە پرسیارەکانیان ئاراستەی کردین، ئەوەی کە پێویست بێ من وەڵامی بدەمەوە دواتریش ئەگەر بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێز وەزیری داراییش و بەڕێزەکانی تری سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەگەر پێویست بێ ئیزافەی زیاتر، وەڵامی زیاتر بدەنەوە، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی بۆ ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان هەبێت، من پێش ئەوەی وەڵامەکانتان بدەمەوە حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم کە هاتنی ئێمە بۆ ئەوەیە ئێمە بتوانین لە یەکتر تێبگەین، هەم ئەو تێبینیاینەی کە ئێوە هەتانە و پرسیارانەی کە ئێوە هەتانە لە حکومەت بتوانین بە ڕوونی وەڵامتان بدەینەوە، ئەو پەیوەندییە پێویستەی بەینی دەزگای جێبەجێکار و دەزگای یاسادانانیش ئێمە بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و بە شێوەیەکی شارستانییانە داکۆکی لێ بکەین و پەرەی پێ بدەین، من سوپاسی هەموو تێبینییەکانی ئێوە دەکەم، پرسیارەکانی ئێوەش دەکەم و لە جێی خۆشیانن و

حەقی خۆشتانە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانە بگەڕێن، بەڵام حەز دەکەم ئەوەش بزانن، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان باوڕ بکەن زیاتر لە هەمووتان پەرۆشی ئەوەمانە کە باوردۆخی کوردستان بەرەو باشتر بچێت، بژێوی ژیانی خەڵك باشتر ببێت، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی خەڵك لێمان ڕازی بێت، پێش ئەوەی ئێوە لێمان ڕازی بن حەز دەکەین خەڵك لێمان ڕازی بێت، لەبەر ئەوە ئەوەی نەمانکردبێت هۆکار هەبووە کە پێمان نەکراوە و بۆشتانی ڕوون دەکەینەوە، بەڵام لەوە دڵنیابن لە دانی مووچە، لە باشترکردنی ژیان و بژێوی خەڵك لە بەرەو پێ بردنی بارودۆخی کوردستان ئێمە لە ئێوەش زیاتر پەرۆشین و حەز دەکەین وەزعی کوردستان بەرەو ئاستێکی زۆر زۆر باشتر لەوەی ئێستاش هەیە بڕوات، پرسیارەکان من هەوڵ دەدەم، وابزانم هەموویانم نووسیوەتەوە، ئەوەی کە مەترسییەکان لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان چین؟ من حەز دەکەم ئەوە بڵێم گەورەترین مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە خۆمان وەکو هاووڵاتییانی کوردستان تەبا نەبین، ئەوە گەورەترین مەترسییە لەسەر ئەم قەوارەیە و، بانگەوازی ئەوە بدەین کە قەوارەی هەرێمی کوردستان پێویستە بە شێوەیەکی تر مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، قەوارەیەکی دەستوورییە، لە دەستووری عیراق دا دانی پێ دانراوە، ئەرکی هەمووتانە وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کە پارێزگاری لەم ئەزموونە و لەم قەوارەیە بکەن، خیلافی سیاسی، بۆچوونی سیاسی هەر چۆنێکیش بێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بیر لەوە نەکرێتەوە کە ئەم قەوارەیە پارچە پارچە بکرێ، یان وەکو هەندێك کەس لە ماوەی ڕابردووشدا پێشنیاری ئەوەیان کردووە بەشێك لە کوردستان یان هەموو کوردستان بگەڕێتەوە بۆ سەر حکومەتی عیراق و ئەم ئەزموونە، یان ئەم قەوارەیە وەکو خۆی نەمێنێ، تۆ سەیری نموونەیەك دەکەی کە لە تۆ باشتر بێت، ئەگەر ئێستا سەیری هەموو عیراق بکەن نموونەی کوردستان بە هەموو کێشە و گرفتەکانییەوە سەرکەوتووترین نموونەیە لە هەموو عیراق دا، لە ڕووی ئیدارەدان، لە ڕووی بژێوی ژیان، لە ڕووی پاك و خاوێنی، لە ڕووی دیموکراسییەت، لە ڕووی ئاسایش و ئەمنییەت، لە هەموو ڕووێکەوە هەرێمی کوردستان لە هەموو بەشەکانی تری عیراق ئێستا پێشکەوتووتر و سەرکەوتووترە، لەبەر ئەوە من پێم باشە مەسەلەی مەترسییەکان، تەبعەن ئەم مەسەلەی کۆرۆنا کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام تەنیا هی هەرێمی کوردستان نییە، هەموو دونیای گرتۆتەوە، بابەتی هەرەسهێنانی ئابووری هەموو جیهانی گرتۆتەوە، تەنیا ئێمە نین، ئەوانە هەمووی کێشەن کە وەکو مەترسی بۆ سەر ئەم قەوارەیە دروست دەکرێ، بەڵام ئەوەی گرنگە وەکو پاراستنی ئەم قەوارەیە یەکڕیزی و یەك هەڵوێستی و پاراستنی ئەم قەوارەیە لەلایەن هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان بە لایەنە دەسەڵاتدار و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە کە ئێستا لە حکومەتی هەرێمدان، هەنگاوەکانی حکومەت بۆ لامەرکەزی چییە؟ ئێمە پێشتریش باسمان کردووە لە بەرنامە و کارنامەی حکومەت دا باسمان کردووە کە لامەرکەزی ئیداری لە بەرنامەی کارەکەدایە بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە بۆ پارێزگاکان، لەم کابینەیە زیاتر لە هەموو کابینەکانی پێشووتریش ئەم دەسەڵاتە شۆڕکراوەتەوە و دراوە بە پارێزگارەکان، هەتا لە گواستنەوەی فەرمانگە حکومی و خزمەتگوزارییەکانیش دا بۆ پارێزگاکان ئەوە بەشێکە لە ئەو لامەرکەزییە ئیدارییەی کە پێویستە و هێشتاش ئێمە قۆناغێکی بەکۆتایی نەهاتووە، ئەوە پرۆسەیەکە پێویستە بەردەوام بێ، ئێمە لە سەرەتاوە ویستمان وەکو حکومەتی

هەرێم بزانین بۆ ڕێگری کردن لە قۆرخکردنی دەسەڵات یان لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یان لە بابەتی گەندەڵی بتوانین کۆنترۆڵی ئەو شتانە بکەین، وردە وردە لەگەڵ پارێزگارەکان، لەگەڵ هەموو پارێزگاکان ئەم شتانە بکەین کە ئەو دەسەڵاتە کارگێرییە ئیدارییانەی پێویستە بۆیان بگەڕێتەوە، بۆیان بگەڕێننەوە، نەهێشتنی قاچاخچییەتی و کۆنترۆڵ کردنی خاڵە سنوورییەکان زۆرتان ئەم پرسیارانەتان کردووە، من حەز دەکەم بڵێم بەداخەوە بەڵام تاکو ئێستا ئاسەواری سنووری دوو ئیدارەیی بەشێوەیەکی تەواو نەڕواوەتەوە، بەڵام هەوڵی بەردەواممان هەیە بەتایبەتی من و کاك قوباد لەگەڵ هەموو وەزیرە بەڕێزەکان کە لە کابینەن، هەوڵی ئەوەمان داوە کە ئێمە ئەو ئاسەوارە بەرەو نزمترین ئاست و بۆ ئەوەی واقیعی بین و لە نەتیجەشدا ئینشاڵڵا هەر نەهێڵین، ئینجا ئەگەر لە شوێنێك دا من حەز دەکەم قاچاخچییاتی یان خۆمان من لە بەرنامەی خۆشمدا، لە ڕاپۆرتەکەی خۆشم دا ئاماژەم پێدا لە هەندێك شوێن هەیە سەرپێچی دەسەڵات دەکرێ، سەرپێچی ئیدارەکان دەکرێ، هی خاڵە سنوورییەکان دەکرێ، قاچاخچێتی بەردەوامە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە وازمان هێنابێ، لیژنەیەکی تایبەتمان داناوە لە وەزارەتی ناوخۆ، لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتانە بۆ کەم کردن و لە ئەنجامیش دا بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە قاچاخچییاتیەی کە باس دەکرێ و ئێمە لە بەرپرسیارێتی ڕاناکەین، دەزانین لە هەندێك شوێن هێشتا بەردەوامە و ماوە، بەڵام ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئێمە قبوڵ ناکەین و هەنگاوەکانیشمان بەردەوام دەبێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین بە بێ ئەوەی کێشەیەکی تری سیاسی، ئەمنی، ئاسایشی لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین، دەبێ ئەوەشتان لەبەرچاو بێ بۆ تەمویلی مووچە، بۆ بەرنامە و بۆ ئامادەیی بۆ پرۆژەی تەمویلی مووچە و بەرنامە بۆ ئامادەی پرۆژەی بودجە چییە؟ بۆچی تا ئێستا پرۆژە بودجە ئەوە نەکراوە؟ حەز دەکەم ئەوە بزانن بودجە لەسەر بنەمای داهات دەبێ ئامادە بکرێ، داهاتی ئێمە چەند داهاتمان هەیە، یەکێکیان داهاتی نەوتە، یەکێکیان داهاتەکانی ناوخۆیە، ئەوانی تر داهاتی حکومەتی عیراقە، بەداخەوە لە ساڵانی ڕابردوو حکومەتی عیراق لە زۆر قۆناغ دا مووچەی، یان ئەو شایستە داراییانەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە، لە دوو قۆناغیش دا فرۆشتنی نەوت بە ڕێژەیەکی زۆر نرخی نەوت دابەزی، لە کاتی شەڕی داعشیش دا لە کابینەی پێشووتر تووشی سێ قەیران بووین، ئێستاش لەو کابینەیە تووشی سێ قەیران بووین، پێشتر دابەزینی نرخی نەوت بووە، هاتنی داعش بووە، نەناردنی مووچە بووە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە، لەم کابینەیەش هاتنی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، دابەزینی سعری نەوت بووە، هەروەها نەناردنی مووچوش لەلایەن حکومەتی عیراقەوە، تۆ نەتوانیت داهاتێکی سابت لەبەر دەستت بێ، ناشتوانیت بە هەمان شێوە ئەو بودجەیەی کە پێویستە بە بێ ئەوەی داهاتەکەت مەعلوم بێ ئامادەی بکەیت، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوە بووە ئێمە لە وەزعێکی نائاسایی دا بووین، سەرەڕای ئەوەش ئێمە هەموو هەوڵێکیش دەدەین هەر کاتێك بتوانین دڵنیابین لەوەی کە ئەو بودجەی ئامادەی دەکەین دەتوانین جێبەجێی بکەین، ئەو وەختە دەیشینێرین بۆ پەرلەمان، بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان نەهێشتنی تەعریب چی دەکەین؟ من حەز دەکەم ئەوە بزانن ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئەم دیاردەیەمان قبوڵ نەبووە، من لێرە ئەم داوایە لە ئێوەی پەرلەمانتارانی بەڕێزیش دەکەم، زۆرجار لەوانەیە حکومەتی فیدراڵی یان هەندێك

لایەنی سیاسیش بەلاریّمان دەبەن کأنما کێشەی ئێمە تەنیا کێشەی مووچە و بودجە و داهاتە، کێشەی ئێمە لەسەر بابەتی زۆر گەورەترە، یەکێك لەو کێشانە ناوچە دابڕێندراوەکانە، مەسەلەی هەویەیە، ناسنامەی نەتەوەییە، بابەتی خاکە، بابەتی زۆر زۆر شتی ترن کە بودجە یەکێکە لەو کێشانە، ئێ هەموو شتەکانیان تەرکیز کردووە بۆ ئەوەی بێن لەوێوە و شتەکانی ترمان بیر بەنەوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبووین کۆڵ بدەین و لەسەر ئەم مەلەفە بە درێژایی مێژوو و بە درێژایی ئەو ساڵانەی ڕابردوو لەم کابینەیەشەوە لە سەرەتاوە تاکو ئێستا لەگەڵ حکومەتی عیراق لەسەر خەت بووین، داواکان کردووە کە بابەتی گۆڕینی دیموگرافی و بە عەرەب کردنی ناوچە کوردستانییەکان ڕابگیرێن، دوێنی شەویش من لەگەڵ سەرۆك وەزیران قسەم کردووە، بەردەوامیش شاندەکانی ئێمە لە بەغدا کاك قوباد سەرپەرشتی چەندین سەردانی کردووە بۆ بەغدا، برادەرانی تری ئێمە وەزیری تایبەتمان هەیە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ عیراق لەسەر ئەم خاڵە بە تایبەتی قسەی زۆر کراوە، ئێستاش دوو هەنگاومان پێشنیار کردووە بۆ حکومەتی عیراق، یەکێکیان دابین کردنی ئەمنییەتە لەو شوێنانەی کە دابڕێندراون یان ناوچەی کێشە لەسەر پێیان دەگوترێ، بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە لەبەر ئەوەی هەم هێزە عیراقییەکان وەکو پێویست تەواجودیان نییە، هێزی پێشمەرگەش لەوێ وجودیان بۆ نییە بۆتە مۆڵگەیەك بۆ تیرۆریستان و بەکار دێن بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی کورد و غەیری کوردیش لەم شوێنانە، ئێمە پێشنیارمان کردووە هەماهەنگی لە بەینی پێشمەرگە و جەیش بکرێت، کە دوێنێش کۆبوونەوەیەکی ترمان هەبووە، لەوانەیە لە ڕاگەیاندنەکانیش بینیبێتان بێت، ئێمە کۆبوونەوەمان کردووە داوامان کردووە کە ئەم هەماهەنگییە لە بەینی پێشمەرگە و لە بەینی هێزە چەکدارەکانی تری عیراقی دروست بکرێت بۆ دابین کردنی ئاسایش و ئەمنییەتی ئەم شوێنانە، خاڵێك دواتر، خاڵی بنەڕەتی بۆ چارەسەری کێشەکە تەنیا و تەنیا جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) چونکە ئەوە لە دەستووردا هاتووە و ڕێگەی چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەم ناوچانە پێشنیار کراون، ئێمە داکۆکی دەکەین لەسەر جێبەجێ کردنی و ئەوەش لەگەڵ حکومەتی عیراق بەردەوام لەسەر خەتین و تا ئێستاش ئەوان نەیانگوتووە نەیکەین، هەست دەکەم لەم حکومەتە نییەتی باشتر هەبێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵەش، هەلی کار بۆ یەکەمەکان ئێ،ە زۆرجار باسی هەلی کار، برادەرێك باسی کرد چوار سەد هەزار کەس و نازانم چی، من حەز دەکەم شتێکتان پێ بڵێم، با ئێمە واز لە موزایەدات بینین با تۆزێ بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئایا حکومەت بە دامەزراندن هەر کەسێك داوای ئیش و کار بکات بە دامەزراندن دەتوانێ سەرکەوتوو بێ؟ لە هیچ شوێنێکی دونیا هەیە هەر کەسێ دوای کار بکەوێ حکومەت دەبێ ئەم برادەرە یان ئەم خوشکە لەسەر کار دابنێ، ئەوە لە هیچ سیستەمێکی پێشکەوتووی ئابووری دونیادا ناتوانێ ئەوە بە سەرکەوتن بزانیت ئەگەر چاوی خەڵك لە حکومەت بێ بۆ دامەزراندن، بە پێچەوانەوە، من ناڵێم خەڵك هەیە خەڵکی زیرەك و شارەزایە حکومەت پێویستی پێیەتی و دەبێ خەڵك ئەوانەی کە پێویستن دابمەزرێن، ئینجا یەکەمەکانن، چۆنن، بەڵام بە پێی پێویست نەك بۆ موزایەدات یان بۆ ڕازی کردن یان بۆ خۆ شیرین کردن، ئینسان هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر هەموو خەڵکی کوردستان بکات، نەك بەرامبەر بە چین و توێژێك یان بەرامبەر بە

(statement)ێکی سیاسی کە هەندێ برادەر دەیانەوێ خۆیانی لێ بکەن بە خاوەن، ئەگەر هەلی کار بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت، کەرتی تێکەڵاو، کەرتی گشتی ئەگەر لەم شوێنانە هەلی کار بدۆزینەوە خەڵك پێویست بەوە ناکات هەموو جار بێ چاوی لەوە بێ کە لە حکومەت دابمەزرێ، من زۆرجار نمونەیەکم هێناوەتەوە کەسێکی ئەندازیار کە لەوانەیە بە پێی پسپۆڕی خۆی بتوانێ مانگانە پێنج ملیۆن دینار وەکو مووچە مووچەی بێت، بەڵام دێ لە فەرمانگەیەکی حکومی بە ملیۆنێك ڕازی دەبێ لەبەر ئەوەی هەلی کار نییە، ئەگەر بێت و حکومەت لەجیاتی ئەوەی بیر لە دامەزراندنی خەڵك بکاتەوە، بیر لە دابین کردنی هەلی کار بۆ خەڵك بکاتەوە، پێموایە ئێمە دەتوانین قۆناغێکی زۆر باشتر و بەرەو هەنگاوێکی باشتر، بەرەو قۆناغی باشتر بڕۆین، چونکە لەم کاتەوە ئەم ئەندازیارە پێنج ملیۆن دینارەکەی خۆیشی لە کەرتی تایبەت وەردەگرێ کە وەکو پسپۆری دەتوانێ ئیشەکەی بکات، لە جیاتی ئەوەی پارە لە حکومەت وەربگرێ لەوانەیە وەکو باج بڕە پارەیەکیش بۆ خەڵك و بۆ حکومەت بگەڕێنێتەوە، لەبەر ئەوە من تکاتان لێ دەکەم ئەگەر دەتانەوێ پشتیوانی خەڵك بکەن، یارمەتی حکومەت بدەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆسەیەی کە دەستی هاوێشتوتێ بۆ زیاد کردنی کەرتی تایبەت و سیاسەتی (PPP) کە تێکەڵ کردنی کەرتی گشتی و تایبەتە بە پشتیوانی حکومەت کە ئێمە توانیمان ئەم شتانە بکەین، بێگومان پێویستی بە دامەزراندن لەلایەن حکومەتەوە بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر دادەبەزێت، سەرەڕای ئەوەش حکومەت هەر کاتێ بتوانێت دابینی مووچە بۆ فەرمانبەری زیاتری بکات دەرگای دامەزراندنیش دەکاتەوە، زۆر پرسی ئەوە کراوە کە بۆچی لە قەیران پەنا بۆ بڕینی مووچە دەبەن؟ یان مووچە بە ڕێژەی (٢١%) و (١٨%) و ئەوانە کەم کراوەتەوە، بەڕێزان باوڕ بکەن حکومەت بە هیچ شێوەیەك پێی خۆش نییە دەست بۆ مووچەی هیچ فەرمانبەرێك ببات و کەمی بکاتەوە، من حەز ناکەم ئێوە بڵێن موچە بڕدراوە، ئەوە خۆگونجاندنە لەگەڵ بودجەی بەردەست، حکومەتی هەرێم بەداخەوە ئەو بودجەیەی کە پێویست بووە بۆ دابین کردنی مووچە و بەڕێوەبردنی حکومەت لەبەر دەستی نەبووە، من لە ڕاپۆرتەکەم ئاماژەم پێدا کە خەرجییەکانی حکومەت بۆ نزمترین ئاست کەم کراونەتەوە، بۆ نزمترین ئاست، تەنیا شتە پێویستەکان ئێستا حکومەت خەرجی لەو شوێنانە دەردەکات، بۆ ئەوەی بتوانین زۆربەی میزانییەی یان بودجەی بەردەست بۆ مووچە بەکار بێنین، بەداخەوە حکومەتی عیراق من با پێتان بڵێم تا مانگی چوار، لە دەست پێکردنی ئەم کابینەیە تا مانگی چوار هەموو مووچەکان وەك خۆیان دران، بەڵام لە مانگی چوار دوای ئەوەی کە بەڕێز عادل عبدالمهدی بڕیاری دەرکرد بە وەستاندنی ناردنی بودجە بۆ هەرێم، ئێمە تووشی کێشە بووین، چونکە ئیعتیمادی بەشێك لە مووچەکە لەسەر ئەوە بووە کە حکومەتی عیراق دەینارد، لەسەر ئەوەش دوای ئەوە بەشەکەیان کەم کردەوە، لە پێنج سەد و ئەوەندە ملیار دینارە بووە چوار سەد ملیار دینار کەمیان کردەوە، دوای مانگی پێنج و شەش و حەوتیش حکومەتی عیراق یەك دیناریشی نەنارد، بەڵام سەرەڕای ئەوە حکومەتی هەرێم بەو پلانەی کە داینابوو توانی هیچ نەبێ بە دواخستنیش بێ، بەدواکەوتنیش بێ، بەڵام مووچەکان بدات، لە نەتیجە گەیشتینە ئەوەی کە بەداخەوە لە شەش سەد ملیۆن دۆلار کە بودجەی بەردەستی حکومەت بووە لەوە زیاتر نەماندەتوانی هیچ پارەیەکی ترمان بەردەست بێ بۆ دانی مووچە بە شێوەیەکی پێویست کە پێشتریش زۆر

برادەران وەزیری دارایی باسی کردووە حەفت سەد و پەنجا و پێنج ملیۆن دۆلار پێویست بووە تەنیا بۆ دابین کردنی مووچە، ئێمە شەش سەد ملیۆن دۆلارمان لەبەردەست بووە، بەو شەش سەد ملیۆن دۆلارە هاتووین چیمان کردووە هەرچی خەرجییاتی حکومەتە کەممان کردۆتەوە بۆ ئەوەی بەشە هەرە زۆرەکەی بۆ مووچە بدرێ، ئێمە نەمانویستووە مووچە کەم بکرێتەوە، من لە ئێوە زیاتر حەز دەکەم مووچەی فەرمانبەرانی ئەم حکومەتە، ئەم هاوولاتییانە وەکو خۆی بدرێ و لە کاتی خۆیشی بدرێ، بەڵام کە نەبێ چی دەتوانی بکەیت؟ یەعنی ئەو برادەرانەی کە باس دەکەن با بیدەین، وەڵلاهی منیشی حەز دەکەم وەرن با بیدەین، بەڵام سەرچاوەی داهاتەکەم پێ پێشان بدەن با بیدەین، ئێوە دەڵێن داهاتی ناوخۆ، من با ئەوەشتان پێ بڵێم داهاتی ناوخۆ لە سەرەتای کابینەکەوە ئێمە داهاتی ناوخۆمان بە رێژەیەکی بەرچاو زیاد کرد، بەڵام هەر رێك دوای ئەوە ئێمە تووشی دوو قەیران بووین، کە کۆرۆرنا هات، کۆرۆنا جارێ کێشەیەکی گەورەی تەندروستی بۆ ئێمە دروست کرد هیچ، بەڵام کێشەیەکی گەورەی ئابووریشی دروست کرد، هەم لە کارکردن لە ناو خودی هەرێم و داهاتی ناوخۆیی کەم کرایەوە، هەم داوا لەسەر کڕینی نەوت وای لێ کرد کە سعری نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت کە داهاتی نەوتیش کەم کرایەوە، حکومەتی عیراقیش هەر لەو سەردەمە بودجەکەی ڕاگرت، یەعنی سێ کێشە بەیەکەوە ڕووی تێکردین، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگینا بەو چاکسازیانەش نەبوایە کە ئێمە توانیمان تۆزێك داهاتی ناوخۆ زیاد بکەین، لەوانەیە ئەوەی ئێستاش هەیە ئەوەشمان بە دەستەوە نەبوایە و نەشمانتوانیبا ئەو بڕە بودجەیەش یان ئەو بڕە مووچەیەش دابین بکەین، کە دەشڵێین بە پێی بودجەی بەردەست مەعنای ئەوەیە ئێمە بڕیارمان نەداوە لەسەر (٢١%) یان (١٨%)، سبەی ئێمە بتوانین بودجە زیاتر بێتە بەردەستمان بەو رێژەیە مووچە زیاد دەکەینەوە، هیوادارین لە کاتێکی نزیکدا بتوانین ئەو کێشانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکەین، پەرۆشی ئێمەش بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە یاساییەکانی خۆیان، بۆدابین کردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە، چونکە زۆر برادەران دەڵێن بەدیلی ئێوە چییە بۆ حکومەتی عیراق؟ بەدیل چییە؟ ئێمە بەشێکین لە حکومەتی عیراق، هەمووشتان دەزانن، زۆریشتان لەوانەیە ڕۆژێك بەم شێوەیە، ڕۆژێکی تر بە شێوەیەکی تر موناقەشەتان لەسەر ئەوە کردبێ، کە ئایا پێشتر چۆن بووە؟ ئێستا چۆنە؟ بە هەر حاڵ من نامەوێ بچمە ناو هەندێ تەفاصیل کە بابەتی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئێمە نییە، بەڵام تاکو ئێمە بەشێکین لە عیراق ئێمە مەجبوورین و داواش لە حکومەتی عیراق دەکەین کە ئیلتیزاماتی یاسایی، دەستووری خۆی بەرامبەر بە هەرێم جێبەجێ بکات، حکومەتی عیراق ئەگەر تووشی قەیرانی دارایی بووە دەبێ ئێوەی بەڕێز لە جیاتی ئەوەی پەنجەی تۆمەت یان ڕەخنە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژ بکەن، من داواتان لێ دەکەم وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان ئەم داوایە ئاراستەی حکومەتی عیراقی بکەن کە بۆچی لە ساڵانی ڕابردوو مووچەی هەرێمی کوردستانیان نەناردووە؟ کە بۆچی دوای ئەوە لە ساڵی (٢٠٢٠)یش مووچەی مانگی پێنج و شەش و حەوتیان نەناردووە؟ ئەگەر ئێوە ئەو داوایە پەرلەمانی بەغدا و حکومەتی بەغدا بزانێت کە هەرێمی کوردستان یەك دەنگ و یەك هەڵوێستن لەسەر داکۆکی کردن لەسەر مافە یاسایی و دەستوورییەکانی خۆی و شایستە داراییەکانی هاوولاتیانی خۆی، من دڵنیا کە کاریگەری

زیاتریشی دەبێ بۆ وەڵامدانەوە و جێبەجێ کردنی ئیلتیزاماتی خۆیان بەرامبەر بە هەرێم، ئایا گەشبینن بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عیراق؟ بەڵێ، من دواتر داوا دەکەم ئەگەر کاك قوباد و کاك شێخ ئاواتیش لەسەر مەسەلەی بودجە و مووچە ئەگەر دوایی قسەیان هەبێ با ئەوانیش بفەرموون تێبینی خۆیان بخەنەڕوو، لەسەر کە ئایا ئێمە گەشبینین؟ بەڵێ ئێمە گەشبینین، ئێمە هەموو جاریش هەوڵی ئەوەمان داوە کە لەگەڵ حکومەتی عیراق بگەین بە ڕێککەوتن، چەندین جاریش گەیشتووینەتە قۆناغی زۆر پێشکەوتوو، بەڵام بەداخەوە، هەڵەی ئێمە نەبووە، خەتای حکومەتی هەرێم نەبووە کە ئەم ئەنجامی گفتوگۆکان جێبەجێ نەکراون، حکومەتی عیراق بەداخەوە ئیستیقراری تێدا نەبووە، گۆڕاوە، کێشەی ئابووری هەبووە، کێشەی سیاسی هەبووە، حکومەتی عیراق بووە کە نەهاتۆتە پێشەوە، ئەگینا حکومەتی هەرێم بەزیادەشەوە ئەوەی لەسەر شانی بووە کردوویێتی بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی عیراق بگەین بە ڕێککەوتنێکی دروست لەسەر بنەمای دەستوور، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئامادەنین تەنازوول لە هیچ مافێکی دەستووری خۆمان بکەین، لە مافی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەین، باسی ئەوە دەکەن ڕێژەی ئینجاز لە چاکسازی چییە؟ وەڵلاهی من لە ڕاپۆرتەکەم باسی بەشێکم کرد بەڵام لەوێش دا باسم کرد کە ئێمە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل ئامادە دەکەین بە داتا و بە زانیاری تەواو کە ئاوا بێتە لای ئێوە، ئێستا زەحمەتە من بڵێم ڕێژەی ئینجازی سەرکەوتن لە چاکسازی چییە، چونکە پرۆسەیەکی بەردەوامە، پێش حەفتەیەك شتێك بووە، ئێستا شتێکە، دوای مانگێکی تر دەبێ بە شتێکی تر، ئەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك کۆڵ نادەین لەوەی کە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بێت، هەندێکی بەرچاوە دەڵێن کوا بەرچاون؟ بۆ نمونە پێتان بڵێم پێشتر کارەبا کە ئەوەش پرسی چەند بەرێزێك بووە حەفت سەعات، هەشت سەعات، ئەو پەڕی (١٠) (١١) سەعات کارەبامان هەبووە، لەم کابینەیە کە خەرجی کەمتریش هی حکومەت، داهاتی زیاتری کارەباش بۆ حکومەت، سیستمێکی باشتریش کە ئێستا خەریکن، ئێمە توانیومانە کارەبا بکەین لە (٢٠) تاکە (٢١) سەعات، (٢١) کاتژمێر ئێستا لەسەرتاسەری کوردستان موعەدەل کارەبا هەیە، خۆ ئێمە مەصرەفێکی زیاترمان نەکردووە، تەنیا بەو هەنگاوە چاکسازیانە بووە کە لە کەرتی کارەبادا کراوە، هیواداریین لە ماوەیەکی زوو بتوانین ئەم ڕێژەیە یان دابین کردنی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان زیاتریشی بکەین، برادەرێك پرسیاری کردووە کە بۆچی دوای فرۆشتنی نەوت قەرزارن؟ هەڤاڵان ئەم پرسیارە من نازانم یەعنی ئەوە بڕیارێکە لە کابینەکانی پێشووتر، ئەوە کابینەی نۆیەمە، هەشت کابینە پێش ئێمە بەرپرسیار بوون بەرامبەر بە بەڕێوەبردنی ئەو مەلەفە، ئێستا ئێمە ڕاستە وەکو حکومەتێکی بەرپرسیار تەحەمولی بەرپرسیارێتی هەموو ئەرکەکانی حکومڕانی دەکەین، بەڵام من حەز دەکەم ئەوەش بزانن کە لە دوای ئەو ساڵانەی ڕابردوو ماوەیەکی وا هەبووە کە کوردستان بەرەو بووژانەوە و گەشەیەکی ئابووری زۆر باش هەنگاوی ناوە، ئەو کاتە گلەیی نەدەکرا، خۆ بەو داهاتە نەوتە دەکرا، بە داهاتی ناوخۆیی و بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عیراق، بەڵام ئەو داهاتە نەوتییە بوو بە بنەمایەك بۆ پێشنخستنی ژێرخانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دا، سیاسەتی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ نەفت ئەوە شتێکی جیاوازە، حکومەتی عیراق بەداخەوە تاکو ئێستا یاسای نەوت و غاز لە عیراق پەسەند نەکردووە و هێشتا بە سیاسەتی مەرکەزی حکومەتی ڕژێمی پێشووتری زەمانی بەعس تەعامول

لەگەڵ ئەم مەلەفە دەکـات، کە ئەوەش ڕێـگە نـادات وەکـو حکـومەتێکی فیـدراڵی هەرێمـی کوردسـتان وەك کیـانێکی فیـدراڵی تەعـامول لەگەڵ ئەم مەلەفە بکات، تـاکو ئێسـتاش ڕێگەیـان نەداوە و ئیعتیرافیان نەکردووە کە حکومەتی هەرێم بتوانێـت بە شـێوەیەکی ئاسـایی نەفـت لە بازاڕی ئازاد بفرۆشێ، بەپێچەوانەوە زۆر جاریش گلەییان کردووە، ڕەخنەیان گرتووە و تەهدیدی شەریکاتی تریش کراوە کە نەفتی هەرێمی کوردستان بکڕن، ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکـانی کە بـۆ نەفتـی هەرێمـی کوردسـتان بە سـیعرێکی کەمتـر دەفرۆشـرێ؟ چـونکە ریسـکی تێـدایە، موجازەفەی تێـدایە، ئەو کۆمپانیـایەی نەفتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـڕێ دەڵـی مـن دەخـرێمە لیستی ڕەشەوە، حکومەتی عیراق قبـوڵی ناکـات، مەسـەلەی نەقـل و ئەو شتانەشـی دێـتە سـەر، لەبەر ئەوەیە، بابەتێکی تـریش هەیە کە کـواڵتی نەوتەکە فەرقە، ئەوانەی کە شـارەزان لە بـواری نەوت و غاز و ئەوانە لەوانەیە ئەو شتانە باش بزانن کە نەوتی (Brent) کە وەکو پێوەر دادەندرێ ئەوەی کواڵتی نەوتەکەی بەو ئاستە نەبێ خۆی سعرەکەی کەمترە، مانای ئەوە نییە کە بە کەمتـر دەفرۆشرێ، هەر سـعری نەوتەکە، کـواڵتی نەوتەکە دوو جـۆری جیـاوازە، ئەوەی لە هەرێـم هەیە کەمتـر دەفرۆشـرێ لەوەی کە لە (Brent) هەیە، ئەوەی تـریش ئەو بـڕە پـارەیە کە بـۆ مەسـەلەی مەصـرەف دەدرێ و نەقـلە کە دەدرێ، ئەوەکەی تـریش ئەو موجـازەفەیە کە کۆمپانیاکـانی تـر دەیــکەن، لەبەر ئەوەی حکــومەتی عیــراق ڕێــگەی نەداوە حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان بەشێوەیەکی ئاسایی بتوانێ نەفتەکەی خۆی بفرۆشێت، پێشـتریش چەنـدین جـار هەوڵـی ئەوە دراوە لەگەڵ حکومەتی عیراق بـگەن بە ڕێککەوتـن، بەڵام حکـومەتی عیـراق ئامـادە نەبـووە ئەم ڕێککەوتنە بکات، چونکە شرووتی تەعجیزی داناوە کە بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی خەڵکـی کوردستان دا نەبووە، ئینجا بەشێك لەو قەرزانەش برادەرێك باسـی کـرد، بەسوپاسـەوە، چـونکە پێشتریش ئـێمە کە باسـمان کـردووە (٢٧) (٢٨) ملیـار دۆلار قەرزە هەمـووی فـیعلەن قەرز نـیـە، یەعنی بەشێکی ئیلتیزاماتە، بەشێکی ئەسڵەن حکومەتی عیراق قەرزاری ئەم خەڵکەیە، زیاتر من خشتەکەم بۆ ئێوە باس کرد، من ئێستا نامەوێ بچمەوە بـۆ بـاس کردنـی ئەو ڕاپـۆرتە، بەڵام بـۆم باس کـردن کە ڕێـژەی چەنـد ئەو بـڕە مـووچەیە کە حکـومەتی عیـراق نەینـاردووە، ئیلتیزامـاتی حکومەتی عیـراق بەرامـبەر بە هەرێـم کە جێبەجێـی نەکـردووە، بەڵام حکـومەتی هەرێـم وەکـو حکـومەتێکی بەرپرسـیار بەرامـبەر بە هاووڵاتیـانی خـۆی ئەم ئیلتیزامـاتەی لەسـەر خـۆی قبـوڵ کردووە،کە حکومەتی عیراق نەینـاردووە، بەڵام دەبـێ بە جیـددی ئێـوەی پەرلەمانتـار لە جیـاتی حکومەت و هاووڵاتیانیش ئەم شەڕە لەگەڵ حکومەتی عیراق بـکەن، کە بـۆچی تـاکو ئێسـتا ئەو هەموو ئیلتیزامـاتە داراییـانەی کە لەسـەر ئێـوەیە بـۆ خەڵکـی کوردسـتان ئێـوە بـۆچی تـا ئێسـتا نەتاننـاردووە؟ ئینجـا ئەوەش بـابەتی چـۆنیەتی قەرزەکە دواتـر ئەگەر کـاك ئامـانج بتـوانێ بە تەفاصیلی زیاتریش لەسـەر ئەو بـابەتە قسـەی لەسـەر بکـات، لەسـەر داهـاتی نەوت بەرمیلـی بە چەند دەفرۆشرێ و چەند کەمترە، من بەشێکی بەشێوەیەکی پوخـت باسـم کـرد، بەڵام دواتـر بـا کاك ئامانج ئەگەر پێتان خۆشە تۆزێ دەقیقتر وەڵامی ئەو پرسیارانەشتان بداتەوە.

خەرجی بەرهەمهێنان کەم بکرێتەوە، ئەوە ئێمە ئەوەمان کردووە بۆ مەعلومـاتی ئێـوە لیژنەمـان داناوە بۆ پێداچوونەوە بە هەموو ئەو کۆنتراکتانەی ئەو کۆمپانیانەی کە نەوت بەرهەم دێنن بـۆ ئەوەی خەرجییەکە کەمتـر بکـرێتەوە، هەر بـۆ مەعلومـاتی خۆشـتان بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی ئەم

خەرجییانە کەم دەکرێنەوە، بەڵام لەگەڵ کەم کردنەوەی خەرجییەکە داهاتەکەش کەم دەکرێتەوە، چونکە ئینتاجی نەوت بە مروری زەمان کەم دەبێتەوە، لە یەکێك لە حەقلەکان بۆ نمونە پێشتر (١٥٠) هەزار بەرمیل ئینتاجی هەبووە ئێستا (١٠) هەزار بەرمیل ئینتاجی هەیە، یەعنی هەمووی ئەو شتانە بە مروری زەمەن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام سیستمی مامەڵە کردن لەگەڵ کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان دا بە شێوەیەك بووە کە شەریکاتی بەرهەمهێنەر خۆیان هاتوون ئیستیسماریان کردووە، ئەوان هاتوون پارەیان داناوە لە دەرهێنانی نەوت، کە بەپێی ئەو کۆنتراکتەی پێشووتر لەگەڵ کابینەکانی پێشووتری حکومەت کراوە دەبێ ئەو بڕە پارەیە بە مروری زەمان پێیان بدرێتەوە، بۆیەش کە باسم کرد لە ئەو مەبلەغە پارەیەی کە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە لە فرۆشتنی نەوت بەشێکی شایستە داراییەکانی ئەو کۆمپانیایانەیە کە نەوت بەرهەم دێنن، حکومەتی هەرێم هیچ پارەی لە دروست کردن و گەڕان و دەرهێنانی نەوت و ئەوە نەکردووە، ئەوە هەمووی لەسەر کەرتی تایبەتە ئەو کۆمپانیانەبوو کە ئەوان خۆیان بە ملیارەها دۆلار پارەیان داناوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە کاتی فرۆشتنی نەوت بەشێك لەو بڕە پارەیە بۆیان بگەڕێتەوە، کە بۆ بە جەدوەلێکی زەمەنی تەرخان کراوە تا کەی سەددی ئەو پارەیەش دەکەن، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوەش کۆمپانیای (دیلۆیت) هەیە کە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی ناسراوە، ئەوە پێداچوونەوە بە هەموو ئەو چەند نەوت دەفرۆشرێ؟ بە چەند دەفرۆشرێ؟ پارەکەی چۆن دەبێ؟ بۆ کوێ دێ؟ ئەم شتانە هەمووی کراوە، بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێزیش پێشتر سیستمێکی بانکی نەبووە کە بتوانێ پاڵپشتی حکومەتی هەرێم بێت، لەبەر ئەوەی فشاری سیاسی زۆر لەسەر ئەدای حکومەتی هەرێم هەبووە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیشەوە، ۆر لە بانکەکان ئامادەنەبوون ئەسڵەن تەعامول لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکەن، ئینجا سیستمێکی موعەقەد و تۆزێ ناخۆش پەیڕەو کراوە تاکو ئەم بڕە داهاتە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام لەم کابینەیە ئێمە داکۆکیمان کردووە لەسەر ئەوەی کە بانکێکی نێودەوڵەتی فەرمی ئەمریکی هەموو حیساباتی نەوتی هەرێم بچێت بۆ ئەو بانکە کە ئێستاش هەیە هەر بۆ مەعلوماتی ئێوە، ئێستا هەموو شت بە حەددی فلس شەفافە، چەند نەفت دەفرۆشرێ؟ بە چ قیمەتێك دەفرۆشرێ؟ هەمووی دەچێتە ئەو بانکە نێودەوڵەتییە کە ئەمریکی یە و لە ژێر ئیشرافی چاودێری نێودەوڵەتیشدایە، خۆیان دەزانن و ئەم بڕە پارەیەی کە چەندی بۆ کۆمپانیاکانی دەرهێنەری نەوت خەرج دەکرێ و بۆیان دەگەڕێتەوە، ئەوەی تریشی دەچێتەوە بۆ قاسەی وەزارەتی دارایی.

ئایا سیمای دوو ئیدارەیی هەر بەردەوامە؟ وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە، ئێمە هیوادارین من دڵنیام لەوەی کە کاك قوبادیش وەکو من، وەك هەموو وەزیرە بەڕێزەکانی تریش ئێمە پەرۆشی ئەوەین کە ئەم ئاسەوارە نەمێنێت، بەڵام با ڕاستگۆ و واقیعی بین، ئێمە تەجروبەیەکی تاڵی ناوخۆشمان هەبووە لە ساڵانی ڕابردوو، دەمانەوێ ئەم تەجرووبەیە بە تەجرووبەیەکی باشتر جێگیر بکەینەوە، شت بە تەحەدا و بە پەلە پەل و بەوە ناکرێت، تۆ بتەوێ هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بهاوێژی دەبێ هەنگاوێکی وا بێت کە فیعلەن تەسبیت بێ و بەرەو ئەو ئاستە بڕۆین، من دڵنیاشم لە کاتێکی زووشدا ئەوەی پێویستیش بێ دەیکەین بۆ ئەوەی ئەو ئاسەوارە بە شێوەیەکی بنەڕەتی نەمێنێت و تا ئێستاش بە تایبەتی ئەو فەرمانگە و دائیرانەی حکومەت کە

لە هەر پارێزگایەك بن پابەندی بڕیارەكانی حكومەتن، من نابینم لە هیچ فەرمانگەیەكی حكومی، لە هیچ شوێنێك ئاسەواری دوو ئیدارەیی پەیڕەو بكرێ، بە عەكسەوە بڕیارەكان بە ئیجماع دەدرێن و هەموو لایەنە بەشداربووەكان لە حكومەت لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارەكان بەیەكەوە دەیدەین، هەموو پارێزگارەكانیش تاكو ئێستا پابەندی جێبەجێ كردنی بڕیارەكان بوون.

پرۆژەی یاسای من باسم كرد ئێمە پرۆژە یاسایەكمان ناردووە پێشتر، ئێوە بڕیاریشتان لەسەر داوە، بەڵام زۆر لەو پرۆژە یاسایانەی تریش كە هێشتا ماون، خەریكن لە سەرۆكایەتی دیوان لە ئەنجومەنی وەزیران ئامادە دەكرێن، هێشتا زۆر شتی تر هەن كە ئێمە دەمانەوێ بیكەین، بەڵام بەداخەوە من دیسانیش دەڵێم هەندێ جار زرووف تەحەكوم دەكات بەوەی كە ئەولەویەتی ئێمە چی بێت، بەداخەوە ئەم قەیرانانەی كە ئێمەیان تووش كرد زۆر لەو هەنگاوانەی كە ئێمە بە پەرۆش بووین و دەمانویست زووتر هەنگاو بنێین تۆزێك دواكەوتین، ئێمە دەمانەوێ برادەرێك پرسیاری ئەوەی كردووە كە هەموو خەڵك سوودمەند بن، تەنیا چین و توێژێك یان كۆمپانیایەك یان حزب نەبن، باوڕ بكەن زیاتر لە هەموو حكومەتێك، زیاتر لە هەموو كەسێك ئێمە هەوڵی ئەوەمان داوە كە مەسەلەی قۆرخكاری و نەهێشتنی گەندەڵی و ئینجا بە هەر شێوازێك بێ نەهێڵین، بەڵام ئەوە ئەركێكی ئاسان نەبووە، ئەوەی تاكو ئێستاش كراوە ئاسان نەبووە، لەوانەیە زۆر لە ئێوەش ئەوە بزانن كە ئێمە بەداخەوە بەڵام ڕووبەڕووی گرفتی زۆریش بووینەتەوە، هەموو كەسیش نەهاتووە چەپڵەمان بۆ لێبدا و دەستخۆشیمان لێ بكا لەسەر ئەو هەنگاوانەی كە هاوێشتوومانە، ئەوە پرۆسەیەكی درێژخایەنە، پێویستیمان بە یارمەتی پەرلەمانیش هەیە، پێویستیمان بە لایەنە سیاسییەكانیش هەیە، ئەگەر فعلەن دەیانەوێ هاوكاری خەڵكی كوردستان بكەن با پاڵپشتی بەرنامەكانی حكومەت بن بۆ جێبەجێ كردنی بابەتی چاكسازی.

هی بودجەم باسكرد كە بۆچی نەنێردراوە، چونكە ئێمە تووشی ئەو قەیرانانە بووین، دەبێ بزانین داهاتی ئێمە چەندە بۆ ئەوەی بتوانین خەمڵاندن بۆ بودجەی پێویست بكەین بۆساڵی داهاتووش ئەگەر ئێمە توانیمان لەسەر ئەساسێكی سابیت بەتایبەتی لەگەڵ حكومەتی عیراق بگەینە ڕێككەوتنێك كە بزانین داهاتەكانمان چەندە، ئەو وەختە بۆ خەرجییەكانیشمان دەتوانین بودجەیەك ئامادە بكەین.

هەندێ لە برادەران پێشنیاری ئەوەیان كردووە با پێشنیاری هەندێ پرۆژە دەكەین ئەگەر ئێوە پاڵپشت بن، ئێمە هەموو كاتێك دەرگامان كراوەیە بۆ پشتگیری كردن لە هەر پرۆژەیەك كە بگونجێت لەگەڵ بەرنامەی كابینەی نوێیەمی حكومەت دا، ئێمە تەنیا پابەندین لەو ڕۆژەی كە سوێندم خوارد لێرە بەرامبەر بە ئێوە، ئێمە گوتومانە ئەم كارنامەیە جێبەجێ دەكەین، ئەگەر ئەو پرۆژانەی هەتانە بگونجێن لەگەڵ ئەو كارنامەیە ئێمە سوپاسیشتان دەكەین ئەگەر بتوانن یارمەتیمان بدەن.

چاكسازی و مووچە، من حەز دەكەم ئەوەش باس بكەم، چونكە لە زۆر شوێن دەیبیسم بەداخەوە دەگوترێ چاكسازی حكومەت بڕینی مووچە بوو، نەخێر، بڕینی مووچە، دەستكاری مووچە، یان خۆ گونجاندن لەگەڵ بودجەی بەردەست بە هیچ شێوەیەك چاكسازی نییە، چاكسازی لە مووچەی فەرمانبەری ڕاستەقینە ناكرێ، ئەوەی كە شایستەی وەرگرتنی مووچەیە

دەبێ مووچەی خۆی وەکو خۆی لە کاتی خۆی دا وەربگرێ، ئەوەیە چاکسازی، چاکسازی لەو کەسانەوە دەکرێ کە موستەحەق نین، شایستە نین مووچە وەربگرن، ئەوەش پرۆسەیەکە دەست پێکراوە، مەسەلەی بایۆمیترییە، مەسەلەیە پێداچوونەوە بە لیستەکان، زۆر لەو شتانە هەموو وەزارەتەکان ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی ئەو شتانە یەکلایی بکەنەوە، بابەتی چاکسازی لە مووچە بە هیچ شێوەیەك لە مووچەی فەرمانبەران نییە، لەو کەسانەیە کە ناشایستەن بۆ وەرگرتنی مووچە، نەك لە بەشی مووچەکە، ئینجا من حەز دەکەم ئەوە بۆ ئێوە ڕوون بێتەوە، چاکسازی لە مووچە و لە خەڵکی بندیوار و ئەوانە، ئێمە خەریکین و زۆر بە چڕیش لەسەر ئەو بابەتە ئیشمان کردووە هەموو شتیش ئەوە نییە کە لە ڕاپۆرتەکان دا دەخوێندرێ یان هەندێ خەڵك باسی دەکات، بەداخەوە، بەڵام هەموو شت بەم شێوەیە نەبووە، ئێمە کە چووینەتە ناو پرۆسەکە بە حەقیقەت بەم شێوەیە نەبووە، بەڵام ئەوەی هەیە ئێمە لە هەوڵی چارەسەرکردنیداین.

خاڵە سنوورییەکان و کۆمپانیاکان، من حەز دەکەم ئەوەشتان بۆ باس بکەم، ئێمە لە خاڵە سنوورییەکان زۆر هەوڵمان داوە کە پێداچوونەوەیەك بکەین، بەرنامەیەکیشمان دانا و ئێستا خەریکن کە قسە دەکەین ئەم بابەتە لە حاڵەتی جێبەجێ کردندایە، زۆر لە کۆمپانیاکان لە خاڵە سنوورییەکان ئیشیان کردووە، لە هەندێك شوێنیش بەداخەوە بەڵام دەسەڵاتی حکومەت بەسەر خاڵە سنوورییەکان دا لاواز بووە، ئێمە هاتووین چیمان کردووە لیژنەیەکی حکومیمان داناوە لە ئەنجومەنی وەزیران لە شوێنە تایبەتەکان و پەیوەندیدارەکان کە دیراسەیەکی ئەوەی بکەن، کام خەدەماتی خزمەتگوزاری، کام خزمەتگوزاری لە خاڵە سنوورییەکان پێویستن؟ ئەوانە پۆلینیان بکەین، ئەوانەی کە حکومەت خۆی دەتوانێ بیکات و پێویستە بیکات ئەوە هەمووی حکومەت خۆی دەیانکات، ئەوەی کە پێویستە کەرتی تایبەت بیکات بۆنمونە من پێتان بڵێم مەسەلەی (scanner)کان کە بۆ کەشفی مەواد و ئەوانە دەهاتن، پێشتر ئێمە زۆر داوامان دەکرد کە ئەو وەختە من لە ئەنجومەنی ئاسایش بووم، داوامان کرد گوتمان با (scanner) حکومەت خۆی دایبنێ بەڵام لە هەر خاڵێکی سنووری پێویست بە (١٥) ملیۆن دۆلار شتێکی وا هەبوو بۆ دابین کردنی ئەو هەموو ئەجهیزە و پێویستیانەی کە دەبوایە لە خاڵە سنوورییەکان دابین بکرێن، حکومەت ئەو کاتە ئەو پارەی نەبوو هاتین پەنامان بردە بەر کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی ئەو شتانەمان بۆ بکات، ئەوە چی کرد؟ بۆ نمونە ترێلەیەك، قەڵابەیەك لە شوێنێك دێت داخیلی هەرێم دەبێت، ئەگەر ئەوە پشکنینی بۆ بکرێ جگە لەوەی کە مەترسی تەندروستی لەسەر ئەو فەمانبەرەی ئەو هەموو شتە دادەگرێ و جارێکی تر بار دەکاتەوە دروست دەکات، لەوانەیە کاتێکی یەکجار زۆریشی پێ دەوێ، بۆ ئەوەی یەك ترێلە تەفتیش بکرێ تاکو دێ داخیل دەبێ، هەمووشی پێ ناکرێ، جوولەی بازرگانیش بەداخەوە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر زۆر بەرچاو کەم دەبوو، وتمان ئەگەر ئەو (scanner) انە دابندرێن، ئەو شتەی بە دوو سێ سەعات دەکرێ بە (٢٠) سانیە دەکرێ، بە دەقیقەیەك دەکرێ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی یەك ترێلە یان یەك قلابە داخیل بێ، لەوانەیە (١٠٠) ترێلە لە هەمان فەترەی زەمەنی دا داخیل بن، ئەوە خۆی داهاتی حکومەتی زیاد دەکات، ئینجا ئەو کەرتە تایبەتەی کە پێویستە بۆ بەردەوام بوون لە ئیش و کاری خۆیان تاکو سەددی ئیستیسماراتی خۆیان دەکەنەوە، ئینجا ئەوانە بەردەوام بن، بەشەکەی تۆی ئەوەیە کە

کۆنتراکتەکانی لەگەڵ کەرتی تایبەت کراون ئەگەر ئەو کۆنتراکتانە بە هیچ شێوەیەك جێی ڕەزامەندی ئێمە نەبن پێداچوونەوەیان بۆ کراوە، زۆر لەوانەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەو ڕێژەی کە پێویست بووە بۆ کەرتی تایبەت داندراوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە پێویستە ڕێژەی سوودی حکومەت زیاتر بکرێ لەوەی کە سوودی وەبەرهێنەر یانیش هی کەرتی تایبەت بووە، جا لەسەر ئەوە ئێمە ئیشی زۆرمان کردووە، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە، لە هەموو شوێنەکانیش تەواو نەبووە، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕاگرتنی دیاردەی قاچاخچییاتییە، بەڵام ئەوەشتان پێ بڵێم دیاردەی قاچاخچیاتی تەنیا لە خاڵە سنوورییە فەرمییەکان دا ناکرێ، لە زۆر شوێنی تر هەیە کە زۆریش زەحمەتە، لە هەموو دونیاش دا ئەوە باوە، یەکێك بە شێوەیەکی نایاسایی لە شوێنێك قاچاخچییاتی دەکات، ئێمەش بیرۆکەمان هەیە کە چۆن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ بۆ کەمترین ڕێژە نزمی بکەینەوە، بەڵام ئەوەش دیسان من دەڵێم هیممەتی هەموو لایەکی دەوێ، ئیستیجابەشی دەوێ، بەتایبەتی لە حکومەتە لۆکاڵییەکان پێویستە زۆر زۆر یارمەتیدەری حکومەتی هەرێم بن لە جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانانەی کە لە وەزارەتە مەعنییەکانەوە دەردەچن.
ئەو برادەرەی کە باسی کرد بەدەر لە یاسا خەڵك گیراون، من دەڵێم ئەم قسەیە ڕاست نییە، بەدەر لە یاسا خەڵك نەگیراوە، ئەوانەی کە گیراون بە بڕیاری دادوەر گیراون، ئەوانەی کە گیراویشن تەنیا داوای مووچەیان نەکردووە بەڵکو تەحریزیان کردووە، ئیتر بە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانەوە یانیش وەکو تاك یانیش لە سۆشیال میدیاوە کە داوای ڕووخان و گرتن و سووتاندن و تێکدان دەکرێ ئەوە لە تەعبیر و دەربڕینی ڕا دەردەچێت دەکەوێتە خانی تەحریز کردن بۆ تاوان، ئەو برادەرانەی کە هەستاون بە دابین کردنی ئەمنییەت و ئاسایش بۆ هەموو هاووڵاتیان و پاراستنی شوێنی حکومی ئەوە بووەتە هۆکار کە ئەو کەسانەی تەحریزی ئەم شتانەیان کردووە، بەڵام کەسێك نابێت بڵێت من داوای ڕووخاندن دەکەم، داوای سووتاندن دەکەم، داوای تێکدان دەکەم، دەڵێ نەخێر من داوای حەقێکی خۆم دەکەم، هەر کەسێ ئازادە داوای حەقی خۆی بکات و لە هەر شوێنێکیش دەربڕینی هەست و بیروبۆچوون ئازادە کەس ناتوانێ ڕێگری لەوە بکات بەڵام کار گەیشتە ئەوە تەحریزی خەڵك بکرێ چەك بە کار بهێندرێ، تەقە لە پۆلیس و ئاسایش بکرێ، بریندار بکرێن، گیان لە دەست بدەن، فەرمانگە و بنکەکانی حکومەت بسووتێندرێ، ئەرکی حکومەتە پارێزگاری لە مولکی گشتی بکات، لە روحی هاووڵاتیانی تر بکات، ئەو کەسانەی کە تەحریکی ئەو بابەتانە دەکەن بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، من نەمزانیوە برادەرێك باسی کرد بیست هەزار فەرمانبەر دامەزراوە لەم کابینەیە ئێمە کەسمان دانەمەزراندووە، مەگەر هەندێ کەسی پسپۆڕی شارەزا نەبێت، ئەگەر تێبینی وا هەیە من حەز دەکەم دواتر بیدەن بە سەرۆکایەتی دیوان بۆ ئەوەی بزانین لە کوێ ئەو بیست هەزار کەسە دامەزراون.
ئەنجومەنی نەوت و گاز بۆچی دانەمەوزراوە؟ ئێمە بۆ مەعلوماتی خۆتان ئێمە لەسەر پێکهاتەی ئەنجومەنی نەوت و گاز تۆزێ جیاوازی بیر و بۆچوونمان هەیە، دەمانەوێ ئەو بۆچوونانە یەکلایی بینەوە لە کاتێکی نزیك دا، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبووە لەوەی کە ئەو لایەنانەی کە پێویست بووە بەشدار بن لە موناقەشات و بابەتی نەوت و غاز ئێمە بەردەوام کۆبوونەوەمان کردووە و

بەردەوامیش کۆبوونەوە دەکەین، لەسەر مەسەلەی دانەنانی وەزیری سامانە سروشتییەکان، جارێ بەپێی یاسا من وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیری سامانە سروشتییەکانیشم، کەواتە هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە لەوەی کە بگوترێ وەزیری سامانە سروشتییەکان نییە، ئێستا وەزیر هەیە، بەڵام بۆچی وەزیرێکی تر تا ئێستا دانەندراوە؟ ئێمە هەوڵمان دا لە کەسێك بگەڕێین کە بتوانێت ئەو مەلەفە وەکو پێویست بەڕێوەببات کە جێی متمانە بێت، توانای ئیش و کارەکەی هەبێت، چونکە ئیشەکە ئیشێکی موعەقەدە، ئەوەندە ئاسان نییە، لەلایەکی تریشەوە خۆم حەزم دەکرد لە زۆر لە وردەکارییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاگادار بم بزانم چۆن ئەو شتانە دەکرێن؟ چی دەکرێ؟ تاکو ئێستاش ئێمە دوو جاریش پێشنیاری دوو بەڕێزمان کردووە کە ئەم مەلەفە وەربگرێت و وەکو وەزیر دەست بە کار بێت ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین لەدوا پێداچوونەوەکانی خۆماندابن، هەر کاتێکیش ئێمە گەیشتینە ئەنجام داواتان لێ دەکەم ئەو بەڕێزە پێشنیار کراوە کە دێتە پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن، کە وەکو وەزیری سامانە سروشتییەکان دەست بەکار بێت، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە دزی هەیە، قاچاخچییاتی هەیە، من حەز ناکەم بە شێوەی گشتی هەموو لایەم تاوانبار بکرێن، ئەگەر یەکێك حەز دەکات خۆی دەربخات ئەوە بابەتێکی ترە، بەڵام ئەگەر واقیعی بن و لە ئاستی بەرپرسیارێتی ئەندامەتی پەرلەمان بن دەبێ واقیعی بن، لە ڕەخنە گرتنتان، لە ئاماژەکردنتان بە هیچ یەکێك لەو بابەتانە حەز دەکەم بە گشتی باس نەکەن، ئەگەر شتێك هەیە زۆر بە وردی دەتوانین ئێمە بە سوپاسیشەوە لێتان وەربگرین بزانین لە کوێ دزی و قاچاخچییاتی دەکرێ، چونکە من خۆم لە هیچ یەکێك لە ئێوە کەمتر نازانم لەوەی کە پەرۆشی ئەوە بم گەندەڵی بنبڕ بکرێ و چاکسازی بکرێ، شتێکە خۆم قەناعەتم پێیەتی، بۆ ئەوەم نییە ئێوە ڕازی بکەم، بۆ ئەوەمە ویژدانی خۆم ڕازی بکەم، خوای خۆم ڕازی بکەم، من دەمەوێ زیاتر لە هەمووتان بابەتی گەندەڵی لەم وڵاتە بنبڕ بکرێت، چاکسازی ڕاستەقینە بکرێت، بەڵام دەبێ واقیعیش بین، ناکرێ شت بە موزایەدات ناکرێ، دەبێ ئێمە زۆر زۆر بە جیددی بێین ئەو خاڵانەی کە پێویستن چاکسازیان تێدا بکرێ دەستنیشان بکەین و بزانین چۆن بکرێ، یەعنی هەندێك جار نائینصافییە کە دەڵێ بە شەست ڕۆژ نیو مووچە دەدرێ، ئەوە وا نییە، وانییە بە شەست ڕۆژ نیو مووچە نەدراوە، لەم کابینەیە ئێمە ئێستا (١٣) مانگ بووە ئێستا چووینەتە مانگی (١٤) ئێمە (١٢) مانگ مووچەمان داوە، تەنیا دوو مانگی بەڕێژەیەکی کەمتر لەوەی پێویست، ئەویش لەبەر ئەوەی بودجەمان نەبووە، لەبەر ئەوەی پارەمان نەبووە، ئەگەر بە پێی بڕیاری حکومەتی عیراق بوایە دەبوایە سێ مووچە هەر نەدەین، چونکە سێ مووچەیان ئەسڵەن بۆ ئێمە نەناردووە، کە هەندێك جار دوا دەکەوێ خەتای ئێمە نییە، ئێمە تووشی ئەو هەموو قەیرانانە بووین دەبوایە ئێمە یارمەتی ئێمە بدەن بۆ ئەوەی چۆن ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانە ببینەوە، من نەهاتووم ڤایرۆسی کۆرۆنام هێنابێتە کوردستان، من سعری نەفتم دانەبەزاندووە، ئەم کابینەیە بەرپرس نییە لە هەرەس هێنانی کەرتی ئابووری لە هەموو دونیادا، خەتای ئێمە نییە، زۆر وڵاتانی زلهێزیش ئەم کێشەیەیان ڕووبەڕوو بۆتەوە، زۆر وڵاتان مووچەی خۆیان کەم کردۆتەوە، یەعنی کە تۆ دێیت لەگەڵ واقیعێکدا تەعامول دەکەی، من حەز دەکەم ئێوە واز لە موزایەدات بینن، لەگەڵ واقیع تەعامول بکەن، بزانن ئایا خەیاری تری ئێمە چی بوو؟ خەیاری تری ئێمە ئەوەبوو ئێمە تەسلیمی واقیعێکی ناخۆش و تاڵ

بین و هیچیش نەکەین، ئێمە تەسلیم نەبووین، ئێمە هەوڵمان دا خەرجییەکانی خۆمان کەم بکەینەوە، داهاتی ناوخۆ زیاد بکەین، لەگەڵ حکومەتی عیراق بەردەوام بین، ئەوەی پێمان بکرێ لەو کاتەی کە پێویست بێ ئەو بڕە مووچەی کە لەبەردەستی ئێمەشە بۆ هاووڵاتیان دابینی بکەین، بە شێوەیەکی گشتی با کارەبا و با ئاو و نازانم ڕێگا و بان و ئەوانە بکرێ، ئێ باشە نەکراوە؟ لە ئاستی تمووحی ئێمەدا نییە قەینا، بڵێن لە ئاستی تمووحی ئێمەدا نییە، بەڵام هیچ نەکراوە نە کارەبا کراوە نە ڕێگە و بان کراوە، چۆن نەکراوە؟ ئەو هەموو ڕێگەوبانەی کە ئێوە هاتووچووی پێ دەکەن چییە؟ ئەو هەموو نۆژەنکردنەوەی کە بەتایبەتی لەم کابینەیە، من لە ڕاپۆرتەکەشمدا ئاماژەم پێکرد کە چەند ڕێگەوبان نۆژەنکراونەتەوە، چەند پرۆژەی ستراتیجی ڕێگەوبان لە ژێر جێبەجێ کردندان، ئەی ئەوانە چین؟ چۆن ئیش نەکراوە؟ ئایا لە ئاستی تمووحی ئێمەدایە؟ نا، بۆچی؟ چونکە ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژە گرنگانە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەدا نییە، بەڵام بۆ چارەسەر کردنی ئەوە کە ئێوە زۆر پرسیاریشتان کردووە بەدیلی ئێوە چییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتانە؟ ئێمە هەوڵی ئەوەمان داوە کە وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی وا بکەین کە وەبەرهێنەر بێنە ئێرە، لێرەدا پارە ئیستیسمار بکەن، هەلی کار دروست بکەن، کەرتی ناوخۆ دەست بە کارەکانی بکاتەوە، سەرەڕای ئەو قەیرانانەش ئەگەر ئێستا ببینن ئێستا جوولە کەوتۆتەوە بازاڕ و دەست بە جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیش کراونەتەوە، زۆر پرسیارەکان ئەوە بوون ئێ باشە ئەگەر ئێوە پارەی مووچەتان نییە ئێ بۆ پرۆژە ؟ کاکە ئەوە پارەی حکومەت نییە پرۆژەکانی پێ دەکرێ، ئەوە پارەی کەرتی تایبەتە کە پرۆژەکانی پێ دەکرێ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی حکومەت بێ ئەو بڕە پارەیە لەم شتانە تەرخان بکات بۆ هاندان و پشتگیری کردن لە کەرتی تایبەت ڕێگەی بە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانەی داوە کە لە ئەنجام دا هاووڵاتیان سوودمەندن، ئەرکی حکومەت ئەوەیە هاووڵاتی سوودمەند بێ، ئەرکی حکومەت ئەوەیە ئەم جوولەیە دیسان دەست پێ بکرێتەوە، ئینجا لەسەر ئەوە من حەز دەکەم ئەوە بزانن کە ئیش کراوە، ئێمە زۆر پرۆژەی تریشمان لەبەر دەستە، کە لەسەر هەموو پارێزگاکانیش خەریکین جێبەجێیان بکەین، ئێمە لە سەرەتای کابینەکەشدا باسی ئەوەمان کردووە بۆ هەمەجۆر کردنی داهات، ئێمە ناتوانین تەنیا ئیعتیماد لەسەر نەوت و غاز بکەین، ئەگەر باشترین سیاسەتی نەوت و غازیشمان هەبێت، بەڵام ئەوە سەرچاوەیەکە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرەو کۆتایی دەڕوات، ئەی ئەو کاتە چی بکەین؟ پێویستە ئەو سەروەتە ئیستیسمار بکرێ بۆ سەروەتێکی تری لە بن نەهاتوو، کە ئەوەش کشتوکاڵە، پێویستە ئێمە گرنگییەکی یەکجار زۆر بە کەرتی کشتوکاڵی بدەین، چونکە ئەوە سەروەتێکە کۆتایی نایێت، هەرێمی کوردستان مەناخێکی زۆر زۆر جیاواز و باشی هەیە کە ئێمە بتوانین ئەم داهاتە وەکو داهاتێکی بنەڕەتی و سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ هەرێمی کوردستان سەیری بکەین و ئیشی تێدا بکەین، هەروەها پیشەسازی، ئەو وڵاتانەی کە پیشەسازیشیان تێدا هەیە زۆر گرنگی بەوە دەدەن کە ئەسڵەن دروست کردنی بنەمای کەرتی پیشەسازیش لە کشتوکاڵییەوە دەست پێ دەکات، ئێمە گرنگی بەم کەرتە بدەین دەتوانین کەرتی پیشەسازیش بەرەو پێشەوە ببەین، چەندین پرۆژەشمان هەیە بۆ ئەوەی کە ئەم کەرتەش تەفعیل بکەین و ئەنجامی باشتریشمان هەبێ، بەڵام لێشتان ناشارمەوە ئەوە بە مانگێك و دوو مانگ ناکرێ، تۆ ناتوانی ئێستا کارخانەیەك یان

شتێك دروست بكەی بڵێی دوای مانگێكی تر بەرهەمەكەی دەبینم، ماوەی دەوێ، ئێوە دەبێ یارمەتیدەرمان بن، بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە بەم هەموو كێشە و گرفتانەی دەربازی بكەین بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانین زۆرێك لەو كێشانە چارەسەر بكەین، جگە لەوەی كە لە هەوڵەكانی خۆشمان بەردەوام دەبین بۆ دابین كردنی ئەو شایستە داراییانەی كە حكومەتی فیدراڵی پێویستە بۆ هەرێمی كوردستان دابینیان بكات.
برادەرێك باسی ئەوەی كرد كە شاندی هەرێم لەگەڵ شەخص تەعامول دەكات بە عیلاقاتی شەخصی شت بەڕێوە ناڕوا، بەعەكسەوە ئێمە لەگەڵ شەخص تەعامولمان نەكردووە، بەو شێوەیە ویستوومانە ڕێككەوتن هەبێت، ڕێككەوتنی نووسراو هەبێت لە بەینی حكومەتی فیدراڵی و لە بەینی حكومەتی هەرێم، بەڕێككەوتنی شەخصی دەكرێ بە تەلەفۆن ڕێككەوتنی شەخصی بكرێ، بەڵام ئێمە لەسەرەتای ئەم كابینەیە كە شاندی ئێمە چوو بۆ بەغدا لەگەڵ حكومەتی بەڕێز عادل عبدالمهدی پرۆژەیەكمان تەقدیم كرد و ئەو پرۆژەیە بوو بە بنەمای بەدواداچوونی پرۆژەكانی داهاتووی ئێمەش، یەعنی هی ئێستاش كە شاندەكانی ئێمە چوون هەر ئەوەیان وەكو بنەما قبوڵ كردووە، كەواتە ئێمە لەگەڵ موئەسەسە وەكو موئەسەسە تەصەروفمان كردووە، وەكو موئەسەسەش لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی عیراقی تەعامول دەكەین، بەڵام خەتای ئێمە نییە كە سەرۆكی وەزیران لە عیراق گۆڕاوە، خەتای ئێمە نییە كە بەرپرسانی عیراق بە ئیجتیهادی شەخصی تەصەروف دەكەن و پێشێلی مافە دەستورییەكانی هەرێم دەكەن، ئەو پرسیارە من داوا دەكەم ئاراستەی بەرپرسانی بەغدا بكەن.
ئەو برادەرەی كە دەڵێ دەست لە كار بكێشنەوە با خەڵكی تر حكومەت بەڕێوە ببات ئەگەر ئێوە ناتوانن ئەوە بكەن با خەڵكی تر بێ ئەم شتانە بكات، وەڵلاهی برایانی بەڕێز حەقی خۆتانە وا بڵێن چونكە ئێوە لە ئۆپۆزسیۆنن، لە ئەساس دا دەتانەوێ ئەم حكومەتە سەركەوتوو نەبێت، حەقی خۆتانە هەموو هەوڵی خۆتان بدەن بۆ ئەوەی ڕێگری بكەن بۆ ئەوەی خۆتان بە باشتری بێننە بەرچاو و بە خەڵك بناسێنن كە ئێمە باشترین، بەڵام لێرەدا شتێك هەیە، هەڵبژاردنێك كراوە خەڵك ئێمەی دیوە و ئێوەشی دیوە، دەنگی بە ئێمە داوە و بە ئێوەی نەداوە، كەواتە زۆرینەی خەڵك ئێمەی ویستووە و ئێوەی نەویستووە، بەڵام مەجالتان لەبەردەمە بۆ ئەوەی بتوانن ئەم حكومەتە بڕوخێنن لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوو هەموو هەوڵێكی خۆتان بدەن، متمانەی خەڵك وەربگرن، پێویست بە ڕووخانی حكومەت ناكات، پێویست بە گۆڕانی حكومەت ناكات، خۆتان ئەو كاتە دەبن بە حكومەت، ئەگەر پێویستیتان بە دیموكراسیەتە ئەم پرۆسەی دیموكراسییە بگرنەبەر، ئیشی چاك بكەن، واز لە ئەوە بێنن یاری بە عەواتفی خەڵك بكەن، ئەو وەختە من دڵنیام خەڵك زیاتر ئێوەی خۆش دەوێ و ئەو كاتە سندووقی هەڵبژاردن بڕیار دەدا كە خەڵك زیاتر لەگەڵ كێیە و كێی پێ خۆشە.
ئەو برادەرانەی كە داوایان كرد بۆ خزمەتگوزاری لە شوێنەكانی كلدۆ ئاشوورییەكان یان هەندێ شوێنی دوور دەست، وەڵلاهی بەداخەوە بەڵام ئەگەر ئەوە شوێنێكی وایە كە حكومەتی هەرێم دەتوانی بیكا و بە عەمدی نەیكردووە كە من باوەڕ ناكەم بەم شێوەیە بێ، لەوانەیە شوێنەكە دوور دەست بێ یان لە پرۆژەكانی حكومەت دا بەرچاو نەگیرابێ، بەڵام بێگومان ئێمە بەجیددی لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین، من حەزیش دەكەم ئەوە بزانم پێكهاتەكان جیاوازی ئاینی و ئەتنی

لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە جێگەی شانازییە، ئێمە بە شانازییەوە سەیری هەموویان دەکەین، حەز دەکەین یەکسانیش لە بەینی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دا پەیڕەو بکەین، چ لە ڕووی جوگرافییەوە، چ لە ڕووی مەزهەبییەوە، چ لە ڕووی نەتەوەییەوە ئەم فەرق و جیاوازییە لەم کابینەیە هیچ مەعنایەکی نییە و قبوڵیش نەکراوە و ناشیکەین، لە هەر شوێنێکیش پێویست بێ خزمەتگوزاری بە خوشك و برا مەسیحییەکانمان، خوشك و برا تورکمانەکانمان، خوشك و برا کوردەکانمان لە هەر شوێنێك بتوانن پێی بگەین دەیکەین، بەداخەوە هەندێ شوێن بوونەتە شوێنی ململانێی سەخت، شەڕ و پێکدادان بووە، لەوانەیە ئەوە یەکێك لە هۆکارەکان بووبێت، بەڵام دیسانیش هەوڵ دەدەین ئەو پرسیارەی جەنابت بە هەند وەربگرین و کاریشی لەسەر دەکەین.

ئەوە وەڵامی بەشێك لە پرسیارەکانی تریش بوون کە دامانەوە، زۆر پرسیار لەسەر ئەوە بە چ فەرمانێك؟ بە چ یاسایەك مووچە؟ مووچەمان نەبڕیوە، ئێمە ئەو بڕە مووچەمان بەردەست بووە، هەر ئەوەندە بودجەمان لەبەر دەست بووە، یان دەبوایە نەیدەین، یان دەبوایە وەکو برادەرێك گوتی دوو مانگ جارێم بیدەین، بەڵام هەر دیسان دەبوو بە کێشە، ئینجا ئەوەی کە کراوە بە بڕیاری بڕینی مووچە نییە، ئەوە دانی مووچەیە بەو پێوەرەی کە ئێمە ویستوومانە خۆمان بگونجێنین لەگەڵ بودجەی بەردەست، هەر ئەوەندەمان پێکراوە، ئەوەندەمان لەبەر دەست بووە، ئەگەر برادەرێکیش دەتوانێ بۆمان پارە دابین بکات کە بتوانین مووچەکان بدەین فەرموو وەڵلا سوپاسیشی دەکەین، بەڵام ئەوەشتان لەبیر نەچێ ئەم کابینەیە پارەی قەرز نەکردووە کە ببێتەوە بە گرفتێك بۆ حکومەتەکانی داهاتووش، ئێمە هیچ پارەشمان قەرز نەکردووە، بەوەی کە هەیە تەعامولێکی زۆر زۆر باش و ڕێکمان لەگەڵ ئەو بڕە داهاتە کردووە کە لەبەر دەستی ئێمەیە، دەبێ پشت بە خۆمان ببەستین، ڕاستە، دەبێ داهاتی خۆمان زیاد بکەین، پرۆژەی باشیشمان هەیە، ئێمە هەروەکو باسم کرد لە وەبەرهێنان یەك هەزار پرۆژەمان پێشکەش کردووە کە ئێستا زۆر وڵاتانی بیانی و وەبەرهێنەرانی ناوخۆییش هاتوون هەندێکیان دەست بەکاریش بوون، تەبەنی بەشێك لەو پرۆژانەیان کردووە، ئێمە گرنگی بە زیاد کردن یان گرنگی بە کەرتی تایبەت دەدەین بۆ ئەوەی ئەو هەلی کارانەی کە پێویستن دابین بکرێن، ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو ئیستیسماراتانەی کە پێویستە، ئەو وەبەرهێنانەی کە پێویستە لە کەرتی کشتوکاڵی دا و لە کەرتی پیشەسازی دا دوای کۆرۆنا لە کەرتی گەشت و گوزاریش دا بکەین، من دڵنیام دەتوانین داهاتی ناوخۆمان بە ئاستێك بەرز بکەینەوە کە لە کاتی قەیران و ناخۆشیش دا بتوانین ئیعتیمادی لەسەر بکەین و ئەم گرفتانەی وەکو ئێستا بۆمان هاتوونە پێشەوە دووبارە نەبنەوە، بەڵام ئەوە کاتی دەوێ، من ناتوانم یەعنی عەصای سحریم بەدەستەوە نییە بە شەو و ڕۆژێك بتوانم هەموو شتێك بگۆڕم، بەڵام بەجیددی ئەگەر واز لە موزایەداتی سیاسی بینین، یەعنی هەموومان خەریکی ئەوە بین چۆن وەزعی خەڵك باشتر بکەین، جارێ پێش هەموو شتێك من زۆر زۆر لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە ئیستیقراری سیاسی هۆکارە بۆ بووژانەوەی ئابووری، بەڵام کە نەهێڵن ئیستیقراری سیاسی دروست بێ، خەڵك تۆزێ ئەوە تەئسیر دەکات لەسەر بازاڕ، لەسەر گەشەی ئابووری، لەسەر هەموو وەزعی هەرێمی کوردستان کاریگەری هەیە، لەبەر ئەوە لە جیاتی شیعاری تێکدان و بەرد فڕەدان و بارەگا سووتاندن و تەحریکی خەڵك و ناشیرین

کردنی وڵات و لە جیاتی ئەو شتانە بکەن هەوڵی ئەوە بدەن دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر ئەم قەوارەیە بپارێزن، خزمەتی هاووڵاتیانی خۆتان بکەن، خۆتان لەبەر چاوی خەڵك شیرین بکەن، هەوڵی ئەوە نەدەن خەڵکێکی کین لە دڵ و ڕق لە دڵ ئێوەی خۆش بوێ، هەوڵی ئەوە بدەن خەڵکێك کە کوردستانی خۆش دەوێ ئێوەی خۆش بوێ، ئەگەر ئێمە بەیەکەوە بتوانین ئەو شتانە بکەین دڵنیام دەتوانین زۆر لەو قۆناغە ناخۆشتریش دەرباز بکەین و بەرەو قۆناغێکی باشتر هەنگاو بنێین.
ئەوەی کارەبا کە دەڵێن کەرتی تایبەت ئەگەر نازانم چی بکرێ، خوشك و برایانی بەڕێز کارەبا من بۆم باس کردن، کارەبا لە چ ئاستێك گەیشتۆتە چ ئاستێك، کە ئەوە سیاسیەتێکی سەرکەوتووی باشی حکومەت بووە توانیویەتی کەرتی کارەبا بەم شێوەیە باشتر بکات، وەڵلا من چاوەڕێی ئەوە بووم دەستخۆشیمان لێ بکەن، بەڵام بەداخەوە دیارە بەس تەرکیزتان لەسەر شتە ناخۆشەکان کردووە و شتی باشیش ناتانەوێ ئاماژەی پێ بکەن، بەڵام دانەوەی بە کەرتی تایبەت یان چۆن تەعامول لەگەڵ ئەوە دەکرێ یەك شت گرنگە، شتێك گرنگە ئەویش ئەوەیە کە هاووڵاتی سوودمەندی یەکەم بێت، نرخ لەسەر هاووڵاتی زیاد نەبێت، ماوەی دانی کارەبا زیاد بکرێت و کارەبا بۆ هەموو شوێنەکان دابین بکرێت، ئەوەیە ئەرکی حکومەت کە بتوانێ ئەوە بکات، ئیتر چ ڕێکارێك دەگرێتەبەر؟ چۆن دەیکات؟ مادام ئەرك نییە بەسەر حکومەتەوە و ئەرك نییە بەسەر هاووڵاتییەوە پێویستە ئێوە پشتیوان و یارمەتیدەر بن، بۆ ئەوەی ئایا بۆ وەرگرتنی پرۆژە هیچ شوێنێك هەیە؟ خەڵك دەیانەوێ بچن پێشنیار بکەن، بەڵێ ئێمە دەستەی وەبەرهێنان هەیە، وەزارەتە مەعنییەکان هەنە، هەر کەسێ پرۆژەی هەبێ دەتوانێ بچێ پێشنیار بکات و پێشکەشی بکات و من دڵنیام کە بە دڵخۆشیشەوە لێتان وەردەگرن، برادەرێکی تر باسی زیندانیانی سیاسی کە بۆ مووچەکانیان نازانم، بەپێی یاسا ئەو زیندانییە سیاسییانە ماوەی (١٠) ساڵیان بۆ دانراوە کە یارمەتی بدرێن، کە ماوەکەیان تەواو بوو ئیتر بە پێی یاسایە، یەعنی ئەوە با دیسانیش ئەو بابەتە نەبێ بە موزایەدە، بەڵام بەپێی یاسا تەعامول لەگەڵ ئەو بابەتەدا کراوە، وەڵلا تەقریبەن ئەوەی من پێویست بێ باسم کردووە، وابزانم ئەوانە بوون کە پێویست بوون من وەڵامیان بدەمەوە، من داوا دەکەم ئەگەر کاك قوباد لەسەر بەتایبەتی مەسەلەی ئاسەواری دوو ئیدارەیی و دەروازە سنوورییەکان و ئەوانە ئەگەر قسەیەکی هەبێ بیکات، کاك ئاواتیش لەسەر بابەتی بودجە تۆزێك قسەی زیاتر بکات، کاك ئامانجیش لەسەر مەسەلەی نەوت و تۆزێ ئەگەر جوزئیاتی زیاتر یان تەفیصیلی زیاتر پێویست بێ با فەرموو قسە بکات، ئەگەر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ڕێگە بدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بێگومان، سوپاسی بەڕێزت دەکەین، هەموو پرسیار و ڕوونکردنەوە و تێبینییەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتییانەوەیە، بەرهەمی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیانە لەگەڵ دەنگدەرەکانیان، سروشتی دەنگدەری هەر یەکێك لە هێزە سیاسییەکان جیاوازی هەیە، ئەم سروشتی دەنگدەرە ڕەنگە جۆرێکی جیاواز لە فشار لەسەر ئەندام پەرلەمانەکان دروست بکات، لە کاتێك دا داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە هەموومان پشوو درێژ بین بەیەکەوە، داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەم کە لە بەکارهێنانی

وشە و دەستەواژە و زاراوەی موتڵەق خۆیان بپارێزن، چونکە هەموو خەڵك گەندەڵ نییە، هەموو بەرپرسان گەندەڵ نین، خەڵکی باشیش هەیە، خەڵکی خراپیش هەیە، بۆ بەردەوامیدانیش داوا لە بەڕێز کاك قوباد دەکەین وەکو ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داوای لێ کردوون بەڕێزیان قسە بکات، دواتریش هەر وەزیرێکی بەڕێز ڕوون کردنەوەی هەیە دەتوانێ قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

**ئەندام پەرلەمانی بەڕێز.**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە و سوپاسی هەمووتان دەکەین بۆ پرسیارەکانتان، بۆ تێبینییەکانتان، بۆ ڕەخنەکانتان، هیوادارین کە ئەم دانیشتنەمان ببێتە مایەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ببێتە مایەی بەهێزکردنی نەك هەر پەیوەندییەکانمان بەڵکو هەماهەنگییەکانمان بەدەر لە لیجانەکان کە وەکو سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ ڕۆژانەی خویانیان هەیە، بەڵکو لەگەڵ ئێمە و مانانیش لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سوپاسی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەکەین، هەم وتارێکی تێر و تەسەلی پێشکەش کردن و پێموایە نەك تەقریبەن بەڵکو ڕەنگ بێ بە زیادیشەوە وەڵامی پرسیارەکانی دابووبێتەوە بە وردی و بە تەفاصیلێکی زۆرەوە، هەندێ بابەت هەبوون کە دوو سێ جار باس کران بە ئیجازەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە و ئێوەی بەڕێزەوە حەز دەکەم تەکمیلەی بکەم، هەندێ بابەت هەیە کە پێموایە پێویستە زیاتریش قسەیان لەسەر بکەین، یەکێکیان/ پەیوەندییەکانی ئێمە و بەغدایە، بەتایبەت ئەو دانووستاندنانەی کە ئەنجام دراون و وەزعی ئابووری بە عام لە هەرێمی کوردستان و چۆن هەرێم دەرباز دەبێ لە قەیرانە دارایی و ئابوورییەکان، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێمە و بەغدا، سەبارەت بە دانووستاندنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دەتوانم ئاماژە بەوە بدەم کە یەك ڕۆژ دوای سوێند خواردنی ئەم کابینەیە بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەندەی موخلیصتان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران چووین سەردانی بەغدامان کرد، ئەوە خۆی لە خۆی دا پەیامێك بوو بۆ خوشك و برایانمان لە حکومەتی فیدراڵی، نەچووین بۆ واشنتن، نەچووین بۆ تاران، نەچووین بۆ ئەنقەرە، یەکەم سەردانمان بۆ بەغدا بوو، لەوێش پەیامێکی زۆر ڕوون و ئاشکرامان گەیاند کە ئێمە دەمانەوێ ئەوەی پێشتر بووە و ڕوویداوە ڕوویداوە، ئێمە دەمانەوێ باشترین عیلاقەمان هەبێ، عیلاقەیەکی کاریگەر و بەرجەستە لەگەڵ حکومەتی عیراقی، حکومەتی فیدراڵی، هەتا موستەلەحێکمان بەکار هێنا کە عونقی ستراتیجی هەرێمی کوردستان بەغدا دەبێت، ئێمە بەو پەیامە ڕۆیشتین و ئەم پەیامە پێموایە بە ئیجابی وەرگیرا، هەر یەکسەر دوای سەردانی ئێمە بۆ بەغدا هەردوو بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی فیدراڵی ئەو کاتە لەگەڵ شاندێکی باڵایان هاتن بۆ هەرێمی کوردستان و دانووستانەکانمان لەوێ لە مانگی حەوت و هەشت بە چڕی گەشەیان کرد، ئەم موناقەشانە بە حوکمی ئەوەی من ڕەنگ بێ تەمەنم زۆر نەبێ بەڵام دەمێکە لە ناو ئەو پەیوەندییەی نێوان بەغدا و هەرێمم، من هەستم کرد کە باسی هەندێك

شتی نوێمان دەکرد لە موناقەشەکانەوە هەندێ عوقدەی کە ڕەنگ بێ لە ڕابردوودا هەبووبن نەمابوون، باسی مەوزووعی ڕادەست کردنی نەوت و ڕادەستکردنی داهات و قەرز و یەعنی ئێمە هەندێك شتمان باس کرد کە ڕەنگ بێ پێشتر چ لەلایەن ئێمەوە چ لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە زۆر حەددی بووبین لە ڕابردوو، لەم داووستاندنە هەستمان دەکرد کە جەوێکی تازە هەیە، نییەتێك هەیە بۆ ڕێککەوتن، بەداخەوە لە مانگی (١٠)ی ٢٠١٩دا کە عیراق دووچاری خۆپیشاندانێکی سەخت بووەوە، لە بەشێکی زۆری پارێزگاکانی عیراق ئەم خۆپیشاندانانە قەتعێکیان دروست کرد لەو پەیوەندییە و لەو دانووستاندنەی کە هەبوو لە بەینی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵییەوە، ئەو قەتعەش چەند مانگێکی خایاند تاکو دۆخەکە تۆزێك هێوڕ بووەوە، بەڵام خۆتان بینیتان چی ڕوویدا و چۆن ڕوویدا و چ تەئسیرێکیشی هەبوو لەسەر حکومەتی عیراقی، بەڵام دەتوانم بڵێم هەر دۆخەکە تۆزێك هێوڕ بووەوە لە کۆتایی ٢٠١٩دا بەڕێز وەزیری داراییمان، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووستاندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دا لە چەند سەردانێکیان بۆ بەغدا توانیان بگەنە بناغێك، ڕەشنووسێکی ڕێککەوتنێك کە بە هەموو پێوەرێکەوە ڕێککەوتنێکی زۆر باش و ستراتیجی بوو بۆ هەرێمی کوردستان کە هیوامان وابوو ئەم ڕێککەوتنە ببێتە بەشێکی ئەساسی لە پرۆژە یاسای موازەنەی ٢٠٢٠، بەڵام دەتوانم بڵێم سێ ڕۆژ دوای ڕێککەوتن لەگەڵ بەڕێزان لە حکومەتی ناوەندی، سێ ڕۆژ دوای ئەو ڕێککەوتنە حکومەتی فیدراڵی ئەو کاتە لەبەر فشاری شەقام و ئەو کارەساتانەی کە ڕوویاندا لە خۆپیشاندانەکان دەست لە کارکێشانەوەی خۆیانیان تەقدیم کرد، ئەو دەسەڵاتەیان نەمابوو کە پرۆژە یاسایەك تەقدیم بە پەرلەمانی عیراق بکەن، بۆیە بە تەواوەتی ئەو پرۆسەیەمان وەستێنرا، خۆتان دەزانن لە بیدایەتی ساڵی ٢٠٢٠ چەند حەدەسی گەورە ڕوویاندا لە عیراق کە بە تەواوەتی کاریگەرییان هەبوو لەسەر دۆخی سیاسی، دۆخی ئەمنی وڵاتەکە، دوای ئەمە پەتای کۆرۆنا، وە الا اخرە، لە پاڵ ئەمەش فەراغێکی قانوونی دروست بوو، لە عێراقدا، پرۆژە یاسای (٢٠٢٠) پەسەند نەکرا، حکومەتێکیش نەبوو، کە حکومەتێکی سابت بێ، تەنها حکومەتێکی کاربەڕێکەر، سەرپەرشتی کارەکانی ئەکرد، لە کاتێکیشدا کە چەند محاوەلەیێك بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فێدراڵی شکستی پێهێنرا، لە پرۆسەی پەرلەمانی خۆیان، لە پێش دەست بەکاربوونی حکومەتی بەڕێز (کازمی) پێش ئەوەش، دوای ئەوەش، ئێمە دانوستانەکانمان دەست پێکردەوە، بەندەی موخلیصتان ئەو شەرەفەی پێبەخشرا، کە سەرۆکایەتی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکا، ئەتوانم بڵێم دیسانەوە هەوڵماندا ئێمە بە هەمان نیەتی جاران، بەهەمان نیەت کە پێش قتعەکە دروست ببوو، پەرە بەو پەیوەندیانە بدەین، بگەینە ڕێکەوتنێکی سەرتاسەری، لەگەڵ حکومەتی فێدراڵی، ئەوە بوو تۆزێك چوینە پێشەوە لەگەڵ بەڕێز (د.عادل)، لە کۆتایی تەمەنی حکومەتەکەی، چونکە هێشتا ئەمەلێك هەبوو، کە بگەرێتەوە، کە ئەو ئەمەلە نەما، یەکسەر جەلسەی پەرلەمانی فێدراڵی ڕێکخرا، حکومەتێکی نوێ سوێندی خوارد، ئێمە هەر لەوێ بووین ئەو کاتەی کە ئەمە ڕوویدا، بۆیە هەر یەکەم ڕۆژ دوای سوێند خواردنی بەڕێز (کازمی) چوینە خزمەتی، پێمان وت کە ئێمە لێرەین، ئێمە ئەمانەوێ ڕێککەوین، لەگەڵتانا، ئێمە ئەمانەوێ پەرە بەو پەیوەندیانە بدەین، نامانەوێ تەنها کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، ئەمانەوێ هاوکارتان بین، وەکو بەشێکی کاریگەر لەم وڵاتە، بۆ چارەسەر کردنی

کێشەکانی هەمو وڵاتەکە، چونکە عێراق وەزعی باش بێ، ئێمەش وەزعمان باش دەبێ، ئێمە ویستمان بەو پەیامە بڕۆین، وەفدی خۆیانیان تەشکیل کرد، ئێمەش دووبارە گەراینەوە، بڕیار وا بوو کە بە دوو قۆناغ ئێمە رێککەوین، قۆناغی یەکەم، قۆناغێکی کاتی یە، لە بەینی ئێستا و پەسەند کردنی پرۆژە یاسای (٢٠٢٠)، قۆناغی دواتریش قۆناغی ستراتیژی درێژخایەن بێ، کە بتوانین لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەمان پیاچوونەوە بە چەند خاڵێکە گرینگی نێوان هەرێم و بەغدایا بکەین، کە رەنگ بێ مەودایان مام ناوەند و درێژخایەن تر بێت، کە لە چوار چێوەی چەند دانیشتنێکی چڕ و پڕ، لەگەڵ شاندی دانوستانکاری حکومەتی فێدراڵی بە پشتیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە گەیشتین بە رێککەوتنێکی کاتی، ئەمە ئەو رێککەوتنەیە کە ئێستا ئەمڕۆ بەرکارە، ئەمە بە هەموو پێوەرێکەوە رێککەوتنێکی کاتی یە، لەبەر ئەوەی بۆ پڕکردنی ئەو بۆشاییەیە کە ئەو فەراغە قانوونیەی کە هەیە، لە غیابی پرۆژە یاسای (٢٠٢٠)، بەڵام لە چوارچێوەی سەردانەکانمان بۆ بەغدا، لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەی کە هەمان بوو لەگەڵیان، ئەو پەیوەندیانەی کە هەمانە لەوێ، یەك شت زۆر وازحە، ئێمە بەشێکین لە وڵاتێك کە خۆی کێشەی زۆرە، کێشەی دارایی زۆر گەورەی هەیە، کێشەی ئابووری هەیە، کێشەی سیاسی هەیە، کێشەی ئەمنی هەیە، کێشەی ناوچەیشی هەیە، بەشێکی زۆری کێشەکانی ئێمە، ئەو کێشانەی کە ئێمە هەمانە لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی حکومەتی فیدراڵیش هەن، رەنگ بێ حەجمەکەشیان گەورەتر بێت، بە حوکمی ئەوەی کە وڵاتەکە گەورەترە، دانیشتوانی زیاترە، رەنگە کێشە سیاسییەکان ئاڵۆزتر و فراوانتر بن لەوانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن، بۆیە ئەمە وای لێکرد ئێمە ئەبێ خۆمان واقعی بین، لە دەرەنجامی ئەم گفتوگۆیە، لە دەرەنجامی ئەم رێکەوتنانە، چ کاتی بن، چ درێژخایەنەکان بن، راستە ئێمە چارەسەری کێشەی ئێمە لە دەرەنجامی رێکەوتنێك دەبێت، لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، بەڵام ئەبێ واقعیش بین لەوەی کە عێراق لەم زروفە، لەم کاتە، ئێستا رەنگ بێت بە هەر رێکەوتنێکیش بێت رەنگبێت نەتوانێ تەواوی کێشەکانی ئێمە حەل بکات، چونکە ناتوانێ تەواوی کێشەکانی خۆشی حەل بکات، ئێمە دەبێ راستگۆ و راشکاوانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە بکەین، حەتا لە چوارچێوەی ئاخیر دانیشتنمان لە بەغدا، هەر بۆ سوعبەت پێشنیارێکم کرد، وتم باشە ئەگەر ئێمە مشکیلەکەین، فەرموو ئەوە چەند مانگێك داهاتی نەوتی هەرێم هەمووی بۆ خۆتان، چەند مانگێك داهاتی خاڵە سنوورییەکان هەمووی بۆ خۆتان، داوای یەك فلسیشتان لێناکەین، ئایا بەم ئیجرائاتە مشکیلەی ئێوە حەل دەبێت وەکو حکومەتی فیدراڵی یان نا؟ زۆر بە وازحی وتیان، کێشەی ئێمە بەوە حەل نابێت، چونکە کێشەکەی عێراق و عەزجە داراییەکەی کە هەیەتی زۆر گەورەترە لەو بەشە نەوتەی کە هەرێمی کوردستان بەرهەمی ئەهێنێ، بۆیە ئەوانیش گەیشتوونەتە قەناعەتێك کە ئەبێت چاکسازییەکی جدی بکرێ، لە ناو سیستمی حوکمڕانی عێراق، چاکسازییەك لە بواری دارایی، چاکسازی لەبواری مالی، وەرگرتنی قەرزێکی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی ئەو عجزەی خۆیان، ئەو شەرەی خۆیان هەیە لە بەینی حکومەت و پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی موازەنەی (٢٠٢٠) هەندێ جیهەت نایانەوێ ئەو موازەنەیە پەسەند بێ، لەبەر ئەوەی کە ئەمە دەرگا ئەکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی قەرزێکی زیاتر وەربگرێ، کە ئەمەش لەخۆیدا رەنگ بێت کێشەکانی عێراق زیاتر بکات، ئەمانەش هەموویان کاریگەریان

هەیە، لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە کە لەو دانوستاندنەین نامانەوێ بڵێین، داوای شتێك بکەین کە ناواقعی بێت، بڵێین بابە تۆ بەشی ئێمە حەل بکە، قیروسیا خۆتان چیتان بەسەردادێت، وا بێت ئەوا ناواقعیە، بەڵام لە عەینی کاتیشدا نابێت وەزعی عێراق باش بێت، وەزعی هەرێمی کوردستان خراپ بێت، ئێمە وتومانە، ئێمە ئامادەین، بەشی خۆمان ئەو ئازارە هەڵگرین کە حەجمی خۆمان بێت، بەڵام نابێ ئێمە بێن لەسەر حەقی ئێمە، لەسەر مافی ئێمە بێین کێشەکانی حکومەتی عێراقی و عجزەکەی حکومەتی عێراقی پڕکەینەوە، ئەوە عەدالەتی تێدا نییە، ئێمە داوای رێککەوتنێکی عادل ئەکەین، پێشتر حکومەتی (د.عادل) بوو، ئێستا داوای رێککەوتنێکی عادل ئەکەین، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، لەم قۆناغەیا هەمووومان بتوانین بەپێی حەجمی خۆمان بەشێك لەو قورساییە هەڵگرین، من گەشتبینم لەوەی کە ئەو نیەتە وازحە، نیەتێك هەیە بۆ رێککەوتن، بەڵام ئەبێ ئیشی بۆ بکەین بەڕێزان، ئەو ئیشەش تەنها لە حکومەت ناکرێ، حکومەت جیهەتێکی جێبەجێکارییە، ئەتوانین پەیوەندییەکانمان لە رووێکی تەکنیکییەوە، لە رووی یاساییەوە، بتوانین مەوزوعەکانمان تەرح بکەین، بەڵام بەشێك لە کێشەکەی ئێمە، کێشەی سیاسییە، تەفسیری جیاواز هەیە، ئەتوانم بڵێم خۆشمان بەشێك بووینە، لەو تەفسیرە جیاوازەی کە ئەمڕۆ لە بەشەکانی تری عێراق هەیە، لەو تێڕوانینەی کە لە بەشەکانی تری عێراق هەیە، بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، بچی بۆ هەندێ لە محافەزەکانی تری عێراق لە خەڵکی ئەو محافەزانە بپرسی، کێشەی عێراق چییە؟ هەمووی پەنجەی تۆمەت درێژ ئەکەنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، دەڵێن هەرێم نەوتی خۆی هەیە، نەوتی خۆی ئەفرۆشێ، هیچمان ناداتێ، بەشی خۆی ئەخوا و بەشی ئێمەش ئەبا، بەداخەوە ئەڵێم خۆشمان هەندێ کەسی خۆمان هەبووە لە بەغدا، کە کوردن، نوێنەرایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەن، هاوکاری ئەم پەیامە بوونە، یارمەتیدەر بوونە بۆ ئەوەی ئەم پەیامە، ئەم ئینتیباعە، دروست ببێت، لەناو شەقامی عەرەبی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، توانای ئێمە، توانای خۆمان، توانای ئیعلامی ئێمە، توانای هێزە سیاسییەکانی ئێمە، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ وەك پێویست رووبەرووی ئەو شەپۆلە ببێتەوە کە ئەمڕۆ رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، لەناو شەقامی عێراق، چونکە ئێمە هەر کاتێك بمانەوێ رێك بکەوین، لایەنە سیاسیەکان ئەڵێن کاکە ئێمەش جادەمان هەیە، ئێمەش شەقاممان هەیە، ئەم رێککەوتنە مشکیلەمان بۆ دروست دەکات، ئێ ئێمەش جادەمان هەیە و ئێمەش شەقاممان هەیە، ئێمە رەنگە کۆڵانیشمان هەبێ، ئەبێ لە نەتیجەیا رێککەوتنێکمان هەبێ کە بۆ هەردوولا، یان بۆ هەردوولا باش بێ، یان بۆ هەردوولا خراپ بێ..........

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار) لە جێی خۆتەوە ناکرێ، تکا ئەکەم دانیشە، (شنۆ) خان، دیوان ئاویان بۆ بێنن، فراکسیۆنی سەوز تکا ئەکەم لە شوێنی خۆتان دانیشن.......

**بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەرانی یەکێتی زەحمەت نەبێ هەمووتان لە شوێنی خۆتان دانیشن.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فراکسیۆنی یەکێتی، لە جێگای خۆتـان دانیشـن، تەواو بەڕێـز ئێسـتا حەل دەکـرێ، باشـە (مـژدە) خان، دانیشە، بەڕێزان تکایە لە جێی خۆتان دانیشن، دیوان رائەسپێرین ئاویان بۆ بێنن، چایان بۆ بێـنن، تکـا ئەکەم لە جێگـای خۆتـان دانیشـن، تکـایە بەڕێـزان هێمنـی هـۆڵەکە بپـارێزن، دەسـت پێئەکەینەوە، کاك (قوباد)، فەرموو. کاك (رزگار) تکا ئەکەم، تەواو عیلاج کرا.دەست پێئەکەینەوە، کاك (قوباد)، فەرموو.

**بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، تاڵەبانییەکان بەوە ناسراون کە برسیان ئەبێت، تۆزێك تووڕە ئەبـن، پـێم وابـێ ئەم بەڕێزە رەنگ بێ رەگێکی تاڵەبانی تیا بێت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، حەقی خۆتانە، ئەگەر هاتنی ئاو، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کاك (قوباد) بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێزتان بەردەوام بن.

**بەڕێز قوباد جەلال تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، باسی پەیوەنـدییەکانی ئـێمە و بەغـدامان دەکـرد، کە ئەم کێشـەی کە ئێسـتا هەیە، کێشــەیێکی گەورەتــرە لە هەرێمــی کوردســتان، کێشــەکەش هەمــوو بەشــەکانی تــری عێراقــی گرتۆتەوە، بۆیە ئێمە پێویستمان بە جۆرێك لە یەك دەنگی و یەك ریزییە لە بەغدا، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەردەوام بین و دەستکەوتی باشمان هەبێ لەم دانوسـتاندنەی هەیە لە نێـوان هەرێمـی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵییەوە، گلەیی هەیە راستە، پرسیار هەیە راستە، زۆر تێبینـی هەیە لەســەر وەزعــی هەرێمــی کوردســتان، پرسیاریشــمان لــێ کــرا، لەلایەن لایەنە سیاســییەکانی بەشەکانی تری عێراقەوە، ئەو ئیشی ئێمەیە بۆیان روونکەینەوە، ئیشـی ئـێمەیە حەقیقەتەکـانی کوردستانیان بۆ بـاس بکەیـن، ئیشـی ئـێمەیە باسـی ناعەدالەتییەکـان بکەیـن، بەڵام ئینتیباعێـك هەیە، دوو عینتیبـاعی زۆر غەڵەت هەن، ئەگەر لـێم قەبـوڵ کەن، ئینتیباعێـك لە بەشـەکانی تـری عێراقەوە هەیە، کە هەرێمی کوردستان دوبەیە، هەرێمی کوردسـتان وڵاتـێکە زۆر پێشـکەوتووە، هیچ کێشەی نییە، هەموو بێگەرد، ئیـدارەکەی بێگەردە، ئـاوەدانکردنەوەکەی بـێگەردە، وەزعـی مالی هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زۆر باشە، ئەم ئینتیباعە هەیە، کە خۆمـان ئەزانـین رەنـگە ئەو ئینتیبــاعە راســت نەبــێ، بە عەکسەکەشــیەوە، ئینتیباعێــك هەیە لێــرە، کە عێــراق، حکومەتی فیدراڵی زۆر پێشکەوتووە، زۆر بێ کێشەیە، لە رووی ئیدارییەوە زۆر سەرکەوتووە، لە رووی ئیـدارەی مـالییەوە زۆر سـەرکەوتووە، کە ئیتـر ئەوان دەبـێ بـێن کێشـەی ئـێمە چارەسـەر بکەن، هیچ کام لەو ئینتیباعانە راست نین بەڕێزان، ئێمە کەم وکورتی خۆمانمان هەیە، بەشـێکی پەیوەنــدی بە خۆمــانەوە هەیە، بەشێکیشــی پەیوەنــدی بە ئیــرادەیێکەوە هەیە، کە لە دەرەوەی خۆمانە، حکومەتی فیدراڵیش رووبەرووی چەنـد کێشـەی گەورە بـۆتەوە، بەشـێکی بەخۆیـانەوە چارەسـەر دەکـرێ، بەشـێکی تـریش رەنـگە رەبتـی هەبێـت بە ئیرادەیێـك رەنـگە بەخۆشـیانەوە گەورەتربێت، بۆیە ئەبـێ ئـێمە لەو حەقـیقەتە تێبگەین، چوارچێـوەی دانیشتنەکانیشـمان لەگەڵ

حکـومەتی ناوەنـدی هەر لەو چوارچێـوەدایە، دەسـتورێکمان هەیە، ئەو دەسـتووره خەڵـك پێـی باش بێت، خەڵك پێی خراپ بێت، ئەو دەستووره ئەمڕۆ نەخشە ڕێگای بەڕێوەبردنی عێراقە، ئەو دەسـتووره بە جهـود و مانـدوبوونێکی زۆرەوە گەیشـتۆتە ئەوەی کە پەسـەند بکـرێ، لەلایەن خەڵکی عێراقەو، ئێمە بە هیچ شێوەیێك ئامادە نەبـووینە، ئامادەنـابین، تەنـازول بکەیـن، لە مـافە دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام لە چوارچێـوە عـامەکە تێگەیشـتووین، ئەمـانەوێ بگەینە ڕێککەوتنێك کە قابیلی جێبەجێکـردن بێـت، سـەبارەت بەو کێشـانەی کە ئـێمە هەمـانە لە هەرێمـی کوردسـتان، کە کێشـەی دارایـی، کێشـەی ئـابوورین، کە ئەمە ئەساسـی کێشـەکەن لە ڕاستیدا، کە ئەمەش وای لێدەکا وەزعی مووچە بەم شێوەیە بێ، وەزعی پرۆژەکان بەو شێوەیە بێت، ئێمە کێشەکەمان پێم وایە ڕوون و ئاشکرایە بۆتان، خەرجیەکانمان هەمیشـە زیـاتر بـوونە، لە داهاتەکانمان، بەرنامەی ئێمە کە (٢٠١٤) یەکەم جار بوو کە هەستمان بە وەزعە خراپە دارایی و ئابوورییەکەی هەرێمی کوردستان کرد، هەندێ بەڕێز ئەمڕۆش ئەندام پەرلەمانن، هەر جـارەکەی تریش هەر ئەندام پەرلەمان بوون، بەشێك بوون لەو حیـوارەی کە پێشـتر هەبـوو، وای لێکـردین، پێویست بوو ئێمە دەست ببەین بۆ هەندێك چاکسازی، دەسـتمان کـرد بە پرۆسـەیێکی چاکسـازی لەو کاتەیا، بۆ پڕکردنەوەی عجزە داراییەکەی کە ئەو کـاتە هەمـان بـوو، بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ئابووری و داراییەکانی کە ڕوویان لە هەرێمی کوردسـتان کـرد، بەپێـی توانـای خۆمـان لەو زروفە سیاسیەی کە هەبوو لەو سەردەمە هەندێ هەنگاوی باشمان نا، هەنگاوی باش کە بـون بە مایەی دەست خۆشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بانکە نێودەوڵەتی، سندوقی نەقدی دوەلی، هەموو هەرێمی کوردسـتانیان بەکاردەهێنـا وەکـو نمـونەیەك بـۆ چاکاسـازیەی کە داویـان بە حکـومەتی عێـراق، عیراقیـان ئیسـتیفزاج ئەکەن، کە دەیـان وت هەرێـم دەسـتی کـردووە بە چاکسـازی لە مەوزوعی هەیکەلیەتی وەزارەت، لە مەوزوعی کارەبا، لە مەوزوعی دەعم، لە چەند مەجالی تردا، دەسـتیان کـردووە بە چاکسـازی، ئێـوەش حەقە ئەم ئیشـانە بـکەن، ئەمە بـووە بە قەوانێـك، کە کۆمەڵگای نێـودەوڵەتی لە جیـاتی ئـێمە ئەو قسـەی ئەکرد، کە ئەو کـابینەیە دەسـت بەکـار بـوو، پەیـامی چاکسـازی، بەڵێنـی چاکسـازی، بەڵێنێکـی بەرچـاو بـوو، دەتـوانم بڵـێم لە پێشـینەی ئیشەکانمان بووە، هەم بۆ پەرەپێدانی ئەو چاکسازیانەی لە کابینەی (٨) دەست بەکـاربوون، هەم بەو چاکسازیانەی کە ئەم کابینەیە پێی باش بووە، پەسـەند کـراوە، بـۆ ئەوەی جێبەجێـی بکـات، بەڵام ئەوەی بـۆ ئـێمە ڕوون و ئاشـکرایە، تەنهـا ئەگەر بێیـت بەراوردێـك بکەیـت، چەنـد نسـبەی داهاتی هەرێمی کوردسـتان ئەچـێ بـۆ مـووچە؟ ڕەقەمـێکە کە تەندروسـت نیـیە! ڕەقەمێکە کە ئیستیمراریەتی نیـیە، نـاتوانین بەم شـێوەیە ئـێمە بەردەوام بـین، بـۆیە ئەبـێ ئـێمە سـەرچاوەی داهـاتی خۆمـان هەم زیـاد کەیـن، هەم هەمەجـۆری بکەیـن، هەم بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەت لە کارنامەکەی حکومەت کە خوێندییەوە لەم قاعەیە، لە دەسـت بەکـاربوونی کابینەکەمـان، هەم لە وتارەکەی ئێستاشی، هەم لە وەڵامدانەوەکەیا، ئاماژەی بەودا کە نەوت گـرینگە، نەوت پێویسـتە، ماوەیێکی زۆری ئەوێت تاوەکو ئـێمە بتـوانین کشـتوکاڵ کە بەڕێـز کـاك (عبدالسـتار) خـۆی پـێش ئێسـتا وەزیـری کشـتوکاڵ بـووە، ڕەنـگ بێـت لە نـاوەڕۆکی کێشـەکانی کشـتوکاڵ بـاش بزانـێ، ماوەیێکی زۆری ئەوێ تاوەکو ئێمە بتوانین بڵێین کشـتوکڵ ببـێ بە بەدیلـی نەوت، ئەبـێ ڕاسـتگۆ بین، ئەبێ واقعی بین، من بەش بە حاڵی خۆم نابینم کشتوکاڵ ببێ بە بەدیلێك، بـۆ نەوت، بەڵام

کشتوکاڵ ئەتوانێ ببێ بە پاڵپشتێك بۆ کەرتێکی ئابووری بەهێز لە هەرێمی کوردستان، کە بتوانێ هەلی کارێکی زۆر بڕەخسێنێ لە هەرێمی کوردستان، کە بتوانێ داهاتی ئەو کەسانەی کە لەو مەجالەیا ئیش دەکەن زیاتربکات، کە لە هەمان کاتدا ئەتوانرێ ببێ بە دەخلێکی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمەش لەم کابینەیە گرینگیەکی زیاترمان داوە بە کەرتی کشتوکاڵ، بە پەرەپێدانی کشتوکاڵ، بە زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی، بە زیادکردنی کارگەکانمان، بە زیادکردنی پیشەسازی کشتوکاڵی، کە ئێمە بە تەقیمی خۆمان هەنگاوێکی ستراتیژییە، هەنگاوێکی پێویستە وە بەرهەمیشی دەبێت، کاریگەریشی دەبێت، هاوکاریش دەبێت بۆ زیاد کردنی داهاتی غەیرە نەوتی هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا ئێمە نەك تەنها عەرزێکی بەپیتمان هەیە بۆ کشتوکاڵ، بەڵکو هەر چی مەوادی سەرەتاییمان هەیە بۆ پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لە پاڵ کشتوکاڵ گرینگییەکی تایبەتیشمان داوە بە کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، بۆ زیاد کردنی کارگەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەگەرخستنی هەندێك لەو کارگانەی کە پەکیان کەوتووە، زیاد کردنی کارگەکان لە ڕێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە، دیسانەوە هەم بۆ زیاد کردنی دەرفەتەی کار بۆ هاوڵاتیانی خۆمان، لە هەمان کاتیشدا بۆ زیاد کردنی بەرهەم لە هەرێمی کوردستان، هەمووی ئەبێتە بەهێز کردنی ئابووری هەرێمی کوردستان، ئەبێتە ئەوەی کە ئێمە ئەو زەختە نەخەینە سەر حکومەت، تەنها بۆ ئەوەی مووچە پەیدا بکەین، بەڵکو بتوانین خاوەن ئابوورییەکی بەهێز بین، بمانگەێنێتە ئەو ئاست و قۆناغەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوەڕێیانە، چاکسازی پێویستە لە هەیکەلیەتی حکومەتەکەمان، زۆر پێویستە، دەستمان کردوە بە پێداچوونەوەی میلاکاتی حکومەت و فەرمانبەرەکانمان لە هەرێمی کوردستان، بەرنامەی بایۆمەتری کە ستونێکی سەرەکی ئەساسی چاکسازییە لە حکومەتەکانی پێش و ئێستای هەرێمی کوردستان، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بزانین بە فعلی هەر وەزارەتێك پێویستی بە چەندە موەزەفە، پێویستی بە چەند فەرمانبەرە، لەسەر ئەساسێکی زانستی ئەو فەرمانبەرانە دابەش بکرێن بەسەر وەزارەتەکان، ئەمە ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، بێگومان پرۆسەی زیاد کردنی یان ڕێکخستنەوەی رسوماتەکانیش پرۆسەێکە کە چەند لیژنەیێکی بۆ پێك هێنراوە وە ئیشی باشیان لەسەر کراوە، هەم بۆ گەرانەوەی عەدالەت بۆ ئەو رسوماتانە، هەم بۆ زیادکردن داهات لە ڕێگای رسوماتەکانەوە، هەم بۆ ئەوەی کە عەزیەتی بازاری کاریش نەدەین بە زیادکردنی هەندێ لەو رسوماتانە، هەندێ لەم چاکسازیانە بەڕێزان پێویستیان بە گۆڕینی یاسا دەبێت، بۆیە چاوەڕێی ئەوە بن لە ماوەێکی نزیکدا بگەڕێنەوە بۆ لاتان، پێتان بڵێن ئێمە ئەمانەوێ چاکسازی بکەین، لە شێوازی تۆمارکردنی کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان بۆ نمونە، ئەمڕۆ پرۆسەێکی ئاڵۆزمان هەیە، ڕەنگ بێ (٣٠) رۆژ بخایێنێ، ڕەنگ بێ پێویستی بە تەداخولاتی چەندین وەزارەت بێت، چەندین جیهەت بێ، کە هەر لە دەرەوەی حکومەتن، کە پرۆسەێکی یەکجار ئاڵۆزی دروست کردووە، کە کولفەێکی یەکجار زۆر کەوتۆتە سەر ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ ئەمڕۆ کۆمپانیایەك دامەزرێنن، کە ئەمە بەم شێوەیە بڕوات ئەوا هیچ هاندانێك نابێت، بۆ ئەوەی گەشە بە کەرتی بازرگانی، بازاری کار بدەین لە هەرێمی کوردستان، یاساکە ئەم پرۆسەیەی تەعقید کردووە، یاساکانمان هەندێ جارهەندێ فلتەر، هەندێ تەبەقات دەخاتە ناو ئیشەکانمان کە ئیشەکەمان لێ تێك ئەدا، بۆیە ئێمە

ئەمانەوێ ئەو پرۆسەیە، پرۆسەی رۆتینات کەم کەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیمان دەبێت لەگەڵتانەوە، پرۆسەی تۆمارکردنی کۆمپانیا ئاسان ئەکەینەوە، لە هەمان کاتیشدا تەقیمی چوارسەد و حەوت خزمەتی ترمان کردووە، کە حکومەت ئەیگەێنێ بە هاولاتی، نەخشە رێگامان داناوە بۆ پێداچوونەوە بە هەر یەکە لەو خزمەتانە، بۆ کەم کردنەوەی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ئەو خزمەتانە، بۆ یەکخستنی ئەو کولفەی کە حکومەت وەری دەگرێ، لە بەرامبەر گەیاندنی ئەو خزمەتانە، بۆ بەرزکردنی ئاستی ئەو خزمەتەی کە حکومەت ئەیگەێنێ بە هاوڵاتیان، تاوەکو هاوڵاتی ئەگەر چوو سەردانی دائیرەێکی حکومی کرد، سەرباری کێشەکانی تری رۆژانەی خۆی عەلەقەن پەیوەندییەکی تەندروستی هەبێ، مەعامەلەکەی بە رێکوپێکی بەرێوە ببرێ، بە رێزەوە، بەبێ کێشە، بێ رۆتینێکی زۆرەوە، ئەمانە هەموویان ئەگەر بێین لە هەر یەکێك لەو ئیشانەی کە باسمان کردووە ئەمرۆ، لە پرۆسەی زیادکردنی داهات، لە پرۆسەی کەم کردنی خەرجییە ناپێویستەکان، لە توندو تۆڵکردنی دەروازە سنورییەکانمان، بۆ زیادکردنی داهاتی گومرگ، بۆ توندوتۆڵکردنی سیستمی باجمان، بۆ زیاتر کۆکردنەوەی داهات لە باجەوە، بۆ رێکخستنەوەی رسوماتەکانمان، بۆ ئەوەی لە رێگای رسوماتەوە داهاتێکی زیاتر کۆبکەینەوە، ئەمانە هەموویان هاوکار دەبن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی کە ئێمە ئەمرۆ هەمانە، بۆ دانانی بناغەی ئابوورییەکی بەهێز کە بۆ مستەقبەلیش جێگیر دەبێت، کەوامان لێدەکا ئەگەر سعری نەوت بە شێوەێك دابەزێ ئەو کارگەرییەی نەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان، کە ئەمرۆ هەیەتی، بەڵام ئەمە پێویستی بە چەند شتێکە، تەبعەن پێویستی بە روئیایێکە، پێویستی بە خەڵکی شارەزایە لە مەجالەکاندا، پێویستی بە ئیرادەێکی سیاسیشە، من هیوادارم لایەنە سیاسیەکانی ئەگەر ئێمە رەنگ بێن لەسەر زۆر شت ناکۆك بین، بتوانین لەسەر هەندێك لەم خاڵە ستراتیژیانە کۆك بین، بتوانین ئیرادەێکی سیاسی هەمەرەنگ یان بێ رەنگ دروست بکەین، لەسەر ئەو ئیشانەی کە پێویستن بکرێن، تاکو ئێمە ئەگەر دەستمان برد بۆ مەلەفێك، ناوچەێك نەڵێ ئەمە دژایەتیکردنی لایەکە و دژایەتیکردنی ناوچەێکە، دژایەتیکردنی حزبێکە، کە دەستمان برد بۆ چاکسازییەك، ئەو چاکسازییە گشتگیر بێت، تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگرێتەوە، من وەکو سەرۆکی حکومەت گەشتبینم لەم پرۆسەیەدا، ئەزانین کە ئەم پرۆسەیە قورسە، بەربەستمان زۆر دەبێت، بەڵام ئەزانم ئیرادەی ئێمەش بەهێزە، رۆژێکی زۆر سەختترمان لەمە تێپەراند بەرێزان، ئێمە رۆژی زۆر ناخۆشترمان بینی، لەوەی کە وا ئێستا ئێمە تێدەپەرێنین، ئەو رۆژەشمان تێپەراند، ئەم رۆژە ناخۆشەش تێدەپەرێنین، انشأ الله دانیشتنی زیاتریشمان دەبێت و پەیوەندیمان بەردەوام دەبێت، من داواکارم لە ئێستاوە بۆ جەلسەی داهاتوو، ئاو، چا، قاوە و شتی واش تەرتیب بێ، ئێمە هیچ مانعمان نییە، ئەگەر مەوزوع تەقەشوفە، وەزارەتی مالیە نەسریەی پەرلەمانی کەم کردۆتەوە، ئەوە زۆر بە ئاسانی ئەتوانین لەگەڵ بەرێز وەزیری مالیە قسە بکەین، نەسریەکەتان زیاد بکا، بۆ ئەوەی چا و قاوە و شتی وا هەبێ، بەخێربێن سەرچاو، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەش.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، خۆی لە ئەصلا پرۆژە یاسای بوودجە هەبێت، ئێمە یەعنی وەزعمان وا نابێت، بەرێزتان دەڵێن بە وەزیری مالی دەڵێن، مەوزوعەك عیلاقەی بەوەوە

هەیە، بەڵام بابەتی هێنانی ئاو هیچ پەیوەندی بە نەسریە و بە پارە و بەوانەوە نییە، چونکە نە ئاو ئەوەنە گرانە و نە بابەتەکەش بەو شێوەیە، دانیشتنەکە دانیشتنیکی سوودبەخشە با بەردەوام بین، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ئەگەر پێتان باش بێت بۆ ڕێگا بە ئەندامانی پەرلەمان نەدەین، دواتر ڕێگە بە تیمەکەت بدەین، فەرموو.

**بەڕێز مەسرور مسعود مصطفی بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر روخسەت بدەی، داوام کردووە ئەگەر کاك (شێخ ئاوات) لەسەر بابەتی بوودجە و کورت هێنانی بوودجە، روونکردنەوەی زیاتر بدا، بۆ ئەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان تۆزێك بەرچاویان زیاتر روون بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مادەم دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، بۆ ئەوەی ئەویش قسەی خۆی بکات، دواتر ڕێگە بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەدەین، بەڕێزان ئێوە ئەتانەوێ وەڵام وەرگرن، یان ئەمانەوێ هەمووەمان قسە بکەین، با قسە بکا بەڕێز وەزیری دارایی، کێ نالێ بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی ئێوە ئەتانەوێ بیکەن، لەناو قسەکانی بەڕێز وەزیری داراییا نییە، بەڵێ فەرموو، بەریز وەزیری دارایی، حەقی خۆیەتی ئەویش قسە بکا، بەڵێ، فەرموون.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەم کاتەتان باش، بەراستی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، ئیشی منیان زۆر ئاسان کرد، چونکە شەرحێکی تەفصیل، راپۆرتێکی زۆر رێك وپێکیان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوەی کە من ئەمەوێ بە نسبەتی ئێوەوە هەندێك روونکردنەوەی زیاتر یان تەئکیدی زیاتر بکەم، لەسەر دۆخی مووچە بە نسبەتی هەرێمی کوردستان، ئەم کابینەیەوە، لە چییەوە هاتۆتە سەر ئێرە، لە پێشەوە ئەمەوێ ئەوەتان بۆ باس بکەم کە لە روخانی رژێمی پێشووەوە (صەدام)ەوە کە لە (٢٠٠٣) ەوە دەستی پێکردووە، لە (٢٠٠٤)ەوە بوودجەی هەرێم چۆتە سەر مەرکەز، لەو تاریخەوە تا مانگە (٤)ی (٢٠٢٠) حکومەتی هەرێم بە تەنیا، بە یەك مانگ نەیتوانیوە مووچە بە کاملی بدات، بە خۆی بە تەنیا، من لە (٢٠٠٤) بۆ (٢٠١٤) لەبەر ئەوەی وەکو تیکرار وایە، ئەوەتان بۆ باس ناکەم، چونکە تەقریبەن (١٠٠%) ئێمە ئیعتیمادمان لەسەر مەرکەز بووە، بەڵام لە (٢٠١٤)ە وەتان بۆ باس دەکەم، بۆ ئەوەی صورەتەکەتان لا وازح بێت، لە (٢٠١٤) بەشە بوودجەی عێراق سەد و حەفتا و یەك ترلیۆن و هەشت سەد و شانزە ملیار دینار و چوار سەد و هەشتا و دوو ملیۆن دینار بووە، ئەو وەختە بەشە بوودجەی هەرێم لەسەر (١٧%) حیساب بووە، بە هۆی قەرارێکی سیاسی لە (٢٠١٤)ەوە تەبعەن ئەمە نەنێردراوە، تەنها لە (٢٠١٤)دا دوو ترلیۆن دوو سەد و هەشتا ملیار دینار نێردراوە بۆ هەرێم، چەند نوقسان بووە کە بینێرن، حکومەتی مەرکەز چەند قەرزاری هەرێم بووە؟ شانزە ترلیۆن دینار قەرزاری بووە، لە (٢٠١٥) بوودجەی عێراق سەد و نۆزدە ترلیۆن و چوار سەد و شەست و دوو ملیار دینار و چوار سەد و بیست و نۆ بووە، بەشە بوودجەی هەرێم، چواردە ترلیۆن و هەشت سەد و حەڤدە ملیار دینار بووە، عێراق لەو کاتەیا تەنها، دوو ترلیۆن و چوار

سەد و حەفتا و شەش ملیار دیناری بۆ هەرێم ناردووە، بە نەقصی دوانزە ترلیۆن و دوو سەد وچل و یەك ملیار دینار، لە (٢٠١٦)دا بە کاملی هیچی بۆ هەرێم نەناردووە، مەعەل عیلم بوودجەی عێراق، سەد و پێنج ترلیۆن و هەشت سەد ونەوەد و پێنج ملیار دینار بووە، بەشە بوودجەی هەرێم، دوازدە ترلیۆن و پێنج سەد و حەفتا ملیار دینار بووە، لەو ساڵەدا هیچی نەناردووە، عێراق قەرزاری هەرێمە، بە دوانزە ترلیۆن و پێنج سەد و حەفتا ملیار دینار، لە (٢٠١٧) دا بە هەمان شێوە بوودجەی عێراق، سەد ترلیۆن و شەش سەد و حەفتا و یەك ملیار دینار بووە، بەشە بوودجەی هەرێم، یانزە ترلیۆن و شەش سەد و پێنج ملیار و بیست و هەشت ملیۆن دینار بووە، لەو ساڵەشا عێراق هیچ پارەێکی بۆ هەرێم نەناردووە، عێراق قەرزاری هەرێمە، بە یانزە ترلیۆن و شەش سەد و پێنج ملیار دینار، لە بەشە بوودجەی (٢٠١٨)دا عێراق بوودجەی، سەد و پێنج ترلیۆن و سەد و بیست و نۆ ملیار و پێنج سەد و هەشتان شەش ملیۆن دینار بووە، بەشە بوودجەی هەرێم لە (١٢،٦٧٪) دانراوە بەشەش ترلیۆن و حەوت سەد و شەست و حەوت ملیار دینار لەوە عێراق تەنها سێ ترلیۆنی سەد و حەفتا و پێنج ملیار دیناری ناردووە، بە نەقصی سێ ترلیۆن و پێنج سەد و نەوت ملیار دینار حەفت سەد و حەفتا ملیۆن دینار، لە بوودجەی (٢٠١٩)دا کە عیلاقاتی هەرێم لەگەڵ مەرکەز بەرەو باشی رۆیشتووە، بەشە بوودجەی عێراق، سەد و سی و سێ ترلیۆن و سەد و حەفتا و حەوت ملیار و شەش سەد و شانزە ملیۆن دینار بووە، بەشە بوودجەی هەرێم نۆ ترلیۆن و حەوت سەد و هەشتاو سێ ملیار دینار بووە، عێراق لە ساڵی (٢٠١٩)یا، سێ ترلیۆن و سەد و حەفتاو دوو ملیار دیناری بۆ ئێمە ناردووە، بە نەقصی شەش ترلیۆن و شەش سەد و دە ملیار دینار، ئەمەی کە من بۆم باس کردن ئەمەوێ لەو صورەتەیا بن کە هەرێم خۆی بەتاقی تەنیا، لە هیچ کاتێکا لە (٢٠٠٤)ەوە بۆ (٢٠٢٠) بە تیا نەیتوانیوە بوودجەی هەرێم تەئمین کا، تاوەکو بتوانێ مووچە بە (١٠٠٪) بدات، پرسیارەك هەیە لێرەدا، وابزانم دکتۆر بوو پرسیاری کرد، ئەو بوو یان (د. کاظم) بوو پرسیاری کرد، وتی بە چ قانوونێك ئەم بەشە بوودجەیە، ئەم کەم کردنەوەیە کراوە؟ ئەم کەمکردنەوەیە لە ئاخیر جاردا، هەموو مانگێك مەسەلەن لە مانگی (٤)ی (٢٠٢٠)دا عێراق بە نەقصی دوو سەد و یەك ملیار دینار لە بوودجەی هەرێمی بڕیوە زائیدەن ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن باسی کرد، دابەزینی سعری نەوتە، ئینجا داهاتی ناوخۆیە، ئەو نەقصەی کە دروست بووە، لە قودرەت و لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبووە، پڕی بکاتەوە، لەبەر ئەوە عەجزێك دروست بووە، عەجزەکە بەو شێوەیە پڕکراوەتەوە کە ئاگاتان لێیەتی، مەنسوخی قانوونی ئەوە چییە، هەر وەکو چۆن بیست و حەوت ملیار دینار کە (د.شێرکۆ) باسی کرد، ئەمە قەرزە یان قەرز نییە، تەبعەن بەداخەوە کورد لەوەیا، ئێمە فەقیرین کە لە زمانی ئێمە قەرز و ئیلتیزام و ئەمانە لە زمانی مالیەیا جیا ناکرێتەوە، ئەگینا ئێمە لە (٢٠١٩)دا لە مانگی (٧)دا کە هاتووین لەبەردەمی ئێوەی بەڕێزدا سوێندمان خواردووە، ئێمە بیست و حەوت ملیار دینارمان بە عینوانی قەرزە، یا بە ئیلتیزامە بۆ ئێمە ماوەتەوە، کە بۆ ئەم کابینەیە، ئەمانە هەمووی وای لەوە کردووە، ئەو عوجە قانوونیانەی کە لە (٢٠٠٤) بۆ (٢٠١٤) بۆ پاشەکەوت، بۆ کەم کردنەو، بۆ مووچە هەبووە، هەمان موبەرراتی واقعییە کە بەسەر حکومەتی هەرێم و ئەو کابینەیا فەرز بووە کە مووچە کەم کاتەوە، نەك خۆی پێی خۆش بێت، یا ویستبێتی، یا رەغبەتی لێبوبێت، ئەمە زۆر گرینگە ئێوەی بەڕێز لەو

سورەتەیا بن، چونکە بەشێکی گرینگی ئەم کەمکردنەوەی بوودجەی کوردستان، قەرارتی سیاسییە، پێش ئەوەی مەوزوعی ئابووری و ئەوان بێت، یەك نوقتەی دیکەش دەمەوێ بۆ تەئکید لەسەر قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕێز کاك (قوباد)یش لە وەدی مفاوەزات بووین ئێمە بەیەکەوە، ئێمە ئەو نەوعە تەم و مژە لەسەر مەوزوعی نەوت، بە نسبەتی ئەوەی یەکەم بڕیاری ئێمە ئەوە بووە کە دوای سوێن خواردنمان کە چوینە بەغدا، ئێمە بە عیراقمان وتووە ئێمە ئامادەین (٢٥٠) هەزار بەرمیلتان تەسلیم بکەین، نەك هەر (٢٥٠) هەزار بەرمیل، ئامادەین هەموو مەلەفی نەوتیشتان تەسلیم بکەین، بەمەرجێك بەو قەرزانەی کە من بۆم باس کردن، کە ماوەتەوە بەشەرتێك ئەو ئیلتیزاماتانەش حکومەتی عێراقی بیگرێتە ئەستۆ، واتا ئەمەی کە ئێستا روودەدات، سەبەبەکەی قەرارێکی سیاسیە، لەم دواییە بە داخەوە زروفی ئیقتصادی عێراقیشی هاتۆتە سەر، لە ساڵی (٢٠١٤) سەبەبە ئەساسییەکە ئیقتصاد بووە، بەڵام خراوەتە چوارچێوەی سیاسەتەوە، بەشە بوودجەی کوردستان بڕاوە، ئەم جارەش بە داخەوە، زروفی عێراق لەرووی داراییەوە خراپە، سعری نەوت دابەزییوە، کەم کردنەوەی بەشە بوودجە هەرێم بووە بە بەشێك لە پینەکردنی عەجزی عێراق، لەبەر ئەوە ئەو واقیعە دروست بووە بەسەر ئێمەدا، ئێمە لە (٢٠٠٣) معاشی (٢٠١٨) زەعفی کردووە، هاتووە بۆ (٢٠١٩)، لە (٢٠١٩) زەعفی کردووە هاتووە بۆ (٢٠٢٠)، مەعەل عیلم ئەم کابینەیەی ئێمە لە دوور و نزیك دەستی تیا نەبووە، من ئەو قسەیە بۆ ئەوە ناکەم کە ئێمە کابینەی نۆ لە ئیلتیزامات خۆی ئەدزێتەوە، بەڵام ئەمەوێ ئەو واقیعە هەمووتان لەبەرچاوتان بێت، کە وەختێ ئێمە وەزارەتی مالیەمان وەرگرتووە، لە وەزارەتی مالیە ئێمە ئیحتیاتی نەقدیمان نەبووە، بۆچی؟ چونکە لە ئەساسدا بانقی مەرکەزیمان نەبووە، دەوڵەت نەبووین و نەقدیشمان نەبووە، لەبەر ئەوەی سیادەمان نییە، نەشمان توانیوە لە بانقی دەولی و لە سندوقی نەقدی دەولیش قەرز بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو عەجزانە پڕکەینەوە، ئەوە موبەریراتی واقعی و حەقیقییە، کە ئەسبابی ئەو عەزجەی کە بە نسبەتی ئێمەوە دروست بووە، یەك نوقتەی دیکەش هەیە ئەو پرسیارە ئەکرێ، بۆچی بۆ مانگی پێشوو (٢١%) یان دوو مانگی پێشوو (٢١%) ئەو مانگە (١٨%)، عیلاقەی بەوە هەیە، بەو سیاسەتی کاك (مەسرور) باسی کرد، کە ئێمە خەرجییەکانی خۆمانمان کەم کردۆتەوە لە حکومەت، بۆ ئەوەی نسبەی سویلە بۆ مووچە زیاد بکەین، ئەوە ئەو هینەی داوینەتێ، ئەگینا وەزعی ئێمە لە سایەی چاکسازیا نەبێت، چاك بێت، ئیعتماد بکەینە سەر خۆمان بەم پەلە پروزەیا ناکرێت، ئەمە نوقتەیێك، نوقتەیێکی دیکەش ئەم حکومەتەی ئێمە بەرنامەیێکی تەقدیم کردووە بۆ چوار ساڵە، لە مانگی یەکەم، دووەمەوە ئێوە پەلە لە ئێمە دەکەن چیتان کرد، ئەبێت لەسەرمان بوەستن، چوار ساڵەکەمان تەواو کەین، بۆ ئەوەی بەرنامەی ئێمە، بەرنامەی چاکسازی ئێمە چوار پەلی بکەوێتە عەرز، سەربگرێ، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەری ئیش بکەین، لەسەر نسبەتەکان من بێم قسەتان بۆ بکەم، ئێمە چەند ئختیارێکمان لەبەردەستدابوو، جاری پێشووش کە من هاتمە خزمەتتان، لە پەرلەمان بۆم باس کردن، ئێستاش لە تیکرارەکەی پێم وایە زەرەری نییە، موقتەرەحێك هەبوو دوو مانگ جارێك مووچە بدەین، دوو مانگ جارێك مووچە ئەیکردە (٥٠%)، کەسمان لە ئەنجومەنی وەزیران بە (٥٠%) رازی نەبووین، خۆمان عەجزمان (٣٥%) بوو، (٣٥%) لە تەتبیقا ئەگەر هێزەکانی (٧٠) و (٨٠)، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ، ئاسایش، هەندێ تویژی

کۆمەڵایەتی تر کە لەم کەم کردنەوەیە مەعفو بوون، ئەگەر لەسەر ئەوانیش جێبەجێی نەکەین عەجزەکە، ئەبێ بە (٤١%) یان پارەیێك قەرز بکەین و عەجزەکە بکەین بە (٢١%) بە تێکراری دەنگ، ئێمە هەموو (٢١%) مان لە (٥%) و (٤١%) و (٣٥%) لەوانە پێ باشتربوو، بە تەئکید ئێستاش(١٨%) لە (٢١%) باشترە بۆ خەڵك، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەوە ئەڕۆین، ئەمە روونکردنەوێکی پێویست بوو، ویستم بۆتان باس بکەم، تەئکید لەسەر ئەوەی کە بە نسیەتی دەروازەکان ئیجرائات چی کراوە؟ من قسەکانی کاك (مەسرور) دووبارە ناکەمەوە، بەڵام لە وەزارەتی مالیە ئێمە هەندێك ئیجرائاتمان کردووە، گەیشتۆتە ئەوەی کە هەندێك مودیر محاسەبە بکەین، مەسئولی دەروازە محاسەبە بکەین، مەسئولی دەستە محاسەبە بکەین، هەندێ جار دائیرەێکی ئاسایش کەم تەرخەمی کردبێ، مووچەیمان راگرتووە، ئێستا لەگەڵ ئاسایشی گشتی داوای کۆبوونەوەمان کردووە، ئەگەر لە پۆلیسی گومرگدا ئەو جیهەتانەی کە خزمەت و پارێزگاری لە داهاتی حکومەتی هەرێم ناکەن، ئەوانە بیر لەوە بکەینەوە بیانخەین خارجی سیستمی مووچەی وەزارەتی مالیە، یا ئیلتیزام ئەکەن یا ئەبێ کوڕی حکومەت بن، یا ناکرێ چاوپۆشی لە قاچاغچیەتی و لەو هینانە بکەن، لەگەڵیشیا ئێمە بێجگە لەو ئیجرائاتانەی کە باس کرا، ئێمە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گومرگیشمان پێك هێناوە کە لە فەترەێکی کەمدا کە هەیکەلیە ئیداریەکەی تەواو بووە، لە فەترەێکی کەم دا دەکەوێتە ئیش کردن، ئەویش یارمەتیدەر ئەبێت بۆ ئەوەی چاومان زیاتر لەسەر گومرگەکان بێت، نوقتەێکی دیکەی گرینگیش ئەوەیە کە لەسەر گرێبەستەکان من تەئکید لە قسەکەی کاك (مەسرور) دەکەمەوە، باسی ئەوەی کرد کە ئەم گرێبەستانە ئێمە ئاخیر کۆبوونەوەمان لەسەر کردووە، دوێنێ لەگەڵ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ رەئیسی دیوان، بۆ ئەوەی چۆن تەصنیفی ئەو عەقدانە بکەین و ئیلتیزاماتی قانوونی بە نسبەتی حکومەتەوە چی دروست دەبێ، موزاعەفاتەکانی چی دەبێت، بەڵام مەبدەئیەن لەسەر ئەوە رێك کەوتووین، هەندێ خزمەتگوزاری هەر نابێ بمێنێ، هەندێ خزمەتگوزاری حکومەت خۆی پێی ئەکری، هەندێ خزمەتگوزاری ئەبێ کەرتی تایبەت لەسەری مستەمر بێت، وەکو مەبدەئێك ئێمە ئەوەمان تەسبیت کردووە، بەڵام کۆنترۆڵکردنی مەرزەکان، ئیجرائاتی قانوونی پێویستە، ئەوەنەی ئێمە پێی راگەیشتبین کردوومانە، ئیجرائاتی ئیداری پێویستە، ئێمە ئەوەنەی پێی راگەیشتبین کردوومانە، لەلاشتان هین نەبێت من تەئکید لە قسەکەی کاك (مەسرور) ئەکەمەوە، تەنانەت چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە هەتا تەدەخولاتی سیاسیشی پێویستە و گرینگیشە، ئەو تەدەخولاتە سیاسیانەش بکرێ، لە زمنی ئەو شتانەی کە باس کرا، ئەوەی باس نەکراوە، مەسەلەن لەسەر دەروازەی ئیبراهیم خەلیل قسە کرا، بۆچی رەبت نەکراوە؟ بەڵێ دەروازەی ئیبراهیم خەلیل ئێستا کۆمپیتەرایز ئیش کراوە، لەگەڵ سیستمی وەزارەتی مالیە تێکەڵکراوەتەوە، لە هەفتەی پێشوو ئێمە ئەوەمان تەواو کردووە، لەسەر بوودجە قسەتان کرد، یاسای بوودجە، ئێمە بەداخەوە پرۆژە یاسای بوودجەی (٢٠٢٠)مان لە وەزارەتی مالیە حازر کردبوو، بە داخەوە ئەو ئیتیفاقیەی ئێمە لەگەڵ مەجلیسی وزەرای عیراق کردبوومان، ئەوەی کە کاك (قوباد) ئیشارەتی پێدا، ئەوە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، مامۆستا (عادل) ئیستیقالەی کرد، ئەگینا ئێمە پرۆژە یاسای بوودجەی (٢٠٢٠)مان حازرە بوو، ئێستاش حازرە، بەڵام بەداخەوە کە ئەوە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، نەکرا، لەبەر ئەوەی

ئیکتیفامان کرووە، بە بەیانی مالی ساڵی (٢٠١٩) کە ئەکرێ بۆ لیژنەی مالی، یان بۆ مناسـەبەتێکی دیکە هەر بۆخۆتانی بنێرین، ئەوە ئەوشـتانە بـوو کە مـن بەلامەوە گرینـگ بـوو بیـزانن، هەر یەك شـتی دیـکەش، لەسـەر ژمـارەی مـوەزەفینی ئـێمە ملاحەزەیـکە کە ئەبـێ بیـزانن، ژی کـۆڵی ئەم حکـومەتەی قـورس کـردووە؟ لە (٢٠٠٨) ژمـارەی مـوەزەفینی ئـێمە کە لە بـوودجەی عێراقـدا تەسبیت کراوە، شەش سەد و شانزە هەزار بووە، بۆ (٢٠١٩) تەقـریبەن ئەگەر بیستیشـی بخەیـتە سەری یان چوار ساڵە یان پێنج ساڵە لەسەر شەش سەد و هەشتا و دوو هەزار موەزەف تەسبیت کراوە، بەڵام لە واقعی حاڵا ئێمە ملیۆنێك و دوو سەد و حەفتا هەزار مووچەخۆرمان بەرەو ژوور هەیە، لەبەر ئەوە ئەو پارەیەی کە لە عێراقەوە بۆ مووچەخـۆر دێـت، دوو سـە د و هەشـتا و دوو هەزار دێت، ئەوەی کە لەسەر حکومەتی هەرێـمە، ملیۆنێـك و دوو سـەد و حەفتـا هەزارە بەرەو ژوور، من ئیکتیفا بەوە ئەکەم، سوپاس بۆ گوێگرتنتان، مەمنون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئێسـتا بەڕێزتـان ئەتـوانن قسـە بـکەن، ناوەکانتـان بنوسـن، سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان نـاتوانن قسـە بـکەن، (د. کـاظم) دەرفەت بـدە بـۆ ئەوەی رەفیقەکانت قسە بکەن، بە رەفیقێکت بڵێ، هەر چیت هەیە، چی پێویست بێ ئەوەمـان وتـووە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز جێگر، ئێوە ئەتوانن ئیسراحەتێك بکەن تاوەکو ئـێمە ناوەکان وەردەگرین، بەڕێز کاك (مەسرور)، بەڕێـز کـاك (قوبـاد)، فەرمـوون. بەڕێـزان هەمووتـان دەتوانن پشوو وەرگرن، ئەوەی ناوی نوسیوە ئەتوانێ بـڕوا، ئەوەی نـاوی نەنوسـیوە بـا بینوسـێ، ئینجا بڕوا، بەڕێزان ناوەکان دەخـوێنمەوە ئەگەر نـاوێکم نەنوسـیبوو، لە فراکسـیۆنی پـارتییەوە دەست پێدەکەین.

-فراکسیۆنی پارتی:

(د.صباح)، کاك (بهجت)، کاك (بژار)، کـاك (پێشـەوا)، کـاك (جەلال)، کـاك (عبدالسـلام)، کـاك (مەلا احسان)، کاك (مەلا جیهاد)، کاك (حکمت)، (خـدیجە)، خـان، (د.زیـدان)، کـاك (ڕێبـوار)، (حسـیبە) خان، کاك (سـعید)، کـاك (ریڤینـگ)، کـاك (سـروان)، کـاك (مـم)، کـاك (مەلا ویسـی)، (لیلـی) خـان، (گولستان) خان، (گلیزار) خان، (سوسن) خان، (د.زانا)، (لەنجە) خان، کاك حاجی (سـەفین)، کـاك (هێڤیدار)، (هدیە)خان، کاك (بهمن)، کاك (شوان)، کەس هەیە نەمان نوسیبێت؟

-فراکسیۆنی یەکێتی:

کاك (جەمال)، کاك (سەرکۆ)، (رۆژان) خان، (شیرین)، خان، کاك (زکـری)، کـاك (راهـی)، (سـلمی)، خان، (شنۆ) خان، کاك (کاروان)، کاك (هاورێ)، کاك (عباس)، کاك (**عثمان**)، کاك (مەلا ناصـر)، کـاك (بالانبو)، کاك (فیصل)، کاك (هێرش).

-فراکسیۆنی گۆران:

کاك (دابان)، (ئاشنا) خان، کاك (علی)، کاك (بەڵێن)، کاك (رزگار)، کاك (شـاخەوان)، کـاك (یاسـین)، (شیرین) خان، (شایان) خان، کاك (جلال).

-ئۆپۆزسیۆن:

(د.اسماعیل)، کاك (سیپان)، کاك (دیاری)، کاك (سیروان)، کاك (ابوبکر)، (مژدە) خان، (هلـز) خـان، (سەرچنار) خان، (**د.عثمان**)، کاك (عمر) کاك (مم)، کاك (جینان)، (سارا) خان.

کاك (د.صباح) فەرموون.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنەکا گەرم یا بەڕێز سەرۆکێ ئەنجومەنێ وەزیران ڕێزدار مسرور بارزانی و جێگێرێ وێ و ڕێزدار قوباد تالەبانی و وەزیرێ دارایی و شاندێ دگەل وانا دکەین، ب راستی مـن ڤیا ل سەر بابەتێ کۆڕۆنایێ باخڤم ب راستی ل بابەتێ کۆڕۆنایێ دەستخۆشیێ ل حکومەتا هەرێما کوردستانێ دکەین کو رێکارێن باش ل دەستپێکا بەلاڤ بوونا ڤێ پەتایێ کرن ئو بوویە سەبەبا هندێ کو ل دەستپێکا ڤێ پەتایێ کو زوو تەشەنە نەکت و زۆریش تەشەنە نەکەت ئو بوویە هۆکایێ هندێ کو ژیانا زۆر کەسا رزگار بکەت ئەڤە جێ دەستخۆشیە بۆ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئو جهێ رێز و تەقدیرێیە نە ئەڤە ئاخفتنا مەیە ئاخفتنا مونەزەماتێت دوەلیە وەکو (WHO) مونەزەماتێت دی، ئەم پێشوازیێ پایز و زستانێ دکەین بە پێی زانینا هەمی دانشمەندێت دنیایێ دێ موشکیلەکا زۆر ل پاییزێ و زستانێ بۆ ڤێ پەتایێ چێبیت، چونکی هەتا ڤاکسینەك دروست نەبیت ب راستی ئەڤ پەتایە هەر دێ مەترسی بیت بۆ سەر ژیانا خەلکی، ڤێجا ل بەر هندێ ب راستی کەم و کوڕی ل دامەزراندنا کارمەندێت تەندروستی مە زۆرا هەی ئو زۆر پێویستە ب تایبەت چاودێری چڕ، جەنابێ سەرۆکێ حکومەتێ د راپۆرتا خۆ باسی ئەو دەزگاییێت هەناسەدانێ کر جهێ دەستخۆشییە بەس ئەڤە پێویستە خەلکەك سەر شۆل بکەت ئو ب راستیش ل بەر دوو سەبەبا مە کێماتیا هەی یا کارمەندێت تەندروستی....

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك دکتۆر، کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بخێرهاتنا رێزدار جەنابێ مسرور بارزانی سەرۆکێ ئەنجومەنێ وەزیران و رێزدار قوباد تالەبانی جێگرێ سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و تیمێ دگەل دا دکەم بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ، بەڕێزان دێ هەوڵ دەم ل سەر بابەتێ گرێدایی ب لیژنا ئاوەدانکردن و وەبەرهێنانێ باخڤم سەرەرای باروذۆخێ سەخت و دژوار و قەیرانێت هەرێما کوردستانێ تێدا دەرباز بیتن، لێ جهێ دەستخۆشییە ل کابینا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کو شیاینە چەند پرۆژێن گرنگ و ستراتیژ ئەنجام بدەن د بوارێ رێگاو بانا و وەبرهێنانێ دا کو دبیتە شەنگستەیەکێ بنەجە بۆ بهێز بوونا ئابووریا هەرێما کوردستانێ ل ئایندەیەکێ نزیك، لێ پشتی دیڤچوونا مە یا مەیدانی لیژنا ئاڤەدانکرن و وەبەرهێنانێ پارێزگەهێن هەرێما کوردستانێ د ڤی باوەریدان ئەڤ خالێن دیارکری دەینە بەر چاڤێن کابینەیا جەنابێ هەوەیێن ڕێزدار، ل سالا (٢٠١٢) حکومەتا هەرێما کوردستانێ بریارەك دەرئێخست د رێکا وەزارەتا ئاڤەدانکرنێ کو (٩١٤٨) یەکەیێن نیشتەجێ بوونێ بۆ کەم دەرامەت و کرێچی یێن هەرێما کوردستانێ بێنە چێکرن وە ئەڤ ژمارەیە هاتە دابەش کرن ل سەر هەمی پارێزگا و ئیدارێن سەربەخۆ ل هەرێما کوردستانێ رێژا کارێن ڤا پرۆژا جۆراوجۆرە هندەك پرۆژە کارێ وان گەهشتیە (٨٥% و ٦٠% و ٥٠%) لی ب مخابنیڤە نەها کار لڤان پرۆژا هاتیە راوەستاندن

داخـازێ دكەیـن جارەكـا دی ئەڤ پـرۆژە بكەڤـنە كـاری ب میكانیزمەكـا باشـتر ئـان ژی بێـنە وەگوهاستن بۆ دەسـتەی وەبەرهێنـان چـونكی دێبیـتە سـەبەبێ هنـدێ ب هـزارا خەلكێ مە دی مفایێ ژی وەرگریت....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (هێڤیدار)، فەموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، جێگری سەۆكی حكومەت، شادی یاوەری لەگەڵی، پرسیارەكانم، هەموو لایەك لەسەر ئەوە متەفقین كە بەهۆی كۆرۆناوە، دۆخـی ئـابووری تووشـی قەیرانێكـی گەورە بـووە، پرسـیار ئەوەیە، لە مەودایەكـی مـام ناوەنـد یـان ئەتـوانین بڵـێن دوور مەودادا، دۆخی ئابووری هەرێمی كوردستان بەرەو كوێ دەچێت؟ ئومێدێك هەیە چاك ببێتەوە؟ پلانـی حكـومەت لەو بـارەیەوە چیـیە؟ پلانـی دووەم لەسـەر دەروازە سـنوورییەكان، بـارە رەسمییەكان كە داخل دەبن بەگوێرەی پێناسەی گومرگی مـامەڵەی لەگەڵ دەكرێـت، لەسـەردانی مەیدانیماندا بۆ هەموو دەروازەكان پێناسەی گـومرگی تەعریفـی گـومرگی وەك خـۆی جێبەجـێ دەكات، بەڵام لە عێراق ئەمە جێبەجێ ناكرێت، بازرگانەكانی ئێمە كۆچكردنە بەرەو دەروازەكانی عێراق، ئەم پارە هەمووی لە هەرێمی كوردستان دەچێت بۆ عێراق، لەوێ لەبەر ئەوەی بە نایاسی داخل دەكرێت، هاوكاریان دەكرێت، كە مفاوەزات لەگەڵ عێراق دەكەن، ئەم بابەتەتـان لەبەرچـاو گرتووە، ئەگەر ئێوە نەكەن، ئێمەش لێرە حـاڵێكی تـر دەكەیـن، ئەم رەوتەی بازرگـانی كـۆچ نەكـا، بەڕێز سەرۆك وەزیرانی كوردستان، راستە عەصای سـحریتان پـێ نییە، لە هەرێمـی كوردسـتان، بەڵام خۆ دەبێت لە نوقتەیەك دەست پێبكەین، كە قەیرانێك دروست دەبێت، واتـا نـوقتەیێكە بـۆ دۆزیـنەوەی چارەسـەری گەلەك كێشـەكانی دی، ئێسـتا ئەگەر ئـێمە چـاوەڕێی گرانبـوونی نرخـی نەوت بكەیـن، رەنـگە لە رووی ئیقتصـادی هەرێمـی كوردسـتان بـدۆڕێین، ئەگەر نەوت قەد بەرز نەبێـتەوە، ئەووەزعە هەر وا دەبێـت؟ كێشـەكان رەنـگە هەمـووی لای حكـومەت نەبـن، بەڵام حكومەت دەتوانێ رێگا ببینێـتەوە، بـۆ دەرفەتـی كـار، بـۆ هێنـانی كۆمپانیـای گەورە، بـۆ هێنـانی سەرمایەی عێراقی بۆ هەرێمی كوردستان، پارەی عێراق چـۆن دێـننە ئێـرە؟ لێـرە حكومەت بیـر لەوە بكاتەوە، بازرگانی لێرە بكات بۆ چل ملیۆن عێراقی..............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ نوقتەی تر نییە، كاك (جمال)، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خواری گەرەو میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆكی حكومەت، بەڕێز جێگـری سـەرۆكی حكومەت و شاندی یاوەریان دەكەم، بەڕێزانی حكومەت من دڵنیام ئێوە لە هەمووومان زیاتر حەز دەكەن كابینەكەتان كابینەیێكی دەوڵەمەند و خۆش گوزەران و پڕ خێر و بەرەكەت بی، بۆ ئەوەی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەمترین رەخنە رووبەرووی جەنابتان بکەنەوە، بەداخەوە، ئەو تەنگژە جیهانییەی کە لە دەسەڵاتی ئێوە نەبوو، لە دەسەڵاتی هەموو دونیا نییە، بەرۆکی بە کابینەکەتان گرت، هەروەها لێکەوتە خراپەکانیشی، بە دابەزینی سعری نەوت، خاڵی دووەمیان ئەو دانوستانەی لەگەڵ حکومەتی بەغدا،، بەڕێز جەنابی کاک (قوباد) بە تێر و تەسەلەی بۆی باس کردین، بەڵام دیارە تاوەکو ئێستا نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك، ئەوەی ئێمە ئاگادارین دیارە لە هەر قۆناغێکی دانوستان حکومەتی عێراقی سەقفی داواکارییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بەرزتر دەکردەوە، بەڵام ئەوەی لە بەغدا پێمان دەگا، پێچەوانەی ئەوانەیە، کە لیژنەی دانوستان پێمان رادەگەێنن، دیارە ئەو هەواڵانەی لە بەغداوە دێن، باس دەکەن دەڵێن هەر کاتێك سعری نەوت دابەزێت، حکومەتی هەرێم دێ داوای رێککەوتن دەکات، هەر کاتێك سعری نەوت بەرز بۆوە، ئەوان پەشیمان دەبنەوە، هەروەها دیارە خاڵی دووەمیش باس لەوە دەکەن، دەڵێن حکومەتی هەرێم، ئامادە نییە (٥٠%) داهاتی خاڵە سنوورییەکان بەرامبەری (٣٢٠) ملیار دینار مانگانە، رادەستی حکومەتی بەغدا بکەن، بۆیە پێم باشە جەنابیان روونکردنەوە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ ئێمە بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (راهی)، فەرموو.

**بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من بە پەلە پرسیارەکانم دەکەم، دوو پرسیارە، یەکەمیان لەسەر داهاتی نەوتە، بە دۆلار کەم دەکرێ بە دینار لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، لە هەرێمی کوردستان پێم وایە نزیکەی (٩٢) بانکی گشتی و حکومیمان هەیە، ئایا کەرتی حکومی بۆ نایکات؟ چونکە قازانجەکە قازانجێکی باشە، دەتوانێ کەلێنێك پڕکاتەوە لەدۆخی ئێستای داراییدا، دووەم پرسیارم کە زۆر گرینگە بەلای منەوە، ئەویش چەندین جار پرسیارم کردووە، ئەویش ئەوەیە بە پارەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانە کە (٦٠%)ی فرۆشراوە بە کۆمپانیایەکی بیانی، لە ساڵی (٢٠١٧)دا بە بەهای یەك پۆینت هەشت ملیار دۆلار، دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کرێ ی گرتۆتەوە بە بەهایەکی زیاتر، ئایا حکومەت لە کوێدایە کە ئێمە برۆییەك بفرۆشین، دواتر بە بەهایەکی زیاتر بەکرێ ی بگرینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیرن ئەکەین، من لە قسەێکی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێدەکەم کە باسی لەوە کرد، ئیستقراری سیاسی گرینگە، هۆکارە بۆ زۆر ئیستیقراری تر، بوژانەوە، بەڵام لەوە گرینگتر، ئەم ئیستیقرارە کاتێك بایەخی هەیە، لەسەر حیسابی خەڵك نەبێ، لەسەر حیسابی زیاد بوونی گەندەڵی نەبێت، لەسەر حیسابی قۆرغکاری بازار نەبێت، لەسەر ئیسابی ئەفزەلیەت و ئەولەویەت بە کۆمپانیاکان

نەبێت، لەسەر حیسابی بۆ نمونە داگیرکاری زەوی و زار نەبێت، لەسەر حیسابی پەکخستن و ئیفلیج کردنی چاکسازی نەبێت، ئەو داتایانەی کە لێرە ئەیخەمە روو، هەمووی دوورە لە مزایەدەی سیاسی بە بەڵگە باسی ئەوە ئەکەین، لە ماوەی رابردوودا کۆمپانیا هەبووە، هەشت سەد ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا قازانجی کردووە، بەبێ ئەوەی یەك دینار بدات بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵك هەبووە یان کۆمپانیا هەبووە، دوو سەد ملیۆن دۆلار قەرزاری حکومەت بووە، بەڵام لەکاتی دانەوەی بەشێوە قیست کۆمپانیاکە خۆی ئیختیاری کردووە چۆن ئەم قیستانە بداتەوە، لە کاتێکدا حکومەت رێکارێکی تری بۆ دابین کردووە، کۆمپانیا هەیە، حەفتا و حەفت ملیۆن دۆلاری لەکاتی کۆرۆنا داوە بە نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەیێك، بەڵام بە بەهای دوو سەد ملیۆن دۆلار زەوی بۆ تەرخان کراوە، بینیمان چ کارەساتێکی لە مەنتیقەی سلێمانیا خولقاندووە، بۆ نمونی پرۆژە دراوە بە خەڵك بەبێ ئەوەی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بەشێکی زۆریان ئاگادار بن، سەبارەت بە خەصخەصە و کەرتی تایبەت، عەفوم کەی خەڵك مافی خۆیەتی بترسێ لەوەی کەرتی کارەبا ئەدرێ بە کەرتی تایبەت، لە کاتێکدا دوو حکومەت و دوو وەزرات و دوو وەزیری جیاواز نەیا توانیوە، کێشەی پێوەری ئاوی ماڵان چارەسەر بکەن، لە کاتێکدا زیانی سێ سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار لە داهاتی حکومەت کەوتووە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر دەمی دۆڕانی شەست ملیۆن دۆلاردایە، بە سێ کۆمپانیای تر، خەڵکیش پەنجا ملیۆن دۆلاری لێ سەندراوە، کۆتا قسەم، لەسەر قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەم بەڕێزانە رایان گەیاند لە ماوەی رابردوودا کە بیست و حەوت ملیاردۆلار..............

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەیە ئەوە، مامۆستا (هەورامان)، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگرەکەی، وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، لە راستیدا مودەکەی ئێمە بۆ قسەکردن کەمە ئەگەر شتی دووبارەش بڵێین دڵنیام کە پێمان ئەبڕ، بۆیە من هەوڵ دەدەم لەو مـوودەیەی خۆما شتی دووبارە نەڵێم، بەشێوەیێکی گشتی لە چوارچێوەی بەرنامەی کاردا، کە خاڵی یەکەم باسی چاکسازییە بە گشتی، یاسای چاکسازی، لە راستیدا پرۆسەی چاکسازی بە قەناعەتی من هەر ئەمەی کە ئیعتیرافمان کردووە، قانوونێکمان هێنایە پەرلەمانی کوردستان، دەرمان چواند بەناوی چاکسازی، کەواتە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فەساد هەیە، بۆیە چاکسازیش دەستی پێ کردووە، بەڵام لە راستیدا بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورددستان، چاکسازی تەنها بەم حوبر و عەل وەرەقە ناکرێت، ئەگەر ئێمە پێمان وابێ بەو یاسایەی کە دەرمان چواندووە، چاکسازی دەکرێ، ئیصلاحێکی باش دەکرێ، بەراستی ئەوە پێم وایە خەیاڵە، چاکسازی کۆمەڵێك رەکائیزی هەیە، کۆمەڵێك روکنی هەیە، ئەگەر هەر یەکێك لەو روکنانە لەو پایانە خاڵی بێت، چاکسازییەکە ناکرێت، ئەمەی کە ئێستا روویداوە لە هەرێمی کوردستان، دەرئەنجامە، دەرئەنجامی هەشت کابینەی پێشوو کە ئێستا دیارە ئەو کابینەیەشی کەوتۆتە بان، باجەکەی

ئەدات، كاتێك چاكسازی ئەكرێ، كە بەراستی ئەگەر ئەوانەی كە ئەم وڵاتەیان بەهەدەر بردووە، فەسادیان كردووە، ئیختیلافیان كردووە، جا چ وەكو ئەحزاب، چ وەكو ئەشخاص، ئەگەر ئەوانە شاردراوە بن، كەس نەیان ناسێ قەیناكە، ساڵێكی تریش بەدوایاندا بگەڕێن تا ئەیاندۆزنەوە، بەڵام ئەگەر ئەوانە مەعلوم بن، بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێم وایە لای جەنابت مەعلومن..................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جا خۆ هیچم نەوت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(٣٣) سانیە بەس مقەدیمەت وت، لێرە سەیرمان كرد لەگەڵ (منی) خان، كاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسپێكێ بخێرهاتنا بەڕێز سەرۆك وەزیر و جێگرێ وێ و شاندا د گەل دا دكەین، من دوو سێ تێبینی یێت هەین د كوردەواریێ دا یێ هاتی هەمی رێك چنە ئاشی بەس رێكەكا هەی یا دیرە ئو رێكەكا هەی یا نزیكە بۆ چاكسازیێ راستە گەلەك رێك یێت هەین بەس بۆ چی ئەم رێكێن كورت ناگرین كورترین رێك ئەوە چاكسازی دێ هاووڵاتی هەمی دێ هەست پێكەتن، ئێك بن دیوار بێنە برین ئو بن دیوار ئیعترافا مەسئولەكێ هەرە مەزنێ ڤێ هەرێمێ دیارە كری كانێ چەند بن دیوار هەنە و ئو كانێ كی ژی بەرپرسە ژ ڤان بن دیوارا ئەڤە بێتە برین ئەڤە قۆناغەكا مەزنا چاكسازییە بڕی، دوو تەقاعودێت ب نەیاسایی هاتینە تەقاعود كرن ب ناڤێ وەزیری و وەكیل وەزیر و مودیر عام و ئو پلەیێت عەسكەری، سێ پاشەكەوت بۆ ئەم چارەسەر ناكەین ب شكلەكی خەلك شعورێ پێ بكەت كا چاكسازی هاتیە كرن بهێتە دەرئێخستن بەر دەینێت حكومەتێ خەلكی دەینێ ل سەر حكومەتێ هەین حكومەتێ ژی دەینێ ل سەر خەلكێ هەین تشتەكێ گەلەكێ تەبیعیە دەینێ ل بەر دەینێ ڤی بێت ئێخستن، چار یاسا كرنا ژمارا پاسەوانێت مەسئولا ب تایبەت مەسئولێت حزبی مە گو لێ دبیت ژمارێت عجیب فلان مەسئولی فەوجەك پاسەوانێت وینە بۆ ئەڤە ناهێت ب یاسا كرن؟ ئەڤە تێبینیا من یا ئێكێ ب ڤێ چەندێ دێ خەلك شعورێ پێكەت فیعلەن چاكسازی هاتیە كرن، دوو كۆڕۆنا یا بلند بیت و یا بەرز دبیت هندەك باڤێرا زێدە یا بەرز دبیت خاسەتەن بازێرێ دهۆكێ جەنابێ تە بەحس كر تە گوت رۆژانە پێنج هەزار حالەتێت فەحسێ ئەمێت تكەین .....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەم ئەوەیە، سەرۆکی حکومەت کە تەمسیلی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، یاخود نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە پارتی دیموکراتی کوردستانە، جیگری سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، وەزیری دارایی لە بزوتنەوەی گۆڕانە، هەموو ئەمانە کۆمەڵێك پێکهاتەی سەرەکین بۆ نمونە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێك هێناوە، بەڵام ئەوانیش بە روونی دەڵێن کە گەندەڵی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە، کێ ئەوەندە بەهێزە لە یەکێتی و لە پارتی و لە بزوتنەوەی گۆڕان، کە بتوانێت گەندەڵی بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ ئەم بابەتە، بۆ نمونە رێ لێبگرێ، یاچارەسەری بکات، پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە، دەمەوێ بزانم یەعنی بۆ نمونە خەڵك ئەو پرسیارەی لایە، مووچە باش دەبێ؟ دەوانن مووچە بدەن؟ مووچە دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی؟ ئەو مووچە فەوتاوانە پاشەکەوتکراوانەی کە لای حکومەتی هەرێمی کوردستانە چیان لێدێت؟ مامۆستایانی گرێبەست، فەرمانبەرانی گرێبەست، هەروەها سێ یەکەمە دانەمەزراوەکە، ئەمانە کەی دادەمەزرێن؟ ئەمانە کەی بۆنمونە دەخرێنە سەر کار و پیشەی خۆیان؟ زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستانا نزیکەی بیست و سێ هەزار زیندانی سیاسیمان هەیە، پێنج هەزاریان پێشتر مستەحەقات و مینحەیان وەرگرتووە، هەژدە هەزاریان وەریان نەگرتووە، ئەو پێنج هەزارەی کە مووچەکەیان بڕاوە، مینحەکەیان بڕاوە، پێنج هەزاری دووەم کەی دەچنە شوێنیان، ئەمە یەکەم، دووەم ئەم هەژدە هەزارەی کە ماون نیوەیان کۆچی دواییان کرد، ئەمانە چەند ساڵە کۆدیان بۆ کراوە، تا ئێستا نە مینحەیان بۆ کراوە، نە زەوییان پێ دراوە، نە هیچ شتێکیان بۆ کراوە، خاڵێکی دیکە لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە نزیکی دە هەزار بۆ یانزە ئەزار زیندانی سیاسی، شەهید، کەسوکاری سەربەرزی شەهید، ئەنفال، ئەمان فەرمانی پێدانی زەویان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە وەزارەتی شارەوانی ئەم فەرمانە تعمیم ناکرێ بۆ شارەوانییەکان، بۆ ئەوەی ئەم زەویەیان پێبدرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، داواتان لێ ئەکەم، دووبارە مەکەنەوە، ئەوە خاڵێکی پەیڕەویی، گرێبەست، وانەبێژان، زیندانی سیاسی، ئەزانم هەمووتان فشارتان لەسەرە، بە هەمووتان وتراوە کە باسی کەن، هەموتان وتوتانە پەیامەکە، وابزانم هەمووتان وتووتانە پەیامەکە گەیشتووە، بە سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی وەختمان لێنەڕوات، وەختیش لەخۆتان نەڕوات، کاك (پێشەوا)، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنامی خوای گەورەی، خێرامای بەڕێز سەرۆك وەزیران، جێگرەکەی کاك (قوباد)، رەفیقا کاشاکەر، پەرلەمان و کوردستانی، بەڕێز سەرۆك وەزیران، روونکردنەوەکانتان بۆ ئێمە بەشێوەێکی زۆرباش مایەی ئیقناعبوون بوون، بۆ من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەوەی کە لە بابەتی کارەبا، لە بابەتی رێگاوبان کردووتانە مایەی دەست خۆشییە، هەستمان پێی کردووە،

ئینجازێکی زۆر گەورەیە، هیوام وایە کە ئەو پرۆسانەی دیکەش کە باستان کرد بەم خێراییە بەڕێوە بچن، وەك ئەوەی لە ڕێگاوبان و کارەبا بینیمان، ئەنجامی خێرا و دڵخۆشکەر ببینین، ئاگاداربوون کە ماوەیێك بەر لە ئێستا، هێرشێکی مووشەکی میلشیاکانی حەشدی شەعبی، بۆ سەر هەولێر هەبوو، بەڕێزتان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق قسەتان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد، ئێمە نیگەرانی ئەوەین، یان دڵەڕاوکێیەکمان دەبێت لەوەی کە چ گرەنتیەکیان داوە، کە ئەم بابەتە نەکەنە عادەت، وەك ئەوەی لە بەغداو، لە ناوچەکانی دیکە هەیە، لە حاڵەتی دووبارەدا ئێوەی چ کارێك دەکەن، لەگەڵ ئەم مەسەلەیە؟ بەڕێز کاك (قوباد) باستان لەوە کرد، کە ئاسانکاری ئەکەن بۆ کۆمپانیاکان، داواکارم لەو ئاسانکاریە، لەو پرۆژەی کە تایبەت دەبێت بە کۆمپانیاکان، خەمی هەلی کار بەو جۆرە بوخرێ،، هەر کۆمپانیایەك بەپێی قەبارە، بە حەجمی کۆمپانیاکە، کارمەندی کورد، خەڵکی خۆماڵی و گەنجانی خۆمان بکرێتە فەرز لەسەریان، ئەگەر کۆمپانیایێك حەجمی سەد ملیۆن دۆلار بوو، ئەوەندە گەنجی خۆماڵی، ئەوانەی کە خوێندنیان تەواو کردووە، لەم شوێنەدا وەربگیرێن، کاریان دەست بکەوێت، بەڕێز سەرۆکی وەزیران، کۆتا قسەم، ئەزانم کە جەنابتان لە پرۆژەی پردی توەقود لە هەڵەبجە زۆر چاودێرن، بڕیارتان داوە کە بە چڕی کار لەسەر ئەم پرسە بکرێت، پردی توەقود پڕۆژەیێکی هاکەزایی نییە، پرۆژەیێکی گەورە و ستراتیژی گەورەیە بۆ پارێزگای هەڵەبجە، لەبەر ئەوەی پارێزگایەکی خنکاوە، هیچ شوێنێکی دەرچوونی نییە، هیچ جۆرێك بازرگانی تێدا نییە، داواکارم بۆ ئەوەی کە هەم هەڵی کار هەم...

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گەیشت، کاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕا بخێرهاتنا سەرۆکێ حکومەتێ و جێگرێ وی و وەزیـر و سکرتاریەت و دیوانا ئەنجومەنێ وەزیران بخێر بێن، وەکی دیار کو دستورێ عێراقێ ئەو وەسیقا هەی گرنگە ل سەرانسەرێ عێراقێ کو ل گورەی وی دستوری و وەسیقەی هەرێمێ ژی ئێکە ژ ڤێ، ئەڤی دستوری ژ مێژە ڤە ئەمێت بەحس دکەین گەلەك مافێن جودا جودا بۆ خەلکێ هەرێمێ

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر، کاك (علی)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خـوای گەورە، مـن سـەرنجەکانی خـۆم بە خێرایـی ئەخەمە روو، وەك حەلێـك بـۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچە، سەرەتا بە پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی دۆسیەی نەوت، تەنیا بە خەرجی کۆمپانیا ئیستیسمارییەکان کە گەندەڵی ئەکرێ لە بەرهەم هێناندا، دەتوانرێ لە ساڵێکدا پێنج سەد ملیۆن دۆلار بگەڕێتەوە، پرۆژەیێك سەد هەزار دۆلاری تێدەچێت بە پێنج قات حسێبی دەکەن لەسەر خەڵکی کوردستان، تەنیا بە گەڕانەوەی سکویرتی لە کۆمپانیای بەرپرسە حزبییەکانەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، سەد و پەنجا دۆلار ساڵانە ئەگەڕێتەوە، پارەی بۆری کە لە ساڵێکدا دراوە، زیاتر لە یەك ملیار دۆلارە بە تورکیا و هەرێمی کوردستانەوە، تەنیا پشکی

کۆمپانیای کار (٤٠%) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە، تەنیا بە گۆڕینەوەی دۆلار بە دینار، بانقێك سەد و هەژدە ملیار دیناری دەست کەوتووە، لە ساڵێکدا، لە فرۆشتنی نەوتی خاودا لە ماوەی شەش ساڵی رابردوا بە شێوەی ناقانوونی کۆی ئەم پرۆسەیە دراوە بە دەست هاوڵاتییەکی پاکستانی ناوی (مورتەزا لاخانی)ە بە ویستی خۆی داشکانی کردووە، بە (١١%) بە رێکردنەوەی ئەمە، بە کێبڕکێ، مانگانە شەست و پێنج ملیۆن دۆلاری تر ئەگەڕێتەوە، لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە( csr) وەرگیراوە کە بۆ هەر تەنێك (١٠) دۆلارە دەیان ملیۆن دۆلارە یان وەرنەگیراوە یان پارەکە دیار نییە، چونکە نەحیساب لە وەزارەتی داراییە، نە لە سامانە سروشتییەکان، تەنیا لە ساڵی (٢٠١٩)دا بەپێی راپۆرتی دیلۆیت هەشت ملیۆن بەرمیل نەوت پاڵێوراوە، داهاتەکەی لە راپۆرتەکەدا دیار نییە، لە کاتێکدا سەد و هەشتا و شەش ملیۆن دۆلار دراوە بە کرێی پاڵاوتنەکان، من لە ماوەی رابردوودا زۆر هاوارم کردووە لەسەر قاچاغچییەکان، دوانزە مانگە هاوار دەکەم، ئێستاش بە سەرۆکی حکومەت، جێگرەکەی دەڵێم، ناوی هەرچی کۆمپانیا، هەرچی بەرپرس، ئەوانەی نوسینگەیان هەیە لە بازارەکان، قاچاغی دەکەن ئەیخەمە بەردەستتان، قبوڵکراو نییە، مەسئولێك شەوی ملیۆنێك دۆلار بدزێ، فعلەن دزینە، بەڵام مامۆستایەك، فەرمانبەرێك، حەوت سەد هەزاری بە پەنجا رۆژ بێنەدرێت، ئەوەی لای من کارەساتە ئەمەیە، من لە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت شتێکم ئیستینتاج کرد، کارەساتبارە ئەگەر رێگە لەم قاچاغیە نگیرێ، ئەگەری دوو ئیدارەیی هەیە، ئەگەری شەڕی ناوخۆ هەیە، یەعنی مەسئولێك ئەگەر چەند ملیۆن دۆلار شەوان نەخوات ئیتر دەبێت کوڕی ئەم وڵاتە بکوژێت، بەڵێ وتی مەترسی هەیە زەختی زۆر هەیە، ئێمە هاوکارین بۆ ئەمە، خاڵیکی دیکە کە گرینگە لام..........

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سەرکۆ)، فەرمووە.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی حکومەت، لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە کێڵگەی نەوتی خورمەڵە دەدرێ بە کار گروپ، پشکی (١٠٠%)، واتا کار گروپ، دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەو کێڵگەی بەدەستەوەیە، وەکو ئاشکرایە کار گروپ نە کۆمپانیایەکی نیشتمانییە، نە حکومییە، بەڵکو کەرتی تایبەتە، ئەم کێڵگەیە یەکێکە لە گەورەترین کێڵگەکانی کوردستان، بەرهەمی نەوتی خورمەڵە لە ساڵی (٢٠٠٦) بۆ (٢٠٢٠) پێنج سەد و شەست و دوو ملیۆن بەرمیل نەوت بووە، وەك دەزانرێ کار گروپ بەپێی نرخی برێنت نەوتەکەی پێشتر بە (-١١) دۆلار لە برێنت، تەنها کار گروپ لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، سی و شەش ملیار دۆلار قازانجی کردووە، نەوتەکەی بە حکومەت فرۆشتووە؟ یان لە بازاری ئازادا؟ بەڵام یەك دۆلاری نەهاتۆتەوە خەزێنەی حکومەت، لەگەڵ ئەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێنج سەد و بیست و چوار ملیۆن دۆلاری داوە بە کار گروپ، بۆ گەشە پێدانی کێڵگەی خورمەڵە، ئەم کارەساتی دارایی، قەیرانی دارایی، دروست کردووە، ئێستا حکومەت قەرزاری ئەو کۆمپانیاکان دەوڵەمەند، قەڵەو، خاوەی ملیارات دۆلارن، پرسیارەکەم ئەوەیە لە بەڕێزتان، بۆ کێڵگەکان تەئمین ناکرێت؟ خۆماڵی ناکرێت؟ تەوەری دووەمم حکومەت بەراستی بەو هەموو

قەیرانەی کە هەیە لەناو هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان، حکومەت ئەبێ بێتەوە ناو خەڵك، بەراستی ئاگای لە نەبوونی و نەداری برسیەتی و بی مووچەیی خەڵك بێت، پێویستە حکومەت لە کۆشك و تەلاری گەورەکانی بێتە خوارەوە، بەراستی خەڵك لە کارەساتێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی گەورەدایە، بازار راوەستاوە، کاسبکاری چینی ناوەند (٩٠%) لە مایە پوچ بووندایە، حکومەت چ پرۆژەێکی هەیە؟ ئەم خەڵك و میللەتە ئینتاج کا؟ چارەسەر چییە؟ چۆنە؟ تا کەی سیستمی نایاسایی لە بڕینی مووچە، نەدانی مووچە بەردەوام بێت! زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (شاخوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رۆوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو خاڵ زیاتر قسە ئەکەم، بەڕێزان سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، قسەیان لەسەر یاسای چاکسازی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کرد، بەشی یەکەمی قسەکانی من ئەوەیە، ئەم یاسایەی کە ئێستا دەرچووە، لە مەصلەحەتی هێزەکانی ناوخۆ، ئاسایش نییە، بە تایبەتی لەدوای ئەوەی کە ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ خانەنشین ئەکرێن، بە مووچەێکی کەم و بە پارەێکی کەم هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش خانەنشین ئەکەن، لەبەر ئەوەی من پێشنیار ئەکەم لە داهاتووا، حکومەت لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە ێکی دیکە بۆ هێزەکانی ناوخۆ، ئاسایش، ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی لە راسیا ئەو بڕە پارەیەی کە ئێستا وەکو خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ، دیاری کراوە، خانەنشینێکی کەمە، مەبلەغەکەشی لە دوو سەد و چل هەزار بۆ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نییە، خاڵی دووەم ئێمە بە حوکمە ئەوەی لە لیژنەی شەهیدانیشین، تاوەکو ئێستا وەزارەتی شەهیدان جوڵە و حەرەکەکانی لەسەر مەسەلەی پاکسازی لە لیستی شەهیدان وەکو پێویست نەبووە، بە داخەوە من ناوی سیانیم لایە، موستەشار بووە لە ئەنفالی یەك،دوو، سێ، بەشداری کردوو، بەداخەوە ئەڵێم ئێستاش بە شەهیدی سەنگەر هەژمار کراوە، جارێکی دیکە موستەشاری تێدایە بە هەمان ئەوەی کە باسم کرد، خانەنشین کراوە بە پلەی مقدم، عقید، بە خانەنشینی سەربازی خانەنشین کراوە، ئەگەر بڕیار بێ پاکسازی لە لیستی شەهیدان و خانەنشینیا بکرێت، لەراسیا حەق وایە کاری جدی کاری حیسابی لەسەر پاککردنەوەی چاکسازی لیستی شەهیدان و لیشتی خانەنشینان بکرێت، بۆ ئەوەی بەراستی خەڵکی پاشخان خراپ، نەکرێت بە پێشمەرگە، خەڵکێك کە خیانەتی نیشتمانی کردووە، نەکرێت بە شەهیدی سەنگەر، بەلامانەوە گرینگە جارێکی دیکە تەئکید دەکەینەوە، لە بەڕێزان سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، بەراستی وەزارەتی شەهیدان و ئەو شوێنانەی کە بەراستی کە ئیتر پێداچوونەوە دەکەن، هەر لیژنەێکە، هەر شتێکە، لەسەر مەسەلەی لیستی شەهیدان و ئەوانە، ئەم پرسە بەلای ئێمە گرینگە کاری گەورەی لەسەر بکرێت، بەتایبەتی خانەنشینی ئەوەی کە بەناوی پێشمەرگەوە خانەنشین کراوە، من شتێکی دیکەم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ( روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە خاڵی دەیەم لە کارنامەی کابینەی نۆیەم، ئاماژە بەوە کرا، لەبەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە خوێندرایەوە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پشتیوانی کاری پەرلەمانی دەکەن، هەروەها ڕێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرن، بەڵام بەداخەوە من بۆ ماوەی شەش مانگ دەبێت پرسیارم ئاراستەی وەزیرەکان کردووە، تا ئێستا وەڵامم وەرنەگرتووە، دەڵێم ئەوە ڕێزگرتنە لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، هەروەها پرسیارم ئاراستەی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە لەسەر ڕەخساندنی هەلی کار، بۆ گەنجانی خۆماڵی، واتا گەنجانی وڵاتەکەمان، لە کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان، ئایا هیچ یاسایەك هەیە کە کۆمپانیاکان مولزەم بکا؟ لەوەڵامدا بەڕێزیان دەڵێ ئێمە هیچ یاسایەکمان نییە، لە ڕێی ئەو یاداشتەی بەڕێزتان داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، کە یاسایەك، بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیران دەربکرێ، بۆ ئەوەی ر کۆمپانیاکان مولزەم بکەین، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان چی کردووە؟ چونکە دەبینین لەگەڵ ئەوەی کە مووچە نییە، خەڵك بارودۆخی زۆر خراپە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکان بە لێشاو خەڵکی بیانی دادەمەزرێنن، هەلی کاریان بۆ دەرەخسێنن، وەڵامی لێبڕینی مووچەی فەرمانبەران کە لە بەڕێزان لە حکومەت وەرمانگرت، وەڵامەکەی تەنها ئەوە بوو بە تێڕوانینی من، بە نایاسایی مووچەیان بڕیوە، ئەو بڕەی کە لێیان بڕینە بە نایاسایی بووە، پشت بەست بە هیچ بڕگە و ماددەیەك نەبووە، پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران، وەڵامێکمان دەست نەکەوت، کە لە (٢٠١٤)ەوە بۆ راگیراوە، ئایا پلە بەرزکردنەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێنێتەوە پلە بەرزکردنەوە، دیسانەوە پلەی سەربازی، مەدەنی بەرز دەکرێتەوە، یاخود نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە هەموو ئۆباڵەکە لە ئەستۆی ئەم کابینەیە نییە، کە تەمەنی ساڵێك و سێ مانگە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە، کە بە هەمان مەرج و نەفس، عەقلیەت، ئیدارەی حکومەت ئەکرێ، من سێ نمونە عەرزی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، جێگرەکەی، وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لە سلێمانییەوە دێی بۆ هەولێر من ئەوە شەشەمین جارە دێم، بە خەت دێم، پێنج بازگە ئەبڕی، دوو سەندیکایەك هەیە بەناوی سەندیکای شۆفێران، دوو خەت، دوو سەرۆك خەت، ڕێك ناکەون کە دوو سەد و سی سایەق تەکسی هەن، سایەق تەکسییەکی هەولێر کە باری کرد لە سلێمانی ئەبێ لەو سەرە بە بەتاڵی بگەڕێتەوە، ئەوەی سلێمانیش کە دێ بۆ هەولێر (٦٥) هەزار وەردەگرێ، ئەبێ بە بەتاڵی بگەڕێتەوە، دوو سەرۆك خەت ڕێك ناکەون بەهۆی ئەو دوو ئیدارە، ئەم کێشە چارەسەر بکەن، سێ لە تەمەنی دوو مانگە ئەو کابینەیەدا سێ سەد و پێنج خۆپیشاندەر گیراون، سێ سەد و

پێنج کەس کە من ئەتوانم ئەم کابینەیە ناو بنێم کا بینەی بەرتەسك کردنەوەی ئازادیەکان، سەرکوتکردنی ئازادییەکان، لە هەموو دونیادا ئۆپۆزسیۆن ڕێزی لێ ئەگیرێ، نەك ئاوا بێ منەت سەیری بکرێ، کە لە وەڵامەکەی سەرۆکی حکومەتدا بۆ سەرۆك فراکسیۆنێك بوو، ئۆپۆزسیۆن لە دونیادا ئاوێنەی دەسەڵاتە، تەواوکەری پرۆسەی سیاسییە، ئێمە نە دژین، نە دوژمنین، نە نەیارین، دڵنیاش بن ئێمە لێرە مزایەدە ناکەین، تەنانەت حزبایەتی تەسکیشمان تەڵاق داوە، ئێمە کوردستانیانە بیر دەکەینەوە، ئێمەش وەك ئێوە خەمخۆری ئەم وڵاتەین، کە بەداخەوە جەنابی سەرۆکی حکومەت دوانزە جار وشەی مزایەدەی بۆ پەرلەمانتاران بەکار هێنا، دووەم هەموو خەتاکە لە ئەستۆی بەغدا نییە وەك کاك (قوباد) وتی، بەشێکی خەتای خۆمانە، ئێمەکە خۆمان نەوت بە سەربەخۆ ئەفرۆشین، چوار سەد هەزار هێزی چەکدارمان بۆچییە کە (٥٠.٣%) بوودجەی بردووە، خاڵێکی تریش پێم بڵێن چ سێکتەرێکی دابێت بە کەرتی تایبەت لە قازانجی هاوڵاتیانبێ؟ ئەبێ هەماهەنگی نێوان کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت، بۆ ئەوە بێت کە خەرجی کەم بکاتەوە، هەموو ئەوانەی کە دراون بە کەرتی تایبەت، بارگرانی بۆ هاوڵاتی دروست کردووە، نەوت لەکوێی هاوکێشەی پرۆسەی چاکسازیدایە، ئێمە بە سیفەتی پۆستەکاتنا پرسیار لە جەنابتان دەکەین، نەك بە سیفەتی ناوی سیانیتان، لەبەر ئەوەی ئەبێ ئەم ڕەخنانە، ئەم وەڵامانەی خاڵك بگەینین ئێوە بە سینگێکی فراوانەوە لێمان وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، جەنابی سەرۆکی حکومەت دەڵێ ئۆپۆزسیۆن حەز دەکا کە حکومەت فاشل بێ و ئاوا خراپ بێی، ئێمە بۆچی حەز دەکەین ئەگەر وا بێت، ئێمە نەوەی نوێ مووچەی خەڵکی بڕیوە؟ ئایا فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیان کردووە؟ بیست و هەشت ملیار دۆلار ئەو حکومەتە قەرزارە فراکسیۆنی نەوەی نوێ و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیان کردووە، چوار سەد هەزار گەنج بێکارن لەم وڵاتەدا، خەتای ئێمەیە، ئەو هەمووە داهاتە نادیارە هەیە، ئەو هەمووە قاچاغچیەتییە هەیە لە خاڵە سنوورییەکان خەتای ئێمەیە؟ خەتای ئۆپۆزسیۆنە؟ ئێمە تەنها جەختمان کردۆتەوە لەسەر ئەو شتانە کەباسی دەکەین، ئەوانە واقعین، ئەوە هیچی مزایەدە نییە، ئێمە بەڵگەمان هەیە کە لە خاڵی سنوورییەکان قاچاغچیەتی هەیە، بەڵگەمان هەیە کە داهاتی ئەم وڵاتە دیار نییە، ئەوە بۆچی مزایەدەیە، ئەصلەن ئۆپۆزسیۆن وەکو مامۆستا (ابوبکر) وتی ئاوێنەی دەسەڵاتە، ئەوەی کە دەسەڵات نایڵێ، پێویست ئۆپۆزسیۆن دانی پێدانێ و بیڵێ، سەباری ئەوە ئەگەر لەسەر بنەمای داهات مووچە دابەش کراوە قەرز بۆ لە بیست و حەوت ملیارەوە بۆتە بیست و هەشت ملیار و نیو؟ یەعنی بەپێی داهات مووچە دابەش کرابێت، ئەی ئەم ملیارە بۆچی قەرز کراوە؟ سەبارەت بەوەی کە ئایا ئاگادارن کۆچی گەنجان، ئێستا گەنجان هەموویان دەیانەوێ ئەم وڵاتە بەجێبێڵن، ئایا ئێوە چیتان کردووە، ناتانەوێ خەم لەم گەنجانە بخۆن، دنیایەك دەرچووی دانەمەزراومان هەیە، دەرچووە یەکەمەکان ڕوحیان دەرچووە تا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە، بەڕێز سەرۆکی پەلەمان ئەو قسەیەم دووبارە

نییە، کە باسی فەرمانبەری گرێبەست و مامۆستای وانەبێژ بکەم، بۆ ئەوە م نییە کە دووبارە بێت قسەکەم، بۆ ئەوەمە ئەگەر بێت و فەرمانبەری گرێبەست دابمەزرێ، ئێستا خۆی چوار سەد، چوارسەد و پەنجا هەزار ئەگەر مووچەکەی بێت، بەبێ لێبڕین حەتمەن، دەتوانرێ کە دامەزراندنی بۆ بکرێ، بە دووسە و پەنجا هەزار، بە دووسەد و شەست هەزار دامەزراندنی بۆ دەکرێ، بڕێکی لێ دەمێنێتەوە، ئی حکومەت بۆ پلانی نییە؟ بۆ ئەوەی لە دامەزراندنی فەرمانبەرێکی گرێبەست دەمێنێتەوە با مامۆستایەکی وانەبێژی پێ دابمەزرێنێت......................

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (حکمت)، فەرموو.

**بەڕێزحکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان، بڕیاردەرێ لیژنا ناوخۆ ئاسایشا ئەنجومەنە خۆجێییەکان، جەنابێ سەرۆکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ و وەزیرێت بەڕێز بەخێر بێن سەر سەرا و سەرچاڤا، بەراستی سەرەڕای چەند قەیرانێت کو ئەڤرۆکە لکوردستانێ حکومەتا هەوە کابینا هەوا جێی دەست خۆشییە، کوچەندین پرۆژێن خزمەتگوزاری ئێستا لکارن هەندەك ژی هاتینە ئەنجامدان، دیارە لە هەمی وڵاتێ دنیایێ ئەگەر ئەمنیەت و ئاسایشێ جێگیر نەبێتن ئەو وڵاتە پێش ناکەڤیت، بەرهەندێ ئەز ژی وەکی کاك (شاخەوان) داخازی دکەم کو وەکی هێزی ناوخۆ تێنە خانەنشین کرن هزرکی باش لێ بێتە کرن کو دشێن خوە خانەنشین کەن ژ بەرکو گەلەکی تینە خانەنشین بکەن حەزێ دکەم وەکی دێنە خانەنشین کرن حەز ناکەم خانەنیشین بکەن، ئەگەر ئەڤ بابەتە ژی بێتە چارەسەر کردن ڤێ دەرفەت ڤەبێتن بۆ گەلەك گەنجا رەخسێن کو دجڤێ وانە بگرن، من پرسیارەکا دیا هەی لسەر تۆپباران کرنا حکمەتا ترکیا کو زەرەر و زیانەکا زێدەیا گەهاندیە خەلکا هەرێما کوردستانێ، ئایا ئەڤ بابەتە ئەوا حەتا چ رادەك دگەل حکومەتا فیدرالیا عێراقی بەحس کرییە؟ چ پێنگاڤ هاتینە ئاڤێتن کو هەر چ نەبیتن ئەو زەرەر و زیانێت خەڵکی کەتین بێنە قەرەبوو کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنا سەرۆکی حکومەت و جێگرێ سەرۆکێ حکومەت و وەفدا لەگەڵی دکەم، حەز کەم ل سەر بابەتێ تەندروستی و لیژنەکا پێداچوونەوە بێتە دامەزراندن، چونکە مە بخۆ خەستەخانەکا ئەهلی بێژین دەرمانخانەکا خەستەخانەی ئەهلی دەرزی بە شەش سەد دۆلاران دەکڕی، ل شارع ئەتیبا بە سێ سەد دۆلارە، یەعنی مەسافێ بەینا ئەو خەستەخانە ئەهلی و شارع ئەتیبا دوو دەقەیە، یەعنی کارەساتە رێیا دوو دەقە سێ سەد دۆلار بۆ یەك دەرزیێ فەرق و جودایی هەبیت، من پێخۆشە پێداچوونەوە ل سەر بڕیارا دەوامێ بێتە کرن، چونکە تەنزیما دەوامێ بێتە کرن، چاوا یێ فەرمانبەرا باشە ئەگەر ژن و مێر هەردووك موەزەف بن و بچووکێت وان قوتابی بن یەعنی چ کەسەك دەرگەی لەو بچووکانە دکەتەوە، هەتا سەعات سێ لە دەوامێ بن

بچووکێت وان ژی سەعات دوازدە بچنەوە ماڵێ، یەعنی راستی دێ ئەشکالەك چێ دبیت، ئەوانی دیکەش جەنابێ سەرۆکێ حکومەتێ، بە نیسبەت ئەم هەمی چاوەڕێی هەندێ بین کو پێشمەرگە و بێژین پاریزەر و پیرۆزینە، پێشمەرگە ئەوێت کوردستان دپاراستن، ئەم هەمی چاوەڕێی خەڵاتکرنا وان بین بەراستی ئەڤە چەندەم جارە ئەز داخاز هەندێ دکەم کو روتبەیا پێشمەرگە وەکی روتبێ وەزارەتا ناڤخۆ تەئخیر نەبن، چونکە چاوێ پێشمەرگە ل هەندێیە، جەنابێ تە کوڕێ سەرۆکی بارزانی کو نازناوێ وی سەرۆك و پێشمەرگەی کوردستانێیە، بەڕاستی هەموو پێشمەرگە بڕوایان بەنگۆ هەی ئێمە پێخۆشە ئەو بڕوایە و ئەو جوانیە وەکی خۆ بمینیت ئەڤە ئەو، یا دیکەش شازدە هەزار کارتێت زەوی و زار چەندین ساڵ پێش نوکە ل حکومەتێت پێشتر تەوزیع کرایە دبێژنێ حەسارۆکان، هەشتی حەسارۆکان، پشت وان دا خزمەتگوزاری بۆ هەموو جێها بۆچوون، هەتا نوکە ئەوێ وەکی خۆی ماوەتەوە، کۆتا پرسیار، ئاوانی دیکەش بەڕێز سەرۆکێ حکومەتێ، ئەوە بیست و هەشت ساڵە ل ناحیا گرەسێن دوو جادەیەت هەی، یەعنی حەڤدە گوندا پێکڤە دەبیستیتەوە، جادا قیر یا بۆ یەك ماڵ چووە، بەڵام بیست و هەشت ساڵە ئەو چاوەڕێی هەندێنە کو ئەو جادە بێنە قیرکرن بیست و حەفت گوندی دیکەش پێکڤە دەبەستیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆك و جێگری ئەنجومەنی وەزیران و شاندی یاوەریان دەکەم، پرسیارەکانی من بۆ بەڕێزیان لە چوارچێوەی دانووستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدایە، گفتوگۆکراوە دەربارەی ماددەی (١٣٢)ی دەستووری عێراق سەبارەت بە زیندانیانی سیاسی و شەهیدانی قەربووکردنەوەی کەس و کاری شەهیدان و ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی کردەوە تیرۆرستیەکان برینداربوون ئەوە پرسیارێکم، پرسیارێکی ترم سەبارەت بە یاسای چاکسازی، ئایا حکومەت داهاتی بەدەست دەکەوێت لە جێ بەجێکردنی یاساکە؟ ئەگەر داهاتی بەدەست دەکەوێت چ رێکارێکی گرتۆتە بەر بۆ جێ بەجێکردنی برگەی دووەم لە ماددەی (١٣) و چاکسازی کە دەبێت ئەولەویەت بدرێت بە پێداچوونەوە بە کەمترین مووچەی خانەنشینی بە ئاراستەی زیادکردنی؟ پرسیارێکی ترم، بەر مەبنای ئەو رێکەوتنە کاتییەی کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندکراوە، ئایا حکومەتی هەرێم لە ئێستادا دەتوانێت کەی و چۆن مووچە دابەش بکات؟ هەموو مانگێك دەتوانین بە لێبڕینەوە یان بێ لێبڕین ئەوەش ئەگەر تەواو روونبکرێتەوە؟ پرسیارێکی تر، ئایا حکومەتی هەرێم کاریکردووە بۆ ئامادەکردنی ناردنی پرۆژە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو یان بەرکارکردنی یاسای یەکگرتووی عێراق؟ چونکە لە چوارچێوەی چاکسازیدا هێزەکانی ناوخۆ خانەنشینیان جێگەی نەکرایەوە و زەرەرمەندی زۆریش دەبن لە یاسای خانەنشینی خۆیان و یاساکە پێویستی بە هەموار هەیە، ئەگەر ئەو پرۆژەی هەیە جێگەی بکرێتەوە، سەبارەت بە رۆنایی ژمارە (٢٦٨)ی وەزارەتی دارایی لە (٢٠٢٠/٦/١٧) بۆ جێ بەجێکردنی برگەی یەك لە ماددەی (١٣)ی یاسای چاکسازی ئەژمارێکی بانکی دەکرێتەوە بە

مەبەستی وەرگرتنی مووچە، دەبێت ئەو ژمارە بانكیە بزانن كە شایستە داراییەكان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەمەوێت پرسیارەكان دووبارە نەكەمەوە، بەڵام دوو تێبینیم هەبوو، یەك: بەڕێز سەرۆكی حكومەت باسی ئەوەیكرد زیندانیانی سیاسی كرد كە بۆ ماوەی پێنج مانگە ئەوانەی كە دەساڵە مینحەكانیان راگیراوە لە كاتێكدا لە یاسای چاكسازی كە لە پەرلەمانی كوردستان پەسەندكراوە ئەوان دەبێت مووچەكانیان بەردەوام بێت، ئەوانەی هیچ مووچەیەكی تر لە حكومەتی هەرێمی كوردستان وەرناگرن، ئەوەی ئەو رێكارەی ئێستا گیراوەتەبەر لەگەڵیاندا پێچەوانەی یاسای چاكسازییە، ئێمە لەو بوارە لەگەڵ كاك دكتۆر ئامانج وەك سكرتێری ئەنجوومەنی وەزیران قسەمانكردووە، هیوادارم ئەوە راست بكرێتەوە، دوو: بەڕاستی من دەمەوێت سێ راستگۆترین قسەی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی ئەمڕۆی لە پەرلەمان بینیم بەڕێزان لە ئەنجوومەنی وەزیران بخەمەوە، وەزیری پێشمەرگە لێرە ئاشكرایكرد كە یەكێك لە مەترسییەكان لەسەر هێزەكانی ئەوەیە كە لە هێزی حیزبیەوە بیكەن بە هێزی شەخصی، تەداخولاتی شەخص لەسەر هێزە چەكدارەكانی ئێمە بە شێوازێك تەشەنەی سەندووە كە بۆتە مەترسی، بەڕێز ئاواتی شێخ جەناب وەزیری دارایی لە دانیشتنی پێشوو لە پەرلەمانی ئیعلانیكرد كە هێشتا داهات لە هەرێمی كوردستان چل و سێ بە پەنجا و حەوتە لێرە و لەوێ، بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەمڕۆ لە چاكسازیەكان لە نەهێشتنی قاچاخ چیەتی لە خاڵە سنووریەكان باسی ئەوەكرد كە دەبێت ئێمە كارێك بكەین كە نەچینەوە شەڕی سیاسی یان شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی، ئەمە هەمووی دامانگەیەنێتەوە دەرئەنجامەی هێشتا چەك و پارە لەم وڵاتە دوو بەشە، ئیرادەی سیاسی بۆ چاكسازی زەحمەتە، لە كاتێكدا سەرۆكایەتی حكومەت بە دەست دوو كەسایەتییەوەیە كە دوو كەسایەتی كاریگەر لە ناو پارتە سیاسییەكانی خۆیانەوەن، ئەگەر ئەمان لەم حكومەتە نەتوانن چاكسازی و ئەو گەندەلیانە رابگرن كەی رادەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی یەك روونكردنەوە لەسەر ئەوەی ئایا دوو ئیدارەیی دروست دەبێت لەسەر دزی، پێموایە دوو ئیدارەیی دروست نابێت، لەبەر ئەوەی دزیكردن لە مەرزە خاڵە سنووریەكان لە هەردوو ئیدارەی پێشوو بەردەوامە، لەسەر ئەوەی بەڕێز سەرۆكی حكومەت گوتی چی بكەین بۆ ئەوەی مووچە بدرێت، ئەمە دۆسیەیەكە لەلای من پێنج ملیار دۆلار لە توركیا قەرزكراوە بە ناوی مووچە ئەو ئەوانە، بڵێ بەپێی ئەو بڵاوكراوانەی بیانی و ناوخۆیەكان بەدواداچوونەكانی ئێمە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی (٢٠١٦) نزیكەی پێنج ملیار دۆلاری ئەمریكی لە حكومەتی

توركیا قەرزکردووە، هەروەها ئەو بڕە زۆرە پارەی بە ناوی قەیرانی دارایی و پێدانی مووچەوە وەرگیراوە، بەڵام قەیرانی دارایی تاوەکو ئێستاش بە تووندی بەردەوامە و مووچە چارەسەر نەکراوە، دەپرسین بەڕاستی ئەم قەرزانە بۆچی کراوە؟ بۆچی حکومەتی هەرێم روونکردنەوە نادات؟ پارەکە لە چیدا خەرجکراوە؟ کەی دەدرێتەوە بە تورکیا و چۆن دەدرێتەوە؟ بەڕاستی کاتێك ئەو قەرزانە نادرێتەوە بە تورکیا، تورکیا چی لەمە ئەوێت؟ یان چی دراوە لە برێ ئەوە؟ بەپێی زانیاریەکانی ئێمە ئەو قەرزانە لە تورکیا کراوە تەنها بۆ بەرژەوەندی کەسی و هەندێ کۆمپانیای تورکی و کوردی کراوە، بە دڵنیاییەوە ئێوەی بەڕێز بێ بەش نین چ لە ئێستا و چ لە کابینەکانی پێشووی حکومەت بە حوکمی ئەوەی نزیکەی شازدە ساڵە دیارە حوکمڕانی سەرۆکایەتییەکەی لەلای کێیە، دێمە سەر رێگا و بانەکان من وەکو سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی حکومەت و ئەوەی ئێستا لە ناو ئەو هۆلەیە هەموومان رەنگە بە ئۆتۆمبێلی باش یان ئۆتۆمبێلی بەرز هاتوچۆ بکەین نەزانین رێگا و بانەکان بە چی دۆخێکدا تێدەپەڕێت، بەڵام بۆ هاوڵاتیەك کە مووچەکەی پێ نادرێت هەڵی کاری بۆ ناڕەخسێ و ئۆتۆمبێلێکی بە قەرز کڕیووە........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی و ستافە بەرێزەکانیان دەکەم، بەڕێزان، بودجە سادەترین پێناسەی پلانی حکومەتە بۆ داهات و خەرجی وڵات، ئەوە حەوت ساڵە حکومەت ئەم بودجەیە دانانێت، یاسا نانێرێتە پەرلەمان بۆ پەسەندکردن، وەزارەتێك نەتوانێت بودجە دانێت، دووبارە نیە سەرۆکی حکومەت، پێشنیارم هەیە، پێشنیار دەکەم وەزارەتی دارایی هەڵوەشێنینەوە لە جێگەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی مووچە دابنێین باشترە لەوەی تا ئەو کاتەی حکومەت وەزارەتێك دادەنێت دەتوانێت پلانی ستراتیجی بۆ داهات و خەرجی ئەم وڵاتە دانێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە دوو رۆژی رابردوو تا بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت لە پەیامێکیدا باس لە خەڵکانێك دەکات کە بوونەتە رێگر لەبەردەم کارەکانیدا، خەڵکانێکی مافیا و پیس خۆر و گەندەڵ، داوا لە بەڕێزت دەکەم کاك قوباد تاڵەبانی ناوی بەرێزانەمان بۆ ئاشکرا بکات کە بوونەتە رێگر لەبەردەم کارەکانت مافیا و گەندەڵ و پیس خۆرن ئێمە جێ پێکانیان دەناسینەوە لە زاخۆ تاوەکو خانەقین ئەگەر ناوەکانیان بزانین ئێستا دەموت، ئەم پەرلەمانە دادگای گەلە، دەسەڵاتە لەمە باڵاتر نیە، ئێمە پشتگیر و پشتیوانتین هی جەنابت و هی سەرۆکی حکومەتیش بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، بەڕێزان، مرۆڤ تەنها ئەو کاتانە نامرێت کە پاروە نانی دەست ناکەوێت، چارەسەری بۆ برینی زامەکانی ئەستەم دەبێت، بەڵکو مردنی راستەقینەی مرۆڤ و خەڵك ئەو کاتەنەیە کە بێ هیوا دەبێت، هیچ ئومێدێك بۆ ژیان نامێنێت، دەمەوێت ئەو راستیە بڵێم کە سەرەڕای دواکەوتنی مووچە و کەمکردنەوەی خەڵك رۆژ بە رۆژ هەنگاوێك زیاتر لە بێ هیوایی نزیك دەبێتەوە، زیاتر ئایندەیان نا روون دەبێت، ئەوەش بە هۆی نەبینینی هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنی

گرفتەکان و پلانی پێویست کە بەرنامەی ژیانسازی و ئایندەسازی دەبێت، نەبینینی ئیرادە و ئومێد لەلای دامەزراوە دەوڵەتیەکان و پیاوەکانیان بۆ دامەزراندنی حکومەتی دامەزراوە، حکومەتێك کە بە یاسا کار بۆ میللەت دەکات جیاوازی ناکات و دادگەری بەرقەرار دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر بەخێرایی قسەکانم دەکەم، لەوە دەست پێدەکەم دەیان هەزار زەوی لەم وڵاتەدا لەلایەن حیزبە سیاسیەکان و کارەکترە سیاسیەکانەوە داگیرکراون، سەدان بینای حکومی داگیرکراون حکومەت ساڵێك و سێ مانگە دەست بەکاربووە کەی کار دەکات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو موڵکانە؟ ئێستا ئێمە دوای زیاتر لە پێنج سەعات کۆبوونەوە خەڵك ئەو پرسیارە دەکات مووچەمان پێ دەدرێت یان نا؟ داوای دڵنیایی دەکات، بۆچی سەندوقی داهاتە نەوتیەکان دانامەزرێنن کە لە ساڵی (٢٠١٥) لە یاسای ژمارە (٢) بڕیاری لەسەر دراوە، تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەو قسەی بەڕێز جێگیری سەرۆکی حکومەت کە بەبۆنەوەی ساڵ ڕۆژی بەڕێز تاڵەبانی باسیکر کە دەڵێ مافیا و پیس خۆر ڕێگرن لەبەردەماندا، منیش داوای لێدەکەم کە ئەو مافیا و پیس خۆرانە ئایا سەرۆکی حکومەت جێگرەکەی ناتوانێت ڕێگریان لەبەرامبەردا بکەن؟ نوقتەیەکی ترم هەیە باسی بکەم، ئەوەیە کە پەیوەندیدارە بەوەی کە زیاد لە دە ترلیۆن دینار کە نزیکەی دە ملیار دۆلار دەکات حکومەت قەرزاری مووچە خۆرانی راستەقینەی ئەم وڵاتەیە، ئەم ژمارەی کە قەرزارە حکومەت من دەمەوێت ئەوە بڵێم باس لەوە بکەم ئێستاکەش قەرزێك هەیە ناوی خانووبەرەیە، قەرزی هاوسەرگیریە، قەرزی بانکی خانووبەرە، قەرزە جیا جیاکان و کارەبا و ئاو، بۆچی حکومەت ئەو خزمەتە بەوانە ناکات کە قەرزاریەتی بۆ ئەوەی بخرێتە سەر ئەو مەسەلەیە؟ نوقتەیەکی تر کە دەمەوێت بە خێرایی قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی کۆرۆنایە، زۆر کارەساتە، سلێمانی لە دۆخێکی زۆر مەترسیدارە، من پێش کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ لەگەڵ وەزیری تەندروستی قسەمکرد، ڕێژەی گیان لەدەستدان لە سلێمانی لەسەر ئاستی ستاندارتە، لەسەر ئاستی عێراق بەرزترین ڕێژەیە (٥.٩%)یە، لەسەر ئاستی هەرێم بە دهۆك و هەولێریشەوە ئینجا دەگاتە (٣.٧%)، لە کاتێکدا سلێمانی دوو بەرامبەرە، بۆچی بە فریای ئێمە ناکەون کە ئەم کارەساتە چیە کە لە سلێمانیدا لە بواری کۆرۆنادا دەقەومێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هدیە خان فەرموو.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا بەڕێز سەرۆکێ حکومەتا هەرێمی کوردستانێ و جێگر و شاندێ دگەلدا دکەم، پراسیارا من دەربارەی ڕەوشا شەنگالێە ئاڕاستەی جەنابێ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دکەم، وەکو دیارە بارودۆخی ئەمنی ب گشتی ل ناوچەی کوردستانێ دەرڤەی ئیدارەیا هەرێمی

ئالۆزە ب تایبەتی ل شەنگالێ کو پشتی جینوسایدکرن و هەبوونا وان هێزێن سەبازی یا نە شەرعی کو دەستێ دەرڤە ل ناڤدا دەڤەر کۆنترۆڵ کریە، کو بینە ئاستەنگ ل هەمبەر نە ڤەگەڕاندنا خەلکێ مە، کو ئەڤە پتر ژ ساڵە (٧٥%) ژ خەلکێ مە ژیانەکا سەخت ل کەمپا دەرباز دەبن، (٢٠%) کۆچك بوینە دەرڤەی وڵاتی تا نوکە ژی کۆچ کرن یێ بەردەوامە، رێژەیەك ژ خەلکێ مە ل شەنگالێ ژیانەکا بێ سەروبەر دژین، نەبوونا ئیدارەیا شەرعی ل شەنگالێ کێشەیەکا مەزن دروستکریە، نە بتنێ ل سەر ئاستێ ناڤخۆیی بەڵکو ل سەر ئاستێ نێڤ دەوڵەتی، هەڵبە جێ بەجێ کرنا ماددەیا (١٤٠) ژ دەستوورێ عێراقێ گرنگیەکا مەزنە یان کو کلیلا چارەسەریە بۆ هەمی کێشەیان ل ڤان ناوچەیان، پرسیارا من ئەڤە، ئایا سیاسەتا حکومەتا هەرێمی دگەڵ حکومەتا فیدراڵی چیە؟ چ پلان و ریکەفتن هەیە ژ بۆ ئاسایی کرنا باردۆخی ئەمنی شەنگالێ؟ نەمانا ڤان هێزێن نە شەرعی و ڤەگەڕاندنا ئیدارەیا شەرعی، دەمەزراوەیێن حکومی و ئاڤەدانکرن و قەرەبووکرن و خزمەتگوزاری و ڤەگەڕاندنا خەلکێ مە بۆ سەر جێ وارێن خۆ، کو ئەڤە داخوازیا هەموو خەلکێ مەیە پشتی بۆرینا شەش ساڵان جینوسایدا ئێزدیان، ل دوماهیێ دخوازم ب رێکەفتن و دانووستاندن دگەل حکومەتا فیدراڵ شەنگال خالا هەرە سەرەکی و گرنگ بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا داوا لە جەنابت دەکەم کە بەپێی مادده (٥٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەوە دەستەواژەیە کە لەلایەن هەندێك لە ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی کە گوایە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتوویەتی چارەسەکردنی گەندەڵی دەبیتە دوو ئیدارەیی، رەش بکەیەوە لە پرۆتۆکۆڵ بۆ ئەوەی ئەرشیف نەکرێت، حەز دەکەم ئەوە بڵێم فراکسیۆنی یەکێتی باش دەزانێت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەندەی پارتی بەرپرسیارە لەو گەندەڵیانەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستان، کاك هاوڕی باسیکرد، بەهەر حاڵ، جەنابی سەرۆکی حکومەت بەڕاستی سەلماندت کە کابینەکەتان کابینەی چاکسازیخوازە و شەفافە، لە ماوەی رابردوودا وێڕای ئەوەی کە قەیرانی دارایی هەبووەت بەڵام چەندین پڕۆژەی گرنگتان پێشکەشکردووە لە سێکتەری جیا جیادا، حکومەت باوکی میللەتە، ئێمە وەکو نوێنەری گەلی کوردستان هەندێ خەمی خەڵکمان هێناوە بڵێین کە داوا لە جەنابتان بکەین روونکردنەوەی لەسەری بدەن یان بۆ دۆزینەوەی هەندێك موعالەجات، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، جەنابتان دەزانن کە دۆخی بازاڕ کەمێك نا لەبارە، هەندێك گرانی هەیە، ئەم گرانیەی کە هەیە هاوتەریب نیە لەگەڵ رەوشی دارایی، بۆیە داوا لە جەنابتان دەکەین کە پێداچوونەوەك بە ئەسعاری شت و مەك و کاڵاکان بکرێت، لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێك گەنج هەیە یان هەندێك گەنج هەیە یان چەندین گەنج هەیە ناتوانن زەواج بکەن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەگەر پڕۆژەی زەواجی بە کۆمەڵ جارێکی تر بێنەوە بۆ ئەوەی دەستی ئەو گەنجانە بگرن بۆ ئەوەی کە بتوانن بچنە ناو پڕۆسەی زەواج، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بابەتی رەوشی کرێنشینان بەڕاستی نا لەبارە ئەگەر

جەنابتان فەرمان بکەن تەسبیتی ئەسعاری کرێنشینەکان بەپێی شوێنەکان بکرێت زۆر باش دەبێت، دواجاریش وەکو سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکان کە دەزانن ئێستا کوردستانیان لە تاراوگا چاویان لە دەمی بەڕێزتە ئەگەر پەیامێکت هەبێت بۆ ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، بە کورتی و پوختی (٨٥%)ی داهاتی ئەم وڵاتە لە نەوتەوە دێت، زۆر بە خێرایی باسی نەوت دەکەم کە گرێبەستەکانی کوردستان گرێبەستی هاوبەشن، بە گوێرەی ئەم گرێبەستانە بە شێوەیەکی ئەساسی کۆسیل کەڤەری ئەم گرێبەستانە لە (٣٠%) بۆ (٤٠%)ی داهات دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکان، بەر مەبنای ئەمە مانگانە شەست ملیۆن دۆلار و لە ساڵێکدا یەك ملیار دۆلار دەدرێت بە کۆمپانیاکان بە جۆرێك لە ساڵی (٢٠١٩) لە کۆی (٨.٥) ملیار دۆلار چوار ملیار دۆلار دراوەتە کۆمپانیاکان کە دەکاتە (٤٧%)ی هەموو داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەوە خاڵی یەکەم، بە نموونەیەك دوو سەد و حەفتا و چوار ملیۆن و حەوت سەد و چل و دوو هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم هاتووە نۆەت و دوو ملیۆن و شەش سەد و هەشتا و نۆ هەزار بەرمیل هەناردەکراوە لە کۆی ئەمە چل و پێنج ملیۆنی حەقیقی کۆمپانیاکان بووە، بەدەر لەوانە تورکیا سەد و هەشتا ملیۆن لە مانگێك و دوو ملیار دۆلار لە ساڵێکدا بۆ دوو شت بۆ قەرزێك یەك ملیار و دوو سەد ملیۆن دۆلاری بۆ مووچە، وە قەرزێکی هەشت سەد ملیۆن دۆلاری بۆ تێچووی بۆریە دەبرێت بۆ تورکیا، لە هەمان کاتیشدا نەوتی هەرێم وەکو جەنابی سەرۆکی جکومەتیش باسیکرد بە بیپەیمێنت بە ریسکی هەرێمی و لە هەمان کاتیشدا بە ئەی پی ئای هەشت دۆلار کەمتر لە بازاڕی هەموو جیهانی دەفرۆشرێت، کەواتە بە دەستکاری ئەم گرێبەستانە و گۆڕینیان بە تایبەت گرێبەستی ڕۆز نەفت کە لە یەك مانگادا شەست ملیۆن دۆلار و لە ساڵێکدا حەوت سەد و بیست ملیۆن دۆلارە دەتوانین زۆرمان بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەمانە پێکەوە بە گەندەڵی دەستەی دەستپاکی سێ سەد و نۆەت و سێ ملیار و سەد و بیست و چوار ملیۆن بەهەدەر دراوە، حکومەت پێکەوە ئەمانە کۆ بکاتەوە لە ساڵێکدا نزیکەی (١.٥) ملیار بۆ دوو ملیار دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە، کەواتە پرسیارەکان ئەمانەن، کەی پارەی کۆسیل کەڤەری لە هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت؟ ئایا ئیستیسماراتی نەوتی لە هەرێم بە بەهای پەنجا بۆ شەست ملیار دۆلار کراوە بەڕێز سەرۆکی حکومەت؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەست نابات بۆ چاکسازی راستەقینە لە مەلەفی نەوتی و پێداچوونەوە لە گرێبەستیە نەوتیەکان؟ ئەگەر چارەسەرمان دەوێت لە هەرێمی کوردستان بۆ چاککردنی کێشەی نا یاسایی بیست و یەکی مووچە بۆ فەرمانبەران بۆ هەموو کێشەکانی تر ئەمە نەخشە ڕێگای چارەسەرە، دوو ملیارمان بۆ دەگەڕێتەوە، فەرموو با کێشەکان چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەلەفۆنێکی لەگەڵە لە دەرەوە بۆی دێت دەبێت بڕوات، دێتەوە دوای ئەوەی تەلەفۆنەکەی تەواو دەبێت، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەپێی ماددەی (٥٤) لە بڕگەی چوارەم لە خاڵی یەکەم پێویست بوو سێ خولەك ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، لەبەر ئەوەی هۆکاری گفتوگۆیە تەنها بۆ پرساندن دوو خولەکە، بەڵام ئەمەشیان مافێکی پەرلەمانتارانە خورا لەم دانیشتنە، سەبارەت بە وەڵامەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حەقی خۆیەتی بەس باسی ئەو کابینە دەکات کە لەو کابینەیە مووچەی وای داوا و کارە خزمەتگوزاریەکانی وا کردووە، بەڵام لە کابینەکانی رابردووش وەزیری نەوت لەم هۆلی پەرلەمانە گووتی بە نەوت دەتوانین داهاتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بکەین، بەڵام ئەوە سەربەخۆش نەبوو، ئەوە وەزعیشمان وای لێهات و کەسیشمان نەدیت لەم وڵاتەی ئێمە موحاسەبە بکرێت، سەبارەت بەوەی کە زۆر کاری ستراتیجیان ئەنجامداوە، من یەك رێگای ستراتیجی پێ دەڵێم کە گەورەترین رێگایە، رێگای هەولێر- کۆیە کە هەموو پارێزگاکان پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەوە چەندین ساڵە لە بەرنامەی کارە و جێ بەجێ نەکراوە، هیوادارم لەو کارانە و خزمەتگوزارییانەی هەیە بیخەنە بەرنامەی کار، سەبارەت بە سەندوقی داهاتە نەوتییەکان راستە دروست نەکردووە، جەنابی سەرۆکی حکومەت راستە خۆی لێرە نییە، هیوادارم گوێی لێبێت، خۆی گووتی خۆم حەزم لێکرد وەزیری ئەم وەزارەتەبم، ئایا بوونە وەزیر یان ئەو وەزارەتە دەتوانێت هیچ لە چارەسەری کێشەی ئەم وەزارەتە بکە، پرسیارێکی تر ئەوەیە ئێستا بڕینی مووچە ئایا قەرزە لای حکومەت؟ دەدرێتەوە یان نادرێتەوە؟ راستە خەڵك چاوی لە دامەزراندن بووە، بەڵام خۆ ئەوەیە حکومەت باوکی میللەتە هەلی کاری بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام لەوە کاتەوە نەماتوانیوە هەلی کاریشیان بۆ بدۆزینەوە، حکومەت ئەرکی خۆیەتی خزمەتی خەڵك بکات و نابێت منەت بکات، لە رابردووشدا هەندێ خزمەتکراوە ئەمەشیان نابێت منەت لەسەر خەڵك بکەی، ئەمە ئازایەتی و لە (١٧%) بودجە لەعێراقەوە داهات کە بڕێکی زۆر داهات و داهاتی ناوخۆشمان بوو، گرنگ ئەوەبوو لە ماوەی ئیستیغلالی ئەم داهاتە بکەین کە لە عێراقەوە دەهات بۆ ئەمڕۆ بتوانین خزمەتی میللەتەکەمانی پێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا قسەکانم بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتە، بۆ بەرچاوڕوونیتان ئێمە موزایەدەچی نین، بەڵکو ئێمە نوێنەری گەلین لە بری خزمەتکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵك بەداخەوە دۆزەخەێکیان بۆ خەڵك بنیات ناوە، بۆیە مافی ئێمەیە لێیان بپرسین، لە کارنامەکەتاندا سیازدە هێڵ لە کارنامەی حکومەت تایبەت بە پرسی چاکسازی هاتووە، بەڵام قەبارەی گەندەڵی و قاچاخچییەتی لە خاڵە سنوورییەکان هەڵکشاوە، ئەم دۆخی برسین و بڕینی مووچەیە دروستە ناکشێتەوە بەسەر ئەم کابینەیەدا، بەڵام دواجار هەر پارتی و یەکێتی سی ساڵی رەبەقە پلە یەکی هەم حکومەت و هەم پەرلەمانی کوردستانن، ئەو کاتەی زەردەشت عوسمان دژی نا دادی و دژی دەسەڵات هات دەنگ،

له پێش حەرەمی زانکۆ رفێندرا ئەو کاتەی کاوە گەرمیانی دژی گەندەڵی و زوحاکەکان هاتە دەنگ و لە باوشی دایکی تیرۆرکرا هەر دەکرا چاوەڕوانی ئەمە بکەین کە ئێستا نووسینگەی ئێن ئارتی لە هەولێر داخراوە، ئەم هەنگاوەی تیرۆریانە لە سایەی حکومەت و دەسەڵات بوونی هەیە، هەر چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە برسیکردن و نا دادی بگاتە لوتکە، بە نموونە لە دوای (٨/١٣) بە تایبەت لە بادینان لە دهۆك، لە هەولێر بە هەولێکی نا دیموکراسی دەیان خۆپیشاندەر و چالاکوان و رۆژنامەنووس راپێچی زیندانیکراوە، ئەوانەش ئازادکراون تەنانەت بەڵێنامەیان پێ پڕکراوەتەوە بۆ ئەوەی مافی قسەکردن و هەڵبڕینی دەنگیان نەبێت، گەر مەبەستیانە پرسی مووچە موعالەجە بکەن بۆچی لیستی مووچەخۆرانی هەرێم، لیستی پێشمەرگە رادەستی بەغدا ناکەن، بۆ بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، جەنابتان بەڵێنتاندا پەنجا هەزار هەلی کار بڕەخسێنن، پاشەکەوت هەڵبگرن، بەڵام لێبڕینتان داهێنا، هەر لە سەنگەرێکی پێشمەرگە لە بڕی چەکی قورس عامودی ژەنگاوی بەکار دەهێنن و دایان ناوە بۆ ئەوەی نەیارەکان وەبزانن مەدفەعیە، لیوای وا هەیە هەزار و چوار سەد کەسە، چوار سەد کەس..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان کاتیش تەواو بوو، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پەلە شتەکانم دەڵێم، هیوادارم یەکێك بۆ سەرۆکی حکومەتی بنووسێتەوە، چونکە خۆی لێرە نییە، هەمووماں دەزانین دنیا قەیرانی بەسەردایە، قەیرانی سرووشتی و دارایی و ئابووری هەیە، لە لبنان لە ساڵی (٢٠٠٨) قەیرانێکی دارایی بوو کە بینیمان زۆرینەی کۆمپانیاکان بەرەو ئیفلاس چوون رۆشتن، لە ئەلمانیا تیمێك دروستکرا لە زۆر وڵاتانی تر دروستکرا، تیمێك دروستکرا یەکسەر تیمی چارەسەربوو، نەگوترا تیمی دەست نیشانکردنی کێشەکان، تیمەکە گووتی ئەم قەیرانانە ئەوەندە زەرەرمان لێدەدا بەوەندەی ساڵ کۆتایی پێدەینین، ریك وا دەرچوو، پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئایا حکومەتی هەرێم ئەوە چەندین ساڵە ئێمە لە قەیرانین، قەیرانی داراییمان هەیە تیمێکی پسپۆڕانە شارەزامان نیە چارەسەرمان بۆ دانێت؟ من دەیزانم کە نیمانە، ئەگەر حکومەت دەڵێت هەمانە چارەسەکەمان کوا؟ ئەگەر چارەسەکەیان کردووە بۆ ئێمە نایبینین، پیشانمان بدەن، ئەگەر نەیانکردووە بۆ دان نانێن، بەڕێز سەرۆکی حکومەت چەندین جار تۆپی هەڵدایە ساحەکەمان گووتی داهاتمان کەمە، فەرموو ئەگەر شك دەبەن داهات پیمان بڵێن، من مەجموعەیەك خاڵی بەسیت هەمووی بە برادەرەکان دەڵێم، یەکەم شت: دەشتی هەشتی حەسارۆك ئەلێرەیە زیاتر لە (١٧٠٠٠) هەزار پارچە زەویە، چارەسەریان بکەن بۆ ئەوەی داهاتێك بۆ حکومەت بگەڕێتەوە، من هەر لەم پەرلەمانە بەڕێزەیە چەندین جار بەدواداچوونم بۆ کێشەیەکی گەورەکردووە کە جل و بەرگی فەرمانبەران و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ چەندین ساڵە دەدرێت بە کۆمپانیایەك بە گەندەڵی تەوزیع ناکرێت، فەرموو خۆتانیش دابەشی بکەن لە پاسەوانەکانی خۆتان بپرسن حەوت ساڵە جل و بەرگیان وەرگرتووە، دوو سەد هەزار کارمەند زەربی دوو سەد و بیست دۆلار زەربی حەوت ساڵ زەربی دووجار کە

داكاته چوار سەد مليار دينـار زيـاتر دەكـات، بەو موناسـەبەيە چـوار سـەد مليـارەكەش كـوا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سيپان فەرموو.

**بەڕێز سيپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پتر ژی پێنج دەمژمێرایە دانووستاندنی ل سەر بـابەتەكی گرنـگ دكەیـن كـو پەیوەسـتە ب ژیانـا هـاووڵاتی ل هەرێمـا كوردسـتانێڤە، لـێ بەداخەوە هەتـا نـوكە هـیچ دەرئەنجـامەك ل سـتافێ ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكی حكومەتێ و جێگرێ وی و وەزیرێن بەڕێز هیچ هێڤی بـوونەك، هیچ ئومێدەكا دیار ژ بۆ خەڵكا هەرێما كوردستانێ نەهاتە گوتن كـو خەڵكـێ هەرێمـا كوردسـتان چاڤەڕێی ڤێ چەندێ دكەتن ل ئایندەیەكا نزیك دێ شێت مووچەیێ خۆ وەربگریت، ل دوو دڵـی و قەلەقی نەبیت كە ئایا دێ هەیڤێ مووچە وەردگریت ئـان نە، یـان ژی چەنـد ل سـەدێ دێهێـتە بڕین، ئایا ئەڤ لێبـڕینە ژی سـەرۆكێ حكـومەتێ ئامـاژەی ب ڤـی چەنـدێ كـر كـو گـۆڕی داهـاتێ بەردەسـت خـۆ بگونجینیـت، ئایـا ئەڤ گونجانـدنە تێـتە بـڕین كەنگـی و ب چ شـێوەیەك ب چ میكانزێك بۆ فەرمانبەرێن هەرێما كوردسـتانێ دەهێـتە ڤە گرانـدن؟ ئایـا سـەرۆكێ حكـومەتێ و جێگرێ وی و كابینەیا نها حكومەتا هەرێما كوردستانێ دزانن هەر كەسەكێ ئەڤـڕۆكە زاڕۆكەكـێ ئەڤڕۆكە ژ ل دایك ببیتن ل هەرێما كوردستانێ پتر ژی چوار دەفـتەرێن دۆلاری قەرزارە ل سـەر، ئایا ئەڤـی چەنـدێ دزانـن ل ڤێـرێ ئەڤ قەرز و پـارەی ل حكومەتـا هەرێمـا كوردسـتانێ بەحـس دكەت ل سـەر حكومەتـا هەرێمـا كوردسـتانێیە؟ مـن دڤێـت ئامـاژەی ب ڤـێ چەنـدێ بـدەم ئایـا ئەڤڕۆكە ل هەرێما كوردستانێ سەرۆكێ حكومەتێ بەحس لێكر گەلەك پڕۆژە و خزمەتگوزاریـان كر، ئەڤڕۆكە خەڵكێ هەرێما كوردستانێ مووچە دڤێت، خەڵكێ دڤێت بزانیت سبەی مووچەیەت خۆ دێ وەرگریت یان نا؟ بەحس ل ئازادیا رادەربڕینی كر و ئازادیا رایا خەڵكـی مـن ل پارێزگەیـا دهـۆكێ دەیـان گەنـج ل سـەر كـۆمێنتەكی هـاتیە دەسـتە سـەركرن بەبـێ بڕیـارا دادگەیـا بیـتن، ئەڤـڕۆكە مامۆسـتا بەدەل بەرواری سـومبولا دەنگـێ نـاڕازی دەسـتە سـەركریە ل ئاسـایش و گرتنگەیەن پارێزگەیا دهۆكێ نەهاتیە ئازادكرن، ئەو چ ئازادیە بەحس ژێ دكەن داكو ئەگەر هـین بەحس ل ئازادیا رادەربڕینێ دكەن ئەڤ كەسـە نەهێـنە ئـازادكرن، دووماهیێ ئەز ئامـاژە ب ڤـێ چەندێ بدەم بەحس ل پڕۆژەیا چاكسـازیێ كـر، بەڵـێ، ئەڤە وێـنەی ئـازاد بەرواریە، بەداخەوە ل سەر راكری نەشیام تەحەمولا ئازادیا وی بكەم، پڕۆژەی چاكسازیێ ئەڤان كو وا بەحـس ژێ دكـر، ئەم ژی دخازین چاكسازی بێتە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش چەند خاڵێكم هەیە، یەكێك لەوانە لە (٧٩%)ی تەمویل كە پێشتر زۆر باسی لێوەكرا كە بۆ مـووچەی فەرمـانبەران، وە لە (٥٠%)ی بـڕین دەتـوانین بڵێـین، نەك تەمویـل بـۆ سـەرۆكایەتی

ئەنجومەنی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی تەشریعی کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی نیە دەست بەرێت بۆ مووچە، لەبەر ئەوەی بە یاسا رێکخراوە، لەبەر ئەوەی پاڵپشتی دەستووری هەیە، ئەگەر بارودۆخی دارایی نالەباربوو دەکرا رجوعی بکردایە و بگەڕایەتەوە بۆ پەرلەمان ئەنجوومەنی وەزیران، نەك بۆ خۆی تاك لایەنانە ئەو بڕیارە دەربکات، لەبەر ئەوە بڕیارێکی نا یاساییە، ئێمە یاسامان هەیە لە پەرلەمان یاسای راکێشانی مایە، بەڵام پاڵپشت بە هیچ یاسایەك نەکراوە ئەم لێبڕینانە، نا یاساییە، خاڵی دوو کە ئەم پرسیارە کرا، بەڵام وەڵامی نەبووە تاوەکو ئێستا، پلان (ب) حکومەتی هەرێم چیە بۆ ئەوەی ئەگەر لە حاڵەتێکا حکومەتی عێراقی فیدراڵ سێ سەد و بیست ملیار دینارەکەی نەنارد، چۆن مووچە دابەش دەکات؟ خاڵی سێیەم: چوار سەد و شەست و چوار کەس لە وەزیر و بریکار ئەمانە بە نا یاسایی خانەنشین بوون و ناویان لە دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەت نەیتوانیووە مووچەکانیان ببڕێت، بۆ؟ خاڵی چوارەم: شەست و حەوت هەزار بە گووتەی حکومەت خۆی کە دوو مووچە و سێ مووچە و چەند مووچە هەیە تاوەکو ئێستا بۆ نەبڕدراوە کە سێ مانگ بەسەر یاسای چاکسازیدا تێپەڕیووە؟ خاڵی کۆتاییم سەبارەت بە سەرچاوەی داهات و فرە چەشنکردنی داهات، ئێمە چوار پارێزگامان هەیە لە هەرێمی کوردستان پارێزگای هەڵبجەشمان هەیە کە تاوەکو ئێستا بەردی بناغەی هیچ پرۆژەیەك و وەبەرهێنان بۆ دانەنراوە، هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری کە لەوانە کاك پێشەوا باسیکرد لەگەڵ مەرزی سازاندا کە ئەمە هیچ تەکلیفەیەکی مادی ناخاتە سەر حکومەتی هەرێم، بەڵکو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان بە قەرزی درێژخایەن دەتوانن ئەم پرۆژانە جێ بەجێ بکەن، وە دوو پرۆژەی ستراتیجی لە بواری پیشەسازی و لە بواری کشتوکاڵی و لە بواری ئاوەدانکردنەوە بۆ حکومەت کولەفەی لەسەر ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز جێگرا لیژنەیا سامانە سرووشتیەکانم، بەخێرهاتنا بەڕێز سەرۆکێ حکومەتێ و جێگر و تیمێ یاوەری دکەم، من دوو پرسیارێت هەی، پرسیارا ئێکێ: لە خولی رابردوو کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت مولزەم کرابوون بەوەی راپۆرتی سێ مانگی خۆیان بۆ پەرلەمان و لیژنەی تایبەتمەند بنێرن، لەوانە پرسی پەرەپێدانی، پرسی ژینگە، بە تایبەتی لە دەڤەری زاخۆ و گەرمیانیش، گرنگە کۆمپانیاکان سێ مانگ جارێك راپۆرتی خۆیان لەو بوارە ئامادەبکەن و رەوانەی پەرلەمان بکەن، جیا لەوەش رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان لەو کۆمپانیایانە بە تایبەتی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە بواری نەوت و وزە، پرسیاری دووەم بەپێی بڕیاری حکومەتی عێراقی و رێنمایی ئۆپیك کوردستان ئەو کەمیەی نەوتەی خۆی کەمکردۆتەوە، ئەو کەمیە لە پەرەپێدانی ناوخۆ وەکو دابینکردنی ستووتەمەنی بۆ وێستگەکان بەکارهاتووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز قوباد و وەفدی یاوەری دەکەین، لە راستیدا ئێمە لیژنەی شەهیدان و جینوساید و زیندانیان سیاسی تموحی زۆرمان هەیە لەسەر ماف و ئیمتیازاتەکانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستاندا بەشێك لە داواکاریانەی خۆمان دوا دەخەین تاوەکو کاتی گونجاو و باشبوونی دۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە داواکاریەکان خۆم لە دوو تەوەردا کۆ دەکەمەوە، تەوەری یەکەم: دەپرسین لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە گفتوگۆکانی لەمەڕ ڕێکخستنی مووچەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق گەیشتۆتە چ دەرئەنجامێك؟ هەروەها سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری شەهیدان و گەڕاندنەوەی رووفاتەکان لە بەغدا گەیشتوونەتە چ دەرئەنجامێك و کەی رووفاتی ئەنفالەکان دەگەڕێندرێتەوە هەرێمی کوردستان؟ تەوەری تر هەر سەبارەت بە پاکسازی و چاکسازی لە لیستی شەهیدان و زیندانیان سیاسی، کە ئەمە پرسێکە زۆر وەکو دەڵێین زۆر پرسیار ئاڕاستەی ئێمە دەکرێت زۆر کێشەی بەدوا دادێت، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی شەهیدان داوا دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راستیدا پەلە بکات بە تایبەت لە پاکسازی و چاکسازی لە لیستی زیندانیانی سیاسی، چونکە هەر وەکو بەشێك لە ئەندامانی لیژنەی شەهێدانیش ئاماژەیان بەوەکرد کە زیندانیانی سیاسی کێشەیان هەیە، بەشێك لەوانە حەقەکانیان بدردراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمە خان فەرمووو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەست بە پرسیارەکانم بکەم، داواکارم بەشێ یەکەمی قسەکانی دکتۆر ڕێبوار کە تۆمەتێکی ناڕەوابوو بۆ فراکسیۆنی ئێمە، داواکارم لە پرۆتۆکۆڵ بسڕدرێتەوە، پرسیارەکانم ئاڕاستەی بەڕێزان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم تایبەت بە کێشەی تۆپبارانکردنی ئێران و تورکیا، ئەو هێرشانەی کە دەکرێتە سەر ناوچە سنووریەکانی ئێمە، پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چیە بۆ راگرتنی و بە تایبەتی لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، هەروەها لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراق کە وەزیرەکەی کوردە و پشکی کوردە، چیانکردووە و چۆن ئێمە بتوانین سیادەی هەرێمی کوردستان بپارێزین، حکومەتی ناوەند تا چەند هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەوەی کە سیادەی عێراق بپارێزێت؟ بۆ رزگاربوون لەوەی کە کەرتی تایبەت زیاتر پەرەی پێبدرێت و هەلی کار بڕەخسێنێ لە کەرتی تایبەتدا بوونی سەندوقی خانەنشینی کەرتە بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر روونەکاتە کەرتی گشتی، ئەم قسەیە زۆر دەکرێت و زۆر لە کارنامەی حکومەتە، هەروەها لە گووتەکانیاندا باس دەکرێت، بەڵام ئەوە چەندین ساڵە

ئەم قسەیە دەکرێت، بەڵام کەی دەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە سەندوقی خانەنشینی کەرتی تایبەت؟ کەی دەست پێدەکات و کەی هاووڵاتیەك کە کاسبە دەتوانێت سوود لە خانەنشینی وەربگرێت لە کاتێکدا تەمەنی خانەنشینی دەبێت؟ پرسیارەکانی ترم بەڕێزان کردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی و شاندی هاوڕێیان دەکەم، من دەمەوێت سوپاسی کاك سەروان بکەم یەکێك لە پێشنیارەکان و داواکاری پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی پێشمەرگە بوو کە بەڕێزی داوای ئەوەیکرد، هیوادارم حکومەت و تیمی حکومەت کار لەسەر ئەوە بکات، سوپاس بۆ کاك دکتۆر ئومێدیش کە بەڵێنی ئەوەیدا بەپێی یاسا ئەو خشتانە هەر هەموویان جێ بەجێ بکرێت، داواکاری دووەمم ئەوەیە وەکو هەموومان دەزانین شاری هەڵبجەی شەهید ە قوربانیداندا پێشەنگەبووە، ئەوەشی ڕێی کەوتبێتە ئەو شارە دەزانێت ئەم شارە ئەگەر کەسێك بە تایبەت کاری بەم شارە نەبێت ڕێگەی تێی ناکەوێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی رۆژانە چەندان خێزان ئەم شارە بەجێ بێهڵن بە بۆنەی نەبوونی هەلی کارەوە، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم لە ڕێگەی حکومەتی مەرکەزیەوە هەوڵی ئەوە بدرێت کە سەرچنار خان باسیکرد، مەرزی سازان بکرێتەوە، کاك پێشەواش باسیکرد پردی تۆقت بکرێتەوە ئەمە دەبێت بەهۆی دابینکردنی هەزارەها هەلی کار بۆ خەڵکی ئەو شارە و دەبێت بە داهاتێکیش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی تیمی حکومەت دەکەم، ئەوەی کە سەرەنجی منی ڕاکێشا لە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت زۆر بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی گووتی ئاسەواری دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت کە ئەو قسەی لەسەر بکات نازانم هۆکارەکەی چی بوو کە قسەی لەسەر نەکرد لەسەر ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت گووتی با کاك قوباد قسەی لەسەر بکات، قسەتان لەسەر نەکرد نازانم هۆکارەکەی چی بوو، بەهەر حاڵ ئەوەی کە ئێمە بەڕاستی لە ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی کە ئێستا بە دەستیەوە دەناڵێنین کەم نییە، یەکێك لەوانە یەك نەگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەیە، بەڕێزیان سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتن، یەعنی یەك نەگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە تاوەکو ئێستا هۆکارەکەی چییە؟ یەعنی بۆچی ناکرێت؟ نییەت نییە، ئەگەر نییەت هەیە ڕێگری هەیە، ئەگەر ڕێگری هەیە ڕێگریەکان چییە؟ جارێکی تر لەسەر کۆنترۆڵکردنی خاڵی سنووری قسەی زۆری لەسەرکراوە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی کە هەیە چەتەگەریەکی مونەزەمە دەکرێت، لەبەر ئەوەی پشتیووانی

حکومی هەیە لە ڕێگەی ئەو هێزانەوە پشتیووانیان دەکرێت کە حکومەت مووچەیان پێدەدات، بۆیە ئەوە فەرهودکردنی داهاتی گشتییە بەداخەوە لە ڕێگەی حکومەتەوە دەکرێت، یەعنی ئەگەر ئەوە نەبێت دەبێت چارەسەرێکی بۆ بکرێت، لەسەر قەزیەی مووچە بە کورتی ئەوەی پێشتر کە لە کاتێکدا بڕین لە مووچەدا کرا دەدرایەوە وەکو پاشەکەوتی مووچە بوو، بەڵام ئێستا ئەوەی کە هەیە لێبڕینی مووچەیە، لەسەر قەزیەی دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەڕێز کاك قوباد جێگری سەرۆکی حکومەت چەندجار سەرۆکی شاندەکەبوون و گفتوگۆتانکردووە، بەڵام بە تەنها قەزییەی مووچە کێشەی ئێمە نییە، بودجە کێشەی ئێمە نییە، باشە لەسەر قەزییەکانی تر گەیشتوونەتە خاڵی کۆنکریتی، ئەو خاڵانەی کە لەسەری ڕێکەوتوون لەگەڵ حکومەتی ناوەندی تا ئێستا ڕاستە لەسەر قەزیەی بودجە ڕێك نەکەوتوون، ئەی لەسەر قەزییەی خاك، لەسەر قەزیەی جێ بەجێکردنی دەستوور گەیشتوونەتە هیچ ڕێکەوتن، ئەوەی تریشیان پەیوەندی بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتەوە هەیە وەکو کارێکی پەرلەمانی ئێمە کە پرۆسەی چاودێریکردنە چەندجار بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە گلەییمان کردووە گوتوومانە پرسیارەکانمان وەڵام نادرێتەوە کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان دەبێت لە ماوەی حەفتەیەکدا وەڵام بدرێتەوە، درێژترین ماوە دەبێت بیست و یەك ڕۆژ بێت، بۆیە ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی حکومەت دەڵێین کە پرسیارەکانمان تکایە با لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا وەڵام بدرێتەوە بۆ ئەوەی بە ئەرکی ڕەقابی خۆمان هەڵبستین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی تیمی حکومەت دەکەم بۆ پەرلەمان، من پرسیارێکم سەبارەت بە درێژکردنەوەی نا یاسایی دادوەرانە، دوای ئەوەی ماوەی یاساییان تەواوکرد ئەنجوومەنی دادوەری بە چەند بڕیارێك ماوەی خزمەتی چەند دادوەرێکی درێژکردۆتەوە کە ئەمەش هیچ یاسا و ڕێنماییەك لە هەرێمی کوردستان ڕێی پێنادات، وە بڕیارێکی نا یاساییە و بارگرانیشە بۆ باری دارایی لە هەرێمی کوردستان، پێچەوانەی یاسای چاکسازییە، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی ئەو بڕیارە نا یاساییە جێ بەجێ دەکەن و چ هەنگاوێك دەنێن بۆ ڕێگرتن بەو بڕیارە نا یاساییە؟ هەر لەسەر ئەو قەزیە پرسیارێك ئاڕاستە دەکەم، لەبەر هەبوونی تێبینی زۆر لەسەر وەزعی دادوەری گلەیی و تێبینی زۆر لەسەر ئەم دەسەڵاتە و دەست تێوەردانی حیزب لەم بوارە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە چاکسازی ڕیشەیی لە بواری داد و دادوەریدا بکرێ؟ چونکە پەیوەندی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانی هاووڵاتیانەوە، پرسیارێکی تر ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، جەنابیان فەرموویان لە خاڵە سنوورییەکان ئەو دامەزراوانەی کە لەوێ دابمەزرێ و تێچووەکەی زۆرە تەقریبەن دە یان پازدە ملیون دۆلاری تێ دەچێت، بەڵام خاڵی پشکنین دەزانم لەوێ بەس تەعقیمی سەیارە دەکات دوو تەنکی داناوە لەگەڵ موزەخەیەك مانگانە نزیکەی ملیۆنێك دۆلاری هەیە بە یەك ملیۆن دینار تێچووی دانانەکەیە، پرسیارێشم لێکردووە (١٠%) دەدات بە حکومەت، ئایا حکومەت خۆی بۆ

ئەم دامەزراوەیە ناگرێت و داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و بخرێتەوە بەرژەوەندی گشتییەوە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بارودۆخی زیندانیان لەم کاتە زۆر خراپە و بەهۆی پەتای کۆرۆناشەوە مەترسی زۆریان لەسەرە، ئەو قاعانەی کە دروستکراوە بۆ نۆ کەسە، بەڵام زیاتر لە پازدە بۆ سی کەسی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عثمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نامەوێت ئەو پرسیارانە دووبارە بکەمەوە دەربارەی کەرتی هەشتی حەسارۆك، دوو سایدی سلێمانی_هەولێر، نایان لێمەوە، بەڵام جێگای بایەخن داواتان لێدەکەین کاریان لەسەر بکەن، لە ساڵی (٢٠٠٥) بڕیاربوو ئەم پەرلەمانە بەڕێزە ئەندامی پرس و دانووستاندن بێت لەگەڵ ناوەند، بەڵام هەر لە هەواڵەکان ئەم رووداوانە دەزانینەوە و هیچ ئەندامێکمان لێی نییە، هەروەها داوا لە هەردوو بەڕێزان دەکەم جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی وەکو باوکێك بۆ ئەم خەڵکە کە منداڵێك تەلەفۆنی بۆ کردووە گووتوویەتی مامۆستا بە جەنابی سەرۆکی حکومەت بڵێ باوکم ئازاد بکات دە ساڵە باوکی گیراوە، چاکسازی بۆ کراوە و کۆلێژی تەواوکردووە لە ناو سجن داوای لە جەنابت دەکەین ئەو باوکەی بۆ ئازاد بکەن، بڕیارێکی باوکانە و خەم خۆرانە بدەن بۆ ئەو زیندانییە چاکسازییانەی هەولێر چاوتان ماچ دەکەم، هەروەها هەست پێ دەکەی پیاوی شاراوە هەبێت بۆ بە تایبەتکردن و بۆ بەلارێدابردنی هەرسێ سێکتەرەکەی کارەبا و خوێندن و تەندروستی هەمووی لەبەرژەوەندی کەرتی تایبەتدا کار دەکرێت، هەروەها داوایەکی ترم ئەوەیە کە کار بکرێت بۆ بەسیستەمکردنی ژمار بانکی بۆ سەرجەم موەزەفەکان بۆ گەڕاندنەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکانیان، هەروەها خەرجکردنیان لە باج و غەرامەکانی لەگەڵ حکومەتدا سەرف بکرێتەوە، زۆر لە خانەوادەی شەهیدان سەرەدانی ئێمە دەکەن لە لیژنەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی داوای پارچە زەوی دەکەن بەبێ جیاوازی وەری بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها یەك تەوزیح دەدەین سەبارەت بە مەسەلەی دانووستاندن و ئەو بڕیارە تەشریعیەی لە ساڵی (٢٠٠٥) دەرچووە، بەڕێزان، دانووستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەکرێت هاوتاکەی لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دۆسیانەی کە مفاوازات و دانووستانیان لەبارەوە دەکرێت ئەو دۆسیانەن کە پەیوەندیان بە حکومەت هەیە و ئیلتیزاماتی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن، ئێمە هیچ کاتێك وەکو پەرلەمانی کوردستان داوامان نەکردووە ئەندام بین لە وەفدەکانی دانووستان، بە پێچەوانەوە ئێمە چاودێری پرۆسەی دانووستانەکان دەکەین، چاودێری وەفدی دانووستانکار دەکەین، پشتیوانی سیاسیان دەکەین، بەڵام ئەوان سێ جار هاتوون بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەمە چوارەم جارە باسی دانووستان دەکرێت، جارێك هاتوون بەس تەنها سەرۆکی فراکسیۆنەکانیان بینیووە، جارێك یەك کۆبوونەوەی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان ئەو کاتە بەندە لێرە نەبووم کاك هێمن بەڕێوەی بردووە تایبەت بووە بە دانووستان، جارێکی تر لە (٢٧، ٢٨)ی مانگدا تەوەرێك تایبەت

بووه بە دانووستان و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووستان هەموو تەفاسیڵەکانی پێ گووتووین، ئێستاش لە زاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئێمە زانیاریمان دەستکەوتووە سەبارەت بە پرۆسەی دانووستان، کاک حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفين اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و جێگر و شاندەکەی دەکەم، هەروەکو جەنابیان فەرموویان گرنگی بە کەرتی کشتووکاڵ و بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتووکاڵ دەدرێت، کەرتی کشتووکاڵ لە دوای نەوت بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و دارایی دادەندرێت، کەچی جووتیاران دەست بۆ هەر بەرهەمێك دەبات زەرەر و زیانیان پێدەگات لە بواری پەلەوەر، لە بواری ئاژەڵداری، لە بواری چاندنی گەنم و جۆ و دانەویڵە، لەبەر ئەوەی هیچ مەسدەرێك نیە بۆ بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانیان و قەدەغەکردن و هاوردەکردن تا ئێستا کۆنترۆڵ نەکراوە، هەروەکو ماوەیەك پێش ئێستا بینیتان کە جووتیارانی بەرهەمهێنەری پەتاتە لە پێش وەزارەتی کشتووکاڵ نزیکەی چل پیکەب پەتاتەیان بەسەر جادە وەرکرد، زاهیرەیەکی زۆر ناشرین بوو بۆ حکومەت، داوا دەکەین دەربارەی شایستەی جووتیاران کە نزیکەی پێنج تا شەش ساڵە پارەکەیان وەرنەگرتووە، ئایا حکومەت چی هەیە پارەکەیان پێ دەدەرێت یان پارەکەیان دەفەوتێت؟ خاڵێکی تر دەربارەی بانکی کشتوکاڵی کە ئێستا بڕیار دەرچووە (١٥%) عەفوو دەکرێت ئەوەی تر دەبێت بە نەقد بدات، ئایا جووتیار پارەی هەیە لە ئێستادا پارە نەقدەکەی بدات ئێنجا (١٥%)ەکەی لێ خۆشبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێڤینگ فەرموو.

**بەڕێز ریڤينگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا بەڕێز سەرۆکێ حکومەتێ و جێگر و شاندێ دگەڵدا دکەم، ئەز دیسان پشتگیریا هەڤاڵێن خۆ کاك سەروان و کاك باڵانبۆ دکەم ل لیژنەیا پێشمەرگە کو ل گۆڕێ یاسایا وەزارەتا پێشمەرگە ژ ساڵێ (٢٠٠٧) هاتیە پێدانا پلەیێن سەربازی ل گۆڕا یاسایا پەیڕەوکری دێنە دان، بەری چەند رۆژە ژی وەفدەکا وەزارەتا پێشمەرگە هاتیە دەڤ جەنابی سەرۆکی وەزیران وبزانم بڕیار دایە کو پلەیەت وان ل ساڵا (٢٠١٧) بێنە گرێدان، داخازێ دکەین ئەو ب جدی ل سەر بێنە راوەستان دیسان ژبەر رۆناهیا ماددەیا (٤) ژی یاسای چاکسازیان ب هەڵوەشاندنا خانەنشینیا نە یاسایی، نە شایستە، داخازێ دکەین حکومەتا هەرێما کوردستانێ ب جدی ل سەر راوەستیتن بۆ هەندێ تایبەت ژی ئەم پێداگری دکەین یان داکۆکیێ دکەین پێشمەرگەیێن ل ناڤ شۆڕشێ و زیندانیێن سیاسی و پەکەفتەیێن سەنگەرێ مافێ وان بێتە پاراستن ل وێرێدا، کا ئەڤ پێنگاڤە هەتا چ حەد هاتینە هاڤێتن، زۆر گلەیی دێنەکرن ژ لایێ پێشمەرگەڤە داخازا هەندێ دکەن دبێژن گەلەك جیاوازی هەیە ل ناڤ بەینا یەکەیێن پێشمەرگەدا، ب تایبەت یەکەیێن (٧٠) و (٨٠) گەلەك مەغدوری پێڤە دیارە، ئەو جیاوازیە ژ هەنە ل جل و بەرگ و چەك و رۆژێن دەوامێ ل ئەرکی دا،

داخازێ دکەین چاڤەکی ل پێشمەرگە بنێرن ب تایبەت ژی پرسیار دکەین ئایا یەکخستنا هێزێن (٧٠) و (٨٠) گەیشتنە چ رادەیەك؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەلال پەرێشان فەرمووو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی مێوانە بەڕێزەکان سەرۆکی حکومەت و جێگر و شاندی یاوەری دەکەم، بەڕاستی هەست دەکەم ئێمە لەو هۆڵەدا دانیشتووینە دوو جەبهەی دژ بە یەکین، ئێمە هەمووومان هاوار دەکەین هەماهەنگی حکومەت و پەرلەمان، زۆر پێم سەیرە خۆمان سیقەمان بەو حکومەتە و بەو کابینە داوە ئێستا بەم شێوازە بەرامبەر بەیەکتر قسە بکەین، یەعنی پێم سەیرە هەمووشمان تێدەگەین لە تەوزیحەکانی سەرۆکی حکومەت و جێگری حکومەت ئەوەندە وازح بووە تەنها ئەگەر بڵێی تێنەگەم هەر تێناگەم، ئەوە واقیعە، دوو: دوو قسە دەکەم بە سەراحەت، پشتگیری ئەو بڕادەرانە دەکەم کە باسی یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و گرێبەست و وانە بێژی و ئاسایش و پۆلیس و خانەنشینی پێشمەرگە و ئەوانە هەمووی بەڕاستی موستەحەقن و حەقی خۆیتیان، مەوزوعەکەی زۆر گرنگ بەرزکردنەوەی پلەکانی پێشمەرگە و ئاسایش کاکە بە خودای ئەوان هیچیان ناوێت بەس داوا دەکەن پلەکەیان بەرزبێتەوە مووچەیان با هەر وەکو خۆی بێت، چونکە تەبەعاتی مالی هەیە، پارەکە با زیاد نەکرێت، بەس پەلەکانیان بۆ بەرزبکرێتەوە، ئەوەی تر باسی هەموو شایستە داراییەکانی جووتیاران دەکرێت، باسی فەلاحەکان دەکرێت، کۆمپانیا هەیە ئێستا بڕادەرمە موستەسمیرە حەز دەکات خزمەتی وڵات و کوردستان و حکومەت بکات گەورەترین پڕۆژەی وەبەرهێنان یاخود بە بازاڕکردنی گەنمی جووتیاران دەکات لە کوردستان، لە شاری خۆمان، هەروەها گەورەترین ئاش دادەنێت لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاردی سفریش نەبێت بڵێین ئەوەندە نەخۆشی تێدایە، هەمووی لە هەولێر دەکرێت، گەورەترین پڕۆژە دەکات جارێکی دیکە جووتیاران گلەیی ناکەن، گەنمەکە بەو نرخەی دیانەوێت لە حکومەت دەکڕنەوە، لە خەڵکەکە دەکڕنەوە، جەنابی سەرۆکی حکومەت و کاك قوباد گرنگە پشتگیریان بکەن ئەو پڕۆژەیە جێ بەجێ بکرێت، چونکە جارێکی دیکە گلەیی ناکرێت، گلەیی یەك جووتیار ناکرێت سەبارەت بە ساغکردنەوەی گەنمەکەی، ئاشەکەش گەورەترین ئاش دادەنێن لەسەر ئاستی عێراق تاکە، لە ناوچەکە تاکە، بە پارەی خۆشیان دادەنێن و ئەو قازانجەشیان نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەیانەوێت هاوکاری حکومەت بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرمووو.

**بەڕێز شنۆ ئەشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەندامی لیژنەی دەستپاکی دەمەوێت چەند داتایەك بخەمە روو دواتر پرسیارەکان دەکەم، قەبارەی گەندەڵی لە ساڵی (٢٠١٨) بەپێی راپۆرتی دەستەی دەستپاکی زیاتربووە لە دوو سەد و

حەفتا و چوار ملیار دینار، تەنها چل ملیاری گەڕێندراوەتەوە، دەستەی گەندەڵی دخراون، لە ساڵی (٢٠١٩) بەهای گەندەڵی سەد و هەژدە ملیار دینارە، تەنها حەوت ملیاری گەڕێندراوەتەوە، سەد کەیسی گەندەڵی داخراون، بەڕێزان، دروشمی کابینەی نوێ چاکسازی بووە وەك لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نوێدا بە روونی باس لە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی دەکرێت، هەمووشمان موتەفیقین لەسەر ئەوەی کە هۆکاری قەیرانەکان گەندەڵیە، گەندەڵیەکەی زۆر هەیە لەسەر سێکتەرەکانی نەوت و دەرمان و زەوی و مولْکی گشتی و پڕۆژەکان، ئایا ئێوە چ رێکارێتان گرتۆتەبەر لەسەر ئەرزی واقیع، ئێوە تا چەند هەماهەنگن لەگەڵ دەستەی دەستپاکی؟ ئەمە راپۆرتی دەستەی دەستپاکیە سەد لاپەڕەیە، راپۆرتەکی تریش هەیە هاوشێوەی ئەوە لە ماوەی دوو ساڵە ئێمە لە لیژنەی دەستپاکی دیراسەتی دەکەین، بەدواداچوونی وردمان بۆ کردووە سەرجەم ئەو کەیسە گەندەلیانەی کە لە ئاستی باڵاداکراون هەموویان داخراون، چۆن دەتوانن چاکسازی بکەن و رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی بنەوە؟ تاوەکو ئێستا هیچ کەسێك لەسەرووی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر گەندەڵی سزا نەدراوە، لە کابینەی پێشوو فەرمانێك دەرچوو پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای ستراتیجیەتی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، تاوەکو ئێستا ئەم لیژنەیەش تەفعیل نەکراوە و هیچ یاسایەکیش بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی دەرنەکراوە، ئومێد دەکەم روونکردنەوەیەکمان پێبدەن، هەروەها سەبارەت بە داهاتی ناوخۆ پرسیارێك لەلای من دروست بووە، هەموو ئەو هەنگاوانەی کە باستان لێوەکرد چاکسازی لە سەرچاوەکانی داهات لەم کابینەیەدا لە رێکخستنەوەی باج و رسومات و کۆمەڵێك بڕیار کە خاڵە سنووریەکان رێك بخاتەوە یاخود باج لەسەر کۆمپانیاکان وەربگرێتەوە سەبارەت بە پڕۆژەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکێ حکومەتا کوردستانێ، بەڕێز جێگرێ سەرۆکی حکومەتا کوردستانێ، بەڕێزان شاندێ دگەلدا بەخێربێن بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ، بەڕێز سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەڤان پرسیارا دێ ئاڕاستەی بەڕێزتان دکەم، برادەران بەحسێ پێشمەرگەی کر من فکر کر کو بەحس بکەم، بەس برادەران بەحس کر دا دووبارە نەبیتەڤە، تنێ دبێژم پێشمەرگە سمبوڵی هێزێ نەتەوەیی کوردە، تەرقیەی ئەفسێرێ پێشمەرگە باشە ل وەختێ خۆدا بێتەکرن، پرسیارا دووێ: خۆپێشاندانەك ل زاخۆ و دهۆك و شێلادزێ هاتەکرن نزیکی چل کەس هاتیە گرتن، داخازێ ل جەنابێ تە دکەم بۆ خاترا خێزانێ وان بێنە سەر خەت و بێنە ئازادکرن، سێ چاکسازیمان هەیە، چاکسازیا زیندانەکێ نزیکەی شەش هەزار کەسان ل زینداتێدا چاڤەڕێی عەفوەکا عام دکەن، نزیکی سی هەزار کەسا ل خێزانا وان چاڤەڕێی ئەوە دکەن، داواکارم هەماهەنگ بن عەفوەکی دەربکەن، دێ بەحسا ناحیا دینارتێ دکەم کو ئەز خەڵکی ناحیەیا دینارتێمە، ناحیەیا دینارتێ ناحیەکا کەڤنە زیاتر ل چل هەزار نفوس ل ناحیەیا دینارتێ دژین، بەڕێز سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، شارعا گەلی زنتا ساڵا (١٩٥٣) هاتییە دروست کرن

ئەڤە رۆژانە سەیارە تێدا دەعم دەبن و خەڵك دبیتە قوربانی، داخازێ ل جەنابێ تە دکەین نەفەقەکێ ل ڤێرێ دروست بکەن ل ئاکرێ بۆ دینارتێ و بۆ مەنتەقەیا بلێ، چونکە یەك شارعە، وەختێ خۆ دوو سەیارە تێدابوون وەختێ ساڵی (١٩٥٣) هاتیە دروست کرن، ئێستا دوو هەزار سەیارەیە تیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شایان خان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیار و چوار پێشنیار و یەك راستکردنەوەم هەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت، یەکەم: لە مانگی حەوتی ئەو ساڵ بە هۆی کێشەی ئۆکسجین لە نەخۆشخانەی رزگاری چەند نەخۆشێکی تووش بوو بە نەخۆشی کۆرۆنا گیانیان لەدەست دا، ئایا لایەنی کەمتەرخەم رێکاری یاسایی لەبەرامبەر گیرایەبەر؟ ئایا خێزانی نەخۆشە کۆچکردووەکان قەرەبووکرانەوە؟ هەروەها لەسەر ئەوەی دیاربوو زۆر هەوڵماندا پەیوەندی بکەین بە جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی حکومەت تەلەفۆنیان بەردەست نەبوو و وەڵام نەدرایەنەوە بە هیچ شێوەیەك لەسەر ئەو کێشەیە، پرسیاری دووەم: داهاتی دەروازە سنوورییەکان لە شەش مانگی سەرەتا ئەم ساڵ چەندبووە؟ بۆ نموونە لە ابراهیم خەلیل و باشماخ، پێشنیار دەکەم ئەو چل و دوو کارمەندی تەندروستی و پزیشکانەی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکیان لە نەخۆشخانە حکومیەکان تووشی نەخۆشی کۆرۆنا بوون و گیانیان لەدەست داوە بە فەرمی رێزلێنانیان بۆ خۆیان و خێزانەکانیان بکرێت و مووچەی تەواو بۆ خێزانیان سەرف بکرێت، دووەم: چارەسەری کارەساتی کۆرۆنا لە ماددەی (٤٧) لە یاسای تەندروستی گشتی عێراقی ساڵی (١٩٨١) جێ بەجێ بکرێت، بەو شێوەیە دەبێت، چەند نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لەلایەن حکومەتەوە وەربگیرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەهەموو کارمەندەکانیانەوە بەرامبەر بە پارەیەك خاوەنی نەخۆشخانەکە رەزامەند دەبێت لەسەری، ئەوەش لە بوودجەیەی کە بۆ نەخۆشی کۆرۆنا تەرخانکراوە ئەو خەرجیانە دەتوانرێت بکرێت، بەو شێوەیە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی مافی خۆیان وەردەگرن و هاووڵاتی هەمان خزمەتگوزاری نەخۆشخانەیەکی ئەهلی پێشکەش دەکرێت بێ بەرامبەر، چونکە خەرجییەکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، پێشنیاری سێیەم: چارەسەرکردنی خاوەنی گەڕەکی هەشتی حەسارۆك، خاوەنی زەویەکان گەڕەکی........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دووبارەیە، بینووسە بۆ بەڕێزیان، کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگر و وەزیری دارایی بۆ روونکردنەوەکانیان، بەخێرهاتنی تەواوی تیمی حکومەت و بەڕێز د.قاڵا دەکەین بۆ پەرلەمان، هیوادارم ئەو سەرەدانانە زۆربن، بە تەئکید سوودی دەبێت بۆ پەرلەمانتاران و هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەڕاستی دەمەوێت لە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست پێ بکەم کە جێگەی

دەستخۆشیە، ئەویش ئەوەبوو کە لەم کابینە قەراردرا کە سەرجەم داهاتەکان بگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی دارایی، واتە لە یەك جێگە بن، ئەوە جێگای دەستخۆشیە بەڕاستی کارێکی گرنگ بوو، بەڵام دەنگۆیەك هەیە گوایە داهاتی ناوخۆ و ناوچە جیا جیاکان هەندێك لە داهاتی ناخۆدا بابڵێین بەشێك لە داهاتی ناوخۆ ناگەڕێتەوە خەزینەی دەوڵەت، ئەوانە تا چەند راستە؟ ئەگەر راستە میکانزمی چارەسەری ئەو بابەتە چیە؟ هەروەها بابەتی ژمێرەی هێزەکانی پێشمەرگە کە یەك بخرێنەوە بە تایبەتی هێزی پێشمەرگەی هێزەکانی (٧٠) و (٨٠) بە کوێ گەیشتووە؟ ئایا رێگری هەیە بۆ ئەم بابەتە؟ بابەتی سووتاندنی سەوزایەکانی ناوچە جیا جیاکان، هەروەها دابەشکردنی زەوی بەبێ فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران وجودی هەیە، ئایا رێگریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چین بۆ بابەتە؟ هەروەها وەك دەزانین رۆتیناتی زۆر لە بابەتی دوائیرەکانی دەوڵەت هەن، ئایا بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی موئەسەساتەکانی دەوڵەت چیکراوە؟ کۆتا خاڵیشم ئەوەیە من لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە شاری چەمچەماڵەوە نوێنەرایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەم کە خۆتان دەزانن ئەم ناوچەیە هەم دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتی کۆمپانیای دانا غاز لەوێیە، هەم خاوەنی شەهید و قوربانیانی ئەنفال زۆرن کەوا بەشێکی زۆری خاوەن قوربانیانی ئەنفال تاوەکو ئێستا جادە و بانەکانیان قیرتاو نەکراوە، گرفتی کەمی ئاو گرفتی هەر زۆری ئەو قەزایەیە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەم لەلایەك ئەو گرفتی خزمەتگوزارەکانیان بۆ چارەسەر بکەن، ئەگەرچی خزمەت کراون، بەڵام رەنگە لە ئاستی پێویستی ئەوان نەبن، داواکارم هەلی کار لە کۆمپانیای دانا غاز بۆ خەڵکی ناوچەکە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و جێگر و شاندی یاوەری دەکەم، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، کاتێك جەنابت کارنامەی حکومەتت خستە روو خەڵکی هەرێمی کوردستان هیوایەکی زۆریان لەلا دروست بوو، لە ناوەرۆکی کارنامەی جەنابتان بەرنامەی کاری حکومەت رەخساندنی هەلی کار و چاککردنی بژێوی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو، بەداخەوە بێگومان یەکێك لە خاڵە موژدە بەخشەکانی بەرنامەی کاری بەرێزتان ئەوەبوو کە دامەزراندن بۆ دەرچووانی زانکۆ و پێمانگاکان برەخسێنن، بەڵام جەنابت ئەمڕۆ ئیشارەتت بەوەدا کە لەم قۆناغەدا ناتوانن دەرگای دامەزراندن بۆ دەرچووانی زانکۆ و پێمانگاکان بە سێ یەکەمەکەشەوە بکەینەوە کە ئەمە لە جەنابی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەپرسم ئایا بێ هیوایەك لەلای دەرچووانی زانکۆ و پێمانگاکان دروست ناکات؟ ئایا ئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا دانابەزێت؟ من دەپرسم ئایا ئەو داهاتەی کە لە پرۆژەی چاکسازی دەگەڕێتەوە بۆ موڵك و ماڵی گشتی هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی کە بەشێك لە گرفتی خەڵکی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت وەکو لێبڕینی مووچە کە بەڕاستی ئەمە نا یاساییە بۆ نموونە دەمەزراندن، یان بەرەسمیکردنی فەرمانبەران و مامۆستایانی گرێبەست کە بە داخەوە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە تاوەکو ئێستا بە بڕیارێکی ئەنجومەنی

وەزیران پلە بەرزکردنەوە راگیراوە و دامەزراندن راگیراوە، من دەڵێم بەشێك لە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان گرفتی قەیرانی دارایی چارەسەر دەبێت کاتێك کە داهاتی نەوت دیاربێت، خاڵە سنووریەکان رێکبخرێنەوە، سیستەمی بایۆمەتری جێ بەجێ بکرێ، مووچەی..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و شاندی یاوەری دەکەم، من دوو تێبینیم هەیە، ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی تورکمان بە تایبەت ئەوانەی لە پارێزگاری موصل هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و مەترسی هەیە لەسەر ژیانیان لەسەرماڵیان، تێبینیەکەم ئەوەیە کە حکومەت پلانی چییە بۆ ئەوانەی کە لێرەنە و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەم ناوچانە، دووەمیشیان سەبارەت بە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٥) کە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانە، داوا دەکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر و جدیتر بێت بۆ جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگر و شاندی یاوەری دەکەین، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، لە گووتارەکەتدا ئاماژەت بەوەدا کە چارەسەری ریشەیی بۆ ناوچە کوردستانیەکان جێ بەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوورە، پرسیار لێرەیە تاوەکو ئەو ماددەیە جێ بەجێ دەکرێ و ئەو کاتەی کە پێویستە ئەو لیژنانەی بۆ قۆناغەکانی ماددەی (١٤٠) کارا دەکرێنەوە چ بەدیلێك هەیە بۆ ئەوەی رەوشی ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێتەوە لە ئێستادا کە تەعریبێکی زۆر لەو ناوچانەدا هەن؟ پرسیارێکی تر، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، بە نیسبەت بازنەی هەڵبژاردنەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە ئێستا ئەو بازنانە بچووك کراوەتەوە، ئایا ئەوە زەرەری نابێت بۆ رەوشی ناوچە کوردستانییەکان؟ پێشنیاری بۆ حکومەت بۆ ئەو چی دەبێت لە دانووستاندنی ئەو جارەدا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت، وێڕای ئێمە دەزانین هەوڵەکانی جەنابتان بۆ موئەسەساتی صحە و ناوخۆ لە هەرێمی کوردستاندا بۆ رێگریکردن لە بڵاوبوونەوی زیاتری پەتای کۆرۆنا هەولێکی یەکجار مەزن بوو بە ئیعترافی رێکخراوەکانی صحەی عالەمی، بەڵام لە هەمان کاتدا بینیمان خەڵکانێك ویستیان ئەو پرسە بە سیاسی بکەن، ئێمە لە کوردستاندا یاسای تەندروستی

گشتی عێراقی بەرکارمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئایا بەپێی ئەم یاسایە کە لە دەقی یاساکەدا هاتووە هەر کەسێك ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتری وبائێك لە وڵاتدا دەبێت ڕووبەڕووی یاسا بکرێتەوە و سزای یاسایی وەربگرێت، چ پێنگاڤێك هەبووە بۆ ئەو بابەتە؟ لە هەمان کاتدا ئێمە لە کارنامەی جەنابتان کە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هێڵە گشتییەکان لە کارنامەکەدا سێکتەری تەندروستی باس بە چاکسازی لە پرسی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا کرا کە ئەم خۆراکەی ئێستا بەداخەوە دێتە هەرێمی کوردستان بڕێکی ژەهری پێویستە کە دەدرێتە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کارنامەکەدا هاتبوو کە دامەزراوەی خۆراك و دەرمان لە هەرێمی کوردستاندا وەك زەرورەتێك جەنابتان باستان لێوەکرد ئێمە هەموومان چاوەڕوانی ئەم پڕۆژە یاسایەین، لە هەرێمی کوردستاندا داهاتی سێکتەری تەندروستی بەرامبەر بە خەرجییەکان یەکجار جیاوازییەکی زۆری هەیە، بە شێوەیەك کە لە ساڵی ڕابردوودا بڕی داهات لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر نەخۆشێك کە وەرگیراوە هەزار و دوو سەد و پەنجا دینار بووە لە بەرامبەردا ئەو خەرجییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتی هەشتا و شەش هەزار و حەوت سەد و پەنجا دینار بووە، پێمانوایە کە ئەم بابەتە تەنها بە بیمەی تەندروستی چارەسەر دەبێت، بۆیە لە دەقی کارنامەکەی جەنابیشتاندا هاتبوو کە بیمەی تەندروستی بە پڕۆژەیەك ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکات لەویشدا ئێمە چاوەڕوانی ئەم پڕۆژە یاسایەین کە بێتە پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاسای تەندروستی گشتی عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا وە لە هەمان کاتدا بەپێی دەستووری فیدراڵ ئەرکی دەوڵەتە کە سەلامەتی تەندروستی هاووڵاتیانی بپارێزێت، تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەمان بۆ پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا چی کردووە؟ چ هاوکاریەکی هەرێمی کوردستانی کردووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٦٦) برگەی (٥) قسە دەکەم، وێڕای بەخێرهاتن پێزانینی زۆرمان هەیە بۆ تیمی بەڕێزی حکومەت و خودی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کەوا لەسەر داواکاری بەڕێزیان ئەم دانیشتنە ڕێکخراوە، وێڕای ئەوەی کە مەبەستیان بووە و ویستوویانە کەوا پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ورد و درشتی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بێت، لە هەمان کاتیشدا بە سەنتەرکردنی پەرلەمانە بۆ ئەوەی چارەسەرکردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو گرفتانەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە لێرەدا قسەی لەسەر بکرێت، ئێمە چەند داخوازیەکمان وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێشتر بە نووسراوی فەرمی ئاراستەی بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بە سوپاسەوە بەشێکیان جێ بەجێکراون و بەشێکیشیان زەمیلەکانمان باسیانکرد بابەتی دامەزراندنی سێ یەکەمەکان وەڵامەکەمان وەرگرتەوە، بەڵام بە نیسبەت چارەنووسی وانە بێژان، مامۆستایانی وانە بێژ، بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، مامۆستایانی وانە بێژ لە جەنابیشتان مەعلومە کەوا زیاتر لە حەڤدە هەزار و پێنج سەد

مامۆستای وانه بێژمان هەیە، وە نزیکەی (١٥%)ی کۆی میلاکاتی پەروەردە و قوتابخانە و خوێندنگاکان پێك دەهێنن، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کەوا لە کاتی جێ بەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و جێ بەجێکردنی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) و لە هەمان کاتدا ڕێکەوتنی ئابووری لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ئەلەویەت بەوانە بدرێت، یەکەمین دەرفەت بۆ دامەزراندنی ئەوانە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و جێگر و تیمی یاوەری دەکەین، دیارە ئێمە سەرەتا دەمانەوێت گرنگی بەوە بدرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە پرۆژە یاسای چاکسازی بخرێتە بواری جێ بەجێکردن، هەروەها پەلەی لێبکرێت لە ئێستادا راستە لە (٧/١)ەوە ئەو پرۆژەیە خراوەتە بواری جێ بەجێکردن، بەڵام زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەکان ئەو پرۆژەیە پەلەی لێبکرێت، هەروەها بۆ قەرزی هاووڵاتیان وەك ئاو و کارەبا و هەموو سێکتەرەکانی تر دیارە حکومەت پارەی لەلای خەڵکە و خەڵکیش پارەی لەلای حکومەتە، ئێمە پێمانوایە هەوڵبدرێت ئەو پارانە لە جیاتی یەکتری بگیرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیانیش متمانەیەکیان بە گەڕانەوەی ئەو پاشەکەوتانە هەبێت کەوا لە ئێستادا لەلای حکومەتە، هەروەها بە نیسبەت تەرقیەی برا ئەفسەرەکانمان هەروەکو برایانی بەڕێز کاك سەروان و کاك باڵانبۆ و کاك ڕێڤینگ باسیانکرد پشتیوانی لە قسەکانیان دەکەین پێویستە تەرقیەکانیان هەرچەندە دکتۆر ئومێد باسیکرد کە گوایە خەریکە تەواوببێت ئەو بڕیارە، کارێکی باشە، هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت ئێمە لەو کاتانەدا هێزی پێشمەرگەمان لە خەیاڵ نایەت کە تووشی کارەساتێك یاخود ئەوەی کە روویدا لە رابردوودا (داعش) هات، یان کارەساتەکانی تر کە روویکردۆتە میللەتەکەمان پێویستە گرنگی زیاتر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدرێت، هەروەها بە نیسبەتی تێکۆشەرە دێرینەکانی کوردستان کە لە رۆژگارە سەختەکاندا خەباتیانکردبێت بۆ میللەتەکەمان، هەروەها میللەتێکی ژێر دەستە ئەمڕۆ لەسەر دەستی ئەوان و شەهیدەکان رزگاریان بووە، داوا دەکەن و ئەوە چەند ساڵێکە پرۆژەیەکیان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو پرۆژەیە بێتە پەرلەمانیش، بەڵام ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە چەند جار کۆبووینەوە بۆ ئەوەی تاوتوێی بکەین و بتوانین یاسایەك کە سی ساڵ بەسەر رزگارکردنی کوردستاندا تێدەپەڕێت بەداخەوە..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەڤاڵانمان هەموو پرسیارێکیان کرد، بەس دەمەوێت داوا لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی بکەم، پێشەکی بەخێرهاتنیان دەکەم، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی

هەرێمی کوردستان، ئەو پەرلەمانە و ئەو حکومەتەی کە ئێستا جەنابت و من تێیدا دانیشتووین لە سایەی سەری خەڵکی رانیەی دەروازەی راپەڕینە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەخۆشخانە لە رانیەدا نییە، تاوەکو ئێستا نەخۆشخانەیەکمان نییە دەبێت هەر نەخۆشێکمان هەبێت بینێرینە سلێمانی یان هەولێر، تاوەکو ئێستا بینای ئیدارەی راپەڕینمان نییە، جنسیەمان نییە، بینای ئاگرکوژێنەوەمان نییە، تاپۆمان نییە، تاوەکو ئێستا یاریگایەك نییە کە یاریزانەکانمان یاری تیدا بکەن، پرسیارێکی تر ئەوەیە دەربارەی رێگای کێڵێ، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە جەنابت دەڵێی بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت بوژێتەوە رێگایەکی سەرەکییە چەند ساڵە سەبەبەکەی چییە بۆ ناکرێتەوە؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە پێنج سەد مەتر، جەنابت دەڵێی سەد و بیستی بۆ سلێمانی، سەد و پەنجایی بۆ هەولێر، من خەڵکی رانیەم، بەڵام ئەندام پەرلەمانی کوردستانم، مەعقولە دە دانە ساڵە، حەوت دانە ساڵە پێنج سەد مەتر لە ناو جەرگەی شاری رانیە نەکرێتە دوو ساید، یەعنی بەڕاستی سەیرم پێدێت کە ئەم هەموو داهاتەش هەیە، پرسیارێکی ترم بۆ بەڕێز کاك قوباد تاڵەبانی هەیە کە لە حەملەی ئینتیخابی هەردووکمان مونافیسی یەکتری بووین دەیگووت هەڵی کار، بەڕێز کاك قوباد، ئێستا کارگەیەکی شەکر لە بتوێن و پشدەرەوە دەکرێتەوە، یەعنی هیوادارم پشتگیری ئەو کارگەیە بکەن کە هەشت هەزار کرێکار لەخۆ دەگرێت، پرسیارێکی ترم بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەت هەیە کە وابزانم بەس من و کاك مسعودین جلی کوردی لەبەر دەکەین، زمانی کوردی زۆر گرنگە، بەڕاستی لە زانکۆکانی ئەهلی، لە پەیمانگاکان، لە قوتابخانەکان زمانی کوردی بەڕاستی نەماوە...........

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەرکیز دەخەمە کۆمەڵێك خاڵ کە هاوکارەکانم تەرکیزیان نەخستۆتە سەر، یەکەمیان: خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە بۆ ئەوەی ئێمە رووبەرووی هەموو ئەو گەندەڵیانە ببینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەمانە، بە تایبەت ئەم کابینەیە کە ناونیشانی کابینەکە چاکسازییە ئەویش شەفافکردنی رێکارەکانی کارکردن بە حکومەتە، هەموومان بزانین رێکارەکانی حکومەت چۆن بەڕێوە دەچێت و خێراکردنی رێکارەکانە، من کەیسێکم لایە مامۆستایەك کە ئیجازەی بەبێ مووچە بووە پێویستی بە درێژکردنەوەی کاتی ئیجازەکەی هەبووە و لە دەرەوەی وڵات بووە، تاوەکو رێکارەکانی لە وەزارەت تەواوبووە لە پەروەردەکەی خۆی فەسەڵکراوە، دکتۆر ئامانج ئاگاداری ئەم کەیسەیە، دواتریش چەند هەوڵیداوە بە نۆ خزمەتەوە ئەم مامۆستایە فەسەڵکراوە، چونکە رێکارەکانی وەزارەت بە کاتی خۆی تەواو نەبووە و نەگەیشتۆتەوە پەروەردەکەی، خاڵێکی ترم، ئێمە قەیرانێکمان هەیە لەگەڵ هەموو ئەو قەیرانانەی تر کە لەم هۆڵەدا ئەمڕۆ ئاماژەیان پێکرا ئەویش قەیرانی کێشەی ئافرەتانە لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێك لە خاڵەکانی ئەم کابینەیە بەرنامەی کاری کابینەکە یەکسانی جێندەری و کارکردن بوو لە پێناو کێشەکانی ئافرەتاندا، ئێمە دەزانین لە دۆخێکی ئابووری زۆر خراپ داینە ئێستا، موئەشیرە جیهانیەکان لەسەر ئەوە کۆکن کاتێك کە دۆخی ئابووری خراپ دەبێت کێشەکانی ئافرەتان روو

له هەڵکشان دەکات، موئەشیری باشمان هەبوو پێش هاتنی کۆرۆنا و ئەم کێشانەی کە دوایی هاتن ئەویش ئەوەبوو رێژەی داوا نووسینەکان بەرزبونەوە لە پاڵدا رێژەی توونـدوتیژیەکان هاتبوونە خوارەوە، بەڵام ئێمە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە رێژەی توونـدوتیژی جارێکی تر بەرەو هەڵکشان دەچێت، پلانی حکومەت بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم خاڵە چیە؟ چونکە دەزانین بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو پلانی حکومەت و کابینەکانی پێش خۆی هەیبووە نەیتوانیـووە دەرەقەتی ئەو کێشەیە بێت، نەگەیشتۆتە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بۆ ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێـز جەنـابی سـەرۆکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و جێگـرە بەڕێـزەکەی و شـاندی یـاوەری دەکەم، وەك لە کارنـامەی دانیشـتنی ئەمـڕۆ تەوەرەکـان دیـاریکراوبوون، بـۆیە هەوڵـدەدەم لەو چـاوارچێوەیەدا پرسـیار بـکەم، ئاشـکرایە هەر چەنـد پەیوەنـدییەکان لە نێـوان هەردوو دەسـەڵات دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جـێ بەجێکـار پتەوتربێـت ئەوە هینـدە پەرلەمانێکی کاراتر و حکومەتێکی بەهێزترمان دەبێت، بۆیە لەم روانگەیەوە دەسـت پێشـخەری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران بـۆ ئامـادەبوون لە دانیشـتنی پەرلەمـان و پێشکەشـکردنی راپۆرتێکی تێر و تەسەڵ لەسـەر چەنـد تەوەرێکـی گرنـگ مـایەی بەرزنرخانـدنە، لە هەمـان کاتـدا هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەم لە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا کە لە جێگەی شایستەیە کە ئامادەبوونە بە هیچ شێوەیەك سازش لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام وەك دیارە ماوەکە درێژەی کێشاوە و دەمێکی زۆرە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی رێکەوتنن، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو رێکەوتننامەیە واژوو بکرێت بە تایبەت لە ئێستادا کە حکومەتی عێراق لەسـەر و بەنـدی بە یاسـاکردنی پـڕۆژە یاسـای بـودجە؟ هەروەها پرسیارەکەی ترم لە هەمـان بـابەت ئەوەیە ئەگەر هـاتوو پـێش رێکەوتـن پـڕۆژە یاسـای بـودجە لە حکـومەتی عێـراق پەسـەندکرا بە لێبڕینـی بەشـە بـودجەی هەرێمـی کوردسـتان هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەبن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەت و جێگـری سـەرۆکی حکـومەت و سـتافی ئەنجـومەنی وەزیران دەکەم، داواکاریەکانی خـۆم لە چەنـد خاڵێکـدا کـۆ دەکەمەوە، یەکەمیـان: سـەبارەت بە یاسای چاکسازیە ئەو یاسایەی کە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و لە ماددەی (١٠)یەمی دەرمـاڵە یـاخود رێکخسـتنی دەرمـاڵە کـراوەتە ئەرکـی ئەنجـومەنی وەزیـران، بەڕێـز سـەرۆکی حکومەت، مامۆستایان لە وەزارەتی پەروەردە و لە وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا ترسیان لە بڕینـی دەرمـاڵە یـان لە رێکخسـتنەوەی دەرمـاڵە هەیە، بـۆیە پێویسـتیان بە متمـانەیی ئێـوە هەیە کە

دڵنیایان بکەیەوە لە بڕینی دەرماڵە یاخود ڕێکخستنی دەرماڵە لە خوێندنی باڵا و لە وەزارەتی پەروەردە، خاڵی دووەم: سەبارەت بەوانەی کە جەنابت لە راپۆرتەکەتدا باسکرد بە چاککردنی ڕێگا و بانەکان کە نزیکەی چل و پێنج ملیار دیناری بۆ خەرجکراوە، ویڕای دەستخۆشی ئێمە لە بەڕێزتان و لە کابینەی نۆیەم، بەڵام پار ساڵ ئێمە هەستمان بە گرفتێکی گەورەکرد لە گەورەترین ناحیە لە هەرێمی کوردستان کە ئەویش ناحیەی سیدەکانە لە دەڤەری برادۆست بەداخەوە لەلایەن ئیدارەی سۆرانەوە هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ چاککردنەوەی ڕێگا و بانەکان کە خراپترین ڕێگا و بانی هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە داوامان لە وەزیری ئاوەدانکردنەوە کرد بەڕێزیان ڕەزامەندی فەرموو و بەرزیکردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز سەرۆکی دیوانیش ڕەزامەندی لەسەردا، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەکەوتۆتە بواری جێ بەجێکردن، بۆیە پێویستە جەنابتان هەوڵێك بدەن بۆ ئەو دەڤەرە و پێویستی بە چاککردنی ڕێگا و بانەکان هەیە، خاڵێکی تری گرنگیش کە برادەرانیشمان باسیانکرد ئەویش گەڕەکی هەشتی حەسارۆکانە لە شاری هەولێر......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە دووبارەیە، گەیشتووە، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لایەك بەخێربێن، سەرچاڤان، بڕیارا لێبڕینا (٢١%) هەیڤانە سەد و شەست و پێنج ملیار دینار ل موڵکی فەرمانبەران دێتە بڕینێ، ئایا ئەڤ سەد و شەست و پێنج ملیارە مەسیرێ وی دێ کیری بیتن، ئایا ئەڤە دێنەڤە ڤەگەڕاندن رۆژەك ل رۆژان ژلایێ حکومەتێڤە، دەبیتە سەمامەك بۆ فەرمانبەران جارەکا دی ڤەگەڕینن یان نا؟ جەنابێ سەرۆکی ئەنجومەنێ وەزیران گووت هەتا هەیڤا چوار مووچەیێت هاتی و چوار سەد ملیار دینار کەتی ڤی ماوەیدا، ئایا مادام هەتا هەیڤا چوار مووچە هاتیە بۆچی مووچەی هەیڤا دوو و سێ ب لێبڕین هاتە دان کو ب لێبڕینا (٢١%)ە؟ بۆچی وێ جاریش ژی یا هەیڤا چوارە گەلەك گیربوو کو ئەگەر بێژی نوکە (١٨%)یە، نەخێر، نە (١٨%)یە، ب قەناعەتا من هەر (٢١%)ی دەبورینیتن، چونکە رۆژ زێدەتر لێ هاتن (٥) رۆژ تێپەڕی، بابەتەکی دیتر من دڤێت ئەز بەحسێ لێبکەم وەك ئەندداما لیژنەیا پەروەردێ، تەبعەن مامۆستا بتنێ داهاتا وی یا سەرەکی مووچەیە، ئەگەر حکومەت نەشێت مووچەی وان دابین بکاتن هەندەك ڕێك هەی دشێن دلێ مامۆستایان خۆش بکەتن، چونکە ئەڤ مامۆستایە هەنێ چوار ساڵە دەوام کری و هیچ گلەییەك ژی نەبوون ل حکومەتێ، ئەم ژی ئەڤەیە ل هەمی باژێڕێت هەرێما کوردستانێ شارەك هاتن ئاڤاکرنێ شارێ مامۆستایان تنێ ل دهۆکێ نەبیتن، هەتا نوکە مەسیرێ وی نەیا دیارە، هیچ لایەنێکیش ژی خۆ لێناکەتە بەپرسیار، ل ساڵا (٢٠٠٨)ێ هەتا نوکە ناڤێت دەرکەتی بۆ قتعێت عەردی بۆ مامۆستایان (١٢) ساڵ تێپەڕین هەتا نوکە مامۆستا (٢٥) ساڵە خزمەت یا هەی هێشتا (١٠) مەترێت عەردی نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێکی زۆری بابەتەکانی ئەمڕۆ وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتۆتە پەرلەمان لەسەر چاکسازی بووە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ئێمە لە سەرەتای داڕشتنی یاسای چاکسازیش پێمانوابوو پێویستە سەرەتا چاکسازی لە داهات بکرێت و دواتر لە خەرجی بکرێت، ئەو یاسایەی کە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)ە و لەبەر دەستی ئێمەیە ئەو یاسایە تەنها باس لە خەرجی دەکات، بە هیچ شێوەیەك باس لە داهات ناکات، جەنابیشت باست لەوەکرد کە کۆمەڵێك ڕێ و شوێن گێراوەتەبەر بۆ ئەوەی چاکسازی لە خەرجیش و لە داهاتیش بکرێت، خۆمان دەزانین کە لە هەرێمی کوردستان شادەماری ئابووری هەرێمی کوردستان نەوتە، بەداخەوە کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان گەندەڵی زۆر بەدیدەکرێت، بەشێك لەو گەندەڵیانە بە سیستەماتیك کراوە، ئەمەش وایکردووە کە نیوەی داهاتی نەوت نەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، ئینجا لە ڕێگای دەرهێنانە، لە ڕێگای خەرجی بۆڕییە، خەرجی گواستنەوەیە، کرێی کۆمپانیاکانە، بە هەموو شێوازەکان، بۆیە گرنگترین سێکتەر کە پێویستە چاکسازی تێدا بکرێت کەرتی نەوتە بۆ ئەوەی داهاتێکی زۆر هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، ئینجا خاڵێکی تر کە بەلای ئێمەوە تێبینیە بەڕاستی پێم سەیرە، یەعنی بۆچی هەر کاتێك کە قەیرانێك ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە یەکسەر حکومەت دەست بۆ گیرفانی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەبات، بۆچی دەست بۆ گیرفانی ئەو هەموو کۆمپانیا زەبەلاحانە نابات کە لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیایان هەیە خاوەنی دەیان ملیار دۆلارە و وازحیشە کە لە حیزبەکانەوە نزیکن و پەرەیان پێ دەدرێت؟ ۆزر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهمن فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنێکی گەرمی ڕێزدار جەنابی کاك مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری بەڕێزیان و هاوکارانیان لە حکومەت دەکەم، دەستخۆشی لەو هەنگاوانەی چاکسازی حکومەت دەکەین کە لە ڕاپۆرتەکەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت هاتبوون، خۆی بۆخی هاتنی بۆ بەردەم پەرلەمان و بەو شەفافی قسەکردنە ئەوە گەورەترین دەستکەوتە و ئومێدێکی گەورەی تەسەور دەکەم بۆ خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە کە خاوەنی ئەو ئیرادە بەهێزەی چاکسازی خۆی و تیمەکەی بەهیواین هەموومان هاوکاری بین، هەوڵدەدەم پرسیارەکانم بە خێرایی بکەم، مەسەلەی بایۆمەتری بڕینی دوو مووچە و سێ مووچە گەیشتۆتە کوێ؟ ڕوونکردنەوە ببێت زۆر باشە، پلانتان چیە بۆ جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بە تایبەتی لە هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا؟ چونکە بەشێك لە خەڵکی ئێستا دوو کار دەکەن لەو دوو کەرتە، بەشێکی خەڵکیش لە ماڵەوە دانیشتووە هیچ کارێکیان نیە بۆ ئەوەی دەرفەت بڕەخسێنرێن بۆ دامەزراندنی زیاتری خەڵك، مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنووریەکان، بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت، بە تەنها قاچاخچیەتی

تەسەور دەکەم بەس زەرەری مادی دەدات، بەڵام لە رووی کوالیتی کۆنترۆڵەوە بۆ دەرمان و خۆراك زۆر خەتەرێکی گەورە لەسەر تەندروستی خەڵك هەیە، ئەو قاچاخچیەتیە زۆرجار شتی ماوە بەسەرچوو تێکەڵ دەکەن، کەی قەرزی کۆمپانیاکان وەردەگرنەوە؟ لە کاتێکدا خاوەنی کۆمپانیا هەیە بە قەرزی ئەم حکومەتە شەو رۆژ لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە بڕوخێنێت، لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان تا چەند هاوکاری بەڕێزتانن وەك تیمی حکومی بە تایبەتی لایەنەکانی خۆتان بۆ چەسپاندنی چاکسازیە و هەنگاوەکانی چاکسازی، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ئێستا لە هەندێك جێگە بە ناوی شەهیدانی شەڕی داعشەوە بە پێنج سەد دۆنم و شەش سەد دۆنم بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت کە زەوی ئیفراز بکرێت بۆ شەهیدانی شەڕی داعش، کە لە کاتێکدا ئێمە ژمارەیەك کەم شەهیدمان هەیە بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیان و سلێمانی، رێگەی کەلار_سلێمانی چوار ساڵ پێش رێگەی گۆپاڵ_هەولێر دەستی پێکرد، وە لە کابینەی پێشوو بەڕێز کاك قوباد ئاگادارە کە بودجەی بۆ تەرخانکرا لەم کابینەی جەنابت دووجار سولفە بۆی تەرخانکردووە، زۆر بە خاوی دەچێتە رێوە، ئەوەی لەو رێگەیەوە هاتووچۆ دەکات دەبینێت تەنها دە پازدە ئالەت لەوێوە کار دەکات، لە کاتێکدا لە رێگەی گۆپاڵ_هەولێر ئەو کۆمپانیایە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید مصطفى تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنێکی گەرمی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکە و وەفدی یاوەری دەکەین، من پرسیارێك و دوو داواکاریم هەیە، سەبارەت بە یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە زێدەڕەویان لەسەرکراوە، ماوەیەکی زۆرە ئەو پرۆژەیە دەبا تاوەکو ئێستا جێ بەجێ بکرابایە، بەڵام هۆکار چییە ئایا حکومەت نایەوێت جێ بەجێی بکات؟ یان خەڵك بەپیر جێ بەجێکردنەکانی نایەت؟ خاڵی دووەمیشم داواکاری کۆمەڵێك پێشمەرگەیە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، کۆمەڵێك پێشمەرگە لە شەڕی داعش قاچیان لەدەستداوە یاخود دەستیان لەدەستداوە تاوەکو ئێستاکە نووسراویان لە وەزارەتی پێشمەرگە هاتووە و ئاڕاستەی وەزارەتی داراییش کردووە بۆ ئەوەی هاوکاریان بکرێت بۆ دانانەوەی قاچیان، پێیەکانیان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە کە زۆر موستەحەقیشن، داواکاری سێیەمم کۆمەڵێك پێشمەرگە لە لیوای نەوت و غاز فەسڵکراون لەلایەن وەزارەتی ناوخۆیەوە، رەنگە هەندێك خەلەلیان هەبێت، بەڵام ئەو پێشمەرگانە بەڕاستی لە شەڕی داعش بەشداربوونە، برینداریش بوونە، رەنگە هەندێکیان کەسیشیان شەهید بێتن، بەڵام بە بڕیارێك فەسڵکراون، ئەگەر بکرێت ئیعادەیەکی نەزەر تێدا بکرێتەوە مەمنون دەبێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، (٩٦) ئەندامی پەرلەمان بۆ قسەکردن ناوی نووسیووە، تاوەکو ئێستا (٨٢) ئەندامی پەرلەمان قسەیکردووە، یەعنی ئەگەر ئەو (١٤) کەسەی تر قسە نەکەن، یەعنی ئەگەر هاوکاربن بۆ ئەوەی وەڵامتان بدرێتەوە، زۆربەی ئەوانەشی کە لە راستیدا ناهێڵین

قسه بکەن فراکسیۆنی پارتین، یەعنی زیاتر لە هەشت کەسیان لە فراکسیۆنی پارتییە، لەنجە خان فەرمووو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، بەڕێزان، حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە دوو کاتی سەخت و هەستیار بە نا دەستووری و بەدەر لە هەموو پێوەرێکی مرۆڤایەتی دووجار دەستی بۆ قووتی خەڵکی کوردستان بردووە، یەکێکیشیان لە کاتی شەڕی داعش و ئەوەی تریان لە کاتی پەتای کۆرۆنا، کە بە هەموو پێوەرێکی نێودەوڵەتی و ئەگەر بێینە سەر پێناسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٤٨) بۆ تاوانی جینۆساید لە خاڵی (ج)دا ئەوە هیچی کەمتر نیە لە تاوانی جینۆساید کە بە ئەنفال و بە کێمیاباران و کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە کوردستان کراوە، بۆیە زۆر بە گرنگی دەزانین کەوا پەرلەمان و حکومەت و هەموو لایەنە سیاسیەکان هەر یەکە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە ئەستۆیەتی بە چڕی رووی داواکاریەکانمان لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و دەسەڵاتی عێراقی فیدراڵ بکەین، پێداگیری لەسەر مافە دەستووریەکانمان بکەین، داوای قەرەبووکردنەوە بۆ کەس و کاری سەربەرزی جینۆساید کراوان بکەین، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: ئەوانەی کە گووتمان هاوتەریب لەگەڵ ئەو داوایانەی کەوا لە حکومەتی خۆمان، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی و هەموو بابەتەکانی کە باسکرا دەکەین، تەبعەن لە ماوەی داهاتوو داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین پاڵپشتیەکی زیاتر بۆ کرێی خوێندن و چارەسەری نەخۆشی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان بکەن، هەروەها سەبارەت بە گرنگیدان بە یەکە جێندەریەکان لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاومان لە حکومەتی هەرێمی کوردستانە پاڵپشتی زیاتریان بکرێت و تەفعیل بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جنان فەرمووو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم تۆزێك کاتم پێ بدەی، بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێزان شاندی یاوەری دەکەم، لەبابەتی پرۆژەی چاکسازی و قەرەبوو کردنی جوتیاران پرسیارم ئەوەیە کە پرسیاری خاوەن ئەو زەوییانەن بۆچی تائێستا قەرەبووی ئەو جوتیارانە نەکرایە هی مەتاری عەنکاوە، ئەو کێشەیە هی هەموو کابینەکانە، ئەو مەلەفەش لە وەزارەتی دارایە و ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بە نیسبەتی گوندی سۆمەری کلدانی مۆنۆمێنتەك کرایە لە سالی ١٩٦٩ سی نۆ شەهیدمان دایە لەوێ، نیوەی مۆنۆمێتەکە کرایە، لەو کابینەیە بودجەیەك تەرخان بکرێ بۆ ئەو مۆنۆمێتە و قیرتاو کردنی ئەو جادە، تاراخان عەردەکی وەرگرتیە لە سۆمێل بۆ مۆنۆمێنیتی شەهیدانی سۆمێل هێودارم ئەو پرۆژەش لەو کابینەیە تەواو بکرێ، لە شارۆچکەی عەنکاوە چەندین سالە هیچ پرۆژەیەك نەکراوە، لە گەرەکەکانی (١٢٨ و ١٤٩ و ١٤٣)، گەرەکی عەسکەری هاوینان کێشەی ئاویان هەیە، پێویستیان بە یەك یان دوو بیر

هەیە، عارد دابەش کراوە لە بحوسی زراعی چەند سال پێش ئێستا، خاوەنەکانیان تاپۆشیان هەیە، کارتیان هەیە، هیوادارم ئەو کارتانە تاپۆ بکرێن، .........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ملا ویس.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە لە پاڵ هەموو هەنگاوە گرنگەکانی ئەو کابینەیە بۆ بە مۆدێرن کردنی حکومەت سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەستپێشخەری گرنگی کرد، بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمانی کوردستان و تاوتوێ ئەو بابەتانە بکات، بە پێویستی ئەزانم بە ناوی خۆم و هاوکارانم لە دەڤەری سۆران سوپاسی گەرمم ئاراستەی بەڕێزیان بکەین کە دوێنی لەسەر بڕیاری بەڕێزیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەتای کۆرۆنا بوودجەیەکی تایبەت تەرخان کراوە بۆ دەڤەری سۆران، بۆ دابین کردنی بەشێك لە پێداویستییە گرنگەکانی تەندروستی بە هیوای هەنگاو و خزمەتی تر، پێشنیارێك و داواکاریەکم هەیە، پێشنیارم ئەوەیە لە ماوەی دەست بەکار بوونی کابینەی نۆیەم بە شێوەی دادپەروەرانە خزمەتی هەموو ناوچەکان کراوە، لەو چوارچێوەیە وەك بەشێك لە بەرنامەی چاکسازی کابینەی نۆیەم کار کراوە بۆ پتەو کردنەوەی دەستەلاتەکان و بایەخدانی تەواو بە سیستەمی لامەرکەزیەتی ئیداری و دەسەڵاتەکان شۆڕ کراینەوە بە جۆرێك ئەرك و بەپرسیاریەتی دیاری کراوە، پێشنیاری کاراکردنی ئیداری سەربەخۆی سۆران ئەکەین و ئەخەینە بەر دیدی سەرۆکی حکومەت کە لە رابردوو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمیش بڕیاری هاتنە کایەی دراوە، جگە لەوەی بە کردنەوەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کەمکردنەوەی رۆتینیاتە و بارگرانی لەسەر هەولێر هەڵئەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، چەند پرسیارێکم هەیە، هەرچەندە زۆریان کران، هەوڵ ئەدەم کورتی بکەمەوە، سەبارەت بە دۆخی دارایی هەرێم راستە بە قۆناغی سەخت تێپەر ئەبێ، بەڵام پێویستی بە رۆژانەی خەڵکە و لە هەندێ وەرز ئەبێتە پێویستی ئەساس، ئایا حکومەتی هەرێم بۆ ئەمسال بەرنامەی هەیە نەوتی سپی بەسەر هاوولاتیان دابەش بکات، کۆمەڵێ پالاوگەی ناوخۆیی هەیە و لە رێی حکومەتی ناوەندیش سالانە هەوڵ ئەدرێ بۆ دابین کردنی سوتەمەنی، سەبارەت بە کۆرۆنا کە وای کردووە خوێندنی ئۆنلاین بڕیاری لەسەر بدرێ، پێم وایە پرۆسەی خوێندن بەرە و دواوە ئەبات، لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی ئۆنلاین لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەبەردەست نییە، داواکارم بیر لە رێگەچارەی دیکە بکرێتەوە، لە هەمان کات زۆربەی شوێنە گشتییەکان کراوەن، ناوچەی بناری قەندیل کە دەیان گوندی لە خۆ گرتووە، لانکەی شۆرشە یەك

لەدوای یەکەکان بووە، پێویستی بە جادەی قیر هەیە، لە (٩١) ەوە خەڵکی ئەو سنووورە چاوەڕێن جادە قیر بکرێ، بەداخەوە جێ بەجێ نەکراوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەرێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، وەك ئەزانن ڕێگاوبان یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگە، بەڵام ڕێگای دۆڵی خەلەکان زۆر خراپە، لەکاتێکدا ئەو دوو ڕێگایە پارێزگای سلێمانی و هەلەبجە و گەرمیان ئەبەستێتەوە بە پایتەخت، بۆتە ڕێگەی مەرگ و ڕۆژانە کارەساتی لێ ڕوودەدات، داواکارین بریارێك لەسەر دووسایدە جوانە مەرگەکەی کۆیە هەولێر بدەن کە زیاتر لە (١٥) ساڵە حکومەت دەستی پێ ئەکات و بە مەبەست تەواوی ناکات، ئەمڕۆ لە هەرێم لە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك بەردەم ماڵان و تا پشکنینی خۆراك و دەرمان لە سنوورەکان دراوە بە کەرتی تایبەت، زۆرێك لەو گرێبەستانە نا هاوسەنگی تێدایە لە بەرژەوەندی حکومەت نییە و لە بەرژەوەندی کەرتی تایبەتە، ئایا پلان چییە بە پێداچوونەوە بەو گرێبەستانە، کەی یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ئەنێردرێتە پەرلەمان؟ چونکە ئەو یاسایەی ئێستا هەیە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کەمترین مووچەی خانەنشینیان ئەبێت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا احسان.

**بەرێز احسان محمد سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهانا میڤانەکان دکەین، ئێك پێشنیار هەی، د هەر ئاینەکی دا یان د هەر میللەتەکی دبینین تاخا هەرا مەزن گەنج و لاوێت ڤی میللەتینە، ئەڤرۆکە دبینین بە سەدان گەنج بەرەڤ دەرڤێ ولات دچن و جهێ مەترسیە ل سەر ولاتێ، ئەگەر بەرێخۆ بدەینە شۆرشا ئەیلول و گولانێ گەنج و لاوێت بەرەڤینا، گەنج ئەڤرۆکە سەرکێشێ ڤی میللەتینە، گەنجێ ئەڤرۆکە بۆ پاشەرۆژا ولاتێ پلانەکا باش هەبیتن بۆ باش کرنا ژیانا وا، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ملا جیهاد.

**بەرێز جیهاد حسن ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا میوانەکان ئەکەین، خیتابا سەرۆك گەلەکی باش بو نوقتا دانا ل سەر هەمی حەرفا، ئەم دل خۆشکرین، من دڤێت ئاماژە ب بابەتەکی کەم گەلەکی هەستیارە و گرێدایە ب تەندروستیا خەلکێ ئەوژی هندەك بازرگانێت هەی هندەك ماددێ کیمیایی دینن وەکی ریفرۆمێ و موخالەفاتێ نەفتێ ژ ئیرانێ دێنین راستێ، مادا ئۆکتانێ دکەن دبیتە پەنزینا عادی، وەختێ دبەنە موختەبەرێ دروست دەرکەڤیتن، دبیتە ئەگەرێ سەرەتان و ئەگرێتە بەربیتە سەیارێت خەلکی، حەز دکەم بەدواداچوون بکرێ بۆ ڤی بابەتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر گەلاوێژ.

**بەڕێز د. گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، باسی بواری تەندروستی و کۆمەڵگا ئەکەم، بەداخەوە بەپێی دوایین ئامارەکانی جیهان دەرئەکەوێ شێرپەنجە دووەمین هۆکاری مردنە، بەپێی ئەو ئامارە فەرمی و نافەرمیانەی هەرێم تووش بوون بە شێرپەنجە بەرز بۆتەوە، ئایا پلانی حکومەت چییە بۆ دۆزینەوەی هۆکاری زۆربوونی شێرپەنجە، ڕێژەی نەخۆشییە بۆماوەیەکانیش لە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر بووە، وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بواری نەخۆشییە بۆماوەییەکان پێشنیاری یاسایەکمان پێشکەش حکومەت کردووە بۆ دامەزراندنی سەنتەری ڕاوێژکاری بۆماوەیی کە ڕێژەی ئەو نەخۆشیە کەم ئەکاتەوە، ئەگەر دابمەزرێ ئەبێتە یەکەم سەنتەر لە هەرێم و عێراق، پرسیارم بۆ وەزیری دارایی لە خەرج کردنی شایستە داراییەکانی زانکۆکان بۆچی جیاوازی ئەکرێ لە خەرج کردنی شایستە داراییەکانی زانکۆکان وەکو یەك نین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محسن.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتانا میوانەکان ئەکەین، هاڤالا من بەحسی هەندێ خالا کر، چار خالێت هەی، بابەتێ وەبەرهێنان و نیشتەجێ بوونێ ل هەرێما کوردستانێ و شوقە هاتیە دروست کردن و دە ساڵە قیست هاتیە وەرگتن تا نووکە دووماهیك نەهاتیە، ئێك ژوان ئارام ستی ل دهۆکێ تەقریبەن دە ساڵا خەڵك قیست دای تا نووکە نەچوونەتە شوقە، دووێ، بابەتێ وەرزش لە هەرێما هاتیە سیاسی کرن، موخابن سال بە سال بوارێ وەرزشێ ل هەرێما بەرەو خراپ بوون ئەروات، ئەز دەکەین جەنابت لیژنەکا پێك بینیت ل بواری وەرزشێ، بابەتێ...........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا میوانەکان ئەکەین، لە سالا ١٩٨٨ ێ خەڵکەکا زۆر دەربەدەرێ ئیرانێت بوون، پشتی وێ جهێت وان ژ لایەن بەعس هاتیە موسادەرە کرن، هەندەك وان پشتێ هنگێ هات قەرەبوو کرن، هەندەکیان نەهاتینە قەرەبوو کرن، هێڤیدارین لگەل باشتر بوونا رەوشا داراییێت حکومەتا هەرێما پێداچوونەکا ڤێ بابەتێ بکەن، پرسیارەك بۆ جەنابێ وە، ل ئەنجومەنا وەزیران چ پلانەك هەیە بۆ پێداچوونا رەوشا چاکسازی ل هەرێما کوردستانێ؟ چونکی ل هەرێم ڤیت پێڤەرێ ستاندارت ئەگەر جهێ (٩٠٠) کەسا بکەت ئەڤرۆکا ل چاکسازیا ( ٢٠٠ ) کەسێ تێپەراندیە سەرارێت بنکەهێ ڤەگرتن و راگواستنێ (٦٠٠) و (٧٠٠) کەس تێدانە هێشتان کەیسێ وان ئیکلا نەبوویە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، بەڕێز سەرۆکی حکومەت روون کردنەوەی لە هەموو بابەتەکان دا، چەند داواکاری هاووڵاتییان ئەخەمە ڕوو بۆ بەڕێزیان، لە کاتی هاتنی وەرزی زستان نزیکە و ئەگەر نەوتی سپی ماڵان لەبەر دەستە دابەش بکرێ بەسەر هاووڵاتیان پێش هاتنی وەرزی سەرما و ئەبێتە رێگر لە بڕینەوەی دار و درەخت لە ناوچە شاخاوییەکان، لە ٢٠١٤ ەوە پلە بەرزکردنەوە راگیراوە بە هۆی قەیرانی دارایی، بە تایبەت فەرمانبەرانی شارستانی، پشتگیری لەو کەسانە ئەکەم لە کەرتی هەشتی حەسارۆك لە هەولێر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەیلا خان فەرموو.

**بەڕێز لیلى عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا میوانەکان ئەکەم، هاتنا شاندێ حکومەت پێنگاڤەکا گرنگ بوو، پرسیارا من جەنابت بەحسی چاکسازییا ئیداری کر کو جهێت دەست خۆشیا پەنگازڤێ باش هاتییە کرن، خەلکی زۆر لە پلە باڵاکانی حکومەتی هەرێم هەنە ماوەی (١٥) سالە وەکو بەرێوەبەری ناحیە و گشتی و راوێژکار لەسەر کارەکانیان بەردەوامن، بەشێکی زۆریان بە وەکالەت بەڕێوە ئەبرێن، هاووڵاتی هەرێم چاوەروانی گۆرانکارین لەو پۆستانەی حکومەت بکرێن، کەی ئەو گۆڕانکارییە ئەنجام ئەدرێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، دوو پێشنیارم هەیە، وێرای تەقدیرم بۆ ئەو شاندەی رۆڵیان هەبووە بۆ دانووستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند، پێشنیار ئەکەم حکومەتی هەرێم بە راوێژ کردن لەسەر ئاستی باڵای سیاسی دەزگای نیشتیمانی دروست بکەن بۆ دانووستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند بۆ داکۆکی کردن لە مافی کورد و پێکهاتەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروا پێداچوونەوە بەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکان کردوویەتی لە بواری نەوت، هەڵەی زۆر هەیە لە گرێبەستەکان لە کابینەی پێشوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان ظاهر احمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێش ئەوەی قسەکان بکەم، ئێمەی پەرلەمانتار وەکو چاودێر لەسەر دەسەڵاتی تەنفیزی ئەبێ هەردوو لای ئەرێنی و نەرێنی باس بکەین، ئەوەی لە لوتکەی بێ هیوابوون و لوتکەی قەیرانی ئابووری و سیاسی و تەندروستی حکومەت توانیوویەتی بەردەوام پرۆژەی خزمەتگوزاری پێشکەش بکات جێی دەست خۆشییە، بە فەرمانێکی ئەنجومەن بڕیاری لێبووردن لە غەرامەی تەئخیری بۆ کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش و ئەوانەی سولفەی عەقاریان وەرگرتووە دەرچووە، جێی دەست خۆشییە، گلەیی ئەوە ئەکەن بۆ جیاکاری ئەکرێ، داواکارین لێوردن بۆ هەموویان دەرچێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو خەدیجە خان.
**بەڕێز خدیجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، لە ماوەی رابردوو بە دەست خۆشییەوە چەندین پرۆژەی راگەیاندن کراوە، لە راپۆرتەکەش ئاماژەتان بەوە کرد (١١) ناوچەی پیشەسازی تر لە هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە دروست ئەکرێ، ئایا لەو ژمارەیە لە بەرنامە هەیە هیچ پرۆژەیەك لە دەڤەری سۆران کە گەورەترین قەزای شاری هەولێرە دروست ئەکرێ؟ لە دەڤەری بارزان و مزووری تەنیا یەك گوندی ئاوەدان هەیە کە سەرکەیە، خزمەتگوزاری سەرەتایی زۆر کەمە و وای لێهاتووە خەڵکی ئەو گوندە چۆلی بکەن، داوا لە بەڕێزتان ئەکەم ئاوڕی جدی لە دەڤەری سۆران و بارزان بدەنەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك شەمۆل.
**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بە حوکمی ئەوەی ئەخیر کەسم زۆربەی پرسیارەکانم کراوە سەبارەت بەو برینی مووچە ئایا ئەدرێتەوە یان نا؟ دامەزراندنی یەکەمەکان مافی خۆیانە، گرێبەستەکان بە هەمیشەیی بکرێن، وانەبێژان، ئەوەی موهیمە تونێلێك لە شاری کۆیە دووجار شوێنەکەی گۆڕاوە، بەڵام تا ئێستا چەند مەترێکیش لێ نەدراوە و بەجێ هێڵدراوە، سەبارەت بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق، ئایا نییەتی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێکەوێ؟ ئەگەر ڕێکەوێ حکومەتی هەرێم پابەندی ئەو ڕێکەوتنە ئەبێ؟ سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو گولستان خان.
**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بخێرهاتنا میوانەکان ئەکەین، بابەتەکی هەی سەبارەت بە فروقاتا مامۆستایەن سەر بە قەزا ئامێدیێ، بەشەك ج مامۆستایەن پەروەردە دهۆکێ یێن ساڵا ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤، راستە هەمی رەوشا دارایا هەرێمێ دزانین، برە پارەیەکی زۆر نینە، داواکارین خەمەکی بخۆن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو کاك مەلا ناصر.
**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، ئەو پرسیارانەی باس کراوە دووبارە ناکەمەوە، چوار پرسیاری ترم هەیە، یەك، گەرمیان لە ڕووی تەندروستی پێویستی بە تەواو کردنی نەخۆشخانە سەد قەرویلیەکە هەیە، لە ٤٠% تەواو بووە، لە ٢٠١٤ ەوە کاری تێدا ناکرێ، ئەزانن گەرمیان ناوچەیەکی بەرفراوانە و چەند قەزایەکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان چی لەسەرە، دوو، باسی هەوڵی چارەسەری کێشەی دوو ئیدارەیی ئەکەی، پێشنیار ئەکەم یەکەمجار لە سەیتەرەکانی دێگەلە و بالیسانەوە دەست پێ بکەین کە لە ماوەی چەد کیلۆمەترێك چەندین سەیتەرە هەیە، ئەوەش کارێکی باش نییە، سێ، ئەمەناوەێ گرنگی بدەین بە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەبینین مریشکی زیندو و بەستووی تورکی لە بازگەکانی هەرێم داخل ئەبێ......
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەندامانی پەرلەمان (٩٨) ئەندام بەشداری گفتوگۆی ئەمڕۆی کردووە، دەست خۆشیتان لێ ئەکەین، سوپاسی پشوو درێژی بەرێزان لە ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین، داوا لەو ئەندامە بەرێزانەی پەرلەمان ئەکەین کە پرسیاریان کردووە و هۆلەکەیان جێ یەشتووە، لە هەموو کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان ڕوو بەرووی ئێمە و دەستەی سەرۆکایەتی ئەبنەوە ئەلێن حکومەت بۆ نایەت؟ بفەرموون گوێ لە وەڵامی ئەو پرسیارانە بگرن کە کردوویانە، چونکە (٩٨) ئەندام قسەی کردبێ یانی زۆرنەیەکی پەرلەمان قسەی کردووە، ئەو چۆڵییەی ئێستای هۆلی پەرلەمان نایەتەوە لەگەڵ ژمارەی بەشدار بوونی ئەندامانی پەرلەمان، بەرێزان داوا لە بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمان ئەکەم بە تەرکیز بچێتە سەر هۆلی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، داوا لە بەرێزان ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین بە وردی وەڵامی پرسیار و تێبینی و ڕوون کردنەوەکانی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە، فەرمووو.
**بەڕێز مەسرور مسعود مصطفی بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سوپاس بۆ هەموو پەرلەمانتارە بەرێزەکان کە بە تێبینی یان پرسیار و ڕەخنە، ئەوەی پێویست بوو باسیان کرد، منیش ئەوەی بکرێ بە پێی ئەوانەی نووسیومە وەڵامتان ئەدەمەوە، هەندێکیشی لەوانەیە ئاراستەی کاك قوباد یان کاك ئاوات کرابێ، ئەگەر پێویست بێ بەشێکی کاك ئامانج وەڵامی بداتەوە، هەوڵ ئەدەم بە کورتی، بەڵام بە پوختی کە وەڵامی ئێوەشی تێدابێ، هیوادارم پشووتان درێژ بێ، چونکە زۆر پرسیار کرا لە سەرەتا باسی پەتای کۆرۆنا کرا کە لە پایز و زستان لەوانەیە ئەو پەتایە خراپتر بێ، حکومەت چی کردووە و چی ئەکات؟ پێش هەموو شتی پێویستە هەموو تاکێکی هاووڵاتی هەوڵی خۆپارێزی بدات، چونکە ئێستا پەتاکە بە شێوەیەك بڵاو بۆتەوە کە ڕێکارەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ کۆنترۆل کردنی ڤایرۆسەکە لەو حالەتە دەرچووە بتوانین شوێنێك کەرەنتینە بکەین یان کۆنترۆلی ڤایرۆسەکە بکەین بە

ڕێککارەکانی حکومەت و وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ، لەبەر ئەوە باشترین شت خۆپارێزییە، دەستەوانە و ماسك ببەستن، سەبارەت بەوەی حکومەت چی کردووە، جگە لەوەی لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەم پێدا چەند بڕە پارەمان خەرج کردووە بۆ دابین کردنی پێداویستی ڕوو بەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، حەز ئەکەم بڵێم (٣٧٠) دکتۆر تازە دامەزراون و (٥٠٠) کارمەندی نوێش کە شارەزان لە چۆنییەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ڤایرۆسە، یەکی تر پرسیاری ئەوەی کرد زیاتر لە (٩١٠٠) پرۆژەی نیشتەجێ بوون هەن، چی بکرێ بەشێکیان ٨٠ % یان ٦٠% تەواو بووە و ئەگەر بەرەو تەواو کردن بڕوا، لە وەزارەتی پلاندانان تیمێکمان داناوە کە پێداچوونەوە بە هەموو ئەو پرۆژانە بکەن کە بزانن بە شێوەی ڕێژەیی ئەوانەی زۆریان نەماوە لە (٩٥) یان (٩٠) تا ٦٥% کە ڕەزامەندی لەسەر دراوە تەواو بکرێن، هەندێکیان تەواو کراوان، ئەوانەی تر بەپێی ئیمکانیاتی بەردەست هەوڵ ئەدەین تەواویان بکەین، ئەوانەی تریش کە کەرتی تایبەت یان وەبەرهێن بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنیان لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەم پێدا سیاسەتی حکومەت چۆنە بۆ چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بابەتە، بەداخەوە زۆر لە ئێوەی بەڕێز پرسیارتان کرد پێم وایە وەڵامەکەی لە ڕاپۆرتەکە هەبوو، بەڵام دیارە گوێتان لێ نەبووە لەوەی کە چیمان باس کردووە، ئەگەرنا زۆربەی وەڵامەکان لە ڕاپۆرتەکە هەبوون، دۆخی ئابووری هەرێم بەرەو کوێ ئەچێ؟ ئەو پرسیارە زۆر گشتییە، بەستراوە بە دۆخی ئابووری لە جیهان، بە سعری نەفت، پەیوەندی ئێمە لەگەل عێراق و پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام گەشبینین بەوەی ئابووری هەرێم بەرەو هەنگاوی باشتر ئەنێ، ئەگەر لەگەڵ حکومەتی عێراق بتوانین هیچ نەبێ دابینی ئەو شایستە داراییانەی کە بۆ مووچە خۆران حکومەت وەکو مافی دەستووری پابەندە جێ بەجێ کردنی و ئەو داهاتانەی هەیە لە بووژانەوەی ئابووری بەکاری دێنین، ئەتوانین زۆریش سەرکەوتوو بین، لە ڕاپۆرتەکەش ئاماژەم پێدا کە تێر و تەسەلە پێشکەشتان ئەکەین کە زۆر لەو داتایانە هەیە، ئەتوانن بە وردی بیخوێنەوە، دەروازە سنوورییەکان لە هەرێم کە بە کۆد و گومرگی مامەلەیان لەگەل ئەکرێ لێرە بەڵام لە شوێنەکانی تری عێراق مامەلەیان لەگەل ناکرێ زۆر ڕاستە، لەگەل حکومەتی عێراق لەو بابەتە بە درێژی قسەمان کردووە، ئەوەی توانیومانە لە هەندێ خاڵی سنووری باشترە، لە کوردستان لە شوێنەکانی تری عێراق زۆر باشترە بە گشتی، زۆر جار هەیە بازرگان ویستوویەتی بێ داخلی خالی سنووری هەرێم بێ، لەبەر ئەوەی ئەو ئیجرائاتە یاسایانەی لە هەرێم هەیە وای لە بازرگان کردووە بە بەرتیل لەگەل کەسێکی دەسەڵاتدار ڕێك بکەوێ و لە خاڵی سنووری تر ئەو مەوادە بە شێوەی نایاسایی داخل بکات، لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر ئەو خاڵە زۆر قسەمان کردووە و بەڵێنی ئەوەیان داوە خاڵە سنوورییەکانی خۆیان توند بکەن هەرچەند کۆدی گومرگی هەموو عێراق یەکە، ئەڵێن کە نرخی نەوت بەرز و نزم ئەبێ داوای دانووستان ئەکەن، هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، تەنیا قسەیە، حکومەتی هەرێم لە کابینەکانی پێشووتریش ئامادەی دانووستان بووە، هەمیشە داکۆکی لەسەر دابین کردنی شایستە داراییەکانی هەرێم کراوە، نامەوی بچمە تەفاسیل ئەگەرنا ئەمەوی ڕوونی بکەمەوە حکومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی نەداوە تا ئێستا گلەیی لە هەرێم بکات و بلێ ئامادەی دانووستان نین، نموونەیەکی زۆر بەسیت، لە هەموو داهاتی عێراق خەڵکی هەرێم تەنیا ٥% بەرکەوتووە کە ئەبوایە ١٧% کۆی گشتی داهاتی عێراقی بەر بکەوێ بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی

هەرێم، لە هیچ کابینەیەك بەو شێوەیە نەبووە، دواتر دایانبەزاند بۆ ١٢.٦% کە ئەوەش راست نەبووە، بەشێکی زۆری داهاتی عێراقی بۆ خەرجی سیادی دابین کراوە کە ٤٥% داهاتی عێراق بووە، ٥٥% ماوەتەوە لەوە ١٢.٦% بە هەرێم بدرێ، بەشی قەرزشیان لێ وەرگرتۆتەوە، هی بانکە یا تیبیایە، لە هیچ کات خەڵکی هەرێم بەشی خۆی وەرنەگرتووە، بەداخەوە ئەوان پشتگیری لە مافی خۆیان ئەکەن، ئێمە لە هەرێم لە جیاتی داکۆکی خەریکی ئەوەین گلەیی لە یەکتر بکەین، ئەوەی تاوانبارە خودی حکومەتی عێراقە، بۆری نەوت فرۆشراوە بە کۆمپانیایەك، گوێم لە (٨) ملیار دۆلار بوو، شتی وا نییە، ئەو بڕی نەوتە پێشتر کە بڕیاری دروست کردنی دراوە، تەکلیفی دروست کردنی کێ ئەتوانێ دابینی بکات، لەو کابینەیەش نەبووە، بەڵام بۆ روون کردنەوە، حکومەتی هەرێم پارەی هەبووایە بۆری نەوت دروست بکات خۆی ئەیکرد، بەڵام پەنای بردووە بۆ کەرتی تایبەت، کەرتی بیانی یان ناوخۆیی، ئەوان کولفەی دروست کردنی بۆرییەکەیان گرتۆتە ئەستۆ، چۆن گرێبەست کراوە پێویستە سەیری گرێبەستەکان بکەین، ئەوەی شایستەی وەبەرهێنی کردووە لە دروست کردنی بۆریەکە بێگومان داوای گەرانەوەی سەرمایەی خۆیان ئەکەن، گەڕانەوەی ئەو پارەیە نە لێخۆشبوونە، نە بەخشینە، مافی ئەو وەبەرهێنە، ئیستیقرای سیاسی لەسەر حیسابی قورغکاری و داگیرکاری، کۆمپانیا هەبووە (٨٠٠) ملیۆن دۆلاری هەبووە هیچی نەداوە بە حکومەت، ئەو بابەتە یاسایی نییە، داوا ئەکەم ئەگەر شتێکی یاسایی هەیە بە نووسراو بیدەن بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دواتر بە رێگەی یاسایی بەدوا داچوونی بۆ بکەین، بە قسە نابێ، ئەوەی بزانم ئێمە بڕیاری ئەوەمان داوا پێداچوونەوە بە هەموو کۆنتراکتەرەکان بکەین، بەو برە پارەش بە خەڵك و کۆمپانیاکان ئەدرێ، ئەگەر گوێتان لە راپۆرتی منیش نەبێ باسمان کرد کە چۆن ئەوانەی خۆیان لە باج دزیوەتەوە یان لە قەرز حکومەت چ رێکارێك بگرێتە بەر بۆ گەڕانەوەی ئەو برە پارەیە کە موڵکی گشتییە، برادەرێك وتی چاکسازی بە حوبی سەروەرات ناکرێ، ئەبێ سزای کەسەکان بدرێن چاکسازی پرۆسەیەك نییە بە شەو و رۆژێك کۆتایی بێ، کە ئەڵێن کەی دەست بە چاکسازی ئەکەن، ئەوە دەستەواژەیەکی دروست نییە بڵێن کەی دەست پێ ئەکەن، چونکە دەستمان پێ کردووە، بڵێن کەی تەواو ئەبێ شتێکی ترە، چونکە قەت تەواو نابێ، هەرچی بکەین ئەتوانین باشتری بکەین، لەبەر ئەوە دەست پێکراوە، شتیش کراوە، ئایا بەو خێرایە ئەبێ؟ نەخێر، هۆکارەکەی مەسەلەی قەیرانی ئابووری بووە، هاتنی پەتای کۆرۆنا، کێشەکان لەگەل عێراق، نەبوونی ئەو بوودجەی پێویست بوو بۆ بەشێ لەو چاکسازییانەی کە ئەبووایە بکەین، حەز ئەکەم بە ئینسافەوە تەقیمی وەزارەتەکە بکەن، لە ئاستی تمووحی ئێوەیە یان نا حەقی خۆتانە، کە ئەڵێن بندیوار نەمێنێ، خانەنشینی پلەی باڵا ئەوانەی بە نایاسایی لابرێ ن یان مەقاسەی قەرزەکان بکرێ، ئێمە لەسەر ئەساسی داتا و زانیاری دروست مامەڵە ئەکەین، تیمی تایبەتمان هەیە بۆ پێداچوونەوە لە وەزارەتی دارایی و پەیوەندیدار بۆ پێداچوونەوە بە هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە بە ناوی بندیوار یان خانەنشینی پلە باڵا کە بە نایاسایی خانەنیشن کراوە پێداچوونەوە ئەکرێ، لایان ئەبەین، بەڵام ئەبێ لەسەر بنەمای داتا و بەڵگە بێ، هەرکات کۆی گشتی ئەو داتایانەمان کۆکردەوە و تەواو بووین دەست بە جێ ئەو بریارە پێویستانەش ئەدەین، سەبارەت بە مەقاسە حەز ئەکەم روون کردنەوەیەك بدەم، هەموو ئەو کەسانەی حکومەت قەرزی لایانە ئەو کەسانە نین قەرزیان لای حکومەتە، هەندێ

کەس هەیە حکـومەت قەرزی لایـانە هەیـانە ئەوان قەرزیـان لای حکـومەتە، هەنـدێ جـار هەم قەرزی لای حکـومەتە و حکـومەتیش قەرزی لایەتـی، ئەوانەی هەم قەرزیـان لای حکـومەت و قەرزیان لە حکومەت وەرگرتـووە ئەکرێ مەقاسە بکەیـن، بەڵام ئەوەی قەرزی لای حکومەت و کەسـی تـریش حکـومەت قەرزی لای ئەوە نـاکرێ مەقاسـە بکـرێ، بەیاسـا کردنـی پاسـەوانی بەرپرسـان، بریارمـان داوە لە ئەنجـومەنی وەزیـران کە یەکەی پاسـەوانی لە وەزارەتـی نـاوخۆ دروسـت بکەیـن بـۆ ئەوەی ئەو کێشـەیە بە گشـتی چارەسـەر بکـرێ، ئەوانەی پێشـمەرگەن یـان ئەنجومەنی ئاسایش یان پۆلیس ئەوانەی بەرپرسن هەر یەکە حەقی خۆیەتی پاسـەوانی لەگەڵ بێ، ئیشی خۆی ئەکات، بەڵام کونسولگەری یان پەرلەمنتارە یان وەزیرە یـان کەسـی مەدەنـی کە پاسەوانی هەیە، بریارێکمان هەیە هەموویان لە یەکەی پاسەوانی وەزارەتی ناوخۆ جێگیر بکرێ، ژمارەی پاسەوانیش دەست نیشان بکرێ، هەر یەك بە کەیفی خۆی خاوەن فەوجێك نەبێ، بەپێی وەزیفە پاسەوان دەست نیشان ئەکرێ، پاسەوان بـۆ وەزیـفە دائەنـرێ نەك شـەخس، باسـی ئەوە کرا کە من سەرۆکایەتی پارتی و کاك قوباد هی یەکێتی و کـاك ئـاوات هـی گۆران، ئەمەوێ بلـێم لەو رۆژەی سوێندی یاساییم خـواردووە وەکـو بەرپرسـی خزمەتگوزار لە حکـومەت کـار ئەکەم، وەکو فەرمانبەری پارتی کارناکەم، شانازی بە پارتی بوونەوە ئەکەم، بەڵام ئێستا وەکو بەرپرسـی حکومەت کار ئەکەم، هەمان شێوە کـاك قوبـاد و کـاك ئـاوات و هەمـوو کـابینەکەش فەرمـانبەری حکـومەتین، داوا ئەکەم بە نـوێنەری حیزبـی پێناسـەمان نەکەن، نـوێنەری خەڵکـین، ئەوانەی زیندانی سیاسین و یان خەلك بە گرێبەست دامەزراوە یـان شایسـتەی داراییـان وەکـو پێویسـت پێ نەدراوە، دیسان پێداچوونەوەی بۆ کراوە، لەگەل وەزارەتـی پەیوەندیـدار قسـەمان کـردووە، زیندانی سیاسی ماوەی مابێ بەهیچ شێوەیەك نامانەوی مافی هیچ کەسێ پێشـێل بکـرێ، بەلام ئەوەی مـافی ئەوەی نـیە داوای ئەوە ئەکەم رەچـاوی ئەوە بـکەن حکـومەت پابەنـدی بریـارە یاساییەکان ئەبێ، ئەگەر حکومەت بتـوانێ یەکەمەکـان یـان گرێبەسـت و وانەبێـژ دیسـان کـاك ئـاوات باسـی ئەوەکـات، هەرکـات توانیمـان دابینـی بـرە مـووچەی پێویسـت بۆیـان بکەیـن لەو گۆرنکارییەی بەسەر مووچەکانیان دێت ئامادەین، ناتوانین بەلێنی وا بدەین بێ بنەما بـێ، بەلـێن ئاسانە، بەڵام جـێ بەجـێ کردنـی قورسـە، توانیمـان جـێ بەجـێ بکەیـن بێگومـان ئەو شـتانەش ئەکەین، بەرێزێك وتی هێرشی مووشەکی بۆ سەر هەولێر چ گەرەنتەیەك هەیە؟ ئـێمە بەیـانێکی روون و ئاشکرامان دەرکرد بە ناوی وەزارەتی ناوخۆ، حکومەتی هەرێـم بە هـیچ شـێوەیەك رێگـا نـادات هـیچ کەسـێك دەسـت بـۆ تێکـدانی ئاسایشـی هەرێـم بـات، هەر زوو دەسـتمان کـرد بە لێکـۆڵینەوە لەو بـوارە، گەیشـتۆتە ئەنجـامی زۆر بـاش، ئەزانـین ئەوانەی بەرپرسـن بەرامـبەر بە هاوێشتنی ئەو مووشەکانە کێن، ئەو زانیاریانەمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی هـاوبەش کـردووە، ئەوانیش بریاری وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویسـتیان کـردووە، هەنـدێ ئیجرائـاتیش گیـراونەتەبەر، دووپـاتیش ئەکەیـنەوە هەر کەس هەوڵـی تێکـدانی ئاسایشـی هەرێـم بـدات ئامـادەی بەرپەچ دانەوەی ئەو جۆرە هێرشەمان هەیە، گەرەنتی ئێمە و هەلوێستی ئێمە ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك ملکەچ نابین و رێگەش نادەین کەسێك جـورئەتی ئەوە بکـا دەسـت درێـژی بکـاتە سـەر هەرێمـی کوردستان، پردی توقت، ئەو پرۆژەیە موافەقەی لەسـەر کـراوە، بەڵام بۆچـوونی جیاوازیشم بـۆ هاتووە، بەشـێك لە برادەرانـی ئەو نـاوچەیە پێیـان وایە ئەو پـرۆژەیە لە بەرژەوەنـدی خەڵکەکە

نەبێ، سەرەرای ئەوە حکومەتی هەرێم بریار لەسەر جێ بەجێ کردنی هەندێ پڕۆژە دراوە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە، یەکێ لەوانە ئەو پردەیە، چاوەڕێی ئەوە بووم ئەوان ئامادەکاری بکەن، پێمان بلێن کەی ئامادەن بۆ دەست بەجێ بەجێ کردنی، ئایا پەنامان بردۆتە بەر مەحکەمەی ئیتیحادی بۆ چارەسەر کردنی خیلافات لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی؟ تا ئێستا ئومێدمان وایە بە گفتوگۆ لەگەل عێراق بتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر ناچار بووین هی نیەتێك نیە لە عێراق ئەوکات پەنا بۆ یاسا یان مەحکەمەی ئیتیحادی ئەبەین، هەرچەند پێم وایە ئێستا مەحکەمەی ئیتیحادی کەسێکیان کەمە، خۆشیان لە قەیرانێکن ناتوانن وەکو پێویست بریار بدەن، بەرێزێك وتی پارەیەکی زۆر بە کۆمپانیای کار ئەدرێ، یان پاسەوانی نەوت، یان کەسی تر بە ناوی مورتەزا لاخانی کە کەسێکی پاکستانی بووە لەوانەیە کۆنتراکتێکی وای هەبێ لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نەبێ یان ئیتیهاماتی تری بخرێتە پاڵ، بۆ زانیاری بەرێزتان کۆمپانیای کار کوردستانییە، لە جیاتی ئەوەی پشتگیری لە کۆمپانیای ناوخۆیی و کوردستانی بکەن پێم خۆش نییە بێ هۆکار پەلاماری کۆمپانیاکانی کوردستانی بدەن، هەرچەند لە زۆر شوێن ئەو ئیتیهاماش دراوەتە پاڵ ئەو کۆمپانیایە کە حیزبیە، یان بەرژەوەندی ئەو حیزب و ئەو حیزبی لەگەڵە، لە ئێستا ئەڵێم بە هیچ شێوەیەك هیچ بەرژەوەندی حیزبی نییە، مورتەزا لاخانی کەسێك بووە پێشتر کۆنتراکتی هەبووە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ چۆنییەتی ئیدارەدانی فرۆشتنی نەوت، بەرێکردنی ئەو نەوتەی لە مینای جیهان لە تورکیا، بۆ زانیاری ئێوەی بەرێز پێداچوونەوەمان بەو کۆنتراکتە کردووە، داوامان کردووە تیمێکی تر لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ تیمێکی تایبەتی پسپۆری بیانی بێن بە یەکەوە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆری بە تیمی بەرێوەبردنی ئەو مەلەفە بکات، ئەوەش کاتی ئەوێ، پێویستە رێز لە کۆنتراکتەکە بگرین، بەڵام گۆرانکاری بەسەر دێ، خەڵکی تر کە جێگەی متمانەی ئێمە بن ئەو مەلەفە بەرێوە ئەبەن، داواش ئەکەم ئەو بەپرسەی رۆژانە یەك ملیۆن دۆلار ئەدزی، بەداخەوە هەتا واژووی دزینتان بەکار هێنا، ئەگەر هەیە بە بەڵگەوە بیدەن بە ئێمە یان دادگا، زۆر بە خۆشحاڵییەوە و خۆشم پشتیوانیتان لێ ئەکەم ئەگەر بەڵگە هەبێ کە کەسێك ئەوەی کردبێ، بۆ ئەوەی لە رێگەی یاساوە رووبەرووی ببینەوە، باسی ئەوە کرا هەرێمی کوردستان ٩٠٪ خەڵکەکەی بەرەو ئیفلاس ئەڕۆن، بەخوا باوەڕ ناکەم وابێ، ئەگەر بەراوردی خۆتان بکەن لەگەڵ مەناتقی تری عێراقی یان وڵاتانی دراوسێ ئەبینی خەڵکی هەرێم سەرەرای ئەو هەموو قەیران و ناوخۆشی، بەڵام لە رووی بژێوی ژیانەوە زۆر باشترن لە چاو ناوچەکانی تر، نالێم لە ئاستی تموحی ئێمەیە، خەڵکی کوردستان زۆر شایستە ترن بە باشتر، بەڵام لە بەراورد کردن لەگەل ناوچەکانی تر ئەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین، بە هەر شوێنێکی کوردستان بگەرێن و بڕۆنە بەغدا بزانن لە پاك و خاوێنی و خزمەتگوزاری و گەیاندنی پرۆژەکان چ جۆرە جیاوازیەك ئەبینن، یاسای خانەنشینی کە لە خزمەتی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس نیـیە، ئێمە تیمی یاساییمان هەیە پێداچوونەوە ئەکەن، لەگەڵ ئەوە نین ماف و شایستەی پێشمەرگە و ئاسایش و ئەوانە لەبەر چاو نەگیرێت، ئەگەر بزانین لە شوێنێك ئەتوانین ئیشی باشتر بکەین بێگومان بریاری باشتر ئەدەین، بەڵام ئەبێ ئیمکانییەتی حکومەت لەبەر چاو بگرین، شێوازی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی لەبەر چاو بگرین، باسی پاکردنی لیستی شەهیدان و خانەنشینی کرا، لە بەرنامەی ئێمەیە،

بەشێکە لەو چاکسازیە، باسم کرد دیارە گوێتان لێ نەبووە، بەداواداچوون ئەکەین، تیمی تایبەتمان داناوە بۆ بەداواچوونی هەموو ئەو فەرمانبەر و لیستی ئەو کەسانەی چ بە ناوی خانەنشین و ئەوانەی بندیوار و هەر جۆرە فەرمانبەرێك لە حکومەت مووچە وەرگرێ پێیداچوونەوە بە لیستەکانیان ئەکرێ، ئەوەی شایستە نەبێ ئەخرێتە دەرەوە، حەز ئەکەم ئاماژە بەخاڵێکی تریش بدەم، باسی ئەوە ئەکرێ رێژەی مووچەخۆر لە کوردستان زۆرە بە بەراورد کردن لەگەل حکومەتی عێراق، پێم وایە تا حەدێك زۆر بە روونی بۆتان روون نەبێتەوە، مووچەخۆر لەگەڵ فەرمانبەر لە کوردستان دوو شتی جیاوازن، لە عێراق بەس فەرمانبەر وەکو مووچەخۆر پێناسە کراوە، ئەو بڕە مووچەی بە فەرمانبەر ئەدرێ تەنیا حیساب کراوە، خانەشین و شەهیدان و پەکەوتە لە مەساریفی سیادی خەرج ئەکرێن، لە هەرێم ئەو بڕە بوودجەی بۆ ئێمەی ئەنێرن بە نوقسانیەوە داوایان کردووە هەرچی مووچەخۆرە فەرمانبەر یان خانەنشین یان پەکەوتە ئەبێ لەو بەر مووچەیە بۆی بکرێ، زیاد بوونی ژمارەی مووچەخۆر ئەوە نییە هەموو فەرمانبەرن لە حکومەت، سەرەرای ئەوە فەرمانبەرانەی خۆی زیاد کردووە، بەڵام بۆ ئێمە لە رێژەیەکی سابیت هێشتوویەتییەوە، بە هیچ شێوەیەکیش ئامادە نەبووە ئەو رێژەیە زیاد بکات لەسەر زیاد بوونی رێژەی فەرمانبەر مووچەی زیاتریش بنێرێ، لەسەر کۆمپانیاکان خەڵکی بیانی دائەمەزرێ، بڕیارمان داوا و لەسەر هەموو کۆمپانیاکانیش پێویستە رێژەی دامەزراندن زۆرینەی خەڵکی کوردستان بن، ئەوەش بە شێوەیەکی رێژەیی زیاد بکات، لە هەندێ حالەتی پسپۆری لەوانەیە پسپۆری وامان نەبێ، ئەوکات کۆمپانیاکان و ئەهلیەکانیش ئەتوانن پسپۆری بیانی بێنن بەو مەرجەی خەڵکی کوردستان فێری ئەو جۆرە پسپۆرییە بکەن، دڵنیابن بۆ داهاتووش ئەو کۆمپانیا بیانییە یان ناوخۆییە کە خەڵك دائەمەزرێنێ لەسەرمان کردوون وەك بڕیار کە یەکەم ئەولەویەت بۆ خەڵکی کوردستان بێ، باسی بازگە کرا، وتیان پێنج بازگە لە نێوانی سلێمانی و هەولێر هەیە، خۆزگە نەبووان، حەزیش ئەکەن ئەو بازگانە نەمێنین، ئەو ئاسەوارەی باسی ئەکەن با نەمێنێ، ئەو تەکسیە یان چییە لەو خەتە ئیش ئەکات با شتێکی وا بکەن کوردستان ببێ بە یەك پارچە، بێ ئەوەی کەس گلەیی بکات دوو ئیدارەیی هەیە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەکەین، بیریشتان نەچێ ماوەیەکی درێژە کاریگەری تا ئێستا ماوەتەوە، ئێوە چاوەڕوانی زۆرتان هەیە کە لە خیلالی ساڵێك هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، لە کۆتایی تەواو بوونی ماوەی ئێمە نە بەس ئێوە خەڵکیش هەڵسەنگاندن ئەکات بۆ ئەوەی بزانین تا چەند سەرکەوتوو بووین لە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کاری خۆمان، پرسیارەکان زۆرن، بەرێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆن ئەڵێن حەزمان کرد حکومەت سەرکەوتوو بێ و خەتای ئێمە نییە کە مووچە وایە، راستە، ئێوە ئۆپۆزۆسیۆنن، مافی خۆتانە ئەو شتانەی بە کەڵکی ئێوە بێ بۆ ئەوەی دواتر ببێ بە دەسەڵات، ئەگەر ناتانەوێ ببن بە دەسەڵات شتێکی ترە، بەڵام ئەگەر ئەتانەوێ ببن بە دەسەڵات حەقی خۆتانە، رەخنەتان قبول ئەکەین بە مەرجێ لەسەر بنەما و واقعی و بەڵگە بن، پێمان بکرێ چاکی بکەین ئەیکەین، ئەگەر نەکرا هۆکارەکانی ئەخەینە ڕوو بۆچی ئەو شتانە لە دەسەڵاتی ئێمە نەبووە، سوپاسی رەخنەکانیشتان ئەکەین، هیوادارین واقعی بین و لەسەر بنەمای بەڵگە رەخنە بگرن، بۆچی قەرزی (٢٧) ملیار بووە بە (٢٨) ملیار ئەگەر حکومەت هیچی قەرز نەکردووە، هیچ قەرز نەکراوە، شتێکتان لە بیر نەچێ لەو ماوەیە داوامان لە تورکەکان و رۆژ

نەفتیش کرد لەو ماوەیە ئەو بڕە پارەیەی ئەبوایە پێیا بدرێ، چونکە تووشی قەیرانی دارایی بووین تۆزێ سەبرمان لێ بگرن، ئەو بڕە پارەیە ماوەتەوە، لێمان خۆش نەبوون، تەنیا چاوەڕێین تا بتوانین بەشێ لەو پارەیە بدەینەوە، دوو، ئەزانن ئەوە قەرز نییە، ئیلیتزاماتە، ئەو سێ مانگەی حکومەتی عێراق لە مانگی (٥ و ٦ و ٧) پارەی نەنارد ئێمەش ئەخرێتە سەر ئەو ئیلتیزاماتە داراییە، بە کۆی گشتی نالێم قەرز بۆتە (٢٨) کۆی گشتی ئیلتیزامات بۆتە (٢٨) ملیار، بەو مووچە نەنێردراوەی پێویستە نەیناردووە، ئەڵێن خەم لە گەنجەکان ناخۆن، بەداخەوە راست نییە، زیاتر لە هەمووتان حەز ئەکەم بە گەنجەکان بلێین خەمیان لێ ئەخۆین بەس بە قسە نییە، ئەوەی پێمان بکرێ لەپێناو دابین کردنی ئەمنیەت و سەلامەتی و بژێوی ژیان و داهاتوو بۆ گەنجەکان ئەوەی بکرێ ئەکەین، ئەو گەنجەی ئێستا پێش چەند سالێ منال بووە، هەر ئێمە بووین لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەگەڵ پێشمەرگە بووین دیفاعمان لەو ئەزموونە و ژیانی ئەو کەسانە ئەکرد، ئەو حکومەتەش بە هەموو توانای خۆی هەوڵ ئەدات بتوانێ بژێوی ژیانی ئەو گەنجانە و هاووڵاتیان دابین بکات، ئەوە پێویستە بە کاتە، باسمان کرد پرۆژەی ئابووری لەبەر دەستە کە چۆن بتوانین هەلی کار دروست بکەین، دامەزراندن، هەموو دانەمەزرێن لە حکومەت، نەمووت کەس دانامەزرێنین، چونکە برادەرێك وتی نائومێد بن؟ نەخێر، بەڵام هەموو کەس دانامەزرێ، ئەبێ هەلی کاری وا دروست بکرێ ئەو خەڵکە خۆی بیەوێ لە کەرتی تایبەت ئیش بکات، حکومەت ئەرکییەتی هەلی کار دروست بکات، ئەگەر دەمەزراندن بێ یان دروست کردنی هەلی کار بێ لە کەرتی گشتی و هاوبەش، بەو شێوەیە هەلی کار دروست کردن بۆ گەنجان باشترین رێگەیە، پێش ئەوە داوا ئەکەم تا چەند ئێوە و ئێمە، خۆ تەنیا دابین کردنی بژێوی ژیان نییە، تا چەند توانیومان ئینتیمای نیشتیمان پەروەری لای گەنجان بهێلینەوە، تا چەند حیزبە سیاسیەکان لەبەر ململانێی تەسکی نێوخۆیان وایان کردووە گەنجەکان وڵاتیشیان لەبەر چاو ناشرین بێ، ئەوە گەنج رائەکێشێ بۆ ئەوەی خزمەتی ووڵاتی خۆی بکات، یان تەشجیع بکرێن دژی دەسەڵات و ووڵاتی خۆی خۆش نەوێ، ئەچێتە دەرەوە چی ئەکات؟ کەمترین ئەرك بە کەمترین مووچە ئەکات، لێرە ئامادە نییە ئەو جۆرە ئیشە بکات، داوا ئەکەم پێش هەموو شتێ گەنج گەورەترین سەروەتی ئەو نیشتیمانەیە، پێویستە خۆشەویستی وڵات لە دڵی ئەو گەنجانە زیندوو بکەینەوە، بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزۆسیۆنەوە، شتێکی وا نەکەین ئەگەر وەکو حیزبی سیاسی رق و کینمان هەیە با ووڵات لە پێش چاوی گەنجان ناشرین نەکەین، ئەوە ئەرکی پەرلەمانتار و حکومەتیشە ئینتیمای نیشتیمانی بۆ گەنجان بگەڕێنینەوە، چیتان کردووە بۆ تۆپبارانی تورکیا بۆ قەرەبوو کردنی خەڵك؟ تۆپباران کردنی تورکیا لەگەڵ تورکیا قسەمان کردووە، لەگەڵ حکومەتیش عێراقش قسەمان کردووە، بەردەوامیشین، نارازی خۆمان دەرخستووە، بەڵام هەموو جار یەخەی ئێمە ئەگرن و ئەڵێن لایەنێکی دژ بە تورکیا هاتووە وەکو پەناگە هەرێمی کوردستان بەکار دێنێ بۆ دژایەتی کردن و پەلامار دانی ئێمە، فەرموو ئەوانە بەدەر بکەن یان رایان بگرن بۆ ئێوەی پەلاماری ئێمە بدەن و ئێمەش مەجبوورین بەرگری بکەین، لە جیاتی ئەوەی ئەو کەسانەی خۆیان وەکو بەدیل بۆ دەسەڵاتی هەرێم پیشان داوە تا ئێستا نەیانیشتووە (٨٠٠) گوندی ئێمە ئاوەدان بکرێتەوە لەبەر ئەو شەر و ململانێیە، یان خۆیان وەکو بەدیلی دەسەڵات نیشان داوە و نەیانیشتووە خەڵکی گوندەکان بگەڕێنەوە هەتا زەوی و کشتوکاڵیش خۆشیان، بۆ ئەوەی ئەو

تۆپبارانە رابگرین پێویستە هەموو لایەك لەسەر ئەوە جەخت بکەینەوە کە ئاسایش و ئەمنیەت بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە کە ڕێز لە دەسەڵاتی یاسایی و شەرعی حکومەتی هەرێم و ئەو پەرلەمانە بگیرێت، هەرێم وەك ساحەیەك بۆ تەهدیدی ئەمنی قەومی هیچ وولاتێکی دراوسێ بەکار نەیەت، هێرش لەو هەرێم نەکرێ، ئەوکات ئەتوانین قسە بکەین لەسەر راگرتنی ئەو تۆپبارانە، بەڵام لە هەمان کاتیش لەگەڵ حکومەتیش عێراقیش قسەمان کردووە چۆن بتوانین کۆتایی بەو نەهامەتیە بێنین بەتایبەت خەڵکێك بەداخەوە بوونەتە قوربانی، پێشنیار هەیە لیژنەی تەندروستی پێداچوونەوە بکات بە سعری دەرمان و شت، بە سەرچاو، داوا ئەکەین ئەگەر زانیاری ترتان هەیە پێمان بدەن بۆ ئەوەی بزانین لە دوای چ شتێك بڕۆین، سەبارەت بە بەرز کردنەوەی پلەی پێشمەرگە، ئەمەوێ بڵێم پێش ماوەیەك لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە قسەمان کردووە، لەسەر بەرز کردنەوەی پلە بە شێوەی سالانی رابردوو، موافەقەش کراوە بۆ بەرز کردنەوەی پلەی ئەو بەرێزانەی ماوەیەکی زۆرە بەسەریان تێپەریووە، موافەقە و رەزامەندی حکومەتیش هەیە، باسی زەوی هەشتی حەساروٚك کرا، لە زۆر شوێنیش باس ئەکرێ حکومەتی هەرێم پێشتر و لە کابینەی پێشتر ئەو زەوییانە تەرخان کراون بە داخەوە هیچ کاری خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچانە دابین نەکراوە، دانی زەوی ئاسانە، بەڵام خزمەتگوزاری قورسە، ئاو و کارەبا و زۆر شتی تر، تیمێکمان داناوە بۆ پێداچوونەوە بەوەی دابەش کردنی زەوی نەبێت بەس، بەشێ لەو زەوییانەش پێشتر دابەش کراون باسی کارت کرا، ئەگەر بچنە ناو وردە کاری ئەو شتانە ئەبینین ئەو کارتانە چەندین دەستی کردووە، هێشتان زەوی یەکلایی نەبۆتەوە کارت فرۆشراوە لە نێوانی چەندن کەس، هەندێ عەقارات چەندین زەویان بە یەکەوە کڕیووە ئەیانەوێ بە یەکەوە بیفرۆشنەوە، بابەتێکی یاسایی و وردە، داوامان کردووە پێداچوونەو بکەن، هەرکاتیش توانیمان و داوام کردووە ئەو بابەتە چارەسەر بکرێ، بەڵام چارەسەری وابێ ئەو کەسەی خاوەنی زەوییەکەیە بتوانێ سوود لە زەوییەکە وەرگرێ، باس کرا لە گوندێك (٢٨) ساڵە شەقامێك قیرتاو کراوە، بەڵام ئەوانەی تر نەکراون، ئەوە خۆی وەڵامە، پێش (٢٨) ساڵ ئەو کابینەیە وجودی نەبووە، بەرپرس نیم بەرامبەر (٢٨) ساڵ پێش ئێستا، ئەگەر داوا ئەکەن شوێنەکانی تر قیرتاو بکرێ بەسەرچاو، بە پێی بەرنامەی حکومەت ئەوەی بکرێ، نەك شارەکان، شار و شارۆچەکەکان و دێیەکانیش ئەوەی لە ئیمکانییەتی حکومەت بێ ئەخەینە بەرنامەی کار، باسی قەرەبووی شەهیدان و زیان لێکەوتووان کراوە لەگەڵ عێراق؟ بەلێ، چەندین جار تیمی ئێمە ئەو بابەتانەیان باس کردووە، کاك قویاد خۆی لەگەڵ شاندەکە بووە، داوامان کردووە لە مەساریفی سیادی کە تەرخان کراوە بەشی هەرێمیشی تێدابێ، تا چەند حکومەتی عێراق پابەند ئەبێ ئەوە پێویستە چاوەرێ بین، کەی و چۆن ئەتوانن مووچە دابەش بکەن؟ ئەوەی توانیوومانە کردوومانە، تا بتوانین ئەکەین، بەڵام نازانم کە ئەو کۆرۆنایە کۆتایی پێ دێ، کەی ئەو بارودۆخە نا ئاساییە باشتر ئەبێ، هەرکات کرا وەزعی ئێمەش باشتر ئەبێ، چاوەرێی ئەوە نیەن دونیا باش بێ ئینجا باش بین، هەولی باشتر کردی وەزعی ئابووری خۆمان داوە، دەست پێ کردنەوەی جولەی بازرگانی هەرێم بە دروست کردنی پرۆژەی ئێرەن تەشجیع کردنی وەبەر هێنەران، رۆژانەش لەگەل وولاتانی دەرەوە و ئەو خەڵکانەی ئامادەن بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن داوامان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کێشە و گرفتانەی ئێستا هەن لەبەر

کەمی سەعری نەوت و رووخانی ئابووری جیهانی نەتوانین هەنگاوی باشتر بنێین بۆ باشتر کردنی وەزعی ئابووری هەرێم، هەوڵەکان بەردەوامن، بەڵام ناتوانین کاتی موحەدەد دابنێین کە ئەتوانین لە فلانە کات ئەوشتانە بکەین، بەڵام ئەتوانین نییەتی خۆمان بڵێین ئەوەی لە دەستمان بێ و بتوانین بکەین بۆ دابین کردنی مووچە لە کاتی خۆی، باس کرا ئاسەواری دوو ئیدارەیی ماوە، ئەگەر ئێوە راینەگرن کێ ئەتوانێ؟ هەموو هەوڵ ئەدەین ئەو ئاسەوارە نەمێنێ، مانای ئەوەش نییە نەتوانین بکەین، قەت نەمانوتووە ناتوانین بکەین، بەڵام هەندێکی پشوو درێژی ئەوێ، ئەوەی بە دەست ئەکرێتەوە پێویست بە ددان ناکات، هەوڵ ئەدەین، ئەگەر گەیشتینە ئەوەی بڕیاری حاسممان هەبێ، ئەویش لە کاتی خۆی ئەبێ، کاك ئامانج ئەگەر لەسەر مەسەلەی قەرزەکان تۆزێ باس بکات من ناچمە وردەکاری، پرسیار هەبوو کەی زەوی و بینای داگیر کراو ئەگەڕێندرێنەوە؟ لە راپۆرتەکەم باسم کرد دەستمان پێ کردووە، هەندێکی گەڕاونەوتەوە، پرۆسەکە بەردەوامە، دیارە گوێتان لێ نەبووە، رێژەی مردن لە سلێمانی باس کرا بە هۆی کۆرۆنا، بەداخەوە، لە سەرەتاوە زۆر هەوڵمان دا کە هەندێ بریاری مەرکەزی جێ بەجێ بەکرێن لە هەموو پارێزگاکان، دواتر پارێزگارە بەرێزەکان خۆیان وتیان لێمان گەرێن باشتر لە وەزعی خۆیان ئەزانین، با خۆمان بڕیار بدەین، هەتا تەحەدای دەسەڵاتی حکومەتیش کرا گوایە ئەو فایرۆسە راست نییە، بۆ داپۆشینی هەندێ کەموکورتییە، لە تەلەفزیۆن قسە کرا، نامەوێ بچمە ناو تەفاسیل، سەرەرای ئەوە نامانەوێ لە هیچ شوێنیکی کوردستان خەڵك بە هۆی فایرۆسی کۆرۆنا یان هەر نەخۆشی تر گیان لە دەست بدات، بەڵام بەداخەوە ئێستا لە سلێمانی و هەولێر و بە رێژەی زیاتر لە دهۆك خەڵك ئەمرێ، لەبەر پابەند نەبوون بە رێنمایی تەندروستی، پابەند نەبوونیش تەنیا ئەوە نییە رێکاری حکومەت و وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆیان جێ بەجێ نەکردووە، وەکو تاك پابەند نەبوون لە خۆپاراستن و پاراستنی کەس و کریشیان، هیچ نەبێ با رەحم بە کەس و کاریان بکەن، ئەوەی پێویست بێ بۆ باشتر کردنی وەزعی تەندروستی سلێمانی درێخیمان نەکردووە، چەندین جار پارەی پێویستیش هەبووبێ نەك بۆسلێمانی بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی تر، بۆ شەنگال چی کراوە؟ ئێمە ئەڵێین شەنگال بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی کوردستانە، لەگەڵ حکومەتی عێراقیش قسە کراوە، بەداخەوە دوای ئەو ئەحداسانەی ٢٠١٧ هەرێمی کوردستان جارێکی تر بە رەزامەندی خەڵکی خودی شەنگال گوتیان نامانەوێ تووشی شەر ببین با ئیدارەکان بکشێنەوە، ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە، بەداخەوە جگە لەوەی حکومەتی فیدرال نەیتوانیووە هیچ خزمەتگوزاری پێشکەشی بکات بەڵکو میوانداری خەڵکە، تەنیا نەهامەتین بۆ شەنگال، بەشی زۆری شەنگال ئاوارەن و لە شارەکانی کوردستان نیشتەجێن، زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچانە لە کوردستانن، بۆ گەڕانەوەی ئەوانە ئێمە داکۆکیمان کردووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراقیش کە بریاری چارەنووسی شەنگال پێویستە زۆرینەی خەڵکی شەنگال بیدات، ئەو رێژەی لەوێ ماوەتەوە تەنیا نوێنەرایەتی خۆیان ئەکەن، ئەوانەی لە کەمپەکانن کە زۆرینەن نوێنەری زۆرینەی خەلکی شەنگالن، لەبەر ئەوە لە وەرگرتنی هەر بریارێك بۆ دانانی بەرپرسی ئیداری و چۆنییەتی دابین کردنی ئاسایشی شەنگال و دەورووبەری ئەبێ دەستیان هەبێ و خۆشیان بەشدار بن، لەگەڵ حکومەتی عێراق گەیشتووینەتە رێکەوتن، بەو زووانەش هەوڵی جێ بەجێ کردن ئەدرێ،

هەندێ پرۆژە پێشنیار کراوە بکەین، باسی ناکەم، لای خۆمان هەلی ئەگرین، داواتان کردووە گرێبەست پێداچوونەوەی پێ بکرێ، چەندین جارە ئەڵێم پێداچوونەوە بە گرێبەستەکان کراوە و بەردەوامە، هەندێکی هەڵوەشاوەتەوە، هەندێك گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، چەندین جارە و دووپاتی ئەکەمەوە بە هەموو گرێبەستەکان ئەچینەوە چ نەفتی و غەیری نەفتی، هەرچی لە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێم بێ ئەوە قبول ئەکەین، باس کرا لە خالە سنوورییەکان من وتوومە (١٥) ملیۆن دۆلاری تێ ئەچێ ئەوە تەعقیم و شتی تر، باسی تەعقیمم نەکردووە، باسی سکانەرم کردووە، ئەگەر بچن سەیری سکانەرەکان بکەن بزانن چ جۆرێکە و قیمەتی چەندە، ئەو ئامێرانەش بۆ کوالێتی کۆنترۆل بەکاردێ بزانن سعریان چەندە، ئەو رەقەمەی بە ئێوەم داوە باسی تەعقیم و خزمەتگوزاری ناکەم، لەگەل وەزیری دارایش قسەی زۆرمان کردووە، ئەوەی حکومەت ئەتوانێ بیکات ئەیکات، ئەوەی تر ئیمکانییەتی دابین کردنی پارەی پێویستی نییە کەرتی تایبەت ئەیکات، تا وەرگرتنەوەی پارەی خۆیان بەردەوام ئەبن، هەوڵی ئەوە ئەدەین کۆنتراکتەکان لە خاڵە سنوورییەکان پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، باس کرا دوو حاڵەتی وا بووە کەسێ لە زیندان دایە و ئازادی بکەی، ئەگەر مافی منە و حەقم لەسەریەتی لە حەقی خۆم خۆش ئەبم با ئازاد بکرێ، بەڵام ئەگەر بە یاسا راگیراوە ئەبێ رێکاری یاسایی بگیرێتە بەر بۆ چۆنییەتی ئازاد کردن، مافی ئەوەم نییە دژی یاسا بم، باس کرا خوێندن و کارەبا و تەندروستی کە زۆر سەیرە وەزارەتی پارتین، یانی لە بەرژەوەندی کەرتی تایبەت بەکار هاتوون، راست نییە، خۆی دیارە بۆ ئەو پرسیارە کراوە، لە حکومە نەمانگوتووە و شەرممان لەوە نەکردووە گرنگی بە کەرتی تایبەت ئەدەین، پێمان وایە بووژانەوەی ئابووری و ژێرخانی ئابووری بەهێز پێویستی بە کەرتی تایبەتە، بریار نەدراوە بگەین بە سیستەمێکی سۆسیالیستی یان کۆمنستی کە هەموو شت لە دەستی حکومەت بێ و کەرتی تایبەت هیچ دەوری پێ نەدرێ، بڕوامان بە کەرتی تایبەت هەیە، ئەوەی گرنگە کەرتی تایبەت یان گشتی کامیان خزمەتی هاووڵاتی ئەکات باشتر، کەمکردنەوەی پارەیە لەسەر هاووڵاتی و گەیاندنی خزمەتگوزاری باشترە بۆ هاووڵاتی، ئەگەر کەرتی تایبەت باشتر بێ پشتی ئەو ئەگرین، باس کرا جوتیاران زەرەریان پێ ئەگات، زۆر هەوڵمان داوا، هەمەجۆر کردنی ئابووری کوردستان بەشێکی کەرتی کشتوکاڵە کە زۆری ئەگەرێتەوە بۆ چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ جوتیاران، ئەگەر حاڵەتی تایبەت هەیە پێویستە لە دادگا یەکلایی بکرێنەوە، بە گشتی بریاری ئێمە ئەوەیە پشتیوانی لە جوتیاران بکەین، دروست کردنی سایلۆیە، کڕینی بەرهەمی ئەوانە، گەڕان بە دوای دروست کردنی بازاری دەرەوەش بۆ جوتیاران و بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ، لەگەڵ وولاتانی تریش قسەمان کردووە کە ئەگەر تەنیا بەرهەم بۆ پێویستی ناوخۆیی بەکاربێنین ناتوانین سوودی بازرگانی لێ وەرگرین کە بتوانین لە شوێنی تر ئیستیسماری بکەینەوە، ئەگەر بتوانین بەرهەمی ناوخۆیی خۆمان بەشی خۆمان بکات بتوانین بە بەشەکانی تری عێراق بنێرین یان بۆ وولاتانی دەرەوەش بنێرین، پرسیاری تر هەیە وەڵام دراوەتەوە، جیاوازی لە ئیمتیازاتی پێشمەرگە لە یەکەکانی (٧٠و٨٠) ئەمەوێ بزانن منیش پێشمەرگە بووم، لە شەری داعشیش لە شەنگال تا خانەقین سەردانی هەموو بەرەکانی شەڕم کردووە، ئەگەر زیاتر نەبێ بە قەد ئێوە خەمی پێشمەرگەمە، لەو پۆستەش کە وەرم گرتووە لەگەڵ هاوپەیمانان بێ یان حکومەتی عێراق بە قەد زەرەیەك

جیاوازی نەکراوە بڵێین ئەوە یەکەی (٧٠) یان (٨٠)یە، ئەگەر ئەوان نەبوونایە کەسمان لێرە نەدەبووین، پێویستە سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان ئینجا بۆ خەباتی ئەو پێشمەرگانە دابنێین، هەرچی بکەین بۆ پێشمەرگە منەت نییە، سوپاستان ئەکەم کە پەرۆشن بۆ پێشمەرگە، دەنگی خۆم ئەخەمە پاڵ دەنگی ئێوە، یەکگرتن بە کوێ گەیشتووە؟ ئیشمان کردووە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکە و وەزارەتی پێشمەرگە ئەگرێتەوە، هەنگاوەکانیش ئەوەیە یەکە ژمێرییەکان بکەین بە یەك، شوکر بۆ خوا کرا، دەستکەوتێکی گەورەیە لە دانی مووچە لە یەکەی (٨٠و٧٠) و هەموو وەزارەتی پێشمەرگە بووە یەك، هەروا چۆنییەتی ڕێکخستنی هەیکلییەی وەزارەتی پێشمەرگە بە چ شێوەیەکە لە یەکەی (٧٠ و ٨٠) بە هەمان شێوە، ئەوەی داوا کراوە ڕێکسختنی پێشمەرگە بکرێ بە یەك کە ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ هاوپەیمانان لەسەر ئەو خاڵە کاری باش کراوە، ئومێدم زۆرە بتوانین هەنگاوی باشتر بنێین، باس کرا لیژنەی دەست پاکی ڕاپۆرتی ناردووە و نازانم چی، دۆسییەی گەندەڵی کە داخراوە لە دەستەی دەست پاکی، سەر بە ئەنجومەنی وەزیران نییە، سەر بە پەرلەمانە، ئەگەر نارازین لە ئەدای خۆیان بانگیان بکەن، بۆ نەتانکردووە؟ ناتوانین لێ پرسینەوەیان لەگەڵ بکەن کە ئێوە ئەتوانن، ئەڵێن ئەو کەسانەی لە دهۆك و زاخۆ و شێلادزێ و کوێ و کوێ گیراون، ئەوانە بەهیچ شێوەیەك نە بە بڕیاری سیاسی و تاکە کەسی نەگیراون، لەلایەن دادوەرەوە دەستگیر کراون و ڕێککاری یاسایی هەیە بۆ چۆنییەتی ڕزگار کردنیان، داهاتی دەروازە سنوورییەکان چەندە؟ من ڕەقەمەکانم لە بیر نییە، هیوادارم لەو ڕاپۆرتەی بە داتا پێشکەشتان ئەکرێ تێیدا بێ، ئەگەرنا داوا ئەکەم لە سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران تا بکرێ ووردەکاری لە ڕاپۆرتەکە بنووسرێ، یەك شت ئەتوانم بڵێم، لەو کابینەیە داهات لە خاڵە سنوورییەکان زیادی کردووە لە چاو پێشتر، زۆر زیادی کردووە، بەڵام بەداخەوە جوڵەی بازرگانی کەمی کردووە، داهات دیسان بەرەو کەمبوونەوە چووە، پێشنیار کراوە مووچەی قوربانیانی کۆرۆنا کە دکتۆر و کارمەند بدرێ کە، دواتر لەگەڵ وەزیری دارایی باس بکرێ، بەتایبەتی ئەو کەسەی خەڵکی خۆی و کەسی نزیکی لەدەستداوە، پێشنیارێکی گونجاوە، بە ئەلیکترۆن کردنی فەرمانگەکانی حکومەت با کاك قوباد خیبرەی خۆیەتی دواتر وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بەشێك لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی قەزای کەلار یان گەرمیان و هەلی کار لە کۆمپانیای دانەغاز، باسم کرد کە پێمان وتوون ئەبێ زیاتر خەڵکی خۆمانە بێ، ڕاهێنانیشیان پێ بکرێ و فێری ئەو پسپۆرییە ببن، بۆ بەرنامەی خزمەتگوزاریش دواتر وەزارەتی پلاندان لەگەڵ ئەو لیژنەیە پێداچوونەوەمان کردووە، بەڵام ئەزانم پرۆژە بۆ هەموو ناوچەکان هەیە، هەریەك لە کاتی خۆی، پلانی حکومەت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان چییە؟ یەکێ لە پلانەکان ئەوەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەرەوە قسەمان کردووە بۆ چۆنییەتی دابین کردنی ئەو پێداویستییانەی ئاوارەکان، دوو شت گرنگە، ئەمنییەت و سەلامەتی، شوێنی نیشتەجێ بوون و حەوانەوە و خواردن و ئەو شتانەیە، مەسەلەی خەستەخان و نەخۆشخانە، ئەو شتانە دێتە پێشەوە، یەکێ بیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانە، چونکە ئەو شوێنانەی لێی هاتوون لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە نین ئەبێ حکومەتی عێراق بێتە سەر خەت و ئامادەش بێ، بەداخەوە پەرلەمانتارانی بەڕێز زۆر جار ڕەخنە ئەگرن حەز ئەکەم نیمچە ڕەخنەیەکیش لە حکومەتی عێراق بگرن، ئەو هەموو کەمپە لە کوردستان هەن ساڵانە ملیارێك و نیو دۆلار

مەسروفیانە، حکومەتی عێراق مەساریفی سیادی داناوە بۆ ئەو جۆرە شتانە، بەڵام فلسی سەرف نەکردووە، ئایا پەرلەمانتاری ئێمە رەخنەیەکی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد بلێ ئەو هەموو ئاوارە لە کوردستان هەن چیتان کردووە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی ئەوان، بۆ کارەبا، خۆراک، جل و بەرگ، ئاسایش، هیچیان نەکردووە کەستان قسەشتان نەکردووە، گەڕانەوەی ئەوانە سەلامەتی ئەوێ، شوێنی ئەوێ، خزمەتگوزاری ئەوێ، بۆ ئەمەش لەگەڵ حکومەتی عێراق و وڵاتانی دەرەوەش بەردەوامین تا ئەم پێداویستییانە دابین بکەن و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، بەدیل بۆ ماددەی (١٤٠) نییە، تا ئەکاتە چی بکەین؟ پێشتریش باسم کرد هەوڵمان داوە پێشمەرگە و جەیش بە یەکەوە دابین کردنی ئاسایشی ئەو سنوورانە بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەوەی تیرۆریست زەرەر لە خەڵکی ئەو ناوچانە بدەن کە ئێستا لە دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستانن، دوێنێش و ئەمڕۆش و بەردەوامیش هەمان بووە چی بکەین مەسەلەی تەعریب بوەستێنرێ لەسەر بابەتی سەرگەران و شوێنەکانی تر، زۆر بە توندی رەخنەمان گرتووە، ئەگەر شتەکان نەوەستێنن ناتوانین بێ دەنگ بین بەردەوام تەحەدا و زوڵم لە خەڵکی کوردستان بکرێ، لەسەر بازنەی هەڵبژاردن لە عێراق پرسیار کراوە ئەوە خەڵکی شارەزاتر ئەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بەڵام ئەوەی بزانم پێشتر کە یەك بازنە بوو کوردستان لە عێراق زۆر کورسی زیاتری بە دەست کەوت، دواتر بە سیاسەتێك کە لە بەرژەوەندی کورد نەبوو کردیان بە سەر ئاستی پارێزگا و بەسەر (١٨) بازنە، هەر پارێزگایەکیش ژمارەیەك کورسیان بۆ دەست نیشان کرد، ئەوە لەسەر بنەمای هیچ ئیحسایەك نەبوو بۆ ئەوەی بزانن ئایا هەولێر (١٢) کورسی بەر ئەکەوێ، موسل (٣٠) کورسی، لەسەر چ بنەمایەك، لەسەر بیتاقەی تەنوینی بوو کە بەداخەوە تەزویری زۆری تێدا کراوە لەلایەن عێراقەوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو کورسیە دەستنیشان کراوە، بەڵام لە هەر حالەتێك تەحدید کراوە رێژەی دەنگدان لە هەر ئاستێك بێ بە هیچ شێوەیەك کورسی کوردستان زیاد ناکات، پێشتر بریار دراوە، هەولێر ئەوەندە، سلێمانی ئەوەندە، کەرکوك، موسل، دهۆك، کورد ئەوەندە بەشییەتی، ئەگەر یەك بازنەیی بێ رێژەی بەشدار بووان تەحەکوم ئەکات بەوە رێژەی کورسی کورد لە پەرلەمانی عێراق زیاد بکات یان کەم، بەداخەوە ئەوە نەکرا، تا بچووك بکرێتەوە زەرەر بە کوردستان ئەکەوێ، تیمێکمان هەیە ئیش لەسەر ئەوە ئەکەن و لە گفتوگۆن لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراقیش، شتێ هەیە ئەبێ لەبەر چاوی بگرین کە پەرلەمانی عێراق بریاری داوە کە یەك بازنەیی قبول نییە، پرسیار ئەوەیە ئایا (١٨) بازنە بێ یان بچووکتر بکرێتەوە، موناقەشە لەسەر ئەوەیە و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش لەگەڵ شاندەکانی تری عێراقی گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە ئەکەن، پێم وایە لە ١٠-١٠ کۆبوونەوەی پەرلەمانی لە عێراق ئەکرێ لەسەر ئەو بابەتە، چ پێنگاوێك هەبووە بۆ وەرگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر ئەوانەی پەتاکەیان بڵاو کردەۆتەوە، بەداخەوە ئێمە هیچمان نەکردووە، ئەگینا بەڵگە لە بەر دەستە ئەوانەی هاتوونەتە سەر تەلەفزیۆن، ئەوانەی کۆڕۆنایان بە درۆ خستۆتەوە، ئەوانەی تەحەدایان دەکرد کە دەچین ئەم شتە هیچ ئەسڵ و ئەساسی بۆ نییە، هەموو بەڵگەکان لە بەر دەستن، بەڵام وەکو حکومەتی هەرێم ئێمە هیچ ئیجرائاتێکمان بەرامبەر وەرنەگرتووە، ئەمە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، دامەزراوەی خۆراك و دەرمان بە کوێ گەیشت؟ پرۆژەکە تەقریبەن بەرەو کۆتایی دەڕوات، ژمارەیەك پسپۆڕمان راسپاردووە، بۆ ئەوەی دامەزراوەی خۆراك و دەرمان ئامادە بکەن

کە بتوانرێت بۆ کۆنترۆڵی دەرمان و خۆراکیش نەك تەنیا ئەوانەی هاوردە دەکرێن، بەڵکۆ بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك و دەرمانی ناوخۆیش هەموویان لەو کوالێتی کۆنترۆڵە دەربچن، بۆ ئەوەی هاوولاتی هەست بە ئاسودەیی بکات لەو مەوادانەی کە وەری دەگرێت، چ خواردن بێت، چ خۆراك بێت یان دەرمان بێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە سەلامەتە، ئینجا ئێمەش نەوەستاوین لە سەر دامەزراوەکە، چونکە کوالێتی کۆنترۆڵ ٙ لە زۆربەی خاڵە سنوورییەکان دانراوە وە زۆریش کاریگەری هەبووە، هەر بۆ زانیاری ئێوە رێژەی هاوردە کردنی مەوادی ماوە بەسەرچوو یانیش هی فاسد لە ئیبراهیم خەلیلەوە پێشتر کە کوالێتی کۆنترۆڵ لەوێ دابوو (٤٠%) زیاتر بووە، ماوە بەسەرچوو بووە شتی خراپ بووە کە داخل بووە، دوایی ئەوەی کە کوالێتی کۆنترۆڵ لەوێ دانرا دوایی چەند مانگێك ئەم رێژەیە دابەزی لە (٤٠%) بۆ (١.٩%) ئەمەش لەوانەیە لە رێگاکە شتەکە خراپ بووبێت، لەوانەیە لە کاتی پشکنین شتەکە خراپ بووبێت کە رێژەیەکی زۆر بەرچاو و باشە، لە بەر ئەوە من دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی کوالێتی خۆراك و دەرمان شتێکی زۆر گرنگە، چونکە بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد شێرپەنجە چەند زیادی کردووە، بێگومان دەرخواردنی خەڵك بە مەوادی فاسد نەخۆشی زیاد دەکات وە من زۆر سوورم لە سەر ئەوەی کوالێتی دەرمان و خۆراك دەبێت لە دەست دەستە و لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا بێت، وە ئەوە نەبێت وەزارەتی تەندروستی کوالێتی دەرمانی خۆی بکات، وەزارەتی بازرگانی و کشتوکاڵ و ئەوانە کوالێتی خۆیان بەدەستەوە بێت، ئەودەستەیە زۆر پێویستە و کاریشی لە سەر کراوە و تەقریبەن پرۆژەکەش بەرەو کۆتایی دەڕوات، بیمەی تەندروستیش دواتر کاك ئاوات ئەگەر قسەی لە سەر ئەم بابەتە هەیە با وەڵام بداتەوە، وانەبێژ و گرێبەستەکان ئەگەر جارێکی تر بتوانین ئەمانە دابمەزرێنین حکومەتی هەرێم چۆن دەتوانێت دابینی پێداویستی و موچەکانیان بکات، ئەگینا ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەم بابەتە یەکلایی نەبووەتەوە، گفتوگۆی زۆریشمان لە سەر کردووە وە بەردەوامیش دەبین بۆ ئەوەی رێگە چارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، ئەو بەڕێزەی باسی رانیەی کرد کە لە سایەی دەروازەی راپەڕین ئێمە لێرەین، ئێمە لە سایەی راپەڕینی هەموو خەڵکی کوردستان لێرەین، بەڵام بە سوپایەوە دەروازەیی راپەڕین من کە خۆم داخڵی کوردستان بووم لەوێوە داخڵ بووم، لە کاتی راپەڕین هاتینە قەڵادزێ هاتینە رانیە و یەکەم شەو لە رانیە خەوتم، ئینجا خۆشم گەواهی ئەوە دەدەم کە دەروازەی راپەڕین بووە، و بەرنامەی ئەوەشمان هەیە بەرنامەی خزمەتگوزاری لەوێ جێبەجێ بکەین، لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان قسەشمان کردووە چەندین پرۆژەشمان دەستنیشان کردووە کە لە کاتێکی زوودا انشاالله دێین و جێبەجێشی دەکەین، یەکێك لەم پرۆژانە ئەو قیرتاوکردنەیە کە جەنابت باست کرد، پلانی حکومەت بۆ تاوان دژی ئافرەتان چییە؟ بەڕێزان حکومەتی هەرێم بڕوایی تەواوی بە یەکسانی رەگەزی هەیە، وە بە هەموو شێوەیەك تاوان دژی هەر ئینسانێك پیاو بێت یان ئافرەت رەتدەکاتەوە، وە بە هەموو شێوەیەکیش بە شێوەی یاسایی رووبەڕوویی ئەو تاوانە دەبێتەوە کە دژ بە ئافرەتان دەکرێت، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك ئێمە جیاوازی ناکەین، وە هەر ئافرەتێك توندوتیژی بەرامبەری دەکرێت یاسا هەیە، وە حکومەت پشتیوانی لە یاسا دەکات بۆ پارێزگاری کردن لە مافی ئافرەتان، بەڕێزێك پرسیاری ئەوەی هەبوو کە کاتی واژوو کردنی رێکەوتن نەهاتووە لەگەڵ عێراق؟ ئێمە ئامادەین، بەس خۆ رێککەوتن لە بەینی دوو لایەن

دەکرێـت، ئەوانـیش دەبێـت ئامـادە بـن بـۆ ئەوەی واژوو بکەیـن، هەر کاتێـك ئەوان ئامـادە بـن بێگومـان واژووی دەکەیـن، بەڕێزێـك پرسـیاری ئەوەی کـرد کە سـیدەکان بەداخەوە هیچـی بـۆ نەکراوە، سیدەکان بەداخەوە لەو ماوەیە بووەتە گۆڕەپانی ململانێ و پێکدادان، کەشێکی ئارام و باشی نییە، ئەگینـا نـاوچەیەکی زۆر سـەرنجڕاکێش و خۆشـە، خـۆم مـاوەیەکی زۆر لەوێ ژیـاوم کاتێـك کە پێشـمەرگە بـووم خۆشـم لەوێ بـووم، دەزانـم چەنـد نـاوچەیەکی دڵگیـرە، لەگەڵ بەرپرسانیش قسە دەکەین انشاالله ئەوەی پێویست بێـت بـۆ ئەوێ بە پێـی ئەولەویـاتی ئـیش و کـاری حکـومەت لە بەر چـاو دەگـرین، بەڕێزێـك باسـی ئەوەی کـرد کە ئەگەر حکـومەتی عێـراق مووچەی مانگی چواری داوە بۆچی ئێـوە مـووچەی مـانگی دوو و سـێتان بە نوقسـانی داوە؟ بـا بۆتان روون بکەمەوە بەڕێزان، کە ئـێمە لەم کـابینەیە دەسـەڵاتمان وەرگـرت هـاتین حکومەتمـان وەرگـرت سـێ مانـگ قەرزی پێشـینەمان لە سـەر بـوو، هـی کـابینەی پێشـووتر وە کابینەکـانی پێشووتر، ئـێمە نەهـاتین بڵێین لەو رۆژەی حکومەتمـان وەرگرتـووە مـوچەی ئەو مـانگە دەدەیـن، حکومەتی ئێمە لە جیاتی ئەوەی مووچەی ئەو مانگە بدات ئەو سێ مـانگەی لە کـۆڵ خـۆی کـرد، هێنای وتی مـووچەی ئەم مـانگە دەدەم، بەڵام هـی ئەوسـێ مـانگی پێشـووترە، وە ئەمە کێشـەی دروست کردووە، کێشەی دامەزراندیشی بۆ ئێمە دروست کـردووە، لەگەڵ حکـومەتی عێـراقیش کێشەی دروست کردووە، ئـێمە لەم حکـومەتە تـا مـانگی چـوار مانـگ بە مانـگ مووچەمـان داوە، کەواتە لە مانگی چوار مووچەی مانگی چوارمان داوە، بەڵام چونکە سێ مانـگ قەرزی پێشـووتر بووە ئەوە بە مانگی یەك حساب کراوە، کە مانگی پێنج و شەش و حەوت نەدراوە ئێوە بە مانگی دوو و سێ و چوار حسابتان کـردووە، هەڵەکە لەوە دایە کە سـێ مانـگ قەرزی پێشـووتر لە گەڵ ئـێمە مـاوەتەوە، مـن داوام کـردووە لە وەزارەتـی دارایـی لە ئەنجـومەنی وەزیـران ئەمە دەبێـت یەکلایی بکرێتەوە، ئێستا یەکێك دابمەزرێت بە پێی ئەم رێکارە بێت بە پێـی ئەم بەرنامەیەبێـت دوایی سێ مانگی تر مووچەی ئەمڕۆ وەردەگرێت، ئەمە چـۆن دەبێـت؟ مـن داوام کـردووە ئەمە یەکلایی بکرێتەوە، ئەو قەرزەی سێ مانگی پێشووتر لە حکومەتەکانی پێشووتر مـاوەتەوە ئەمە وەکـو قەرز وەکـو چـۆن پاشـەکەوتی ئەو حکـومەتە بـۆ ئـێمە نـایەت، پاشـەکەوت نـاکەین لەو حکـومەتە، بەڵام قەرزی حکـومەتی پێشـووتریش وەرنـاگرین ئەمە لە گەڵ خـۆیی بمێنێـتەوە، مووچەکان وەکو خۆیی لە مـانگی هەشـت بـۆ مـانگی هەشـت بـدرێت، مـانگی نـۆ بـۆ مـانگی نـۆ بدرێت، من داوام لە وەزارەتی دارایی کردووە ئیتر دەبێت ئەوان رێگایەکی دروست بدۆزرێتەوە چۆن ئێمە چارەسەری ئەم بابەتە بکەین، ئەگینا بە هیچ شێوەیەك مووچەی مانگی دوو و سێ بە تەواوەتی نەهاتووە تاوەکو ئێمە بریمان بێت، بۆ ئەوەی قەرەبووی مامۆستا بکرێت پـارچە زەوی بدرێت، لە ئەنجومەنی وەزیران دەبێـت ئـێمە لە گەڵ وەزارەتەکـان بـاس بکەیـن بـزانین ئەمە تـا چەنـد دەگونجێـت لە گەڵ بەرنـامەی ئـێمە، گەنـدەڵی زۆر لە داهـاتی نەوت کـراوە، چاکسـازی لە کەرتـی نەوت بکرێـت، ئـێمە وتوومـانە چاکسـازی لە هەمـوو کەرتەکـان دەکرێـت، هـیچ کەرتێـك ئیستیسنا نییە، کەرتی نەوت بێت، هەر شتێك بێت، ئێمە بـزانین لە شـوێنێك هەڵەی تێـدا کـراوە دەیکەین، من حەز دەکەم ئەوەتان پـێ بڵـێم، ئێـوە زۆر دەڵـێن گەنـدەڵی لە کەرتـی نەوت کـراوە، گەنـدەڵی لە گەڵ خـراپ ئیـدارەدان دوو شـتی جیـاوازن، ئەگەر ئەو سیاسـەتە نەوتیەیـی کە حکومەتی هەرێم ئەو ساڵانە گرتوویەتییە بەر پێتـان بـاش نەبـووە دەبـوایە پێشـتر ئەو گلەیـیە

بکەن، بەڵام لەو کاتەی کە داهاتێکی زۆری دەهێنا بۆ هەرێم و بوو بە بنەمایی دروست کردنی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز هەمووتان دەستخۆشیتان دەکرد، ئێستا کە بەرەو قەیران دەڕۆین هەمووتان دەڵێن سیاسەتێکی هەڵە بوو، من پێموایە ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لە کابینەکانی پێشووتریش کردوویانە بە هیچ شێوەیەك سیاسەتێکی هەڵە نەبووە، زۆریش سود لەو کەرتە وەرگیراوە، بەڵام ئەگەر دەکرێت بە گرێبەستێك پێداچوونەوە بکرێت و لە شوێنێك دا باشتری بکەن، بێگومان ئێمە لەوەدا درێغی ناکەین، حکومەت دەستی بۆ گیرفانی مووچەخۆران نەبردووە، بە عەکسەوە حکومەت دەستی بۆ گیرفانی خۆیی بردووە، ئەوەی حکومەت پێویست بووە بیکات نەیکات بۆ ئەوەی هەرچی خەرجی خۆشیەتی خستویەتە سەر مووچە، بۆ ئەوەی دەست بۆ گیرفانی مووچەخۆر نەبات، بەڵام ئەگەر شتەکە لە تاقەتی ئینسان دەرچوو چی بکەین؟ یەعنی مووچەمان بەدەست نەبوو، بودجەمان بە دەست نەبوو لە کوێ بێنین؟ ئەوەی حکومەت هەیبووە ئەوەشمان داوەتە مووچەخۆر، پێموانییە ئەوە راست بێت کە حکومەت دەست بۆ گیرفانی مووچەخۆر ببات، ئەم واژەیە لە جێی خۆیی نییە، لە چاکسازی کەی بڕینی دوو مووچە و سێ مووچە ئەوە دەکرێت؟ کەی ئەو پێداچوونەوە تەواو ببێت، وە کەی بە داتا ئیسپات ببێت، بە بەڵگەوە ئیسپات ببێت کە خەڵکێکی وا هەیە ئەو کاتە بێگومان بڕیاری وەستاندنی دانی مووچە بەو جۆرە کەسانە دەدرێت، بەڕێزێك باسی کرد ئەوانەی لە شەڕ قاچیان لە دەست داوە و هیچیان بۆ نەکراوە، من ئەمەم پێ سەیرە، بەڵام داوا دەکەم کاك ئومێد دواتر لە گەڵ وەزیری شەهیدان ئەم بابەتە پێداچوونەوەی بۆ بکەین، چونکە ئەمە بە هیچ شێوەیەك جایز نییە، وە ئەگەر پێشمەرگەیەك بریندارێك پەکەوتەیەك قاچی لە دەست دابێت یان دەستی لە دەست دا بێت پێویستی بە یارمەتی حکومەت بێت، ئەمە ئەرکی حکومەتە و هیچ منەتیشی تێدا نییە، و دەبێت بۆشی جێبەجێ بکەین، من لە ئێستا ئەو بەڵێنەتان پێ دەدەم حکومەت دەبێت ئەم شتانە بکات، وە حەز دەکەم لە گەڵ وەزیر ئەم قسانە بکرێت، من نازانم ئەمە تا چەند راستە، لەوانەیە حاڵەتی ئیستسنا هەبێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت پێداچوونەوەی بۆ دەکەین بەسەر چاو، فەسڵ کردنی پاسەوانی نەوت و غاز، نازانم چ هۆکارێك ئەگەر هۆکارەکان یاسایی بن ئێمە پێداچوونەوە دەکەین، ئەگەر هۆکاری یاسایی هەبێت وەڵام دەدەینەوە، ئەگەر هۆکاری یاسایش نەبن کەس ناتوانێت پێشمەرگە فەسڵ بکات ئەگەر پێشمەرگە بێت، ئینجا ئەم بابەتەش شتێکە من داوا دەکەم دواتر لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن پێداچوونەوەی بۆ بکەن، ئایا داوایی قەرەبووی خەڵکی کوردستان لە عێراق بکەین؟ ئەرێ وەڵا وەرن با هەموومان داوا بکەین بەیەکەوە، بە حکومەتەوە، بە پەرلەمانەوە داوای قەرەبوو لە حکومەتی عێراق بکەین، بە ملیارها دۆلاری ئەم خەڵکە لایی حکومەتی عێراقە، نەیانداوە، ئینجا ئێمە هەر گلەیی لە خۆمان بکەین، قەیی ناکا گلەیی لە ئێمە بکەن، وەکو حکومەت نوقسانین، نەمانتوانیوە ئەرکەکانمان باش بەجێ نەهێناوە، رەخنەکانتان بە سەر چاو، بەڵام با بە یەکەوە نیمچە رەخنەیەکیش لە حکومەتی عێراق بگرین، داوایی قەرەبووی ئەم خەڵکە بکەینەوە کە ئەم هەموو ساڵە ئەو هەموو مافەی ئەو خەڵکەی نەداوە، ئەگەر هەوموشمان بە یەك دەنگ گلەیەکانی خۆمان بگەیەنین، هیوادارم و دڵنیاشم کاریگەریی زیاتری دەبێت، قەرەبووی زەوییەکانی فرۆکەخانەی عەنکاوە جەنابت باست کرد، ئێمە دەبێت

پێداچوونەوەی بۆ بکەین، چونکە ئێستا من نازانم ئەمانە حاڵەتی تایبەتن، دەبێت بە شێوەیی یاسایی بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بەڵام بە سەر چاو بەدواداچوون دەکەین بزانین لە کوێ هەڵە بووە، بۆ دروست کردنی پرۆژە و منیۆمێنتی گوندی سۆریە، من هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت هەموو ساڵێك خۆم ئەم یادە دەکەمەوە، وە یادیان دەکەینەوە، چونکە غەدرێکی زۆریان لێکرا، بە غەدر شەهیدکران، دیسانیش رێز و پێزانینمان هەیە وسەری رێز و نەوازشیان بۆ دادەنوێنین، دروست کردنی مۆنیۆمێنت لەوانەیە ئەم گوندە بە تەنیا نەبێت زۆرشوێنی تر هەبن، بەڵام ئەگەر لێرەوە دەستی پێکردووە، ئەوە بابەتێکە من خۆم دواتر بەدواداچوونی بۆ دەکەین بزانین چییە، من باسی خاوەن کارتەکانم کرد بۆ زەوی، ئەو کارتانە زۆر ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە و فرۆشراون، دەبێت ئەم شتانە یەکلایی بکرێنەوە بزانن خاوەن زەوییەکە کێیە؟ چۆن مامەڵەی پێ کراوە؟ هێشتا زەوی دابەش نەکراوە کارتەکە فرۆشراوە، باوەڕ بکەن پێداچوونەوە بە هەندێك مەلەف ئەوەندە کاتی ئێمەی بردووە، ئەوەندە سەری ئێمەی ئێشاندووە، ئەگەر خەریکی ئیش و کاری تر بووانینە لەوانەیە دەسکەوتی باشتریشمان هەبووایە، بەڵام چاککردنەوەی هەندێك لەم شتانە پێویستی بە کاتە، من دەمەوێت ئێوش پشووتان لە گەڵ ئێمە درێژ بێت، پێشنیاری ئیداری سەربەخۆ بۆ سۆران، ئەمە بابەتێکە دەتوانین دواتر قسەی زیاتری لە سەر بکەین، سۆران شارێکە زۆر گەورە بووە، وە سنورێکی ئیداری بەرفرانی لە بەر دەستە، دەکرێت دواتر بیر لەوە بکەینەوە چۆن خزمەتی زیاتری ئیدارییەکان و خزمەتگوزارییەکان بۆ شاری سۆران بگوازینەوە، ئەگەر ئەمە وەکو سنورێکی ئیدارەی سەربەخۆ بێت یانیش زیاد کردنی خەدەمات و خزمەتگوزارییە حکومییەکان بێت بۆ ئەو سنورە، نەوتی سپی، ئێمە وتوومە حکومەت پێویستی بە دوو سەد و شەست ملیۆن لیتر نەوتی سپی هەیە، ئەو رۆژە کە شاندی حکومەتی عێراق بە سەرپەرشتی مصطفی د. کاظمی هاتە ئێرە ئەم بابەتەمان لە گەڵ باسکرد، لەوە موافەقە کرا کە سەد ملیۆن لیترتان بۆ دەنێرین، ئێستا موافەقەی پەنجا ملیۆنیان کردووە بە حساب پەنجا ملیۆنی تریش دەکەن، ئەگەر ئەمەشیان نارد ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم بیریشمان لە ئۆپشنی تر کردووە، ئەگەر نەیان توانی هەمووی دابین بکەن ئێمە چۆن بتوانین بەشێکی خۆمان دابین بکەین هەر چۆنێك بێت، بەڵام هەندێك شوێن هەن شاخاوین سەرماترن، بە زەحمەتترن، هێشتا زستان نەهاتووە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە، بەڵام هەرکاتێك پێویست بێت ئەوەی لە بەر دەستە لە ناوچە شاخاویەکان دابەش دەکرێت، داتریش لە ناوچەکانی تریش هیوادارم لە گەڵ حکومەتی عێراق بتوانین ئەو بڕەی کە ماوە بۆمانی بنێرن، ئێمە حەز دەکەین هەموو شوێنەکان قیرتاو بکرێت، باسی قەندیل کرا، بەڵام قەندیل بەداخەوە خۆی بە بەدیلی دەسەڵات دەزانێت، ئیتر ئەگەر بتوانین لەوێش وەزع ئاسایی بێت وە ئەگەر دڵنیا بین لە ئاسایشی سنور، بیگومان شایەنی هەموو خزمەتگوزاریەکن، لە سەر حکومەتی هەرێم پێویستە ئەو خزمەتگوزارییانە لە هەموو شوێنێك بە بێ جیاوازی بگەیەنێت، خوێندنی ئەلکترۆنی بەرێزێك باسی کرد باش نییە، بەڕێزان ئێمە هەندێك جار خەیاری خراپ و خراپترمان لە بەر دەستە، دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین، لەمەدا ناردنی هەموو قوتابیەك، یانیش بابەتی بێ باك بوون بەرامبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، من پێموایە ئەمە خراپترین بژاردەیە، بابەتی خراپ ئەوەیە تۆ سیستەمەکە بکەی بە ئەلکترۆنی، ئەگەر هەموو بتوانن بچن و لە قوتابخانەکان بخوێنن، وە مەترسی تەشەنە کردن و بڵاو

بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبێت، بێگومان هەموومان لە گەڵ ئەو بژاردەیەن، بەڵام کە ئەمە نەبێت ئێمە بەرەو بژاردەی خراپتر هەنگاو دەنێین کە بە داخەوە گیان لە دەست دانە، بۆ پاراستنی قوتابیان و مامۆستایان و کەس و کاری قوتابیان ئەو بەشەی کە دەکرێت بە ئەلکترۆنی بخوێنرێت وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا دوایی چەندین توێژ و دیراسە و قسە کردن و راوێژکردن بە پسپۆڕان گەیشتوونەتە ئەم بڕیارە، هیوادارم ئێوە پشتیوانیان بن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم قۆناغە بەم ناخۆشیە تێپەڕێنین، ئەگینا ئایا ئەمە بژاردەی ئەفزەلی ئێمەیە؟ نەخێر ناوەڵا، ئێمەش دەمانەوێتی قوتابیەکان بتوانن بۆ قوتابخانەکان بگەڕێنەوە، بەڵام سیستەمی ئەلکترۆنی بۆ ئەوەی تێکەڵ نەکرێت لە گەڵ سیستەمی ئۆنلاین، سیستەمی ئەلکترۆنی ئەوەیە هەموو خوێندنەکان بە سیستەمی ئەلکترۆنی ئامادەکراون وە لەو شوێنانەی کە وەزارەتی پەروەردە ئاماژەیی پێدا لەوێ هەن، قوتابیەك یەك جار پێویستە ئەم سیستەمە داونلۆد بکات، دواتر پێویست ناکات هەموو جار ئامێری ئەنتەرنێتی هەبێت لە کاتێکی موحەدەد، قوتابی دەتوانێت هەر کاتێك خۆی ویستی موراجەعەی خوێندنی خۆی بکات بەو شێوازە ئەلکترۆنیەی کە بۆیی دابینکراوە، من باوەڕیش ناکەم خەڵكێك بتوانێت تەلەفۆنی ئەوەی هەبێت کە یاری پێ بکات، بۆ ناتوانێت خوێندنی پێ بکات، ئەگەر لە هەندێك شوێنیش ناتوانن ئەوە بکەن بژاردەی دووەمیان خراوەتە بەردەست، لەوشوێنانەی کە هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەکی ئەلکترۆنی پێ ناگات قوتابیەکان دەتوانن بۆ قوتابخانەکان بڕۆن، وەزارەتی پەروەردە زۆر بە وردیی وردەکاریەکانی خستۆتەڕوو، رێگایی دۆڵی خەلەکان و کۆیێ خراپە یان رێگایی دووسایدیی هەولێر کۆیێ، ئەمە دیسان لە گەڵ وەزارەتی پلاندانان بە پێی ئەولەویاتی وەزارەت و بە پێی بەرنامەی حکومەت سەیر دەکەین، ئەگینا ئێمە ئامانجانە بە تایبەتی ژێرخانی ئابووری کە باس دەکەین یەکێك لەوانە رێگاوبانەکانە، دەمانەوێت هەموو رێگاوبانەکان باش بکەین و چاکیان بکەینەوە، لە سەر ئەمەش من نازانم کەی، بەڵام دەزانم کە لە بەرنامەکەیان دا هەیە، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە هێنانی ماددەیی کیمیایی لە جیاتی بەنزین، باسی ئەو بابەتە کراوە لە هەر خاڵێکی سنووری بێت لە هەر شوێنێك بێت چۆنیەتی دابینکردنی بەنزین کە سەلامەتی هاووڵاتی و بەکاربەرانی لەبەر چاو بگیرێت، ئەمە خراوەتە بر باس لە ئەنجومەنی وەزیرانیش بە تێرو تەسەلی قسەمان لە سەر ئەو مەوزوعە کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی کە مەعنین بە مەوزوعەکە قسەمان کردووە، بابەتێك هەیە دەمانەویست پێتان بڵێین کە نامانەوێت نرخی بەنزین لە سەر هاووڵاتی زیاد بکرێت، چونکە بازرگان هەیە فێڵ دەکات، دێت ئەم جۆرە مەوداندانە دێنێت بە ناوی بەنزین دەیفرۆشێت، چونکە ئەرزانترە لە بەنزین، بەڵام دواتر خۆی سوود دەکات، ئێستا ئێمە داوایی ئەوەمان کردووە کە لە سێ شوێن کۆنترۆڵ بکرێت، ئەگەر هاوردە دەکرێت لە کاتی هاوردەکردنی دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت ئەم مەوادە چییە؟ ئەگەر کە هاوردە دەکرێت دواتر باسی ئەوە دەکرا کە لە ناو خودی هەرێم دەستکاری دەکرێت و مەوادی تری تێکەڵ دەکرێت، کە دەخرێتە ناو ئەو شوێنانەی کە بەنزینی تێدا هەڵ دەگیرێت مەخزەنەکان لەوێ کۆنترۆڵ بکرێت، ئینجا لە دوا خاڵ لە بەنزینخانەکان دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە بەکارهێنەر ئەو کەسەیە کە دەچێت بەنزینخانە بەنزینەکە وەردەگرێت، ئینجا لە هەرسێ خاڵ ئێمە داوامان کردووە کە کۆنترۆڵی ئەو مەوادانە بکرێت هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان، ئەو پرۆژانەی

که تا ئێستا تەواو نەکراون ئێمە بەرنامەمان هەیە لە بەرهەمهێنان لە حکومەت پێداچوونەوەمان بە هەمـوو ئەوانە کـردووە، ئەو پـرۆژانەی کە پێویسـتە تەواو بکـرێن پەلەیـان تێـدا بکرێـت، وە ئەوانەی تریش بە تایبەتی وەبەرهێـنەر فەرزمـان کـردووە لە سـەری، چـونکە پێشـتر ئیمتیـازاتی پێدراوە وە شوێنی پێدراوە وە بەڵێنی داوە کۆنتراکتی خۆیی جێبەجێ بکات، ئینجـا مـن نـازانم ئەو بابەتەی خۆتان باستان کرد ئەمەش ئەگەر شتێکی تایبەت بێت دەبێت دواتر لە گەڵ دیـوانی ئەنجـومەنی وەزیـران قسـەیی لە سـەر بکەیـن، لە سـەر وەرزش مـن خۆشـم حەز دەکەم ئەوەی پێمان بکرێت بۆ پشتیوانی وەرزش بیکەین، لیژنەیەك پێداچوونەوە لە گەڵ وەزارەتی رۆشنبیری ووەرزش دواتر قسەی لە سەر دەکەین، بزانین چییە کە بە سیاسی کراوە وە چۆن دەتوانین زیاتر یارمەتی وەرزش بدەین، بتـوانین، پـلەی وەزیفـی کە مـاوەیەکی زۆرە بە دەسـت هەنـدێك کەس ماوە کەی گۆڕانکاری دەکرێت؟ گۆڕانکاری کراوە، گۆڕانکاری لە ئاست وەزارەت کراوە، لە ئاسـتی بریکاری وەزارەت کراوە، لە ئاستی پارێزگار کراوە، لە ئاستی بەڕێـوەبەری گشـتی کـراوە، وە ئەو شوێنانەی تریش کە پێویستە گۆڕانکاری بکرێت لە کات و ساتی خۆیدا ئەو گۆڕانکاریانە دەکرێن، وە ئەو گۆڕانکاریانە تەنیا یەك جاریش نابێت، لەوانەیە بەردەوام بێت، بەڵام ئەوە پرۆسەیەکە بە پێی پێویستی حکومەت بڕیاری خۆی دەدات لە کوێ ئەو گۆڕانکاریـانە بکـات، گرنگـی بە گونـدی سـێلکێ و دەڤەری بـارزان و سـۆران و ئەوانە بـدرێت، بە هەر حـاڵ دیسـان دەڵـێم بە پێـی ئەولەویاتی بەرنامەی وەزارەتی پلاندانانی حکومەت سەیر دەکەین، لە هەندێك شـوێن لەوانەیە پێداویستی زیاتر بێت، بەڵام بێگومان هەموو دەڤەرەکان بۆ ئێمە وەکو یەکن، وە ئەوەی پێشمان بکرێت بۆیان دابین خزمەتگوزاری وە هەموو گوندێك لە کوردستان نەك دەڤەرێك ئێمە ئەوەمان ئاواتە، بەڵام تا چەند لە کاتێك دا پێمان دەکرێت دەبێت ئێوە تۆزێك موراعاتی ئێمە بکەن، چونکە ئیمکانیاتی ئێمە توانایی ئێمە سنووردارە، وابزانم ئەمـانە وەڵامـی هەمـووی بـوو نەك بە کـورتی، ئینجا هەندێك شتیش ئەگەر كاك قوباد و کـاك ئـاوات هەبـوو بـا وەڵام بـدەنەوە، مـن سوپاسـتان دەکەم جارێکی تر بۆ گوێگرتنتان، سوپاسـی رەخنەکانتـان دەکەم و سوپاسـی پرسیارەکانیشـتان دەکەم، ئێستاش كاك قوباد با بفەرمووت وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکانتان بداتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روونکردنەوەکانتان، فەرموون بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی / جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، هیوادارم حۆسلەتان مابێـت، چـونکە منـیش خـاڵم مـاوە و بە تەئکیـد وەزیـری داراییش هەندێك روونکردنەوەشی ماوە و برای بەڕێزیشمان دکتۆر ئامانجیش هەنـدێك خاڵتـان بۆ روون بکاتەوە، سـەبارەت بە کۆرۆنـا زۆر جـار باسـی خۆپـارێزی دەکەیـن لە چوارچێـوەی ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ من ژماردوومە لەم قاعەی کە زیـاتر لە سـەد کەس دانیشـتووە سـی و دووتـان دەمامکتان بەستووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیارێکە کە ئەگەر ئـێمە خۆمـان پابەنـد نەبـین بەو رێکارانە چۆن چاوەڕێ دەکەین هاووڵاتییەکان پابەند بن بەو رێکـارانەی کە ئـێمە دایـان دەنێـین، هیوادارم هەمووتان سەلامەت بن فەحستان کردبێت هەندێکتان چاك بوونەتەوە دەستان خۆش بێت، انشاالله هەر چاك دەبنەوە، بەڵام خۆپارێزی لە خۆتەوە دەست پێ دەکـات، ئینجـا حەڵقەی

چواردەورت، ئینجا فراوانتر، تەعریفەی گومروکی بەڕێز سەرۆکی حکومەت باسی کرد، هەر دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە مەسەلەی چاودێری کردنی جوولەی بازرگانی ئەوە یەکێك لە خاڵەکانە کە بۆتە خاڵێك لە ڕێککەوتنە کاتییەکەمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کە تیمی فەنی هاوبەش پێکەوە هەڵدەستن بەم ئیشە، وە ئێمە سیقەمان بە دەروازەکانی خۆمان هەیە کە ڕێك و پێك تر لە شوێنەکانی تری عێراق ئیدارە دەدرێن، نەخێر کاك هیڤیدار ئێمە هەر تەنها چاوەڕێی ئەمە ناکەین کە نرخی نەوت زیاد بێت، چونکە ئەگەر وا بێت ئێمە تەنها پشت ببەستین بە داهاتی نەوت سبەینێ نەوت قیمەتەکەی کەم دەبێتەوە وە دیسان وەکو مارو پەیژەکە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژەی ئێستا کە دیسان تێیداین، بۆیە لە پاڵ پەرەپێدان بە نەوت وەکو چەندین جار باسمان کرد لەو دانیشتنە گرنگی بدەین بە کەرتەکانی تر، بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهاتی ئێمە هەمەجۆر بێت، ئێمە تەنها ئەو کاتانە ناچین بەرەو بەغدا کە وەزعی هەرێم خراپ بێت، پێموایە زۆرجار ئەو تۆمەتە دەخرێتە پاڵ ئێمەوە کە نەوت دادەبەزێت ئێوە دەچن ڕێك دەکەون لە گەڵ بەغدا کە نەوت بەرز دەبێت دەبێت ئێوە بێ منەت دەبن وە ئیشی خۆتان دەکەن، کاتێك کە ئێمە ڕێککەوتنێکی بیدائیمان واژۆ کردبوو لە گەڵ حکومەتی ناوەندی لە مانگی (١٢)ی ساڵی (٢٠١٩) بوو، ئەو کاتە سعری نەوت لە بازاڕی جیهان لە بەینی (٦٠)و (٧٠) دۆلار بوو، بۆیە ئەگەر ئەوە مەوزوعەکە بێت ئەو کات هیچ پێویست نەبوو کە ئێمە بچین، بۆیە ئەگەر ئەمە پێوەرەکە بێت، ئێمە کە لەو کاتەدا چووین وە ئەو کاتەش کە ئێمە ئامادە بووین نەك تەنها (٥٠%) داهاتی غەیرە نەوتیەکان بنێرینەوە بۆ بەغدا، بەڵکو ئامادە بووین (٢٥٠٠٠٠) بەرمیلی نەوت یان ئیداداتی ئەو (٢٥٠٠٠٠) بەرمیلی نەوت یان ئیداداتی نەوت ڕادەستی حکومەتی عێراقی بکەین، وە ئێستاش بە هەمان شێوە ئێمە ئەو ئامادە بوونەی خۆمان دەربڕیوە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەم داهاتی نەوت هەبێت هەم نەوتەکە خۆی بێت، داهاتەکانی کە غەیری نەوتن بە پێی یاساکان و بە پێی دەستور بەشدار بین لە ڕادەستکردنی ئەو داهاتانە، موقابل بە وەرگرتنی تەواوی شایستە داراییەکانی خۆمان وەکو هەرێمی کوردستان، مەسەلەی کۆمپانیاکان گەنمی خۆماڵی دامەزرێنن، ئەمەش کاك مسرور وەڵامی ئەوەی دایەوە، یەکێك لە سیاسەتەکانی ئێمەیە نەك تەنها لە کەرتی نەوت بەڵکو لە هەموو کەرتەکانی تریش، وە ئەمە یەکێك لەو شتانەیە کە بەتایبەت کە کۆمپانیا بیانییەکان دێنە هەرێمی کوردستان شێوازی کارکردن و ئیدارەدانی خۆیانیان هەیە، کە گەنجی خۆمان لەگەڵیان کار بکەن شێوازی بەڕێوەبردنی ئەوانیش وەردەگرن فێر دەبن، بۆیە ئەمەش بۆ خۆمان و بۆ گەنجەکانیشمان باشە کە هاوشان لە گەڵ کۆمپانیا بیانیەکان و کارمەندە بیانییەکان ئیش بکەن، بۆ وەرگرتنی ئەو ئەزموونەی کە پێویستە، سەبارەت بەو مستەشارانەی حکومەتی پێشووی عێراق کە مووچەی شەهیدان وەردەگرن، ئەگەر هەر کەسێك ناوێکی هەبێت کە کەسێك بێت شایستە نەبێت بە ناوی پیرۆزی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان معاشێك وەردەگرێت، داواتان لێ دەکەم ئەو ناوەمان بدەنێ ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، وە هەر کەسێك بە ناشایستی ئەو مووچەیە کە منحەیەکی پیرۆزە وەردەگرێت ئێمە هەموو ئیشێك دەکەین بۆ ئەوەی لێیان ببڕین، مامۆستا ابوبکر کە خۆی لێرە نییە، داوامان لێ دەکات کە سنگمان فراوان بێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنە ببینەوە، بەڵێ ئێمە سنگمان فراوانە، تەحەمولی ڕەخنەش دەگرین، هیوادارم ئێوەش

تەحەمولی وەڵامە دوورو درێژەکانمان بگرن، خۆزگە خۆی لێرە بووایە بۆ ئەوەی گوێی لە وەڵامەکانمان بوایە، برایەکی بەڕێزی منە کەسێکە ڕێزێکی تایبەتم هەیە بۆی، بەس حەزم دەکرد لێرە بمابایەوە بۆ ئەوەی گوێی لە وەڵامەکانی ئێمە بگرتایە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چووە نوێژ بکات.

**بەڕێز قوباد جلال تاڵەبانی / جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

خوا قبوڵی بکات، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە پێنج ملیار دۆلار لە تورکیا قەرز کراوە، ئەو ڕەقەمە دوروست نییە، زۆر کەمترە لەوە، ملیارێك و سەد و بیستە، وەکو کاش قەرز کراوە لە تورکیا، ئەو بڕەی تر ئیلتزامێکی داراییە لە سەر هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی بۆڕییەکەی تورکیا و کۆمپانیاکانی کە خزمەتگوزاری دەگەیەنن لە جیهان کە ئێمە پارەی ئەوانمان نەدابوو بۆ ماوەیەکی زۆر ئێستا بەرە بەرە ئەو قەرزەمان دایەوە، تاوەکو ئەو کاتەی کە حکومەتی تورکیا بە سوپاسەوە وتیان لەبەر ئەو قەیرانەی کە ئەم جارە تووشی بووینە پێویست ناکات ئەو قەرزە بدەنەوە، لە ئێمە خۆش نەبوونە بەڵکو مودەتێکیان داوە بە ئێمە تاوەکو ئیدارەی ئەم قەیرانەی ئێستا بدەین، دوایی ئەو کاتە مەجبوور دەبینەوە شایستە داراییەکانیان بدەینەوە، شیرین خان باسی هەڵی کاری کرد و پاشەکەوت، ئێمە خۆشحاڵ بووین کە بڕیاری پاشەکەوتمان هەڵوەشاندەوە وە ئەوە یەکێك لە دەسکەوتەکان بوو لەو کاتەی کە ئێمە ڕێککەوتین لەگەڵ حکومەتی ناوەندی داهاتی هەرێم زیادی کرد دەمانتوانی تەواوی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بدەین بڕیاری پاشەکەوتمان هەڵگرت، دەبووایە شتێك نەبووایە لە کوردستان بە ناوی پاشەکەوت ئەمڕۆ دۆخێکی جیاوازە، دۆخێکی کاتییە، دڵنیام ئەو دۆخەش تێدەپەڕێت و وەزعی مووچەخۆری هەرێمی کوردستانیش چاك دەبێتەوە، سەبارەت بە هەلی کار ئیشی زۆرکراوە لە مەجالی زیادکردنی هەلی کار لە بوارەکانی کشتوکاڵ، لە بوارەکانی پیشەسازی، هەندێك پڕۆژەی گەورە ئیشی لە سەر دەکرێت، پڕۆژەی گەشتیاری دوکان کە ڕەنگە هەزاران هەلی کار بڕەخسێنێت، پڕۆژەی ستراتیژی بیست بیستی سلێمانی کە دڵنیام هەزاران هەلی کار دەڕەخسێنێت، پڕۆژەی کشتوکاڵی کە هەر لێرە باسکرا هەم لە دهۆك، لە هەولێر، لە هەڵەبجە، لە گەرمیان، لە سلێمانی، ئەمانە هەموویان بەرەبەرە ئەگەر مولاحەزە بکەن پڕۆژەی گەورە و مامناوەندین دڵنیام مەجموعەیەك هەلی کار دەڕەخسێنێت بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوایی ئیش دەگەڕێن، ئەولەویەتی حکومەتەکەمانە، وە خۆشم لە نزیکەوە موتابەعەی ئەو پرسانە دەکەم، بەڕێزێك پرسیاری کرد کە ئایا تیمی پسپۆڕمان هەیە؟ بەڵێ تیمی پسپۆڕمان هەیە، هی بیانی، خەڵکی خۆماڵیشمان هەیە، خەڵکیشمان هەیە ئەو دۆخەی پێشتری بینیوە و دەتوانێت سود لە ئەزموونی پێشووی خۆی وەربگرێت، بەڵام دەبێت یەك حەقیقەتمان لە بەر چاو بێت، ئێمە وولاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سیادە نین تاکو وەکو وولاتێکی تر بەراورد بکرێین لە رووبەڕووبوونەوەی قەیرانێکی وەکو ئەوەی ئێستا تووشی بووینە، وولاتێك کە سیادەی خۆی هەیە پێنج کەرەستەی لەبەر دەست دایە بۆ ئیدارەدانی قەیرانی دارایی و ئابووری، سیاسەتی نەقدی هەیە، سیاسەتی قەرزی هەیە، پەیوەندی فەرمی هەیە لە گەڵ ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی وەکو سندوقی نەقدی نێودەوڵەتی لە گەڵ (wor l dbank) موساعداتی گەورەی

نێودەوڵەتی وەردەگرن، سیاسەتی تەقەشوف و زیاد کردنی داهات و کەم کردنی خەرجیان هەیە، وە چاکسازیان هەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دوو روبعێکمان هەیە لەم پێنجە، سیاسەتی خەرجی و داهاتمان هەیە، هەوڵ دەدەین داهات زیاد بکەین، هەوڵ دەدەین خەرجی کەم بکەین، چاکسازیمان هەیە، وە سیاسەتی قەرزمان هەیە، بەڵام نەوەکو وڵاتێکی تر کە بتوانێت بچێت قەرزێکی پێنج، شەش، حەوت ملیار دۆلاری وەربگرێت، وەکو ئەوەی ئێستا عێراق محاوەلەی بۆ دەکات لە دەرەوە پێنج، شەش، ملیار دۆلارێك وەربگرێت بۆ پڕکردنەوەی عجزەکانی خۆی، ئێمە ئەو کەرەستانەمان لەبەر دەست نەبووە، نە (٢٠١٤) ئەوەمان لەبەر دەست بوو نە ئێستا ئەمانەمان لەبەر دەستە تەنها ئەو دووە نەبێت لە گەڵ ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە قەرزەوە هەیە، بۆیە خۆمان وەکو دەوڵەتێك سەیری خۆمان دەکەین،هەندێك جار خۆمان وەکو چەند موحافزەیەك سەیری خۆمان دەکەین، هەندێك جار خۆمان وەکو هەرێمێك سەیری خۆمان دەکەین، لە راستی دا خۆمان لە خۆمانمان تێك داوە کە هەندێك جار تەسەرۆفاتمان وەکو دەوڵەتێکە، هەندێك جاریش لە سەر ئاستی مەحەلی دا کار دەکەین، بۆیە ئەمە یەکێك لە کێشەکانە کە هەمانە لە گەڵ حکومەتی ناوەندی، ئەمە یەکێکە لە کێشەکان کە دەبێت رێکی بخەینەوە کە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکەی لە کوێ وە دەست پێ دەکات؟ لە کوێ کۆتایی دێت لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی دا ئێمە لە کوێن؟ ئێمە چین؟ ئەو کاتە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی خۆمان دەتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخانە بکەین کە رووبەڕوویان دەبینەوە، ئایا پلانی (B) بۆ رێککەوتن لەگەڵ بەغدا چییە؟ پلانی (B) بۆ رێککەوتن لە گەڵ بەغدا هەر رێککەوتنە لە گەڵ بەغدا، لە پاڵ ئەمەش رێکخستنی ناو ماڵی خۆمانە، رێکخستنی ئیداری، رێکخستنی مالی، رێکخستنی سیاسی، رێکخستنی ئەمنی، رێکخستنی کۆمەڵایەتی، دەبێت ئەمانە بکەین، بەڵام دەبێت رێکیش بکەوین لە گەڵ بەغدا، عێراقیش دەبێت رێك بکەوێت لە گەڵ ئێمە مەسەلەکە خۆ هەر یەك لایەنە نییە عێراقیش دەبێت رێك بکەوێت لە گەڵ ئێمە لە مەسڵەحەتی درێژخایەنی عێراق دەبێت رێك بکەوێت لە گەڵ ئێمە دا، فشاری زۆری نێودەوڵەتیان لەسەر بۆ ئەوی رێك بکەون لە گەڵ ئێمەدا، فشاری زۆری نێودەوڵەتی لەسەر ئێمەیە بۆ ئەوی رێك بکەون لەگەڵ ئەوان، بۆیە شتێك نییە کە هەر لەسەر ئێمە بێت، رێککەوتن وەکو کاك مسرور ئاماژەی پێدا رێککەوتن لە بەینی دوو یان چەند لایەك دا، بەڕێزێك باسی فرە مووچەییان کرد دەبێت بەر چاومان روون بێت دەبێت فرە مووچەیی هەیە کە قانوونیە بە پێی یاسا رێکخراوە، یەکێك دەتوانێت فەرمانبەر بێت وەزیندانی سیاسی بێت وە وارسی شەهید بێت وە لە هەمان کاتدا کەم ئەندامی سنگەریش بێت، جا ئەوکاتە منحەیەکی هەیە و مووچە وەردەگرێت و هەمووش بە یاسا رێکخراوە، گوناحی ئەوکەسە چییە وارسی شەهیدە؟ گوناحی ئەو کەسە چییە کەم ئەندامی سەنگەرە؟ گوناحی ئەو کەسە چییە کە زیندانی سیاسییە؟ یەعنی ئێمە دەبێت تۆزێك واقعی سەیری مەوزوعەکان بکەین، راستە یاسایی چاکسازی هەندێك بڕگەی تێدایە کە پێویست دەکات پێداچوونەوە بەمەدا بکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە یاسایی چاکسازی دا هەندێك ئەو فیئانە پارێزراون، بۆیە هەر لە بەر ئەوەی یەکێك لە مووچەیەك زیاتر وەردەگرێت نابێت بڵێین ئەمە گەندەڵییە، نابێت ئێمە بڵێین ئەمە غەدرە، نابێت بڵێین ناحەقییە، بورن بەڵام ئێمە لە وڵاتێك دەژین کە مێژووکەمان پڕ بووە لە نەهامەتی، بۆیە دەبێت ئەمەمان

لەبەر چاوبێت، لە هەمان کاتیشدا زۆر جار باسی ئەو بەڕێزانە دەکەن کە تەقاعودی وەردەگرن و لە دەرەوەی وولاتیش دەژین، ئەمەش گەندەڵی نییە، ڕەنگە هەندێك تاکی تێدا بێت کە بە ناحەقی معاشێکی بۆ بڕاوەتەوە، بەس چەندین فەرمانبەری دێرینمان هەیە کە ئێستا لە دەرەوەی وولاتن، خۆ نابێت ئێمە معاشیان ببڕین لە بەر ئەوەی لە دەرەوەی وولات دەژین، مۆزەف بوونە خزمەتی خۆیانیان کردووە لە حکومەت ئێستا بڕیارێکیان داوە لە دەرەوەی وولات دەژین، بۆیە حەز دەکەم هەندێك بە ویژدانەوە تەقیمی ئەو بابەتانە بکەین، باسی مەرزی سازان کرا زۆر زەرووره و ئێمەش پشتیوانی ئەوەین کە ئەمانە ببن بە مەرزی فەرمی، بەڵام ئەوە پێویستی بە ڕێککەوتنە لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق، دەبێت ئەو دوو وولاتە ڕێك بکەن لەسەری ئیجرائاتەکەش ئێمەش بەشێکین لە جێبەجێ کردنی ئەو ئیجرائاتە، پڕۆژەی تۆقیتیش باسکرا، سندوقی خانەنشینی و یاسایی خانەنشینی حەز دەکەم برای بەڕێزم کاك دکتۆر ئامانج بە ئیجازەی سەرۆکی پەرلەمان ئەو باسی ئەو دوو بابەتە بکات لە گەڵ مەوزوعی شەفافیەت لە نەوت و مەسەلەی قەرزەکان، پلە بەرزکردنەوەکان ئەوە باسکرا، ئەوەی کە یاسایی بێت ئێمە دەیکەین، بەس یەك شت هەیە کە ئێمە لە ناو خۆمان باسی دەکەین حەز دەکەم ئێوەش ئاگادار بن ئێمە لە جەیشی ئەمریکا لیوا و عەمیدمان زیاترە لە سینیش زیاترە، بۆیە ئیتر ڕەنگە بە پێی قانوونەکە هەندێك کەس موستەحەق بن بکرێن بە لیوا، بەڵام دەبێت میلاکەکە بۆش بێت بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزە تەرفیع بکات و بچێتە ئەو شوێنە، یەعنی ئەگەر تەرفیعێکی فیعلی هەبێت میلاکێك بۆش بێت دەچێتە ئەو شوێنە ئەو کاتە دەتوانین داڵەکەی بۆ بخەینە سەر شانی یەعنی دەبێت حەجمی خۆشمان بزانین، ئاشنا خان پرسی ئەوەت کرد کە من خۆم لادا لە پرسی دوو ئیدارەیی، بەڵام خۆم لانەدا قەیرانی ئاو تۆزێك سەرمی لێ شێواند لە بیرم چوو وەڵامی ئەوە بدەمەوە، بەڵێ هەیە پێویست ناکات هەمووتان باش دەزانن کە ئاسەواری دوو ئیدارەیی هەیە، وە باشیش دەزانن حەتا ئەگەر حکومەت یەکی گرت ئەگەر لە بیرتان بێت چوار وەزارەت جارێ یەکی نەگرت، ماوەی ویست، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی عەدل، لەگەڵ وەزارەتی مالیبە، ئەو چوار وەزارەتە چەند ساڵێکی ویست تاوەکو یەکیان گرتەوە، وە ئێستاش هەندێك لەوانە ڕەنگە زۆر موشکیلە نەبێت لە وەزارەتی عەدل، تەبیعی بووبێتەوە، بەڵام لە هەندێك وەزارەتەکانی تر ئەوەش هێشتا ماوە، دوو ئیدارە کە ساڵ لە دوایی ساڵ گەورەتر دەبوو، دوو ئیدارە کە ساڵ لە دوایی ساڵ موونافسەی یەکتریان دەکرد بە دامەزراندنی خەڵك و بە گەیاندنی خزمەتگوزاری کە یەکی گرتەوە بێگومان ئەمە بە ساڵێك دووان و پێنج ساڵ ئاسەواری بە تەواوەتی، باسی مەسەلەی براکوژییەکە هەر ناکەم ئەوە مەوزوعێکی ترە، هەر لە رووی ئیدارییەوە بەستنەوەی دوو ئیدارە کە هەریەکە ڕێکاری جیاوازی هەبوو، هەریەکە سیستەمی نەسریەی جیاوازی هەبوو، هەریەکە سیستەمی موخەسساتی جیاوازی هەبوو، بەستنەوەی ئەمە ئیشێکی ئاسان نییە، ئیشی لە سەر کراوە، هەنگاوی زۆر باش چووەتە پێشەوە وە ڕەنگە من یەکێك لەو کەسانە بووبم کە شانازیشی پێوە دەکەم کە زۆر جار ئیشم کردووە، سیاسەتم روون بووە لە سەر پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و یەك پارچەیی هەرێمی کوردستان و لە کاتە حەساسەکان من بوومە کە لێرە وجودم هەبووە، وە هەموو کاتێك دژی دوو ئیدارەیی وەستاومەتەوە و دژی جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان

وەستاومەتەوە، وە دوێنێ چۆن بووم ئێستاش وام دەبم و سبەینێش هەر وا دەبم، باوەڕم بە هەرێمی کوردستانە، من خەڵکی کوردستانم، خۆشبەختانە تێکەڵاویشم خزمم هەیە لە زاخۆ، خزمم هەیە خزمم هەیە لە کۆیێ، خزمم هەیە لە کەرکوك، خزمم هەیە لە سلێمانی، من تۆزێك جۆکەرم، بچمە هەر شوێنێك دەتوانم خەڵکی ئەو شوێنە بم، ئێمە ئیش لە سەر ئەوە دەکەین، ئێوەش هاوکارمان بن جەوێکی سیاسی دروست بکەین لەو کوردستانە با سراعی سیاسی هەبێت با منافەسەی سیاسی هەبێت، بەڵام با کوردستانمان خۆش بوێت، شتێکی خراپ لە دهۆك روو دەدات با بەڕێزەکانی گەرمیان و هەڵەبجە و سلێمانی خەمی خەڵکی دهۆك بخۆن، ئالیەتی تێکەڵاویمان نەماوە، هەموو شتێکمان وا لێ کردووە جیا بۆیتەوە، ئێوە تاکە مەجلسێك بن کە ئاکرەییێك و چەمچەماڵییەك بتوانن لە لای یەك دابنیشن ئەو رەفاقەتە لە بەینی خۆتان دروست بکەن، دوایی بۆتان دەردەکوێت چەمچەماڵی چۆنن و ئاکرەیی چۆنن، دکتۆر کە تۆ دکتۆریت کە لە هەڵەبجە ئیش دەکەیت یا لە دهۆك ئیش دەکەیت تۆ هەر دکتۆریت، ئەوە پیشەیەکە پیشەیەکی پیرۆزە، ئێوەی پەرلەمانتارانی بەڕێز فراکسیۆنە جیاجیاکان هاوکارمان بن فەرهەنگی خۆشەویستی بۆ کوردستان شۆڕ بکەینەوە با هەر کەسە و حزبی خۆی خۆش بوێت و منافەسەی حزبایەتی خۆی بکات و ناوچەکەی خۆشی خۆش بوێت، بەڵام فەرهەنگی کوردستانی بوونمان تۆزێك تۆختر بکەین، یەك نەگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەیە کە شتێکی ئاسان نییە، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە دەستی بە بەرنامەیەکی چڕوپڕی چاکسازی کردووە کە رەنگە ئەو بەرنامەیە بریتی بێت لە (٣١) خاڵی جیاواز لە گەڵ هێزی هاوپەیمانان بەریتانیا، ئەمریکا، هۆلەندا و ئەڵمانیا هاوکارن لە گەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە هەیکەلیەتی وەزارەتی پێشمەرگە، لە دانانی نەخشەی ئەمنی هەرێمی کوردستان، لە پێداچوونەوە بە هەموو هێزەکانی هەرێمی کوردستان، ریکخستنەوەی هەیکەلیەتی هێزەکانمان، هەتا دەگاتە یەکخستنەوەی هێزەکان بە مەعنای یەکخستنەوەی ئەوە نە کە تۆ فەوجێك لە بادینان رەبت بکەیت لە گەڵ فەوجێك لە گەرمیانەوە، بەڵکو هەیکەلیەتەکە بە شێوەیەك یەك بێت تاوەکو یەك هێزی پێشمەرگەمان هەبێت بەڵکو یەك ئەمر شۆڕ بێتەوە ئەو بەرنامەیە وەزارەتی پێشمەرگە دەستی پێ کردووە ئێمەش هەموومان پشتیوانی وەزارەتی پێشمەرگەین داواکارم ئێوەش پشتیوانیان بن و لە سەر خەت بن لە گەڵیان بن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە، دابەش کردنی زەوی بە شێوەیی نایاسایی، بەڵێ زۆر جار تەجاوزات هەبووە و هەیە و بەداخیشەوە هەر دەبێت، ئیشی ئێمەیە روبەڕوویی ببینەوە بە هەموو جۆرێکەوە ئیش زۆر کراوە وە بۆ هەندێك لەو تەجاوزاتانەی کە ئیتر بوونە بە ئەمری واقع وە بوونە بە شار و شارۆچکە لە سەرتاپایی کوردستان، لە هەمان کاتیش دا دەبیستین بە ناوی هێزێك، بە ناوی پێشمەرگە، بە ناوی کەسێك پارچە ئەرزێك دابەش دەکرێت شۆفەل و شتی وا دەچنە وێ و ئیشی وا دەکەن، ئەمانە زۆر دەبیستین کە گوێبیستی حاڵەتی وا دەبین، من خۆم دەمەوێت ئاگادارتان بکەمەوە کە لە مانگی (٥)ی ئەمساڵەوە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بە تایبەت لە سلێمانی لە سەر ئەو مەوزوعە زۆر بەجدی لە سەر ئەو مەوزوعە ئیشمان کردووە وە من خۆم لە سەر خەتم لە سەر ئەو مەوزوعە لەگەڵ ئەو لیژنە کە لیژنەیەکی ئەمنییە، حاڵەتەکان یەك جۆر نین، حاڵەتەکان جۆراوجۆرن هەندێك لەوانە کە پێشتر باس کراون ئەرزەکان خۆیی

هی پێشمەرگە بوونە، هی وەزارەتی پێشمەرگە بوونە کە ئەمە دابەشکراوە بە سەر کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان، ئێمە تەدەخولمان کردووە لە ئیشەکە کە بە فیعلی ئایا بزانین ڕێکارە قانوونیەکانی ئەم ئیشە چۆن بوونە؟ شارەوانی چ دەورێکی هەبووە لەو مەوزوعەدا؟ ئایا ئەو کەسانەی ئەرزەکانیان بە سەر دابەش دەکرێت بە فیعلی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدانن یان نا؟ وە ئەوانەی بە ناقانوونی کراوە وەستاندوومانە و هەتا گەیشتۆتە ئەوەی کە هێزیشمان بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی بیان وەستێنین و لەسەر خەتین لە سەر ئەو مەوزوعە وە بە جدی وەرمانگرتووە و خۆشم لە سەر خەتم لە سەر ئەو مەوزوعە، سەبارەت بە حکومەتی ئەلکترۆنی، بەڵێ ئیشی تێدا کراوە و ئیشی تێدا دەکەین وە ئەمە چەند قۆناغێکی هەیە وە ئەگەر ئیجازەم بدەنێ تۆزێك وردتر بۆتان شەرح بکەین، زۆر جار باسی حکومەتی ئەلکترۆنی دەکەین ئەمە شتێکی زۆر گشتگیرە، دەمەوێت دابەشی بکەم بە سەر دوو جانبی جیاواز، یەکەم ئیشی حکومەت لە بەینی خۆی دا لە رووی پەیوەندی، لە رووی کتاب، لە رووی ئیدارەی وەزارەت، لە رووی ئیداری دام و دەزگاکانی حکومەت بە ئەلکترۆنی کردنیان ئەمە شتێکە، بەڵام گەیاندنی خزمەتگوزاری لە ڕێی ئەلکترۆنیەوە ئەمە شتێکی ترە، هەر وەزارەتێك بە تەنسیق لەگەڵ فەرمانگەی تەکنۆلۆجیا و زانیاری ئێستا خەریکی دانانی نەخشەیەکین بۆ ئەوەی چۆن رزگارمان بێت لە کتاب، لەو نوسراوەی تا دەگاتە لایی ئێمە سی و شەش هامشی جیاوازی لە سەرە، تا دەگاتە لایی ئێمە هەر ناتوانین ناوەڕۆکی نوسراوەکە بخوێنینەوە لە بەر ئەو هەموو هامشانە، لەگەڵ فەرمانگەی تەکنۆلۆجیا و زانیاری ئیش لە سەر سیستەمێك دەکەین بۆ ئەوەی سیستەمێکی کارگێڕی دیجیتاڵی مان هەبێت، تاوەکو بە ڕێگایەکی دیجیتاڵی کە ئەمنی و خێرا بێت بتوانین کتابەکان لە بەینی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی حکومەت هاتووچۆیان پێ بکرێت، وە مۆر و پەسندکردنی خۆیانیان هەبێت، وەکو سادرە و واردەی کە ئێستا هەیە و بە سجل دەکرێت وە ئەو سجلە بکرێت بە سیستەمێکی ئەلکترۆنی، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە کە ئیشی لە سەر دەکەین مەوزوعی گەیاندنی خزمەتگوزاریە لە ڕێگایەکی ئەلکترۆنی، تەبعەن پێشتر تۆزێك ئامازەم پێدا، بەڵام ئێستا دەمەوێت بە تەفاسیلتر باس بکەم، ئێمە هاتووین تەقیمی ئیش و کاری حکومەتمان کردووە، حکومەت چی دەکات؟ حکومەت دوو جۆرە خزمەتگوزاری دەگەیەنێت بە کۆمەڵانی خەڵك، هەندێکی گشتگیرن، کارەبا کە عامە، هەندێکیشی تاکە، دەرکردنی مۆڵەتێکی شۆفیری، ئەمە پەیوەندییەکی موعامەلەی تاکییە لە بەینی هاووڵاتیەك و دام و دەزگایی حکومی، ئەوانەی گشتییەکان بخەنە لایەکەوە کارەبایە، ئەمنیەتە، ئاسایشە، ئاوە، ئەوانەی کە خزمەتگوزاری تاکن ئەوانە نزیکەی (٤٠٧)، (٤٠٣) هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، هەموو هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، ئێمە لە گەڵ هەموو وەزارەتەکان قسەمان کردووە داوامان لێ کردوون یەکە بە یەکە بۆ بنێرن، ئەو ڕێکارانە چیین ئە ئەمرۆ پەیڕەو دەکرێن بۆ گەیاندنی ئەو خزمەتە؟هەنگاوەکان چیین؟ بە چەند رۆژ ئەو خزمەتە بە پێی ئەو رێنماییە بە چەند رۆژئەو خزمەتە دەبێت بە هاووڵاتیان بگەیەنرێت؟ کولفەی ئەوخزمەتە چەندە؟ چەند بەڕێوەبەرایەتی لەو وەزارەتە دەبێت رەزامەند بێت؟ چەند بەڕێوەبەرایەتی لەسەر ئاستی حکومەت دەبێت رەزامەند بێت؟ چونکە هەندێك خزمەت رەبتی بە چەند وەزارەتێك هەیە، ئەم نەخشەیەمان لەبەر چاوە وە تۆڕێکە کە زۆر موعەقەدە و

زۆرئاڵۆزە، بەڵام ئێمە ئێستا یەکە بە یەکە هەڵ دەدەین خزمەتێك بۆ نمونە مۆڵەتی شۆفێری کە بەو سیستەمەی کە ئێستا هەیە بە حەقدە هەنگاو تۆ دەتوانیت مۆڵەتی شۆفێری نویێ بکەیتەوە، هەر خۆشتان ئەمەتان بینیوە کە دەچنە دائیرەیەك لە پەنجەرەی یەك دەچن بۆ پەنجەرەی دوو لە پەنجەرەی دوو دەچن بۆ پەنجەرەی سێ لە پەنجەرەی سێ دەچن بۆ پەنجەرەی پێنج لەوێ پێت دەڵێت نە ئەمەتان بە غەڵەتی کردووە دەتێردرێنەوە بۆ پەنجەرەی دوو، وەکو مار و پەیژەکە ئەم سیلسلە دەبێت پێیدا بچن، ئێمە ئێستا لەگەڵ وەزارەت دێین بۆ حەقدە هەنگاوی دەوێت بۆ نوێ کردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری ئەمە دەرکردن نییە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییە، بۆیە وەزارەتی ناوخۆ و هاتووچۆ وەرن ئەو حەقدە بیکەن بە دوو هەنگاو، بکەن بەسێ هەنگاو، چی پێویستە ئێمە بیکەین بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانە کەم بکەینەوە، ئەو کاتە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئێمە کە حەجمی حکومەتەکەمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو ئەرکەی کە پێی دەسپێردرێت، بۆیە ئەم پرۆسەیە بەردەوامە ئێمە پێش ئەوەی ئەم خزمەتانە بە ئەلکترۆنی بگەیەنین، جاری یەکەم دەبێت لە رێگای رێنماییەکەوە رێکی بخەینەوە، چونکە ئەوەی کە ئێستا هەیە بە ئەلکترۆنی بکەین ئاڵۆزتر دەبێت، وە ئەوەمان تاقی کردەوە لە تۆماری کۆمپانیادا پێشتر وەزارەتی بازرگانی هات لەگەڵ (wr l d bank) ئیشی کرد بە دیجیتاڵ کردنی تۆمار کردنی کۆمپانیا، پێشتر (٢٦) هەنگاوی دەویست کە کردیان بە ئەلکترۆنی بوو بە (٣١) هەنگاو، چونکە وەرەقەکە هێشتا مابوو دوو پرۆسەی تر بۆ داخڵ کردن ئزافەکرا کە دیسان پرۆسەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد، بۆیە پێش ئەوەی بە دیجیتاڵی بە ئەلکترۆنی ئەو خزمەتگوزاریانە بگەیەنین پێداچوونەوەی سەرتاسەریان پێ دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین کە ئاستەکەی باشتر بێت، مودەکەی کەمتر بێت، کولفەکەی یەك کولفە بێت لە دهۆك بە کولفەیەك بێت لە سلێمانی بە کولفەیەکی تر بە عەکسەوە کولفەکە دەبێت یەك کولفە بێت لە سەرتاپای کوردستان کە ئەمانەمان کرد ئەو کاتە بیڵێین کام لەم خزمەتانە لە رێگای ئەلکترۆنیەوە بگەیەنین، ئەوە قۆناغی دووەم، قۆناغی سێیەم ئەوەیە کە چۆن بتوانین هەمووی لە رێگای ئۆنلاینەوە بیگەیەنین کە ئێستا ئەم بەرنامەیەمان زۆر بە جدی دەست پێ کردووە وهەموو وەزارەتەکان هاوکارن وە ئەمەش پێموایە ئەنواعی کاریگەری ئیجابی دەبێت بۆ ئێمە لە هەمووی زیاتر رەنگە ئەو هاتووچۆیە لە بەینی هەولێر و سلێمانی ودهۆك و هەولێر کەم بکاتەوە ئەگەر بکرێت لەسەر ئاستی حکومەتی خۆجێیی ئەم ئیشانە بکرێت هەم لەرێگای ئەلکترۆنیەوە بکرێت وە ئەم خزمەتگوزاریانە بگەیەنین، بۆیە ئەمە ئیشی لە سەرکراوە و پێموایە ئەگەر خزمەتگوزارییەك لە جیاتی ئەوەی بە پێنج هەنگاو بگەیەنرێت بە پانزدە هەنگاو بگەیەنرێت دڵنیا بن مەجال زیاتر دەدات بۆ گەندەڵی لەو پرۆسەیەدا، ئەو کاتە یەك کەسی دەوێت لەو زنجیرەیە ئەو رۆژە میزاجی تەواو نییە ئەزیەتی هاووڵاتیەکە دەدات ئەوە ئەو ئیشە ناکرێت، بۆ ناکرێت؟ ئیتر هەزار یەك موبەرپر دەدۆزێتەوە برۆ بۆ لای ئەو محامیە ئیشەکەت بۆ دەکات، خۆتان بینیومانە خۆمان بینیومانە ئەو فیلمە وازحە، ئێمە دەمانەوێت باشترین تەریقە کە ئیسبات بووە لە سەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ روبەروو بوونەوەی گەندەڵی باشتر کردنی رۆتینات و شێوازی حوکمڕانییە، ئێمە حەز دەکەین یەکێك بدۆزینەوە بڵێین وەزیرێك گەندەڵە وەرە حکومی بدەین، بەس گەندەڵی بەو بنبڕناکرێت بەو تەریقەیە، یەکێکی گەندەڵ لادەچێت رەنگە گەندەڵێکی تر ئیسغلالی هەمان سیستەم بکات،

تۆ سیستەمەکە رێك بخە، هەنگاوەکان کەم بکەرەوە، دەرگا لە سەر گەندەڵی دابخە ئەو کاتە زۆر قورستر دەبێت بۆ ئەوەی گەندەڵی بکرێت و گەندەڵێك بێت ئیستغلالی سیستەمەکە بکات یان ئیستغلالی نفوسی خۆی بکات، بۆیە ئەوە پرۆسەیەکە چاکسازیەکی راستەقینەیە باوەڕمان پێیەتی، و ئامادەین تەفاسیلی زیاتریشتان بدەینێ لە سەر ئەم مەوزوعە، کاك یاسین بەڵێ هەردووکمان کاندیدمان یادی ئەو سەردەمە بەخێر، ئەو مەوزوعە کاك مسروریش باسی کرد ئەوچیرۆکەی کە بووەتە بە هینی هەزار و یەك شەو کە دووسایدی رانیەیە، بەڵێ ئەوە دەکەین بە ئەولەویەتی خۆمان و ئەوە جێبەجێ دەبێت، چونکە وابزانم چوارەمین کابینەیە کە ئەم پرۆژەیە هەر تەواو نەبوو تەواو دەبێت انشاالله وە ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی تێکۆشەرە و هەرچی بۆ بکرێت هەر کەمە، شادی خان زۆر سوپاست دەکەم کە باسی مەوزوعی توند و تیژیت کرد کە ئەمە لە کاتی قەیران، لە کاتی جەنگ، لە کاتی نەهامەتی، ئەمە پێوەرێکی نێودەوڵەتیە لە هەموو راپۆرتە نێودەوڵەتیەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان زیاد دەبێت، ئەمە بێگومان لە قەیرانی دارایی پێشووتریش لە هەرێمی کوردستان وابوو، لە شەڕ وابوو، لە دوایی شەڕ وادەبێت، لە کاتی کۆڕۆنا بە تایبەت لە کاتی قەدەغەی هاتووچۆ ئەو حاڵەتانە بە تەئکید روویانداوە، بەڵام حکومەت ئەو مەوزوعەی زۆر بە جدی وەرگرتووە وە خۆشتان ئەگەر بە ویژدانەوە تەقیم بکەن دەزانن کە من دائیمەن لە سەر ئەو مەوزوعە قسەم کردووە و هەندێك جار پیاوە بەرێزەکان رەخنەشم لێ دەگرن دەڵێن تۆ بۆ ئەوەندە هەر باسی مافی ژنان دەکەیت؟ بەڵام ئەمە شتێکە کەخۆمان باوەڕمان پێیەتی وە دڵنیام سەرۆکی حکومەتیش باوەڕی پێیەتی، ئێمە هێڵێکی گەرممان هەیە بۆ هەر کەسێك کە رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە لە ماڵەکەی خۆیدا رەقەمی (١١٩) ئێمە پۆلیسمان هەیە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژی بەرێوەبەرایەتیەکی تایبەتمان هەیە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ کە ئەمەش دیاردەیەکە کە ئەگەر زوو بنبڕی نەکەین لەوانیە لە دەست دەرچێت وە ئەو کاتە ببێت بە خاڵێك بۆ خراپ کردنی سومعەی هەرێمی کوردستان، ئەم مەوزوعانە تیمی موختەسیان هەیە، خەڵکی شارەزایی هەیە، هوکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشیان هەیە وە پێموایە زۆر حاڵەت هەبووە کە پۆلیسی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی توانیویانە چارەسەری بکەن، دادوەرەکانمان راهێنانیان وەرگرتووە لە سەر قانوونەکانی ئێستامان لە سەر ئەم دیاردەیانە، بەڵام لە حەقیقەتێکیش دەبێت راستگۆ بین لە گەڵ خۆمان دا کێشەکە تەنها کێشەیەکی قانوونی نییە، کێشەیەکە لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا کە دەبێت ئەو پرسە زیاتر مناقەشەی لە سەر بکرێت، چونکە زۆر جار حاڵەت هەیە کەسێك توندوتیژی بەرامبەری دەکرێت لە بەر مەسەلە کۆمەڵایەتیەکە نایەوێت بچێت شکایەت بکات، دەڵێت ئەگەر بچم شکایەت بکەم وەزعی عائیلەم تێك دەچێت، رەنگە بڵێت براکانم، خاڵەکانم، مامەکانم ئەزیەتم بدەن، رەنگە زۆر جار رووبەڕووی ئەم کێشانە دەبینەوە، ئەوەندە دەبێت کات تەرخان بکەین قەناعەت کردن بەو کەسە کە ئەگەر بێ دەنگ بین بەرامبەر بەو حاڵەتانە تۆ رێگا دەدەیت کە ئەمە رووبدات، بۆیە ئەمە لە رووی کۆمەڵایەتییەکەشەوە بیگەیەنین، توندوتیژی، دەستدرێژی سێکسی بەرامبەر بە ژن بەرامبەر بە منداڵ ئەمە قابیلی قەبوڵ نییە، ئێمە نابێت لە کۆمەڵگایەك بژین کە ئەمە ئاسایی بێت وە ئەم شەڕە بە تەنها بە ژنیش ناکرێت پیاوەکانیش

دەبێت بێنە سەر خەت، کەسانی ئایینی دەبێت بێنە سەر خەت، پیاو ماقولەکان دەبێت بێنە سەر خەت، ژنە ماقولەکان دەبێت بێنە سەر خەت، هەموو کەسە ماقوڵەکان دەبێت بێنە سەرخەت، بۆ ئەوەی ئێمە ئەم دیاردەیە بنبڕ بکەین لە کۆڵگایەك بژین کە بتوانین شانازی پێوە بکەین بڵێین کە یەکسانی هەیە وە هەمان کاتیش لە پاڵ ئەمە دا دەرفەتی زیاتر بدرێت بە ژنان لە حکومەت، راستە لە ناو حکومەتی ئێمە رێژەی ژن زۆرە، بەڵام ئەگەر بێی تەبەقەیەکی تر تەحلیلی بکەیت بۆت دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی کە لە حکومەت کار دەکەن لە ئیشی کارگێڕی دان لە ئیشی جێبەجێ کار نین وەکو مدیر عام بێت، وەکو مستەشار بێت، وەکو وەکیل وەزیر بێت، یا وەزیر بێت، خۆشبەختانە ئەم کابینەی ئێمە سێ وەزیری ژنمان هەیە کابینەی پێشووتر یەك بوو، ئەمەیان سێیە هیوادارم لە کابینەی دەیەم زیاتر بێت، نمونەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەرگرین، رەنگە رۆژێك سەرۆك وەزیرانێکیشمان هەبێت کە ژن بێت، بۆیە ئەمە باوەڕی ئێمەیە و باوەڕی حکومەتەکەشمانە و پێموایە دام و دەزگاکانی پەیوەندیداریش ئەو مەوزوعە زۆر بە جدی وەریانگرتووە و هەر بە جدیش وەری دەگرن، من سوپاستان دەکەم کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم ئەگەر هەر دوو برایانی بەڕێز کاك ئاوات بە ئیجازەی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان باسی ئەومە مەلەفانە بکات کە پەیوەندی بە خۆی و وەزارەتەکەیەوە هەیە وە کاك ئامانجیش ئەو شتانەی کە داوام لێی کرد باسی بکات، سوپاستان دەکەم بۆ سەبر و تەحەمولتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە یەکەم جار دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری دارایی، بەڵام بۆ ئەوەی بەڕێز کاك دکتۆر ئامانج قسە لەسەر ئەوە بابەتانە کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رایانسپاردووە قسە بکات دەبێت بەڕێزتان دەنگ بدەن، چەند کەس لە گەڵ ئەوەیە کە کاك دکتۆر ئامانج روونکردنەوەمان بداتێ لە سەر ئەودۆسیانەی کە راسپێردراوە قسەی لە بارەوە بکات، کێ لەگەل دایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە زۆرینەی دەنگ دوایی دەرفەتی دەدەینێ دوایی بەڕێز وەزیری دارایی قسە بکات، بەڕێز وەزیری دارایی هەندێك رەچاوی کات بکەن بەڕێزتان، لەبەر ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران روونکردنەوەی باشیان داینێ، فەرموون.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب / وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی من دەمەوێت بە کورتی و بە خێرایی بۆتانی باس بکەم پەیوەندی بە جدیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە تایبەت بە مەوزوعی چاکسازی، لە بیدایەتی کۆبوونەکەمانەوە تا ئێستا زۆر جار باسی چاکسازی و جدیەتی چاکسازیمان کرد لە گەڵیشی ئیشارەتەکان لە سەر مەوزوعی بوونی گەندەڵی و ئەوانە هەبوو بە وازحی ئیشارەتەکانمان گووتووە، ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵێم بە حوکمی ئەوەی بەشی زۆری برگە و ماددەکانی چاکسازی دەبێت بە ئیختساسی وەزارەتی مالیە لە حاڵەتی جێبەجێ کردنی دا، من دەمەوێت ئەو هەنگاوانەتان پێ بڵێم کە ئێمە گرتوومانەتە بەر لە ژێر چاودێری و ئیشرافی ئەنجومەنی وەزیران و بە تەنسیق لە گەڵ ئەنجومەنی وەزیران دا، تەبعەن خۆتان

ئاگادارن لە (١/١٦) قانوونی چاکسازی لە لایەن جەنابتانەوە موافەقەتی لە سەر کرا و دەنگی داوەتێ، لە (٢/٤) لە سەرۆکایەتی هەرێم ئیمزا کراوە، لە (٢/٧) لە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوەکەی حازر بووە و ناردوومانە بۆ وەقایع و بڵاوکراوەتەوە، لە (٧/١)ەوە چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەم تەسەلسولە زەمەنیە ئەگەر سەیری بکەن حرسی ئەنجومەنی وەزیران لە سەر جێبەجێ کردن و لە سەر خستنە بواری ئیش پێکردنەوە بە نیسبەتی ئەو قانوونەوە حازر بووە لە یەکەم دەقەوە بە هەموو قەناعەتێکەوە کە ئیشی لە سەر بکەن، بواری خانەنشینی و دەرماڵە و پلەی تایبەت و ئەمانەی گرتۆتەوە، من بە سەریعی ئەوەتان بۆ باس دەکەم کە ئەو هەنگاوانە چین، لە بواری خانەنشینی بە پێی یاساکە لە بەشی حەوتەم ماددەی (٧) لە بڕگەکانی (٢،٧، ٨، ٩، ١٠)ی یاسایی چاکسازی دا هاتووە، ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتاندن کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی بۆ پێداچوونەوە بە خانەنشینی نایاسایی و جیاکردنەوەی دۆسیەکانیان، دووەم: ڕەوانە کردنی لیستی ناوی خانەنشینی نایاسایی پلە تایبەت کە ژمارەیان (٤٦١) کەسە، بە مەبەستی ڕاگرتنی مووچەکانیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز کراوەتەوە، سێ: کارکردن لە سەر دۆسیەی خانەنشینانی پلە شارەزا و داوا لە لیژنەی باڵا کراوە بۆ چۆنییەتی هەڵوەشانەوەی یاسایی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)، چوار: پاڵپشت بە ماددەکانی سەرەوە لە یاسایی چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر، وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی تایبەت بە خانەنشینیان لە بەرواری (٧/٢٩) دەرکردووە، واتا پێش ئینفازی قانوونەکە ئەم ڕێنماییانە حازر بوون، پێنجەم: کردنەوەی سندوقی خانەنشینی بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٩) لە (٧/١٥) پاڵپشت بە یاسایی چاکسازی لە ماددەی یەکەم لە بڕگەی (٢، ٣، ٤) وەزارەتمان هەستاوە بە دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی لە گەڵ پەیکەری پەسندکراو هەیکەلی ئیداریەکەی بۆ سندوقی خانەنشینی لە چوارچێوەی کارەکانی کابینەی نۆیەم، شەشەم: ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و هەردوو یەکەی (٧٠ و ٨٠) بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (٨) لە یاسایی چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) بۆ هەڵوەشانەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کەئەمە لە زمنی ئەو سەرکەوتنانەیە کە چۆن کاك مسرور ئیشارەتی پێدا بە وەحدە حسابییەکەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمەش سەرکەوتنێکە کە بە مانایی کەلیمە هی ئەوەیە باس بکرێت و گرنگی پێ بدرێت، حەوتەم: بەردەوام بوونی کارکردن لە سەر بەڕێوەبردنی سیستەمی زانیاری خانەنشینی لە گەڵ وەزارەتی پلان دانان و کۆمپانیای پەیوەندیدار کە نزیکەی (٩٠%)ی تەواو بووە، هەشتەم: لە بەشی حەوتەم ماددەی (٧) بڕگەی (٩) لە یاسایی چاکسازی هاتووە پێداچوونەوە بە هەموو دۆسیەی خانەنشینانی دادوەران کە ئێستا دۆسیەکانیان هاتۆتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و خەریکی لێکۆڵینەوەن بۆ حازر کردن بۆ بڕیاردان لە سەری، لە بواری بانکە بازرگانییەکان لە بەشی هەشتەم ماددەی (١٣) بڕگەی (١) تایبەت بە کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ مووچەخۆران، وەزارەتی دارایی و ئابووری گشتاندنی دەرکردووە لە بەرواری (٦/١٧) بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم بڕگەیە لە بواری هونەری ڕێکاری پێویست گیراوەتە

بەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بابەتە، واتا تەقریبەن بە سێزدە ڕۆژ پێش ئینفاز یا چواردە ڕۆژ پێش ئینفازی قانوونەکە، ماددەی (١٣) بڕگەی (٣) تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانیەکان، ئەم بڕگەیە لە (٥/١٣) چووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە و سەرجەم ئەم ڕێکارانە گیراونەتە بەر، یەکەم: بە نوسراوی فەرمی سەرجەم چەکدارکاران ئاگادار کراونەتەوە کە لە ماوەی دە ڕۆژ بە مەبەستی گەڕانەوەی قەرزەکان لە بەرواری دەرچوونی گشتاندن دەکەن، دوو: نوسراوی فەرمی کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرە بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ڕەهەندەکان و نوێ کردنەوەی سەنەدی تاپۆ، سێ: نوسراوی فەرمی کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی دادی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بە مەبەستی فرۆشتنی موڵکی ڕەهن کراوی قەرزدارەکان، چوار: تا ئێستا لەو پارانەی وەرگیراوەتەوە نزیکی ملیارێك ونیو بەرەو دوو ملیار دینار وەرگیراوەتەوە، بەدەر لەم خاڵانەی کە باسمان کرد وەزرەتمان هەستاوە بە گشتاندن بۆ دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ بڕگە و ماددەکانی هاتوو لەم یاسایی چاکسازییە، یەکەم: گشتاندنی دارایی لە (٦/٢٩) تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسایی چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی، دووەم: ڕێنمایی ژمارە (١٢) لە (٦/٢٩) تایبەت بە خزمەت و پلەی وەزیفی بە مەبەستی پێداچوونەوە و ڕێکخستنی پلە و ناونیشان و مووچەی سەرجەم مووچەخۆران، سێ: ڕێنمایی ژمارە (١٣) لە بەرواری (٦/٢٩) تایبەت بە خانەنشینی بە مەبەستی پێداچوونەوە و ڕێکخستنی پلە و وناونیشان و مووچەی سەرجەم خانەنشینان، چوار: بەشی پێنجەم ماددەی (٥) لە یاسایی چاکسازی تایبەت بە دەرماڵەکان وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتی تایبەتی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە تێیدا دەرماڵە ناجێگیرەکان بەشی زۆریان بە یاسایی کراون لە پەرلەمان وەك پیشەی جوگرافی و خواردن و ئەوانە وەلحاسڵ لە ئەنجومەنی وەزیران حازرە بۆ ئەوەی بڕیاری لە سەر بدرێت، پێنجەم: دەست کردن بە جێبەجێ کردنی قۆناغی دووەمی بایۆمەتری، وەکو خۆتان ئاگادران قۆناغی یەکەم تەواو بووە بە مەبەستی پاککردنەوەی لیستی مووچە لە مووچەی نایاسایی و دوو مووچەیی تەبعەن ئەوە بە تەنسیق لە گەڵ ئەنجومەنی وەزیران کراوە، شەشەم: ئامادە کردنی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری سەبارەت بە گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری وەکو پێشتر باسمان کردئەمە ئیحالەی کۆمپانیا ڕاوێژکاریە ئەجنەبیەکان کراوە، ئێمە یەکشەممەی پێشوو بەداخەوە لەوێ تۆزێك تەئخیر بوو، ئەگینا ئێمە زووتر نزیکەی دوو مانگ سێ مانگ ناردوومانە، بەڵام یەکشەممەی پێشوو جوابی نیهایمان وەرگرتووە و دوێنێش لە گەڵ دیوان و لە گەڵ سکرتاریەتی ئەنجومەن کۆبوونەوەمان لە سەرکردووە و حازرە بۆ بڕیاردان، وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی شەهیدان لە یاسایی چاکسازی بەشی دووەم لە ماددەی (٢) بڕگەکانی (٥) کاری سەرەتایی کراوە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی دەرچوونی ڕێنماییەکان وەزارەتمان لە گەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ڕێنمایی ژمارە (٢٠) لە (٩/٢٨) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان دەرکراوە، سەبارەت بە خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی، وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی پێشمەرگە نوێنەرمان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی بودجە و بەڕێوەبەرایەتی میلاکات لە بەرواری (٦/٢) دیاریکراوە، نوێنەرمان لەگەڵ لیژنەی لاوەکی وەزارەتی پێشمەرگە کۆ

بۆنەتەوە بۆ پێدانی بەرچاو روونی تەواو بە وەزارەتی پێشمەرگە پەیوەست بە بەشی چوار ماددەی (١، ٢) تایبەت بە رێکخستن و یەکخستنی یەکەکانی ژمێریاری وەکو کاك مسرور باسی کرد ئەوە تەواو بووە و تەوحید کراوە، کە ئەویش سەرکەوتنێکی زۆر گرنگ و گەورە بوو بەرەو یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەگەڵیشیدا لە چوارچێوەی یەکەی هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگە لە یەك یەکەی ژمێریاری وردبینی کردنی لیستی پێشمەرگە و دوروست کردنی دۆسیەی کەسی و پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگە لە گشت یەکەکان، لە ئێستادا وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی پێشمەرگە پەیوەست بەم بابەتە ئامادەکاری دەکەن بۆ دەرکردنی رێنمایی پێویست، بۆ ئەوەی زوو رێنماییەکە بۆ ئەویش دەرچێت، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ لە یاسایی چاکسازی لە بەشی چوارەم ماددەی (٤) برگەکانی (٤، ٥) وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەوەی پێویستی ئەنجام داوە بۆ رێکخستنەوەی هێزەکانی پاسەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ، و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی ناوخۆ پێویست بەم بابەتە ئامادەکاری دەکەن بۆ دەرکردنی رێنمایی پێویست ئەویش شەوتێکی زۆر چۆتە پێشەوە و پێموایە لە چەند رۆژی داهاتوو ئەویش تەواو دەبێت، ئەمە نموونەیەکی واقعی زیندووە لە سەر جدیەتی حکومەتی هەرێم لە تەتبیق کردنی یاسایی چاکسازی، هەندێك شت هەبوو کە باس کرا، بۆ نموونە کاك عمر باسی یاسایی بودجەی کرد رەنگە جەنابت لێرە نەبوویت، ئێمە پرۆژە یاسایی چاکسازی (٢٠٢٠) مان حازرە، بەڵام بەداخەوە ئیتیفاقیەی ئێمە لە گەڵ عێراق جێبەجێ نەکرا، ئوستاز عادل عبدلمهدی رەوانەی پەرلەمانی نەکرد، ئەگینا ئێمە ئەوەمان تەواو کردبوو، کە ئەومان نەما هاتین گەڕاینەوە بو بەیانی مالی لە ساڵی (٢٠١٩) بەیانی مالیشمان حازرە، باسی مامۆستایی وانەبێژتان کرد لە گەڵ گرێبەستەکان، من دەمەوێت راستیەك هەیە دەبێت جەنابتان بیزانن، هەر وەختێك کە ئیمکانیەتی دارایی ئامادە بووبێت لە ئەنجومەنی وەزیران بێ سێ و دوو بڕیاری پێویست بۆ هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی کە پێویست بووبێت بکرێت کە زروف موهەیۀ بوو بڕیاری لێ داوە، لەوانە ئەوانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەت بوون ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داو و (١٣٠٠٠) لەوانە مووچەکانیان بۆ بەسترایەوە، لە قۆناغێکی تریش بۆ (٣٥٠) کەسی تر کە پێویستیەکانیان حازر کرا و ئیمکانیەتی حکومەت حازر بوو جارێکی تر (١٣٠٠٠) ئینجا (٣٥٠) کەسی دیکی کرا، ئینجا خۆشتان بیرتانە لە عەینەن زروفدا کە زروف موهەیۀ بوو مامۆستاکانی گرێبەست هەموو کران بە دائیمی وە بۆ مامۆستایی وانەبێژیش بۆ ئەو کەسانەی بە کرێ رۆژانە ئیش دەکەن هەر کاتێك زروفی حکومەت موهەیەء بێت بڕیاری پێویستیش لە سەر ئەو بابەتە دەدەین، بە شێوەیەکی گشتی لە ناو ئەنجومەنی وەزیران عەتف لە سەر مامۆستایانی وانەبێژ و لە سەر ئەوانەی کە بە کرێی رۆژانە ئیش دەکەن عەتفەکە حازرە، بەڵام پێویست بەوە دەکات کە لە روویی توانا داراییەکەشی حازر بێت، بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لە سەر بدرێت، وە هەر لەو چوارچێوەیەش دا کاك مسرور ئیشارەتی دا بە تەعین کردنی ژمارەیەکی گەورە لە دکتۆرەکان لە گەڵ کارمەندانی تەندروستی لە سەر قاعیدەی موهیم ئەو شتانە جێبەجێ کراوە، کاك مسرور باسی زەمانی بیمەی تەندروستی کرد، بیمە بە شێوەیەکی گشتی هێشتا لە کوردستان یاسایەکی تایبەت بەومەسەلەیە دەرنەچووە، وە ئێمە لە وەزارەتی دارایی خەریکین لە سەر تەئمین بە

شێوەیەکی گشتی پرۆژە یاسایەك بنێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەوێوە تەقدیمی ئێوە بکرێت بۆ ئەوەی یاسایەکی پێ دەرچێت یا ئینفازی قانوونەکەی عێراقی لە سەربکرێت هەر کامێکیان بێت، ئێمە لە وەزارەتی دارایی بڕیارمان دا یەکەیەکی حسابی تایبەتمان بە زەمانی ئیجتیماعی کردۆتەوە کە ئێستا هەموو ئەو پارانەی زەمانی ئیجتیماعی دەچێتە سەرئەو حسابە مەحفوز دەبێت، کە لەوەو پێش بە هۆی زروفی ئیقتسادیەوە دەسکاری ئەوەش کرابوو، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەو شتانەیە کە جەنابتان پێویست بوو بیزانن و جددیەتی حکومەت پیشان دەدات وە سوپاستان دەکەم بۆ گوێگرتنتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێز دکتۆر ئامانج سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر ئەو تەوەرانەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگر رایانسپاردبوون بە تایبەت پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکان بە تایبەتی ئەوانەی (ser ves)، وە بە خۆتان سەرۆکی ئەو لیژنەیەن کە راسپێردرابوون بەو بابەتە دەمانەوێت بزانین چیتان کردووە؟ وە لە سەر قەرزەکان لە چ قۆناغێکن؟ وە هەر تەفاسیلێکی ترتان هەیە پەرلەمان دەیەوێت گوێی لێتان بێت، فەرموون.

**بەڕێز ئامانج رحیم/ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئێوارەتان باش و ماندوو نەبن، هیوادارم تاقەت و حەوسەڵەتان مابێت گوێ لە منیش بگرن، تەبعەن بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وە بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیران هەردووکیان لە میانەی ئەو ئەو راپۆرتەی پێشکەش کرا لە میانەی وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئێوە بەندەیان راسپارد کە لە خزمەتی ئێوە زیاتر بە تەفاسیڵ لە سەر سێ تەوەر قسە بکەم، بۆیە من هەوڵ دەدەم بە کورتی و بە پوختی زیاتر ئەو بابەتانە بخەمە روو کە پەیوەندیدارن بە ژمارە وە بە روونکردنەوەی چوارچێوەی یاسایی و ئەو رێکارانەی کە لە روویی تەکنیکیەوە ئەنجام دراون، تەوەری یەکەم لە سەر بابەتی قەرزەکان وە پابەندی دارایی، تەوەری دووەم لە سەر بابەتی شەفافیەت و مەسەلەی دۆسیەی نەوت، تەوەری سێیەمیش کە جەنابی کاك قوباد فەرمایشتی کرد کە قسە بکەم لە سەر یاسایی خانەنشینی، وە هەروەها دروست کردنی سندوقی خانەنشینی، بەڕێزان یەکەم تەوەر تەوەری قەرز و پابەندی دارایی، پێش هەموو شتێك مەسەلەی وەرگرتنی قەرز ئەوانەی کە قانوونین ئەگەر دەستوری عێراقی بخوێننەوە لە ماددەی (١١٠) بڕگەی یەکەم بابەتی ئیقتراز وە وەرگرتنی قەرز وە ئیمزا کردنی عقودی قەرز هەموویی لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە، هەرێمی کوردستان ئەگەر ویستی بێت قەرز وەربگرێت قەت نەیتوانیوە قەرزی سیادی وەربگرێت، قەرزی سیادی جیاوازی چییە لە قەرزی تیجاری؟ قەرزی سیادی هەمیشە ئەو قەرزەی کە عێراق وەریگرتووە بە سعرێکی فائیدەیی زۆرکەم وەریگرتووە، عێراق تەنها لە ئیقترازی ئەجنەبیش (٦٤٠٠٠٠٠٠٠٠) شەست و

چـوار مليـار دۆلار قەرزارە، ئەگەر نمـونەی ئەو قەرزانە وەربگيـرين كە لە (٢٠٠٣) وەريگرتـووە تـاوەكو (٢٠١٩)، مەسـەلەن قەرزی وەرگرتـووە لە جايكـای يابـانی بە (٠.٦٤%) ( i nt er est ) فائيدە، قەرزی وەرگرتووە لە بانكی نێودەوڵەتی بە (٠.٦) وەكـو ( i nt er est)، بەڵام هەرێمـی كوردسـتان بە بەردەوامـی لە (٢٠٠٣)وە بەشـدار بـووە لە دانەوەی ئەو قەرزانە، چـونكە دانەوەی قەرزەكان و فائيـدەيی خـراوەتە سـەر نەفەقـاتی سيادی، بەڵام ئايـا هەرێمـی كوردسـتان قەرزی وەرگرتووە؟ نەخێر، بۆيە بەشێكی هۆكاری ئەو قەرز و پابەندی داراييە دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ئەوعجزەيەيە لە نێوان داهـات و خەرجييەكـان، ديـارە لە سـاڵی (٢٠١٤) لە مـانگی شـوبات بەشـە بـودجەی هەرێمـی كوردسـتان بـۆ يەكەم جـار بـڕدرا، بەڵام ئەو كـات وەزارەتـی دارايـی لە سـاڵی (٢٠١٤) تـوانی بەردەوام بێـت بە تەواوی سـاڵی (٢٠١٤) مـووچەی تەواوی فەرمـانبەرانی هەرێمـی كوردستان درا لە سی رۆژ جارێك، لە ساڵی (٢٠١٥) هەشت مانگ مـووچەی تەواوی فەرمـانبەرانی هەرێمی كوردستان درا لە كاتێك ئەو مليـار دۆلارەی لە حكـومەتی فيـدراليەوە دەهـات بـۆ دانـی مووچە بڕابوو لە حكومەتی فيدرالی، وە داهاتەكانی هەرێمی كوردستانيش قەت بەر تەقـای ئەو خەرجيانە نەبوو كە هەرێمی كوردستان جێبەجێی دەكرد، بەشێكی پڕكردنەوەی ئەم عجـزەی بە چی بوو؟ بە دەست بردن بوو بۆ مەسەلەی پارەی ئيحتياتی بانقەكان، بە مەسەلەی ئەو چەكانەی كە پێيـان دەگـوت چەكـی تەعەهـود كە ئێسـتا ( TBI) و(KI B ) سـەرفيان كـردۆتەوە، بـوونە پابەندی دارايـی لە سـەر هەرێمـی كوردسـتان، بـۆيە مەسـەلەی قەرز و پابەنـدی دارايـی بە هـيچ شێوەيەك ئەمـانە بە پێـی وەكـو ئەوەی كە دكتـۆر شـێركۆ كە بەداخەوە ئێسـتا لێـرە نيـيە جـوان باسی كرد گوتی ئەمە تەعريفی قەرزيان بە سەرجێبەجێ ناكرێت، چونكە ئەمـانە زيـاتر پابەنـدی داراييـن، مژدە خان پرسياری كرد كە قەرزەكان جاران (٢٧) بيست و حەوت مليـار بـوو بـۆ ئێسـتا بووە بە (٢٨) بيست و هەشـت مليـار؟ جەنـابی سـەرۆك وەزيـران ئامـاژەيی پێـدا پـێم خۆشـە بە رەقەم بۆتان باس بكەم، تەبعەن كاتێك هەرێمی كوردستان تووشـی كـورت هێنـان بـوو لە نێـوان داهـات و خەرجييەكـان دەسـت كـرا بە موفـاوەزات لە گەڵ كۆمپانياكـانی كە لە گەڵ هەرێمـی كوردستان گرێبەستيان هەيە، تەنهـا بـۆ شايسـتەی دارايـی ئەو كۆمپانيايـانەی كە نەوت بەرهەم دێنن مانگەكانی تشرينی دووەم، كانونی يەكەم، كانونی دووەم، مانگی شوباتی (٢٠٢٠) واتا چـوار مانگ موستەحەقاتی ئەو كۆمپانيايانە هەمووی راگيـرا، هەروەهـا ئەوموسـتەحەقاتەی كە دەدرا بە (pi pel i ne) بۆڕی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی كوردستان، ئەو بڕە پارەيە كە مـاوەتەوە لەوە توانراوە تەختيەيـی بەشـێك لە نەفەقـاتی هەرێمـی كوردسـتانی پـێ بكرێـت بە تـايبەتی لە بواری پێدانی مووچە، بۆيە ئەمە بەشێكە بەشـێكی تـری بەراسـتی پەيوەنديـدارە بەو حەرەكەی كە دەكرێت لە سـەر مەسـەلەی وەرگرتنـی پـارەی پێشـەكی، هەرێمـی كوردسـتان كە نەيتوانيـوە قەرزی سيادی وەربگرێت پەنای بردووە بۆ وەرگرتنی پارەی پێشەكی، نەوتی هەرێمی كوردستان كە فرۆشـراوە لە موقـابيلی ئەوە پـارەی پێشـەكی وەرگيـراوە، تەبـعەن ئەمە وايكـردووە كە

سەعرەکەش بە جۆرێك لە جۆرەکان سەعرەکەی فەرقی هەبێت لە گەڵ سەعری سۆمۆ، ئەگەر سەیری جەدوەلەکە بکەین کە جەنابی سەرۆك وەزیران خستیەڕوو کە (٢٨٤٧٧) بیست و هەشت ملیار و چوار سەد و حەفتا و حەوت ملیۆن دۆلار بوو لەم بڕە پارەیە ئەگەر بە دۆلار باسی بکەین هەشت ملیار و نۆ سەد و شەست و شەش ملیۆن دۆلار پارەی پاشەکەوت کراوی مووچە و مووچەی فەرمانبەران و خانەنشیانی هەرێمی کوردستانە، پارەی پێشەکی کە لە کۆمپانیاکانی کڕی نەوت لە هەرێمی کوردستان وەرگیراوە بۆتە تەقریبەن چوار ملیار ونیو کە باسکرا کە ئەمەش وەکو پابەندی دارایی حسابکراوە، یەك ملیار دۆلار بریتیە لە پارەی بوودجەکان کە لە دوایی ساڵی (٢٠١٤)ەوە نەتوانراوە ئەوانەی کە مەشارعی ئیستسماریان جێبەجێ کردووە نەتوانرا بدرێتەوە، پارەی بانقەکان کە مانگانە دە ملیۆن دۆلار کە خۆتان ئاگاتان لێ بوو لادەدرا کە لەو ئیستحقاقەی کە لە بەغدا دەهات بە خۆشحاڵی ئێستا ئەو دە ملیۆن دۆلارە کۆتایی پێ هات، بەڵام ئێستا بەغدا داوا دەکات کە بانقەکانی تریش بەتایبەتی ( TBI) موستەحەقاتیان ڕێك بخرێتەوە، بۆیە مەسەلەی قەرز و پابەندە داراییەکان قەرز نییە و بە هیچ شێوەیەك یاسایی ڕاکێشانی سەرمایە لە ڕێگەی قەرزەوە کە لەم پەرلەمانە لە ساڵی (٢٠١٥) مەسادەقەکرا بەکار نەهێنراوە بۆ وەرگرتنی قەرز، تەبعەن ئەگەر سەیری عێراق بکەین لە قانوونی موازەنەی ساڵی (٢٠٢٠) نەفەقاتی موخەمینەی عێراق سەد و چل و هەشت تریلیۆنی، بەڵام ئەو داهاتەی کە عێراق دەستی دەکەوێت بە داهاتی نەوتی و غەیرە نەوتیشەوە شەست و حەوت تریلیۆنە، واتا عێراق بۆ ساڵی (٢٠٢٠) هەشتا و یەك تریلیۆن عجزی هەیە ئەو هەشتا و یەك تریلیۆنەیی بە چی پڕ کردۆتەو؟ لەگەڵ دەست بەکار بوونی بەڕێز مستەفا کازمی پازدە تریلیۆن بەس لە بلوکی داخلی قەرز وەرگیراوە، پێنج ملیار دۆلار قەرزی ئەجنەبی وەرگیراوە، ئێستا لە قانوونی موازەنەی (٢٠٢٠) داوا دەکەن پێنج تریلیۆنی تریش قەرز وەربگیرێت، واتا عێراق وەکو جەنابی کاك قوباد ئامازەی پێدا بۆ هەرێمی کوردستان سیاسەتی ئەوەی هەیە لە گەڵ عێراق ڕێك بکەوێت؟ چونکە عێراق هەندێك توڵ و هەندێك هۆکار و هەندێك ڕێگای لەبەر دەستە کە لەبەر دەستی هەرێمی کوردستان نییە، لە ساڵی (٢٠٠٥) ئیحتیاتی بانکی مەرکەزی (٨٤) هەشتا و چوار ملیار دۆلار بوو، ئەم بەیانیە من لە مدیر عامێکی بانکی مەرکەزی پرسیم وتی ئێستا (٥٦) پەنجا وشەش ملیار دۆلارە، واتا ئەوان دەستیان بردووە بۆ ئیحتیاتی بانکی مەرکەزی، کاتی خۆیی ئەگەر لە یادتان بێت مالکی زەختی لە سینان شەبیبی دەکرد بۆ ئەوەی ئەو کاتە ئەو موحافزی بانکی مەرکەزی بوو لە سەر ئەوە وازی هێنا لە ئیشەکەی بۆ ئەوەی قبوڵی نەبوو دەستکاری ئیحتیاتی بانکی مەرکەزی بکرێت، سندوقی تەقاعودی کە ئێستا مەوجوداتی دە تریلیۆنە جگە لەوەی کە دەتوانێت موستەحەقاتی موتەقاعدین بدات، دیسان دەست براوە بۆ پارەی سندوق جگە لە مەسەلەی قەرز، بۆیە عێراق سەرەڕای دابەزینی سەعری نەوتیش بەڵام توانیوە مووچە بدات خۆ لە ساڵی (٢٠١٤،٢٠١٥، ٢٠١٦) عێراقیش بە هەمان شێوەی هەرێمی کوردستان سەعری برێنت بەکار دەهێنێت

بۆ فرۆشتنی نەوت، بەڵام ئەوان توانیویانە بە سود وەرگرتن لە ئیحتیاتی بانکی مەرکەزی بە قەرزی نێودەوڵەتی بە فائیدەیەکی زۆر کەم، وە هەروەها بە ئیزداری سەنەداتی قەرز لە رێگای وەزارەتی مالیە توانیویانە تەختیەی ئەو عیجزە بکەن، تەبعەن ئەگەر هەرێمی کوردستان موقارەنە بکەیت لە گەڵ عێراق، عێراق هیچ هەنگاوێکی چاکسازی نەناوە، ساڵانە چل و سێ ترلیۆن بەس نەفەقاتی رەواتبی عێراقە، لە هەرێمی کوردستان پێنج ترلیۆن چوار سەد و چل و هەشت ملیاریان داناوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە عێراق لە جیاتی ئیسلاحات بکات پەنای بردووە بۆ وەرگرتنی قەرز وەکو بەڕێز نوێنەرانی ئێمە لە لیژنەی مالی لە پەرلەمانی عێراق هەمیشە باسی دەکەن ئێستا قەرزەکانی عێراق لە سەد ملیار دۆلار تێپەڕ بووە ئەگەر بێی حسابە بکەیت، ئەگەر سەیری قەوانینی مەوازنە بکەیت، تەبعەن بۆ ئەوەی شەفافیەت لەم بوارە هەبێت لە عێراق ئەگەر سەیری مەوازنە بکەیت داهاتی تێدایە، خەرجی تێدایە، قەرزی تێدایە، عەجزی تێدایە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەداخەوە لە دوایی ساڵی (٢٠١٤) ئێمە نەمانتوانیوە قانوونی بودجە بهێنینە پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر قانونی بودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان ئەو پرسیارانە لای ئێوە دروست نابێت، چونکە ئەو کاتە حەقڵێکی تێدایە ئەمە داهاتی نەوتە، ئەمە داهاتی غەیرە نەوتیە، داهاتی غەیرە نەوتی ئەمە باجە، ئەمە رسوماتە، ئەمە گەمارگە، ئەمە بەدەلی ئەو ئیجاری دەوڵەتە، ئینجا دێیە سەر خەرجییەکان، ئەمە خەرجی نەوتە، ئەمە خەرجی غەیرە نەوتییە، ئینجا عیجز چەندە وەکو باسم کرد ئەگەر سەیری قانوونی مەوازنە بکەیت باسی هەشتا و یەك ترلیۆن عجز دەکات وە باسی ئەوەش دەکرێت چۆن تەختیەی ئەو عجزە بکرێت، بۆیە وەکو کاك ئاوات وەزیری دارایی و ئابووری باسی کرد، ئێمە بە راستی هەدەفمان هەبوو لە ساڵی (٢٠٢٠) مەشروعی قانوونی مەوازنەی هەرێمی کوردستان بێتە پەرلەمان وە موسادەقە بکرێت، ئەو کاتە قانوونی مەوازنە تەنها بۆ رێکخستنی داهات و خەجی نەدەبوو، بەڵکو تولێکیشە بۆ بەرپاکردنی شەفافیەت، ئەو کاتە ئەو پرسیارانە لایی ئێوە دروست نەدەبوو، ئێستا عێراق دەڵێت لە (٢٠٢٠) تەقدیری کردووە دەڵێت بەرمیلك نەوت دەفرۆشم بە (٤٠.٥) دۆلار تەقدیری کردووە ئەو کاتە پرسیار لایی ئێوە دروست نەدەبوو نەوت بە چەند دەفرۆشرن؟ چەند تەسدیر دەکەن؟ بەرهەم هێنانتان چەندە؟ بۆیە پێوایە هاوڕاین لەگەڵتان ئەگەر لە گەڵ عێراق ئەو بابەتانە یەکلا بکرێتەوە قانوونی مەوازنەی هەرێمی کوردستانیش بێتە پەرلەمانی کوردستان، تەبعەن کاك قوباد جەنابی ئاماژەی پێدا ئێمە لە مانگی (٢٠١٩/١٢) گەیشتینە رێککەوتنێکی زۆر باش لە گەڵ حکومەتی فیدراڵ ئەو کاتە بەڕێز عادل عبدالمهدی سەرۆك وەزیران بوو ئەگەر سەیری ماددەی (١١)ی ئەو مەشرۆعە قانوونە بکەن قبوولیان کردکە هەموو قەرز و پابەندە داراییەکانی هەرێم بخەنە ناو نەفەقاتی سیادیی وە بە دوفەعاتی سەنەوی یارمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارانەی کە بۆ ئێوە باسمان کرد بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە خۆتان دەزانن پڕۆژە یاساکە بە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی

دکتۆر عادل و ئەو کابینەی دکتۆر عـادل وایـی کـرد کە نەگـاتە نەتیجە، وەکـو باسیشـم کـرد ئەو قەرزانەی عێراق بە بەردەوامـی ئـێمەیە لە (١٧%) مـان داوەتەوە یـا لە (١٢.٦٧%)مـان داوەتەوە، چونکە دەچن دیـوون دەخەنە نەفەقـاتی سـیادی خۆشـتان دەزانـن حسـەی هەرێمـی کوردسـتان دوایی داشکاندنی نەفەقاتی سیادی دراوە بە هەرێمی کوردستان، وەکو جەنابی سەرۆك وەزیران ئاماژەی پێدا ئەم راپۆرتەی کە بەڕێزیان لە ماوەی سەعاتێك بۆ ئێوەی خوێنـدەوە هەر تەوەرێـك لەو پێـنج تەوەرەی کە جەنابیـان بۆتـانی بـاس کـرد بـۆکس فایـل و راپـۆرتێکی تـایبەتی لە گەڵە، ئەگەر لە یاددتان بێت لە شەوی یەکەم رۆژی جەژن جەنابی سەرۆك وەزیـران ئامـاژەی دا بەوەی کە هەرێمی کوردسـتان قەرز و پابەنـدی دارایـی لە سـەرەوە، وە لە وتارەکەشـی لە رۆژی دەسـت بەکار بوون و یا خـود متمـانە دان بە کـابینەکە دیسـان باسـکرا، ئـێمە لە (٢٠٢٠/٦/٤) لە گەڵ تەواو بـوونی پشـووەکانی جەژن یەکەم کۆبـوونەوەی ئەنجـومەن لە سـەر ئەم بـابەتە بـوو، وە بە نوسـراوێکی رەسـمی تەفاسیلی ئەم ژمـارانەی کە بـۆ ئێوەیـان بـاس کـرد خـراوەتە بەر دەسـتی دیوانی چاودێری دارایی وە ئەوان بە چەند رۆژێـك دوایـی ئەوە تیمێکیـان دروسـت کـردووە وە راپۆرتی یەکەمیش دەرچووە لە لایی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان راپـۆرتی یەکەم هەیە، بەڵام ئێستا دەستەی چاودێری دارایی داوای کۆمەڵێك دێکۆمێنتیـان کـردووە لە سـەر ئەم قەرزانە، بـۆ ئەوەی کە راپـۆرتی کۆتـایی بـدەن وە خۆشـتان دەزانـن دیـوانی چـاودێری دارایـی دەسـتەیەکی سـەربەخۆیە وە ئەوان وردبینـی دەکەن بـۆ ئەو قەرز و پابەنـدییە داراییـانە، وە چاوەڕوانیش دەکەین ئەو راپۆرتە دوایی ئەوەی دەگاتەوە ئەنجومەنی وەزیران بێتە بەر دەستی بەڕێزتان، بۆیە من پێشی دیوانی چاودێری دارایی ناکەوم بـۆ ئەوەی کە قسـە لە سـەر راستی و دروستی ئەم ژمـارانە بکەیـن، بـا دیـوانی چـاودێری دارایـی راپـۆرتی کۆتـایی خـۆیی بخـاتە بەر دەستی هەم ئەنجومەنی وەزیران هەم پەرلەمانی کوردستان، لە سەر مەسەلەی نەوت زۆر قسـە کرا ئەوەی پەیوەندیدار بوو بە مەسەلەی قەرز، تەبعەن ئەگەر تەبعەن ئەگەر موقـارەنە بکەیـن لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقـی لە بـواری نەوتـدا فەرق و جیـاوازی زۆرە، یەکەم گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان هەمـووی گرێبەسـتی موشـارەکەن لە ئینتـاج کە پێـی دەڵێن (production sharing contract)، بەڵام لە عێـراق عقودەکانیـان عقـودی (service)ە، بونیەی تەحتی نەوت لە عێراق نیشتیمانیە، واتا بۆری هەنـاردە کردنـی نەوتـی عێـراق مـوڵکی دەوڵەتە، ئەوکۆمپانیایـانەی کە نەوت بەڕێـوە دەبەن کە کۆمپانیـایی نەوتـی بەسرەیە، کۆمپانیایی نەوتی ناوەراستە، کۆمپانیای نەوتی باکوورە، ئەو کۆمپانیایانە کۆمپانیایی نەوتی نیشـتیمانین سـەر بە وەزارەتـی نەوتـی عێراقـی فیـدراڵن، وە ئەگەر سـەیری قەوانینـی مەوازنە بـکەن لە سـاڵی (٢٠٠٥) تـا (٢٠٢٠) سـاڵانە بە لایەنـی کەم بیسـت تـاوەکو سـی ترلیـۆن دادەنرێت بۆ تەتویری نەوت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هیچ بڕە پـارەیەك تەرخـان نەکراوە لە چوارچێـوەی مەوازنە بـۆ (investment) و بـرەو دان بە بـواری نەوت، ئەو ئیشـە کـێ

کردوویەتی؟ ئەم ئیشە کەرتی تایبەت کردوویەتی، لە گەڕان بە شوێن نەوتدا، دۆزینەوەی نەوت، بەرهەمهێنانی نەوت، هەناردە کردنی نەوت، پاڵاوتنی، گواستنەوەی بە بۆڕی، فرۆشتنی، تەنانەت گۆڕینەوەی پارەکەی لە دۆلارەوە بۆ دینار، بۆ پێدانی مووچە، هەمـوو ئەم چالاکیـانە لە هەرێمـی کوردستان چالاکی کەرتی تایبەتن، لە بەغدا کە دۆلار دەگۆڕدرێتەوە بۆ دینار کێ دەیکات؟ بـانقی مەرکەزی دەیکـات لە رێگـایی مـوزایەدەیی عەلەنیـیەوە، بەڵام هەرێمـی کوردسـتان خـاوەنی سیاسەتی نەقدی نییە، ئێوە وتتان بانق هەیە ئەو بانقەی لە وەزارەتـی دارایـیە کە نـزیکەی سـەد بانقەمان هەیە بڕواتان هەبێت بەس بە ناو بانقن، ئەگینـا هەموویـان وەکـو دائیـرە و قاسـەیەکن پـارەی تێـدەچێت و پـارەی تـێ خەرج دەکـرێتەوە، بـۆیە ئێسـتا لقـی بـانکی مەرکەزی لە هەولێـر کراوەتەوە وە بڕیارە هەرێمی کوردستانیش بتوانێت سوود وەربگرێت، هەموو موەزەفێـك هەتـا ئێستاش دەتوانێت (٢٥٠٠٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار بە قەرز وەربگرێت لە بانقەکانی رەشید و رافیدەین لە عێراق کە ئەمە لە چوارچێوەی سیاسەتی نەقدی عێراقە، بەڵام ئێمە نەمـانتوانیوە سوود لەم تەسهیلاتانە وەربگرین کە لە بەردەم حکومەتی عێراقییە، بابەتێکی تـر کە ئـیلاقەی بە چوارچێـوەی یاسـاییە، هەمووتـان باسـتان کـرد ئـێمەش هاوڕاتـانین جەنـابی سـەرۆك وەزیـران، جەنـابی جێگـری سـەرۆك وەزیـران ئاماژەیـان بەوە دا کە هەموومـان کـۆکین لە سـەر ئەوەی کە خەرجییەکـانی نەوت زۆرە، راپـۆرتەکەی دیلۆیـت کە کـاك کـاروان ئامـاژەی پێـدا وە کـاك علـی ئاماژەی پێدا، کاك سەرکۆ ئاماژەی پێدا، ئەگەر سەیری بکەین دەڵێت هەشت میلیار و نیو داهاتی نەوتتان بووە چوار میلیارچوار چووە بـۆ وەزارەتـی مـالیە چـوار مليـار بريتـی بـووە لە خەرجـی شـەریکاتی نەوت وەکـو ئەوەی باسـم کـرد هەمـوو ئەو پرۆسـەیەی گەڕان بە شـوێن نەوت هەتـا گـۆڕینەوەی پـارەکەش لە دۆلارەوە بـۆ دینـار هەمـووی کەرتـی تـایبەت دەیکـات، ئەمە هەمـووی خەرجییە لە سەر سەکتەری نەوت و گـازی هەرێمـی کوردسـتان، تەبعەن ئەم عقـودانە هەرێمـی کوردستان لە گیرفانی خۆیی دەرنەهێناوە، ئەم عقودانە بە پێی یاسایەکە کە پێی دەڵێن یاسایی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)، ئەگەر سەیری بکەن ئەو بەڕێـزانەی کە قانوونەکەیان خوێندۆتەوە بەشی دەیەم چاپتەرێکی تێدایە کە دەڵێت گرێبەسـتی بەشـداری کردنـی بەرهەمهێنـان، مەرجەکـانی گرێبسـتی دەستنیشـان کـردووە لە مـاددەی (٣٧)ەوە تـاوەکو ماددەی (٤٣)، وە ئەو یاسایە دەڵێت عقودی موشارەکەی ئینتـاج بیسـت سـاڵە وە قبیلـی ئەوەیە درێژیش بکەیتەوە بۆ بیست و پێنج ساڵ، ئەگەر سەیری مـاددەی (٣٧) بـڕگەی شـەش بـکەن ئەو یاسایە رێگای داوە کە (Cost recovery) بە (٤٥%) بـدرێتەوە، بەڕێـزان شـەریکاتی نەوت ئەوەی کە خەرجییەکەیان زۆرە مانگانە بە لایەنی کەم دوو سەد و چل بۆ سێ سەد ملیـۆن دۆلار لەو خەرجیــیە دراوەتەوە دوو میلیــار و شــتێك لەو چــوار ملیــارەی کە باســکرا دراوە بەو شەریکاتانەی کە ئێستا ئینتـاج دەکەن، لە هەرێمـی کوردسـتان یـازدە بلۆکمـان هەیە کە مـونتجن ئەو یـازدە بلـۆکە هەموویـان عقـودی موشـارکەی ئینتـاجن، عەقدێکیشـمان هەیە کە عەقـدی

خـورمەڵەیە کە باسـکرا کە ئەمە عەقـدی (ser vi ce)ە، وە ئەم عەقـدانە (٤٥%)ی لە یاسـایی نەوت و گاز هاتووە کە دەڵێت دەدرێـتەوە (cost r ecover y)، بـۆیە لەوانە کە کـاك قوبـاد ئاماژەی پێدا لە هەندێك شوێن پێویستمان بەوە هەیە کە لە پەرلەمان ئیعادە نەزەر بکەیـنەوە لە نـاو قـانوونی نەوت و گـاز، چـونکە ئەم شـتانە بە قـانوون تەسـپیت کـراوە، ئەگینـا نەوتـی ربـح ( pr of i t oi l) ناگاتە (٤٥%) هیچ شەریکەیەك لە هەرێمی کوردستان لە (١٢%) تێپەڕ ناکات ربحەکەی، بەڵام ئەوەی کە خەرجییەکـانی زۆر زیـاد کـردووە مەسـەلەی وەرگـرتنەوەی ( cost r ecover y)، ئایا ئەوە پارەیەی کە شـەریکاتی نەوت خەرجـی دەکەن، چـونکە بلنیهـایە ئەوە وەکو ئەوە وایە کە لە بـودجەی گشـتی سـەرف کـراوە، چـونکە ئەگەر دۆلارێـك سـەرف بکـات لە تەتـویرکردنی حەقلێـك ئەو دۆلارە لە سـەر تـۆ حسـابە، چـونکە بە (cost r ecover y) لە داهاتوو لێت وەردەگرێتەوە، بـۆیە ئـێمە دەبێـت تەتقیـق بەرفراوانتـر بکەیـن ئەو وردبینـیەی کە ئێسـتا دیلۆیـت دەیکـات دەبێـت بچیـنە نـاو خەرجییەکـانی ئەو شـەریکاتانە، شـەریکەیەك کە ئۆتۆمبێلێك دەکڕێت بۆ تەتویری حەقڵێکی نەوتـی دەبێـت ئێسـتا بچیـنە نـاو ئەو وردەکارییـانە بزانین ئایا ئەم ئۆتۆمبێلە کە لە بازاڕ بیست هەزار دۆلارە ئایا ئەمانە بە چەند کڕیوییانە؟ چـونکە ئەوان زۆر بەلایانەوە گرنگ نییە چونکە بلنهـایە (cost r ecover y)ە، مـن دڵنیاتـان دەکەم لەم کـابینەیە بڕیـار دراوە کە دەسـت پـێ بکەیـن بە مـوراجەعە کـردنەوەی گرێبەسـتەکان، بەڵام خۆتان دەزانـن ئەم گرێبەسـتانە گرێبەسـتی قـانوونین هەرێمـی کوردسـتان یەکلایەنە ناتوانێـت خۆی بچێت دەستکاری عەقد بکات ئەوانەی کە قانوونین دەزانن کە عەقد ئیمـزا کـرا هەر دوو لا پێوەپابەندن، بەڵام چاپتەرێکی تێدایە کە پێی دەڵێن ئیعـادەی موفـاوەزات دەسـتمان پێکـردووە تیمێکی بیانی لەگەڵ مەکتەبی جەنابی سەرۆك وەزیران شەریکەی دیلۆیـت هەروەهـا وەزارەتـی سامانە سروشتیەکان هەموویان پێکەوە دەسـتمان پێکـردووە بە دیراسـە کردنـی عقودەکـان وە دەمانەوێت خەرجییەکانی نەوت کەم بکەینەوە، چونکە بە راستی خەرجی وایکـردووە کە ئـێمە داهـاتی نەوت نەتـوانین بە شـێوەیەك بێـت هـیچ نەبێـت مـووچەی مووچەخـۆرانی هەرێمـی کوردستانی لێ بدەین، بەشێکی تر ئەو شەریکاتی نەوتانە تـا ئێسـتا یەك دینـار باجیـان نەداوە بە هەرێمی کوردستان ئەوانی قانوونییەکان ئەگەر سەیری ماددەی (٤٠) بکەین لە سیستەمی باج لە یاسایی نەوت و گاز دەڵێت هەر کۆمپانیـایەك لە بـواری سـەکتەرەکانی نەوت و گـازدا کـار بکـات دەبێت باج بدەن باجەکەش چییە؟ بـاجی دەخـلە، واتـا بـاجی دەرامەت ئەمـانە ربحیـان دەسـت دەکەوێت مەفروزە لە سەر ئەو ربحەی دەسـتیان دەکەوێـت نیسـبەتێك وەکـو بـاج وەربگیرێـت، ئەمە سەنەدی قانوونی هەیە و کۆمپانیاکانیش ئامادەیی خۆیانیـان دەربڕیـوە کە بێـنە پـێش بـۆ ئەوەی کە قسـە لە سـەر ئەم بـابەتە بکەیـن، بـۆیە وەکـو باسـم کـرد ئەو عقـودانەی کە کـراوە هەموویان خازعی تەحکیمی دەولین، خۆتان کەیسی دانا گازتـان لە بیـر دێـت چـوو (LCI A) لە لەنـدەن وە ئەوانە نەك داوای پـارەی خۆیـان دەکـرد داوای ئەو پارەیەشـیان دەکـرد کە ئەگەر

( i nvest) یـان بکـردایه له کـاتی خـۆدا پێیـان بـدرابایه، بـۆیه دەبێـت تۆزێـك به وردی وه به قانوونی تەعامول له گەڵ شـەریکاتی نەوت بکرێـت، جـگه لەم خـاڵانەی که باسـم کردمەسـەلەی شەفافیـەت و مەسەلەی راپۆرتەکانی دیلۆیت هەنگاوێك دراوه که مـن پـێم وانیـیه ئەم هەنگـاوه کافی بێت بۆ ئەوەی هەموو گومانەکانی پەیوەندیدار به مەسەلەی نەوت کۆتایی پێ بێت، بەڵام پێمـوایه ئەم هەنگـاوەی کۆمپانیـای دیلۆیـت وه ئەم راپۆرتـانەی (۲۰۱۷، ۲۱۸، ۲۰۱۹) وه دڵنیاشـتان دەکەم له هەفـتەی داهـاتوو راپـۆرتی شـەش مـانگی یەکەمـی (۲۰۲۰) بـڵاو دەکـرێتەوه که تێیـدا وردەکـاری زۆر زۆری تێـدایه، هەر له ئینتـاجی نەوت چەنـدی هەنـارده دەکرێـت، چەنـدی به کـار دەهێنرێـت بـۆ مەسـفاکان، نەوت به چەنـد دەفرۆشـرێت وه خەرجییەکـانی سـەر نەوت چەنـد دەدرێـــت به (pi pel i ne) وه چەنـــدی دەدرێـــت به شـــەریکەی بۆتـــاش که ئەو ســـاحێبی (pi pel i ne) دیوی تورکیایه تا دەگـاته بەنـدەری جەیهـان وه ئەو مەعلوماتـانه هەمـووی بـۆ (publ i c)یش بلاوکراوەتەوه وه لای بەڕێزیشـتان هەیه، وه دەکرێـت ئـێمه لەمەو دوا له گەڵ لیژنەی نەوت و گاز به راستی دەبێت باشتر له جاران هەوڵ بـدەین ئەو تەنسیقه بکەیـن، خـاڵی ئەخیر که له سەر نەوت دەمەوێت باسی بکەم جگه له بونیەی تەحتی که قیتاعی خاس بەڕێوەی دەبات هەموو پڕۆسەکه ئێمه پێویستمان بەوه هەیه سندوقی کوردستان بـۆ داهـاته نەوتیەکـان دەست به کار بێت، وەکو عێراق چۆن شەریکەی سـۆمۆیی هەیه که نەوت دەفرۆشـرێت دەبێـت به پێی قانوونی نەوت و گاز ئێمەش هەوڵ بـدەین شـەریکەی کۆمـۆ دروسـت بکەیـن وه ئەمـانه پێیان دەگوترێت به دامەزراوەیی کردنـی کەرتـی نەوت و گـاز له هەرێمـی کوردسـتان، وه ئەگەر سەیری هێڵه گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەم بکەن به ئاشکرا باس له دروسـت کردنـی ئەو کۆمپانیایانه دەکات له هەرێمـی کوردسـتان، به ئاشـکرا بـاس له دەسـت به کـار بـوونی سـندوقی کوردستان بۆ داهاته نەوتییەکان دەکات، ئەمه به شێوەیەکی گشتی سـەبارەت به شـەفافیەت له بواری نەوت وه بـابەتی پەیوەندیـدار به قەرزەکـان، وەکـو باسـم کـرد ئـێمه به راپـۆرتێکی تێـر و تەسەل له داهاتوویەکی نزیك هەردوو تەوەرەکه دەنێرین بۆ پەرلەمانی کوردسـتان، ئـاخیر شـت که به پوختی باسی دەکەم مەسەلەی یاسایی خانەنشینیه.

ئێوه بەڕێزتان دەزانن چاپتەرێك له یاسایی چاکسازی تایبەتمـان کـرد به مەسـەلەی خانەنشـینی، زۆر بەڕێز ئاماژەی پێـدا ئێسـتا نـادادپەروەرییەکی گەوره هەیه، ئەوەی که له یاسـایی چاکسـازی دامـان نـا نەیتـوانی موعـالەجەی ئەو نـادادپەروەرییه بکـات که له بـواری خانەنشـینی له بەینـی پێشـمەرگەی (۷۰ و ۸۰) له گەڵ پێشـمەرگەی لیـوا رەسـمییەکانی سـەر به وەزارەتـی پێشـمەرگه جیاوازی هەیه له خانەنشینی تەنانەت له مەسەلەی خەرج کردنـی دەرماڵەش بەینـی هێزەکـانی ئاسایشی ناوخۆ تەقاعودیەکەی فەرقی هەیه له گەڵ مۆەزەفێك که له خدمەی جامعییه تەقاعود دەبێت له سەر ئەساسی راتـب و موخەسەسـات هێشـتا ئەوەمـان پـێ موعـالەجه نەکـراوه، بەڵام مۆەزەفێك له وەزارەتێکی تر تەنها له سەر ئەساسی راتبەکەی تەقاعود دەبێت، ئەو کاتەش ئەگەر

له یادتان بێت وەعدمان بە ئێوە دا ئێستا پڕۆژە یاسایەکی گشتگیر دەهێنین بۆ خانەنشینی کە زۆربەی ئەو مەشاکیلانەی کە موتەعەلقە بە خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەوانەی پێشمەرگە وە لەناویشی دا بە راستی دروست کردنی سندوقی خانەنشینی زۆر گرنگە ئەوە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی هەرێمی کوردستان سندوقی خانەنشینی دروست بکرێت، بۆمان باس کردن لە عێراق نەك دەتوانن پارەی تەقاعودی بدەن دە ترلیۆنیان هەیە کە مەوجوداتی سندوقەکەیە ( i nvest ment) مەشارعی ئیستسماریان هەیە، بۆیە لێرە بەدواوە لە مانگی داهاتوو (٧%) کە لێبڕینی تەوقیفاتی تەقاعودییە چەند ساڵ لەوەو پێش بڕدراوە بخرێتە ناو ئەم سندوقە و هەرێمی کوردستانیش وەزارەتی مالیە بە (١٢%) بەشداری دەکات، چونکە بە راستی موتەقاعدین لە مۆەزەف زیاتر ئازاری چەشتووە ئەگەر ئەو مانگە معاشیان بدەینێ معاشی مانگی حەوتی (٢٠١٩) وەردەگرن لە کاتێك ئەگەر مووچەی مۆەزەف بدەین مووچەی مانگی چواری (٢٠٢٠) وەردەگرن، ئەمە وای کردووە کە ئەوان لە دواوە بن، لە بەر ئەوە دروست کردنی ئەم سندوقە پێموایە هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ زامن کردنی چونکە ئەمانە پارەی خۆیانە وەردەگرن وەکو باسم کرد هەموو مۆزەفێك (٧%) مانگانەی راتبەکەی لەوەتەی مۆزەفە لەوێ گلداروەتەوە بە ناوی تەوقیفاتی تەقاعودی، ببورن من هەر ئەوەندە داوام لێ کرا بوو هیوادارم کە توانیبێتم لە ئاستی پرسیارەکانی ئێوە بووبم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ پشوو درێژی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دارایی و ئابووری، بەڕێز وەزیری هەرێم کاروباری بۆ پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە نزیکەی دە سەعاتە بە یەکەوە دانیشتووین گفتوگۆ دەکەین هیوادارم ئەمە ببێتە سەرەتایەکی زۆرباش بۆ پەیوەندیەکی تەندروستی نێوان هەر دوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی یاسا دانان بۆ ئەوەی بتوانین کۆبوونەوەی هاوشێوە لە ئایندە بەڕێوە ببەین، زۆر سوپاس و دەستان خۆش بێت، بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی
سێ شەممە رێکەوتی ٢٧\١٠\٢٠٢٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)
## سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٧

کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢٧) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە پشت بەستوو بە حوکمی ماددەکانی ٧٩ و ٨٠ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پێشنیازی یاسای پاراستنی تۆڕی گەنجینەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان.

٢- پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

دووەم/ دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز عمر عبدالله فتاح لە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بە پێی حوکمی ماددەکانی (٢٨ و ٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم/ گفتوگۆی پەرەسەندنی وەڵامەکانی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٠ و ٧١ و ٧٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەست پێ دەکەینن سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و بەرنامەی کار و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددە/٥ ی بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٧ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە پشت بەستوو بە حوکمی ماددەکانی ٧٩ و ٨٠ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

٣- پێشنیازی یاسای پاراستنی تۆڕی گەنجینەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان.

٤- پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

دووەم/ دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز عمر عبدالله فتاح لە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بە پێی حوکمی ماددەکانی (٢٨ و ٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم/ گفتوگۆی پەرەسەندنی وەڵامەکانی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٠ و ٧١ و ٧٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی بەپێی حوکمی بڕگەی (٢) ی ماددەی (٢٠ و ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١٠/٥ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کاری پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتانەی خوارەوە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١- هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی پرۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکان خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە/٢ ی ساڵی ٢٠٢٠.

٢- بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان دابەشکردنی مووچە.

٣- دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی عیراق .

٤- باوردۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٥- لێکەوتەکانی هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتا کۆرۆنا.

٦- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە/٨ ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١٠/٥ بەم شێوەیە:

ئەوانەی مۆڵەتیان پێدراوە بەڕێزان (ئومێد عبدالرحمن حسن، ڕۆژان ابراهیم علی، زیاد جبار محمد، مسلم عبدالله رسول، نزار مەلا عبدالله)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بەجێ بەجێ كردنی بڕگەی یەكەمی بەر نامەی كار دەكەین، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە بەڕێزان سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی دەكەین فەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بەڕێزان تكایە دەمامك بەكاربهێنن هۆڵەكە بچووكە چەند سەعاتێك بەیەكەوە دەمێنینەوە، تكایە هەر لەبەر خۆمان زیاتر، ئێمە تا ئێستا زیاتر بیست زەمیلمان تووشی كۆرۆنا بووە، كاك چیا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب دەستپێكا هەیڤا حەفت دا لسەر ڕاسپاردا سەرۆكاتیا پەرلەمانێ كوردستانێ وەكو شاندەك لیژنەك هاتە چێكرنێ بۆ دیڤ چوونا بۆ باوەڕكرنا خاڵێت سنووری ژ لایێ توركی و ئیرانێ دا هاتیە كرن، مە وەكو لیژنا سەرەدانا سلێمانی و هەولێر و دهۆك هاتەكرن، ئەڤ ڕاپۆرتە كو تێروتەسەل هاتە چێكرن و هاتیە پێشكەشكرن بۆ جەنابێ وە، ئەڤە بورینا سێ هەیڤانە هەتا نوكە بەرسڤا وێ ڕاپۆرتێ نەهاتیە دان، هەروەسا خەڵك چاڤەڕێیە ئەو ڕاسپاردا كە مە بلند كریە بۆ جەنابێت وە هیڤیدارم بەر سڤەك بە زیترین دەم بێتە كرێ، چونكی خەڵك چاڤەڕێی ڤێ ڕاپۆرتێییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، یاداشتەكەتان ڕاسپاردەكانی زۆربەی ئەو لایەنانەی پەیوەندیدار بوون بەڕەسمی ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و لایەنە پەیوەندارەكان كراوە، بەڵێ مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمەشریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان:**

ئاماژە بە ماددەی/١٨ بڕگەی/١ كە جەنابتان وەكو سەرۆكی پەرلەمان نوێنەرایەتی پەرلەمانی كوردستان دەكەن، وەك پەرلەمانی كوردستان نوێنەرایەتی گەلی كوردستان دەكات كە دیارە زۆرینەی هەرە زۆری موسوڵمانە و شوێنكەوتەی ئەو پەیامەیە كە پێغەمبەری خوا (ص.ع) هێناویەتی، مەعلومی هەموو لایەكە كە ماوەیەك لەمەوپێش سەرۆكی فەرەنسا هەندێ تەسریحاتی دا كە بووە مایەی نیگەرانی موسولمانان، جەنابتان وەكو سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان و نوێنەری میللەتێكی زۆرینەی هەرە زۆری موسولمان هیچ تەسریحێكتان لەو بارەیەوە نەدا تەنانەت بۆ ئیدانەكردنیش داوا دەكەم كە جەنابتان بەڕەسمی و بە فەرمی ئیدانەی ئەو تەسریحاتانە بكەن كە هێرشكردنە سەر ئیسلام و موسولمانان و پێغەمبەری (خاتم الانبیأ والمرسلین)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ٨/٢٥ یاشاداشتەکا فەرمی ئاراستەی جەنابێ وە کر لسەر دەستەسەرکرینێن بادینان، هەوە رۆژێ چەند هاووڵاتی و رۆژنامەڤان و چالاکڤان و کەسایەتیەن سیاسی ل دەڤەرا بادینان تێنە دەستەسەر کرن ب شێوازێن نە شارستانی و ب شێوازێن نە مەدەنی و دوور ژ یاسایێ، دوماهیك جار ژی هەژمارەکا رۆژنامەڤان و چالاکڤان لە سنوورێ پارێزگا دهۆکێ ل سپێدەیا زی کو تەنیشت خێزانا خۆ زارۆکەکا دماڵێ دابوون ب شێوازەکی نە یاسایی هێرش لەسەر ماڵێت وان هاتینە کرن، دەرگا هاتینە شکاندن و ئەڤ کەسە ل تەنیشتا خێزانا وان ڕاکرینا، پشتی کو من سەرەدانا ماڵا وان کری ل نیزکە ئاگەهیا ڕەوشا وان بن، بڕاستی زارۆکەکان د ڕەوشەکا تەندروستیا ناجێگیر دانە، ئەڤە ژی وێ چەندێ دیار دکەت کو بڕاستی ب دەر ژ یاسایی دگەل وان چالاکڤانان تێتە کرن، بەداخەوە ژی هەتاکو نوکە پەرلەمانێ کوردستانێ هیچ هەڵوێستەکا دیار و ڕوون نەبوویە لسەر ئەو بێ ڕێزی و ئەو دەستەسەرکرنا چالاکڤانان تێتە کرن... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو وەختەکەك تەواو بوو بەڕێز، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بەو دۆسیەیە قسەتان چییە؟

**بەڕێز رومیوحزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێش سێ هەفتە زیاترە ئێمە سەردانی پارێزگای دهۆك و قەزای زاخۆمان کرد، ئێمە سەردانی لایەنی پەیوەندار، ئێمە بە تەئکید سەرجەم لیژنەکانی پەرلەمان و لیژنەی بەدواداچوونن، ئێمە بۆ بەدواداچوونمان بۆ لایەنی ئەمنی کە پۆلیس و ئاسایش و ئیدارەی ناوچەکانە لە پارێزگاری دهۆکەوە بۆ قایمقامەکان و هەروەها بۆ بەڕێوبەرانی ناحیەکانیش، ئێمە لە نزیکەوە سەرجەم و بەشی هەرە زۆری ئەو پرسیارانەی کە بەڕێزان باسی دەکەن هەمان پرسیارمان کردووە لەڕاستی دا لەلایەنی ئەمنیەکان، بەڵام وتوشمانە و ناکرێ بەبێ دادگا و بێ ئەمری دادگا و داواکاری گشتی هیچ کەسێك بگیرێت، ئەوان بەشی هەرە زۆری بەشێك لەو دۆسیانەی نیشانی ئێمەیان داوە وەکو لیژنەی پەرلەمانی کە داواکاری گشتی داوای کردووە و لەسەر ئەمری ئەوان دا گیراون ئەو بەڕێزانە، واتا ئەو ڕۆژەی ڕۆژی سەردانەکە کە وتم سێ حەفتەیە زیاتر یان کەمتر بەشی هەرە زۆریان حەتمی دێنە دەرەوە، یەعنی بەردرابوون لە زیندانەکان نەمابوون، بەڵام ڕاستە تا ئێستاش ماون هەندێك، بەڵام وەڵامی کۆتایی لایەنەکان ئەوە بوو کە بڕیاری دادگا بڕیاری کۆتاییبە بۆ بەردانیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزتان لە لیژنەی تایبەتمەند بەرپرسن لەوەی بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ هەموو دۆسیەکان بکەن لە تەواوی کوردستان، دۆسییەکانی گرتنی هاووڵاتیان و موتابەعە کردنی قانونییەتی گرتنەکەیان و پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگایی کردنیان، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە (٣٢) پەرلەمانتـار لە (٩/٢٠) بە پێـی مـاددەی (٦٦) بـڕگەی یەکەم لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان یاداشـتێکمان ئاراسـتەی سـەۆرکایەتی پەرلەمـان کـرد بـۆ دانیشـتنێکی تـایبەت بە چارەنووسی مامۆستایانی وانەبێژ و سێ دەرچووە یەکەمەکان، لە (٩/٢٧) دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان یاداشتەکەی ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کردووە، لە (١٠/١٩) سـەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا وەڵامیان داوەتەوە کە ئەوە وەڵامەکەیە دەڵێ (ئەو دانیشتنەی ئەو پەرلەمانتارانە پێویست ناکات لەبەر ئەوەی سەرۆکی حکومەت لە (١٠/٥) هاتۆتە پەرلەمـان و ڕوونکردنەوەی داوە)، من بە بەڕێزتان دەڵێم (٣٢) پەرلەمانتار داوای دانیشتنێك بکەن بە پێـی چ ماددەیەك لە پەیڕەوی ناوخۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێـی مـاددەی (٦٦) بـڕگەی (٣) کە چواردە ڕۆژ تێپەڕ ناکا ئەو دانیشتنە چـۆن داویەتـی بە لیـژنەی پەروەردە؟ سـەرۆکی لیـژنەی پەروەردە ئەو صەلاحییەتەی لە کوێ یە کە یاداشتی پەرلەمانتاران ڕەت بکاتەوە؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، سـەرۆکی هـیچ لیـژنەیەك لە پەرلەمـانی کوردسـتان حەقـی ئەوەی نیـیە کە یاداشتی ئەندامانی پەرلەمان ڕەت بکاتەوە کە داوای دانیشتنیان کردبێ، بەڵام سەرچنار خان بـۆ خۆشت دەزانی لەو کۆبوونەوەی کە (١٠) سەعاتی خایاند و بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە تایبەتمەندە بە دۆسیەکە ئامـادەبوو، زیـاتر لە (١٠) بـۆ (١٥) ئەنـدامی پەرلەمـان باسـی بـابەتی دامەزرانـدنی وانەبێـژان و یەکەمەکانییـان کـرد و ئەوان وەڵامیـان دایەوە، لەبەر ئەوە دڵنیـات دەکەم جـارێکی تـر ئـێمە ئەو یاداشـتە بنێـرین بـۆ حکـومەت بڵێـین بـۆ هەمـان بـابەت وەرن دانیشـتنێکی پەرلەمـان بکەیـن، ئەوان ئامـادە نـابن دەڵـێن ئـێمە وەڵامـی خۆمانمـان داوەتەوە، قسەیەکی مەنتیقیشە چونکە وەڵامی خۆیانیان داوەتەوە، جا وەڵامەکە بە دڵـی ئـێمەیە، بە دڵـی ئـێمە نیـیە ئەوە بـابەتێکی تـرە، لەبەر ئەوە ئەو یاداشـتانەی کە بەڕێزتـان پێشکەشـی دەکەن لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان و لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە ئێستاوە ئەگەر بابەتێـك بـوو قسـەی لەبـارەوە کرابـوو لە دانیشـتنی پەرلەمـانەوە، وەڵاممـان وەرگرتبـوو ئـێمە دانیشتنی بۆ ناکەین، لەبەر ئەوەی وەڵامت وەرگرتووە بۆچی جارێکی تر کۆبوونەوەی بـۆ بـکەی، لیژنەی موختەصیش هەندێك جار یاداشتمان بۆ دێت، ویستم ئەو ئیزافەیەش بکەم، یاداشـتمان بۆ دێت هیچ چارەسەرێکی تێدا نییە، ئێمە بە ناچـاری دەیـدەینە لیژنەیەکـی مـوختەص دەڵێـین ئەگەر ئەو دانیشـتنە بکەیـن ئێـوە موعالەجەتـان چیـیە؟ بـۆ نمـونە، لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی ڕەوەنـــدی کوردســـتانی، ژمـــارەیەکی زۆر لە ئەنـــدامانی پەرلەمـــان لە ڕابـــردوودا داوای کۆبوونەوەیەکیان کردبوو لەسەر کۆچی بە کۆمەڵی لاوان لە هەرێمی کوردستان، ئێمە ئاراستەی بەڕێزیانمـان کـرد ئەوان دوای چەنـد کۆبـوونەوەیەك ئێسـتا یاداشـتێکیان ئاراسـتەی پەرلەمـان کردووە هەر ئێمەش بە ئامادەبوونی وەزیـری تایبەتمەنـد کە وەزیـری ڕۆشـنبیری و لاوانە لەگەڵ

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بڕیارمان داوە ئەو دانیشتنە دەکەین لەسەر تەوصیەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین،

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسایی یەکەم:

پێشنیازی یاسایی پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان-عیراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوەپێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە (٢٥) مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١- زیاد جبار

٢- ڕۆژان محمد کریم

٣- سەرکۆ ئازاد گەڵاڵی

٤- هەژان حسن کوێستانی

٥- عثمان سێدەری

٦- بژار کۆچەر

٧- خدیجە عمر طە

٨- سعید مصطفی هەرکی

٩- بەختیار شوکری سلیمان

١٠-زیکری أحمد زێباری

١١-کاروان گەزنەیی

١٢- عبدالناصر أحمد

١٣- فیصل عباس

١٤- راهی ڕەهبەر

١٥- شیرین یونس

١٦- سەلما فاتح

١٧- وەیسی سعید وەیسی

١٨- عباس فتاح صالح

١٩- سارا دڵشاد بکر

٢٠- روبینا اویملك عزیز

بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لیژنەی کاروباری یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ، داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی ئەم پێشنیازە یاسایە ئامادە بکات.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عیراق کە پێکهاتووە لە (٤١) مادده و هۆیە پێویستییەکان، بۆ ئەم بابەتە دوو پێشنیازە یاسا بە هەمان ناوەڕۆك پێشکەش کراوە کە دەیکەین بە یەك، ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەخوێنینەوە کە لە پڕۆژە یاساکە پێشکەشیان کردووە:

١-د. ڕێواز فائق حسێن

٢-بێگەرد دڵشاد

٣-لقمان وەردی

٤-عبدالناصر أحمد علی

٥-عباس فتاح صالح

٦-سەرکۆ ئازاد

٧-هاوڕێ مەلا ستار

٨-باڵانبۆ محمد علی

٩-شەمۆل ئاشتی سابیر

١٠-کاروان گەزنەیی

١١-جمال حویز مصطفی

١٢-ڕۆژان محمد کریم

١٣-زیاد جبار

١٤-فیصل عباس عولا

١٥-راهی رەهبەر

١٦-هێرش حسن حمد

١٧-هەژان حسن کوێستانی

١٨-عثمان کریم

١٩-سەلما فاتح

٢٠-شنۆ أشقی

٢١-ئومێد عبدالرحمن حسن خۆشناو

٢٢-نجات شعبان

٢٣-پێشەوا تاهیر

٢٤-بهمن كاك عبدالله
٢٥-ليزا فلك الدين صابر
٢٦-سەروان هەركى
٢٧-ئيدريس إسماعيل عبوش
٢٨-نزار تاهير
٢٩-بختيار شوكرى سليمان
٣٠-بهجت على إبراهيم
٣١-ڕێبين محمد على
٣٢-حسيبه سعيد إبراهيم گەردى
٣٣-ملا إحسان محمد سليم ڕێكانى
٣٤-شێخ ظاهر خيلانى
٣٥-د.صباح محمود زێبارى
٣٦-وەيسى سعيد وەيسى
٣٧-عبدالسلام دۆڵەمەڕى
٣٨-حكمت محمد عبو زيد
٣٩-ڕۆژان إبراهيم على
٤٠-هديه مراد
٤١-خديجه عمر طه
٤٢-سوسن محمد ميرخان
٤٣-د.گەلاوێژ عبيد سيان
٤٤-لنجه إبراهيم عبدالرحمن
٤٥-سعيد مصطفى هەركى
٤٦-گوڵيزار رشيد سندى
٤٧-هێڤيدار أحمد سلمان
٤٨-شوان كريم محمد
٤٩-زانا مەلا خالد سمايل
٥٠-سفين ئاغا عمر
٥١-جوان يونس ڕۆژبەيانى
٥٢-أرشد حسين محمد
٥٣-جيهاد حسن إبراهيم
٥٤-چيا حميد شريف
٥٥-ڕزگار عيسا سوارە
٥٦-ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله
٥٧-زيدان رشيدخان اودل برادۆستى
٥٨-گوڵستان باقى سليمان

٥٩-لەیلاعبدالجبار
٦٠-محسن حسین مصطفی
٦١-مەم إسکندر
٦٢-نزار مەلا عبدالغفار
٦٣-جلال محمد عبدالله
٦٤-بژار کۆچەر

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزت دەکەین کە ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەوەیندیدارەکان بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پێشنیازە یاسایە، تەبعەن دوو پێشنیازە یاسان بە دوو ناوەڕۆك، ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لیژنەی کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتەکەی ئامادە دەکرێ، بەڵێ کاك لقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای تۆڕی بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان پەیوەندیدارە بە لیژنەی شارەوانی نەك لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئەگەر ڕاستی بکەینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، ئەوە ڕاست دەکەینەوە کە پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو ئاراستەی لیژنەی شارەوانی دەکرێت نەك لیژنەی کشتوکاڵ، بەڵێ سوپاس، کاك ڕزگار عەینەن قسەت هەیە، زۆر سوپاس بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارەکەمان جێبەجێ دەکەین، دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عمر عبدالله فتاح) لە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بەپێی حوکمی ماددەکانی (٢٨) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز پەرلەمانتار (عمر عبدالله فتاح) بچێتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری با بفەرموێ دەنگ بدات، بەڵێ سوپاس، بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان بەڕێز پەرلەمانتار (عمر عبدالله فتاح) دەچێتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، مژدە خان نوقتە نیزامییەکەت، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بینای ئەنجومەنی وەزیران (١٠٠) مەتر لە ئێمەوە دوورە، یەعنی هیچ دیوار و بەربەستێکیش لە بەینمان نییە، یەعنی بۆچی بەڕێزانی حکومەت نایێن بۆ پەرلەمان و لێرە پرساندنەکەیان بۆ

بکرێ؟ باشە ئەو هەموو خەڵك لەم دۆخە خراپەدایە، لەو وەزعە خراپەدایە بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناکەن....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك د.کازم ئەم تەصویرە دانێ بە دەستتەوە، بێ زەحمەت ئەو تەصویرە، نەچووینەتە سەر ئەو بڕگەیە، بەڕێزان دانیشن با بە ئارامی قسە بکەین، با بگەینە سەر ئەو بڕگەیە،

بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار جێبەجێ دەکەین، دەستت دانێ کاك (بالانبو)، نوقتە نیزامی وەرناگرم، هیچ وەرناگرم، ئێستا بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کارەکە جێبەجێ دەکەین، کاك (مم) کە چووینە ناو جێبەجێکردنی بڕگەی سێی بەرنامەی کار، هەر نوقتە نیزامیەکتان لەسەر جێبەجێکردنی بڕگەی سێ لە بەرنامەی کار هەبوو، وەرتان ئەگرین، ئاخر تۆ بۆ من تەخدیر ناکەی کە چۆن ئیدارە ئەدەم، بۆخۆم قەرار دەدەم چۆن ئیدارە دەدەم، کە ئەچینە سەر بڕگەکە هەر نوقتەێکی نیزامیت لەسەر بڕگەکە هەیە وەرت دەگرم، بەڕێزان گفتوگۆی پرساندن و وەڵامەکانی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٠،٧١،٧٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا ئەگەر نوقتە نیزامیتان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە فەرموون با ناوتان بنوسین، نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم بڕگەیە من ئەم خاڵە نیزامیەم هەیە، بەڵام سەرەتا ئەڵێم پرسیارێکتان رووبەروو ئەکەمەوە وەڵامی پرسیارەکەم بدەنەوە، بۆ ئەوەی خاڵە پەیڕەوییەکەش باس بکەم، بەپێی ئەو کۆمەڵە پەرلەمانتارانەی کە ئیمزامان کردووە بۆ ئەم دانیشتنە، ماددەی (٦٨،٦٩،٧٠) داوای ئەم دانیشتنەمان کردووە، زائیدەن ماددەیەك هەیە کە ئەم بڕگەیەی تێدا جێگیر کراوە، ماددەی (٧١)ە، بڕگەی دووەم خاڵی یەك و دوومان هەیە، بەپێی خاڵی یەکەم لەناو بڕگەی دووەمی ماددەی (٧١) پرسێندرا، ئەگەر بەبێ هۆ ئامادە نەبوو، دەست پێ ئەکرێ ئەوە یەك، بەڵام لە خاڵی دووەمیانا ئەگەر ئامادەبوونەکەی بە پاساوێکی رەوا بوو، رەوا بوو ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی سی رۆژ مۆڵەتی ئەداتێ، ئەگەر پاساوی ئامادەنەبوونی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆك و وەزیری دارایی بەپێی خاڵی دووەم لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٧١) کە بە پاساوێکی رەوا ئامادە نەبوو، ئەوە حەز ئەکەین ئەوە بزانین، ئەگەر ئامادەنەبوو بۆچی سی رۆژتان نەدایێ؟ ئەگەر بەپێی خاڵی یەکەمیانە بەبێ هۆ ئامادە نەبوون، پێمان بڵێن بەبێ هۆ ئامادە نەبوون، ئەگەر بەبێ هۆ ئامادە نەبوون ئەوا ئەم دانیشتنە بۆ مەسەلەی پرساندن هیچ جەدوایەکی نییە، ئەگەر بەبێ هۆیە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی خاڵی دووەمی پێشێل کردووە ئەوا بۆ پێشێلتان کردووە، ئەگەر بەبێ هۆ ئامادە نەبووە، من ئەم دانیشتنە بایکۆت ئەکەم، لەبەر ئەوە جەدوایەك نابێ بۆ مناقەشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەموو ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان حەقی بایکۆتکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی هەیە، کاك (د.شێرکۆ)، فەرموون.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە هۆکاری ئامادە نەبوونی سێ بەرپرسی باڵای ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا جەنابتان یەکلایی بکەنەوە کە هۆکارەکان ڕەوان؟ یان ڕەوا نین؟ بۆ ئەوەی بزانین چ بڕگەیەکی ماددەی (٧١) شمولیان ئەکا، بۆیە یەکلاکردنەوە لای جەنابتانە، بڕیار بدەن کە هۆکارەکان ڕەوان یان ڕەوا نین؟ دووەم وەڵامەکانمان لەبەردەستدا نییە، مەفرەز بوو پێشتر وەڵاممان لەبەردەست بێ، لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی بۆ پرسیش ئەگەر هەر تەنها وەڵام و کاغەز بێتە بەر دەستمان، ئەوا ئەکرا بەرێکاری تر لە ڕێی وەزیری پەرلەمان و حکومەتەوە پرسیارمانبناردایە وەڵامیان بۆ هێن بکردینایە، نەك ئەوەی کە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە پرساندن، پرساندن لەگەڵ کاغەزدا ناکرێ، پرساندن لەگەڵ بەرپرسا ئەکرێ کە ناوی بەرپرسە، لەبەر ئەوە بەراستی ئەوە گەعنەیێکی لایحی جدییە، لە مەوزوعی پرساندن، پرساندنەکە پوچەڵ ئەکاتەوە" چونکە کەسێك نییە راپۆرتەکە بخوێنێ، لێرەوە دەبێ کەسێك بەرپرسە راپۆرتەکە بخوێنێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەڕێزت ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بووی، ئێمە پێشتر پەیرەوێکی ترمان هەبوو، کە پرساندنت بناردایە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر بهاتایە پرساندنەکە دەکرا، نەهاتایە، پەرلەمان هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، ئێمە وە جەنابت وەکو ئێستا لەبیرمە لەوانە بووی کە داکۆکیمان لەوە ئەکرد کە ئەگەر بەرپرسی حکومی لە کاتی پرساندنا ئامادەش نەبێ، پەرلەمان ئیحتیفاز بەو حەقەی خۆی بکات، لەوەی کە پرۆسەی پرساندنەکە بۆ بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ بەردەمی رای گشتی بەڕێوە ببات، ئەمە لەکاتی خۆیا، کە ئەم پیرەوی ناخۆیە تازەیەمان دەرکرد، وەکو یەکێك لە ئینجازەکان، وەکو یەکێك لە خاڵە گەشەکانی ئەو گۆڕانکاریانە باسمان کرد، کە لەناو پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە، وەکو ئێستاش لەبیرمە ئەو بەڕێزانەی کە لە خولی پێشوو ئەندامی پەرلەمان بوون، کاك (اومیدخۆشناو)، کاك مەلا (هەورامان)، کاك (عباس)، ئێمە هەر بەڕێزێك ئەگەر ناویم لەبیر چووە، ئێمە پەرلەمان دابەش دوو بوین، بە دوو بەرەی تەقریبەن نزیك بەیەکتری، عەدەدەکانمان زۆر نزیك بوو، بە هەزار حاڵ ئەوانەی کە دیفاعمان لەوە ئەکرد کە پرساندنی غیابی هەبێ بەدەنگێکی زۆر کەم لەو رەفیقانەمانمان بردەوە کە لەگەڵ ئەوە نەبوون کە پرساندنی غیابی هەبێت، جەنابت یەکێك بووی لەوانەی کە لەگەڵ ئێمە دەنگت دا، لەبیرمە کێ بوون لەوانەی کە دەنگیان لەگەڵ داوین، کێ بوون ئەوانەی کە دیفاعیان کرد، لەبەر ئەوە بەرێز (د.شێرکۆ) ئەمە کە حکومەت بڕیاری داوە نەیەت بۆ ئەم پرساندنە، ئێمە پێمان وایە عەرزکردنی پرساندنەکە بۆ خۆی ئینجازە بۆ پەرلەمانی کوردستان، وەلەو باشتر دەبوو، خۆیان ئامادەییان هەبوایە، بەڵام ئیختیارێکی تر کە هەمان بوو پێشتر لە پەیڕەوەکەی تر ئەوەبوو، هاتن دەکرێ، نەهاتن ناکرێ، جگە لەوەی بەس قسەمان ئەکرد

دەمان وت نەهاتن، هیچ ئینجازێکی ترمان نەبوو، رای گشتیش نەی ئەزانی پرسێنەران ئەیانەوێ بڵێن چی، پەرلەمانتارانیش نەیان ئەزانی، قەرارێکی مەحکەمەی ئیتیحادی هەیە، کاتی خۆی لە یەکێك لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، پەرلەمانتار (حنان فەتلاوی) ئیستیجوابێکی غیابی کەسێکی کردووە، دواتر وەزیرەکە خۆی طەعنی داوە لە ئیستیجوابی غیابیەکە و وتویەتی لەناو لائیحەی یان لەناو نیزامی داخلی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا شتێك نیە بەناوی ئیستیجوابی غیابی، مەحکەمەی ئیتیحادی بەم شکلە جواب ئەداتەوە، ئەڵێ ئیستیجوابی غیابی جائیزە ئەگەر لەناو لائیحەشدا نەبێت، چونکە ئەو کەسەی کە ئەپرسێنرێ بەرپرسە حکومیەکەی کە پرساندنی پێ ئەکرێ، خۆی بە ئیرادەی خۆی دەستبەرداری حەقی داکۆکیکردن لەخۆی ئەبێت، ئێستا جەنابتان کە بەڕێز مامۆستا (عبدالستار) دەست دەکا بە خوێندنەوەی پرساندنەکە یان عەرز کردنی پرساندنەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرفەت دەدەین بە کاك (هێمن) وەڵامەکەی بخوێنێتەوە، بەراستی بەراستی خۆی لێرەبێ داکۆکی لەخۆی بکا باشترە یان بە تەنها وەڵامەکەی بخوێنرێتەوە، لەراستی خۆی لێرەبێ باشترە، بەڵام ئەو مادەم خۆی تەنازول لە حەقی دیفاع کردنی لە خۆی ئەکا، دەیخاتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە ناتوانین رێگری لێبکەین، ئێمە ئەو پرۆسەیەی پرساندنە بە ئینجازێك ئەزانین، ئەگەر پێشمانوابێت لە ئاستی طموحدا نییە، زۆر سوپاس، ئێستا وەڵامتان ئەدرێتەوە لەناو لائیحەکەیا، ئێستا کە ئەیخوێنینەوە ئەزانی، بەڕێزان بۆ دەست بە پرۆسەکە نەکەین، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵی پەیڕەوی یەکێکیان ماددەی (٥٦) بڕگەی دووەم، لەو پەرلەمانە بەڕێزە باسکرا، لەو رۆژانەش بەجۆرێك لە جۆرەکانی پەرلەمانتار وە خەڵکی دیکەش قسەی دەربارەوە دەکات، تایبەت بە گیران یان دەستگیرکردنی چالاکوانانی مەدەنی، رۆژنامەنوسان، ئەنجومەنی ئاسایش راگەیاندنی راگەیاندووە، دەزگا ئەمنییەکان راگەیاندراویان بڵاوکردۆتەوە، هیچ کەسێك بەبێ بڕیاری دادوەر ناتوانێ........

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (اومید) ئەوە نوقتە نیزامی نییە، وەڵامدانەوەی هاوڕێکانتە، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی بۆتان نییە، سوپاس بۆ بەرێزت، خاڵی دووەمەکە بڵێ.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان..**

تایبەت بەوەی بەڕێزتان ماددەی (٧٠) بڕگەی چوارەم، کەباس لە مەسەلەی پرساندن دەکات، دەستەی سەرۆکایەتی پرساندن و وەڵامەکەی، واتا پرساندن و وەڵامەکەی، وەڵامەکە بە روونی نەیگۆتییە کەسی پرسانراو دەبێ لە هۆڵی پەرلەمان بێ، وەڵامەکە دەکرێ بە نووسینە بێت کە ئێستا هاتووە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێزان دەست بە لائیحەی پرساندنەکان ئەکەین، یەك یەك ئەیانخەینە ڕوو، سەرەتا بە پرساندنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران دەسـت پێئەکەین، کە پەرلەمانتـاری بەڕێز مامۆستا (عبدالستار مجید) پێشکەشی کردووە، بەم شێوەیەیە.

پاڵپشت بە هەردوو ماددەی (٦٨،٦٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئێمە ژمارەی یاسای ئەندامان واژوومـان کـردووە، داوای دانیشـتنێکی تـایبەت بە پرسـاندنی سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان ئەکەیـن، لە بـارەی بڕیـاری سـەر لەنـوێ بڕینـی مـووچەی مووچەخـۆرانی هەرێمـی کوردسـتان، لە بەرواری (٢٠٢٠/٨/١٧) دراوە، بەبـێ ئەوە پاڵپشـت بـێ بە هـیچ یاسـا و بڕیارێك، هەروەها بۆمان ڕوون بکەنەوە کە ئەم بڕیارەی حکومەت پاڵپشتە بە چ پشتیوانیەکی یاسایی، سەرەرای ئەوەی ئەو لێبڕینە لەکاتێکدایە شەفافیەت نییە، لە داهاتەکان، داهاتی نـاخۆ و خاڵە گومرگییەکان، بەهای نەوتیش لە بازارەکانی جیهاندا بەرز بۆتەوە، وێڕای ڕەوانە کردنی بڕی سـێ سـەد و بیسـت ملیـار دینـار لەلایەن حکـومەتی عێـراقەوە بـۆ مووچەخـۆرانی هەرێمـی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.

ئێستا بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەرفەتی قسە کردنی پازدە دەقە دەدەینە مامۆستا (عبدالستار مجید) بۆ ئەوەی لەبارەی ئەم دۆسیەیەوە قسە بکـات، پـێش ئەوە ئـێمە بیرمـان چـوو بەخێرهـاتنی بەڕێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان بکەیـن، بەگەرمی بەخێرهاتنی دەکەیـن، ئـێمە کە بەرنـامەی کارمـان دانـاوە دیـارە قەناعەتمـان پـێ بـوو، مامۆسـتا (عبدالسـتار)، فەرمـوون. بەڕێـزان گـوێ لە مامۆسـتا (عبدالسـتار) بگـرن، بـۆ ئەوەی عەرزەکەی پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی خستنە ڕووەکە پێشکەش بکات، فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو ژمارە یاساییەی پەرلەمانتارانی کوردستان واژوومان لەسەر پرساندنی بەڕێز سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەپێی ماددەی (٦٨،٦٩،٧٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان، لەسـەر بڕینـی (٢١%) وە (٢١%) یەکـی دیـکە، (١٨%)، مـووچەی مووچەخـۆرانی هەرێمـی کوردسـتان، کە پێمـان وایە ئەم لێبـڕینە نایاسـاییە، پاڵپشـت نـیـیە بە هـیچ بڕگەیێکـی یاسایی، بۆیە ئێمە پرساندنمان ئەنجامداوە، کە پێمان وایە مـووچە یەکێکە لە ئیمتیازاتەکـان کە بە فەرمانبەران دەدرێ، لە وەزیفەی گشتی وە ئەوانەی لە کەرتی گشتی حکومیـدا کـار دەکەن تـا ئەو کـاتەی ڕاژەکانیـان بەردەوام دەبێـت، پرسـی مـووچە بە تەواوی لە دەسـەڵاتی یاسـا دانەرە، پێویستە ئەو بڕە و ئاست هەر دەرماڵەیەکی دیکە کە بە یاسا ڕێك بخرێت وەك ئەوەی لە یاسـای خزمەتـی مەدەنـی ژمـارە (٢٤)ی سـاڵی (١٩٦٠)ی هەمـوارکراو و بەرکـار لە عێـراق و هەرێمـی کوردستان، هەروەها یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی مووچەی فەرمـانبەران هـاتووە، واتە بە تەواوی ئەم بابەتە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پەرلەماندایە و دەسەڵاتی جێ بەجێکردن بۆی نـیە دەستکاری بکات، جا بەهەر شێوەیەك بێت وەك ئەوەی بە بڕیاری ئیـداری بەشـێك یـان هەمـووی پاشەکەوت یان ڕاگرتنی یـان لێبڕینـی بـۆ بکـات، بڕیـارەکەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە

دەستکاری مووچەی هەر یەکەو بە بڕی جیا جیا کە لە دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٢٠/٦/٢١) داویەتی نا یاساییە، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:
یەکەم: بڕیارەکە پێچەوانەی پرەنسیپی یاسای (مبدء التدرج القانونی)یە، بە شێوەیەك ئەم پلە بەندیە دەبێت رەچاو بکرێت، واتە نابێت هیچ دەقیك لە بڕیار پێچەوانەی یاسا بێت، هەروەها یاساش نابێت پێچەوانەی دەستوور بێت، بەڵام بڕیارەکە بە تەواوی پێچەوانەی ئەم پرەنسیپە قانوونیەیە و ئەوە حیساب نەکردنە بۆ یاسا لەم بابەتە.
دووەم: دەقی بڕیارەکەی حکومەت بە شێوەیەکە کە ناونیشانەکەی راگرتنی تەمویلی ئەنجومەنی وەزیرانە و بۆ وەزارەتەکانی دامەزراوەکانکە تیایدا دەسەڵات دەدات بە وەزیر کە دەستکاری مووچەی فەرمانبەرەکانی بکات تا ئاستی (٢١%)، وە بۆ پلە باڵاکانی تایبەتیش (٥٠%)، کە دواتر لە مووچەی مووچەخۆران لە مانگەکانی دواتر بە دەستکاری بڕینەکە بەردەوام بوو، واتە تەنها بۆ مانگێك نەبوو کە سەرەتا بڕیاریان دابوو، ئەمەش بە راگرتنی تەمویل هیچ پابەندیەك لەسەر حکومەت دانانێت بە قەرز رۆیشتووە یاخود لە هەر دۆخێکی تری ئابووریدا ئەم بڕە قەرزە بداتەوە بە مووچەخۆران.
سێیەم: ژمارەیەك ئاشکراکراوە بە ئەنقەست بێت بەبێ ئەنقەست لە میدیاکانەوە دەگووترێت مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان یەك ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزارە، راستە ئەوەی مووچە وەردەگرێت یەك ملیۆن دوو سەد و پەنجا هەزارە، بەڵام بەشێکی زۆری لەوانە سەد و پەنجا هەزار دینار یان سەد هەزار دینار وەردەگرێت، من پێموایە ئەوەش بەڕاستی بە ئەنقەست بێت یان نا جۆرێکە لە پاساوهێنانەوە بۆ لێبڕینی مووچە کە خەڵك وا دێتە بەرچاوی کە ئەم دوو سەد و پەنجا هەزارە هیچی لە نیو ملیۆن یان ملیۆنێك کەمتر پارە وەرناگرێت، بۆیە مووچە بەش ناکات.
چوارەم: پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو، وە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (٢٠١٨)، پەرلەمان لەسەر ئەم کارە نا یاساییەی دسەڵاتی جێ بەجێکردن وەك تەجاوزێك لەسەر پرسی یاسادانان، دەسەڵاتەکەی دەبێت حیسابی بکات، چونکە بەڕاستی پێویستە پەرلەمانی کوردستان ئەمە پەسەند بکات کە حکومەت پارەکەی بەشی مووچە ناکات، وە ئەو کاتە پێویستە کە حکومەت هەموو ساڵێك لە مانگی (١٠)دا پرۆژە یاسای بودجەی خۆی بنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەو کاتەی دیاری دەبێت کە ئەم بڕە پارەیە بەشی مووچە و بودجەی تەشغیلی دەکات یان ناکات، بۆیە بەڕاستی دیسانەکە ئەمە کارێکی نا یاساییە.
پێنجەم: حکومەت پرۆسەی بایۆمەتری ئەنجامداوە بۆ سەرجەم مووچەخۆرانی راستەقینە، وە جیاکردنەوەی بن دیوار و تێچوویەکی زۆریشی هەبووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لە چارەسەرکردنی حاڵەتی بن دیوار و مووچەی نا راستەقینە، لە کاتێکدا حکومەت لە بڕی کاردانەوەی بەرامبەر بە مووچەخۆری نا راستەقینە و بن دیوار و ئەوانەی دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچەی نا یاسایی هەیە لە بڕی ئەوە هاتووە بەڕاستی مووچەخۆرانی راستەقینەی سزاداوە بە لێبڕینی (٢١%) و (١٨%)، وە ئەم سێ مانگەش یەعنی هەر سێ

مانگەکەی نزیك بۆتەوە لە شەست رۆژ ئینجا مووچەیەکی داوە، کە ئەمە دەکات زیاتر لە (٥٠%) مووچە بڕدراوە.
شەشەم: دەسەڵاتی جێ بەجێکردن تاوەکو ئێستا بەردەوامە لە دابینکردنی مووچە بۆ بن دیوار یان بۆ کەسانی دوو مووچە و پۆستی وەهمی یان پارەدارکردنی پڕۆژەی وەهمی، کە سەرجەم ئەمانە لە رووی یاساییەوە تاوانە و یاسا بە تاوانی (تسير الاستلاء على الاموال الدوله)، کە بە تاوانێکی ئابڕووبەرانە بەرامبەر بە مافی گشتی دادەندرێت پاڵپشت بە ماددەی (٣١٦) لە یاسای سزادانی عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستان کە ئەم ژمارە زۆرەی لە خەرجی بۆ حکومەت زیادکردووە بڕیارێکی نا یاسایی پێدراوە.
پرساندنەکەمان بۆ سەرۆکی حکومەت لەبەر ئەم هۆکارانەیە و ئەم پرسیارانەمان هەیە، یەك: ئایا حکومەت چۆن بە بڕیارێکی کارگێڕی مافێکی بە یاسا دابینکراو دەستکاری دەکات؟ دوو: ناونیشانی راگرتنی تەمویل کە هیچ پشتیووانیەکی زانستی و ئابووری نیە و هیچ پابەندیەکی لەسەر حکومەت بەرامبەر مووچەخۆران دروست ناکات ئەم ناونیشانە مانای چیە؟ لە کوێ هاتووە ئەمە؟ سێ: وێڕای لێبڕینی حکومەت مووچەی پێنج مانگی ساڵی (٢٠١٠)یش بە تەواوی ونبووە، دیار نیە چی لێهاتووە، بۆ کێ چووە، ئەم هەنگاوەش بەڕاستی کارەساتێکی دیکەیە لەسەر مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، چوار: وێڕای لێبڕین حکومەت بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت و مووچەی مووچەخۆرانی لە سی رۆژەوە کردووە بە شەست رۆژ، بەداخەوە کە ئەم بڕیارەش لوتکەی نا یاسایی دەسەلمێنێت، من پێموایە داهاتی هەرێمی کوردستان سەرجەم داهاتەکان ئەگەر بە شێوەیەکی رێك و پێك کۆ بکرێتەوە، وە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەبەش بکرێت، پێموایە بە لایەنی کەم بەشی مووچەی مووچەخۆران بە تەواوی دەکات و بە سی رۆژیش بە تەواوی دەکرێت دابین بکرێت بەم شێوەیە، ئێمە شەست و هەشت جۆر داهاتمان هەیە لە هەرێمی کوردستان بە ناوخۆ بەو پێیەی باج و پێ بژاردە و رسموات هەیە تا دوو سەد هەندەش جار هەیە زیادکراوە، وە داهاتی گومرگ و خاڵە سنووریەکان لە ئێستادا مانگانە ئەم داهاتانە ئەگەر کۆ بکرێتەوە و ئەگەر بەڕاستی بەرپرسی نا بەرپرس لە پشتی نەبێت و داهاتەکە بۆ شەخص و بۆ کۆمپانیای حیزب نەچێت نزیکەی سێ سەد و پەنجا ملیار دینارە، هەناردەی نەوت بە بۆری و تەنکەر رۆژانە نزیکەی پێنج سەد و پەنجا هەزار بەرمیلە، داهاتی ئەم پێنج سەد و پەنجا هەزار بەرمیلە ئەگەر سی هەزاریش بۆ بمێنێتەوە لە بەرمیلێك نزیکەی پێنج سەد ملیار دینار دێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوپەیمانان بە تایبەتی ئەمریکا بیست ملیۆن دۆلار دەدات بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە ئەویش دەکات بیست و چوار ملیار دیناری عێراقی، سەرەڕای کەمکردنەوەی خەرجی بەکارخستنی وەزارەتەکانی زیادکردنی داهاتی ناوخۆ و پێنەدانی مافی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران، پێموایە حکومەت لە ئێستادا بە هەموو ئەوانەی کە کۆمکردۆتەوە بەڕاستی بە دەقیقیش نزیکەی یەك ترلیۆن و دوو سەد ملیار دینار داهاتی هەرێمی کوردستانە ئەگەر وەکو باسمکرد بە شێوەیەکی رێك و پێك و لە دەستێکی ئەمین دابێت بە تەواوی کۆ بکرێتەوە بەشی بە لایەنی کەم مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیە ئەگەر بڵێن لە راپۆرتەکە داهات بەش ناکات، ئێمە پێمانوایە کە داهات بەش دەکات، وە ئەگەر فەرزەن بگووترێت داهات بەش

ناكات ئێمە لێرەوە رایدەگەیەنین دیسان لەم هۆلە فەرمیەدا ئەگەر پێتانوایە بەش ناكات فەرموو ئێمە ئامادەین با بێن لیژنەیەك پێك بێنین سەرپەرشتی داهات بكات لە هەرێمی كوردستان هەمووی كۆ بكاتەوە بە شێوەیەكی رێك و پێك، بەڵام بە میساقێك كە دەستی نەیەنێتە رێگا ئەگەر بەشی نەكرد من دێم لێرە لەم شوێنە وەعد بێت داوای لێبووردن لە خەڵكی كوردستان دەكەم و لەم پەرلەمانەش دەچمە دەرەوە ئەگەر نەمانتوانی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی كوردستان دابین بكەین، بەڕاستی هەرچەندە خاڵی پەیڕەویشیان گرت پێمخۆش بوو بەڕێز سەرۆكی حكومەت لێرەبووایە، قەسە لە رووداو خۆشە، هەرچەندە لە رابردوو ئێمە قسەی خۆمانمانكردووە، بەڵام وا جوانتر و خۆشترە بەڕاستی هەم قسەی خۆم رەنگە زیاتركردبا بە سەراحەت كەسێك كە لێرە ئامادە نەبێت من حەز ناكەم قسەی لەسەر بكەم، بەڵام پێمخۆش بوو لێرە بێت قسەی باشترم دەكرد، ئەویش لەوانەیە وەڵامی هەبووایە بۆ قسەكانی ئێمە، وا خۆشتر بوو، بەڵام بەهەر حاڵ دیارە ئەوەش كە پەیڕەویە دەتوانێت نەیەێت بەشداری پڕۆسەكە بەڕێوە بچێت، بۆیە ئێمە لێرە ئەوەی كە پرساندنمان كردووە لەسەر ئەم راپۆرتە لەسەر قسەكانی خۆمان سوورین، وە دوای ئەوەش گوێ لە وەڵامی بەڕێز سەرۆكی حكومەت دەگرین هەڵوێستی خۆمان سەبارەت بە وەڵامەكان روون دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان رادەسپێرین وەڵامەكانی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، ئەم وەڵامە كە لەلایەن بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان هاتۆتە ئاراستەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان و دەستەی سەرۆكایەتی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان بكرێت بەم شێوەیەیە، بۆ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان_عێراق، بابەت: وەڵامی پرساندن، نووسراوتان سەبارەت بە پرساندن دەربارەی مووچە بە ژمارە (٤) (٣٩٤٩) كە لە رێكەوتی (٢٠٢٠/١٠/٤) كە بەدەستمان گەیشتووە بەم شێوەیە وەڵامەكەی دەخەینە روو:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، من سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بە نووسراوی ژمارە (١٧، ١٩) لە رێكەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٧) بەپێی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە داوای دانیشتنی پەرلەمانمانكرد بە مەبەستی خستنە روو و چەند بابەتێكی گشتی بۆ گفتوگۆ، بە خۆشحاڵییەوە پەرلەمان لە رێكەوتی (٢٠٢٠/١٠/٥) دانیشتنی ژمارە (٨)ی تەرخانكرد بۆ ئەو بابەتە، وە لەم دانیشتنەدا راپۆرتێكمان پێشكەش بە بەڕێزتان كرد كە ئەم تەورانەی خوارەوەی لە خۆگرتبوو:-

تەوەری یەكەم: پڕۆسەی چاكسازی.

تەوەری دووەم: بارودۆخی دارایی هەرێمی كوردستان و دابەشكردنی مووچە و پلانی رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی.

تەوەری سێیەم: دۆخی تەندروستی و رووبەڕووبوونەوەی پەتای كۆرۆنا.

تەوەری چوارەم: پرسی گفتوگۆ و دانووستان لەگەڵ بەغدا.
دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە دەرگای گفتوگۆکرایەوە و بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لەگەڵ پەرلەمانتاران گفتوگۆ لەسەر گشت تەوەرکانی راپۆرتەکەکرا و بە شێوەیەکی تێر و تەسەڵ وەڵامی پرسیاری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانمان دایەوە، هەروەها لە تەوەری دووەمی راپۆرتەکەدا کە تایبەت بوو بە باردۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە و پلانی رووبەرووبوونەوەی قەیرانی دارایی بە شێوەیەکی راشکاوانە تیشکان خستۆتە سەر قەیرانی دارایی و هۆکارەکانی و هۆکاری تەمویلکردنی (٧٩%) مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ ماوەی دوو مانگ کە هاوبابەتە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی پرساندنەکە، دووبارە وەکو وەڵامی پرساندنەکە دەیخەینەوە روو، تەوەری دووەمی راپۆرتەکەی بەڕێزیان ئەمە بووە:-
بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە و پلانی رووبەرووبوونەوەی قەیرانی دارایی وەك ئاگادارن لە سەرەتای ئەم ساڵەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نەرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا هەرێمی کوردستانیش وەك هەموو ناوچە و وڵاتانی دیکەی جیهان رووبەرووی دۆخێکی سەختی ئابووری بۆە، نەناردنی ئەو بەشە بودجەیەی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە دەنێردرا بۆ چەند مانگێك دۆخەکەی زیاتر سەخت کرد، ئێمە هەر زۆر هەوڵماندا پلانێك بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم قەیرانە دابنێین بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی خەرجیەکان و زیاترکردنی داهات کە بەشێك لە تەوەری چاکسازیەکان کە لە سەرەتای ئەم راپۆرتەدا خرانە روو، بێگومان ئەو قەیرانە داراییە زیاتر هانمان دەدات لەسەر درێژەدان بە جێ بەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوە و سنووردارکردنی کاریگەریە نەرێنیەکانی قەیرانی دارایی لە رێگای کارکردن لەسەر کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ هەمە جۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پشت نەبەستن بە تاکە سەرچاوەیەك و گرنگیدان بە کەرتەکانی وەك کشتووکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی، لە سەرەتای دروست بوونی ئەم قەیرانەدا هەموو هەوڵێکماندا وە بۆ دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە لە ماوەی دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا توانیوومانە تاوەکو ئێستا (١٢) مووچە دابەش بکرێ و لەو ماوەیەدا تەنها دوو مووچە دواکەوتووە، ئەمەش بە هۆی نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم بۆ مانگەکانی پێنج و شەش و حەوت لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە، بە هۆی کەمکردنەوەی تەمویل کردنی مووچە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و ئەو دۆخە سەختە ئابووریەی کە هەموو جیهانی گرتەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و قەدەغەی هاتووچۆو دابەزینێکی زۆرتری رێژەی داهاتی ناوخۆیی، کە هەمووی بووە هۆی دۆخێکی نائاسایی و ئەنجوومەنی وەزیران بەناچاری بڕیاریدا بەپێی تواناو داهاتی بەردەست مووچە دابەش بکاو دوو مووچە بە تەمویل کردنی حەفتاو نۆ لە سەد بدات، ئەم دۆخە سەختە داراییە دۆخێکی نەخوازراوەو حکومەتی هەرێم دروستی نەکردوەو تەنیا تایبەتیش نییە بەناوچەو هەرێمی ئێمە، بەڵکو نزیکەی هەموو جیهانی گرتۆتەوە، بۆیە دەبێت بەناچاری خۆمان لەگەڵ ئەم دۆخە سەختە بگونجێنین لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی

بەو داهاتوو توانا داراییەی لەبەر دەستی دایە و لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالستار، هەر بە گوێرەی ماددەی(٧١) بڕگەی (یەکەم) خاڵی دوو، جەنابت بۆت هەیە سێ دەقەی تر لەسەر ئەم وەڵامە قسە بکەی.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە باسکرا یانی ڕاپۆرتێکی زۆر کورت و پوخت بوو، بۆیە پێمان وابوو وەڵامی پرسیارەکەی ئێمەی تێدا بێت کە نایاساییە کە ٢١% و ١٨% و شەست ڕۆژ جارێ مووچە دابەش کراوە بەڕاستی وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەی تێدا نەبوو، بۆیە بە منیش کورتی دەیڵێم ئێمە بەڕاستی موقتەنیع نینە بەم وەڵامەوە، لێرەوە من داوا دەکەم کە بچینە سەر پرۆسەی دەنگدان لەسەر لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆکی حکومەت، چونکە وەڵامەکەی باوەڕ پێکراو نییە بۆ ئێمە، وە دەبوو بەڕاستی باسی ئەوە بکات کە ئایا ئێمە کە دەڵێین ئەمە نایاساییە دەبوو بەڕاستی بەڕێزیان ئاماژە بەوە بکات کە یاسایی بوو لەبەر ئەم هۆکارانە، بەس باسی هۆکارەکان کراوە کە قەیرانی دارایی دروست بووە، ئێمەش دەزانین کە قەیرانی دارایی هەبووە دەزانین کە نەخۆشی کۆرۆنا هەبووە دەزانین کێشەی بۆ ئیقیتصاد و ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و شت دروست کردووە بەڵام بەڕاستی وەڵامی پرسیاری ئێمە نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە جارێ لەناو ماددەیەکی دیاریکراواین کە گفتوگۆییەکە لە نێوان پرسێنەرو پرسێنراوە، نەگەیشتوونەتە سەر ئەوەی دەرفەت بدەین بەوە ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە ناوی خۆیانیان پێشتر تۆمارکردووە بۆ قسەکردن، ئێستا دەچینە سەر دۆسییەی دووەم ئێمە تێگەیشتین بەڕێز مامۆستا عبدالستارموقتەنیع نییەو ئەیەوێ بچێتە ماددەیەکی تری پەیڕەوی، بۆیە دەچینە سەر پرساندنی دووەم یان دۆسییەی پرساندنی دووەم کە بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت مستەفا پێشکەشی کردووە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بە بڕگەی (١) لە ماددەی (٧٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە، ئەتوانێ لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکان پرساندن بەڕەزامەندی ئەو ئەندامانەی واژۆیان کردووە داوای پرساندنەکە بکشێنێتەوە، لەهیچ شوێنێکی ئەم پەیڕەوەیا باس لەوە نەکراوە ئەگەر پرسێنەر بایکۆتی دانیشتنەکەی کرد پرۆسەی پرساندنەکە چی لێدێت، بۆیە نە ئیعتماد لەسەر بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی(٧٣) ئەکەین، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ لەگەڵ فراکسیۆنەکەی کە بایکۆتیان کردووە، ڕەزامەندی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمانی وەرنەگرتووە کە واژوویان لەگەڵ کردووە، بۆیە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت ئێمە نووسینەکەی دکتۆر شێرکۆ ئەخوێنینەوە، دواتریش دەرفەت دەدەین بە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی وەڵامەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخوێنێتەوە، پاڵپشت بەهەردوو ماددەی(٦٨)و، دووەم وە ماددەی(٦٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمە ژمارەی

یاسایی پەرلەمان واژوومان کردووە داوای دانیشتنێکی تایبەت بەپرساندنی، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت دەکەین، تایبەت بە پرساندنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین لەبارەی بڕیاری سەرلەنوێ بڕینی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە لە بەروار٢٠٢٠/٨/١٧ دراوە، بەبێ ئەوەی پاڵپشت بێت بە هیچ یاساو بڕیارێك، هەروەها بۆمان ڕوونبکەنەوە کە ئەم بڕیارەی حکومەت پاڵپشتە بەچ پشتیوانییەکی یاسایی، سەرەڕای ئەوەی ئەم لێبڕینە لە کاتێك دایە شەفافیەت نییە لە داهاتەکان و داهاتی ناوخۆ لە خاڵە گومرگییەکان و بەهای نەوتیش لە بازاڕەکان، لائیعەکەی بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیران، دکتۆر کازم تقدیمی کردووە، لەبەر ئەوە ئێستا دەرفەت دەدەین بە دکتۆر کازم بۆ ماوەی (١٥) دەقە قسە بکات لەسەر پرساندنی بەرێز جێگری سەرۆك وەزیران دەتوانێت بێتە ئێرەش، وە داوا لە ڕاگەیاندنیش دەکەم کە کامێرا بخەنە سەر بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ دکتۆر کازم لەکاتی قسەکانیا، فەرموو ئەتوانی لە شوێنی خۆت ئەشتوانی بییتە ئێرە ئازادی جەنابت، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێویستم بە (١٥) دەقە نییە، لەبەر ئەوەی حکومەت خۆی لێرە نییە تاوەکو پرسیارەکانی ئاراستە کەین، تەنها سەرەنجی خۆمان وەکو ئەوە دەردەبڕین بەسەر ئەو بابەتی پرساندنە، بەڵام پێش ئەوە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم لێکۆڵینەوە بکات لەو دوو کەسەی کە هاتنە ناو پەرلەمانەوە، هاتنە ناو قاعەی پەرلەمانەوە ئەندامی پەرلەمان نەبوون وە دەستیان کرد بە گیرفانی مندا، بۆ ئەوەی مۆبایلیەکەم بفرێنن، تەنها لەبەرئەوەی مۆبایل شتێکی زۆر شەخسیە، چۆن ئەبێ لەناو قاعەی پەرلەماندا زەلامێ لە دەرەوە بێت بیفرێنێ، یەعنی ئەوە بۆ نەوەی نوێ نا بۆ ئەندامی پەرلەمان هەر بۆ هەیبەت و هیبەتی پەرلەمان ئەم مۆبایلە پڕە لەنامەی خەڵك، لەوانەیە خەڵك سکاڵای خۆی کردبێت شتی خۆی کردبێت، چۆن ئەندامێك یێت ئەلێرە ئەیەوێ مۆبایلەکە بفرێنێت، رێك هاتووە ئێرە دەستیکرد بە گیرفانما، چۆن مۆبایل ئەفرێنێ بۆخاتری خوا سبەینێ لە یەکێکی کەشی دەکەن، یەعنی ئەوە بۆ شەخسیەت و هەیبەتی پەرلەمان داواتان لێدەکەم ئەو هەموو کامێرا هەیە جوان ئەتوانن بیدۆزنەوەو کێیە وەئیجراحاتی لەگەڵا بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو بڕۆ سەر لائیعەکەت.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

سەبارەت بە بابەتی پرساندنی حکومەت ئێمە تەبعەن ئیمزامان کردووە لەسەر پرساندنی هەموو پێکهاتەکانی حکومەت، لەبەر ئەوە قسەی من ئاراستەی یەك حزب و یەك کەس و یەك شەخس نییە، ئاراستەی حکومەتە قسەی ئێمە ئاراستەی حکومەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر کازم بەڕێزتان لا ئیعەتان بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت پێشکەش کردووە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

بۆ دووانەکەی تریش کردوومە، ئێستا فەرموون سەیری بەڕێز مامۆستا عبدالستار بکەن جەنابیان پرسێنەرە، بەڵێ لەسەر کۆی بابەتەکە قسە ئەکەم، یەعنی ئەوە نییە بڵێم بۆ نمونە، جێگری سەرۆکی حکومەت ئێمە لەبەر ئیحترام گرتنی پەیڕەوەکە وامان کردووە، ئەگینا هەموو بابەتەکە یەك شتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر کازم ئیمزا ئەو کەسەی ئیمزا دەکات بۆ پرسێنەر حەدەدەکەی بۆ تەواو دەکات.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

باشە پانزە دەقەم ماوە بەس سێ دەقە پێم مەبڕە ڕجاو لێ ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێت نابڕم بەس پەیڕەوی بێت حەزدەکەی شانزە دەقە قسە بکە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

بەڵێ بەڵێ پیرەوییە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە بەپێی پەیڕەو داوامان کردووە حکومەت بێتە ئێرە وە ئێمە ئیمزامان کردووە لەسەر سەرۆك و جێگر و وەزیری دارایی حکومەت بێنە ئێرە بۆ مەسەلەی پرساندن، بە تایبەت پرساندن بۆ بابەتی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی، جا بەڕاستی هاتنە بەردەم پەرلەمان بۆ لێپرسینەوە جورئەتی پێویستە، دیارە ئەم برادەرانە کە سەیری کارەکانی خۆیان کردووە مووچە بڕین بە نایاسایی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان مووچە بڕین بەنایاسایی بێکاری خەڵك، بازاڕ خراپی ئەو هەموو گەندەڵییەی کە هەیە قاچاغچیەتی لە سنوورەکان کۆمەڵێك کێشەوگرفت لەو وڵاتە هەیە، گەنج هەموو سەری خۆی هەڵدەگرێت، گەنج هەمووی لە سایەی سیاسی دامەزراندن نییە بۆ هیچ کەسێك دامەزراندن بۆ سێ یەکەمەکان نییە، دامەزراندن بۆ دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان نییە، کۆمەڵێ کێشە پارە لە خەڵك کێشانەوە بەناوی زیادکردنی باج، پارە کێشانەوە بەناوی خۆڵ ڕشتن بەناوی قەبر بەناوی ڕێکلامی سەر دوکانەکان کۆمەڵێ کێشەی تر، قاچاغچێتی سنوورەکان ناشەفافی کەرتی نەوت، ناشەفافی داهاتی ئەم وولاتە، ناشەفافی خاڵە سنوورییەکان، ناشەفافی داهاتی ناوخۆ مووچە بڕینی پێشمەرگەو تەندروستی و هەموو مۆزەفەکان بەنایاسایی مانگێك لە ٢١% مانگێك لە ١٨% کۆمەڵێ کێشەو گرفتی گەورە بەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستانا ئەسەپێنن، لەسەر ڕای ئازاد خەڵکیان گرتووە لەسەر کۆمەڵێ قسەکردن خەڵکیان دەسگیر کردووە، لەسەر خۆپیشاندان خەڵکیان دەسگیر کردووە، لە سجنا ئەو هەموو کێشەیان هەیە، بۆیە جورئەتییان نییە بێنە پەرلەمان بۆ لێپرسینەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باشە بەردەوام دەبم پانزە دەقەم هەیە، سەرۆکی پەرلەمان تەحامولی قسەش ناکەن، خەڵکیان چەوساندۆتەوە تەحامولی قسەش ناکەن، لائیعەکەی من باسی کێشەی خەڵکە قابیلە باسی چیبکەم شیعرو شانامە بخوێنمەوە لێرە، پەرلەمان پەرلەمانی خەڵکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم دانیشن لە شوێنی خۆتان، بەڕێز دکتۆر کازم پێنج دەقەی ترت ئەدەمێ بەس تۆ یەك دەقە ڕاوەستە، بەڕێزان دکتۆر کازم ئێمە هەندێکجار کە ڕاتان دەگرین بۆ ئەوەی بەریەك کەوتن لە نێوانتان

ڕوو نەدات، بەڕێز دکتۆر کازم لەناو لائیعەکەی خۆتدا قسە بکە، قسە لەسەر کاك قوباد بکە دکتۆر کازم، لەسەر حکومەت قسە بکە لەسەر مووچە قسە بکە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

ئەوەی کە باسمان کرد، ئێمە وەکو ئەو فراکسیۆنانەو ئەو بەڕێزانەی کە لەلائیعەکە لە پرساندنەکەیا ئێمە باسمان کردووە هەمووی ئەو کێشەوگرفتانەیە کە خەڵك لەگەڵ حکومەتا هەیەتی، لەبەر ئەوە ئێمە هەر لێرەوە یەعنی وەکو ئەو پەرلەمانتارانەی کە بابەتی پرساندنەکەمان باس کردووە، وە بە داخەوە حکومەت نەهاتووە بەدەم پرساندنەکەوە، تەنها کۆمەڵێ نووسینی ناردووە کۆمەڵێ وەڵامی ناردووە، ئێمە هەر لێرەوە خۆمان دەڵێین دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت، با حکومەت دەست لە کار بکێشێتەوەو پرساندنی بۆ دەکەین دژی حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە بڕیار وەردەگرین، بەڕێزان ئێمە دەسەڵاتی خۆمان بە گوێرەی ئەو پەیڕەوە بەکار ئەهێنین، هەر قسەیەك لە قسەکانی دکتۆر کازم کە پەیوەندی بە پرساندنی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە نەبێت، لە پڕۆتۆکۆڵی پەرلەمانی کوردستان دەسڕێتەوە، بەڕێزان ئێمە هەموومان دەبێت پابەندی پەیڕەوی ناوخۆ بین هەمووتان بە گوێرەی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیە داوای مافەکانی خۆتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن بەڕێزیشتان ئەبێ پابەندی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیە بن، هەندێ جار راتان ئەگرم خەمی ئەو بەریەکەوتەنەمە، نامەوێ بەریەك بکەون، لەبەر ئەوە نییە نامەوێ قسە بکەن، ئەمانەوێ ئێوە زۆر قسە بکەن، بەڵام بێ بەریەکەوتن، هەمووتان لە سیاقی پەیڕەوی خۆتان ئەبێ قسە بکەن، بەرێز جیگری سەرۆکی حکومەتان پرساندووە، چیتان ئەوێ پرسن وەکو قسەکانی مامۆستا عبدالستار، فەرموو جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت : وەڵامی نووسراوی پرساندن:

نووسراوتان سەبارەت بە پرساندن دەربارەی مووچە بە ژمارە (٤٣١٩٤٩) کە لە ٢٠٢٠/١٠/٤ بە دەستمان گەیشتووە بەو شێوەی خوارەوە وەڵامەکەی ئەخەینە روو:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی، من جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (٨)ی پەرلەمانی کوردستان لە رێکەوتی ٥-١٠-٢٠٢٠ ئەنجام درا ئامادە بووم، تەوەری دانیشتن تایبەت بوو بە خستنەڕووی چەند بابەتێکی گشتی بۆ گفتۆ کردن کە لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پێی ماددەی (٦٦) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان رێکخرابوو، لەو دانیشتنە راپۆرتی حکومەتی خرایەڕوو کە ئەو تەوەرانەی خوارەوەی گرتبووە:

١ پرۆسەی چاکسازی.

٢- بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و پرسی مووچە و پلانی روو بەرووبوونەوەی قەیرانی دارایی.

٣- دۆخی تەندروستی و پلانی رووبەرووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

٤- پرسی گفتوگۆ و دانووستان لەگەل حکومەتی عێراق.

دوای خوێندنەوەی راپۆرتی حکومەت دەرگای پرسیار و گفتوگۆ کرایەوە بە شێوەی راستەوخۆ لەگەل پەرلەمانتاران گفتوگۆمان لەسەر گشت تەوەرەکانی راپۆرتەکە کردوو و وەلامی پرسیاری ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانمان دایەوە، لە تەوەری دووەمی راپۆرتەکە کە تایبەت بوو بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پرسی مووچە و پلانی رووبەرووبوونەوەی قەیرانی دارایی بە شێوەی راشکاوانە تیشك خرایە سەر بابەتی قەیرانی دارایی و هۆکارەکانی و ئاماژە درا بە هۆکاری تەمویل کردنی ٧٩% مووچەی مووچە خۆرانی هەرێم لە دوو مانگی رابردوو کە ئەوەش هەمان بابەتە لەگەل ناوەرۆکی بابەتی پرساندنەکە، بۆیە جەخت لەسەر ناوەرۆکی تەوەری دووەمی بابەتە ئەکەینەوە کە وەکو وەلام بۆ بابەتی پرساندنەکە هەمانە، بەرێزان تەوەری دووەمی راپۆرتەکە کە بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کرد ئێستا بە هەمان شێوە بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێکی کوردستان پشتیوانی لە هەمان تەوەری دووەم ئەکات، هەمان ئەو بابەتەیە کە لە وەلامی بەرێز سەرۆکی حکومەت هاتووە، ئەگەر ئەلێن هەمان وەلاممتان بۆ ئەخوێنینەوە، ئەگەرنا ئەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت هەمان ئەو بابەتەیە کە بەرێز سەرۆکی حکومەت ناردوویەتی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر کازم تەنیا لەسەر ئەو وەلامەی بەرێز جێگری حکومەت چیت هەیە؟

**بەڕێز کازم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرساندنەکەمان بۆ حکومەت بوو، حکومەت لێرە نییە، لەبەر ئەوە هیچ قسەمان نییە، حکومەت لێرە بووایە جوابمان ئەدایەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەچینە سەر دۆسیەی پرساندنی بەرێز وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کە بەرێز دکتۆر شێرکۆ پێشکەشی کردووە، بەلام لەبەر ئەوەی بەرێزیان لە هۆلەکە نییە، ئەمەش مانای ئەوە نییە بەرێزیان چووە دەرەوە ئەندامەکانی تر هەمووی رەزامەندە، بۆیە پرساندنی دکتۆر شێرکۆش کە هەمان ناوەڕۆکی پرساندنەکانی تری هەیە بۆ بەرێزتانی ئەخوێنینەوە:

پالپشت بە هەردوو ماددەی (٦٨و٦٩) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامان واژوومان کردووە و داوای دانیشتنی تایبەت بە پرساندنی وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم ئەکەین لە بارەی بریاری سەر لە نوێ برینی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە لە بەرواری ١٧-٨-٢٠٢٠ دراوە بێ ئەوەی پالپشت بێ بە هیچ یاسای و بریارێك، بۆمان روون بکەنەوە ئەو بریارەی حکومەت پالپشتە بە چ پشتیوانییەکی یاسایی، سەرەرای ئەو لێبرینە لە کاتێکدایە شەفافیەت نییە لە داهاتەکان و داهاتی ناوخۆ و خالە گومرگییەکان و بەهای نەوتیش لە بازارەکانی جیهان بەرز بۆتەوە، وێرای رەوانەکردنی بری (٣٢٠) ملیار دینار

لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، فەرموو بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەلامی بەرێز وەزیری دارایی بخوێنەوە.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەلبەتە وەزیری دارایی نووسراوەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، دوایی ئەنجومەتی وەزیران بە نووسراوی فەرمی بۆ ئێمەی ناردووە، سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانی کوردستان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، من وەزیری دارایی و ئابووری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە رێکەوتی ٢٨-٧-٢٠٢٠ ئەنجام درا ئامادە بووین سەبارەت بە بابەتی مووچە و تەمویل کردنی ٧٩% مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان روون کردنەوە و بەرچاو روونیمان دا بە پەرلەمانتاران و وەڵامی پرسیارەکانمان دانەوە، لە دانیشتنی ژمارە (٨)ی پەرلەمانی کوردستان لە رێکەوتی ٥-١٠-٢٠٢٠ ئەنجام درا ئامادە بووین بابەتی دانیشتن تایبەت بوو بە خستنە رووی چەند بابەتێکی گشتی و گفتوگۆ لەسەر داوای بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پێی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان رێکخرابوو، لەو دانیشتنە راپۆرتی حکومەت لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خرایە روو کە ئەو تەوەرانەی لە خۆ گرتبوو:

١ پرۆسەی چاکسازی.

٢٠ بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەش کردنی مووچە و پلانی روو بەروو بوونەوەی قەیرانی دارایی.

٣- دۆخی تەندروستی و روو بەرووبونەوەی پەتای کۆرۆنا.

٤- گفتوگۆ و دانووستان لەگەل بەغدا.

دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە دەرگای گفتوگۆ کرایەوە و بە شێوەی راستوخۆ لەگەل پەرلەمانتاران گفتوگۆمان لەسەر گشت تەوەرەکانی راپۆرتەکە کرد و وەڵامی پرسیاری ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانمان دایەوە بەپێی تایبەمەندی وەزارەتەکەمان، لە تەوەری دووەمی راپۆرتەکە کە تایبەت بوو بە بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەش کردنی مووچە و پلانی رووبەروو بوونەوەی قەیرانی دارایی بە شێوەی راشکاوانە تیشك خرایە سەر بابەتی قەیرانی دارایی و هۆکارەکانی و هۆکاری تەمویل کردنی ٧٩% مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ ماوەی دوو مانگ هاو بابەتە لەگەل ناوەرۆکی بابەتی پرساندنەکە، بۆئەوەی ئێمەش ئەکید لەسەر ناوەرۆکی دووەمی بابەتەکەی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەکەینەوە وەکو وەڵام بۆ بابەتی پرساندنەکە، بەرێزان بەرێز وەزیری داراییش لە وەڵامەکە جەخت لەسەر ناوەرۆکی تەوەری دووەمی ئەو راپۆرتە ئەکاتەوە کە لە دانیشتنی ئاسایی رۆژی ١٠/٥ لە لایەن بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خراوەتە روو وەکو وەڵامێك بۆ بابەتی پرساندنەکە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر شێرکۆ لێرە نیە تا بڵێین چی ترت هەیە، ئامـاژە بە بڕگەی ( ٣) لە ماددەی (٧١) بڕگەی یەکەم کە هاتووە دواتر دەرفەتی ئاخاوتن بۆ ماوەی دوو خولەك ئەدرێتە هەر یەك لەو ئەندامانەی پێشتر ناوی خۆیان تۆمار کردووە، دەرفەت ئەدەین بەو بەرێزانەی پێشتر ناوی

خۆیان تۆمار کردووە، (ئومێد خۆشناو، زیاد جەبار، گوستان سعید، باپیر کاملا، رۆمیۆ هەکاری، محمد سعدالدین)، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بابەتێك قسە ئەکەین، بابەتی پرسانندیش بابەتێکە نە خواستی هیچ لایەکە نە خواستی حکومەت و هیچ ئەندامێکی پەرلەمانیشە، بەلای ئێمە چ لە کۆبوونەوەی ١٠/٥ وەڵامەکانی حکومەت کە دراوە باوەڕ پێهێنەر بوون، چ لە نامەی بەڕێز سەرۆك وەزیران کە ئاراستەی پەرلەمانی کردووە، پێمان وایە وەڵامەکە باوەر پێهێنەرە و تایبەت بە بابەتی کۆکردنەوەی داهات کە کاری پەرلەمان نییە، حکومەت کاری خۆی ئەکات، پەرلەمان چاودێری ئەکات، پێمان وایە جۆری خستنەڕووی ئەو بابەتە هەموو پرۆسەکە خەمی خەڵك نەبووە، کێبرکێی سیاسیە، شکاندنی یەکترە، بابەتێك نییە وەڵامی خەڵك و خواستی خەڵك بێ، ئەوەی باسیش لە کۆی داهاتوو فرۆشتنی نەوت ئەکات ژمارە دروست کردن ئاسانە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆ ڕای گشتی و بۆ ئەو پەرلەمانە ئەڵێین ئەو ژمارانەی باس لە کۆی داهاتوو سەرچاوەکانی داهات و کۆی داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان ئەکەن دوورن لە ڕاستییەوە، ئەبێ خۆشمان لە بابەتی خەیاڵی بە دوور بگرین، لە رووی واقیعیەوە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکدایە وابەستەیە بە بابەتی کۆرۆنا، کێشەکانی هەولێر بەغدا، واز لە قسەی سۆزداری بێنین، پێمان وایە گفتوگۆ لەگەل ئەو جۆرە بیرکردنەوەی بڕیاری پێش وەختی هەیە نامانگەیەنێتە ئەنجام، دە رۆژیش لەو پەرلەمانە بەرێزە گفتوگۆ بکەین کێشەی خەڵکی پێ چارەسەر نابێ، لەبەر ئەوەی سیاسییە و خەمی خەڵك نییە، وەڵامی سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی خرایە روو، وەڵامی حکومەت بە ڕوونی دە سەعات گفتوگۆ لەگەڵ پەرلەمانە بەرێزە کرا، واقیع و دۆخەکە وکو خۆی خرایە ڕوو، بۆیە داواکارین ئەبێ رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرین، وەڵامی حکومەت بخرێتە دەنگدان ئەو کات دەرئەچێ راستی لای کێیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ووشەی موزایەدە لە پرۆتۆکۆل ئەرسێتەوە کە بەڕێز کاك ئومێد بەکاری هێنا، فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی (٧٣) برگەی (٤) قسە ئەکەم، سەرباری خراپی دۆخی مووچەخۆر لە هەرێمی کوردستان و دۆخی بازار و لێبرینی مووچەی فەرمانبەران و و نەهاتنی پرۆژەی بوودجە بۆ پەرلەمان، بە تێگەیشتنی ئێمە لە دۆخی خراپی ئێستا وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان باوەڕی تەواومان بە وەڵامەکانی بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەت هەیە سەبارەت بەو پرسیارانەی ئاراستەی کراوە، بە دەقیقی وەڵامی داوەتەوە، لە دانیشتنی ژمارە کە (١٠) سەعات قسە کراوە و وەڵام دراوەتەوە بە دەقیقی، لەبەر رۆشنایی ئەو روون کردنەوەی ئێمە لە فراکسیۆنی سەوز لە ئێستا بۆ ئەو بارودۆخە سیاسیەی ئێستا لە رووی ئابووری و تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە هاتۆتە ئاراوە، دانیشتنی تایبەت بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە

بەرێزیان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نابینین، داواکارین لە بەرێزتان ئەو پرسە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵستان خان.

**بەرێز گوڵستان سعید حمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان بە بڕوای ئێمە ئەو دۆخی داراییەو ئابووریەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بە بڕینی مووچە بەو قەیرانە دارایی و ئابووری کە کە رووی لە هەرێمەکەمان کردووە لە دەرئەنجامدا دەرئەنجامی خراپ ئیدارە دانی ئەم وڵاتەیە لە رابردوودا لە (٢٩) ساڵی رابردوودا نەتوانراوە ژێرخانێکی ئابووری بەهێز بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکرێ، بە پشت بەستن بە ماددەی (٧٣) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بڕگەی (٤) لەو سۆنگەیا وەڵامەکانی بەرێز وەزیری دارایی، بۆ ئەوەی بڕوا پێهێنەرە، چونکە ترس نییە لەو بارودۆخە ئابووریەی کە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام پێویستە هەنگاوەکانی جاکسازی خێراتر بکرێ لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی داهات فرە رەهەندی داهات و چارەسەرکردنی گرفتەکانی سەر سنوور و بەرپرسیارەتی و هەماهەنگی لە ئەنجومەنی وەزیران ئەکرێتە ئەستۆی کۆی ئەو لایەنانەی کە لە حکومەت بەشدارن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەرێز رۆمیو حوزیران نیسان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کەس لە خوشك و برایانی پەرلەمانتار و نە هیچ کەسێك و لە هەرێمی کوردستان من پێم وایە نکۆڵی لەوە ناکا کەوا بارودۆخەی ژیان و دارایی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، بارودۆخی سەرجەم کوردستان بارودۆخێکی خراپەو نالەبارە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئێمەمانانیش زۆرێك یاخود بەشی هەرە زۆری ئەو هۆکارانەن ئەم بارودۆخە بەو ئاستە بگات کە خەڵك کوێی لە ژیان خۆی لە بارودۆخی دارایی و خۆیان بکەن، هەروەها ئێمە پێمان وایە ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە لە خراپی وەزعی خەڵك و بارودۆخی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان، من پێم وایە بە شێوەیەکی باشتر رێك و پێك تر ئێمە هەنگاوی بۆ بنێین، هەر هەموومان بەر پرسین لەوەی کە بتوانین بارودۆخەکە بەرەو چارەسەرێکی گونجاو ببەین و، پرسیاریش من پێم وایە جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و بەرێز وەزیری دارایی لەو دانیشتنەی ١٠/٥ ئەم مانگە هۆکارەکان زۆر بە ووردی خستیانەڕوو لە سەر چی بۆچی ئەم بارودۆخە نا لەبارە دروست بووە و وتیان کە کە هەموومان بەر پرسین لەوەی کە دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە کە ئێمەمانانیش وەکو پەرلەمانتاران وابزانم ئێمەش بەرپرسین، بۆ ئەوەی بتوانین بە دواداچوون بۆ ئەو بارە نا لەبارە بکەن، بۆ ئەوەی حکومەتیش بتوانێ چارەسەری گونجاو بکات، دواتریش چارەسەری گونجاو بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش تەشکیلکردنی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان لایەنە تورکمانەکانی پەرلەمان کە بەشداریمانکرد لە حکومەت، حکومەت دەستی کرد بە تەنزیمکردنی کاروباری ئیداری باشکردنی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان، بەڵام پاش تەشکیلکردنی کابینەکە کە بینیمان لە عیراق و هەرێمی کوردستان هەندێك شت لە دەرەوەی ویستی هەرێمی کوردستان روویاندا ئەویش ئەو دۆخە خراپەی لە عیراق و ئەو خۆپیشاندانانە کە بوونە هۆکاری ئەوەی رووخانی حکومەتی عیراق و تەشکیلکردنی کابینەیەکی نوێ و هەروەها مەسەلەی پەتای کۆرۆنا و کەم بوونەوەی داهات بووە هۆکاری ئەوەی کە هەندێك شت لە دەرەوەی ئیرادەی حکومەتی هەرێم بکرێت، بۆیە ئێمە لەو دۆخە هەستیارەی کە هەرێمی کوردستان پێدا تێپەر دەبێت و عیراقیش تێدا پێ تێپەر دەبێت بە باشی دەزانم کە ئێمە زیاتر هەوڵبدەین کە پارێزگاری لە یەك ریزی هێزە سیاسییەکان بکەین و ئەرکێکی نیشتمانییە کە پاڵ پشتی دامەزراوە نیشتمانییەکانی حکومەت بکەین، بۆیە وەك لایەنە تورکمانییەکان وەڵامەکانی بەرێز سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی بە باوەر پێهێنەر دەزانین، داوا دەکەین ئەو پرسە وەکو برادەرەکانم بخرێتە دەنگدان، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان سەرنجتان بۆ ماددەکانی (٥٤و ٨٨) رادەکێشم کە باس لە قسەکردنی ئەندامانی پەرلەمان دەکات، لە هەردووکیاندا نووسراوە ئەندامەکە ناوی تۆمارکردبێت، بە تەنها لە پرساندن نووسراوە پێشتر ناوی تۆمارکردبێت، لە بەر ئەوە هیوادارم بۆ جارێکی تر هەمووومان بە باشی پەیرەوەکە بخوێنینەوە بتوانین ئیستیفادە لەو ئیمتیازە پەیرەوە بکەین بۆقسە کردن دەمان داتێ، پێم خۆش بوو بهێڵم هەموو ئەوانەشی کە ناویان تۆمار نەکردووە قسە بکەن، بەڵام ئێمە ئیلتیزام بە پەیرەو دەکەین ئێستا بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دوای ئەوەی پرساندن خرایە روو وەڵامەکانتان کوێ لێ بوو لەلایەن بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە خوێندرایەوە کاك باپیر ناویشم نوسیوە، جەنابت قانوونی روپاك خان ناوت پێشتر نوسیبایە، فەرموو کاك باپیر ناوت پێشتر نوسیبو،و یەکێکتان لەبەر حورمەتی ئەم مەجلیسە ئیتفاق بکەن لە بەینی خۆتان.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو دۆخەی هەرێمی کوردستان پێدا تێپەر دەبێت، دۆخێکی جیاوازە لە هەموو قۆناغەکانی تر چ بە کاریگەری کۆرۆنا، پەتای کۆرۆنا کە بڵاو بۆوە سەرتا سەری جیهانی

گرتۆتەوە، کاریگەری لەسەر حەرەکەتی تیجاری و ئابووری داناوە لە هەمان کاتیشدا عیراقیشی گرتۆتەوە، ئەوە لە لایەك لەلایەکی تر ئەو ناوچەی کە ئێمە تێیدا دەژین ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناوەراست بە کۆمەڵێك گیرو گرفتەوە دەناڵێنین، ئەویش ئەو کێشە وگرفتانە بریتین لەو کێشە بەشێوەیەکی گشتی مێژووی قوڵیان هەیە و تا ئێستاش مل ملانێکەش چڕبۆتەوە لە نێوان وڵاتاندا لەسەر ئەو هەرێمە، لەسەر ئەو ناوچەیە، بێگومان هەموو ئەو رەنگدانەوانە کاریگەری دەبێت لە دوای کۆرۆناش کاریگەری دەبێت گۆرانکاری دێتە پێشێ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی ئەو دۆخەی تێی کەوت دوای نەناردنی بوودجە کە لە ساڵی رابردودا (٤٥٠) ملیار جارێك جارێك (٣٢٠) ملیار، جارێکی تر (٣٢٠) ملیاری ناردووە، دواتر مانگەکانی (٥و ٦ و ٧) ی نەناردووە، هەموو ئەوانە بۆتە کێشە بۆ داهات ئەوکات حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە وەفدێك هاتن بۆ ئێرە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش جێگرەکەیی و وەزیری دارایی بێگوومان راپۆرتێکی هەمەلایەنانەیاندا بۆ وەڵامی پەرلەمانتاران پرسیارو وەڵامەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کوردستان چاوەرێی ئەوەی هەیە کە ژیانی باشتر بکرێ بە کۆمەڵێك گیروگرفت و کێشەوە دەناڵێنێ هەرێمی کوردستان چارەسەری ئەو کێشانە بکا، ئێمە وەك پەرلەمانی کوردستان دوو وەزیفەمان هەیە وەزیفەیەکی سیاسی وەزیفەیەکی قانوونی، بێگومان ئەوەی پرساندن پەیوەندی بە پرساندنەوە راستە کێشەکە رووکارێکی قانونی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی سیاسی هەیە ئەو دۆخە سیاسییە بەرای من رێگا نادا بە ئێمە ئاڵۆزییەکی سیاسی و فەراغێکی سیاسی دروست بکەین بێتە مایەی فەراغی ئیداری و قانوونی، بۆیە دەبێت ئێمە لەو قۆناغەدا وا بکەین ئیدانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت و هانی بدەین بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵك و داهاتەکان زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەینی خۆتاندا یەکێکتان قسە بکەن فەرموو روپاك خان، بەردەوام بە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە دەزانین روپاك خان بە پێی ئەم پەیرەوە حەقی قسەکردنی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی دکتۆر شێرکۆ کە یەکێکە لە پرس هێنەرەکان کە هیچ قسەی نەکرد و ئێمە راوێژمانکرد دەرفەت بدەین بە یەکێکیان، فەرموو روپاك خان.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەوە ستەمە لە پەرلەمانتاران بە تایبەت بە ئۆپۆزسیۆن دەکرێت ئەو (٢٣) پەرلەمانتارەی کە داوای پرساندنمان کردبوو دەبوو یەکە بە یەکە بە پێی پەیرەو لە ماددەی (٧٢) پەیرەو دەڵێ ئەو پەرلەمانتارانەی داوای پرساندنیان کردووە دەبوو رێیان پێبدرێ.......

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان یەك لەحزە، ماددەی (٧٢) لە برگەی چەندەمدا دەڵێ چی؟

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (٧١) دواتـر دەڵـێ دەرفەتـی ئاخـاوتن بـۆ مـاوەی دوو خـولەك دەدرێـتە هەر یەك لەو ئەندامانەی كە پێشتر ناوی خۆیان تۆماركردووە ئەو پێشترە كەی؟ چەند كاتژمێر.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دە دەقە پێشتر بهاتیتایە.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەی واژووییەكە ناو تۆماركردن نییە، (٢٣) پەرلەمانتار داوامان كردووە؟

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو ستەمە لەو (٢٣) پەرلەمانتارە دەكرێ دەمەوێت قسەی خۆم بكەم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان ئامـاژە بە بڕگەكـانی بـڕگەی چـوارەم لە مـاددەی (٧٣)ی پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان و بڕگەی دووەم لە مـاددەی (٧٤)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان كە یەكێك لە پرسهێنەرەكان داوای جەلسەی لێ سـەندنەوەی متمـانە دەكـا و، ئەمەش پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمانە، سەبارەت بە وەڵامەكانی بەرێـزان ئەنجـومەنی وەزیـران هەر ئەندامێكی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بە یەك جەلسە كۆتایی پێ بێت و نەچینە قۆناغێكی تـر، بـا بفەرمـێ دەنـگ بـدات؟ بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بە دەنگـی (٨١) ئەنـدامی پەرلەمـان پرساندن لێرەدا كۆتایی پێ دێ و جەلسەی لێسەندنەوەی متمانە ئەنجام نادرێ.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی
چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\١١\٢٥
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)
## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٥

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٥ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوار شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/١١/٢٥) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ خوێندنەوەی یەكەم و گفتوگۆكردنی راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەكانی رەوەندی كوردستانی سەبارەت بە دیاردەی كۆچكردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی بڕگەی یەكەمی ماددەی/٦٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم/ خستنەڕووی راپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون كە بە بڕیاری ژمارە/٨ ی ساڵی ٢٠٢٠ پێكهێنرا.

سێیەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی ماوەكانی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی ماددەكانی/ ٨٧ و ٨٨ و ٨٩ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، سەرەتای كۆبوونەوەش داوا لەبەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەم كە كارنامەی كۆبوونەوە یان پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بەبێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەكانی (٤٧و ٤٨و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێككەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٥ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەم و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکانی ڕەوەندی کوردستانی سەبارەت بە دیاردەی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
دووەم/ خستنەڕووی ڕاپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون کە بە بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢٠ پێکهێنرا.
سێیەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی ماوەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠ و ٥٢) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامان، ئامادەنەبووبە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە و پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:
١- پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆڕی گەنجینەکانی ئاوو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان.
٢- پێشنیازە یاسای بەڕێوەبەردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان.
٥- دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز عمر عبدالله فتاح لە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.
٦- گفتوگۆی پرساندنەکانی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٩)ی پاییزە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٧ هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە (بدریە اسماعیل محمود، دیاری انور حمەرحیم، راهی رەهبەر ابراهیم، سفین عولا عمراغا، سیروان فرج محمد، ظاهر محمد علی، محی الدین حسن یوسف، مم اسکندر مم، محسن حسین مستەفا، دابان محمد حسین، شایان کاکە صالح، شیرین امین عبدالعزیز، علی حمەصالح).
بەپێی بڕگەی (٧) لە ماددەی (٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێن ئەوانە، ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت لە لیژنە هەمیشەییەکان ئامادەنەبوون:
لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨:
محسن حسین مستەفا/ مۆڵەت

لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨:
(راهی رەهبەر ابراهیم، هەژان حسن احمد، همداد صباح بلال ) مۆڵەت
سەروان محمد علی/ ئامادەنەبوو
لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨:
رزگار محمد محمود/ مۆڵەت
لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨:
(مم اسکندر مم، هدیە موراد حیدر، شیرین امین عبدالعزیز، سیروان فرج محمد) مۆڵەت
لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی ٢٠٢٠/١١/٢:
کاروان عبدالرحمن، سیروان فرج محمد/ مۆڵەت
محمد سعدالدین انور، زیاد جبار محمد/ ئامادەنەبوو.
لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری ٢٠٢٠/١١/٢
محمد سعدالدین انور/ مۆلەت
شێرکۆ جودت مستەفا/ مۆڵەت
ارشد حسین محمد/ مۆلەت
لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە ومافی بەکاربەر لە ٢٠٢٠/١١/٢
زانا خالد سمایل، لقمان حمد حاجی/ مۆلەت
لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ٢٠٢٠/١١/٣
بدریە اسماعیل محمود، زانا خالد سمایل/ مم اسکندر مم، همداد صباح بلال/ مۆڵەت.
لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە ٢٠٢٠/١١/١٠
ریڤینگ محمد محمدعلی، هەژان حسن/ همداد صباح بلال/ مۆلەت
سەروان محمد علی
لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:
فرید یعقوب ایلیا، اشنا عبدالله قادر، هلز احمد محمد/ مۆڵەت
لیژنەی وزەو سامانە سروشتیەکان وپیشەسازی و بازرگانی:
سەرکۆ ئازاد حسین، شێرکۆ جودت مستەفا، پێشەوا طاهر مصطفی، رێبوار عبدالرحیم عبدالله/ مۆلەت
لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت لە ٢٠٢٠/١١/١٦
گلستان سعید محمد، شیرین یونس عبدالله/ مۆڵەت
لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان
شوان کریم محمد، دابان محمد صالح، هەورامان حمەشریف/ مۆڵەت
لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فرید یعقوب ایلیا، اشنا عبدالله قادر، گلستان باقی سلیمان/ مۆڵەت
لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار
سیپان سالم حسن، رزگار محمد محمود، سەرچنار احمد محمود/ مۆڵەت
لیژنەی کاروباری شەهیدان وجینۆساید و زیندانیانی سیاسی

بەهمەن كاك عبدالله، لەنجە ابراهيم عبدالرحمن، عوسمان علی سمايل، ادريس سمايل عبوش/ مۆلەت
لیژنەی كاروباری پێشمەرگە
سەروان محمد علی، سعيد مستەفا تەتەرخان، باپیر كاملا سليمان/ مۆڵەت
لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری
سيپان سالم حسن/ مۆلەت
لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئایینی
جهاد حسن ابراهيم/ مۆلەت
هديه موراد حيدر، كاظم فاروق نامق، كلارا عوديشو يعقوب، اسماعيل علی طه/ مۆلەت
لیژنەی شارەوانی و گەیاندن و گەشتوگوزار
زيدان رشيد خان اودل/ مۆڵەت
كلارا عوديشو يعقوب/ مۆڵەت
سيپان سالم حين/ مۆڵەت
رزگار محمد محمود/ مۆڵەت
لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری
سيپان ساڵم حسن، هلز احمد محمد/ مۆلەت
لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری
ليزا فلك الدين كاكەيی، شێركۆ جودت مستەفا، سەركۆ ئازاد گەڵاڵی/ مۆڵەت
لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەكاربەر
شايان كاكە صالح، شنۆ اشقی عبدالله/ مۆڵەت
لیژنەی كاروباری پەرلەمان و سكاڵا
شايان كاكەصالح/ مۆڵەت
سەروان محمد علی، راهی رەهبەر ابراهيم، فريد يعقوب ئيليا/ ئامادەنەبوو
لیژنەی كاروباری پێشمەرگە
حكمت محمد عبۆ زياد/ مۆڵەت
باپير كامەلا سليمان، بژار خالد عبدالله/ مۆڵەت
لیژنەی دەستپاكی
هێڤيدار احمد سليمان/ مۆڵەت
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمرۆ ٢٥/نۆڤەمبەرە، ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە، لەم ڕۆژەدا سڵاو بۆ روحی بەرزەفڕی ئەو ژنانەی بە ناحەق و بە پاساوی ناڕەوا ئەكوژرێن، ئازایەتی و خۆڕاگری بۆ ئافرەتانی ئازا كەلەسەر مافەكانی خۆیان ڕۆشتن، هاوكات هەر لەم ڕۆژەدا داوا لە دادگاكان و لایەنە پەیوەندارەكان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین كە لە جێ بەجێ كردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە

ژنـان ڕشـت و کـارا بـن و داوا دەکەیـن لیـژنەی داکـۆکی لە مافەکـانی ئافرەتـان لە پەرلەمـانی کوردســتان بەهەمــاهەنگی لەگەڵ ئەنجــومەنی بــاڵای خانمــان و بەڕێــوبەرایەتی گشــتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ کەموکورپەکانی یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بکەن بە پێشنیازە یاسایەك بۆ ئەوەی پێشکەشی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن داکۆکی کاری ڕاستەقینە بن لە مافەکانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستـان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بەجێ بەجێ کردنـی بەرنـامەی کارەکەمـان دەکەیـن، پـێش ئەوە دەمانەوێ سەبارەت بە دوو یاداشت کە بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بە ژمـارەی یاسـایی پێشکەشتان کردبوو، ئێمەش لە کۆبوونەوەی سێ سـەرۆکایەتیەکە هەم ئـێمە داوامـان کردبـوو، هەم ئەوان خۆیـان داوایـان کردبـوو، وە دەیانویسـت ئامـادەی کۆبـوونەوەیەکی پەرلەمـان بـن سەربارەت بە دۆخی مووچە، دانوستانەکان و هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستـان لەسـەر بابەتی یاسای پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی لە عیراق، بەڵام دواتر هەر خۆیان داوایان کـرد بـۆ ئامــادەکردنی ڕاپــۆرتێکی باشـتر و ووردتـر بـۆ پەرلەمــانی کوردســتان و دوای ئەنجامــدانی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بۆ خۆیان جارێ کۆببنەوە بزانن دەیـانەوێ چـی بکەن ئینجا دێنە پەرلەمـانی کوردسـتان، بەڕێزیشـتان دەزانـن ئەمـڕۆ ئەو کۆبـوونەوەیە دەکـرێ، بێگومـان دوای ئەوەی کە ئەو کۆبـوونەوەیە دەکـرێ و بڕیـار لە نـاردنی شـاند دەدرێ ئـێمە ئەو کۆبـوونەوە تـایبەتەی کە بڕیارمـان لێـداوە پێشـتر دەیکەیـن، گـرنگە بۆمـان بـزانین حکـومەتی هەرێمی کوردستان پلانی چییە بۆ دابین کردنی مـووچە بـۆ فەرمـانبەرانی هەرێمـی کوردستـان، بەڵام دەمانەوێ کۆبوونەوەیەکی بنیادنەری بەرهەمهێن بکەین کە بەڕاستی لە خزمەتـی خەڵکـی کوردسـتان و خزمەتـی پرۆسـەی سیاسـی و لە خزمەتـی ئەو پەیوەنـدیە تەکـامولیە دابـێ کە لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دا هەیە، بەڕێـزان ئـێمە هەفـتەی پێشوو سەبارەت بە خاڵی پەیڕەوی کۆمەڵێك تێبینی خۆمانمان بۆ ناردبوون، ئێستاش دەمانەوێ بە بەڕێزتـان بڵێـین ئەو تێبینیـانەی کە ناردوومـانە تێبینـی پەیـڕەوی و قـانونی، هەر خاڵێـك لە سیاقی ئەو تێبینیانە نەبێ بەڕێزە ئێمە بەخاڵی پەیڕەوی ئەژمار نـاکەین و دەبێـتە هـۆی لادان لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان و کـردنەوە دەرگـا لەسـەر کۆبـوونەوەیەك کە هـیچ نیزامێکی تیا جێ بەجێ نابێ، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من دوو نوقتەی نیزامی زۆر بە کورتیم هەیە، یەکەم/ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کە پەرلەمـان سەرپەرشـتی دەکـات مـن نـازانم دەپرسـم بـۆچی ئەوەنـدە تـاخیر بـووە لە بڕیـاردانی سـەرۆکی ئەم دەسـتەیە کەچـی زۆرێـك لە دەسـتەکانی تـر هەموویـان یەکلایـی کـراوەتەوە کە ئەمەش... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خاڵی پەیڕەوی نییە، خاڵی پەیڕەوی ئەوەیە ئێمە لەم کۆبوونەوەیە لە یاسـا لامـان دابـێ لە دەستوور لامان دابێت و لەپەیڕەو لامان دابێت، ئەوەی دووەمت؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیرهێنانەوەیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دووەم/ من پێموایە ئێمە لە زۆرێك لە خولەکانی تری پەرلەمان، من نالێم یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان، بەڵام دوای یەکەمین دانیشتن زۆرجار بووە کە دانیشتنێکی تایبەت بە کاروباری پەرلەمانتاران بکرێت، ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش خاڵی پەیڕەوی نییە سوپاس، کاك ئومێد خۆشناو فەرمووو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پاڵپشت بە ماددەی/٥٦ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەو پەیڕەوەی کە ڕێچکەی ئەساسی کارەکانی پەرلەمانە لە ٢٠١٨/٧/١٧ پەسەند کرایە، ئەو پەیڕەوە سەرۆکی لیژنەیەکی هەبوو لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو جوانەمەرگ بەڕێز پارێزگاری هەولێر (فرست سۆفی) کۆچی دوایی کرد، من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد وەکو یاد و وەفایەك پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ قسەیەك دەربارەی ئەوە بکات کە ڕۆڵی ئەو جوانەمەرگە لە دەرچوونی ئەو پەیڕەوە زۆر گرنگ بوو، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەو یادە، دوو/ پێشنیاری ئەوە دەکەین وەکو وەفایەك و مانەوەی ناوی ئەو کەسە لەناو پەرلەمان کە بەڕێزیان یەکێك بوو لە ئەندامانی پەرلەمان لە ٥ ساڵی ڕابردوو و لە خولی چوارەم دا ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، هۆڵێك لە هۆڵی لیژنەکانی پەرلەمان بەناوی بکرێت، دوو/ هەر تایبەت بە خاڵێکی پەیڕەوی ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانە هیچی خاڵی پەیڕەوی نین، بەڵام ئێمە تەقدیری ئەوە دەکەین کە بابەتەکە پەیوەندی بە جەنابی (د.فرست)ەوە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەشێکن لە مەسئولیەتێکی پەیڕەویتان هەیە لە پاراستنی شکۆی پەرلەمان، لەچەند ڕۆژی ڕابردوو سەرۆکی حیزبێك باس لە هەندێ ئیمتیازات دەکات لەو پەرلەمانە وجودی نەبووە، گوایە سەیارە دراوەتە ئەندامی پەرلەمان گوایە پاسپۆرتی دیبلوماسی دراوەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە واجبی قانونی ئێوەیە ڕوونکردنەوە بدەن بۆ بەلاڕێ دابردنی ئەو بابەتە، ئەگەر وایە بەرچاو ڕوونی بدەن بە ئێمە لە پەرلەمان و بۆ ڕای گشتیش بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان قسەکانی کاك ئومێد لەڕاستی دا خاڵی پەیڕەوی نەبوون بە گوێرەی ئەوەی کە ئێمە دابوومانە بەڕێزتان، بەڵام دروستە، ئێستاش من داواتان لێ دەکەم دەقیقەیەك وەستان بۆ روحی پاکی هاوڕێمان کاك (فرست صۆفی)، فەرموون زۆر سوپاس، کاك د.فرست یەکێك بوو لە پەرلەمانتارە هەرە باشەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو کە پەیڕەوی تازەی پەرلەمانی کوردستانمان بەیەکەوە ئامادە کرد، سڵاو لەروحی پاکی و

انشالله ئەمرۆ لە هەموو ڕۆژێکی خۆشتر دەبێ و لەبەهەشتی بەریندا دەبێ، بەم دوعایانە دەبێ کە خەڵکی کوردستان لەڕۆژانی وەفاتی و مەراسیمەکەدا بۆیان کردووە، بەڕێزان سەبارەت بە خاڵی دووەم، بەڕاستی ئەویش پەیڕەوی نییە، بەڵام ئێمە ناکرێ لە پەرلەمانی کوردستان هەر کەسێك قسەی کرد ئێمە دانیشین وەڵامی بۆ ئامادە بکەین، چونکە ڕۆژانە قسە لەسەر پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، بەڵام لەم خولەی کە ئێمەی لێین، ئێمە سەرۆکایەتی ئەم پەرلەمانە دەکەین ئەندامی پەرلەمان جگە لە ٥٠%ی مووچەکەی هیچ جۆرە ئیمتیازێکی نییە، ئۆتۆمبیلی وەرنەگرتووە، بە حەقی خۆی و بە پارەی خۆی ئۆتۆمبیلی کڕیوە، ئەوە بە قیست پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، ئەمە پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە نییە لە پارەی گشتی نەیکڕیوە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وەکو ئەوەی باس دەکرێ ڤێلای دراوەتێ و شوقەی دراوەتێ، وەکو مدیر ناحیەیەك، وەکو قائیمقامێك، وەکو دادوەرێك، وەکو وەکیل وەزیرێك، وەکو وەزیرێك، وەکو هەر کەسێك کە لە شوێنێکەوە دێت و لە شوێنێکی تر ئیش دەکات، ئەندامی پەرلەمان لە کەلارەوە دێت، لە زاخۆوە دێت، لە بەردەڕەشەوە دێت، لە دەربەندیخانەوە دێت، لە کفریەوە دێت، لە شارەزوورەوە دێت، لەوپەڕی دنیاوە دێت بۆ ئێرە، چۆن مدیر ناحیەیەك حەقی ئەوەی هەیە لە ناحیەکەی خۆی شوێنێکی هەبێ، ئەوانیش شوێنێکیان هەیە، هیچ یەکێك لەم خانوانە نابێ بە هیچ یەکێك لەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە، خۆشیان پارەی خزمەتگوزاری و شوقە و خانوەکانیان دەدەن، پەرلەمانی کوردستان بەیەك سەنتیش هاوکاریان ناکات لەڕاستی دا، لەبەرئەوە هەرچی ئەوترێ ئەوترێ، هیچ ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان پاسپۆرتی دبلوماسی نییە، هیچ ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان جگە لە ٥٠%ی مووچەکەی هیچ جۆرە ئیمتیازاتێکی تری نییە، ئەسڵەن ئەم خولەی ئەندمی پەرلەمان ئیفادیش ناکرێ، سەفەریش ناکات، هیچ ئیمتیازێکی نییە جگە لە ئیش و کاری خۆی بە پارەی خۆی، ئێمە بەنزینیان بۆ دابین ناکەین، مەسرەفی سەیارەکانیان ناکەین، هیچ شتێکیان بۆ ناکەین لەڕاستی دا، لەبەرئەوە ناکرێ هەر ڕۆژێك قسەیەك کراو ئێمە جوابی بدەینەوە، بە پێچەوانەوە ئێمە پێمانوایە لە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن ئیمتیازاتەکان زۆر زۆر زیاترن، بەڵام هیچ کەسێك لەبارەی ئەوانە هیچ قسەیەکی نییە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ لەکەدارکردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە بەداخەوە ڕەنگە ئێمەش خۆمان بەشێك بین لەو پرۆسەیە، سەرەتا داواتان لێ دەکەم هەمووتان ماسك ببەستن، ئێستا لەم هۆڵە ١٥ کەس ماسکی بەستووە، بڕواتان بێ ئێمە دەترسین، یەعنی ئێمە هەموومان لە هۆڵێکی بچووك داین، داواتان لێ دەکەم ماسکەکانتان ببەستن، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ پشت بەستوو بە خاڵی پەیڕەوی ژمارە (٥٤/ بڕگەی/٤) دەمەوێ باس لەسەر مەسەلەی دواکەوتنی مووچە و .......... .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەو بابەتە کۆبوونەوە دەکەین، گوڵستان خان سەبارەت بەو بابەتانە دەتانەوێ کۆبوونەوەی لەسەر بکرێ، لەسەر بەرنامەیکار بەهیچ شێوەیەك نوقتەی نیزامیتان لێ وەرناگرم

ئەوە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتییە کەی ئامادەکاری هەر بابەتێك تەواو بوو کۆبوونەوەی لەسەر دەکرێ، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) لەپەیڕەوی ناوخۆ ئێمە (٣٢) پەرلەمانتار واژوومان کردبۆ دانیشتنێکی تایبەت سەبارەت بە گرێبەستی (٥٠) ساڵەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك سەرکۆ، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، لەسەرەتایا ڕوونم کردەوە کە دانیشتنێك دەکەین سەبارەت بە هەردوو یاداشتەکە، سەبارەت بە یاداشتەکانتان لێتانی وەرناگرم، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەپێی ماددەی/٦٦ دانیشتنی تایبەت بە دیاردەی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دراوە، لەبڕگەی/١ کە ئەمە ئەگەر ئەمە دە پەرلەمانتار داوای بکات...... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ نەچووینەتە سەر ئەوە کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێ لایەنی پەیوەندیدار، وەزیری ڕۆشنبیری لایەنی پەیوەندار نییە، ....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی ئەوە نوقتە نیزامی نییە، ئیتر ڕێگە نادەم لێرە ئەوەی بیەوێ هەر قسەیەك بکات، با بچێ موئتەمەری سەحەفی بکات، ئەگەر ئێمە لێرە بێ نیزامیمان کرد ڕامان گرن، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، والله ئێمەش خاڵی پەیڕەویمان دیارە ماددەی/٤٨ و ماددەی/٦٦ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، کە کۆمەڵێك یاداشت بەڕای من ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ جوابی یاداشتەکانتان لەگەڵ سەرۆکایەتی موفاتەحە بکەن، لێرە نابێ، ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی/١٨ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، منیش هەمان قسەی هاوڕێکانم هەیە، پێویستە نوقتەی نیزامی وەربگری، ......... .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كامێرا بخەنە سەر روپاك خان، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مووچە نییە، خەڵك بژێوی خراپە، نازانم نوقتەی نیزامی ئێستا وەرنەگیرێ كەنگین وەردەگیرێ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان....... .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتە نیزامی نییە، حەقی خۆتانە داوا بكەن ئەگەر ئێمە موخالەفەیەكی قانونیمان كرد، بەڕێزان دەست بەجێ بەجێ كردنی بەرنامەی كار دەكەین، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق قسە دەكەم، كە بەپێی ماددەی/٢ ی ئەم یاسایە هەموو توندوتیژیەك و لێدان بە تاكەكانی خێزان ڕەد دەكاتەوە، بەداخەوە توندوتیژی خێزانی بەشێوەیەكی گشتی توندوتیژی بەرامبەر ......... .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، ئێمە هیچ بێ نیزامیەكمان بە ئێوە نەكردووە سەبارەت بەوە، زۆر سوپاس، ببنە موئتەمەری سحەفی ئەو قسانە بڕوا بكە ڕێتان پێ نادەم ئیتر ئەو قسانە بەناوی نوقتە نیزامی بكەن، بڕوا بكەن ئەوانە هی ناو هۆڵی پەرلەمان نین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەرفەت دەن، بەڕێزان لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان كە قسە دەكات كاتی قسەی خۆیەتی نوقتە نیزامی پێشكەش دەكات دەبێت كامیراكەی لەسەر بێت، كامیرا لەسەر من لادەن تكایە، ئێستا رەفیقێكی ئێوە نوقتەی نیزامی هەیە، سەرەی بدەن بۆ ئەوەی قسەكانی خۆی بكات، راگەیاندن هەتاوەكو كامیرای راگەیاندنی پەرلەمان نەچێتە سەر ئەو ئەندام پەرلەمانەی كە نوقتەی نیزامی پێشكەش دەكات ئێمە دانیشتنەكە ڕادەگرین، كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ڕاستی ئێمە هەموومان باسی جێ بەجێ كردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەكان دەكەین، بەپێی ڕێنماییەكانی حكومەت و وەزارەتی تەندروستی بڕیارێك دەرچووە هەر كەسێك ماسك نەبەستێ لە بازاڕ و شوێنە گشتییەكان (٢٠) هەزار دینار غەرامە دەكرێت، ئەو قانوونەش لەسەر خەڵكی فەقیر و هەژار لە جادەكان جێ بەجێ دەكرێت كەچی ئەندامانی پەرلەمان كە داوای پەیڕەوی ناوخۆ و داوای جێ بەجێ كردنی یاسا و داوای دەستورو دەكەن ئەم خاڵە جێ بەجێ ناكەن، بەڕاستی ئەمە پێویستە جەنابت ئیجرائاتی جدی بگریە بەر .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من ناتوانم (٢٠) هەزار دینار لە ئەندامانی پەرلەمان وەربگرم، بەڵام هەموو کۆبوونەوەیەك پێیان دەڵێین تکایە ماسکەکانتان ببەستن، ئەبێ پەرلەمانی کوردستان نوێنەرێکی باش و پێشەنگێکی باش و نموویەکی باش بێ بۆ خەڵکی کوردستان، مامۆستا عمر بۆ بەرامبەر بە من ئەوەت بەرز کردووەتەوە خۆ من سەرۆکی حکومەت نیم، بەدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەپێی ماددەی (٦٠) بڕگەی (٣) من هەم بابەتێکی کێشەی ئاوی چەمچەماڵ هەم بە یاداشت..... .

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هی ناو ئەم جەلسەیە نییە نییە لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند، پەیڕەوی نییە، بەدریە خان ئێرە شوێنی عەرزی مەشاکلە لە کاتێك دا کە کاتیەتی، ئێستا نە وەزیری لێیە، نە وەزیری تایبەتمەندی لێیە، منی لێم، من نە ڕەئیسی حکومەتم، ئەم رەفیقانەی لێن، نە تایبەتمەندین بە دابین کردنی ئاو، بەڕێزت ئەندامی پەرلەمانی وەزیری تایبەتمەند هەیە بەدابین کردنی خزمەتگوزاری زۆر ئاساییە دەتوانی بڕۆی لەگەڵیا قسە بکەی و داوای بکەی ئاوی چەمچەماڵ و ئاوی هەر شارێکی تر یەکێکە لەو خزمەتگوزاریانەی کە حکومەت دەبێ دابینی بکات، مامۆستا ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی/٥١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، خاڵی/٣ ڕۆژانی سێ شەممە و چوار شەممە تایبەتە بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، ئێمە ماوەی یەك مانگە ئەم پەرلەمانە کۆبوونەوەی خۆی نەکردووە، ئەو بڕگانەی کە ئەمڕۆش دانراون بەڕاستی ئێمە لە لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی داوامان کردووە کە ئەو گفتوگۆیە لەسەر کۆچی گەنجان چوار وەزیری مەعنی ئامادە بێ، وەزیری پلاندانان، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، سەرۆکی فەرمانگە....، ببورە لەبەرئەوە یەك وەزیر هاتووە، بالاجماع داوا دەکەم ئەم دانیشتنە تأجیل بکرێ، چونکە پرسێکی گرنگە ئێمە کۆبوونەوە بۆ کۆبوونەوە ناکەین بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشموایە هاووڵاتیانی کوردستان چاوەڕوانی ئەوکۆبوونەوەیەن بۆیە ئەبوایە ئەم یاداشتە ڕای لیژنەکەی ئێمەی بەئیعتبار وەربگرتایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس مامۆستا ابوبکر، سەبارەت بەو بابەتە، لەناو یاداشتەکە ناوی وەزیرەکان نەهاتووە، ئێمە خۆمان ئەو وەزیرەمان دانا، بەڵام ئەویش ئەمڕۆ ئیعتزاری هێناوەتەوە، لەبەر کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە ئەو کۆبوونەوەیە دواتر بە دەنگدانی بەڕێزتان دەخەینە هەفتەی داهاتوو دوو شەممەیان داوا کردووە، ئێمە ئەیخەینە ئەو کاتە هەر وەزیرێکی ترتان ویست ئەتوانین قسەی لەبارەوە بکەین، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکان فەرمووو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من زۆر پشوو درێژ بووم، ویستم بێمە سەر بابەتەکە ئینجا من قسەی لەسەر بکەم، لەڕاستی دا پرسی کۆچی گەنجان سەرهەڵگرتنی گەنجانمان بۆ دەرەوە پرسێکی زۆر گرنگە، ئەوە خەمێکی خەمی تەواوی جڤاکە تەنها خەمی پەرلەمان و حکومەت نییە، ئێمە لە ١٠/٢٠ نووسراوێکمان ئاراستەی بەڕێزتان کرد بە یاداشتێك بە هاوپێچی یاداشتێك لە نووسراوەکە ئاماژەمان بەوە کرد کە چەند وەزیرێکی تایبەتمەند لەو بوارە کە پەیوەستە بە کێشەی گەنجانمان داوا کرد بوو کە ناوی هات بوو تەنها وەزیری رۆشنبیری و لاوان بوو، ئێمە داوامان کردووە وێڕای وەزیری وەرزش و لاوان وەزیری پلاندانان و کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئێمە چووینەتە سەر جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کارەکە کە ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانیە، ئەوان پێیان وایە ئامادەبوونی یەك وەزیر کافی نییە، ڕوونکردنەوە دەدەن کە چەند وەزیری تریان پێویستە، خۆ دەبێ دەرفەتیان بدەین بزانین کێی تریان پێویستە، ئەبێ دەرفەتیان بدەین بۆ ئەوەی بزانین کێی تریان پێویستە بەڕێزان، کاك د.ڕێبوار فەرمووو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە نووسراوەکە داوامان کردبوو وێڕای وەزیری وەرزش و لاوان، وەزیری پلاندانان و وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش ئامادە بن، بۆیە لە سۆنگەی هەست کردنی بەرپرسیاریەتی ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندیەکان داوا دەکەین ئەو بڕگەیە دوابخرێت بۆ دانیشتنێکی تر بەمەرجێك ئەو وەزیرانەی کە ناومان بردن ئامادە بن بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و مەسئولانە بکەین لەسەر ئەو بابەتە گرنگە.

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەلمە خان فەرمووو.

**بەڕێز سەلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی کۆچی گەنجان بابەتێکە تایبەتمەندترین لیژنەی پەرلەمانی کوردستانی بۆ ئەم بابەتە لیژنەی ڕۆشنبیری و لاوان و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوانە، ئەو ڕاپۆرتە لە ١١/٨ ئاراستەی لیژنەی ئێمە کراوە، ئێمە لیژنەکەمان لە خۆ ئامادە کردن داین بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە ئامادە بکەین، هاوڕام لەگەڵ قسەکانی بەڕێز د.ڕێبوار جگە لە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان پێویست دەکات وەزیرە مەعنیەکانی تر بەتایبەتی پلاندانان و هەروەهاوەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئامادە بن، بۆیە ئێمەش داوا دەکەین ئەو بڕگەیە بخرێتە دانیشتنێکی تر بۆ ئەوەی بتوانین هەردوولا ڕاپۆرتەکە پێکەوە پێشکەش بکەین و ئەو وەزیرانەی تریشمان بۆ بانگهێشت بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا سێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان داوای دواخستنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەن بە مەبەستی ئامادەبوونی زیاتر لە وەزیرێک، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی یەکەمی بەر نامەی کار ببێ بە بڕگەی سێیەم و بۆ ئەوەی بتوانین لە هەفتەی ئایندە ئەو وەزیرە بەڕێزانە بانگهێشت بکەین با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی ٨٧ ئەندامی پەرلەمان بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەچێتە بڕگەی سێیەم بۆ هەفتەی داهاتوو، ئێستا گەورەترین موشکیلەی ئەم پەرلەمانە بووە بە کامێرا بەبەردەوامی با کامێرا لێرە بێت، بەڕێزان لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان ئەم موشکیلەیە حەل بکەن بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە بابەت، ڕاگەیاندن با لەسەر ئەمان بێ، کامێرا با لەسەریان بێ، بەڵێ سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی/٥٦ بڕگەی/١ ئەو کاتە نوقتەی نیزامی دەگیرێ کە پێشێلی یاسا و دەستوور یان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکرێت، مووچەی فەرمانبەران بە یاسا ڕێکخراوە، حکومەت پێشێلی یاسای کردووە...

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان جەنابت قانونیت، من تەوزیحت دەدەمێ، با بچین ئەو ماددەیە بخوێنینەوە، ئەو بێ قانونیە ئێمە لە سەرۆکایەتی کردوومانە، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، تەواو دەرفەت نادەم جارێکی تر، ئێمە بێ قانونیمان کرد ئەوە نوقتەی نیزامیە، لەم مەجلسە بێ قانونی هەبوو ئەوە نوقتەی نیزامیە کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز قائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ قسەکانی کاك سیروان ئەو بەشەی لە پرۆتۆکۆڵ دەسڕێتەوە، بەڵێ فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ساڵی پار لەسەر فول لایتێك لە هەولێر زەلامێك....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕوا بکە ئەوانە قسەی موئتەمەر صوحوفین، بە یاداشت داوای بکە، کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەندامی پەرلەمان بە مۆڵەتی سەرۆکی پەرلەمان ئاخاوتن دەکات، داواکارم لە جەنابت کۆنترۆڵی دانیشتن بکەیت و بچینە سەر بڕگە و بەرنامەکانی کار، یەعنی ئیتر با کاتی ئێمەش نەکوژرێ و بتوانین لەسەر ماددەکانی ئەو بەرنامەیە قسە بکەین.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، مژدە خان، جارێ قسە مەكە، كامێرا بخەنە سەر مژدە خان با قسەكانی بكات، قسە مەكە هەتا كامیراكە نەیێتە سەرسەرت، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قەینا با من دیار نەبم با ئەو وەرەقەیە دیار بێ لە بری من ڕێك لەسەر دەم و چاوی منی دابنێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر، جەنابت پیاوێكی مەوزوونی، ڕەفیقێكی تۆ قسە دەكات وەرەقەكە لادە لەبەردەمی بۆ ئەوەی ئەو قسەكانی بكات، جارێ نۆرەی مژدە خانە، بەڕێزان ئێستا مژدە خان سرەیەتی قسە بكات، وەرەقەكەت دانێ بۆ ئەوەی بتوانێ قسە بكات جەنابی، كامێرا بخەنە سەر مژدە خان بۆ ئەوەی قسەكانی بكات

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناحەقیمان لەگەڵ دەكرێ، ئێمە پەرلەمانتاری نوێنەری خەڵكین مەعقول نییە ئێمە نەتوانین قسە بكەین، لە گۆڕانە، لە ئۆپۆزسیۆنە هەر ڕێگە نادرێ ئەوانە قسە بكەن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان وەڵلا تا ئێرەمان هاتووە مانگی جارێك جەلسە دەكرێ، دوای ئەوەش هەر ناهێڵن، ئێ باشە ئەو خەڵكە وەڵلا روحی دەرچوو ئەوەندە تەلەفۆنەم بۆ دێت، سوێند بەخوای گەورە لە ڕووم نایێ جەوابی تەلەفۆنییان بدەمەوە، بە الله لە ڕووم نایێ بچمە ناو خەڵك، خەڵك دەڵێ ئێوە نوێنەری خەڵكن......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، یەك جار لێ گەڕێن بۆ ئەوەی مژدە خان بەدڵی خۆی هەموو قسەكانی بكات و تەواو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

هیچ جارێك نەبووە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ڕێگریمان لێ نەكەن، كاكە وەڵلاهی داوای هیچ شتێك بۆ خۆم ناكەم بە قورئان ئەو ٥٠%ی مووچەكەشم ئەوەش ببڕن، بەس با تۆزێك ژیانی خەڵك باش بێ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەگەر من نوێنەری خەڵكم هەر نوێنەری ئەوانە نیم كە نەوەی نوێن، نوێنەری هەموو خەڵكم هی پارتی و هی یەكێتیش، ئەگەر ئێمە شتێك بكەین لێرە........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو دەقەكەت تەواو، كاك سەروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی نوێنەرایەتی گەل دەكات ئەوەیە كە گەل دەنگی پێداوە، منم نوێنەری ئەو كەسانەی كە دەنگی بە سەروان داوە، یان ئەو لایەنەی كە زۆرترین دەنگی هێناوە بۆ ئەو نوێنەرایەتی نەكات؟ بۆ لایەنێك خۆی بە نوێنەری خەڵك بزانێت كە چوار كورسی هێناوە؟ بۆ خاتری خوا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروان هەموویان نوێنرایەتی خەڵك دەکەن.

**بەڕێزسروان محمد علی:**

**بەڕێزسەرۆکیپەرلەمان.**

من نوێنەری ئەوانەم کە تەنها دەنگیان بە سەروان داوە، بەڵام ڕێزم بۆیان هەیە، ڕێزم بۆتان هەیە، تۆ سەر سەرم، تۆ سەرچاوم خوشکە مژدە، ئەتوو خوشکی منی، بەڵام بۆ من نوێنەری خەڵك نەبم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی برگەکانی بەرنامەی کار دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە لەبەر ئەوەی برگەی یەکەممان خستە برگەی سێهەم ئێستا دەست بەجێبەجێ کردنی برگەی دووهەمی بەرنامەی کارەکەمان دەکەین کە خستنەڕووی ڕاپۆرتی لیژنەی بەدواداچوونە کە بە بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ پێکهێنراوە، چی ڕوون ببێتەوە؟ ئەگەر نیزامییە بیڵێ، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ مەلا ستار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی پێم خۆشە یەك ڕوونکردنەوە لەسەر پرۆتۆکۆڵ و شێوازی قسەکردنی پەرلەمانتاران بۆ خۆمی دەیڵێم بۆ ئەوەی کەس بەخۆی تێنەگا، لە پەرلەمانی کوردستان کاتێك بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی ڕەزامەندی دەدەن یەکێك لە پەرلەمانتارەکان قسە بکات ئەو قسانەی کە لەو مایکەوە دەڕوات ئەگەر پەیام بێ بۆ حکومەت، ئەگەر پەیام بێ بۆ هاووڵاتیان، ئەگەر بتەوێ لە پرۆتۆکۆڵ بمێنێتەوە، ئەگەر بەڕاستگۆیانە بتەوێ میهنەی پەرلەمانتاری بکەی دەبێ قسەکان لە ڕێی ئەم مایکەوە بڕوات بۆ ئەوەی پەیامەکانت بگات، بۆ کەناڵەکانیش، بۆ خەڵکیش، بەڵام بەداخەوە زۆرجار بەشێك لە پەرلەمانتاران وایان کردووە خەڵك چەواشە دەکەن، بە نمونە ئێستا مایکی من بکوژێتەوە لەلایەن بەڕێزت یەکێك لەم پەرلەمانتارانەی نزیکی من هەر چ قسەیەك بکەم نە گوێیان لێ دەبێ و نە دەچێتە پرۆتۆکۆڵەوە، نە پەیامەکەم دەگاتە حکومەت نە بەڕاستی نوێنەرایەتی کردنی خەڵکە، تەنها دەتوانم بەو مۆبایلەی خۆم کە تۆ مایکەکەت کوژاندەوە بە مۆبایلەکەی خۆم، صەوتەکەی خۆم ڕێکۆرد دەکەم لەگەڵ ڤیدیۆیەکی کۆنی چەند مانگێك پێش ئێستام مۆنتاجی دەکەم لە یەکی دەدەمەوە شەو دەڕۆم خەڵکی پێ چەواشە دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، گەیشت، ئەوە من ناتوانم ئەخلاق و ئەدای خەڵك بگۆڕم، هەر کەس ڕەئی خۆی هەیە، بەڵێ بەڕێزان ئێمە لیژنەیەکمان پێك هێنا لە حەوت ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٨)ی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەڕێزان ئەندامی ئەو لیژنە بەڕێزە فەرموون بێنە ئێرە، بەڕێزان ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە پێکمان هێنابوو بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٨)، فەرموون بەڕێزان:

- بەڕێز د.إسماعیل علی.

- بەڕێز بژار خالد.
- بەڕێز لقمان حمد.
- بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران.
- بەڕێز ڕزگار محمد.
- بەڕێز ڕوپاك أحمد.
- بەڕێز هیمداد صباح.

بەڵێ، ئاشنا خان ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە تا ئەوان حازر دەبن، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت سەرۆکی پەرلەمانی و کەسێکی قانونیت، لە سەرەتای جەلسە من بەشداریم کرد بە ماددەیەکی قانونی قسەم کرد، ئەم قسانەشم بە پێی ماددەی (٥٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، بەڕێزت منت ڕاگرت وتت خاڵەکەت پەیڕەوی نییە، قسەکانت پەیڕەوی نییە، تکایە وەکو کەسێکی قانونی، وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەم بدێ لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەو خاڵەی من پەیڕەوی نەبوو، لە حاڵەتێك دا کە لە برگەی دووەم دا زۆر بە ئاشکرا دەڵێت (پێشێل کردنی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە ماددەکان و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە) ئەوەی کە من قسەم کرد پێشێل کردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ بوو، هۆکار چی بوو بەڕێزت منت لە قسەکردن ڕاگرت و پێتڕاگەیاندم کە قسەکانی من خاڵی پەیڕەوی نییە؟ سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەبێ ئێمە لەو کۆبوونەوەیە موخالەفەی دەستوور یان قانون یان پەیڕەومان کردبێ، لە دەرەوەی ئەم کۆبوونەوە و ئەم مەجلیسە هەر موخالەفەیەکی قانونی کراوە کە هەزاران موخالەفاتی قانونی هەیە، دەبێ لەوێ باس بکرێ، نوقتەی نیزامی بۆ ڕاگرتنی ئەم مەجلیسەیە کە بە ناقانونی نەڕوا، نەك بۆ ئەوەی لە دەرەوە دەیان و سەدان پێشێلکاری یاسایی هەیە، خۆ ئەگەر هەمووی بێتە ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، خۆ مەگەر ئێمە ئیتر نە قانون دەربکەین، نە ئیشی خۆشمان بکەین، ئیسلوبی تری هەیە، یاداشت هەیە، پرسیار هەیە، بانگهێشت هەیە، بەڵام ناوی نوقتەی نیزامی نییە، بەڕێزان بەڕێز د.إسماعیل کە سەرۆکی لیژنەکەیە بە هۆی بوونی تەعزیە، پرسە مۆڵەتی وەرگرتووە، بەڕێز کاك بژار سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە ئەندامێکی لیژنەکەیە، بەڕێزیشیان عەمەلیات کراوە و مۆڵەتی وەرگرتووە، لەبەر ئەوە ئێمە دەرفەت دەدەین بە کاك ڕزگار نەتیجەی کۆتایی کاری لیژنەی بەدواداچوونمان بۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە (٢٠٢٠/٩/٩) بەڕێز کاك د. کاظم ئەوەی وت لە هۆڵی پەرلەمان کەوا هەڕەشەی لێکراوە لەلایەن فراکسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەر لە عەینی دانیشتن دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریان دا بە پێکهێنانی

لیژنەیەك لەسەر ئاستی فراكسیۆنەكان، ئەو لیژنەیە پێكهێنرا كە ئێمە ئەوەی لەو ڕاپۆرتە حازر كراوە:

**یەكەم/** بەڕێز د. كاظم فاروق یەك شاهیدی هێنابوو لەسەر هەڕەشەی هەردوو سكاڵالێكراوان مەلا وەیسی و مەلا ئیحسان، یەك شاهیدیشی لەسەر هەڕەشەكەی بەڕێز باڵانبۆ بوو، هەردوو شاهیدەكە دوای سوێند خواردنیان شاهیدیان لەسەر قسەكانی سكاڵالێكراو، بەڵام ئایا شاهیدێك بەسە بۆ كێشەیەكی لەم شێوەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێوە بەجێ دەهێڵین بۆ ئەوەی كە لە كەسانی پسپۆر بپرسن.

**دووەم/** ناوەڕۆكی وتەكانی هەر سێ كەسی سكاڵالێكراو ڕەتكرانەوە ئەو تۆمەتەی كە خراوەتە پاڵیان، ئەوان دەڵێن بە هیچ شێوەیەك هەڕەشەیان لە سكاڵاكار نەكردووە.

**سێهەم/** سكاڵالێكراوەكان هیچ داواكارییەكییان نەبووە سەبارەت بە هێنانی شاهید بۆ ڕەتكردنەوەی ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵیان تەنها خۆیان تۆمەتەكانیان ڕەت كردۆتەوە.

**چوارەم/** لیژنەی لێكۆڵینەوە ڤیدیۆیەكی كامیرای چاودێری دەست كەوتووە كە لە ناو بانكی پەرلەمان دا، بەڵام ڤیدیۆیەكە دەنگی لەگەڵ نییە بۆیە وەك بەڵگە هیچ سوودمان لە ڤیدیۆیەكە نەبینی.

**پێنجەم/** لەبەر ئەوەی پسپۆڕی لیژنەكەمان تەنها بەدواداچوون بوو، بۆیە ئەركی سەر شانی خۆی جێبەجێ كردووە و ڕاپۆرتی خۆی بەرز دەكاتەوە لەگەڵ ئەو پەڕانەی كە هاوپێچن.

بۆیە بڕیاری كۆتایی لای ئێوەیە لەگەڵ ڕێزمان دا.

سوپاس سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

ناوەكانیش:

- كاك بژار عبدالله
- ڕوپاك أحمدرحمن
- لقمان حمد حاجی
- ڕزگار محمد محمود
- ڕۆمیۆ حزیران نیسان
- هیمداد صباح بلال
- سەرۆكی لیژنە كاك د.إسماعیل طه

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ئەوەی ڕاپۆرتی بەڕێزان لە لیژنەی بەدواداچوون ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی كرا و داوایان كردبوو كە ئێمە لەگەڵ پسپۆڕان قسە بكەین، ئێمە لەگەڵ پێنج پسپۆڕ قسەكان كردووە و ئەوە ڕای كۆتایی سەرۆكایەتییە:

تایبەت بە بڕگەی دووەنی بەرنامەی كار سەبارەت بە خستنەڕووی كاری لیژنەی بەدواداچووی پێكهاتوو بە پێی ماددەی (٤٣)ی پەیڕەوی ناوخۆ سەرەتا دەرفەتمان دا بە بەڕێزیان قسە بكەن،

بەڕێـزان لە تێبینییەکـان و ڕوونکردنەوەکـانی بەڕێـزان لە لیـژنە بۆمـان دەرکەوت کە لیـژنەکە لە ئەنجامی بەدواداچوونەکانی بەڵگەی پێویسـتی بـۆ سـەلماندنی ڕووداوەکە دەسـت نەکەوتـووە، لەبەر ئەوەی لیژنەی پەرلەمانی دەسەڵات و ئامرازەکـانی لێکۆڵینەوە لە تاوانکـاری لەبەر دەسـت نەبووە، نەیتوانیوە بابەتی هەڕەشەکردن یەکلایی بکاتەوە، بەتـایبەت کە پەرلەمانتـاری بەڕێـز د. کاظم دوو برای خۆی کە لە هەمان کات دا پاسەوانی کەسـی بەڕێزیـانن وەك شـایەتی سـەلماندن پێشنیار کردووە، لە هەمان کـات دا دوو کەسـی تـر کە یەکێکیـان پەرلەمانتـارە و بەڕێـز د. کـاظم خـۆی پێشـنیاری کـردووە شـایەتی بـدات و یەکێکیـان فەرمـانبەرە شـایەتی ڕەتکـردنەوەن، بەڕێزیشتان دەزانـن بەپێـی بـڕگەی سـێیەم لە مـاددەی (٤٣) هەر بابەتێـك سیفەت و خەسـڵەتی تاوانکـاری هەبێـت نـابێتە بـابەتی لێکـۆڵینەوەی لیـژنە تایبەتەکـانی پەرلەمـان، لەسـەر ئەو دوو بنەمایە بەڕێزان لە لیژنەی بەدواداچـوون پێشـنیاریان بـۆ سـەرۆکایەتی کردبـوو کە پشـت بەڕای پسپۆڕانی یاسایی ببەستێ، سـەرۆکایەتی پێشـنیارەکەی وەرگـرت و لە دوای ڕاویـێژ لەگەڵ پێـنج ڕاوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان بڕیارمان دا:

١-سڕینەوەی تەواوی قسەکانی پەرلەمانتاری بەڕێز د. کـاظم و وەڵامەکـانی پەرلەمانتـاران و ئەو ڕێ و شوێنانەی وەرگیراون لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/٩) لە پڕۆتۆکۆڵی پەرلەمان.

٢-لەو ڕوانـگەیەی کە لێکـۆڵینەوە لە کـرداری تاوانکـاری لە تایبەتمەنـدی دەسـەڵاتی دادوەریـیە کۆتایی بە کاری لیژنەی بەدواداچوون دەهێنرێت و داواکارین کە پەرلەمانتارانی بەڕێز لێبـووردە بن بەرامبەر یەکتر و ئەم دۆسیەیە کۆتایی پێ بێت.

زۆر سوپاس.

بەڕێـزان کـارەکە لە پەرلەمـانی کوردسـتان کۆتـایی پێهـاتووە، ئـێمە داوای لێبووردەییتـان لـێ دەکەین، ئەگەر قسەیەکی ترتان هەیە، یەك کەستان قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز إحسان محمد سليم:**

**بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دەستخۆشیێ ل دەستەیا سـەرۆکایەتیا پەرلەمـانی دکەیـن کـو ئەڤ لیـژنە دانـا بـوو بـۆ هەنـدێ تەحقیقی بکاتن، ژ بۆ ئەڤرۆکە بۆ هەواهەمیا پەرلەمانی کوردسـتانی و بـۆ ڕایـا گشـتی دیـار بـوو ئەڤ قسە لێ دڤی برادەری بێ بنەما بوون هیچ ڕاستیيەك نەبـوو، ژ بەر وی چەنـدێ دیـڤ ئایەتـا قورئانا پیرۆز (ولكم فی القصاص حیاه یا أولی الألباب) ژیان قیصاصی تێدایە، لەومانێ داخوازێ دکەم و فیعلەن ئەوە داخازا مـن و هەردوو برایێـت مـن، هەڤاڵێـت مـن بـاڵانبوو و مامۆسـتا مەلا وەیسـی ژی کە مە دوو بـژاردە لەبەر هەنە ئەوە دڤێـتن حەصـانە سـەر بـرادەرێ راکەن کە بچـتە مەحکەمە، ئەوا دبێژی مەحکەمە مەدەنی ئەم دێ دەعوایەکی سەر سجل کەین دا ببیتە عیبرەت بۆ هەر کەسەکی دی ترێ تەشهیر بە هیچ کەسەکی دی نەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێمە لە سەرۆکایەتی داواتان لێ دەکەیـن لێبـووردە بـن بەرامـبەر بە یەکتـری، بەڵام بژاردەی چوونە بەردەم دادگا بژاردەیەکی پـارێزراوە بـۆ بەڕێـز د. کـاظم ، بـۆ بەڕێزیشـتان

پارێزراوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بۆ ئێمە پێمان خۆشە نەچنە بەردەمی دادگا، خۆتان بڕیار دەدەن بچنە بەردەمی دادگا ئیجرائاتی ئصولی، پەیڕەوی، چی لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان پێویستە ئێمە هاوکارتان دەبین بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیداری فیعلی یەکلایی بکاتەوە، ئەم دۆسیەیە لە ناو پەرلەمانی کوردستان دا نەمێنێ، ئەوە حەقێکی مەحفووزە بۆ هەردوولا، زۆر سوپاس.

دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی سێهەمی بەرنامەی کارەکەمان دەکەین، داوا لە بەڕێزان لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، بە مەبەستی خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧) و (٨٨) و (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، فەرموون.

دەی بزانم نوقتەی نیزامییە، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا (١٨) بڕگا (٥) پاراستنا ئارامیا هۆڵێ دەسەڵاتا جەنابی ئێوەیە، خۆزیکا جارەکا بێنە جهێ مە ببینن کانی ئارامی لێ هەیە یان نا، یانی ئەز نزانم ئەڤ دەرگەها چ تێدا هەنە دکتۆرە، هەر دەرگەیەکی دە پاسەوانێت تێدا، ئەمزانیت ژی کۆبوونەوە چووینە پاسەوانا هاتیە ناڤ هولیدا هەرەشەن پەرلەمانتارا کرن، هیڤی دارم مە چ عەسکەری نینە لە هەرێمی کوردستانێ

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دەرگایە داخەن بێ زەحمەت، هەلەز خان بەو نەوعە هەست بە ئارامی ناکات، حەقی خۆشیەتی، دەرگاکە داخەن، ئەو دەرگایەش داخەن، هەردووکی داخەن، تەواو، کاکە ئەوەی کۆرۆنای گرتووە خەمی ئێمەیان نەماوە دەڵێن چی دەبێ با ببێ.

**بەڕێز د. صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تەندروستیا مە گرنگتر لە هەندێ.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بکەنەوە، ئەوەی ئێرە بکەنەوە، هەتا هەوا هاتووچۆ بکات بەڕێزان هۆڵەکە بچووکە ئەوە دەکەینەوە لەگەڵ ئەوە.

**بەڕێز هەلەز أحمد محمد:**

دکتۆرە مەوزووعی دەرگا نییە، دە پاسەوان لێرەنە، یەعنی هەر هەوا نایەتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەوانە پاسەوان نین، هەڵەز خان، ئەوانە پۆلیسی پەرلەمانی کوردستانن، خۆ ئینسانن کاکە، خۆ کوڕی ئەم وڵاتەن، خۆ قابیلە بۆ ئێوە نییە هەڵەز خان، خاتوون گیان، نەهاتوونەتە ناو هۆڵ، شوێنی خۆیانە، ئێمە حەقی خۆمانە موئەسەسەین، تەواو، سوپاس.

بەڕێـزان بـۆ موناقەشـە کردنـی یـان بـۆ خوێنـدنەوەی دووەمـی ئەم پـرۆژە یاسـایە، کە پـرۆژەی حکومەتە دەبوو بەڕێز وەزیری دارایی ئامـادە بـێ، بەڵام ئیعتیـزاری هێنـاوەتەوە لەبەر ئەوەی کە کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە ئەنجـوومەنی وەزیـران هەیە، ئـێمە بەردەوام دەبـین تـا ئەو کـاتەی کە ڕەنگە بەڕێز وەزیری هەرێك بۆ کاروباری پەرلەمان ئامادە بێ، بەڵام تـا ئەو کـاتە ئـێمە دەسـت بە کارەکانی خۆمان دەکەین، بەڵێ کاك زیاد، فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بە پێی پەیڕەو دەبێ هەردوو پرۆژەکە هەم پـرۆژەی هـاتوو، هەم ئەو پـرۆژەیەش کە هەردوو لیـژنە بە هاوبەشـی ئامـادەکراوە، دەبـێ لێـرە هەردوو پـرۆژەکە بخوێنـدرێتەوە، بەڵا پرۆژەکان ماددەکان کاتێکی زۆر زۆری دەوێ زۆرن، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر پەسەند بـێ هەرچەنـدە بە پێـی پەیـڕەو دەبـێ هەردووکیـان بخوێنـدرێتەوە، ئەگەر پەسـەند بێـت یەك ئەو پـرۆژەی کە لەلایەن هەردوو لیـژنەی یاسـایی و دارایـی ئامـادەکراوە بخوێنـدرێتەوە و بکـرێ بە بنەما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئەو کـاتەی خوێنـدنەوەی یەکممـان بـۆ پـرۆژە یاسـای فرۆشـتن و بەکرێـدانی مایەکـانی دەوڵەت لە هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق کـرد خرابـووە نـاو بۆکسـی هەمووتانەوە، پرۆژەکە وەکو خۆی چەند لاپەڕەیە یان چەند ماددەیە، تەصـەور دەکەم لە پەنجـا زیاتر بێ کاتێکی زۆر زۆری پێویستە، ئەگەر ئێمە هەردووکی بخوێنینەوە دانیشتنی ئەمڕۆ بەس فریای ئەوە دەکەوین هەردووکی بخوێنینەوە، بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی دارایـی پێشـنیار دەکـات پرۆژەکەی حکومەت نەخـوێنینەوە، تەنهـا ئەو ڕاپـۆرتە بخـوێنینەوە کە لیـژنەی مـالی ئامادەیـان کردووە لیژنەی قانونی ڕاستاندنیان بۆ کردووە، زیاتر لە جارێك حکـومەت خـۆی ئامـادە بـووە لە ئامادەکردنی پرۆژەکە، بەڵام بۆ ئەوە ئێمە پێویستە ڕەچاوی ماددەی (٧٨) بکەیـن، ئەگەر ئێـوە بە دەنگـدان ڕەزامەنـدن ڕاپـۆرتەکە بخوێنـدرێتەوە و بکـرێتە بنەمـا، بـا ئـێمە یەکسـەر ڕاپـۆرتەکە بخوێنینەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە با بفەرموێ دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کـرا، بەڵـێ فەرمـوون بەڕێـزان ڕاپـۆرتی هاوبەش بخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بـۆ کـراوە لەلایەن لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی و لیژنەی کاروباری دارایی

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ئەوەندە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکانی لەکەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) برگەکانی یەکەم و سێیەم لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عیراق، تایبەت بۆ خوێندنەوەی دووەم دوای کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەی خوارەوە پێ پەسەندە:

پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق:

دەروازەی یەکەم/ بنەما سەرەکییەکان

ماددەی یەکەم/ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان

٢- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٣- دەسەڵاتی تایبەتمەند: هەر یەکە لە وەزیر یان سەرۆکی لایەنە نەبەستراو بە وەزارەت یان هەر کەسێك کە ئەوان ڕێ پێ دەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.

٤- موڵك و ماڵی دەوڵەت: موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

ماددەی دووەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عباس، ئێمە دەنگمان دا لەسەر ئەوەی کە ئەوە دەکەینە بنەما و تەواو، هەمووی مەخوێننەوە، ماددە بە ماددە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام دەبێ لە پێشەکییەکەیەوە، لە عینوانەکەیەوە دەست پێ بکەین، حەز دەکەی جارێکی تر عینوانەکە دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

ناونیشانەکەی (پرۆژە یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ناونیشانە؟ ناویان بنووسە، بەڵێ فەرموو کاك دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان صیفەتی دەوڵەتی نییە، هەرێمێکە لە چوارچێوەی نیزامی فیدراڵی، من پێم باشە ناونیشانەکە بەو شێوەیەی لێ بکرێ (پرۆژە یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی گشتی یان کەرتی گشتی) وشەی دەوڵەت لابچێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بڕیاردەرانی هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی تێبینییەکانی پەرلەمانتاران بنووسن، هەر کەسێك بوو بە سێ پێشنیار لە بەرامبەری بنووسن بووە بە سێ، بۆ ئەوەی لە حازرکردنی ڕاپۆرتی دەنگدان ئاسانکاریمان بۆ بکات، هەر کەسێك کە زانی خۆی پێشنیارەکەی دەبێ بە سێ کەس هاوکارمان بێ بیداتە لیژنەکان ئاسانتریش دەبێ، کاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من پشتگیری قسەکانی د.ڕێبوار دەکەم، ئێمە حك,مەتین دەوڵەت نین، لەبەر ئەوە ئەگەر بەو شێوەیەش بێت پێویستە داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك حکمت، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەمان مەبەسەت هەبوو، پشتگیریا د.ڕێبوار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەکارهێنانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لێرەدا ئەو دەلالەتەی نییە کە ئێمە دەوڵەتین یان نا، موڵك و ماڵی دەوڵەت لە ناو هەرێمی کوردستان، موڵك و ماڵی کەرتی گشتی بە تەنها کافی نییە،بە تەنها کافی نییە ئەوەی لەسەر قیتاعی عامە، ڕەنگە شتی تر هەیە لەسەر هیچ بەشێك یان لەسەر هیچ موئەسەسەیەکی قیتاعی عام موسەجەل نییە، بەڵام موڵکی دەوڵەتیشە، ئێمە ئەگەر ئەو بڕگەیە لابدەین دڵنیابن لەوەی کە خەلەلێکی قانونیمان بۆ دروست دەبێ، بۆیە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە هاتووە، کە وتوومانە موڵکی دەوڵەت لە ناو هەرێمی کوردستان دا ئیتر ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە، ئەم بابەتە موناقەشەیەکی زۆر زۆر دوور و درێژی لەسەر کراوە، لە خواریشەوە لە ناو تەعریفەکان دا ئەو شەرحەی کە جەنابتان دەتانەوێ کراوە، بەڵێ سوپاس، ماددەی یەکەم.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

دەروازەی یەکەم/ بنەما سەرەکییەکان

ماددەی یەکەم/ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عیراق.

٢- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق.
٣- دەسەڵاتی تایبەتمەند: هەر یەك لەوەزیریان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتیان هەر کەسێك کە ئەوان رێی پێ دەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.
٤- موڵك و ماڵی دەوڵەت: موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر پێناسەکان قسەی هەیە، کاك شێخ ظاهر ، کاك ڕێبوار، کاك لقمان، ئاشنا خان، مامۆستا أبوبكر، کاك مەم، کەستان لەبیرچووە؟ بەڵێ کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم بڕگەی چوارەمی من پێشنیاز دەکەم کە موڵك و ماڵی دەوڵەت، موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر موڵك و ماڵێکی دەوڵەت هەبێ بۆ نمونە لە خانەقین بێت، هی موڵك و ماڵی حکومەت بێت، هی دەوڵەت بێت لە خانەقین بێت، ناوچەکانی کە بە ناو جێناکۆکە بە پێی دەستووری ماددەی (١٤٠)ی عیراقی، پێموایە ئەوە نایگرێتەوە بەو شێوەیە، بۆیە پێشنیاز دەکەم موڵك و ماڵی کەرتی گشتی هەرێم دەگرێتەوە، ئەو لایە لابرێ ڕەنگە خزمەتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها گفتوگۆی ئەم ماددە دەکەم و هیچی تر لە ڕاستی دا، پێموایە ئەم پرۆژە یاسایە لە ڕاستی دا گفتوگۆی لەسەر نەکەین، لەبەر ئەوەی لە کوردستان دا بەداخەوە یاساکان ئیستیغلال دەکرێن بۆ بواری گەندەڵی و بۆ بەهەدەر دانی سامانی گشتی، یەعنی لەسەردەمی حکومەتی گۆڕبەگۆڕی پێشوو لە سەرجەم پارێزگاکان و قەزا و ناحییەکان دا هەزاران خانوو دروست کرابوون کە پێیان دەووترا خانووی مەنصەب، ئەوانە بەداخەوە تەملیك کران و تاپۆ کران، مەسەلەن لە شوێنێکی وەکو سەددی دەربەندیخان و دوکان کە ئەوە پەیوەندی لە هەردوو بەنداوەکە و بە هەردوو وێستگەکەوە هەبوو تەماشا دەکەین ئەم خانووانە بەڕاستی تاپۆ دەکرێ کە ئەوە کفری حکومڕانی ئیدارەدانە، بۆیە من بەڕاستی بە گومانم ئەم یاسایە کە لەم کاتەدا حکومەت پێشنیازی کردووە جارێکی تر ئەوە بەکاربهێنرێتەوە کە موڵکێکی زۆری دەوڵەت لە زەوی و زار، لە خانوو و بەرە، لە موڵکەکانی ئەوقاف بەڕاستی بفرۆشرێت ئەوەش بەڕاستی زیانێکی گەورەیە لە ڕووی نەتەوەیی و ستراتیجی دەیکەن، بۆیە من لەگەڵ کۆی یاساکەدا نیم، پێمباشە هەر دوابخرێ و موناقەشەی لەسەر نەکرێ، کاتی ئەوە نییە، چونکە هیچ گەرەنتییەك نییە ئەم یاسایە بەلارێدا نەبرێ، وەکو یاسای وەبەرهێنان کە بەداخەوە لە ڕێگەی ئەو یاسایەوە موڵك و ماڵێکی زۆر لە ڕووی موصاتەحەوە دراوە، زەوی دراوە بە موصاتەحە ژمارەکەیت پێ

دەڵێم، ڕەقەمەکەیت پێ دەڵێم فرۆشراوە لە ڕاستی دا، ئەوە لە کوێی دونیادا بووە؟ بۆیە من بەشەکەی خۆم هیچ گفتوگۆیەك ناکەم و بایکۆتی ئەو کۆبوونەوەش دەکەم ئەگەر بێت و پرۆژە یاساکە ئیشی لەسەر بکرێ و گفتوگۆی لەسەر بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام مامۆستا أبوبکر ئێستا لە هەرێمی کوردستان قانونی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ جێبەجێ دەکرێ، هەر هەمان ئەم یاسایەیە ئەوەی جەنابت باسی دەکەی هیچ ڕێگرییەکی قانونی لەبەردەم موئەسەسات دا نییە بۆ فرۆشتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت، ئەوەی ئێستا لەبەردەستماندایە ئێمە دەرفەتمان هەیە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی لێ بکەین مەرجەکان زیاد بکەین، ڕێگرییەکان زیاد بکەین، ئەوەی (مساطحە) بۆ نمونە یەکێك لەوانەی بابڵێین باشیەکانی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە قەدەغەی تەملیککردنی تێدایە،ئێستا جەنابت دەڵێی بۆ نمونە موستاتەحە تەملیك دەکرێ، بەڵام لێرە ماددەیەك هەیە دەڵێ (مساطحە) دوای تەواوبوونی مودەکەی بە هیچ شیوەیەك تەملیك ناکرێ)، کەواتە ئێستا ئێمە قانوونێکمان هەیە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە و ئیشی پێدەکرێت، یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦)ە، هیچ ڕێگریەکی قانوونی لەبەردەمی موئەسەساتدا نییە، جگە لە چاودێری، جگە لە چاودێری پەرلەمان، دیوانی چاودێری دارایی، لێرە کۆمەڵێك مادده زیاد کراوە، بەپێچەوانەوە توانیویەتی ئەو ڕێگریانە بکات، لەبەر ئەوە داوات لێدەکەم هاوکارمان بیت، لەگەڵمان بمێنیتەوە، جەنابت پیاوێکی بە تەجروبەی، دەتوانین قانوونەکە باشتر بکەین لەوەی ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم ماددەی (١) من تێبینیم هەیە، پێم وایە ئەو دەسەڵاتە سنووردار بکرێت، بۆ وەزیری سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت، بوار نەدرێ بۆ ئەوەی کە خەڵکی تر سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە بکات، کە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەفرۆشێت، واتا هەر کەسێك کە ئەوان ڕێی پێدەدەن، ئەمە لابرێت، واتە دەسەڵاتەکە سنوردار بکرێت، بۆ وەزیری سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکە ئەوەیە بۆ نمونە ئەگەر لە دهۆك مودیر عامی صحە کۆمەڵێك کەرەستەی خراپی بەها هەبوو لە مەغزەنێکدا، نەتوانی بیفرۆشێت؟ نەتوانێ لیژنەیێك پێکبێنێت بیفرۆشێت؟ وەزیر بێگومان دەسەڵات بۆ شتێکی دیاریکراوە بە کەسێکی دیاریکراو دەدات، هەمووشمان بڕوامان بە لامەرکەزیەتی ئیداری هەیە، (ئاشنا) خان، فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی مامۆستا (ابوبكر) دەکەم، لەو ڕووەوە ئێستا بەراستی ئێمە لە فەراغی قانوونیدا نین، تایبەت بەم پرۆژە یاسایە، بابەتی ئاوەنتر و حەساستر و گرینگ تر هەیە، کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، کاری لەسەر بکرێ، وەکو تێبینیش لەسەر پرۆژە یاساکە بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆژە یاسایە بنەماکانی لامەرکەزیەتی تیا جێ نەکراوەتەوە، هەست دەکرێ کە بە نەفەسی هەمان یاسا کۆنەکە نوسراوە، کە تەواو تۆخکردنەوەی لامەرکەزیەتە، گەرانەوەی دەسەڵاتە بۆ پایتەخت، بەگشتی بۆ حکومەت بۆ وەزارەتەکان بەبێ ئەوەی کە پاریزگار، قائیمقام، بەڕێوەبەری ناحیە، بەڕێوەبەری گشتی، هیچ ڕۆڵێکیان هەبێ تێیدا، مەترسییەکیش هەیە بەو هەموو ئاسانکاریەی تێیدا کراوە، بۆ کەسانی کرِیار پرۆژەکە نەبێتە سەرچاوەێکی داهاتی گرینگ بۆ حکومەت، کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم قانوونە، ئەمە وەکو تێبینی بەشێوازێکی گشتی لەسەر کۆی پڕۆژەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە چ ماددەێکدا نوسراوە بەس حکومەت لە مەرکەز بۆی هەیە؟

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەێکی گشتی پرۆژەکە کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کە زاتە دەسەڵاتەکان بگەڕێتەوە بۆ مەرکەزیەت، بەڵام ئەگەر قسە بکەین لەسەر بابڵێین مەرکەزیەت تۆخ بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە قسە بکەین لەسەر ماددەی یەکەم قەرارە هەر خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت، من تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی یەکەمکە پێناسە نەکراوە بۆ هەندێك دەستەواژە، کە گرینگە ئەو دەستەواژانە پێناسە بکرێن، چونکە چەند جارێك دووبارە بونەتەوە، ئەوەی کە پێناسە کراوە موڵك و ماڵی دەوڵەتە، لایەنی تایبەتمەند پێناسە کراوە، بەڵام گرینگە چەند پێناسەێکی تر زیاد بکرێ، لیژنەکان، مایە، زیادکردنی ئاشکراگرینگە، ئەمانەش پێناسەیان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك (لقمان) ئێستا پێچەوانەی بەڕێزتان وتی ئەو شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە بۆ خوار وەزیر و سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە، پێی باش نەبوو، جەنابت عەکسەکەی دەڵێی بەپێچەوانەوە، کە ئەڵێی لایەنی تایبەتمەند بریتییە یە لە وەزیر و یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە، یا هەر کەسێك کە ئەوان ڕێی پێدەدەن، کەواتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە پارێزگاکان لە ئیدارە سەربەخۆکان، دەسەڵاتیان هەیە، دەتوانن ئەم پرۆسەیە بەڕێوە ببەن، کاك (د.ڕێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم پەیوەست بە پێناسی دەسەڵاتی تایبەتمەند، دەستەواژەی دەسەڵاتی تایبەتمەند، لەراستیدا ناوی وەزیر هاتووە، ناوی بەرێوەبەری گشتیش هاتووە، بۆ ئەوەی کە زۆر روون بێت،

من پێم باشە نـاوی سـەرۆکی یەکە ئیـداریەکانیش بە ئاشـکرا بێـت، هەروەهـا پارێزگارەکـان، بـۆ ئەوەی کە روون بێت، سەبارەت بە چوارەم کە پێناسی موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکـا لێـرە تەئکیـد لەسەر قسەی خۆم دەکەمەوە، موڵك و ماڵی دەوڵەت وەکو لە پێناسەکەش هاتووە تەنها موڵـك و ماڵی گشتی دەگرێتەوە، جەنابیشت ئەزانی، لێرە نوسراوە موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێـم، بۆیە ناونیشانەکە ئەگەر وەکو تەرحم کرد وای لێبکرێت باشترە،سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك شێخ (ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، مـن یەکەم کەس دەسـتم بڵنـد کـرد، بەڵام ئەخیـرم، هیـوادارم ئەو خـاڵە پەیڕەویەم پێبدەن، ئەگەر پشتگیریم نەبوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی هەر لە پەیڕەودا هەیە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر سێیەم و چوارەم هەیە، سێیەم بۆ نمونە دڵێ دەسەڵاتی تایبەتمەند، هەر یەکە لە وەزیر و یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، یان هەر کەسێکە ئەوان ڕێ پێدەدەن بە مەرجێك لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، من پێشنیاز دەکەم بەو شێوەیەی لێبێت بەراستی، بەشـێوەیێکی هەمیشـەیی لە هەر وەزارەتێـك یـان لایەنـی نەبەسـتراوە بە وەزارەت لێژنەیەکـی هەمیشەیی بۆ فرۆشتن و بوکرێدان، مایە گـوێزرا و نەگوێزراوەکـان دەوڵەت پێکبهێنرێـت، کە لە سێ کەس کەمتر نەبێت و یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت سەرۆکایەتی ئەو لێـژنەیە بکـات، خاڵی چوارەمیش موڵـك و مـاڵی دەوڵەت، پێشـنیار دەکەم بەم شـێوەی لێبکرێـت، موڵـك و مـاڵی کەرتی گشتی گوێزراوە و نەگوێزراوە لە هەرێم بگرێتەوە، واتا گوێزراوە و نەگوێزراوەی بۆ زیـاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی بەڕێز (د.ڤالا) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، کە بەڕێز وەزیری دارایی دەسەڵاتەکانی خۆی پێـداوە، بـۆ ئەوەی بتـوانێ لەم گفتوگـۆیە لەگەڵمـان ئامـادە بێت، ناوتمان نەنوسیبوو کاك (هێڤیدار)، ماددەی (٢)، بەڕێزان، کاك (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر موڵك و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەی دەوڵەت لە کاتی فرۆشـتن یان بەکرێدان جێبەجێ دەکرێت ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەبارەی ئەو ماددەیەوە، کاك (بەڵین)، (خدیجە) خان، کاك شێخ (ظاهر )، کاك (بەڵێن) فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٢)، من پێشنیاز ئەکەم بەم شێوازەی لێبکرێت، حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر موڵك و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەی دەوڵەت لە کاتی فرۆشتن یان بەکرێدان جێبەجێ بکرێت، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت پێشنیاز ئەکەم ئەوە هەڵبگیرێ، بۆ ئەوەی کۆی موڵك و ماڵی دەوڵەت بە گوازراوە و نەگوازراوە تەنها بەم یاسایە بتوانین تەحەکومی پێبکەین، پەنا نەبەینە بەر ئەو دەقە یاسایانەی کە پێچەوانەی بڕگەی ماددەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، (خدیجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢)، منیش هەمان تێبینی کاك (بەڵێن)م هەیە، کە دەڵێت ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانەی نەبێتن، یەعنی بوونی ئەم میمبەرە وا دەکات کە ئەگەر هەر یاسایەکی تر پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت دەبێتن کار بە یاسای تر بکەین، ئەو یاسایە بۆچی دەردەکەی، هەروەها ئەوە خودی ئەو ماددەیە وا دەکات کە پێچەوانەی ماددەی (٤٠) بیتن، بەم یاسایە کە دەڵێتن نابی کار بە هیچ دەقێکی یاسایی بکرێت بە پێچەوانەی ئەم یاسایە بکەین، یەعنی متعارزە لەگەڵ ماددەی (٤٠)ی خودی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ (ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر موڵك و ماڵی گوێزراوە و نەگوێزارۆی دەوڵەت لەکاتی فرۆشتنی یان بەکرێدان جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت، من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە تایبەتە بە فرۆشتن و بەکرێدان مایە گوێزراوە و نەگوێزراوەکانی دەوڵەت بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنیدا هیچ ناروونییەك لە دەقەکانی نەبێت، بەئاسانی جێبەجێ بکرێت، پێشنیار دەکەم لە سەرەتا پێناسەی مایەی گوێزراوە و نەگوێزراوە بکرێت، هەرچەندە لە یاسایەکانی تردا پێناسە کراوە، بەڵام لەبەر ئەوە یاساکە تایبەتە و هەبوونی پێناسەکە بۆ تەنفیز کردنی یاساکە بەئاسانی گرینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوونی بڕگەیەك لە لیستەکەدا لە ماددەی (٢) کە دەڵێ ئەگەر دەقێکە یاسایی پێچەوانە نەبێت بوونی ئەم ڕستەیە ئەم بڕگەیە خۆی پێچەوانەی ماددە (٤٠)ە لە پرۆژە یاساکە، ئەگەردەقێکی

یاسایی پـێچەوانە نەبێـت، واتـا ئەگەر دەقێکـی یاسـایی پـێچەوانە هەبـوو نابێـت ئەوە تەنفیـز بکرێـت، کە ئەوەش مخـالفە بـۆ مـاددەی (٤٠) لە پـرۆژە یاسـایەکە کە دەڵـێ کـار بە هـیچ دەق و یاسایەك ناکرێ ئەگەر پێچەاونە بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، پاڵپشتی کاك (بەڵێن) و (خدیجە) خان ئەکەم، کە ئەو بڕگەیە دەستەواژەی بوونی دەقێکی پێچەوانە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جا لەپێشەوە وشەیەك بەکاردێت ئەمە خـۆی لادراوە، لە جیـاتی مـایەی موڵـك و مـاڵی دەوڵەت" هەر وتمـان موڵـك و مـاڵی دەوڵەت، مایەمـان لاداوە، بەگشـتی، هەنـدێ جـار بەکاردێـت ئەگەر نوسخەیەکتان لەم نوسخانە لەبەردەست دابێت ئەمە نەمـاوە، سـەبارەت بەوەی ئەگەر دەقێکـی یاسایی پێچەوانە نەبێت بەراستی من بەشبەحاڵی خۆم لە لێژنەی یاسایمە ئەمەمان دەرهێنابوو، بەڵام جـاریکی دیـکە تۆمـار کـراوەتەوە، مـن پشـتیوانی ئەم رەئیـانە دەکەم کە ئەمە لابـدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، بەرێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان، بەڕێزتـان وابـزانم ئامـادەبوون لە کۆبوونەوەی لێژنە دارایی، یەکێك لەو بابەتانەی تەرح کرابوو، ئەو بـابەتە بـوو، قسـەێکتان هەیە لەو دەستەواژەیەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، مـانەوەی ئەم دەسـتەیە ئەو دەسـتەواژەیە لە نیهـایەتی مـاددەی یەکەمە لە پرۆژە یاسایی حکومەت بۆتە نیهایەتی ماددەی دووەم لە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەنـد ئـێمە زۆر بە گرینگـی دەزانـین کە وەکـو خـۆی بمێنێـتەو، وەکـو خـۆی بـڕوات لە بەر ئەو روونکـردنەوەیە یاسـاییانەی خـوارەوە، لەم یاسـایانەی خـوارەوە هـیچ دەقێکـی یاسـایی نیـیە دەسەڵات بدات بە فرۆشـتن یـان بەکرێـدانی مایەکـانی دەوڵەت، واتـا ئەو قانوونـانەی کە ئێسـتا دەیخەێنمەوە هەموویان خاڤعن بۆ کڕین و فرۆشتنی مایەکـانی دەوڵەت بپێـی ئەو یاسـایەی کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات:

یەکەم: قانون وزارت العدل.

دووەم: قانوون وزارەت داخلیە.

سێیەم: قانون وەزارەتی پێشمەرگە.

چوارەم: قانوونی وەزراتی مالیە و اقتصات.

پێنجەم: قانوونی وەزارەتی (صحە).

شەشەم: قانوونی وەزارەتی تەربیە.

حەوتەم: قانوونی وەزارەتی ئەوقاف.

هەشتەم: قانوونی وەزارەتی تەعلیم عالی.

نۆیەم: وەزارەتی تخطیط.
دەیەم: وەزارەتی عەمەل.
یازدەیەم: قانوونی وەزارەتی سەقافە.
دوازدەیەم: قانوونی وەزارەتی شئونی شهداء.
سێزدەیەم: قانوونی وەزارەتی زراعة.
چواردەیەم: قانوونی وەزارەتی تیجارة.
پازدەیەم: قانوونی نەقل و اتصالات.
شازدەیەم: قانوونی وەزارەتی کارەبا.
حەڤدەیەم: قانوونی وەزارەتی اعمار و اسکان.
هەژدەیەم: قانوونی وەزارەتی بلدیات و سیاحە.
نۆزدەم: قانوونی وەزارەتی ثروات طبیعیە.
بیستەم: قانوونی محافظات لە اقلیمی کوردستان.
دوو تاکە یاسای مەوزوعیمان هەیە، یەکیان یاسای شاروانیەکانە لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراو ڕێگا دەدات بە فرۆشتن و بە بەکرێدان لە خارجی ئەو قانوونەی کە ئەوڕۆ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات، دووەمیشیان یاسای ئیصلاحی زراعییە کە ڕێگا دەدات وەزارەتی کشتوکاڵ تەنها بەکرێدان بکات فرۆشتن نا، تەنها بەکرێدان بکات بۆ ئەو ئەرزە زراعیانەی کە هەیە بەمەبەستی باشتر بەڕێوە چوونی کاری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە زۆر زەرروورە کە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی لا روون بێت کە قانوونی هەموو ئەو وەزارەتانە و ئەنجومەنی وەزیران هەموو بەکرێدان و فرۆشتنێك خاضعە بۆ ئەو یاسایەی کە ئەمڕۆ مناقەشە دەکرێ، تەنها ئەو دوو یاسایەمان هەیە، کە استپنا کراوە، یەکیان تەنها بەکرێدانە و ئەوی تر بەکرێدان و فرۆشتنە ئەویش لەبەر حاڵەتی زەرروورەیە، بۆیە ئێمە وەکو حکومەت تەئکید دەکەینەوە کە ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەو خاڵەی کە دەڵێت مەگەر بەپێچەوانەی ئەمە دەقی لەسەر کرابێت، زۆر گرینگە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەم وەزرارەتی کشتوکاڵ و هەم وەزارەتی شارەوانیش بتواننربەپێی پێویست کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تر خۆتان دەزانن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو پرۆژە یاسایە پێشتریش یاسای پێ هەبوو ساڵی (١٩٨٦) لە عێراق، هەمان دەق هەیە لەناو یاساکەدا، لە بەغدا کە لە ساڵی (٢٠١٣) دوا تەعدیلیش کراوە، دیسان هەمان دەق هەیە، ئەوەش لە هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی ئیستیناد لەسەر یاسا کۆنەکە و لەسەر ئینفاز کردنی قانوونی عێراقی کراوە، بۆیی ئێمە تەئکید دەکەینەوە ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددەی (٣)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

١-موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لەکاتی هاتنەدی بەرژەوەندی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت بەمەرجێك لە بڕیارەکەدا جۆر و خەصلەت و بڕی ئەو موڵك و ماڵە دیاری بکرێت کە بۆ فرۆشتن یان بەکرێدان دادەنرێت.
٢- فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا وە بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقنووس کراون ئەنجام دەدرێن، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، فەرموون بەڕێزان ئەگەر کەسێك دەیەوێت قسە بکات لەبارەی ئەو ماددەیەوە، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن ابراهیم حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لیژنە مناقەشەم کردووە، بۆیە دەمەوێت لێرە مناقەشە بکەم، دیارە لێرەش هەمان ئەو گرفتەی ئەوەی کە ئەورۆ بەڕێز (د.ڤالا) دای، ئەگەر ئەم دەقە بمێنێتەوە پێمان وایە ئەم یاسایانەی تر کە ئەو دەسەڵاتانەی تر کە لە مەسەلەی بەکرێدان و فرۆشتنی موڵکی دەوڵەتدا هەیە، وەکو خۆی ئەمێنێتەوە کاری پێدەکرێت، ئەگەر کێشەکە تەها لەوە بێت دوو یاسا پێویست دەکا بەرکار بێ وە ئەو یاسایانەی تر هەموویان خازع بن بۆ ناوەڕۆك و بڕگەی ماددەکانی ئەم یاسایە، ئەوە ئێمە ئەتوانین وای لێبکەین ئەگەر ئەم دەقەش بمێنێتەوە، ئیشارەتەن هەبێ بۆ ئەم دوو یاسایە بدەین بەراستی، ترسەکەی ئەوەیە ئەوەی کە لە لیژنە مناقەشەمان کردووە ئەم یاسایە دەربچێ هەموو ئەو وەزارەت و شوێنانەی تری حکومەت خۆیان بەپێی ئەو یاسایەی کە لەبەر دەستیاندایە مامەڵە لەگەڵ موڵك و ماڵەکان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) خاڵی یەکەم، موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لەکاتی هاتنەدی بەرژەوەندی گشتی، ئەم هاتنەدی بەرژەوەندی گشتییە کێ بڕیاری لەسەر ئەدا؟ چۆن بزانرێ ئەمە بۆ بەرژەوەندی کەسێك یان سەرمایەدارێك نییە، دیارە ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر گرینگە و زۆر زۆریش خەتەرە، بەو شێوەیە بێت، ئەم حکومەتە دەستکراوە ئەبێت، ئەم بینایەی پەرلەمانیش ئەتوانێ بفرۆشێ، خانوو شوقەکانی پەرلەمان هەر هەموویان ئەتوانن بەم بڕیارە بفرۆشن، سەرجەم موڵکەکان ئەفرۆشرێن، من حەز ئەکەم ئەم بەرژەوەندیە گشتییە بۆمان روون بکەنەوە کێ بڕیاری لەسەر ئەدا و چۆن ئەو بەرژەوەندییە گشتییە دێتە دی؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناتوانن ئەوانەی ئێمە بفرۆشن، لایەنی کەم، کاك (ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣)، بڕگەی دووەم، باس لەوە ئەکا کە چۆنیەتی بەکرێدانی یان فرۆشتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت، لە کۆتایدا هاتووە دەڵێ ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبوو، کەواتە ئەم ڕوونکردنەوە بۆ ئەوەیە ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبوو، ئەی ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە هەبوو؟ ئەو ڕێکارانە یان ئەم شێوەی فرۆشتنە موڵك و ماڵی دەوڵەت چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.کاظم)، فەرموو.

**بەڕێز** کاظم **فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی سێیەم، بەڕاستی ئێمە تێبینییەکی گرینگ هەیە پێمان وایە دەبێ بڕگەیێکی بۆ زیاد بکرێت، دیارە ئەم پرۆژەیە پرۆژەی حکومەتە ناردوویەتی، پرۆژەکە بە وازحی دیارە، بەتایبەتی پرۆژەکانی حکومەت کە ئەینێرێ، بەوازحی دیارە کە زۆرینەیان دەرهێنانی پارەیە لە گیرفانی هاوڵاتی، بۆ گیرفانی حکومەت، شتێکی عەکسی تیا نییە، پرۆژەیێکی عەکسی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان باشە لە خاڵی سێیەمدا لایەنی کەم بۆ ئەوەی کە ئەڵێ لە کاتی هاتنی بەرژەوەندی گشتی، بەرژەوەندییە گشتییەکە لە خاڵی سێیەمدا دیاری بکەین بەوەی کە بڕگەیێکی بۆ زیاد بکرێ، ئەو پارەیەی کە لە ئەنجامی فرۆشتن و بەکرێدان ئەم موڵکانەوە دەست حکومەت دەکەوێت سەرجەمیان تەرخان بکرێ بۆ دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، کە ئێستا پرۆژەیێکی خوێندکاران چاوەڕێیانن، یان لایەنی کەم بۆ کەسوکاری شەهیدان بۆیە چیتر، ڕێزم هەیە دایبی و جووتە نەعل بەسەریانا دابەش نەکرێ، ئەم داهاتە ڕووبەڕووی ئەوان بکرێتەوە، بە خاڵێك ئیزافە بکرێ داهاتەکە تەرخان بکرێ بۆ دەرماڵەی خوێنکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بۆ ئەوەی تەنها پارە لە گیرفانی خەڵك دەرنەهێنین بۆ حکومەت، بەڵك و پارە لە گیرفانی حکومەت دەربێنین بۆ خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (حسیبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، بە دیتنی من دوو بڕگە بۆ ئەم ماددەیە زیادە، چونکە زۆربەی وشەکان لەناو ئەو دوو ماددەیە لەناو دوو بڕگەکاندا دووبارە بوونەتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە کاتی هاتنە دی بەرژەوەندی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت لە ڕێگەی زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی ئەم ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقنووس کراون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

یەكەم: ڕێكارە یاسایییەكانی خەمڵاندن حەواڵە و فرۆشتن و بەكرێدان وەرگرتنی بڕی بەرامبەر فرۆشتن و بەكرێدان بە قیست كردن تەنها لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ماوەیەك لە (١٥) ڕۆژ لە ڕیگەوتی گەیشتنی كۆنوس تێپەر نەكات بڕیاری كۆتای لەم بارە دەدرێت بە بنبڕ دادەنرێت.

دووەم: ڕێژەی یاسایی لیژنەكانی خەمڵاندن، فرۆشتن، بەكرێدان بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان دروست دەبێت بڕیارەكانیشی لە ئەگەری ڕێكنەكەوتن بە زۆرینە دەردەچێت ئەو ئەندامەی رایەكی جیاوازی هەیە دەبێت رایەكەی لە كۆنوس جێگیر بكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): فرۆشتن یان بەكرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت لە ڕێگەی زیادكردنی ئاشكرا بۆ ئەو فەرمانبەرانەی بەشدار بوون لە بڕیاری فرۆشتن یان بەكرێدان ئەندامانی هەردوو لیژنەی خەمڵاندن و فرۆشتن یان بەكرێدان قەدەغەیە، ئەم حوكمەش هاوسەر و پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوار دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٥)، مادده (٦)، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

فرۆشتنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەكانی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتمانیان ڕێپێدراوە لەگەڵ ڕەچاوكردنی حوكمەكانی یاسای وەبەرهێنانی بەركار لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) فرۆرشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوەی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێگە پێدراوە، واتا تەنها هاونیشتیمانیان لە هەرێمی كوردستان یان عێراق دەتوانن بەشدار بن لە موزایەدە و كڕینی موڵك و ماڵە گشتی، من لێرە پێشنیاری ئەوە ئەكەم فرۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێپێدراوە، لەگەڵ ڕەچاوكردنی حوكمەكانی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێم لەگەڵ مەبدەئی (المعاملة بالمثل)، بۆنمونە وڵاتێكی وەكو توركیا ئەگەر ڕێگای دا هاوڵاتییەكی عێراقی یان كوردستانی بەشدار بێت لە موزایەدە لە كڕینی موڵك و ماڵی

گشتی دەوڵەت با لێرەش ڕێگا بدرێت، واتا معامەلە بلمپل هەبی، ئەو مەبدەئە زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (لقمان) ناوت نەنوسراوە، کاك (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی پێنجەم ئێمە تەحەفوزێکمان هەیە لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوارەم دەگرێتەوە، من پێم وایە تا پلەی سێیەم بێت باشە، نەك چوارەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند قسەتان هەیە لەسەر ئەو ڕەئیانە؟

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا سەبارەت بە پلەی چوار ئەمە بە عام بۆ هەموو.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عباس) لەم ماددەیە ڕۆیشتین، جوابی کاك (عثمان) مەدەوە، لە ماددەی شەشین ئێمە ئێستا، ئەگەر قسەتان لەسەر شەش هەیە، کاك (بەڵێن) قسەت هەیە لەسەر شەش؟ فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی شەش ئەوەی کە کاك شێخ (ظاهر ) باسی کرد، لەسەر ئەوەی کە معاملە بمپل هەبێ، بەڕاستی لە لێژنە مناقەشەی ئەم بابەتە زۆر کرا، یەکێك لە کێشە ئەساسیەکان ئەوە بوو مەسەلەن ئێمە لەبەر ئەوەی خۆمان دەوڵەت نین، چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق هەیە دەبێ ئەو معامەلەیە بکەین ئەو موڵك وماڵەی کە لە دەرەوە بۆ هاوڵاتیەکی عێراقی دەبێت ئەوەی کە لەناو هەرێمە ئەوەی لە دەرەوە ئەکرێ بۆ هەرێم نابێت، بۆ عێراق دەبێ، نەك ببێتە موڵکی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەوە ئەچێتە سەر وەزارەتی خاریجیەی عێراق، پێم وایە ئەبێت بە موڵکی دەوڵەتی عێراقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٧)، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی دووەم: فرۆشتنی یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا.

بەشی یەکەم: لێژنەکانی خەملاندن، فرۆشت یان بەکرێدان.

ماددەی (٧):

فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت لە ڕێگای ئەم لێژنانە ئەنجام دەدرێت کە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند پێك دەهێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (٧)، کاك (بهمن)، کێی تر دەیەوێت قسە بکات دواتر ئیزافات نییە، کاك (بالانبو)، کاك (بهمن)، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆربەی ماددەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو لیژنەیە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند یان دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەو بڕیارە، ئەو دەسەڵاتە تایبەتمەندە کێیە؟ ئەنجومەنی وەزیرانە، وەزیرە، سەرۆك وەزیران خۆیەتی، کێیە دیاری بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەی (١) تەعریفی دەسەڵاتی تایبەتمەندی تێدایە، ئەگەر بڕۆیتەوە سەر ماددەی (١) لە تەعریفاتا وازح ئەبێ کە دەسەڵاتی تایبەتمەند کێیە، کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فرۆشتن یان زیادکردنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا، من پێشنیار ئەکەم بکرێت بە فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان، بە زیاد کردنی ئاشکرا، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئێمە دەوڵەت نین، ئێمە حکومەتین، هەمان شتیش لە خوارەوە فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو لێژنانەوە، بەو شێوەی لێبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخەر ئێمە تەعریفی موڵك و ماڵی دەوڵەتمان کردووە، کاك (زیاد) کاك (اومید) نوقتەی نیزامی هەیە، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥٦) بڕگەی دووەم دیسان دووەم ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون، بۆتە عورفێك هەموو جەلسەیێکە پەرلەمان گفتوگۆکان لە بابەتەکە دەردەچین، بابەتی کامێرا و نیشاندانیش بۆتە عەیبەیێك کە زۆر باسی لێدەکرێت لە پەرلەمان، هیوادارم ئێستا کامێرای پەرلەمان ئەو زۆنە نیشان بدات کە هەموو جەلسەیێکی پەرلەمان سەعاتێك دوو سەعات کاتمان بەفیرۆ دەڕوات، کاتێکیش دێینە سەر گفتوگۆ جدیەکان بابەتی بەرنامەی کار گفتوگۆ نییە و کەسی لێنییە، هەر تەنها بۆ ڕوونکردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دروستە، دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم لەحزەوە دەست پێدەکات گرینگە تا کۆتایی، لەبەر ئەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە نیو سەعاتی یەکەمدا ئامادە دەبێت،

گرینگە تا کۆتای دانیشتنەکەش ئامادە بێت، ئەم یاسایەش یاسایەکی گرینگە، تێبینیەکەشت تێبینیەکی دروستە، کاك (اومید)، راگەیاندنیش دەتوانن ئیشی خۆیان بکەن، ماددەی (٨)، فەرمود.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

یەکەم: لێژنەی خەملاندن: لە ژمارەیەك فەرمانبەری شارەزا پێك دەهێنرێت کە ژمارەیان لە (٣) کەس کەمتر نەبێت، سەرۆکەکەی لایەنی کەم بەڕێوەبەر بێت، ئەندامانیشی پلەی وەزیفیان لە پلەی (٤) کەمتر نەبێت.

دووەم: فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێکیش ژمێرکاری لە فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی، ئابووری هاوەڵی ئەم لێژنەیە دەکەن، کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراوە.

سێیەم: لێژنە دەتوانێ پشت بە شارەزا ببەستێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان (د.محی الدین)، کاك (عثمان)، کاك (ڕێبوار)، سێ کەس ناویان نووسیوە، (د. محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی دوو لە ماددەی (٨) نوسراوە فەرمانبەرێکی ژمێرکاری، ئەوە موتتەبەعە ئەوە خۆمان پێی دەڵێن فەرمانبەری ژمێریاری، نەك ژمێرکاری ئەوە یەك، دوو خاڵی سێیەمی بڕگەی سێیەمی لێژنە دەتوانێ یەعنی بۆ هەیە ئیستیعانەی پێ بکا، بۆی هەیە ئیستیعانەی نەکا، من لەگەڵ ئەوەم پێویستە لێژنەی خەملاندن ئیستیعانە بکا، پێویستە لێژنەی خەملاندن پشت بە شارەزایان ببەستێ بۆ خەملاندنی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە فرۆشتنیان و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستی پرسمان بە زمانەوانیش کرد لەسەر ئەو ژمێریاری و ژمێرکارییە، ئەوان ئەڵێن ژمێریاری بۆ محاسەبییە، بەڵام کەسێك کە محاسب بێت ئیش بکات پێی دەوترێت ژمێرکار، بۆیە لە راستیا ئەوە دانراوە، ئەوەی جەنابیشت دروستی خۆی تێدایە، کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە گرینگە بەراستی پەیوەستە بە بەرژەوەندی گشتی، کاتێکیش تایبەت دەبێت بە کرێدان و فرۆشتنی موڵکی گشتی، لێرە لێژنەیەك دیارکراوە، چەند کەسێك یان چەند پلەی وەزیفی ناویان هاتووە، بۆ ئەوەی کە بەرژەوەندی گشتی تەحقیق بکرێ، بەشێوەیەك ئەو بەکرێدان یان فرۆشتنە، هەم ئینصافی تیابێت، لە راستیا لەگەڵ نرخی بازاردا بگونجێت،

پارەکەی بچێتەوە خەزێنەی حکومەت، جۆرێك لە گرێنتی، من پێم باشە پێشنیاری کاتب عەدلیش بکرێ وەکو ئەندامێکی لیژنەکە یان سەرۆکی لیژنەکە بێت، ئەندامی لێژنەکە بۆیە گرینگە لە لێژنەکە بوونیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (عثمان) سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم، بڕگەی یەکەم، لیژنەی خەملاندن لە ژمارەیەك فەرمانبەری شارەزا پێك دەهێنرێت کە ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر نەبێت، من پێم وایە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، لە پێنج کەسیش زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بنوسی لە سێ کەس کەمتر نەبێت، ئەوە بەکراوەیی دەمێنێتەوە، بۆی هەیە لیژنە زیاتر بێت و ئەوانە، سەرۆکەکەیان لایەنی کەم بەڕێوەبەر و ئەندامانیشی پلەی وەزیفیان لە پلە (٤) کەمتر نەبێت، بۆیە من ئەو پلە چوارەش من پێم وایە بکرێت بە پلە (٦)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر بۆ بکرێ؟

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جاری وا هەیە لە هەندێك ناحیە هەیە، لە هەندێ قەزا هەیە لەوانەیە ئەو پلەیان دەستیش نەکەوێ، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەوە وای لێبکرێت، هەندێ ناحیە هەیە مەسەلەی خزمایەتیەکەش جاری تر قسەم کرد هەندێ شار هەیە هەمووی خزمی یەکن، ئەگەر باسی پلە چوار بکەین، ئێمە لە دەرەوەی ئەو شارە لێژنە بۆ ئەوانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیجازە هەیە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو، (ئاشنا) خان با قسە بکات، دواتر دەرفەت دەدەین بە لێژنە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاست دەکەم بۆ دەرفەتەکە، لەسەر ماددەی (٨) کاتێك کە پێکهاتەی ئەندامانی لێژنەی خەملاندنی فرۆشتن دیاریکراوە، هەموو ئەندامەکان فەرمانبەری وەزارەتەکانن، یەعنی ڕێگەش دراوە کە پشت بە خەبیر ببەسترێت، پشت بە شارەزا ببەسترێت، باشترە لەم دوو ماددەیە نوێنەری دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری دارایی لە لێژنەکە جێگیر بکرێ، چونکە هەموو تەصەروفەکان صرف مالین، زەرورە نوێنەری ئەو دوو شوێنەی تێدابێت، گرینگە ئەندامانی

دەستەی دەستپاکی یان دیوانی چاودێری دارایی لە هەردوو لێژنەی رێکخستن و مەزەندە کردن زائیدەن لە لێژنەی فرۆشتنەکەشدا هەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام لەرووی قانوونیەوە بەڕێزان لە دیوانی چاودێری دارایی پرۆسەکە دەکەن، لە دەستەی نەزاهەش ئەگەر گەندەڵیەك روویدا ئەوان دەست بە تەحقیقات ئەکەن، ئێمە ئەزمونێکی واشمان نییە لە پەرلەمانی کوردستان دیوان جارێك داوایان لێکردبوو بۆ ئیشێکی وا وەڵامیان دابووینەوە کە ئەمە صەلاحیەتی ئەوان نییە، بەشدار نابن، ئێمەش ناتوانین بە قانوون ئیجباریان بکەین بە ئەرکێك لە ئەصلا مەهامی ئەوان نییە، لێژنەی مخگص، کاك (بهجت) قسە دەکەی، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

..................یەعنی لە دیارکردنی بابەتەکان، چونکە هەندێکجار هەیە هەموو شارەزاکان دەتوانن بکەنە ناو بابەتەکە، بەڵام شارەزای تایبەتمەند نیە، یەعنی پسپۆر و تایبەتمەندی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو تێبینەی کە باسی لە رەقابەی مالی کرا کە ئاشنا خان باسیکرد لە ماددەی (٣٨)ی ئەم یاسایە بە روونی ئەوەمان دەستنیشانکردووە، ئەوەشمان بۆ زیادکردووە کە هەموو ئەو رێکار و بڕیارانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن راستەوخۆ بۆ دیوانی چاودێری دارایی دەنێردرێت و ملکەچی چاودێری و وردبینی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان لەسەر بڕگەی یەك هەیە، ئێمە لە پڕۆژەکەی حکومەت بەو شێوەیە ناردوومانە کە لیژنەکە تەنها لە سێ کەس پێك دێت، ئەو سێ کەسەش شارەزاییان هەیە، هیچیان پلەی وەزیفیان لە پلەی پێنجەم کەمتر نەبێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئەو لیژنەیەی دێتە گۆڕان، یەعنی بۆی هەیە چەندجارێك کڕین و فرۆشتن بکات، ئەو لیژنەیە لیژنەیەکی سابت نیە لە ناو هیچ وەزارەتێکدا کە گۆڕانکاری بەسەردانێت، لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوەی تەحدیدکراوە لایەنی کەم بەڕێوەبەر بێت و ئەندامانیشی پلەی وەزیفیان لە پلەی چوار کەمتر نەبێت، رەنگە وا بکات کە ئەو لیژنەیە سابت بێت لە وەزارەتەکان و هەندێك لە شارەوانییەکان و لەو شوێنانەی کە موەزەفیان نییە، بۆیە تاوەکو مەرجی ئەو کەسانەی کە دەبنە ئەندامی لیژنە بە شارەزایی

ببسـتریێتەوە، بەڵام تەحدیـد نەکرێـت پلەیـان لە خـوار پـلەی پێـنجەم بێـت، بـۆیە دوای موناقەشـەیەکی زۆر لە حکـومەت گەیشـتینە ئەو قەنـاعەتەی کە ئەو لیـژنەیە لەبەر ئەوەی لە گۆڕانکارییـدایە پێویسـتە شـروتی ئەو فەرمـانبەرانەی کە دەبـن بە ئەنـدامانی لیـژنە شـروتی ئاسانکاریان تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی هاتە گۆڕان موەزەفێك هەبێت جێگای بگـرێتەوە، بـۆ نمـوونە پلەی بەڕێوەبەر لەوانەیە لە وەزارەتێك یان لە شارەوانییەك دوو کەسی هەبێت یان سێ کەسـی هەبێت، یـان لە نـاحییەیەك وەکو بەڕێـز کـاك عوسـمان ئیشـارەتی پێـدا، بـۆ ئەوەی تووشـی ئەو ئیشکالییەتە نەبین ئێمە پێمانباشە کە بڕگەی یەکەم لە ماددەی حەوتە لە پرۆژەی حکومەت وەکو خۆی لێبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی نۆ، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

یەکەم: لیژنەی پێکهاتوو بەپێی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدات:-

١- دەرخسـتەی مـاڵە نەگوازراوەکـان بـۆ دیـارکردنی شـوێن، ژمـارە، ڕەگەز، جـۆر، سـنوور، خەسڵەت، ڕووبەر و پێکهاتەکانی لەگەڵ جێگیرکردنی ئەوەی لەسەر دروستکراوە یان چێنـدراوە یان ڕووێندراوە.

٢- خەملاندنی بەهای شایستە و موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە یان کرێی شایستەی ساڵانەی لەبەر ڕۆشـنایی بەهـای خەملێنـدراو لەلایەن فەرمـانگەی تۆمـاری خـانووبەرە، وە بەهـای خانووبەرەکانی هاوسێ و یان هاوشێوەی یان بەهای فرۆشتنی یـان کرێـی ساڵانەی ڕاستەقینە یان خەملێندراوی بۆ مەبەستەکانی باج.

٣- لیژنە کۆنووسێك ڕێك دەخات و ئەو زانیاریانە لە خۆ دەگرێت کە لە هەردوو خاڵی یەك و دووی ئەم بڕگەیەدا دەقنووسکراون، لەلایەن ئەندامانی لیژنەی خەملاندنی تۆماری خانووبەرە و فەرمـانبەری ژمێرکـاری لە وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری و شـارەزایان ئەگەر هەبـوو واژوو دەکرێت.

دووەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت داوا لە لیژنەی خەملاندن بکات بۆ دووبارە خەملاندنەوە ئەگەر بـڕی خەملێنـدراوی پـێ شایسـتە نەبـوو یـان گەیشـتە ئەو ئەنجـامەی کە بنەماکـانی خەملاندنی هاتووە لەم یاسایە وەك پێویست پیادە نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ دەیەوێت قسە بکات دەستی بەرزکاتەوە ناو دەنووسین؟ (کاك سیروان، د.محی الدین، کاك شێخ زاهیر)، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆ، دووەم، لە باسی خەملانـدنی بەهـای شایسـتەی موڵـك و مـاڵەکە لە پـێش کۆتـایی هـاتووە دەڵێـت بەهـای خانووبەرەکـانی هاوسـێی یـان هاوشـێوەی، ئینجـا مـن لێـرە دەڵـێم ئەو

هاوسێیە زیادەییە یان مەبەستە، مەتاتییە، ئەگەر هاوسێ بێت رەنگە ئەم خانووە یان ئەم زەوییە هەندە نەبێت، بەڵام بێ خەملیندرێت دەتوانن سوود لەوە ببینین بە قەزانجێکی کەسایەتی، ئینجا من بەس ئەوە دەڵێم رەنگە ئەو زەوییە روکن بێت و ئەوەی تەنیشتی روکن نەبێت کەمتر بێت، زەرەر لە خەڵکەکە بگەیەنێت، داوا دەکەم ئەو هاوسێیە یان لابرێت یان شتێکی بۆ زیاد بکرێت و ئەو مەتاتییە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس زیاتر لە پێوەرێکیان هەیە، بە تەنها بە هاوسێیەتی وەرناگرن، چەند پێوەرێکیان هەیە، فەرموو د.محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە ماددەی نۆ بڕگەی دووەم، جەخت دەکەمەوە کە لیژنەی خەملاندنیش بە شارەزایی پسپۆڕی ئەو بوارە ببەستێت، لە بڕگەی سێیەمدا لە کۆتا دێردا نووسراوە فەرمانبەری ژمێرکاری لە وەزارەتی ئابووری و شارەزایان ئەگەر هەبن، بەڵام پێموایە لە کوردستان بە قەدەر عێراق زیاتر شارەزامان هەیە لە بواری ئەوەوە، ئەو خەبیرانەی ئێستا هەن بە قەدەر دەوڵەتێکە، لە خاڵی سێیەم بۆیە پێموایە دەبێت ئەگەر هەبن لابەین، پشت بە شارەزایان ببەستین لەوێندەردا، لە دووەمدا دەسەڵاتی تایبەتمەند داوا لە لیژنەی خەملاندن بکات بۆ دووبارە خەملاندنەوە ئەگەر بری خەملیندراو پێی شایستە نەبوو یان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بنەماکانی خەملاندنی هاتوو لەم یاسایە وەك پێویست پیادە نەکرا، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم خەملاندنەی دووبارە ناکۆك نەبێت لەگەڵ بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەگەر هەبن لە ماددەی هەشت پشت بەستن بە شارەزایان جەوازی بێت، بۆیە لێرەش وا دانراوە، ئەگەر پشتیان پێ بەستبوو، ئەگەر بوو بە وجوبی ئەو بڕگەیە زیاد دەبێت ئەو کاتە، کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە پەیوەستە بە مافی گشتی، بۆیە پێشنیاز دەکەم لە هەردوو لیژنەی خەملاندن و لیژنەی فرۆشتن و نوێنەری داواکاری گشتی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی بۆ نموونە لە قەزایەك یان لە ناحیەیەك پرۆسەی فرۆشتن ئەنجامدەدرێت لیژنەکە، ئەعنی هەموو ئەو لیژنانە ئەندامێکی داواکاری گشتی تێدابێت، بەڵێ، ماددەی (١٠) بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

لیـژنەی فرۆشـتن یـان بەکرێـدان بـۆ لە ئەسـتۆگرتنی ڕێکارەکـانی فرۆشـتنی موڵـك و مـاڵی نەگوازراوەی دەوڵەت یان بەکرێدانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە سێ فەرمـانبەری شـارەزا پێکدەهێندرێت کە ناونیشانی وەزیفی هەر یەکەیان لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی تێبینەران کەمتر نەبێت، یان لایەنی کەم (١٠) ساڵ ڕاژەی وەزیفی هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە هەر بەڕێزێك قسەی لەسـەر ئەو مـاددەیە هەیە نـاوی خـۆی تۆمار بکات، کەس نیە، دەچینە سەر ماددەی یانزە،، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

یەکەم: لە کاتی فرۆشـتن یـان بەکرێـدانی موڵـك و مـاڵێکی نەگـوازراوەی دیـاریکراودا سـەرۆك و ئەندامانی لیژنەی خەملاندن ناکرێنە ئەندامی لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان.

دووەم: هیچ فەرمانبەرێك نابێت لە ساڵێکدا زیـاتر لە دووجـار بەشـداربێت لە سـەرۆکایەتی یـان ئەندامییەتی لیژنەکانی خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدان.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هەر کەسێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات ناوی تۆمار بکات، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یانزە لە بڕگەی دووەم دەڵێت هیچ فەرمانبەرێـك نابێـت لە سـاڵێکدا زیـاتر لە دووجـار بەشداربێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامییەتی لیژنەکانی خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدان، بۆیە ئەو دووجـارە زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی هەنـدێك لە شـارەوانییەکان یـان لە هەنـدێك ناحییەکـان لەوانەیە فەرمانبەرەکانیان ڕێژەیەکی وایان نەبێت کە بتوانن بەو شـێوەیە ئەگەر دووجـار بێـت، لەوانەیە پێویستی بەوە بێت جارێکی تر لە قەزایەك یان لە شوێنێکی تر خەڵکیان بۆ بێـت، بـۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە پێنج جار، لەبەر ئەوەی هەندێك شارەوانی هەیە مانگی وا هەیە چەندجار موڵك و ماڵی دەوڵەت دەفرۆشرێت، بۆیە کەمە بکرێت بە پێنج جار، یان بە شەش جار، پێنج جار باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دکەم ئەندام ل وان لیژناندا کو نە دوو جار بن، داوا دکەم یەك جار زێدەتر نەبیتە ئەنـدام ل ڤێ لیژنەیاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیا یازدە خالا دووێ هیچ فەرمانبەرێك نابێت لە ساڵەك زیاتر لە دووجار بەشدار بێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامییەتی لیژنەی خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان، من پێم باشە لە ساڵەکدا ئەوە لابەن، تەنێ هیچ فەرمانبەرێك نابێت زیاتر لە دووجار بەشدار بێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامییەتی لیژنەی خەملاندن و فرۆشتن یان بەکرێدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند هیچ ڕەئییەکتان هەیە؟ بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی (١٠)ەی پڕۆژەکەدا تەنها باسی ئەوە دەکەین کە نابێ جەمع بکرێت لە هەمان کاتدا ئەندام بێت لە لیژنەی فرۆشتن و ئەندامیش بێت لە لیژنەی بەکرێدان، بەڵام ئەوە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە زیادکراوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ بڕگەی دووەم نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، بەشی دووەم، فەرموون.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم

ڕێکارەکانی فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت

ماددەی (١٢):

ڕێکارەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی نەگوازراوە لەلایەن لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان بەم شێوەیە دەبێت:-

یەکەم: ڕێکخستنی لیستی زیادکردن لەبەر ڕۆشنایی خەسڵەتەکانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە کە لەلایەن لیژنەی خەملاندنەوە چەسپێندراوە، وە ئەگەر زیاتر لە موڵك و ماڵێکیش بوو ئەوە بۆ هەر یەکێکیان لیستێکی زیادکردن ڕێك دەخرێت.

دووەم: ١- جاڕنامەی فرۆشتن یان بەکرێدان بە زیادکردنی ئاشکرا لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بڵاودەکرێتەوە کە یەکێکیان لە هەولێر و ئەوەی دیکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایە دەبێت کە زیادکردنەکەی تێدا دەکرێت، وێنەیەکی جارنامەکەش لەو فەرمانگەیە هەڵدەواسرێت کە فرۆشتن یان بەکرێدانەکە ئەنجام دەدات، لیژنە ئەگەر بە پێویستی زانی دەتوانێت بڕیاری بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە لە ناویاندا پێگە ئەلکترۆنیە فەرمیەکان بدات.

٢- ئەو موڵك و ماڵە نەگوازراوەی بەهای خەملیندراوی بەکرێدانی ساڵانەی لە یەك ملیۆن دینار کەمتر بێت لە جاڕدان بەدەر دەکرێت.

سێیەم: ١- جاڕنامەکە گشت ئەو خەسڵەتانەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە کە لە کۆنووسی لیژنەی خەملاندندا هاتوون ڕۆژ و ڕێکەوت و کاتژمێری زیادکردنەکە، مەرجەکانی بەشداریکردن، ئەو

شوێنەی تێیدا ئەنجام دەدرێت و بڕی ئەو بارمەتەی واتە تەئمینات پێویستە سپاردە بکرێن لە خۆ دەگرێت.
٢- فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە بەپێی ئەو ریزبەندییەی لە جاڕنامەکەدا هاتووە ئەنجام دەدرێت.
چوارەم: لیستی زیادکردنەکە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ کراوە دەبێت، وە پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی خواستی کڕین یان بەکرێگرتنی موڵك و ماڵەکەیان هەیە سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ دەربڕینی خواستی کڕین یان بەکرێگرتن بەو مەرجەی هەر یەکێکیان پێش بەشداریکردنی لە زیادکردنەکە بارمەتەیك سپاردە بکات، بڕەکەی لە (٢٠%)ی بەهای خەملێندراو لە حاڵەتی فرۆشتن و لە کۆی بڕی بەرانبەری بەکرێدان بۆ تەواوی ماوەکەی لە حاڵەتی بەکرێدان کەمتر نەبێت.
پێنجەم: زیادکردن بە مەبەستی فرۆشتن یان بەکرێدان تەنها لە بازنەی ئەو یەکە کارگێڕییە ئەنجام دەدرێت کە موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی تێدایە دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ لە کاتی پێویستدا بڕیار بدات کە زیادکردنەکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایە بکرێت کە موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی تێدایە.
شەشەم: لە رۆژی دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی کە لە بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووسکراوە لەو کات و شوێنەی دیاریکراون بۆ فرۆشتن یان بەکرێدان بانگەواز دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنەکە بە مەرجێك بانگەوازەکە و وەسفکردنێکی تەواوی ئەو موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە لە خۆ بگرێت.
حەوتەم: زیادکردنەکە بە ئاشکرا دەبێت بە زیاتر لە (٧٠%)ی بەهای خەملێندراو دەست پێدەکات، دواتر لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان بڕیاری هەواڵەکردن بۆ کۆتا کەسی زیاد بکات دەدات و ئەو خستنەڕووەی لە ماوەی پێنج خولەك هیچی لەسەر زیاد نەکرێت بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەندرێت.
هەشتەم: ١- دەکرێت لەسەر بری بەرامبەری دوایین زیادکردن لە ماوەی پێنج رۆژ کە لە رێکەوتی هەواڵەکردن بە بڕێك کە کەمتر نەبێت لە (١٥%)ی دوایین ئەو بری بەرامبەرەی زیادکردنەکەی پێی گەیشتووە خستنە سەر لەلایەن کەسی ترەوە بکرێت.
٢- لە ئەگەری بوونی داواکاری خستنە سەردا لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەیەك بە هەمان میکانیزمی یەکەمجار زیادکردنێکی نوێ بۆ ماوەی حەوت رۆژ دەکرێتەوە، دواتر هەواڵە دەکرێت و نابێت جارێکی تر خستنە سەر لەسەر کۆتا بری بەرامبەری زیادکردنەکە بکرێت.
٣-داواکاری خستنە سەر تەنها دوای وەرگرتنی بارمەتەی یاساییەکان ئەوانەی بەپێی ئەو رێژەیەی لەسەر بنەمای ئەو بڕی بەرامبەرە دیاریکراوە کە کەسی داواکار خستوویەتە روو قەبول دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ماددەی (١٢) و بڕگەکانی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ناوەکان دەنووسین دواتر ئیزافە ناکەین، ناوەکان ( کاك سیروان، ئاشنا خان، کاك رێبوار، کاك مەلا وەیسی)، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢)، دووەم، یەكەمیان، تەنها سەرنجم لەسەر جاڕنامەی فرۆشتن یان بەكرێدانەكە هەیە، وەك دەزانین بەپێی یاساكانی عێراقی و هەم یاساكانیش كە لە كوردستاندا باس لە دوو رۆژنامە دەكات كە جاڕنامەكەی تێدایە، بەڵام ئێستا وەك دەزانین دنیا پێشكەوتووە كەمترین كەس رۆژنامە دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێت بۆ ئەوەی كە خەڵكانێك بزانن ئەم مۆڵكە یان ئەم جاڕنامەیە هەیە، پێشنیاز دەكەم ئەو دوو رۆژنامەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە لە یاسا هەیە جۆرێكی تریش لە راگەیاندن بێت بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك پێی بگات، بۆ ئەوەی وەك دەزانین رۆژنامەكە دەمێنێتەوە بۆ دیكۆمێنتاری، بەڵام لە شوێنێكی تریش دیاری بكرێت ئەگەر بەڕێزان لە لیژنە پێشنیازی بكەن جاڕنامەكە پەخش بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینییەكەی من هەر لەسەر هەمان ماددەیە كە كاك سیروان گوتی، بەڵام من چارەسەرەكەشیم بۆ دۆزیووەتەوە، ئەم ماددەیە تایبەتە بە رێكاری فرۆشتن، لە بڕگەی دووەم، خاڵی یەكەم، باشترە ئەوە جێگیر بكرێت كە هاوشان لەگەڵ رۆژنامەكە راگەیاندنەكە لە سایتی فەرمی حكومەت یان لە سایتی وەزارەتی پەیوەندیدار بڵاوبكرێتەوە، چونكە ئەگەر ئامانجەكە ئەوە بێت كە زۆرترین بە قاسەی گشتی بكات دەبێت زۆرترین خەڵك بیبینێت، جگەلەوەش بڵاوكردنەوەی لە پێگەی فەرمی یارمەتیدەرە كە زیاتر شەفافیەت بچەسپێت ئەوە یەكێكە لە هۆكارەكانی دەرچوواندنی پڕۆژەكە نووسراوەكە كە ئامانجی پڕۆژە یاساكەشە، وە رۆژنامە كە رۆژنامەیەكیان دەبێت لە هەولێر بێت ئەوەش لابرێت بۆ ئەوەی موقەید نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رێبوار فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەنیم ئەگەر پێویست بوو جاڕنامەكە لە ئامرازەكانی تری راگەیاندن، دەبێت بڵاوبكرێتەوە ئێستا وەكو گوترا لەگەڵ رێزم رۆژنامە ئەوەندە خوێنەرێكی ئەوەتۆی نییە، ئێستا رۆژنامەش بۆتە ئەلیكترۆنی، بۆیە زۆر گرنگە پرۆسەكە تەواو شەفاف بێت لە راگەیاندنەكان بڵاوبكرێتەوە، ئەو ووشەی ئەگەر پێویست بوو لابرێت، بكرێتە ئیجباری، لە خاڵی سێیەمدا وشەی بارمەتە هەیە لە نێوان دوو كەوانە بە عەرەبیەكەی (تأمین)ە، تەئمینات نابیتە بارمەتە، بارمەتە بە عەرەبی یەعنی (رهن)، بۆیە داوا دەكەم بگۆڕدرێت ئەو ووشەیە، چونكە عەرەبییەكەی هەمان مانای كوردییەكەی نییە، لە خاڵی حەوتەم دەڵێت زیادكردنی ئاشكراكە (٧٠%)ی بەهای خەملێندراوی موڵكەكە دەست پێ دەكات، من دەپرسم بۆچی لە (٧٠%)وە دەست پێ بكات،

ئەوەبێــت زیــادکردنەکە (٧٥%) کە ئەو کــاتە نــاکرێتە تەواو (١٠٠%)ی بەهــای خەملێنــدراوەکە لەوێووە وەستاوە؟ من پێشنیار دەکەم کە لە (٩٠%)ەوە دەست پێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەس تەنها تێبینیەك هەمـوو رۆژنـامەیەکی رۆژانە ئێستا مـاڵپەڕی ئەلیکترۆنـی خـۆی هەیە، بـۆ ئەوەی کە لە رۆژنـامە بە وەرەقە بـڵاو دەکـرێتەوە لە ماڵپەڕەکەشـی بـڵاو دەکـرێتەوە، تەنها وەکو ئیزافەیەك بۆ ئەوانی تر، کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لە بـڕگەی سـێیەم پێشـنیارێکم هەیە کە خـاڵێکی تـری بـۆ زیـاد بکرێـت، پێویسـتە لافیـتە بنووسـرێت و لە شـوێنی فرۆشـتنەکە یـان بەکرێـدانەکە و شـوێنی ئەنجامـدانی زیـادکردنەکە هەڵبواسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیـژنەی تایبەتمەنـد ئەگەر را و سـەرەنجێکتان هەیە، باشـە، مـاددەی دوای ئەوەی، دەچیـنە سـەر ماددەی (١٣)، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

یەکەم: ئەگەر لە ئەنجـامی زیـادکردنەکە بـری بەرامـبەر نەگەیشـتە بەهـای خەملێنـدراو ئەوە زیــادکردنەکە بــۆ مــاوەی (١٥) رۆژی تــر درێــژ دەکــرێتەوە کە لە رۆژی دوای بڵاوکــردنەوەی جاڕنامەکەوە دەست پێدەکات.

دووەم: ١- ئەگەر بری بەرامبەر لە ئەنجامی زیادکردنی نەگەیشتە لە (٨٠%)ی بەهای خەملێنـدراو ئەوە لەلایەن لیژنەیەکی دیکە خەملاندن بۆ بەهای موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە دەکرێتەوە و جارِ دەدرێت بۆ ئەنجامدانی زیادکردنێکی نوێ.

٢- لە کـاتی نەگەیشـتنی بـری بەرامـبەر بە لە (٨٠%)ی بەهـای خەملێنـدراوی جـاری دووەم ئەوە پرسەکە دەخرێتە بەردەم دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆ تاوتوێکردنی هۆیەکـانی و چارەسـەکردن یـان هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنە ئاشکراکە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێکی پەرلەمان دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ئەم ماددەیە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ ئێستا ناوەکان تۆمار دەکەین، ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمـارکردووە (کـاك رێبـوار، کـاك شـێخ زاهیـر، کاك هیمداد، کاك نزار)، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣)، خاڵی یەکەم، ئەگەر لە ئەنجامی زیادکردنەکە بری بەرامبەر نەگەیشتە بەهای خەملێندراو ئەوە زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) رۆژی تر درێژ دەکرێتەوە، من پێمباشە لەبەر

ئەوەی ئێمە وا هەست دەکەین ئێستا کات و رۆژ و مانگ خێرا تێدەپەڕێ، بۆیە من (١٥) رۆژەکەم پێ کەمە، ئەگەر بکرێت زیاتری بکەین زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣)، خاڵی یەکەم، هەمان تێبینیم هەبوو، ئەگەر بێت ئەو (١٥) رۆژ زیاد بکرێت باشترە، بەلاینی کەم (٢٠) رۆژ یان (٢٥) رۆژ بێت، بەڵێ، پشتیوانی لە رایـیەکەی کاك نزار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣)، بڕگەی یەکەم، ئەگەر لە ئەنجامی درێژکردنەوەی بری بەرامبەر نەگەیشتە بەهای خەملێندراو ئەوە زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) رۆژی تر درێژ دەکرێتەوە، من لێرە پێشنیار دەکەم بە هەمان نرخ بۆ ئەوەی دەقەکە روون بێت، بە هەمان نرخ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی جاڕدانەکە دەست پێ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رێبوار فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من کرا، پاڵپشتی لە بەڕێزان کاك شێخ زاهیر و کاك نزار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند رەئیتان هەیە؟ باشە، دەچینە سەر ماددەی چواردە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

یەکەم: ١- لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی سیانزەی ئەم یاسایە کڕین و فرۆشتنی خانوو، شوقە یا زەوی نیشتەجێبوون کە رووبەری لە سێ سەد مەتر دووجار زیاتر بێ و خاوەنداریەتی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت لە ناو فەرمانبەراندا جاڕدانی بۆ دەکرێت بە لەبەر چاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

أ-فرۆشتنی (....٢:٠١:٣٢ ..) فەرمانبەران وەك وەزارەت دادەڕێت لەگەڵ پێدانی پێشەنگی بۆ فەرمانبەرانی ئەو فەرمانگەیەی خانوو، شوقە یان زەوی نیشتەجێبوونەکەی داناوە بۆ فرۆشتن.

ب- ئەگەر هیچ فەرمانبەرێك وەزارەت یان فەرمانگەی پەیوەندیدار خواستی کڕینیان نەبوو یان بەشێك لە موڵکەکەی بە نەفرۆشراوی مایەوە ئەوە سەر لە نوێ جاڕدانی فرۆشتن لە ڕێگەی زیادکردن لە ناو سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم دەکرێت.
ج- لە ئەگەری هەبوونی کڕیاری فەرمانبەر یان مانەوەی بەشێکی موڵکەکە بە نەفرۆشراوی ئەوە سەر لە نوێ جاڕدانی فرۆشتنی بە ڕێگەی زیادکرنی سەرجەم هاوڵاتیاندا دەکرێت.
د- لەسەرجەم بڕگەکانی (أ، ب، ج) پێشەنگی بۆ ئەوانە دەبێت کە هاوسەرگیریان کردووە و خۆیان و هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان خانوویەك یان شوقەیەك یان زەویەکی نیشتەجێبوونیان بە شێوەی سەربەخۆن و پێشتر یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویان لە دەوڵەت یان لە کۆمەڵە هەرەوەزیەکان وەرنەگرتوون.
٢- حوکمەکانی خاڵی یەکی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لەسەر ئەو فەرمانبەرانەش جێ بەجێ دەکرێت کە لە ناو یەکەیەکی نیشتەجێبوونی فەرمانگەیەکی دیاریکراو نیشتەجێبوون هەرچەندە لەسەر بنەمای پێداویستی کار بە فەرمانگەیەکی دیکە لە ناو هەمان وەزارەت گوازرابێتەوە بە مەرجێك سەرباری گواستنەوەی ڕاژەی بە نیشتەجێی ئەو یەکەیە نابێتەوە.
دووەم: ١- فەرمانبەری خانەنشینکراو ئەگەر پێشتر سوودمەند نەبووبێ دەتوانێ بەشداری لە زیادکردنی چاڕدراو بۆ سەرجەم فەرمانبەران بکات بۆ کڕینی ئەو خانووبەرانەی نیشتەجێبوون کە لە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێدراوە.
٢- ئەگەر لە کاتی فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوونەکە بە کردەیی بە شێوەیەکی یاسایی لەسەر بنەمای ئەو ڕێکارانە کە لە یاسا بەرکارەکاندا دەقنووسکراون خانەنشینکراو نیشتەجێی یەکەکە بێت ئەوە هەمان مامەڵەی فەرمانبەری ئەو فەرمانگەیەی لەگەڵ دەکرێت کە خاوەنداری یەکەکە دەکات بە مەرجێك پێش خانەنشینبوونی فەرمانبەری هەمان فەرمانگە بووبێت.
٣_ بۆ فەرمانبەری خانەنشیکراو لە حوکمی دووی ئەم بڕگەیە سوودمەند بێت پابەند دەکرێت تا بە شێوەیەکی نووسراو بەڵێن دەدات بە چۆڵکردنی یەکە نیشتەجێبوونەکە لە ماوەی شەش مانگ لەو ڕێکەوتەی کە بڕیاری هەواڵەکردنی زیادکردنەکە بۆ کەسێکی دیکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت، بە پێچەوانەوە یەکەی نیشتەجێبوونەکەی بە زۆرەکی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی تایبەتمەندەوە بە پێدانی هیچ مۆڵەتێکی دیکە پێی چۆڵ دەکرێت.
سێیەم: پشکی هاوبەش ناو یەکە نیشتەجێبوونەکان نەشیاو بێت جیاکردنەوە واتە ئیفرازکردن بەدەر دەکرێت لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە و جاڕدانی فرۆشتن بۆ سەرجەم هاوڵاتیان دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێکی پەرلەمان دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی چواردە و بڕگەکانی بکات با بفەرمووێت، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن (کاك سەروان، کاك ڕێبوار، گلستان خان، کاك شێخ زاهیر)، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چواردە دوو پێشنیارم هەبوو، فەرمانبەری وەزارەت بۆ وەزارەتێکی تر جیاوازی هەیە، جیاوازی هەیە لەنێوان مەعیشەتیان، یەعنی لە وەزارەتێك هەیە مووچەی باشە و وەزعی زۆر باشە، یەعنی دەتوانێت موڵك و ماڵ یان ئەوەی کە وەزارەتەکەی بەکرێی دەدات یان دەیفرۆشێت بیکڕێت، بەڵام لە وەزارەتێکی تر ناتوانێت بەکرێش شوقەیەك بگرێت، بۆیە جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەوەنە، یەعنی ئەوەی کە پێویستر لە وەزارەت بۆ وەزارەتێکی تر هەیە ئەو شتانە جیاکاری بکرێت لێرانە زۆر باشە، ئەوەی تریش لە بڕگەی دووەم فەرمانبەری خانەنشینکراو ئەگەر پێشتر سوومەند نەبوویێت باشە پێشمەرگەمان هەیە پێشتر بۆ نموونە لە وەزارەتی پێشمەرگە پێشتر زەوی وەرگرتووە، سوودمەندبووە، بەڵام لە شەڕی بەرگیری زەویەکەی فرۆشتووە چارەسەری خۆی پێکردووە، یەعنی ئیتر تەواو ئەو پێشمەرگەیە یان ئەو فەرمابنەرە هیچی تر سوودمەند نابێت، جیاکاری لەوەش بکرێت ئەوەی کە سوودمەندبووە، بەڵام بڵێین ئیستیفادەی لە سوومەندبوونەکە وەرنەگرتووە، جیاکاری بکرێت زۆر باش دەبێت ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە لە بەشی یەکەمی خاڵی (د) کە دەڵێت لەسەرجەم بڕگەکانی (أ، ب، ج) پێشەنگی بۆ ئەوانە دەبێت کە هاوسەرگیریان کردووە، وە ئەوانەی کە هاوسەرگیری ناکەن بە درێژایی تەمەن، یەعنی بەڕاستی ئەمە جۆرێك لە نا عەدالەتی تێدایە، چونکە ئێستا لەوانەیە بڵێین لە رووی کۆمەڵایەتیەوە خەڵکی رەبەن و خەڵکی سەڵتمان زۆر بێت، بۆیە من پێمباشە ئەو خاڵە لابرێت کە پێشەنگی بۆ ئەوانە بێت کە هاوسەرگیریان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینم لەسەر بڕگەی سێیەم هەیە پشکی هاوبەشی ناو یەکە نیشتەجێبووەکانی نەشیاو بۆ جیاکردنەوەی ئیفرازکردن بەدەر دەکرێت لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە و جاڕدانی فرۆشتن بۆ سەرجەم هاوڵاتییان دەکرێت، پرسیارم بۆ لیژنەی یاسایی ئەوەیە مەبەست لە پشکی هاوبەش (المال المشاع) کە پێی دەڵێین کێیە؟ کە لە کاتێکدا ئەوە موڵك و ماڵەی دەوڵەتە، یەعنی موڵکییەتی دەوڵەتە، چۆن دەبێتە (المشاع)؟ روونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەپرسم حیکمەت لە چیدایە بۆ دەبێت لە کڕین و فرۆشتنەکە کە یەکەم جار زیادکردنی ئاشکراکە لە نێوان فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە بێت، یەعنی حیکمەت لە چیدایە بۆ گشت فەرمانبەران ئەگەر لە خاڵی دواتر هاتووە دەڵێ ئەگەر لە نێوان ئەواندا ساغ نەبۆوە، نەفرۆشرا، بەکرێ نەچوو ئەوە بۆ گشت فەرمانبەرانە، ئەگەر یەکسەر بابڵێین بۆ گشت فەرمانبەران بتوانن بەشداربن لەو زیادکردنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشەنگیدان بەوانەی کە هاوسەرگیریان کردووە مانای ئەوەنیە ئەوانی تر بێ بەش دەبن، بەڵام ئەگەر لە فەرمانگەیەك مەسەلەن یەك خاوەن خێزان بێت عادەتەن دەبێت لە پێشتر بێت، بەڵام ئەگەر ئەوان نەبوون ئەوانەی تریش دەتوانن بەشداری لەو موزایەدەیە بکەن، مەسەلەی ئەوەی کە دەڵێت پێشمەرگەیەك خانەنشین بووە یان سوودمەندبووە و وەریگرتووە بە مانای ئەوە نایەت ئەوەی سوودمەندبووە بەڕاستی ناتوانێت جارێکی تر سوودمەندبێت، بەڵام ئەوانەی کە سوودمەند نەبوونە خۆ لەوانەیە هەمان وەزارەت هەیە سوودمەندبووە و هەیە سوودمەند نەبووە، یەعنی ئەویان لە پێشتر دەبێت، یەعنی مانای ئەوەنیە بێ بەش دەکرێت، مەسەلەی پشکی هاوبەش لە ناو یەکە نیشتەجێبوونەکان نەشیاوە بۆ جیاکردنەوە، ئێمە یاسایەکمان هەیە لە وەزارەتی شارەوانی کە ئەوانەی کە لە دوو سەد مەتر ناتوانن ئیفرازی بکەی، بەشی بکەی بەسەر دوو بەشەوە لە دوو سەد و پەنجا مەتر کەمتر بێت، لەو حاڵەتەدا ناتوانی ئیفرازی بکەی ئەم خانووەی کە پشکی هاوبەشە بیکەی بە دوو بەشەوە بە ناوی فلان و فلانی بکەی، یەعنی هەر بە یەك بەشی دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تایبەتمەند فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیکد لەسەر ئەو ماددەیە دەکەینەوە کە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، بۆیە هیوادارین وەکو خۆی بڕوات ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی پانزە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

دەسەڵاتی تایبەتمەند دەستڕۆیە بۆ مەبەستەکانی چالاکی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و گشت و گوزاری و وەبەرهێنان لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە بە هەمان ئەو ڕێکارانەی لە ماددەی چواردەی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراوە، بنیادنانی مافەکانی بانەوانی لەسەر موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان رابگەیەنێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

یەکەم: نابێت ماوەی بانەوانی لە (٢٥) ساڵ زیاتر بێ و یارای نوێ کردنەوە و بە موڵکردنی نییە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی بانەوانی هەرچی بنیات نرابێت دەبێت بە خاوەنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە بەبێ بەرامبەر.

دووەم: بڕی بەرامبەری بانەوانی ساڵانە وەردەگیرێت بە مەرجێك هەر پێنج ساڵێك جارێك لە ڕێکەوتی گرێبەستی بانەوانی پێداچوونەوەی لێبکرێت ئەم بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت کە وەزیری دارایی و ئابووری دەری دەکات.

سێیەم: ١- بانەوانیکار لە ماوەییەی لە گرێبەستی بانەوانی دیاریکراوە و رازامەندی دەسەڵاتی تایبەتمەندی لەسەردراوە پابەندی بە دروستکردنی بیناکاری دەبێت.

٢- بانەوانیکار بارمەتەی کۆتایی کە یەکسان بێت بە لە (٥%)ی بەهای تەواوی بڕی بەرامبەری زیادکراوەکە بۆ تەواوی ماوەی گرێبەستەکە بۆ مسۆگەرکردنی باش جێ بەجێکردنی بیناکاریەکە پێشکەش دەکات کە بە درێژایی ماوەی گرێبەستی بانەوانیکارییەکە دەمێنێتەوە، وە تا کۆتایی ماوەکەی رادەستی ناکرێتەوە و ساڵانە بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ پێداچوونەوەکان نوێ دەکرێتەوە.

٣_ ئەگەر لەو ماوەیەدا بانەوانیکار تەواوی بیناکاریەکانی دروست نەکرد ئەوە بڕە بارمەتەکراوەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت و گرێبەستی بانەوانییەکە بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و ئەو بیناکارییەی هەیە بەبێ بەرامبەر دەبێتە موڵکی ئەو لایەنەی کە خاوەنداریەتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە دەکات.

چوارەم: ئەگەر کەسی بانەوانیکار لە دانەوەی بڕی بەرامبەری ساڵانەی لە وادەی دیاریکراو دیارکرد و دەسەڵاتی تایبەتمەد دەتوانێت وەرگرتنی ئەو بڕی بەرامبەرە بۆ ماوەیەکی گونجاو لە ڕێکەوتی شایستەبوونی دوا بخات، لەم بارەشدا سوی دواکەوتن بە ڕێژەی (٧%)ی بڕی بەرامبەری شایستە دەخرێتە ئەستۆی کەسی بانەوانیکار ئەگەر دووبارەبێتەوە ئەوە دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت گرێبەستی بانەوانی هەڵبووەشێنێتەوە و بینکاریەکان بەبێ بەرامبەر دەبنە موڵکی ئەو لایەنەی کە خاوەنداریەتی مایە نەگوزراوەکان دەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی تۆمار بکات، ئەوانەی ناویان تۆمارکردووە (کاك سیروان، کاك هیمداد، کاك شێخ زاهیر)، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پانزە، تێبینیەکەی من لەسەر خاڵی یەکەمە، موساتەحە نابێت بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ، بە رەئی من ئەوە بکرێت بەپێی بەهای مەشروعەکە، مەشروع هەیە ملیۆنێکە، هەیە پێنج ملیۆن دۆلارە، ئەو ساڵە بە گوێرەی وی بگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٥) بە کـۆی مـاددەکە کە باسـی مەسـاتەحە ئەکـات، نـازانم ئەگەر لە شـوێنێکی تـری ماددەکانی یاساکە هاتبێ باسی ئەوە ئەکات، ئەگەر گرێبەستەکە (٢٥) ساڵ بێ، ئەبێ ئەو کەسەی مەساتەحەی بۆ دەرچووە بینـاکەی لە ٥٠% تەواو کردبـێ، یـان بـۆ (٢٥) سـاڵ وەریگرتـووە و (١٥) ساڵە هیچی لەسەر نەکردووە، پێم وایە ماددەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە ئەبێ لە ئەوەنە ساڵە ئەوەنە لە سەدی بیناکەی تەواو کردبێ یان پرۆژەکە، ئەگەرنا لێ وەرئەگرێتەوە و بێ بەرامـبەر ئەدرێ بە کەسی تر.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٥) و یەکەم، نـابێ مەسـاتەحە لە (٢٥) سـاڵ زیـاتر بێـت، پـێم وابـێ بە پێـی قـانوونی مەساتەحە تا (٥٠) ساڵ ئەتوانی، لە کاتێکدا ئێستا قەیرانە و حکومەت پێویستە بەوەیە موڵـك و ماڵی بفرۆشێ، ئەگەر کەسێ بە مانەوانی مولکی وەرگرتووە بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ لەو حاڵەتە چۆن ئەتوانێ ئەو موڵکە بفرۆشێ، لە خاڵی چوار ئەڵێ ئەگەر کەسی مانەوەکار لە دانەوەی بڕی سـاڵانە لە وادەی دیاری کراو دواکەوت، پێویستە لە وادەی دیاری کراو دیاری بکرێ، چەند ماوەکەی.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەو کاتە دیاری ئەکرێ کە موساتەحەکەی ئەدرێتـێ لەلایەن دەولەتەوە، ئیتـر کـاتەکە دیـاری ئەکرێ خۆ لێرە لە یاسا دیاری ناکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم ئەگەر ڕەئییەك هەیە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فەرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیـا لە بـرگەی دووەم پێمـان باشـە وەزیـری پەیوەندیـدار دابنـرێ، تەحدیـدی هـیچ وەزارەتێـك نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەشی سێیەم.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم:

دانەوەی بری بەرامبەر:

یەكەم- دانەوەی بری بەرامبەری فرۆشتنی مولك و مالی گۆزراوە:

ماددەی :١٦

١ كریار پابەندە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێكەوتی هاوەلا كردنی بنبڕ بە یەكجاری بەرامبەری فرۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە بدات.

٢- بەدەر لە حوكمەكانی بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ رەزامەندی لەسەر دانەوەی بری بەرامبەری فرۆشتن بە شێوەی قیست بدات بەو شێوەی خوارەوە:

١ نیوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنی و تەواوی خەرجییەكان لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێكەوتی هاوەڵە كردنی بنبڕ.

٢- ئەوەی ئەمێنێتەوە لە بڕی بەرامبەری فرۆشتن ئەكرێ بە چەند قیستێك بە مەرجێك لە پێنج قیست زیاتر نەبێ و وادەی دانەوەی دواین قیست نەگاتە زیاتر لە سێ ساڵ لەو رێككەوتەی لە خاڵی یەكی ئەو بڕگەیە دیاری كراوە.

٣- لە كاتی فرۆشتنی خانووبەرەی نیشتەجێ بوونی مولكی دەولەت یان كەرتی گشتی بە فەرمانبەران بۆ دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەكە ئەو حوكمانەی خوارەوە پیادە ئەكرێ.

١ رێژەی بارمتەكان ٥% بەهای خەملاندنی یەكە یان پارچە زەوی نیشتەجێ بوونەكە ئەبێ.

٢- رێژەی ٥% بڕی بەرامبەری فرۆشراوەكە وەرئەگرێت وەك پێشەكی باقییەكەی بە قیستی ساڵانە یەكسان بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ لە رێككەوتی فرۆشتن ئەدرێتەوە.

٤- سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان هەر كەسێ رێگەی پێ بدات ئەتوانێ دووبارە ماوەی قیستی شایستەی سەر پرۆژەكانی پیشەسازی و كشتوكاڵی و گەشت و گوزاری فرۆشراو بە پێی حوكمەكانی ئەو یاسایە بە جۆرێك دابرێژرێتەوە كە ماوەی دانەوەی قیستەكان درێژبكاتەوە پاڵپشت بە راسپاردەی لیژنەیەكی تایبەتمەند كە بە فەرمانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان هەر كەسێ رێپێدراو پێك ئەهێنرێ لەسەر بنەمای پاسا و یان بارودۆخی زۆر پێویست بەرامبەر بە بڕی ئەو سوودەی دواكەوتنەكەی كە بانكە حكومیەكان بەپێی سروشتی مولك و ماڵە نەگوزاراوەكە وەرئەگرن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك رزگار.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم، لە کاتی فرۆشتنی خانووبەرەی نیشتەجێ بوون و موڵکی دەوڵەت یان کەرتی گشتی بە فەرمانبەران بۆ دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە ئەو حوکمانەی خوارەوە پیادە ئەکرێ، ئەو فرۆشتنی خانووی نیشتەجێ بوون ئەگەر مودیر ناحیەیەك لە جێگەیەك لە خانووێکە، ئەو خانووە ئەگەر پێی بفرۆشرێت و بیێتە موڵکی سبەی مودیر ناحییەکی تر بێتە بەڕێوەبەر لەو ناحیەیە ئەوە چی دەبێ؟ بۆ بفرۆشرێ ئەو خانووانەی حکومین و تایبەتن بە فەرمانبەرانی ئەو ناحییە و قەزاییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە، یەکەم ماددەی (١٦) بڕگەی یەك، کریار پابەندە لە ماوەی (٣٠) رۆژ، ئایا (٣٠) رۆژ زیاتر بێ باشترە یان کەمتر؟ هەروا لە کاتی فرۆشتنی خانووی موڵکی دەوڵەت یان کەرتی گشتی بە فەرمانبەران، دەست پێکا موڵکی دەوڵەت هەندەك برادەر پێشنیار کر کو کەرتی گشتی بێتە زێدە کرن، لیژنا هاتییە رەفز کرن، ئەو کەرتی گشتی ل ڤێرێ بێتە ئیزافە کرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ( ١٦ ) و بڕگەی دووەم و خالی دووەم، ئەوەی ئەمێنێتەوە لە بری بەرامبەری فرۆشتن ئەکرێ بە چەند قیستێك بە مەرجێ لە (٥) قیست زیاتر نەبێ و وادەی دواین قیست نەگاتە سێ سال، ئەو رێککەوتە دیاری کراوە، بەڵام بۆ پێنج قیست پێنج ساڵ باشە، هەر سالێ قیستێك بدرێ باشترە بۆ ئەوەی کڕیارە یان بە کرێی ئەگرێ، هەم بۆ حکومەت پارەکەی بە دروستی پێی ئەدات و هەم کڕیاریش بە دروستی بیدات، ئەوەی تر بڕگەی سێیەم هاوڕای برای بەڕێز کاك رزگارم، هەندێ شت هەیە بۆ بفرۆشرێت، جیاکاری بکرێ لە نێوانی فرۆشراوی موڵکی دەولەت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی چوارەم باس ئەکات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان هەر کەسێك رێگە پێدراو ئەتوانێ دووبارە ماوەی قیستەکە درێژ بکاتەوە لەسەر پرۆژەکانی پیشەسازی و گەشت و گوزار، ئەگەر ئەو بڕە پارەییەی لەسەرییەتی هاوکاریمان کردووە، بۆ ئەوەی بکرێتە قیست، هیچ حیکمەت نییە دەسەڵاتدان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان دەسەڵاتی تایبەتمەند کە

ماوەی قیست درێژ بکاتەوە، برێك پارەی لەسەر شانە پێویستە بیدات و هاوکاریت کردووە و کردۆتە قیست، پێم وایە ئەو دەسەڵاتە هەڵگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەت مەند.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا وەڵامێك بۆ ئەو بەرێزانەی وتیان هەندێ موڵك و ماڵ زەرور نییە بفرۆشرێ، ئەو دەسەڵاتە دراوەتە لایەنی تایبەتمەند کە لە تەعریفەکە هەیە واتە هەمووی نافرۆشرێ، بەڵکو بە پێی پێویستی بۆ خۆیان ئەو پۆلێن بەندیە ئەکەن، ناچێ موڵکی مودیر ناحیەیەك بفرۆشێ کە پێویستییەتی، تەنیا ئەو موڵکانەی رەنگە ئەمساڵ پێویست نەبن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم ئەگەر رەئییەك هەیە.

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

لە بڕگەی سێیەم لە خاڵی دووەم ماوەی (٢٠) ساڵ دانراوە بۆ دانەوەی قیستەکان، ئێمە لە پرۆژەی حکومەت (١٠) ساڵمان داناوە، داواکارین (١٠) ساڵ بێ بۆ دانەوەی ئەخیر قیست.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧) فەرموو.

**بەرێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی :١٧

١ ئەگەر کریار لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکانی لە وادەی خۆی دوا بکەوێ دەستەلاتی تایبەتمەند ئەتوانێ وەرگرتنەوەی ئەو قیستە لەسەر داوای کریار بۆ ماوەی گونجاو لە رێکەوتی شایستە بوونییەوە دوا بخات بەرامبەر بە بڕی ئەو سوودی دواکەوتنەکەی کە بانکە حکومییەکان بەپێی سروشتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە وەریئەگرن.

٢- ئەگەر دواکەوتنی قیست دووبارە بێتەوە دەسەڵاتی تایبمەند ئەتوانێ لەسەر بنەمای پێویستی دیاری کراو وەرگرتنەوەی قیست یان قیستە دواکەوتووەکان لەگەل ئەو سوودە و لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقنووس کراوە قەبول بکات،، یان بە قیست کردنەکە هەڵئەوەشێنێتەوە، ئەوەی لە بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە ماوە بە یەکجاری وەریبگرێتەوە، بە گرتنەبەری ئەو رێکارانەی خوارەوە:

١ ئەگەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە بە ناوی کریار تۆمار نەکرابێ ئەوا خاوەنەکەی بەپێ حوکمەکانی ئەو یاسایە دەفرۆشێتەوە، لەو بارەش کڕیاری دووەم بە یەکجاری بڕی بەرامبەری کڕینەکە دەدات و ئەو قیستانەی لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم مابوونەوە سوودەکانی دواکەوتن و خەرجی فرۆشتنی دووەم لە بەهاکەی وەرئەگرێ، دوای ئەوەی شایستەکانی کڕیاری یەکەم رادەست ئەکرێ ئەوەی ئەمێنێتەوە وەك داهاتێك بۆ فرۆشیار تۆمار ئەکرێ.

٢- ئەگەر خانووبەرە بە ناوی کریار تۆمار کرابێ بەپێی حوکمەکانی یاسای تۆمار کردنی خانووبەرەی بەرکار لە هەرێم لەسەر ئەو بنەمایەی بە حوکمی بارمتەی گەرەنتی کار گلدراوتەوە ئەفرۆشرێ، ئەو قیستانەی لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم ماونەتەوە لەگەڵ سوودەکانی دواکەوتن لە بری بەرامبەری فرۆشتنەکە وەرئەگیرێ و ئەوەی ئەمێنێتەوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرە بەپێی یاسا رادەستی کریاری یەکەم ئەکرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٧) و دووەم، ئەگەر خانووبەرە بە ناوی کڕیار تا دوایی، لە دواییا ئەڵێ هەرچی ئەمێنێتەوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرە بەپێی یاسا، ئەو بەپێی یاسایە ئەگەر بکرێ بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە، بۆ ئەوەی دەرفەتی تر نەرەخسێ بە یاسایەکی تر یان بە شێوازێك یان بە پێی تەنسیفی لیژنەکە ئیشی پێ بکرێ، ئەمەوێ ئیزافەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە خانووبەرە بەپێی یاسا نەبێ و بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بێ، ئەو پێشنیارانەی ئەیکەم پشتگیری پێویستە تەنیا کاك مەم لەگەڵ من ماوە، کەس بلۆك نییە لەگەڵم، تکا ئەکەم پێنشیارەکان بەرێزان لیژنە بینووسن، بەلکۆ پالپشتی بکرێ، چەند پێشنیارێکم کردووە کەس پاڵپشتی نەکردووە لەبەر ئەوەی لێرە نین.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم ئەگەر کڕیار لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکانی لە وادەی خۆی دوا بکەوێ دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ وەرگرتنەوەی ئەو قیستە لەسەر داوای کڕیار بۆ ماوەی گونجاو لە ڕێکەوتی شایستە بوونییەوە دوا بخات، پێم وایە ماوەیەکی گونجاو ئەبێ پرەسنیپێك هەبێ دەسەڵاتی تایبەمەند سەقفێکی هەبێ ئەو ماوە گونجاوە چەندە؟ بە کراوەیی نەمێنێتەوە، بڕگەی دووەم خالی یەك و دوو هەردوو بار وەسف ئەکات، ئەگەر خانووەکە بە ناوی کرابێ یان نا، حیکمەت چییە ئەگەر ماوەی ئەقساتی لەسەر مابوو موڵکی بە ناو ئەکرێ؟ چ پێویست ئەکات پاشان لە بارمەتەی گەرەنتی کراو بفرۆشرێتەوە، پێم وایە مادام ئەقساتی لەسەر ماوە بە ناوی نەکرێ تووشی ئەو ئیشکالە قانوونیانە نابین، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) بڕگەی یەکەم، لە بڕگەی یەکەم ئەگەر کڕیار لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکانی لە وادەی خۆی دوا بکەوێ دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ وەرگرتنەوەی ئەو قیستە لەسەر داوای

کڕیار بۆ ماوەی گونجاو لە ڕێککەوتی شایستە بوونییەوە دوا بخات، پێم وایە شێواز و سیاغەی داڕشتنی ئەو ماددەیە جۆرێك لە هاندانی تێدایە بۆ کڕیار کە درەنگتر قیستەکانی بداتەوە، بۆ ئەوەی کە ماددەکە درێژ بکرێتەوە، پێم وایە لەسەر بنەمای تەلەبێکی خۆییتی، ئەگەر ئەو بڕگەیە لابرێ باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٨:

خانووبەرەی فرۆشراو لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرە بە ناوی کڕیار تۆمار ئەکرێ و لە دوای هاولەکردنی بنبڕ و دانەوەی تەواوی بڕی بەرامبەر و خەرجی یان ئەو بەشەی پابەندە بە دانەوەی لە دوای ڕەزامەندیان لەسەر بە قیست کردن و تەواوی خەرجییەکان رادەستی ئەکرێ و دانەوەی باقی بەرامبەر بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە ڕێکئەخرێ و ئاماژەی گلدانەوە بە حوکمی بارمتەیی گرەنتیکار لەسەر خانووبەرەکە فەرمانگای تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دواتر فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٩:

لقی دووەم:

دانەوەی بڕی بەرامبەر و بەکرێدانی موڵك و ماڵی گوازراوە:

١ کرێچی پابەند ئەبێ بەدانەوەی بڕی بەرامبەری بە کرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی هەواڵە کردن بنەبڕ کردن ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێ و دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ ڕەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدانەکە بە قیست بەو شێوەی لای خوارەوە:

١ /٣ بڕی بەرامبەری بەکرێدانی ساڵانە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی هەواڵە کردنی بنەبڕ.

٢_ باقی بڕی بەرامبەر بەکرێدانی ساڵانە بە چەند قیستێك بەو مەرجەی لە چوار قیست زیاتر نەبێ و وادەی دواین قیست نەگاتە زیاتر لە نۆ مانگ لە ڕێکەوتی دەست پێ کردنی ماوەی دەست پێ کردنی بە کرێدانەکە.

٢- ئەگەر ماوەی گرێبەستی بەکرێدانەکە لە ساڵێك زیاتر بێ ئەوا کرێچی پابەند ئەکرێ بە دانەوەی تەواوی بڕی بەرامبەرەکە لەگەڵ خەرجییەکانی لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵە کردنی بنەبڕ دەسەڵاتی تایبەمەند ئەتوانێ ڕەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان بە قیست بەو شێوەی خوارەوە:

یەکەم: ٣/١ تەواوی بری بەرامبەری بە کرێدانەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵە کردنی بنبڕ.
دووەم: باقی بڕی بەرامبەرەکە بە چەند قیستێك کە ژمارەیان لە دوو هێندەی ساڵانەی بەکرێدان زیاتر نەبێ بەو مەرجەی دواین قیست لای کەم لە کۆتایی ماوەی بەکرێدانەکە بە شەش مانگ بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ماددەی (١٩) بڕگەی یەکەم، بەکرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵە کردنی بنبڕ ئەگەر ماوەی ڕێکەوتێ بەکرێدانەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێ، ئێمەی ئابووری خۆمان لەبەر دەستە تا بڕیاری وا بدەین، ئەوەی موڵك ئەکرێ یان بە کرێی ئەگری بتوانێ لە ساڵێك ئەوە بدات؟ چوار ساڵ بۆ پێنج ساڵ شەری داعش، خۆ ئابووریمان هاتە سفر، سبەی پێشبینی بکەن تووشی حاڵەتی لەو جۆرە بن، بۆ وڵاتێك یان هەرێمێکە تەحدیدی بکات و ئابووری خۆی لە دەستی خۆی بێ، حکومەتی عێراق هیچ نانێری، منیش موڵکی دەوڵەتم کڕیوە، قوڕی کوێ بکەم بە سەری خۆم پارە بدەم، واجبیشە کە ساڵێك ڕەت نەکات، شتێ زیاد بکرێ، ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێ، بەپێی بارودۆخی ئابووری ئیزافە بکرێ، چونکە ئابووری خۆمان لە دەست نییە، تەحدید کردنی کات غەلەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ ماددەی دوای ئەو فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی :٢٠

١ بەکرێدراو رادەستی کرێچی ناکرێ بەر لە دانەوەی بڕی بەرامبەر لە پێدانەکە بە پێی حوکمەکانی ماددەی (١٩)ی ئەم یاسایە.

٢_ ئەگەر کرێچی دوا بکەوێ لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکان لە وادەی خۆی ئەوا ئەو قیستەی دواکەوتووە پێبژاردنێکی ئەخرێتە سەر کە هاوتا بێ لەگەڵ ئەو سوودەی دواکەوتنی بانکەکان بە گوێرەی سروشتی بەکارهێنانی خانووبەرە وەرئەگیرێ، ئەگەر دووبارە بوویەوە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ لە دوای هۆشداریدان بە کرێچی قیستەکان هەڵوەشێنێتەوە و ئەو ماوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان و پێ بژاردنەکەی هاوتایە لەگەڵ نرخی سوودی شایستە بوو، بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حوکمە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان بەیەکجاری وەرگیرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی ٢١ فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢١:

بەشی چوارەم: پاشەگەز بوونەوەی کڕیار یان کرێچی:

١ ئەگەر کەسی هەواڵە بوو کراو لە دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە و خەرجییەکانی حاڵەتی فرۆشتنی بڕی بەرامبەری بەکرێدان و خەرجییەکانی حالەتی بەکرێدان پاشەگەز بێتەوە ئەوا:

یەکەم: موڵك و ماڵە نەگوێزراوەکە ئەخرێتە بەردەم دواهەمین کەسی بەشداربووی زیاد کردنەکە ئەوەی پێش کەسی زیاد کردنەکە دەستی لێ کێشاوەتەوە بەو بڕەی بەرامبەری خستوویەتە ڕوو.

دوو: ئەگەر ئەو کەسە رازی بێ لەسەر هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە و ئامادە بێ بارمتەیی یاسایی دیاری کراو لەسەر بنەمای ئەو بڕەی بەرامبەری خستوویەتە روو سپاردە بکات، ئەوا بە بڕیاری لیژنەی فرۆستن یا بەکرێدان لەو بارمتەیە کە کەسی پاشەگەز بوو داوییەتی جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر لە حاڵەتی فرۆشتن و جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەری ماوەی بەکرێدان لە حالەتی بەکرێدان وەرئەگرێ.

سێ: ئەگەر بڕی بارمتە کەمتر بوو لە بڕی جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر لە حاڵەتی فرۆشتنی جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر و ماوەی تەواوی بەکرێدان لە حالەتی بەکرێدان ئاوا موڵك و ماڵەکەی دیکەی بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرز لە حوکمەکانی بەرکار لە هەرێم بە دەست ئەهێنرێ.

٢- یەکەم: ئەگەر دواهەمین کەسی بەشدار بوو زیاد کردنەکە ئەوەی پێش کەسی پاشگەز بووە دەستی لە زیاد کردن کێشاوەتەوە هەلگرتنەوەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە رەت بکاتەوە ئاوا سەر لە نوێ زیاد کردنی بۆ ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاو کردنەوەی جار نامەکە ئەنجام ئەدرێ.

دووەم- لیستی فرۆشتنەکە لەو ماوەیە لە خاڵی یەکەمی ئەو بڕگەیە هاتووە کراوا ئەبێ و بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان کەسی پاشگەز بووە جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەرەکە و خەرجییەکانی دووبارە کردنەوەی زیاد کردنەکە لەئەستۆ ئەگرێت و لە بڕی بارمتە وەرئەگیرێت ئەگەر بڕی بارمتە کەمتر بوو لە بڕی پابەندییەکانی پاشگەز بووە ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمییەکان بەرکارلە هەرێم لێی وەرئەگیرێت.

سێیەم: ئەگەر هیچ کەسێك خواستی کرینی لە حاڵەتی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی لە حالەتی بەکرێدان نەبوو ئەوا ئەو بارمتەیی کەسی پاشگەزبوویەوە داوییەتی ئەبێتە داهاتێك بۆ خاوەنی موڵك و ماڵەکە، ئەگەر بڕی بارمتە کەمتر بێ لە خەرجییەکانی هەردوو زیاد کردنەکە ئەوا کەسی پاشگەزبوو جیاوازی نێوانی لە ئەستۆ ئەبێت و بەپێی حوکمەکانی یاسای ورگرتنەوەی قەرزە حوکمییە بەرکارەکان لە هەرێم لە موڵك و ماڵەکانی تر بەدەست ئەهێنرێ.

چوارەم: ڕێگە نادرێ کەسی پاشگەز بوو بەشدار بێ لەو زیاد کردنەی پاشگەز بوونەوەکە بۆتە هۆکاری دووبارە کردنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی ئەو پرۆژە یاسایەی حکومەتی هەرێم ناردوویەتی کە (٤٢) ماددەیە ببورە لەو چەمکە بەکاردێنم مەبەستم لە توانج نییە، درێژ دادری زۆر هەیە لە رووی وشەوە، دەستووری ئەمریکی (٧) ماددەیە، ئەو یاسایە بە تایبەت ماددەی (٢١) هەموو ئەوانەی وترا ئەکرێ لە سێ دێر کۆ بکرێتەوە، لە دواتر ئەڵێ ڕێنمایی پێویست، لە ڕێنمایی ئەو تەفاسیلە باس بکرێ، زۆر لە یاساکانی تر دەرچوون لە ڕێنماییەکان روون کراوەتەوە، پێم وایە ئەو تەفاسیلە لە خزمەتی یاساکە نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم لە یەکەم خالی دوو دژ بە یەکە لەگەڵ چوارە، لە چوارەم ئەڵێ ڕێگا نادرێ کەسی پاشگەز بوو بەشدار بێ، زۆر ناوازیحە، پشتگیری لە وتەکانی کاك مەم ئەکەم، لێرە ئەگەر بخوێنرێتەوە چیرۆکە، نابینرێ کێ چییە، بە کورتی ئەگەر ئەو کەسە رازی بێ لەسەر هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵ، جارێ ئەو کەسە بۆی نییە بەشدار بێ بە پێی یاسا، موزایەدە هی ئەو کەسەیە زیاترین ئەکات، کەسی تر نییە فەرموو بۆ تۆ، زۆر موتەناقیزە..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان با بۆتی باس بکەم، کەسێ بۆی دەرئەچێ، حەوالە ئەکرێ، ئەلێ پاشگەز ئەبمەوە، ئەچی بۆ کەسێکی تر کە لەو کەمتری عەرز کردووە، بەڵام ئاخیر کەسە، کەسە پاشگەز بووەکە نییە بەشداری موزایەدەکە ئەکاتەوە، ئەگەر کەسی دووەم بۆی دەرچێ بۆ ئەوە، ئەو بۆی هەیە هەڵیبگرێتەوە، زۆر تەکنیکییە، تەناقوزی تێدا نییە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

....... کە ئەڵێم پەشیمان ئەبێتەوە مەسەلەن دوای دوو رۆژ، دیسان ئەو خەڵکە دێتەوە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خەڵك نایەتەوە، بۆ نموونە بە (١٠) هەزار دۆلار، یەکی تر وتوویەتی بە (١٠) هەزار و سەت دۆلار، دەهەزار و سەت دۆلار پەشیمان بوویەوە عەمەلیەکە دووبارە ناکرێتەوە ئەدرێ بە (١٠) هەزار، ئەگەر ئەو رازی نەبوو ئینجا دووبارە ئەکرێتەوە، ماددەی دواتر.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی سێیەم:

فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەبێ زیاد کردن:

بەشی یەکەم: فرۆشتنی مولك و ماله نەگوازراوەکان.

ماددەی :٢٢

١ ئەکرێ موڵك و ماڵی نەگوازراوەکان بەبێ زیاد کردنی ئاشکرا بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە بڕی بەرامبەرێکی گونجاو بەو مەرجەی کەمتر نەبێ لە ٥٠% بڕی بەرامبەری راستەقینەی خانووبەرە و بەپێ ئەو نرخانەی باون بۆ ئەو نرخانەی هاوشێوە و هاوشێوەکانی خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن و پەسند کراو لەلایەن دەسەڵاتی تایبەمەند بفرۆشرێنەوە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە حاڵەتی بەکارهێنانی خانووبەرە بۆ مەبەستە فەرمییەکانی فەرمانگە لە نێوان وەزارەتە پەیوەندییدارەکان و پەسند کراوی ئەنجوومەنی وەزیران.

٢- ئەکرێ خانووبەرەکانی نیشتەجێ بوون بفرۆشرێنە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بەبێ زیاد کردنی ئاشکرا بە نرخی راستەقینە و بەپێی نرخە باوەکانی خانووبەرە هاوشێوە و هاوسێکانی خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن و پەسند کراو لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند بە مەبەستی فرۆشتنی بە فەرمانبەرەکانی لە ڕێگەی زیاد کردنی ئاشکراوە.

٣- شارەوانی تایبەتمەند لە دوای وەرگرتن و ڕەزامەندی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار ئەتوانێ ئەو زەوییانەی بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان کراون بە بەرامبەرێکی راستەقینە و بەپێی نرخە باوەکانی هاوشێوە و هاوسێکانی خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بەبێ زیاد کردنی ئاشکرا بفرۆشرێنە ئەو کەسە هاونیشتیمانیانەی کە خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان خانوو یان شوقە یان زەوییەکی نیشتەجی بوونیان نییە بە سەربەخۆیی و پێشتر یەکەی نیشتەجێ بوون یان پارچە زەوی نیشتەجێ بوونیان لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوزی نیشتەجێ کردن وەرنەگرتووە.

٤- دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ڕێگەی کۆنووسی دەرخەستە کردن لەگەڵ فەرمانگەی خانووبەرە بۆی هەیە بڕیار بدات بە:

یەکەم: فرۆشتنی پاشماوەی ڕێگاو و بان و هەموو پاشماوەکانی تر کە رووبەرەکانیان لە کەمترین رووبەری دیاری کراو بۆ جیا کردنەوە ئیفراز کەمترە، یان ئەوانەی یارای جیا کردنەوە نین ئەوەش بە ڕێنمایی ڕێکئەخرێت و وەزیری تایبەتمەند دەریئەکات.

دووەم: فرۆشتنی پارچە زەوی جیاکراوە بە قەوالەیەکی سەربەخۆ یان ئەو پارچە زەوییەی ئەکرێ جیا بکرێتەوە و دەروازەیەکی هەیە لەسەر ڕێگەی گشتی وەك پارچە زەوییەکی سەربەخۆ بە زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە، بەو مەرجەی ڕێگە لە پارچە زەوییەکانی دەوروبەری نەگرێت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ کاك رزگار نوقتەی نیزامی.

**بەرێز رزگار عیسی سوار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناو قاعە چۆل بووە، حەقە...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیسابی ناوێ، موناقەشەی قانوون نیسابی ناوێ، سەیری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی عێراق بکە لە هۆلەکە جاری وایە (١٠) کەسی تێدا نییە، بۆ دەست پێ کردنی کۆبوونەوە پێویستمان بە نیسابە، بۆ بەردەوامیدان بۆ کۆبوونەوە ئەگەر دەنگدانی تێدا نەبێ پێویستی بە نیساب نییە، ئەوانە ئەمێنەوە کە قانوونەکە بەلایانەوە جێگەی بایەخە، فەرموو گولستان خان.

**بەرێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە پێویست ئەکات ئەو شوێنانەی کەلتورین یان خەسڵەتی شارێك ئەگۆڕێ ئەوانەی لێ بەدەر بکرێ، هیچ ئاماژەیەك نییە لەو یاسایە ئەو موڵك و ماڵانە نەگرێتەوە کە خەسڵەتی تایبەتمەندی شارێکە، زۆر شوێنی سلێمانی کەوتۆتە سەر شەقامی سەرەکی و شوێنی زۆر باشی بازرگانییە، بتوانرێ بە پارەی زۆر بفرۆشرێ، بەڵام خۆی ناسنامەی شارێکە، بە گرنگی ئەزانم لەو ماددەیە خاڵێك زیاد بکرێ کە ئەو موڵك و ماڵانەی ئەبنە ناسنامەی شارێك یان کەلتووری شارەکە بەدەر بکرێن لە فرۆشتن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەرێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ئاسانکاری بۆ وەزارەتەکان ئەکات بۆ ئەوەی فەرمانگەیەك سوودی لێ ببینێ، بەڵام رەنگە هەندێ وەزارەت موڵك و ماڵی خۆی بفرۆشێتە فەرمانگەیەکی تر بە نیوەی نرخ، پێشنیار ئەکەم ئەو موڵکەی وەزارەتێك ئەیفرشێتە وەزارەتێکی تر ئەو موڵکە نەفرۆشێتەوە بە نرخی راستەقینەی خۆی، پێشنیار ئەکەم ئەو موڵکەی وەزارەتی ئەوقاف ئەیفرۆشێتە وەزارەتی شارەوانی ئەویش قازانجی لێ بکات، بڕگەی سێیەم ئەوانەی سوود مەند نەبوونە یاخود کۆمەڵە هەرەوەزەکان ئەو کۆمەڵە هەرەوەزییەکان کاتی خۆی کە هەبوە فەرمانبەران یان ئەوانەی کە بەشداریان لە کۆبوونەوە بە پارەی خۆیان یەکەی نیشتە جێبون یان زەوییان کریوە کردویانەتە خانوو پێویست ناکا، پێم وایە بە سودمەند لێرانە هەژمار بکرێت و بێ بەش بکرێ لەو مافە لەگەڵ ئەوەش کە ئەوانە هەموویان بە زیادکردنی ئاشکرا بکرێت و بە بێ موزایەدە ئەو پرۆسەیە بەڕێوە نەچێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە بڕگەی سێیەم دەسەڵات دەداتە شارەوانی تایبەتمەند کە وەسفی کراوە، ئەو بەرێزانە بە بێ زیادکردنی ئاشکرا و ئەو پارچە زەویەیە وەربگرن پشتگیری لە رائییەکەی دکتۆر محی الدین دەکەم، یەعنی ئەگەر لە سنووری دەسەڵاتی شارەوانییەکی تایبەتمەند دە کەس هەبوونە ئەو مواسەفاتەیان تێدا هەبوو و ئەو پارچە زەوییە دەست نیشان کرابوو دەسەڵاتی تایبەتمەند کە شارەوانییە، یا شارەوانی تایبەتمەندە بە چ پرەنسیپێك یەکلای دەکاتەوە لە نێوان ئەو دە کەسەدا، بۆیە دەبێ ئەمەشیان بچێتەوە ناو زیادکردنی ئاشکرا بۆ ئەوەی هیچ کەسێك تێدا مەغدور نەبێ، زۆر سوپاس.
**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەرێزت، بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لەو بارەیەوە هیچ قسەیەکتان نییە؟
**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سوپاس.
**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەرێز لیژنە تایبەتمەندەکان ئێوە هیچ قسەتان نییە ؟نییە، بەڵێ ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.
**بەرێز لیزا فلك الدین صابر:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەشی دووەم: بەکرێدانی مووڵك وماڵی نەگوازراوەکان.
ماددەی ٢٣:
١- دەکرێت موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان بە بڕی بەرامبەری راستەقینەوو خەمڵێندراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندن لەسەر بنەمای بڕی بەرامبەری هاوشێوەو هاوسێ بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە کرێ بدرێن بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە.
أ-فەرمانبەران و دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم سەبارەت بەو یەکانەی نیشتەجێبون کە موڵکی دەوڵەتن.
ب- فەرمانگەکانی دەوڵت و کەرتی گشتی سەندیکا یەکیەتی رێکخراو کۆمەڵەکان لە هەرێم بۆ مەبەستی وەسود هێنانی مایە نەگوازراەی بەکرێ دراوەکە وەك فەرمانگەیەك یا بارەگایەك بۆ کارەکانی یا بۆ ئەو مەبەستانەی لە یاساکەدا دەق نوسکراون.
ج - کرێجی کرێی حانووتی هێزە چەکدارەکان کە دەکەونە ناو سەربازگەو کۆگاو فەێرگەو نەخۆشخانە سەربازییەکان و هی دیکەو کرێچی حانووتەکانی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ئەوانەی بارودۆخی تایبەتیان هەیە کە پێویست دەکات رەچاوی وردبینی بکرێت لە دەست نیشانکردنی کەسی کرێچیدا.

د- خاوەنی ئەو موڵکانەی دەکەونە تەنیشت کەنارە ئاوییەکانی موڵکی دەوڵەت ئەگەر ئەو کەنارانەی دانراون بەکرێ بدرێن پێوەلکاوبن رێگەی هاتووچۆیان تەنها لەناو ئەو موڵکانەدا هەبێت.
ه- کرێچی ئەو خانووبەرانەی تەرخانکراون بۆ بەرهەمهێنانی نان و سەموون لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی یەکەمیان هەرچەندە پێشتر لە ئەنجامی زیادکردنی ئاشکراوە بەکرێدرابن بەو مەرجەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان دووبارە خەمڵاندنی لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پێکهێندراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ بکرێت.
و- کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە پسپۆرن لە سیستەمەکانی گەیاندن ئەوانەی مۆڵەتی یاسایان وەرگرتوەو گرێبەستیان کردووە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند بە مەبەستی دروستکردنی تاوەرەکانی پرۆژەی مۆبایل و هۆڵەکانی پرۆژەی مۆبایل و بێتەل و هۆڵەکانی بەکارهێنانی وێستگەکانی ڤیسات ئەوانەی بە بگۆرەکان دەبەسترێنەوە.
٢- کرێچی ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن بە مەبەستی دامەزراندنی وێستگەکانی پشوودان و وێستگەکانی پڕکرلادنەوەی سوتەمەنی لەسەر رێگە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان کە رێك سازییەکانی بەکرێدانی زەوی لەسەر رێگا دەرەکییەکان دەیان گرێتەوە رێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرای لەسەر جێبە جێ دەکرێت.
دووەم:
١- وەزیری بازرگانی و پیشەسازی رێپێدراوە بە کرێدانی ئەو زەوییانەی نانەواخانەو ئاش و گەراج و شوێنەکانی چاکردنەوەی ئەو شوێنکارانەیان لەسەربینا کراوە بەو کەسانەی زیادکردنی ئاشکرای کرێنی ئەو شوێن کارانەیان بۆ یەکلای دەبێتەوە.
٢- ئەو زەوییانەی لە خاڵی یەکەم ئەم بڕگەیە باسکراون بە دەر لە رێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرا بە کرێ دەدرێن و بەرامبەری بە کرێدانەکەی پێش وەختە لەلایەن لیژنەی خەملاندنی پێکهێندراو بە پێی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت.
٣- دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر داوای کرێچی دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێ بوون نین و بە بێ زیادکردی ئاشکرا بە کرێ دراون درێژ بکاتەوە بەو مەرجەی بڕی بەرامبەری راستەقینەی ساڵانە جارێك بە پێی ئەو رێکارانەی لەم یاسایەدا دەق نوسکراون بخەملێندرێتەوە.
چوارەم:
١- دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر داوای کرێچی دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی بۆ نیشتەجێبوون نین و بە زیادکردنی ئاشکرا بە کرێ دراون و ماوەی بەکرێدانی بنەڕەتیان لە (١٠) ساڵ کەمتر نییە بە مەرجێك درێژ بکاتەوە کە لە هیچ بارێکدا ماوەی گرێبەست بە هەردوو ماوەی بنەڕەتی و ماوەی درێژکراوەش پێکەوە (١٠) ساڵ تێنەپەڕێنێ.
٢- پێویستە ئەو کرێچییەی خواستی درێژکردنەوەی هەیە داواکارییەکی نووسراو بۆ درێژکردنەوە بەر لە سێ مانگ لە کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستی بە کرێدانی بنەرەتی پێشکەش بکات و بە پێچەوانەوە مافی داواکردنی درێژکردنەوەی نامێنێت.

٣- له كـاتى رەزامەنديـدان له سـەر داواكـارى درێژكـردنەوە ئەوا سـەر بارێـك دەخرێتەسـەر بەرامبەرى بە كرێـدانى نـاونراو له گرێبەسـت بە رێـژەى دە له سـەدى بەكرێـدان سـاڵى پـێش درێژكـردنەوەكە بەرامـبەر بە هەر سـاڵێك له سـاڵەكانى درێژكـردنەوە بە پێـى هاوكێشـەيەكى ژمارەيى.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو نجات خان فەرموو.

**بەرێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەختـێ خۆشـى ئيشـارتم پێـدابوو هاوكێشـە ژمێريـارى نيـنە، يەعنـى بيـتە يەك بە دواى يەكـى ژمێريارى بەس لێرە سەهوايا هاتى.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، حسيبە خان فەرموو.

**بەرێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئاشكرايە كە پرۆژەى ياسـايى فرۆشـتن و بەكرێـدانى مايەكـانى دەوڵەت له هەرێمـى كوردسـتان وەرگێرانـى هەمـان قـانوونى ( بيـع وتجـارة امـوال دولـة العراقيـة) لەم مـاددەيەدا كە له بەشـى دووەم باس له بەكرێدانى موڵك و ماڵە نەگوازراوەكـان دەكـا، مـن پێشـنيارى ئەوە دەكەم كە ئەو ڕاييەى كە له پرۆژە ياساى حكومەتەوە هاتووە جێگير بكـرێ لەنـاو ئەو ياسـايەدا، چـونكە بڵێـين ماددەكە پرۆژە ياساى حكومەت چڕترو پوختتر ديارە، ئەوە تۆزێك تـێكەڵاوى پێـوە ديـارە، بـۆيە پێشنيارى ئەوە دەكەم كە لەو ماددەيە رائى حكومەت وەربگيرێت و، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، كاك زانا فەرموو.

**بەرێز زانا خالد سمايل:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەم مـاددەيەدا ديسـان بەراسـتى كۆمەڵێـك خـاڵ ئامـاژەى پێكـراوە كە دەسـەڵات دەدا، ئـێمە دەمانەوێت ياسايەك دەربكەين كە ئەو حاڵەتانەى پێشتر بە هەر رێگايەك رێگـايیەكى نەخـوازراو جێبەجێكراون له موزايەدە بە دەربووينە ئەم رێگا لەم حاڵەتـانە بگيـرێ، بەڵام بەداخەوە لێـرە له خاڵى جيم ديسان باس لەوە دەكا كە كرێچى حانووتەكان ئێستا كرێچى حانووتەكان بە موزايدە دەكرێ، ئەمە بۆ ئێستا ياسـايەك دەربكەيـن ئەوە دەسـەڵات بـدەين دەسـەڵاتى تايبەتمەنـد بە بـێ موزايدە حانووتەكان بە كرێبدا ئەمە يەك له خاڵەكان، خـاڵى تـر هەر لەسـەر هەمـان مەبەسـت له خاڵى (ە) ئاماژەى دەكات كە ئەوانەى كرێچى بن و ماوەكەيان كۆتايى پێ بێت جارێكى ديـكە بە بێ موزايدە بە ليژنەيەكى تايبەتمەند خەملانـدنى بـۆ بكـرێ و ديسـان جـارێكى ديـكە بـۆى درێـژ بكرێتەوە مـاوەكەى، جـا ئەوە دەسـەڵاتێكى تـرە دەيـدەين بەراسـتى و پێويسـت نـيە له ياسـادا ئاماژەى پێبكرێ و حەقە دواى تەواوبـوونى مـاوەكەى جـارێكى ديـكە بكـرێتەوە مـوزايەدەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك زاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـێیەم دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد لەسـەر داوای كرێچـی دەتوانێـت مـاوەی گرێبەسـتی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێ بوون نین، بەراستی ووشەی خانووبەرە بكرێتە موڵكەكان باشترە، لەبەر ئەوەی ئەگەرخانووبەرە بێ نیشتەجێبونە ئەوە یەكیان، ئەوەی تریشیان چوارەم دیسان دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد لەسـەر داوای كرێچـی دەتـوانێ مـاوەی گرێبەسـتی ئەو خـانووبەرانە خانووبەرە دیسان لێرە هاتووە ئەویش بكرێتە مووڵكەكان باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خانووبەرە لێرە بەمانای عەقارات هاتووە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عقارات مەبەستی نیشتەجێ بوون نین، ئەگەر خانووبەرە مەبەستی نیشتەجێبونە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان سەبارەت بەو تێبینیەی كاك زانا كە دەڵێ حانووتەكانی هێزە چەكدارەكان لە ئێستا بە موزایەدەیە بۆ حكومەت، دەیەوێ ئەمجارە بە موزایەدە نەبێ ئەگەر رونكردنەوەیەك بدەی بێ زەحمەت.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید أبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە دیارە ئەو پرۆژە یاسایەی كە ئێستا هـاتووە زۆر زۆر تونـدترە لەو یاسـایەی كە ئێستا بەركـارە لە هەرێمـی كوردسـتان، بـۆ زانینـی بەڕێزتـان ئەوەی كە ئێسـتا بەركـارە لە هەرێمـی كوردستان یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ هەولَ‌دراوە لەو پـرۆژە یاسایەدا بە باشترین شێوە كەلێنە یاسایەكانی ئەو پـرۆژە یاسایەی كە ئێستا بەركارە پڕبكرێتەوە و هەوڵدراوە وەك یەك بوونێك لە حوكمەكان دەستەبەر بكات كە لە نێوان ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی ئیتحادیدا هەیە و، هەروەها حوكمەكانی ئەم یاسایە بابەتی وەبەر هێنانی لەبەرچاو گرتـووە بـۆ یەكەم جـارە لە هەرێمـی كوردسـتان بە پێـی حوكمەكـانی ئەم یاسـایە گرێبەسـتی بـانەوانی رێكخراوە وەهەروەها هەوڵدراوە دەستەبەری دەست پاكی و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و بكرێ لە رێكارەكـانی ئەو پـرۆژە یاسـایە بەو جـۆرەی كە بەرژەوەنـدی گشـتی لەبەرچـاو بگیـرێ بە مەبەستی پاراستنی سامانی گشتی گرنگترین بنەما سەرەكییەكانی ئەو پرۆژە یاسایەش بـریتیە لە جەختكـردنەوە لەسـەر ئەوەی بەرامـبەری فرۆشـتن یـان بەكرێـدانی مایەكـانی دەوڵەت راستەقینە بێت و رەمزی نەبێ، بەمەش دەبێتە هۆی مایەی بە هەدەر نەدانـی سـامانی گشـتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دیارە ئەو بابەتـانەی كە لە نـاو ئەو پـرۆژە یاسایەدا جێگیـر كـراوەو لەلایەن حكومەتەوە هاتووە هەمووی بە دیراسە بووە لە حكومەت، پێمان باش بوە بەو شێوەیە بێتن بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەی بەڕێزتان كە بەڕێز كاك زانا كردوویەتی بۆ تێبینی ئێمەش

لەسەر بڕگەی سێیەمی ئەو ماددەیە ئەوەیە کە لە لیژنە تایبەتمەندەکان خەمڵاندن هەموو ساڵێك جارێك داوای خەمڵاندنەوەیان کردووە ئێمە لە پڕۆژەکەی حکومەت سێ ساڵ جارێك داوای نوێکردنەوەی خەمڵاندن دەکەین، بۆیە هیوادارین وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەو ماددەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت ماددەی دواتر بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) وەزیری دارایی و ئابوری لەسەر داوای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن بە کرێ بداتە وڵاتانی بیانی بۆ دروستکردنی بارەگای نوێنەرایەتییە سیاسییەکانیان یان قونسولخانەکانیان یان بە مەبەستی دروستکردنی خانوی نیشتەجێ بوون لە سەریان یان نوسینگە بێ پاشکۆکانیان ئەویش ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ماوەی بە کرێدانی ڕێگە پێدراو لە وڵاتی لایەنی بەرامبەر، ئەویش بە بەرامبەرێك لیژنەیەکی تایبەت خەمڵاندنی دەکات کە وەزیری دارایی پێکی دەهێنێت یان بە پێی بەرامبەر بە بێ بەرامبەر بە مەرجی بونی مامەڵی هاوشێوە لایەنی بەرامبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مامەڵەی هاوشێوە دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتی دەکات، پێم وایە ئێمە هەرێمێکین لە ناو دەوڵەتدا من پێم وایە ئەو دەستەواژەیە لا ببەین کە بەرامبەر ئەویش بەرامبەر لیژنەیەکی خەمڵاندن کە وەزیری دارایی پێکی دەهێنێت یان بێ بەرامبەر ئەوی تری ئەو دەستەواژەیە لا ببەین، بۆ ئەوەی توشی هەم ئەوەك نەبین، چونکە هەم لە عورفی دەوڵەت نێو دەوڵەتی پێم وایە معامەلەی دەوڵەتان دەیکەن نەك هەرێمێك لە ناو دەوڵەتێکدا، پێم وایە ئەو دەستەواژەیە لاببەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٥) بخوێنەوە بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی چوارەم: فرۆشتن و بەکرێدانی مووڵك و ماڵە گوازراوەکان دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا.

بەشی یەکەم:

فرۆشتنی مووڵکوو ماڵە گوازراوەکان.

ماددەی ٢٥:

بەهای ئەو مووڵك و ماڵە گوازراوەی دانراوە بۆ فرۆشتن لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پێك هێندراوبێ بە پێی حوکمەکانی ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە بە بێ بەشداری کردنی نوێنەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە دەخەملێندرێ ئەو رێکارانەی دەگیرێنە بەر کە لە ماددەی (٩)ی ئەم یاسایەدا دەقنوسکراون بە رەچاوکردنی سروشتی مووڵك و ماڵی نەگوازراوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەر بەرێزێك دەیەوێ قسە بکات لەسەر ماددەی (٢٥) با دەست بەرز بکاتەوە، کەس نییە ماددەی (٢٦) بخوێنەوە.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی پێکهێندراو بە پێی حوکمەکانی ماددەی (١٠)ی ئەو یاسایە فرۆشتنی مووڵك و ماڵە گوازراوەکە لە ئەستۆ دەگرێ بە پێی ئەو رێکارانەی خوارەوە.

یەکەم: رێکخستنی لیستێکی زیادکردن لەبەر رۆشنایی ئەو خەسڵەتانەی مووڵك و ماڵە گوازراوەکە لە لایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە لە کۆنووس چەسپێندراون.

دووەم:

١- خستنە ڕووی مووڵك و ماڵەکە بۆ فرۆشتن لە زیادکردنی ئاشکرادا بۆ ماوەکەی لە (٧) رۆژ کەمتر نەبێ و لە (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێ رادەگەیەندرێ ماوەکە لە رێکەوتی ئەو رۆژەی دەکەوێتە دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە بە هەمان رێکارەکانی دەق نوسکراو لەم یاسایە دەست پێ دەکات.

٢- پێویستە جاڕنامەکە گشت خەسڵەتەکانی ئەو مووڵکوو ماڵە گوازراوەی دانراوە بۆ فرۆشتن شوێن و رۆژوو رێکەوت و کاتی زیادکردنەکە مەرجەکانی بەژداریکردنی بڕی ئەو بارمتانەی پێویستە سپاردە بکرێن لە خۆ بگرێت.

سێیەم: لیستی زیادکردنەکە لە رێکەوتی ئەو رۆژەی دەکەوێتە دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە کراوە دەبێت و پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی خواستی بەژداریکردنیان هەیە سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ خستنە رووی خواستی کرین بەو مەرجەی هەر یەکێکیان پێش بەژداری کردن لە زیادکردنەکە بارمتەیەك سپاردە بکات بڕەکەی (٢٠) لە سەدا بێت بەهای خەملێندراوی مولکوو ماڵەکەو کەمتر نەبێ.

چوارەم: لەو رۆژەی دیاری کراوە بۆ فۆرشتن لە کات و شوێنی دیاریکراو بانگەواز دەکرێ بۆ دیاریکردن بۆ زیادکردنەکەو بەو بەهایەی خەملێندراو بەو مەرجەی بانگەوازەکە وەسفکردنێکی تەواوی ئەو مولکو ماڵانەی خراونەتە روو بۆ فرۆشتن لە خۆ بگرێ.

پێنجەم: زیادکردنەکە بە ئاشکرای دەکرێ دواتر لیژنەی فرۆشتن بڕیار دەدات بە هەواڵەکردنی بۆ دواین کەسی زیادکار ئەو خستنە روەش لە پاش بەسەرچوونی پێنج خولەك بە کۆتایی زیادکردنەکە دابنرێت.

شەشەم:

١-	دەكرێ لەسەر بڕی بەرامبەری دواین زیاد كردن كە لە ماوەی پێنج ڕۆژ كار لە ڕێكەوتی هەووالەكردن بە بڕێك كە كەمتر نەبێ لە (١٥) لە سەدا ئەو بڕەی بەرامبەری زیادكردنەكەی پێی گەیشتوە خستنە سەر لە لایەن كەسی ترەوە بكرێ.
٢-	داواكردنی خستنە سەرەكەش بە قبوڵكراو دادەناندرێت هەتا كەسی داواكار بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠) لە سەدی ئەو بڕەی بەرامبەری خستویەتییە ڕوو دانەنێت.
٣-	ئەگەر خستنە ڕوو هەبوو زیادكردنێكی نوێ بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوكردنەوەی جارنامەو بە هەمان میكانیزم یەكەم جار دەكرێتەوە دواتر هەواڵە دەكرێت و نابێت جارێكی تر خستنە سەر لەسەر كۆتا بڕی بەرامبەری زیادكردنەكە بكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ماددەی (٢٦) با دەست بەرز بكاتەوە، وادیارە كەس نییە فەرمووو ماددەی (٢٧) بخوێنەوە كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە بیدایەتیش ئیشارەم پێدا بەراستی مووڵك و ماڵی گوازراوەو نەگوازراوە، یەعنی بابەتێكی بە تایبەتی گوازراوەكان لە ڕوی نقڵ بوونی موڵكیەكان لە ڕووی حیاجا لە ڕوی ئەو شتانە، بە ڕاستی پێم باشە پێناسەیەكی ماڵی گوازراوە بكەین، بۆ ئەوەی یاساكە ڕوون بێت ماڵی گوازراوەی دەوڵەت چ دەگرێتەوە ئایە؟سەنەداتی تیجاری دەگرێتەوە ئەوراق دەگرێتەوە یان هەر ئەو شتانەی كە پێویستە بە شێوەیەك بێت كە لە كاتی جێبەجێكردنی ئیشكال دروست نەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس موعەرفن ( اموالی مەنقولەو غیر منقولە)، بۆیە دەستكاری نەكراوەتەوە ماددەی (٢٧) بخوێنەوە بەڕێزان.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٧:

یەكەم: ئەگەر بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵك و ماڵەكە لە ئەنجامی زیادكردنی ئاشكرا نەگەیشتە بەهای خەمڵێندراوە ئەوا زیادكردنەكە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ درێژ دەكرێتەوە لەو ڕۆژەوەش دەست پێ دەكا دەكەوێتە ڕۆژی دوای بڵاوكردنەوەی جاڕنامەكە.

دووەم: مووڵك و ماڵەكە لە زیادكردنی دووەم بەو نرخەی لە سەری دەوەستێت دەفرۆشرێت، ئەگەر لەو مانایە نەبێت دەكرێت لە پیشەسازی گۆڕین سودی لێ وەر بگیرێت.

سێیەم: ئەگەر لیژنەی فرۆشتن وای بینی ئەو نرخەی زیادكردنی دووەم لەسەری وەستاوە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر ناكا ئەوا زیادكردنەكە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژی دیكە درێژ دەكرێتەوە لەو ڕۆژەوەش دەست پێ دەكات كە دەكەوێتە ڕۆژی دوای بڵاوكردنەكەی جاڕنامەكەو موڵك و ماڵەكان لە زیادكردنی سێیەم بەو نرخە دەفرۆشرێت كە لەسەری دەوەستێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە كاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تەبعەن لە ماددەی (٢٧) دا ئیشارەت بەوە دراوە كە لە ماوەی یەكەم فرۆشتن (١٥) ڕۆژ درێژ دەكرێتەوە لەو ڕۆژەش دەست پێ دەكات كە دەكەوێتە ڕۆژی دوایین بڵاوكراوەكەی جاڕنامەكەوە، بۆیە ئەم ڕۆژە كێ دەڵێ عوتڵە نییە، یەعنی هەر ئەگەر عوتڵە بوو، جومعە بوو، شەمە بوو یا ئەوە، بۆیە من پێم خۆشە ئیستسنائێك لەسەر ئەو بكرێت و ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەیەك لە دوای ئەوەوە باس لەوە دەكات دەڵێ كە هەر ڕۆژێك عوتڵەبوو دەكەوێتە ڕۆژی دوای ئەوە، هەموو ئەو موددانەی كە لێرە هاتوون، سوپاس تێبینیەكەت دروستە ماددەی (٢٨) بخوێنەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٨:

یەكەم :

١- ئەگەر ئەو كەسەی زیادكردنەكەی بۆ یەكلایی بۆتەوە پاشگەز ببێتەوە ئامادە نەبێت لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕێكەوتی هەواڵەكردنی بنبڕ بەرامبەری فرۆشراوەكەو تەواوی خەرجییەكان بدا ئەوا مووڵك و ماڵەكە دەخرێتە بەردەم دوایین كەسی زیادكار ئەوەی پێش كەسی پاشگەز بۆوە و دەستی خۆی لە زیادكردنەكە كشاندۆتەوە بەو بڕی بەرامبەری خستبویەڕوو.

٢- ئەگەر دوایین كەس لەسەر هەڵگرتنەوەی مووڵك و ماڵەكەو پێشكەشكردنی بارمتە یاساییەكان بە ڕێژەی (٢٠) لەسەدی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەكە كە ڕەزامەند بوو ئەوا كەسی پاشگەزبۆوە بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەر لە ئەستۆ دەگرێت و لە بارمتەكانی وەردەگرێت و ئەگەر بڕی بارمتەكان لە پابەندییەكانی كەمتر بوو ئەوا بە پێی حوكمەكانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزییە حوكمییەكانی بەركار لە هەرێم لە مووڵكو ماڵەكەی دیكەی وەردەگیرێ.

دووەم:

١- ئەگەر دواهەمین كەسی بەشداربوو زیادكردنەكە كە پێش كەسی زیادبووەكە دەستی لە زیادكردن كشاوەتەوە هەڵگرتن و مووڵكو ماڵە نەگوازراوەكە ڕەت بكاتەوە ئەوا سەر لە نوێ زیادكردن بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوكردنەوە جاڕنامەكە ئەنجام دەدرێتەوە.

٢- لیستی فرۆشتنەكە لەو ماوەیەی لە بەندی یەكی ئەم بڕگەیەدا هاتووە كراوە دەبێت و بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن كەسی پاشگەزبۆوە جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەرەكەو خەرجییەكانی دووبارەكردنەوەی زیادكردنەكە لە ئەستۆ دەگرێت و لە بڕی بارمتەكەی وەردەگیرێت ئەگەر بڕی بارمتەكە كەمتربوو لە بڕی پابەندبوونەوەكانی پاشگەزبۆوە ئەوا بە پێی

حوكمەكانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوكمەكانی بەركار لە هەرێم لە مووڵكوماڵەكانی دیكەی وەر دەگیرێت.

٣- ئەگەر كەسێك دەست كەوت خواستی كرینی مووڵك و ماڵە گوازراوەكەی هەبێ ئەوا ئەو بارمتەی كەسی پاشگەزبۆوە داویەتی دەبێتە داهاتێك بۆ خاوەنداری مووڵك و ماڵەكەو ئەگەر بڕەكەی لە خەرجییەكانی هەردوو زیادكردنەكەی كەمتربێ ئەوا كەسی پاشگەزبۆوە جیاوازییەكە لە ئەستۆ دەگرێت و بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حكومییەكانی بەركار لە هەرێم لە موڵكو ماڵەكانی دیكەی وەر دەگیرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان لەسەر ماددەی (٢٨) كێ قسەی هەیە، كەس نییە ماددەی (٢٩) بخوێنەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٩:

دەكرێ مووڵك و ماڵە گوازراوەكانی دەوڵەت بفرۆشرێن و بەكرێ بدرێن بەبێ بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامە خۆجێیەكان و بە بێ زیادكردنی ئاشكراو بەهای خەمڵێندراو بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە یەكێ لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر فرۆشتن یا بەكرێدانەكە بۆ فەرمانگەكانی دەوڵەت و كەرتی گشتی بێ.

٢- ئەگەر ئەو مووڵك و ماڵانەی دەویسترێن بفرۆشرێن تێكچوونیان خێرابێ یان بەهایان بەرەو كەمبونەوە بچێ.

٣- ئەگەر كۆی گشتی بەهای خەمڵێندراو بۆ ئەو موڵك و ماڵانەی دەویسترێن بفرۆشرێن لە هەر حاڵەتێك لە (٥٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

٤- ئەگەر خەرجییەكانی پارێزگاری لێكردن چاكردنەوەی ئەو موڵك و ماڵانەی دەویسترێن بفرۆشرێن زۆر گران بێ بە بەراورد بە بەهاكەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (٢٩)، كەس نییە ماددەی (٣٠) بخوێنەوە.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٣٠:

هەردوو لیژنەی خەملاندن و لیژنەی فرۆشتن و بەكرێدانی پێكهێندراو بە پێی حوكمەكانی هەردوو ماددەی (٨ و١٠)ی ئەم یاسایە بێجگە لە نوێنەری فەرمانگەی تۆماركردنی خانووبەرە خەملاندنی بەهای مووڵك و ماڵی گواستراوە فرۆشتنی بە بێ زیادكردن ئاشكرا لە ئەستۆ دەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، كەس نییە فەرمووو ماددەی (٣١) بخوێنەوە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٣١:

١- ڕادەستکردنی مووڵك و ماڵی فرۆشراو لە دوای دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتن و خەرجییەکان دەبێت و فرۆشتنەکە بە بنبڕ دادەنرێت و کریار پابەند دەبێت بە گواستنەوەی لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی حواڵەکردنی بنبڕاوەو دەسەڵاتی تایبەتمەند بەرپرسیاریەتی لە ناوچوونیان ئەو زیانانە لە ئەستۆ ناگرێ کە لە دوای ئەو ماوەیەی دووجاری مووڵك و ماڵەکە ببێت.

٢- دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت ماوەیەك لەسەر ڕاوەستان بداتە کڕیار کە لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت بۆ گواستنەوەی مووڵك و ماڵەکە، ئەگەر بە پێویستی بزانێت یان پاساوێکی هەبێت و کڕیار کرێی لە کۆگا دانانی ماوەی لەسەر ڕاوەستانەکە لە ئەستۆ دەگرێ.

٣- لە حاڵەتی نەگواستنەوەی مووڵك و ماڵە گواستراوەکان لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو یان ماوەی لەسەر ڕاوەستانەکە ئەوە کرێ لە کۆگا دانانی لێ وەردەگرێت و بە ڕێژەی صفر پۆینت پێنج لە سەدا بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە لە بڕی بەهای هەر ڕۆژێك بۆ ماوەیەك (٣٠) ڕۆژو ئەگەر ئەو ماوەیە کۆتایی هات و کریار مووڵك و ماڵەکەی نەگواستەوە ئەوا فەرمانگە دەتوانێت بۆ دووبارە فرۆشتنەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جاڕ بداتەوە.

٤- ئەگەر بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە لە زیادکردنی دووەمدا لەو بڕی بەرامبەری کڕیاری یەکەم داویەتی کەمتر بێ ئەوا جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەرەکە کرێ لە کۆگا دانان لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم بێت لە بڕی پارە وەردەگیرێت کە پێشتر داوییەتی و، ئەگەر بڕەکەی لە پابەندییەکانی کەمتر بوو ئەوا بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لە مووڵك و ماڵەکانی دیکەی وەردەگیرێت.

٥- ئەگەر کەسێك نەبوو خواستی کڕینی هەبێت ئەوا دەکرێت لە یەکێك لە کۆگاکان سپاردە بکرێت بەو مەرجەی تێچووەکانی گواستنەوە و سپاردن لە ئەستۆی کەسێکی کڕیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، نجاە خان فەرموو.

**بەڕێز نجاە شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە زمانێ هاریکاریدا نینە صفر پۆین پێنج دەبێژی نیڤ سەدێ پێنج دەهێ، یەعنی نیڤ صفر پۆین پێنج پیجەك نەشیرنە زمانێ هاریکاریدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ماددەی (٣٢) بخوێنەوە.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم بە کرێدانی مووڵکوو ماڵە گوازراوەکان:

ماددەی ٣٢:
یەكەم: دەكرێت مووڵكوو ماڵە گوازراوەكان دەوڵەت لە كاتی پێویستی بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بەكرێ بدرێن.
دووەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بە بێ جاڕدان و بەبێ زیادكردنی ئاشكرا مووڵك و ماڵە گوازراوەكانی دەوڵەت بە فەرمانگەكانی دەوڵەت و كەرتی گشتی لە هەرێم بەكرێ بدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان كێ قسەی لەسەر ماددەی (٣٢) هەیە، فەرموو كاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بە بێ جاڕدان و بەبێ زیادكردنی ئاشكرا مووڵك و ماڵە گوازراوەكان هەر شتێك بە ئاشكرا نەبێت، با وشەی ئەوە لا بدرێت، چونكە هەر مووڵك و ماڵێك چ بەكرێ بدرێ چ بفرۆشرێت دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی نەبێت بە بێ ئاشكرا بفرۆشرێتن یان بەكرێی بدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس ئەوە بە فەرمانگەیەكی تری دەوڵەتی ئەدا، یەعنی بۆ؟ مەسەلەن دائیرەییەك بە دائیرەییەكی تری دەدات بە كرێ، سوپاس ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە ماددەی (٣٣).

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

دەروازەی پێنجەم حوكمە كۆتاییەكان:
ماددەی ٣٣: ئەگەر ئەو وادانەی بە پێی ئەم یاسایە دیاری كراون لە ڕۆژێكی پشووی فەرمیدا كۆتایی بێت ئەوا درێژ دەكرێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی كە كاركردنی فەرمی كە دەكەوێتە دوای پشووەكە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئەوەیە كە كاك عوسمان داوات كردبوو بۆ هەموو ئەو موددە زەمەنییانەی كە لە ناو ئەو ماددەیەدا لە ناو ئەو قانوونەدا هاتووە ئەوە موعالەجەكەیەتی، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە كەس نییەتی، ماددەی دواتر بخوێنەوە.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٣٤: سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لە كاتی پێویست بڕیار بدات بە فرۆشتنی مووڵك و ماڵە گوازراوەو نەگوازراوەكانی دەوڵەت یان بە كرێدانیان بەدەر لەم كارانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە ڕۆژان خان،كاك بەڵێن، كاك یاسین، سلما خان، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای گەورەو مهرەبان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٤) لەبەر نەبوونی دەستەواژەی پێناسەیەك بۆ سـەرۆكایەتی ئەنجـومەنی وەزیران لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانیش بە تـایبەتی و لەبەر داد پەروەری گرنگی ئەم یاسـایە، ئەگەر سەرۆكایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران مـن پـێم باشـە پێشـنیار دەكەم بكرێ بە ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆی هەیە لە كـاتی پێویسـت بڕیـار بـدەین بە فرۆشـتنی مووڵـك و مـاڵە گـوازراوە و نەگوازراوەكان دەوڵەت یا بەكرێدانیان لەو ڕێكارانەی لەم یاسایەدا دەقی لەسەر كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك یاسین فەرمووو.

**بەڕێز یاسین خضرطە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕۆژان خـان قسـەكەی منـی كـرد پشـتگیری قسـەكەی وی دەكەم، لەبەر ئەوەی شـەرت نیـیە هەر ئەورۆ ئەو سەرۆك وەزیرانە بـاش بـێ، لەوانەیە سـەرۆك وەزیرانێـك دروسـت بـێ هەمـوو كـورد بفرۆشـێ، جـا بـۆیە ئەگەر ئەنجـومەنی وەزیـران بـێ باشـترە نەك تەنهـا سـەرۆكی ئەنجـومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق /سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان :**

سوپاس، كاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش كرا هەمان ڕام هەبوو پشتگیری ئەوان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەلما خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە یەكێكە لە ماددە گرنگەكان، بەڵام ڕێگە دەدات لە هەموو كارەكان بەدەر لە حوكمە یاساكانی لەو ڕێكـارانەی لێـرە هەیە، بـۆیە پـێم وایە دەسـەڵاتێكی زۆر زۆر زیـاترە كە پێیـان دەدرێ ئەگەر ماددەكە نەبێ باشترە، بەڵام لە كاتی مانی ماددەكە منیش هەمان ڕام هەیە ئەنجومەنی وەزیران، چونكە هەر سەرۆكایەتیش نییە لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران گونجاوترەو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بەڵێن فەرمووو.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە یەکێك بوو لەو ماددە گرنگانەی کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی ئەم یاسایە یەکێك لەو ماددانە وەسفکرا کە حیکمەتی گرنگی یاساکە بەراستی بەتاڵ دەکاتەوە، ئەگەر بەو شێوازە بڕوا تکا دەکەم هەموومان بە مەسئولییەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ماددەیە بکەین، بێجگە لەو تێبینیانەی کە ڕۆژان خان باسی کرد کە لەوەی هیچ شتێك نییە ناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێ و ئەم دەسەڵاتە لە کاتی پێویستدا، ئەوەی کە لێرەیە ئیشارەتی پێدراوە بدرێ بە ئەنجومەنی وەزیران تەواو، پشتیوانی تەواوی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە قسەیان کرد لەسەر ئەم ماددەیە و ئەو ماددەیە بەراستی دەبێ بە هەستکردن بە مەسئولییەتێکی گەورە لێی بڕوانین بەو شێوازە تێنەپەڕێ بۆوەی حیکمەتی یاساکەی گرنگی یاساکە لە دەست نەدەین و زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس فەرموو.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە منیش پێشتر هەمان ڕەئیم هەبوو، ئێستاش لێرە ددوبارەی دەکەمەوە خۆ ئەنجومەنی وەزیران لە هەموو حالەتێکدا دەتوانێ لە هەر شوێنێکی پێویست و لە هەر وەزارەتێك بێ هەمان وەزارەت ئاراستە بکات بۆ ئەم کارە ئەنجام بدەن و هەر ڕێگا قانونەکەش بگرێ، بەڵام لێرە کە بەم ماددەیە هەموو ئەو ماددانەی پێشخۆی باطل دەکاتەوە بۆ وەی کە بەراستی لە کاتی پێویست دەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدا ئەنجومەنی وەزیران پێم وایە ئەو ماددەیە هەر هەڵ بگیرێ باشترە هەر لە ناو یاسایەکە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بهجت فەرموو.

**بەرێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددەیە وەختی خۆشی لیژنا تایبەتمەند زۆر مناقەشەی لەسەر کرد و پێویستە یەکێك هەبیتن بشێتن بڕیارەك بداتن کە هەموو بڕیارێ قرارات دەتوانێ خوارەوە هاتینە، لەبەر هەندێ زۆر زەرەرە کە وەکی خۆی بیتن و پێشنیاردەکەین وەکی خۆ بمێنێت، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٣٥:

١- كرێی خزمەت گوزاری بە ڕێژەی ٢% بەرامبەرەكانی فرۆشتن لە سەدی بەرامبەرەكانی فرۆشتن یان بە كرێدانی ئەو مووڵك و ماڵانەی حوكمەكانی ئەم یاسایانە دەیانگرێتەوە لە كڕیار یان لە كرێجی وەردەگیرێ.

٢- ئەو بڕە پارانەی لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەركراوە گشت ئەو خەرجییانەی پێویست بوو ئامادەكردنی مووڵك و ماڵەكان بۆ فرۆشتن یان بەو كرێدانی دەبڕدرێت لە نێوانیشیاندا كرێی ڕاگەیاندن و بانگەوازەكان و كرێی لیژنەكانی دەرخستەكردن و ئەركەش وخەملاندن و فرۆشتن و بەكرێدان.

٣- كرێیەك دەبەخشرێتە ئەندامانی هەردوو ئەندامانی لیژنەی دەرخستەكردن و كەشف و گەیاندن و فرۆشتن و یان بەكرێدانی مووڵك و ماڵە گوازراوەكان و نەگوازراوەكانی دەوڵەت بە بڕی (١٠) هەزار دینار بۆ هەر یەكێك و (٥) هەزار دینار بۆ هەر یەكێك لە فەرمانبەری فەرمانگەی تۆماركردنی خانووبەرەو نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەگەر خانووبەرەكە هی وەزارەتی دارایی نەبێ و بۆ كەسی شارەزاو سكرتێری لیژنەو ئەمینداری سندوق و شۆفێرە هاوەڵەكانی لیژنە بەرامبەر بە هەر كۆنوسێكی خەملاندنی پەسەندكراو لە لیژنە ڕێك دەخات، یان لیستێكی زیادكردن لە لیژنەی فرۆشتن و بەكرێدان، كۆی گشتی ئەو كرێیانەی دەبەخشرێتە هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە لەم بڕگەیە دەقیان لەسەر كراوە مانگانە نابێت لە چوارسەد هەزار دینار زیاتر بێت و بۆ هەر هاوەڵێكیش مانگانە نابێت لە دووسەد هەزار دینار زیاتر بێت.

٤- ئەو بانگەوازكارەی هەڵدەستێت بەبانگەوازكرن بەمەبەستی فرۆشتن یان بەكرێدانی موڵك وماڵە گوازراوە یان نەگوازراوەكانی دەوڵەت، كرێی بانگەوازكردنی پێ دەبەخشرێت، بەبڕی پێنج هەزار دینار لەبڕی هەر حاڵەتێكی فرۆشتن یان بەكرێدان و بەو مەرجەی مانگانە لە سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت.

٥- ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ ئەم كرێیانە لە هەردوو بڕگەی سێیەم و چوارەم ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر كراوە هەركاتێك پێویست بێت هەموار بكات.

٦- لە دوای لێبڕینی ئەو كرێ و خەرجییانەی لە بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەمی ئەو ماددەیە دا پۆستكراوەو، گشت ئەو كرێ و خەرجییانە لە حاڵەتی پاشگەزبوونەوە لە بوونی كەسێكی تر كە خواستی كڕینی هەبێت وەردەگیرێت، ئەو بڕەی دەمێنێتەوە لە بڕی خزمەتگوزاری دەبێتە بەشێك لە داهات و بۆ خەزێنەی گشتی تۆمار دەكرێت.دووەم/ لەو ڕێژەی كە لەحاڵەتی یەكەمی ئەو بڕگەیەدا باسكراوە كرێی بڵاو كردنەوەو ڕاگەیاندن و حاڵەتەكان وەردەگیرێت، كە تیایدا فرۆشتن یان بەكرێدان ناكرێت لەبەر نەبوونی كەسێك كە خواستی كڕین یان بەكرێ گرتنی هەبێت.

٧- حوكمەكانی ئەو ماددەیە بەسەر لیژنەكانی خەملاندن و فرۆشتن و بەكرێدان و موڵك و ماڵە گوازراوەو نە گوازراوەكان ئەوانەی لە وەزارەتی ئاوقاف و كاروباری ئاینی پێكدێن هەروەها بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هاوەڵی ئەو لیژنانەش دەكەن پیادە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، كاك سروان، ئاشنا خان، د. محی الدین،

د.گەلاوێژ، دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لەو ماددەیە لە یەکەم نووسراوادا ٢% خزمەتگوزارییەکان وەردەگیرێت، من پێم باشە بەپێی جۆری موڵکەکە بێت، چونکە لە ماددەکانی پێشووتر نووسراوە مەسەلەن ئەو جاڕدانە ناکرێتن بۆ ئەو موڵکانەی کە لە ملیۆنەك کەمتر خەملاندنیان بۆ دەکرێت، بۆیە لێرە نا ڕوونییەك دەردەکەویت، چونکە لە بڕگەی (دووەم) دا دەڵێت بانگەوازو بەکرێدان ئەوانە هەموو لەو کرێیە دەبڕدرێن، بۆیە پێویستە بڵێین بەپێی جۆری موڵکەکە، کە جاڕدانی بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕای خوشکی بەڕێزم دکتۆرە گەلاوێژم، بەپێی جۆری موڵکەکە بێت لەوە هاوڕام، بەنسبەت بڕگەی (سێیەم) کرێیەك دەبەخشرێتە ئەندامانی هەردوو لیژنەی دەرخستە کردن کەشف خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵ، قەسد لەوە دانی دە هەزارو پێنج هەزارە بۆ لیژنەکەو بۆ فەرمانبەرەکە یانی ئەوەی کە موڵکەکە دەفرۆشێت یان ئەوەی کە لێژنەیەك بەشدار بوونە، ئەی ئەوان فەرمانبەری حکومەت نین یان ئەو بڕە پارەیە بۆ ببەخشرێت بەوان، ئەوان فەرمانبەری حکومین و مووچەی تایبەت بەخۆیان هەیە یان ئەوە کاری ئەوانە، لابردنی ئەو دە هەزارو پێنج هەزار دینارە مەسەلەن شتێکی پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز/ ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٣٥) بڕگەی(سێیەم) لەسەر ئەوەی کە ئەو وشەیە کە ئەڵێ کرێ ببەخشرێتە ئەندامانی هەردوو لیژنەی دەرخستە کردن کەشف و خەملاندن، من پێموایە ئەو کرێیە لە جێی خۆیا نییە بکرێ بە پاداشت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینیم هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تۆکمە ئەوانەی بەتایبەتی بڕگەی (سێیەم) دانانی ئەوە پاداشتە یاخود کرێیە بۆ ئەندامانی لیژنەکەی خەملاندن، یاخود ئەوانەی ترن، پێم وایە ئەرکی فەرمانبەرانی دەوڵەتە لە بەرامبەر ئەوەی کە ئیشێك بەڕێ دەکەن لەبۆ دەوڵەت، ئەگەر ئێستا مووچە نییە، بەڵام خۆ جاران مووچە هەبوو، پێم وایە ئەو کرێیە یان ئەو پاداشتە لاببرێت بێ جیاوازی، تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە شارەزان پشتیان پێدەبەسترێت بۆ خەملاندن وە

لەگەر ئەوانەی کە بانگەواز دەکەن لە بۆ فرۆشتنی یاخود زیادکردنی ئەو موڵك وماڵە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ئەو کرێیە لە هەردوو بڕگەی (سێیەم و چوارەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە هەرکاتێك پێویست بکات هەمواری بکات، ئێمە یاسایەك دادەڕێژین کە ئەو یاسایە دەبێت پەرلەمان هەمواری بکاتەوە، پێموایە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران نییە بێ کرێیەکان یاخود بڕگەیەك لە بڕگەکانی ماددەکە یان ئەو ماددەیە هەموار بکاتەوە، بۆیە پێویستە لە حاڵەتی پێویست کردن لە هەموار کردنەکە پێویستە لە ڕێگای پەرلەمانەوە ئەو بڕگەیە هەموار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەندییەکان پرسیارێکم هەیە، بڕگەیەکتان ئیزافە کردووە بۆ ماددەی (١١) بڕگەی (دووەم)، لەماددەی (١١) هیچ فەرمانبەرێك نابێت لەساڵێکا زیاتر لە دووجار بەشداربێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامێتی لیژنەکانی خەملاندن و فرۆشتن یان بەکرێ دان وانییە، بەڵام لە پاداشتەکە بڕگەی (سێیەمی) ئەم ماددەیە هاتووە ئەڵێ ئیعتیادیە لە مانگێکا بۆ ئەندامەکان چوارسەد هەزار و بۆ هاوەڵەکان دووسەد هەزار، ئێ ئەگەر کەسێك بۆی هەبێت لە ساڵێکا تەنها دووجار ئەندامی لیژنە بێت لە تەفسیرەکەشا وتووتانە بۆ ئەندامەکان دە هەزار و بۆ هاوەڵەکان پێنج هەزار، ئیتر چۆن دەگاتە ئەو مەبلەغانە، یان ئەبێ ئەو بڕگەیە لابەن یان ئەبێ بڕگەی (سێیەم) لابەن، ئەو تەفسیرەی تیایە سوڵتەی تەقدیری بدەنە دەسەڵاتی جێ بەجێکردن خۆی پاداشتیان کات یان ئەبێ ئەو بڕگەیە لابەن، چونکە قەت ناگاتە ئەو مەبلەغە ئیتر بۆچی ئەسڵەن دامان ناوە، یان ئەبێ زیادەکە لابرێت سوڵتەی تەقدیری بدرێ بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن خۆی پاداشتێك بدا ئەم تەفسیرەی لە بڕگەی (سێیەم) هەیە لابرێت یان ئەبێت ئەوەی تر، ئەبێت شتێك بکەن کە لە ڕووی ڕەقەمییەوە خەلەلێکی زۆر گەورەیە، بەڵێ فەرموو دەرفەتت دەدەم، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣٥) هەمووی ئەحکامی مەوزوعین موتەعەلیقن بە مەوزوعیەن، متەعەلیقن بە ماددەکانی فەصلەکانی پێشتر، بەهیچ شێوەیەك لە زمنی ئەحکامی ختامی دا نییە ئەو ماددەیە، یەعنی ماددەی ختامی دائیمەن ئەحکامە کۆتاییەکان و ماددەیەکن کە زۆر دووبارە دەبنەوە لە یاساکانیان، چەند ماددەیەکن کە دەمانەوێ ئستیسنا بخەینە سەر یاساکان، بەس لێرە ماددەی (٣٥) یەعنی هەمووی ئەحکامی مەوزوعین، بۆیە هیوادارم وەکو پڕۆژەکەی حکومەت ئەو ماددانە بچنەوە جێی خۆیان بە ئەحکامی ختامی حیساب ناکرێن، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: ئەگەر ئینجازە بفەرمووی ماددەی (٢٤) لەبەر ئەوەی ڕای خۆمان نەدایە یان دەرفەت نەبوو، ئەوەلەن ئێمە کە پڕۆژەکەمان ناردووە گتوومانە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەبێت ئەگەر زەڕوورە موڵك و ماڵی دەوڵەت بەبێ موزایەدە بفرۆشێتن، لەپەرلەمانی کوردستان تەعدیل کراوەتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش وازحە کە سەرۆك و جێگرە، وە تەقیید کراون کە ئەگەر زەڕوورە زۆرجار دەوڵەت دەکەوێتە حاڵەتی ئیعلانی حاڵەتی تەوارح، وە میزانییەی دەوڵەت پێویستی بە پڕکردنەوەیە، ناچارین نە

پەرلەمـان دەتـوانێ کـۆببێتەوە نە ئەنجـومەنی وەزیـران دەتـوانێ، ناچـارین کە سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار بدات لەو بابەتە یان سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـار بـدات لەو بـابەتە، بـۆیە ئـێمە وەکـو حکـومەت زۆر بەگرینگـی دەزانـین کە ئەو مـاددەیە وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان، مـاددەی (٣٥) دەتـوانین ئـێمە دەروازەکە بگـۆڕین بکەینە حوکمە گشتی و کۆتاییەکان، لیژنەکانی پەرلەمان ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد لەگەڵیان بـۆچی هێناویـانەتە ئەوێ، لەبەر ئەوەی لە مـاددەکە لە بیـدایەتەکەی یەکەم ئەڵـێ بەڕێزتـان لە مــاددەی (١١) داتانــابوو کە پەیوەســتە بە فرۆشــتنی مــادە، بەفرۆشــتنی بەکرێــدانی مــادە نەگوازراوەکان، بەڵام لە یەکەمی ماددەکەیا ئەڵێ، کرێی خزمەتگوزاری بەو بڕە لە بەرامبەرەکانی فرۆشـتن و بەکرێـدانی ئەو موڵـك و مـاڵانەی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە ئەیـانگرێتەوە، یەعنـی فرۆشـتن و بەکرێـدان و گـوازراوەو نە گـوازراوە لەبەر ئەوە دەتـوانین نـاوی دەروازەکە بگـۆڕین، بەڵام ناتوانین لەوێ کە باسی فرۆشتنی ماڵ و موڵکی گوازراوە نەگوازراوە دەکات ئەمە دابنێـین کە ئەڵـێ یـان لەجێـی ئەو دەروازە دایبنێـین کە ئەڵـێ هەمـوو ئەوانەی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە دەیـانگرێتەوە ئەوە تەبیـبە قـابیلە بـۆ چارەسـەر وە سـوپاس، بەڵام سـەبارەت بەو تەفسـیرەی لەبـڕگەی (سـێیەم)دا هەیە، بەڕێزتـان ڕەیبیەکتـان هەیە شـتێکی جیاوازتـان هەیە هەر ئەتـانەوێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

ئێمە تەکید لەسەر پرۆژەکەی حکومەت دەکەین...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەی ئەو ئیزافەیەی کە کراوە تضاربی دەبێت لەگەڵ ئەمەیا...

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

ئەگەر تضارب هەبێـت هەڵبگیرێـت، بەڵام ئایـا ئەو تضـاربە کاتێـك کە ڕاپـۆرتی لیـژنە نووسـراوە، یانیش لە پڕۆژەی حکومەت دا هەیە ئەوە بابەتێکی کەیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاپۆرتی لیژنە ئیزافە کراوە...

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

لە ڕاپـۆرتی لیـژنە ئیـزافە کـراوە ئـێمە داواکـارین وەکـو پـڕۆژەی حکـومەت دابڕێـژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز/عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددی (٣٦) ئەو پـڕۆژانەی ملکەچـن بـۆ حوکمەکـانی یاسـای وەبەرهێنـان بەکـار لە هەرێمـی کوردستان بەدەر دەکەوێت لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضرطە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێمان بگەیەنە مەخسەدی چییە؟ ئەگەر مەخسەدی ئەوە بێت وەبەرهێنان بەدەر بکرێت لەو یاسایەی ئێ ئەو کوردستانە هەمووی بەناوی وەبەرهێنان تاڵانکرا، ئاخر چۆن دەبێت حکومەت بێت بەناوی وەبەرهێنان پارچە زەوییەك دەداتە کابرای مەتری بە پێنج هەزاری، کابرا وەبەرهێنانی لێدەکات تا دەیفرۆشێتەوە مەتری بە پێنج سەد دۆلاری، یەعنی ئەو وڵاتە کە وێران بووە، وەبەرهێنان وێرانی کردووە، یەعنی ئەگەر ئەو وەبەرهێنان بەدەر بێت یەعنی هیچ ئێمە ئەو یاسایەمان بۆ چییە، بۆیە دەمەوێت ڕوونتر بنوسرێتەوە یان ئەوەشی بخرێت کە گەرەکە وەبەر هێنانیش بگرێتەوە، ئێستا بۆ نموونە لە ڕانییە بەناوی ئیستیسمار من یەك شتت پێبڵێم خانووی قایمقامی ڕانییە مەتری بە پێنج دینار فرۆشراوە پێنج دیناری قەدیم، کابرا ئێستا هەڵساوە بەبەر جادەی کەوتووە مەتری بە دووانزە ملیۆن بەحکومەتی فرۆشتۆتەوە، یەعنی چۆن دەبێت شتی وا، جا بۆیە ڕوونکردنەوەی تەواومان دەنێ بزانین چۆنەو چۆن نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم ماددە لە پرۆژەکەی حکومەت وا هاتووە، دووەم بیانووی ئەمە ئەوەیە کە وەبەرهێنان خاوەنی یاسایەکی خۆیەتی، ئەوەی کە کاك یاسین باسی کرد یەکەم زەوییەکە کە ئەفرۆشێتەوە بۆ وەبەرهێنەر ئەگەر زەوییەکە بفرۆشێتەوە نا قانوونییە، ئێ خۆ ئەوە لە چوارچێوەی قانوونەکانە، قانوونەکان ڕێگەیان گرتووە، بۆیە ئەمەش هەر قانوونە وەکو قانوونی پێشوو، ئەگەر ئەوە ڕێگای گرتبێت ئەمیش ڕێگای لێدەگرێتەوە هەمان شتە ئەگەر بفرۆشرێت ئەفرۆشرێت، دووەم: ئەو نموونەی کە جەنابی باسیکرد مەوزوعی خانووی قایمقام و ئەو شتانە ئەوە وەبەرهێنان نییە ئەوە پێشتر فرۆشراوە ئەم قانوونە، بۆیە دەرئەکەین بۆ ئەو موڵك و ماڵی گشتییە بەو شێوەیە نەفرۆشرێت، کە لەڕابردووا فرۆشراوە، لەبەر ئەوە ئێستاش هەموو ئەزانین ئێستا لە سەرو بەندی ئەوەیاین یاسای وەبەرهێنان ئێستا ئەویش پیاچوونەوە بکرێت و هەموار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز/عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٣٧):

یەکەم: ڕاگرتنی کارکردن بەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك وماڵەکانی دەوڵەت ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦)ی هەموارکراو لە هەرێم.
دووەم: ڕاگرتنی کارکردن بەو بڕیارانە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵوەشاوە کە لە خوارەوە دێت ژمارە (٤٠٠) لە ١٩٨٧/٦/٧ ژمارە (٥٢٢) لە ١٩٨٧/٧/٢١ژمارە (٨٣٢) لە ١٠/٢٨/ ١٩٨٧ ژمارە (٥٥٧) لە١٩٨٨/٥/٢٥ ژمارە (٦٨١) لە١٩٨٨/٨/٢ژمارە (٦٢) لە١٩٩٠/٢/٤.
سێیەم: ئەو ڕێنمایانە بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی١٩٨٦دەرچووە ناکۆك نین لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تاوەکو دەرچوواندنی جێگایان دەگرێتەوە، یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە بە بەرکار دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نەجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەح کەینە مادده (٣٧) بڕگا یەکەم، تقیا دیڤ هەمی سەنەدێت دستوری یێت هاتییە حکومەتێ یێ گوتی ڕاگرتن کارکردن بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت ژمارە (٣٢) سالا (١٩٨٦) هەموار کراو لە هەرێم، لێرە تقیا شتی یێت دی بیت یێ حکومەتێ یەعنی ماددا (٢٩) ناهێتە گۆهرین، یەعنی شتی ڤێ بیتن، ل ڤێرێ گوهۆڕینەکا تێدا کری...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر گۆڕینەکە چییە؟

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

بەلێ گۆهرین ل ڤێرێ یێ گۆتی هەموار کراو لە هەرێم، ب دیتنا من، یەعنی ئەڤ یاسایە نەهاتیە هەموار کرن د ئەڤا (٣٢) یا سالا (١٩٨٦) کوردستانێ..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە یعنی ڕاگرتنەکەی لە هەرێم ڕابگیرێت، چونکە لە عێراق ئەسڵەن وجودی نەماوە.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

ئەزانم بەس هەموار کرین نینە لە هەرێمێ یعنی ئەف یاسایە دیتنا من نە هەموار کریە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە نجاة خان خۆی ناوی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) مەعەدەل هەموار کراوە، لە کوێ ڕابگیرێت لە هەرێم، چونکە لە عێراق کاری پێناکرێت ئێستا، خۆی کاری پێناکرێت ئێستا.

**بەڕێز نجاه شعبان عبدالله:**

ئەزانم بس لە کوردستانێ نە هەموار کریە ئەڤ یاسایە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر خۆ نەوتراوە لە هەرێم هەموار کراوەو، واناگەیەنێت، یعنی ڕاگرتنەکە لە هەرێمە ئەتوانین ئیعادەی سیاغە بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨): ئەو ڕێکاریی و بڕیارانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن ڕاستەوخۆ بۆ دیوانی چاودێری دارایی دەنێردرێن و ملکەچی چاودێری وردبینی دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تەنها ئیزافەك ڕاستەوخۆ بۆ دیوانێ چاودێری دارایی و دەست پاکی بێتە ڕەوانە کرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەگەر هیچ گەندەڵییەك ڕوونەدا بۆ بچێتە دەست پاکی، ئەوان قانوونی خۆیانیان هەیە ئەگەر شتێك ڕوویدا شەکوا هەبێت، ئینجا دەچێتە لایان، ئێستا ئێمە بەقانوون دێین ئەرکێکی تریان پێ ئەسپێرین کە لە ئەسڵا ئەرکی ئەوان نییە، بەس چاودێری دارایی نا بۆی هەیە وردبینی بکات.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس داکو دەست پاکی ڤی چونەك بکەت، ئایا ئەڤ حەقدە هەموو تشت دروستە هاتیە چێ کرن یان نە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئیشی چاودێری داراییە، هەرچەندە لە ڕووی عەمەلیشەوە ناکرێ هەر هەمووی بڕوا، بەڵام ئەوە لیژنەکان دایان ناوە، بۆیە بەم شێوەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٣٩) بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، ماددەی(٤٠) کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کە بوونی دەستەواژەی ئاوا، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت لە ماددەی (٢)و(٣) ئەم یاسایە هیچ کاریگەرییەك بۆ ئەم ماددەیە ناهێلێتن، وەهەروەها تا ڕادەیەك ماددەی (٣٤)و ماددەی (٣٦) کە ئەوانە هەموو ئیستیسنائن، ئیستیسنائی زۆر هەیە لەناو ئەم یاسایە بەخۆشتان دەزانن کە ئیستیسنا لە بواری یاسایدا شتێکی داخوازراو نییە، بۆیە من پێموایە کە یان ئەم ماددەیە دەبێت هەڵبگری، یانیش لە ماددەکانی تایبەت (٢)و(٣) دەبیتن بە ڕوونی بە ڕاشکاوی بە دیاریکراوی ئەو ئیستیسنائە دیاری بکەین کە نییەتی مشارع وەکو بەڕێز وەزیری هەرێمێ ژباسکرد کە دوو یاسایە یاسای لە بواری شارەوانییەکان و لە بواری اصلاحی زراعی دەبی، لەوێ لەو دوو ماددەیە ئاماژە پێبکرێت بە دیاری کراوی، چونکە ئەگەر بەم شێوازە دەربچێتن ئەم یاسایە ئەمە لەڕووی دەقەکانی ئەم یاسایە لەگەڵ یەکتر متحارز دەرەچێت، ئەوە حەیبەکی جەوهەرییە لەم یاسایەدا وە ئەوە وەکو مەسولییەتەکە لەسەر شانی هەموومان نابیت بەم شێوازە تێپەڕیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤١): وەزیری دارایی و ئابووری پێویستە ماوەی شەست ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) ڕێنمای پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێزمحی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٠)و (٤١)و (٤٢) وەزیری دارایی و ئابووری پێویستە ماوەی شەست ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی ڕێنمای پێویست دەرکات، ماددەی (٤٠) دەڵێ ئەو یاسایە دوای شەست ڕۆژ دەچێتە بواری جێبەجێ کردن لە دوای بڵاوبوونەوەی، یەعنی هەردووکیان ماوەکەیان شەست ڕۆژە، ئایا دوای شەست ڕۆژەکە کە بڵاو دەبێتەوەو وەزیری دارایی ڕێنمای دەردەکات یان ئەوە دەردەکات، من پێموایە جۆرێکە دەبێ شەست ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی یاساکە بێت لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)، بۆیە پێموایە پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە پڕۆژەی حکومەتدا هاتووە لەبەر ئەوەی مەوزوعەکە زۆر موتەداخیلە لەویٚ نوسیتمان وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی ڕێنمای پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە دەردەکەن، وە هیچ ماوەیەکیشمان دانەناوە بۆ دەرکردنی ڕێنمایی، لەبەر ئەوەی یاساکە تەفاصیل و وردەکاری زۆری تێدایە، بۆیە پێمان باشە ئەگەر تەحدیدی ئەم ماوەیە نەکەن، کە لەو ماوەیەدا وەزیر پێویستە ئەو ڕێنمایە دەربکات، یەك تەحدیدی ماوەکە نەکرێت، دوو هەماهەنگیەك درووست بکرێت لە نێوان هەردوو وەزارەتی پەیوەندی دار وەکو ئەوەی لەناو پڕۆژە یاساکەی حکومەتدا هاتووە، لەبەر ئەوەی وەزیری دارایی ئەوە بەپێی یاساکان و بەپێی ئەوەی کە هەیە مولکیەت و ڕەقەبە هەمووی ئی وەزیری داراییە، بەڵام حادەتەن تەحدید کردن و دیاری کردنی وەزارەتی شارەوانیە، بۆیە زیاتر ئەو دوو وەزارەتە پابەندن بە دیاریکردن بۆ نموونە ماددەیەکمان هەیە لەسەر دیاری کردنی زەوی یاخود شوێنێك بۆ کونسوڵخانەکان حادەتەن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری شارەوانیەوە دەکرێتن، داواکاریەکە بۆ وەزیری دارایی بەرز دەکرێتەوە بەڵام وەزیری دارایی بۆ وەزیری شارەوانی دەنێرێت بۆ ئەوەی تەحدیدی بوقعەیەکی جوگرافی موعەدەد بکرێتن لە حدودی شارەوانیەکان بەمەبەستی دابین کردنی ئەو شوێنە مەسەلەن کە داوای کردووە کونسوڵخانەیە یان شوێنێکی کەیە، لەبەر هەبوونی پەیوەندیەکی موباشڕ لەنێوان ئەو دوو وەزارەتە بۆیە بەو شێوەیە دامانڕشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٢) ئەم یاسایە لە دوای بەسەرچوونی ماوەی شەست ڕۆژ لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردسان) جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هیچ تێبینی هەیە لەسەری؟ نییە، فەرموو ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن و کۆتای لەبەر گرینگی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت چونکە خاوەندارییەتی بۆ گەلە، بۆیە کارگێڕی پابەندە چاك ڕەفتاری پێکردن بەو موڵك و ماڵانە، بەو شێوەیەی بەرزترین سود بۆ گەل دەستەبەر دەکات و زیاتر پێویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی لەبەر چاو دەگرێت، بۆیە پێویستە ڕەفتار بەو موڵك و ماڵانە بکرێت بە فرۆشتن یان بەکرێدان یان بانەوانی بەپێی چەند حوکمێکی یاسای کە ڕێکارەکانی ڕەفتاری پێکردن بەو موڵك و ماڵانە بۆ زۆرترین ئاستی

شــەفافییەت و ڕوونــی و نزیکییەتــی بــۆ داد پەروەری ڕێکبخــات، بەو شــێوەیەی ئامــانج لە مەبەستەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵـك وماڵەکـانی دەوڵەت دەسـتەبەر بکـات، لەبەر هەمـوو ئەمانە ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشـەی کـارگێڕی هـاتووە ئەگەر بە عەرەبـی تەرجـوومەی عەرەبـی بکەیـن دەبـتە الئیـداری، ئایـا مەبەست ئیداریە یان وەعـدەی ئیـداری؟ جـا ئەگەر ئەوە ڕوون بکـرێتەوە باشـە، ئەوەش ئیـزافە دەکەم پڕۆسەی شەفاف لەبەر ئەوەی کە تۆ موڵكێك بەکـرێ بـدەی یـان بیفرۆشـی بە زیـادکردنی ئاشکرا ئالیەتێکە بۆ شەفاف کردنی پڕۆسەکە، پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت لەکۆتایـدا، مەبەسـتەکانی بەو شـێوەیەی خـوارەوە، بـۆ دادپەروەری ڕێکبخـات و بەو شـێوەیەی ئامـانجە مەبەستەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی شەفاف دەستەبەر بکرێت واتا شەفافیشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)ی
دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\١١\٣٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)**
**دوو شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١١/٣٠**

كـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە رێكەوتـی ٢٠٢٠/١١/٣٠ پەرلەمـانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامـادەبوونی بەڕێـز هـێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشـتنی ژمـاره (١١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی مـاددەی (١٦) و مـاددەی (٤٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنـامەی كـاری دانیشـتنی ژمـاره (١١)ی ئاسـایی سـاڵی یەكەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان لە كـاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی دوو شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/١١/٣٠) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایانەی خـوارەوە بە پێـی حـوكمی ماددەكـانی ( ٧٩و٨٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

١- پێشنیازە یاسای پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی كوردستان.

٢- پێشنیازە یاسای هەمواری یەكەمی زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان.

دووەم/ خوێندنەوەی گفتوگۆی هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردسـتانی و لیـژنەی رۆشـنبیری و كـۆمەڵگەی مەدەنـی و وەرزش و لاوان سـەبارەت بە دیـاردەی كـۆچی گەنجـان بـۆ دەرەوەی وڵات بە ئامــادەبوونی وەزیــرە پەیوەنــدارەكانی حكـومەتی هەرێمــی كوردسـتان بە پێـی حـوكمی بـڕگەی یەكەمـی مـاددەی (٦٦) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان.

سێیەم/ خستنەڕووی بیرۆكەی بەڕێز پەرلەمانتار (شنۆ اشقی عبدالله) پەیوەست بە ڕەخساندنی هەلـی كـار لە هەرێمـی كوردسـتان بە پێـی حـوكمی خـاڵی دووەم پەیـڕەوی لە مـاددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژماره (١١)ی وەرزی تەشریعی دووەم لە ساڵی سێیەم دەست پێ دەكەین، سەرەتای كۆبوونەوەش بە بۆنەی یادی ڕۆژی نێودەوڵەتی یادكردنەوەی قوربانیـانی جەنگـی كیمیـاوی، لەم ڕۆژەدا بەنـاوی پەرلەمـانی كوردسـتان درورد بـۆ گیـانی پـاكی سـەرجەم شەهیدانی كوردستان لە هەڵەبجە و بالیسان و بادینان و سەردەشت و تەواوی ناوچەكانی دیـكە ئەنێـرین كە بەهـۆی چەكـی كیمیـاویەوە شـەهید بـووون، لەم یـادەدا بە پێویسـتی دەزانـین دەقـیقەیەك بـۆ گیـانی پاكیـان بوەسـتین، فەرمـوون زۆر سـوپاس، ئێسـتاش بەنـاوی پەرلەمـانی كوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی ڕێكخراوەكانی لاوان و گەنجان و كۆمەڵگای مەدەنی دەكەیـن كە ئەمرۆ بۆ ئەم كۆبوونەوە تـایبەتە ئامـادەبوون و داوا لە بەڕێـز سـكرتێری پەرلەمـان دەكەم كە

پــوختەی کۆنووســی کۆبــوونەوەی پێشــوو و بەرنــامەی کــاری ئەم کۆبــوونەوەیە، نــاوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرمoo.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێـی حـوکمی مـاددەی (٥) بڕگەکـانی یەکەم و دووەم و سـێیەم لە مـاددەی (١٦) بـڕگەی (٣) لە مــاددەی (١٨) و بڕگەکــانی یەکەم و دووەم و ســێیەم و چــوارەم و پێــنجەم لە مــاددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧و٤٨و ٥٢و ٥٤و ٥٥و ٥٦و ٥٧) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی، خـولی پـاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١١/٣٠ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشـنیازە یاسایانەی خـوارەوە بە پێـی حـوکمی ماددەکـانی (٧٩و٨٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- پێشنیازە یاسای پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان.

٤- پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

دووەم/ خوێندنەوەی گفتوگۆی هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەنـدی کوردسـتانی و لیــژنەی ڕۆشــنبیری و کــۆمەڵگەی مەدەنــی و وەرزش و لاوان ســەبارەت بە دیــاردەی کــۆچی گەنجــان بــۆ دەرەوەی وڵات بە ئامــادەبوونی وەزیــرە پەیوەنــدارەکانی حکــومەتی هەرێمــی کوردسـتان بە پێـی حـوکمی بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی (٦٦) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان.

سێیەم/ خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار (شنۆ اشقی عبدالله) پەیوەست بە ڕەخساندنی هەلـی کـار لە هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی حـوکمی خـاڵی دووەم پەیـڕەوی لە مـاددەی (٤٩) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی

بەپێی حوکمی بڕگەی (٢) ماددەی (٢٠ و ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (١٠)ی ئاسـایی خـولی پـاییزەی سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمــان لە کــاتژمێر (١١)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی چــوار شــەممە ڕێککەوتــی ٢٠٢٠/١١/٢٥ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێنـدنەوەی بەرنـامەی کـار و پـوختەی دانیشـتن و نـاوی ئەنـدامانی ئامـادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- دواخستنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی ئەنـدامانی پەرلەمان بە مەبەستی ئامادەبوونی زیاتر لە وەزیرێك بۆ خوێندنەوەی گفتوگۆی ڕاپۆرتی لیژنەی

پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی و لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان سەبارەت بە دیاردەی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات.
٥- خستنەڕووی ڕاپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون کە بە بڕیاری ژمارە/٨ ی ساڵی ٢٠٢٠ پێکهێنرا.
٦- خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان.
٧- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١٠) پاییزەی لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٥ هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە بەڕێز (د.اسماعیل علی طە، شایان کاکەصالح، کاروان عبدالرحمن، شیرکۆ جودت، لەنجە ابراهیم، کلارا عودیشو، گلیزار رشید حاجی، بژار خالد عبداللە) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەرەتا ئاگادارتان دەکەینەوە ڕۆژی چوار شەممە سەعات (١١) کۆبوونەوەیەکی گفتوگۆی کراوە سەبارەت بە قەیرانی دارایی و مووچە و ڕێگەچارەسەریەکان لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئێستاش دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار دەکەین، کە بەرنامەی کارەکەمان بڵاوکردەوە... بەڕێزان ڕۆژی چوار شەممە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بۆیان هەیە بە ئازادی قسە بکەن لەسەر ئەم بابەتە، ئێستا بەرنامەی کار بڵاودەکەینەوە، ئەبێ ڕێگە بدرێ ئینجا قسە بکەی، بەڕێزان بەڕێزتان هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆ هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی ئێستا لەم دانیشتنە ئامادەییان هەیە، مەسەلەی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان بابەتی مووچە و بابەتی دواکەوتنی مووچە و چارەسەریەکان، پێشنیارەکانمان بۆ حکومەت لەوپەڕی پەرۆشیە و لەوپەڕی خەمخۆریە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کەسمان لە کەسمان دڵسۆز تر نین، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیارمان داوە ڕۆژی چوارشەممە کۆبوونەوەیەکی کراوەی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە مووچە ئەنجام بدرێت، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە ئەوپەڕی ئازادی قسە بکات، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بەجێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، بەڕێزان دوو یاداشتتان پێشکەش کردووە هەردوو یاداشتەکە کاك علی حمەصالح دەرفەت بدە، دوو یاداشتتان پێشکەش کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەردوو بەپێی ماددەی/٤٨ کردووتانە کە داوای ئامادەبوونی حکومەتتان ئەسڵەن نەکردووە، کاك علی حمەصالح وەردەگرین فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) ماوەی ساڵێکە لە هەشت مانگ لە شەش مانگ داوای ئامادەبوونی حکومەت کراوە لەسەر کۆمەڵێك دۆسیە ڕەبتی بە مووچەوە هەیە، دۆسیەی نەوت کە ئێستا ٤٠%ی داهاتی دەگەڕێتەوە، دۆسیەی خاڵە سنوریەکان کەلە ماوەی ئەم ساڵە ملیارێك و پێنج سەد ملیۆن دۆلار قاچاغی تیاکراوە، ئەمە نوێنەرایەتی حکومەتی دەوێ ئایا چوار شەممە ئەو

وەزیــرانەی کە داواکــراوە، ئەو بەرپرسـانەی حکـومەت داوا کــراون، چــونکە ئەمە رەبتــی بە مووچەوە هەیە ئامادە ئەبن یان نا؟ ئەمە پرسیارەکەیە؟ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردسـتان (٢٤) کـاتژمێر بەر لە دانیشـتنەکە داوامـان کردووە کە بڕگەیەك زیاد بکرێت تایبەت بێت بە مووچە و بژێـوی ژیـانی فەرمـانبەرانی هەرێمـی کوردستان خۆتان دەزانن ئێستا فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە چ دۆخێکن و وەزعی خەڵك چەند خراپە، نەبوونی مووچە چی لە خەڵك کردووە، خەڵك نانی نییە، مـوەزەف نـاتوانێ بچێـتە سـەر دەوامەکەی لەبەرئەوەی پـارەی پـێ نیـیە بـڕواتە دەوامەکەی، ئـاخر ناکرێـت ئەوەی ئێسـتا دەگوزەرێ خەرقی پەیڕەوی ناوخۆیە، ئێمە پەرلەمانین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان ڕێـگەم بـدە بـا قسە بکەین باشە ئەگەر لێرە یاسا پێشێل بکرێ ئێمە بۆچی گلەیی لە حکومەت بکەین، لێرە یاسـا پێشێل دەکرێ........... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە، کاك کاوە.. بەڕێزان ئێستا ئێوە لە نێـوان ئیزدواجیەتێکـی سـەیر دان، بـۆ ئەوەی پێتـان بڵـێم ئیـزدواجیەتەکە چیـیە، بەڕێزتـان بەپێـی مـاددەی/٤٨ ئەوانەی کە پێتـان وایە ئەمـڕۆ ئەبـێ جەلسەکە ئەو بابەتەی تیـا بـێ، بەپێـی مـاددەی/٤٨ لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان داوای دانیشتنتان کردووە، ئەگەر لەسەر مـووچە و لەسـەر قەیرانـی دارایـی و لەسـەر ئەوەی کە ئێمە بڕیارمـان داوە چـوار شـەممە دانیشـتنێکی کـراوەی بـۆ بکـرێ، لەنـاو هـیچ یەکێـك لەو دوو یاداشتە باسی ئالیەتەکانی حکومەتتـان نەکـردووە، داوای ئامـادەبوونی حکومەتتـان نەکـردووە، دەرفەت بــدەن بەڕێــزان ئەگەر بەڕێزتــان بەپێــی مــاددەی/٦٦ تەقــدیمتان بکــردایە ئەوا ئەبــو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بێ، ئێوە بەپێی ماددەی/٤٨ تەقدیمتان کـردووە واتـا ئـێمە ئەگەر هیچ شتێك نەکەین کاك سیپان بە قوربان قسە ئەکەم برام، بـۆ ئەوەی ڕوون بێـتەوە ئـێمە لە دوو سەنگەری جیاواز نین، ئەم دامەزراوەیە ..... کاك دیاری ئەو هاوار و هاوارەی ناوێ بەڕێزم، بەڕێزان نەمانوتووە با نەبێ، بەناوی ئێمەوە ئەوەندە قسە مەکەن، من ناوم دکتۆرە نییە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئێوە داواتان کـردووە دانیشـتنی پەرلەمـان ئەو بەڕێـزانەی کە ئێسـتا ئیعترازتان هەیە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ بە پێی ماددەی/.... کاك مم بەقوربان چاوەڕێ بکە، ئێمە چوارشـەممە کۆبـوونەوەی پەرلەمـان دەکەیـن لەسـەر مـووچە و قەیرانـی دارایـی ئەنـدامانی پەرلەمان بۆیان هەیە قسە بکەن، بەڕێزان .... بەڕێزان... کاك سیپان دەرفەت بدەن...... با دەرفەت بدەین بۆ ئەوەی قسە بکرێ، ماندوو نەبن..... با دەرفەت بدەین بۆ ئەوەی قسـە بکـرێ، بەڵـێ کـاك ئومێد دوایی د.شێرکۆ، کاك علی دانیشە ... بەڕێزان هەندێ ئارام تر بن، ڕێگەتان پـێ ئەدەیـن ....... ڕێگە بە هەمووتان دەدەین.... ئێ باشە کـاکە قسـە بە نـۆرەیە کـاك مـم......... بەڕێـزان بـۆ ئەوەی بتوانن قسە بـکەن، ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، دەرفەتتـان دەدەیـن قسـە بـکەن ئەوە چیـیە، بەڕێزان پشوویەکی یەك چارەگی وەردەگرین.

پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کاك د.شێرکۆ قسەیەکی هەیە، بەس دەرفەت بدەن با قسە بکات، خۆتان قسە بکەن، داوا لە بەڕێزتان دەکەم بۆ خاتری خوا دانیشن، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، داوا دەکەم ڕێگە بدەن کاك د.شێرکۆ قسە بکات، دواتر مامۆستا عبدالستار و دواتر کاك زیاد و کاك ئومێد، کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ڕێگە بدەن، تکایە ڕێ بدەن، کاك تەواو هەموومان دەڵێین مووچەی خەڵك بەس ڕێگە بدەن، تەواو .. تەواو مووچەی خەڵك بەس ڕێ بدەن، ئێ باشە ئێمە باسی ..... بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی داوای ئەوە دەکەن کە حکومەت لەبینی ئەمڕۆ یا سبەینێ دا بێتە پەرلەمان بۆ بڕیاردانی یەکلاکەرەوە لە دابین کردنی مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ یان سبەینێ، تکایە ئەوانەی ئەو داوایە دەکەن با دەست بەرز بکەنەوە، ئەمڕۆ یان سبەینێ حکومەت بێ بۆ بڕیاردان لەسەر مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەوە داواکاریەکەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان مامۆستا فەرموون دانیشن........ .

بشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە کۆبونەوەکەمان ئەکەین، سەرەتا دەرفەت بە کاك (زانا) ئەدەین قسە بکا، فەرموو کاك (زانا).

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناو گرینگی پرسی داوکەوتنی مووچە، مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین، دانیشتنی ئەمورۆ بڕگەی(٢) و (٣) دوابخرێ بۆ دانیشتنێکی تر، دانیشتنی ڕۆژی چوارشەمە ئەمڕۆ کە گفتوگۆی کراوە لەسەر پرسی مووچە، مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بکەین، بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم داوایە لە بەڕێزتان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شەمۆل)، فەرموو.

**بەڕێز شمول اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم، ئەم سێ بڕگەیەی کە ئەمڕۆ لە بەرنامەی کارە دوابخرێ بۆ کاتێکی تر، بابەتی ئەمڕۆ بابەتی پرسی مووچە بێت، مووچەی فەرمانبەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، (گوڵستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەناوی خوای گەورە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان، دۆخی خراپی دارایی خەڵك پڕێوی لە ئاستی خراپی ئەو ئاڵۆزی و مەترسیانەی کە لە دەرەنجامی ئەو قەیرانانەی تووشی هەرێمی کوردستان بووە، داوا ئەکەم لەم پەرلەمانە بەڕێزە حەزەری جدی، ڕۆڵی کاریگەر و بڕیاری هەبێت، لەبارەی کۆتایی هێنان بەو قەیرانانە، جەخت ئەکەینەوە لە چارەسەری بەپەلەی گونجاو بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕەوشە دژوارە بێ ئومێدە، بۆیە ئێمە نیگەرانین لە خەمساردی حکومەت، کە ناتوانێ داهات، چ داهاتی ناوخۆیی، چ داهاتنی خاڵە سنوورییەکان، داهاتی نەوت روون و شەفاف پێشکەش بەم پەرلەمانە بکات، یاسای بوودجە بنێرێتە ئێرە، ئێمە ئاگامان لێبێت، ئەو حکومەتە خاوەنی چەنێك داهات و داراییە، بتوانین لەوەوە ئەو بڕیارەی کە خۆیان دەریان کردووە، لە ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە خۆگونجاندن، هیچ نەبێت ئەوە بخەنە بواری جێبەجێکردن، لە ماوە (٣٠) ڕۆژدا بتوانن مووچەی هاوڵاتیان، مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دابیت بکەن، من زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەلەمان لەسەر داوای سێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بابەتی مووچە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەمڕۆ با دەستی بەرز کاتەوە؟ بە دەنگی (٥٥) ئەندامی پەرلەمان ئەو بابەتە دەبێتە بڕگەیێکی بەرنامەی کار، بابەتی مووچە و قەیرانی دارایی لەسەر داوای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێتە بڕگەیێکی بەرنامەی کار، ئێستا هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ئەمڕۆ تەنها بڕگەی یەکەم لەو سێ بڕگەیە و دواتر بابەتی مووچە بێت با دەست بەرز کاتەوە، دواو لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەکەین بێنە ئێرە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا یەکێك بە وازحی پێمان بڵێن ئێوە چیتان ئەوێ، ئێوە داواتان کرد بابەتی مووچە بڕگەیێك بێت لە بەرنامەی کار، ئێستا کردمانە بە بڕگەیێك لە بەرنامەی کار، فەرموو کاك (عباس).

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەمانەوێ بخرێتە بەرنامەی کار، لەناو بەرنامەی کار بخرێتە بەشی یەکەم، لە بەشی یەکەم جەنابتان وەك دەستەی سەرۆکایەتی ئێمە وەك خۆمان لە لیستی فراکسیۆنی سەوز لە بەشداری سەرەکی ئەو حکومەتەین، بەڵام خەڵك داواکاری لێمان هەیە، پەرلەمانی عێراق لەسەر کێشەی مووچە هەتا چارەسەری نەکرد کۆبوونەوە بەردەوام کرد، ئێوەش پێمان بڵێن ئایا بە حکومەتتان وتووە؟ دێ یان نایێ؟ ئەگەر نایێ، ئایا دەیکەن بە راسپاردە، تەسلیمی حکومەتی دەکەن یان

نایکەن؟ ئەگەر نایکەن قسە بۆخۆمان ناکەین، دەمانەوێت پەیامێك بگەێنن، حكومەت وەڵامی هەبێت بۆمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە بۆیە وتمان با بخرێتەچوارشەمە، بۆ ئەوەی نوسراو بۆ حكومەت بكەین، حكومەت ئامادە بێت، ئێوە ئەڵێن ئێمە ئێستا ئەمانەوێ، ئێ ئێستا حكومەت ئامادە نییە، دەنگی لەسەر درا، تەواو، (خدیجە) خان، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای پەروەردە وخوێندن لەهەرێمی كوردستان-عێراق، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشكەش كراوە، ناوەكان دەخوێنمەوە بەو شێوەیە:

١-اومید عبدالرحمن.

٢-نجات شعبان عبدالله.

٣- پێشەوا طاهر مصطفی.

٤- بهمن كاك عبدالله احمد.

٥- لیزا فلك الدین صابر.

٦-ادریس اسماعیل عبوش.

٧- ژیان طاهر.

٨- بەختیار شوكری سلێمان.

٩- بهجت علی.

١٠-رزگار عیسا سوار.

١١- رومیو حزیران نیسان.

١٢- ملا احسان.

١٣- د.صباح محمود زێباری.

١٤- شێخ ظاهر .

١٥- ویسی سعید ویسی.

١٦- عبدالسلام دۆلەمەری.

١٧-حكمت محمد زید عیسا.

١٨- رۆژان ابراهیم علی.

١٩- هدیە مراد.

٢٠- خدیجە عمر طە.

٢١- سوسن محمد میرخان.

٢٢- د.گلاویژ عبید.

٢٣- لنجە ابراهیم عبدالرحمن.

٢٤- سعید مصطفی.

٢٥- گولیزار رشید.
٢٦- هێڤیدار احمد سلمان.
٢٧- شوان کریم محمد.
٢٨- زانا ملا خالد.
٢٩- سفین اغا.
٣٠- جوان یونس رۆژبەیانی.
٣١- ..............................
٣٢- ..............................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازە یاسای پەروەردە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ، دەرفەتی هەمووتان دەدەین وەعد بێت، بەس خۆ هەمووتان ناتوانن بەیەکەوە قسە بکەن، (رۆژان) خان، قسە بکە.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی واژوویان کردووە:
١-اومید عبدالرحمن.
٢-رۆشنا نجات شعبان.
٣- پێشەوا.
٤- بهمن.
٥- لیزا فلك الدین.
٦- ادریس اسماعیل عبوش.
٧- ژیان طاهر.
٨- بەختیار شکری.
٩- بهجت علی.
١٠- حسیبە سعید.
١٢- ریڤینگ نوری.
١٣-ملا احسان محمد سلیم.
١٤-د. صباح محمود زێباری.
١٥- شێخ ظاهر .
١٦-ویسی سعید.
١٧- بژار کۆچەر.
١٨- عبدالسلام دۆلەمەری.
١٩- حکمت محمد عبو زید.
٢٠- رۆژان ابراهیم علی.

٢١- هديه مراد حيدر.
٢٢- خديجه عمر طه.
٢٣- سوسن محمد ميرخان.
٢٤- د.گلاويژ عوبيد.
٢٥- لنجه ابراهيم عبدالرحمان.
٢٦- سعيد مصطفى هەركى.
٢٧- گليزار رشيد سندى.
٢٨- شوان كريم محمد.
٢٩- زانا ملا خالد.
٣٠- سفين اغا عمر.
٣١- جوان يونس رۆژبەيانى.
٣٢- جيهان حسن ابراهيم.
٣٣- ارشد حسين محمد.
٣٤- رزگار عيسا سوار.
٣٥- رێبوار عبدالكريم عبدالله.
٣٦- زيدان رشيد خان.
٣٧- حميد شريف.
٣٨- ليلى عبدالجبار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(رۆژان) خان، ئەو پێشنیارە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەروەردە، سەرجەم ئەندام پەرلەمان دەكرێت، ئێستا ئەمانەوێ بەس بزانین ئێوە چیتان ئەوێ؟ بەڕێزان ئێستا بڕگەی دووەممان بەس تەنها باسی مووچە دەكەین، دانیشن، ئێمە بە تەنها باسی مووچە ئەكەین فەرموون دانیشن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە باسی مووچە ئەكەین، دەرفەت بە هەر هەمووتان ئەدەین قسە بكەن، فەرموون دانیشن، ئێمە دەرفەت بە هەر (١١١) كەسەكە ئەدەین بۆ ئەوەی قسە بكەن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمەی بڕگەی ئەمڕۆ بەس باسی مووچە ئەكەین، فەرموون دانیشن، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئەمە كەلتورێكلی زۆر خراپە لەناو پەرلەماندا پەیا بووە، تكایە تكایە ئەوانەی تەنیا دەست هەڵدەبڕن هاتو هاوار ناكەن، مەجالمان نادەن قسە بكەین، بەو ئسلوبە ناكرێ لە راستیا، من بەناوی فراكسیۆنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان پێشنیاری ئەوە ئەكەم تەنیا و تەنیا ئەم كۆبونەوەیە تایبەت بكرێ بە مووچە، كۆبونەوەكە بە بەشداری حكومەت بێت، بەبێ بەشداری حكومەت جەلسەكردن هیچ ئەهمیەتێكی نییە، لەبەر ئەوە داوا ئەكەم حكومەت بەشداربێت لێرە، بۆ ئەوەی جەلسەكە تەنیا و تەنیا لەسەر مووچە بێت.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ڕێگەم بدە، یەك دەقە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی حکومەت ئامادەی کۆبونەوەیەکی پەرلەمان بێت، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ لەسەر مووچە قسە بکات با ناوی خۆی بنوسێ.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی ماددەی (٤٨) بڕگەی دووەم داواکارین ئێستا گفتوگۆ بکرێ، هەر ئێستا شاندی هەرێمی کوردستان، کە دەچوونە بەغدا، بێنە پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنی پەرلەمان تایبەت بکرێ بە پرسی مووچە، شاندی هەرێمی کوردستان کە چۆتە بەغدا ئێستا بێنە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە دەنگدانمان کردووە، بەخوا مەجالی هەر هەمووتان دەدەم تکایە دانیشن، بۆ ئەوەی لە یەکتری تێبگەین، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئەیەوێ قسە بکات با ناوی بنوسێ، بۆ ئەوەی عەدالەتی تیا بێت قسە کردنەکە، من نازانم ڕێم بەکێ داوە! ڕێم بە کێ نەداوە! بەلی تەواو ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دینین، دانیشتنێکی تایبەت بە مووچە دەکەین و حکومەت ئاگادار دەکەینەوە و ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |